# ڕۆژنامەوانیی کوردی

گۆڤاری هیوا ١٩٥٧ – ١٩٦٣

بەرگی سێیەم

# رۆژنامەوانیی کوردی

## گۆڤاری هیوا ١٩٥٧ – ١٩٦٣

لێکۆڵینەوە و ئامادەکردن
د. هیمدادی حوسێن

**بەرگی سێیەم**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

---

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

رۆژنامەوانیی کوردی – بەرگی سێیەم
لێکۆڵینەوە و ئامادەکردن: د. هیمدادی حوسێن
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٢٨
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧٥٥ – ٢٠١٠
ڕازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان

# پێڕست


گۆڤاری هیوا، ژمارە ١ ساڵی ٢ ........................................ 7

گۆڤاری هیوا، ژمارە ٢ ساڵی ٢ ........................................ 119

گۆڤاری هیوا، ژمارە ٣ ساڵی ٢ ........................................ 229

گۆڤاری هیوا، ژمارە ٤ ساڵی ٢ ........................................ 331

گۆڤاری هیوا، ژمارە ٥ ساڵی ٢ ........................................ 433

گۆڤاری هیوا، ژمارە ٦ و ٧ ساڵی ٢ ........................................ 535

# گۆڤاری هیوا

## ژماره ١ ساڵی ٢ تەمووزی ١٩٥٨


هیوا
HIWA
ژمارەی ـ ١ ـ سالی ـ ٢ ـ

# ناو نیشانی هیوا

بەغداد شەقامی زەهاوی یانەی سەرکەوتن
تەلەفون ٢٨٤٠٥

خاوەنی ئیمتیاز یانەی سەرکەوتن
مودیری مەسئوول : حافظ مصطفی قاضی

—( ئابوونە )—

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونە بو دەرەوەی عراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابوونەی سالیـــــکی لەعراقدا | ٠٠٠ | ١ |
| بو قوتابی | ٧٥٠ | ٠ |
| دانەی بە | ١٠٠ | فلسە |

پارەی ئابوونە پیشەکی ئەدریت
وە بەم ناونیشانە ئەنیریت
بغداد : الصالحیة ٤٠ب/٨٤
( حافظ مصطفی قاضی )

# هیـــوا

گوڤاریکە بوبەختیاریو بەرزکردنەوەی پلەیزانیاریت تەرخانکراوە

ژمارەی ـ ١ ـ سالی ـ ٢ ـ گەلاویژ ـ تموز ـ ی ١٩٥٨ م ـ ٧٠ ٢٥ ك

## سالی نوی

ژیان شتیکی وەستاو و وشك نیـــە ، روژ لـــەدوایروژو کات لەدوایکات لەگورانو پیشکەوتندایە . چونکە مروڤ گیانلەبەریکی زرنگو هوشیارەو هەمیشە لەکنەوەدایە بو سبەینیی روناكو سوزی ( مستقبل )ی بەرزتر .

فەرمو ئەوە : وزەی کارەبا ، فروکەو ئوتوموبیل ، هیزی ئەتوم ، مانگی دەستکرد ... هتد کەچی هیشتا زاناکان هەر بیری خویان لەکار نەوەستانوەو لە گەرراندان بو دوزینەوەی شتی نەدوزراوەی بەکەلكتر .

ئیمـــەش ( نەتەوەی کورد ) وەنەبی لەمروەوە دەســـتەوەســتـــان دانیشتبیتینو لە یاسای ژیان لاماندابیت ، بەلکو هەر خەریکینو بەپیی توانا هاتوینەتە کوررەوە بو سبەینیی لەئەمررو باشترو سوزی لەسبەینی بـــەرزتر .

رەنگە لیرەدا هەبیت بلیت ئەیبوچی هیچمان دیارنیە ؟. بو وەلام ئەلیم شتمان زور دیارە ، بەلام هەیە نایبینیت !. دەتو قولی لیهەلمالەو وەرە کورری تیکوشانـــەوەو شانبـــەشانی براکانت لەگـــەل کاروانـــدا بیگەررانەوە بکەوەرە ری بزانە شتی چون ئەبینیت !. برروابکە لاوی وا دلیرو چـــالاك ئەبینیت کە گیـــانو سامانو وچانی خوی بەخشیوە بەنیشتمانەکەیو لەپیناوی ئامانجی راستیا تەنانەت سل لـــەئاگریش

ناکاتەوە !. هەر سەرسام ئەبێتو ئەڵێیت چەند رۆژێکیتر ئێمەیش ئەگەر پێشیان نەکەوین شانبەشانیان ئەڕروین .

خو خوشکی وا ئەبینێت کە وشەی تێکوشان وابەسەر زمانیەوەو بەدەنگی ناسکی بەسوزیەوە بەستەی راپەرڕین ئەڵێتو لەگەڵ براکانیا بوپێشەوە ئە رِوات ، ئیتر گومانم نیە کەئەڵێیت ئافرەتەکانی ئێمەش قارەمانن‌و لەگەڵ پیاودا جیاوازیان نیە .. ئەمە جگە لەو پیرە رِوشن – بیرانەی کە هەمیشە خـــەریکی ئاموژگاری‌ـمنالـــەکانیانن‌و منالەکانیش بەسرودی ( ئیمە نەوەی دوارِوژین ) مەلاشویان هەلهاتوتەوە .

بەدووری‌نازانم یەکیکی‌تر هەلسیتو بلیت جا ئەمە چیە !؟ خەلکی خەریکی چونە ناو مانگو ئەستیرەکانن‌و ئیمەش تازە لەژیر لیفەکەوە سەرمان بەرز کردوتەوە !.

دەمن لەوەلامی ئەمیشدا ئەلیم : ئائەم توزە سەربەرزکردنەوەیەی ئیمە لە دوزینەوەو داهینانەکانی ئەوان کەمتر نیە . چونکە ئیمە لەناو چوار دیواری تەنگەبەردابن ، ئەوان لەدەشتیکی پان‌و فراواندا ، وە هەر ئەم توزە راپەررینە یشە کە ئەبیتە بنچینەی خوداکوتانمان‌و توونا کردنی دیواری دەورمان‌و چونە ناو دەشتو نزارەوە ، جا ئەوسا بزانە ئیمەش لەکورری داهینان‌و دوزینەو زانستو ویژەوراپەرین‌دا چون شوررە سواریك ئەبین .

ئیستا رەنگە ئاموژگاریەکانمت سەلماندبیتو لەگەلمابیت . دەســا منیش ( هیوا ) پەیمانت ئەدەمی کە ئـــەم سالی نوی‌یە لـــەپار باشترو سالەکانی‌تریش یەك لەیەکی باشتربم‌و فەرمو بوپیشـەوە .

# دوو جاری بخوینەرەوە !

ح . س . ن

هەرجاری کە تەنگو چەلەمەیێك روو ئەکاتە لەشیمروڤ و مەترسیی تیکچوونی ژیانیتیابی ، ئیتربەبی رامان و بەبی بیرلیکرونەوە و بەبیمشوور خوارنیکیپیشتر ،بزوتنەوەییك لە لەشا بەرهەم دیت کە نیشانەی یەکەمی « یەکیتی » یە ، چون :

لەش لە سەرماو سولەی سەختا ، تووشی تەنگو چەلەمەئەبیت کە بەهومو هیزیکیەوە بەربەرەکانی ئەم تەنگو چەلەمەیە ئەکات ئەویشبە هەلگرتنی بەشیکی زور لەگەرمایی دەروون . جا ئەزانی ئەمە چون ئەکات ؟

یەکەم : لەپیشەوە فەرمان ئەدا بە ماسوولکە وردەکانی چوار دەوری شادەمارەکانی کە خویان بگوشن بو ئەوەی بوریەی دەمارەکان بیتەوە یەكو خوینیان کەمتر پیا بروا ، کەبەم هویەوە ئەو خوینە درەنگتر سارد ببیتەوەو گەرمایی تیابمینی .

دووهەم ــ فەرمان ئەدا بە ماسولکە زلەکان کەخویان گرژکەن ، ئەم خو گرژکردنەش ئەبیتە هوی زورسوتاندنی خواردەمەنیو لەمەشەوە گەرمایيکی پتر رووئەدا .

سیهەم ــ ئەگەر گرژ بونەوەی ماسولکەکان بەشنەکا ، فەرمانیان ئەدریتی کە بلەرزن و بەم لەرزینە خواردەمەنی لەش زیاتر ئەسووتیو گەرمایی پتری لی پەیدا ئی . ئیتر هەروا .

ئەمەش بەکورتی واتا ماسولکەی لەش ماکینەییکە ، بەربەرەکانی

بەرودوای سەرما ئەکەویتە ئەستوی . بەلام ئاخو شتیك هەیە ئـەم ماسولکانە هەموی بەجاریك بخاتە ئیش‌و بیان‌ورووژینی بو ئەوەی لـە لی‌قەومانا تیکرا بەجاریك بکەونە کار ؟

بەلی شتیکی وا هەیە پی‌ی ئەلین ( یەکیتی ماسولکەکان ) کە ئەوەش تورریکی تەنراوی وردە دەماری باریکە ، لەهەمو ماسولکەییکا لقی هەیەو سەرکردایەتیشی لەمیشکایە . ئنجا کاتی کـە بەهوی یەکی لەباریکە دەمارەکانەوە ئاگادارکرا کە سەرما رووی کردوتە شوینیك هەر دەزبەجی بەهوی هـەمان دەمارە باریکانەوە فەرمانی هاتنـەوەیەك‌و گرژ بوون‌و هەل‌لەرزین‌و شتی‌تر ئەنیری .

جا ئەگەر ئەم یەکیتی‌یە دیموکراتی‌یە نەبی کە ماسولکەکانی گەورەو بچوك پیکەوە ئەبەستیتەوە لەکاتی لی‌قەومانی سەرمادا ، بەبی‌دەستەوە کەری ئەمردین .

لە لی‌قەومانی « نەخوشی‌ی میکروبی » شدا ئەوکاتەی کە لەش ئەکەویتە خوی بو لەناوبردنی ئەو میکروبە بیگانانە ، ئەزانی بوسەرکەوتن و زال‌بونی خوی چی‌ئەکا ؟

یەکەم : فەرمان ئەدا بەخرریلە سپی‌یەکانی خوین – کە بەهیزی چەکداری لەش ئەژمیررین – کە کو ببنەوە لە دەوری ئەو شوینەی میکروبی تی‌هاتوە ، بو ئەوەی وردە وردە گەماروی بدەن‌وبچن بەگژیا ، شەرریکی ئەوتوی لەگەل بکەن کە ئاشتی‌و ریك‌کەوتنی نیە . .

دوهەم : فەرمان ئەدا بەهەمو ئیسقانەکان – کە کارگەی دروست – کردنی خرریلە سپی‌یەکانن – کە موخەکانیان بخەنە ئەوپەرری خەریك

بونەوە ، بو ئـەوەی زاوبەزو جیگای ئـەو خرریلانە پرربکاتەوە کـە لەشەررا ئەمرن .

سی‌هەم : فەرمان‌ئەدا بەسپل‌و ئەو پەردانەی تری ئەتوانن خرریلە دروست بکەن کە بکەونە جولانەوەو یارمەتی موخی ئیسقانەکان بدون لە فرمانە قورســـەکەیا .

ئەمەش ــ وەکوبومان دەرئەکەوی ــ واتا هەمو بارەگرانەکـەی بەربەرکانی‌ی لی قەومانی میکروب ئەکەویتە سەرشانی خرریلە سپی‌یەکانی خوین . جا ئاخو شتیکی واهەیە ئەم هەمو خرریلانە پیکەوە بخاتە کار کەتیکررا بکەونە تیکوشان لەکاتی لی‌قەومانا ؟

بەلی هەیە و ئەویش خوین‌جمانە . ئەم خوین‌جمانە لەهەمو شوین و کەلین‌و قوژبنیکی لەشا لقی هەیە و سەرکردایەتیشی لەدلایە . دل هەموخوینی ئەو لقانە هەل‌ئەمژیت‌و دیسانەوە بەسەریانا دابەش ئەکاتەوە و جاریکی‌کەش هەلی ئەمژیتەوە ، ئیتر هەروا ... جا هـەر شوینی میکروبی تی‌چو ، خرریلەکانی ئەو شوینە ئەووروژین‌و لی‌ی کو ئەبنەوەو ئاگاداری دلیش ئەکری کە بەگورجی خوین بەسەر سپل‌و موخ‌و پەردەکانا دابەش بکات‌و بکەونە جرم‌وجوول‌و خیرایی بو گەرم کردنی مەیدانی شەرر .. کە ئەگەر ئەم پەیوەندی‌یە نەبوایە یا ئەوخوینەی لەنیوانی خرریلەو کارگەکەیانا دیت‌و ئەچیت ، نەمان ئەتوانی خومان لەبەر شالاوی میکروبا رابگرین‌و بەبی دەستەوەکەری ئەمردین .

ئنجا ئایا لیرەدا شتیك سەرنجت راناکیشی کە بریتی‌یە لە شیوەی ( یەکیتی کاتی لی قەومان ) کە لەشت بەکاری ئەهینی ؟

باش سەرنجت داوە کە لەلیقەومانا ، وەنەبی هەمو ئەندامی لەش بە هەررەمەیی بکەونە یەکیتی ، نەء . بەلکو ئـەم یەکیتی‌یە ، چـەند یەکگرتنیکە لە نیوانی ئەو هیزانە کە لەیەك رەگەزنو هـەر رەگەزەی چەشنە تیکوشانیك ئەگریتە پیش !

لە لیقەومانی سەرمادا تیکوشانی خرریلە سپی‌یەکان هیچ کەلکیکی نیەو لە شەرری میکروبا تەقەلای ماسولکەکان بی سوودە .

ئیمەش کە ئەمررو هەلوەدای یەکیتین‌و لە هەمو شتیکمان پیویست ترە ئەبی بیر لەوە بکەینەوە کە نابی هەرچی سنگی دەرپەرراندو هاتـە پیشەوە دەست‌بخریتـە ناودەستی‌و بلیین یاخوا بەخیربی‌ی !!. بـەلی یەکیتی‌مان ئەوی بو ئەوەی بی‌دەستەوە کەری لەناو نەچین بەلام دەستیش ناخەینە ناو چنگ‌و چەپەلەوە ، تەنیا دەستی پاك‌و خاوین‌و دەروونی تەمیزو رابوردوی سپی‌مان ئەوی . بەرهەمی دەستی پیس ، ئەستیرەی ئاسمانیش‌بی پررە لـەزەهری کوشـندەو پیویستی دور خستنەوەو پەرراندنـە .

گولی سەر سەرە نویلك‌و قەراخی زیرابەکان ، زور جوانیش‌بی ، بو بون کردن ناشی و نامانەوی ، چونکو کەس نایەوی .

(( وەرگیراوە - ح . س . ن ))

# زانست و ژیان

**زانستو ژیان .. گوشەیەکی تازەیە هیوا ئەیکاتەوە بو خویندەوارانی خوشەویستی ، تا ئاگاداریان بکا لەهەندی دەنگوباسی زانیاریو پیشکەوتنی زانیاری گیتی ، ئەو زانیاری یەی کە خزمەتی ژیان ئەکاو ئامانجی کامەرانی مروڤە ، هیوامان وایە کەلکیکی باشی لیوەربگرن لەم بابەتەی خویا ..**

**ـ هیوا ـ**

× یەکی لەزاناکانی زانستگای ( ناکازاکی ) لەژاپون وتویە : نیسبەتی ئەقل تیکچون لەوکەسانەدا کە بوردومانە ئەتومی‌یەکەی ناکازاکی‌یان دیوە ، بەشیوە یەکی سەرسامکەر لەزیادبونە ، وە وتویە لەئەنجامی فەحس‌کردنی نزیکەی حەوت هەزار کەس لەمانەدا بوم دەرکەوتوە کە ٥٣٤ کەسیان ئەقلیان لە سەرخوی نەماوە .

**× دەستەیەك لەزاناکانی سی زانستگای ئەمەریکا دەرمانیکیان دوزیوەتەوە بو وریاکردنەوەی مروڤ ، بەکارهینانی ئەم دەرمانە جیگای چەند سەعات نوستن ئەگری . زانایان لەوباوەرەدان کە ئەم دەرمانە لەچەشنی ئەو مادەیەیە کە لەش مادەی ( ئەستیل کولین )ی لی دروست ئەکا کە لەموخا هەیە .**

× دوکتور ( هورسلی کانت ) ماموستای زانستگای ( جونزهوپکنز)ی ئەمەریکایی کە لەموسکو گەرایەوە وتی : لەوی مەکینەیەکم دی بویارمەتی دانی ئەو کەسانە کەخەویان لی‌ناکەوی ، ئەوەش بەم جورەیە : دوتەلی

باریکی کارەبا لـەو مەکینەوە کیشراونو ئەنوسینرین بەپیلوی چاوی کابرای خەو لی زراوەوە ، کابراش هەست بەشتیکی وەك کارەبا گرتنیکی سوك ئەکا وەئیتر بەتەواوی شل‌ئەبی و ئەکەویتە شیرین خەو .

**× روژنامەی ( موسکونیوز ) نوسیویە : روسەگان بەر لە هەرولاتیکی تر ئەگەنە مانگ ، وە وتویە : گەشتیکی بەینی عەرزو مانگ دەروژی پی‌ئەوی ،وە پروژەیەگمـان بەدەستەوەیە بو ریکخستنی گەشتیك بو مانگـو ئەنجا بو زەهرە و مەریخ ، وە ئەم پروژەیە لەماوەی ٥ تا ١٠ سالا جی‌بەجی ئەکری . هەروا وتویە گەشتەکەی ( لایکا ) سودی زوری لی وەرگیراوە بو ئەم مەبەسە .**

× بەپی‌ی قسـەی دەسگای تەندروستی جیهانی لەم بیستـسالەی دوایی‌دا ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کە بەسـەر سکەوە ئەرون لەبەینی ٣٠٪ و ٩٠٪ کەمی کردوە لەگیتی‌دا .

**× دوکتوریکی ئەمەریکایی وتویە : بەزوری جگەرەکیشان لەگەل خواردنەوەدا ، هویەکی گـەورەن توشی نەخوشی قرژانگ ( سرطان ) هاتنی دەمو قوورگە .**

× خاتو ( ماریا کوفریجینا ) وەزیرەی تەندروستی سوڤیەتی لـە کونفرانسیکی پزیشـکی‌یا کـە لەموسـکو گیرا وتی : کـەمی دەرمانی سك‌نەکردن ئەبی بەهوی ئەوە کەژنان بەر بەخویان بخەن ، ئەمـەش هویەکی گەورەی تیکچونی تەندروستی‌یانە . وە وتی ئەبی لەم چەندسالەی داهاتودا گیروگرفتی کەمی دەرمانی سك‌نەکردن چار بکەین ، وە بەزویی دەرمانی باشتری بو بدوزینەوە .

**× لەم دواییەدا لە ئەمەریکا چـەشنە گلوپێکی تیشکی سەروی وەنەوشە رەنگی بەهێز دورستکراوە کە ئەو میقروبو فیروسانە نایەلی کە هەوا پرەلیان ، وە هەمیشە ئیمەش لەژورو کارخانەو دائیرە کانا هەلیان ئەمژین .**

× روژنامەیەکی سوڤیەتی نوسیبوی بەم زوانە دەس ئەکری بە هەل کەندنی کونیك بەدریژایی ١٢ کیلومەترە لەژیر کیوی ( هیمالایا ) وە بو نزیك کردنەوەی هاتوچوی بەینی هیندو روسیا ، وە بەهەلکەندنی ئەم کونە ریگا کە ٨٠٠ کیلومەترە نزیکتر ئەبیتەوە .

**× ئەندازیاریکی ئەمەریکایی خـەریکە کەتەلوکی پردیك دائەنی بو نوساندنی ئەوروپاو ئاسیا بەیەکەوە بەسەر ئاوی دەردەنیلا . ئەم پردە ٥٠ ملیون دولاری تیئەچی و ٢٢١٤ پی دریژ ئەبی .**

× ئیستا تەنها سیدەولەت هەن کە چەکی ئەتومییان هەبی : بەریتانیاو روسیاو ئەمەریکا .. بەلام ئەگەر بیتو کاربەدەستانی ولاتە گەورەکان لەناوخویانا یەك نەکەونو ئەم چەکە ویران کەرە قەدەغە نەکەن تا دەسالیتر نزیکەی ٢٠ دەولەتی تریش دروستی ئەکەن .. جائەوکاتە مەگـەر هەرخوابزانی چ مەترسییەك روئەکاتە مروڤو شارستانیەتی ؟!

**× زانای گەورەی روس ( بلا جونرا فوك ) وتویە : زوری نەماوە گەورەترین شورشیك ببینینەوە لەجهانی هیزە جولینەر ( القوی المحركة )ە کانا ، ئەوەش بەوە کە بتوانین کاریك بکەین مەکینە لە خویەوە بسوریتە وە بەبی پیویستی بەهیچ چەشنە سوتەمەنییەك .**

× کریککارانی کانەکان لە رومانیا درەختیکی بو بەبەردیان لەشاری ( کودلیا ) دوزیوە تەوە زاناکان ئەلین تەمەنی لەدەوری ١٥٠ ملیون سالایە . ئاژانسی دەنگو باسەکانی رومانیا ئەلی : درەختەکە .

**✻ رادیوی موسکو بلاوی کردەوە کە زانا کشتوکالیەکانی ئەوی مادەی ( هبرلین ) بەکار دینن بو گەورەکردنی دەنکی بەرهەمە کشتوکالیەکان .**

دکتور ( پیتر سالیوری ) لە ( لوس انجلوس ) کە تەلوکی دلیکی ئامادەکردوە کە لەتوانادا هەیە بخریتە سنگی نەخوشەوە لەجیاتی دلە فەوتاوەکەی خوی ، بەم‌نزیکانە ئەم دکتورە تجروبەی ئەم دلە ئەکا لە سەگیکدا .

**پروفیسور « ایڤان بارادون » جی‌نشینی سەروکی ئەکادیمی زانستی سوفیاتی وتویە : لەمەوپاش زور بەئاسانی ئەتوانری مس بکریت بە زیر .**

کونە ناسەکان ( علماء الآثار ) لەنزیکی شاری ( تاشکند )وە ئوردوگایەکی دەوری بەردیان دوزبوەتەوە کە سەدهەزار سال لەمەوپیش ئادەمیزادی تیا دانیشتوە . بەردەکانی ئەم‌لاولای ئەو ئوردوگایە وینەی گیانداری پیوەیە بەقەد گیاندارەکە خوی ، ئەمە یەکەم جارە وینەی واوردو ریکوپیك لە ئاسیای ناوەراستا بدوزیتەوە ، لەناو ئەو شتانەدا کە دوزراوەتەوە چەند پارچەی موقناتیساویش دوزراوەتەوە کە نیشانەی ئەوەیان پیوەیە ئادەمیزادی پیش میژو بەکاری هیناون ، زاناکان ئەلین تائیستا نەزانرابو کە لەو زەمانەدا ئەم ئوردوگایە بووە ، و خەلکی ئاسنیان بەکار هیناوە .

# داری ناکوکی لەبندا هەلکەنن

**رفيق حلمي**

کاری کوردان چون ئەچیتە سەر هەتاکو سەر نەبی
دومەلی ناکوکی کاری خوی ئەکا تا دەر نەبی .
ئەوکەسەی یەکخستنی گەل بی بناغەی باوەری
دیارە ئەیزانی کە ئاغا نابی تا نوکەر نەبی .
ئیمرو روژی هەول‌و تیکوشانە نابی بسرەوین ،
سەختە رزگاری لەدوژمن لاوی گەل پەروەر نەبی
کەلکی راستی ناگری تەنیا وشەو شیعرو ئەدەب
تا چەکی ( ئیمانی میللی ) و (١) دەستی سەرخەنجەر نەبی
پشت بەبی‌هیزی مەبەستن بامەبەستان شەر نەبی
ئاشتی سەرناگری تا هیزی روژی شەر نەبی
دوژمنی کورد زورە حتی بیتو یەکبین هەر کەمین
چاری ناکوکی ئەکا کوردی ئەگەر بیو کەر نەبی
لاوەکانی خوشەویستی قەومی کورد ! سا راپەرن
کاتی تیکوشان‌و هەولە با ئەمیش تی‌پەر نەبی
داری ناکوکی لەبندا هەلکەنن ، تووری بدەن
ئیوە ئاوی ئەو درەختانە بدەن بی‌بەر نەبی
چون ئەپاریزری لەتیری دوژمنی‌خوینینی کورد

---

**(١) ئیمانی میللیو ئەخوینریتەوە .**

تا لـەدەوری نیشتمـانا سـنگی تو سـەنگـەر نەبی
پالەوان ئـەو لاوەیە خوی بەختئـەکا بو سوودی گـەل
گویت لـەمن بی ، گویت لەباسی روستەم‌و عەنتەر نەبی
تاکو ئـەتوانی خـــەریکی چاکـە بـەو کرداری باش
لاوی چـەرخی بیستەمی تو ، کردەوەت بی‌فەر نەبی
بی‌هەوا ، کەم‌دوو ، لەسەرخو ، ژیروهیمن ، گەل‌پەرست
رابەرت ویژدانی پاکت ، دەنـگی زیو و زەر نـەبی
وابزانم روژی باســـی مافی‌کورد ئـەکریتـــەوە
خوابکا ئـەو روژە گورگی گـــەر بەشوانی مـەر نەبی

**بەغـدا :** **رفیق حلمي**


---

# عبدالامیر منصور

لەمخزنی عبدالامیر منصور هەرزانیە ، شتی زورباش بەکومەل‌و بەدانە چنگ ئەکەویت : قوماشی خوری چاك ، پیلاوی ئینگلیزی‌و ئیتالی ، هەمو جورە بوینباخیکی جوان .

لەبیریشت نـەچیت باشترین بەرگ درووە لەســـەر تازەترین شیوەی نوی .

**ئەوەتا لەسەر ــ شارع البنك ــ لە بەغداد**




وادیارە ئاموژکاری ئەو رستەیەی سەرەوەت نەکردوە ! بویــە نەت توانی وەلامی پرسیارەکانی پیشومان بەتەواوی بدەیتەوە . ئیمە ئەلیین « چیتنەزانی پرسیار بکە » ئیتر تو بوچی هەر ئەوەی خوت ئەیزانیت ئەوەمان بو ئەنیریت ؟!. نا نا ئەمــە هیچ راست نیــە .. لەهاوریکەت .. لەبراکەت .. لەماموستاکەت .. چیت نەزانی پرسیار بکە ، هیچ شەرم مەکە ، ئەم خەلکە هیچی لەخویەوە فیری شت نەبوە .

بزانم ئەمجــارە ئەتوانیت وەلامی ئــەم پرسیارانەمان بەتەواوی بدەیتــەوە :

١ ــ ئەم وشانە بکە بە کوردی :

طاقة ، محکمە ، شاعر ، مناقشە ، جمهوریة .

٢ ــ مانای ئەم وشانە بنوسە :

داکوکی ، هەرەوەز ، بووم ، وەرز ، بنکە .

٣ ــ ئەم هونراوەیە هی کییە ؟ :

یەك عەیبی خەلك ئەبینی ، خوت ساحبی هەزاری
خەلکت لــەلا خــەرارە ، خویشت وەکو دەواری

٤ ــ دوکەسم پیکەوەدی ، یەکەمیان کورری دوەم بوو ، کەچی دوەم باوکی یەکەم نەبو !! بوچی ؟.

هەر پرسیارەی پینج نوختەی لەسەرە ، هەول بدە لەپانزە نوختە زیاتر پرر کەیتەوە .

سەرکەوتوی یەکەم ٣ کتیبی بەبرخ « دیوانی دلدار ، حاجی قادری کویی ، بازدیکی زل » کە بەمنزیکانە لەژیرچاپ دەرئەچن .. وە بو سەرکەوتووی دوەم ژمارەی داهاتووی هیوا ئەبەخشرین .

لەگەل وەلامەکەتا پولیکی ١٠ فلسی کارنەکراو بنیرەو لەگوشەیەکی زەرفەکەوە بنوسە « پرسیار » . تا روژی ١٩٥٨/٨/٥ وەلام وەرئەگیریت .

* * *

ئەمەش وەلامی پرسیارەکانی پیشوومانە :

١ – توژمال = مختار = مختاری گەرەك .

سوزی = سبەینی = مستقبل .

وەشت = باران ، بایوەشت = بایباران .

بەرژەوەندی = مصلحة ، مصالح .

دژوار = گران = شاق = صعب .

٢ – یەکەم روژنامە بەزمانی کوردی لەسالی ١٨٩٧ م دا لەستەمول دەرچوەو ناوی کوردستان بوە .

٣ – هەلبەستەکە هی « حمدی » احمد بگی صاحب قران بوە .

٤ – سیبراو چوار خوشك بوون .

* * *

سەرکەوتوەکان:

١ ــ کاك جلال دباغ توانی ١٧ نوختە پرر بکاتەوە .

٢ ــ کاك محمد نجیب رشید توانی ١٦ نوختە پرر بکاتەوە .

٣ ــ کاك اسفندیار احمد شکر و بهاء الدین علی صالح رەشە یەکی ١٢ نوختەیان پرر‌کردبوەوە ، لەئەنجامی قورعەدا کاك اسفندیار سەرکەوت .



# بو ئاگاداری

ادارەی محلی لیوای هەولیر هەلئسیت بەپیشانگا ( معرض ) یکی کشتوکالیو پیشەسازی لە شاری هەولیردا روژی ٥تا ١٢ ایلول ١٩٥٨ بو پیشاندانی گەلی بەرهەمی فکریو ئابوریو کومەلایەتی شارەکە ، وەفیر کردنی دانیشتوان بەئالاتو مەکینـەو کەرەسـەی کشتوکالیو پیشەسازی کەئەبیتە هوی زیاد کردنی بەرهـەمو بەرز کردنەوەی پلەی ژیانو کومەلایەتیو تەندروستی دانیشتوان . هەر لەم پیشانگایەدا بەشی میهنەو پیشەو سعەتی لادی کانیشی تیایە بەتایبەتی ئەوانەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە تیاسەرکەوتون . هـەروەها بەشـی ـ ئاژەلیشی تیایـە بوپیشاندانی جورەکانی ولاخی بەرزەو مانگاو مەرو مریشك ، ئەمـە جگەلە سیباقو یاری رابواردنو حەانەوەو موسیقاو تەمسیلو پیشاندانی هەموجورە نیشاتیکی مەدرەسیو بەریوەبردنی ناومالو وەسائلی روشن کردنەوە .

هەموان ئاگادار ئەکەین بەتایبەتی دانیشتوانی لیواکە انجا گەلیعراق بو ناو نوس کردنی ئەوشتانەی کە هەیانە بوپیشاندان بەزووترین کات بو سـەرکەوتوەکانیش گەلی خـەلات ئامادەکراوە ، وەسـاحەی پیشاندنیش بە خواریی ئەبیت لەگەل تەسـهیلات کردنا بەتایبەتی بو پیشاندەرەکان .

تکایە اتصال بە معاونی متصرفەوە بکەن بو ایشوکاری ادارەی محلیو زانیاریو ناونوسین .

و . متصرفی لیوای هەولیر

# شەش پیاوی گەورەی میژو

**واشنتون . بولیفار . غاریبالدی . لسودسکی . مازاریك . فالیرا .**

لەگوڤاری ( الهلال ) وەرگیراوە
کـــــەلار : محمـــد ســـعید جاف

لەم باسەدا هەولو تی‌کوشانی . شەش پیاوی بەناوبانگی جهانمان بو دەرئەکەویت . کە چون لە ریگالی رزگارکردنی ولاتەکانیانا تی‌کوشاون وە بو ئازادی نیشتمانەکانیان دانەمرکاون هەتاوەکو بەئاوات گەیشتون یەکەم ( جورج واشنتون ) ئەم پیاوە یەکیکە لە پیاوە گەورەکانی میژو چونکی بەسەرکردەیی ( جورج واشنتون ) گەلی ئەمەریکا . توانی‌یان ولاتەکەیان لە ژیر دەستی ئینگلیز رزگار بکەن . لە ( ٢٢ ) ( فبرایر )ی سالی ( ١٧٣٢ ) میلادیدا لە شاری ( بروجزکریك ) لە ولایەتی ( فرجینیا ) لەدایك‌بوە . دوای مردنی باوکی . لە قوتابخانەدا . دەستی‌کرد بەخوندن بەلام . لەبەرئەوەی هەژاربو لە تەمەنی ( ١٦ ) سالیدا لە قوتابخانە دەرچو ( جورج ) گـەنجیکی زیرەکو وریا بو . تارادەیەکی کەم لـە ئەندازیاری (×) شارەزایی . هەبو . لە چەمیکدا . کە جیگای هیندیە سورەکانبو . پارچەیە زەویی ریك خست .

دەستی‌کرد بـە کشتوکـال کردن . وە لەپاشـا داخلی سوپای ئەووەختەی ئەمەریکا . بو . لە تەمەنی ( ٢٧ ) سالیدا لە سوپا دەرچو .

---

(×) ئەندازیاری = مهندسی .

بیوەژنیکی دەولەمەنی مارەکرد . لە زەویەکەی خوی وە هەروەها لــە پارچە زەویی ژنەکەیدا . دەستیکردەوە بە کشتوکال کردن . لــەو وەختەدا رقی گەلی ئەمەریکا . بەرامبەر ئینگلیزە داگیرکەرەکان . بەتەوایی ئاشکرابو . ( جورج واشنتون ) بوبە سەرکردەی لە شکری شورش گیرەکانی ئەمەریکا . وە شورشیان بەرامبەر بە ئینگلیزە داگیرکەرە کان دەست پیکرد . هەرچەندە ئینگلیزەکان دەولەمەنو بەهیزتر بون . بەلام لەبەرئەوەی ( جورج واشنتون ) لەو باوەرەدابو . پی ویستە ئازادیی ئەبی وەربگیریت . گەلی ئەمەریکا لە بەربەرەکانی کولیاننەئەدا . ئاگریی شەر لەبەینی لەشکری نیشتمانیەکانی ئەمەریکاوە سوپای ئینگلیزدا . روژبەروژ بەرزتر ئەبووەوە .

لەسالی ( ١٧٧٦ )دا شەریکی گەورە لەبەینی لەشکری نیشتمانیەکان وە لەشکری اینگلیز رویدا ئەو شەرە ناوبانگی بە شەری ( ترنتون ) وەرگرتوە لەو شەرەدا لە شکری ئینگلیز شکا . وە هیچ نەیان توانی خویانبگرنەوە . گەلی ئەمەریکا . بەسەرکردەیی ( جورج واشنتون ) توانییان نیشتمانەکــەیان لە ئینگلیزە داگیرکەرە کان پاك بکەنــەوە . ( کورنوالیس ) کە سەرکردەی سوپای ئینگلیز بو لــە شەردا بەدیلی گرتیان . وە لە ( ٣٠ ) ابریلی ( ١٧٧٩ )دا ( جورج واشنتون ) بو بە یەکەم سەرکجەمهوری ئەمەریکای ئازاد .

دووەم ... ( سیمون بولیفار ) ئەم پیاوە گەورە لە شاری (کاراکاس) لە ( فنزویلا ) لە ئەمەریکای خوارو لــەدایك بوە تیکوشان وە بیریی

نیشتمانپەروەری ئەم پیاوە کاریکی وای کرد . ئەسپانیە داگیرکەرەکان ، لەمەریکای خوارویان بەجیهیشت .

( سیمون بولیفار ) پاش‌ئەوەی گەورەبو . بو خوندن رویشت بو ئەسپانیا . وە ماوەیەکیش لە قوتابخانەکانی ئەلمانیا وە اینگلیز دا . خوندی کاتیك دانشگای ئەندازیی تەواوکرد . ئەندازیا ریکی چاکی لی‌دەرچو . وە بە تی‌گی‌یشتنیکی تەواو گەرایەوە بو نیشتمانەکەی خوی لە سالی ( ١٨١٢ )دا بو بە پی‌شەوای نیشتمانیەکانی ( فنزویلا ) شورش‌یان بەرامبەر بە ئەسپانیەکان دەستی‌پی‌کرد لە ( ١٢ ) شەردا کە لەبەینیانا روی‌دا ئەسپانیەکان ئەشکان وە رایان‌ئەکرد . لە دواهەمین شـەردا ئەسپانیەکان ( فنزویلا )یان بەجی‌هیشت . لە سالی ( ١٨١٥ ) دوبارە ئەسپانیەکان بە لەشکریکی زور هاتنەوە لەژیر سەرکردەیی سەرلەشکر ( موریللو )دا ( فنزویلا )یان داگیرکردەوە بەلام نەیان‌توانی (سیمون بولیفار) بگرن چونکی توانی بوی خوی دەرباز بکا . دوبارە ( سیمون ) هرچی نیشتمانیەکانی ( فنزویلا ) بو کوی‌کردەوە بەشەری چـەتەیی ئارامو ئاسایش‌یان لە ئەسپانیەکان هەل‌گرت بەناچاری ( فنزویلا )یان بەجی‌هیشت لە سالی ( ١٨٣٣ )دا بیروی داگیر کرد . وە جەمهوریەتی کولومبیای پیك‌هینا لە ( ئایاکوشیو )دا نائبی مەلیکی ئەسپانیای بە دیلی گرت . لە سالی ( ١٨٤٠ ) کالاویشی گرت . بەم‌جورە ئەسپانیە داگیرکەرەکانی لە ئەمەریکای خوروە کردەدەرەوە . وە میلەتەکانی‌ئەمریکای خوارو بون بە خاوەنی نیشتمانی خویان . .

سی‌هەم‌یان . ( جیزبی غاریبالدی ) لە سالی ( ١٨٠٧ )دا لە شاری

( نیس ) لەدایك بوە ئەم پیاوە یەکیکە لە پیاوە هەلکەوتوەکانی ئەوروپا
لاپەرەی میژو زور بە سەربەرزیی باسی ئەکا . ( غاریبالدی ) لە تەمەنی
( ١٧ ) سالیدا لە شورشەکەی ئیتالیادا خوی بەشدار کرد . ئەو
شورشە ( مازینی ) سەرکردەی بو . لەو شەرانەدا زوریی تەمابو
( غاریبالدی ) بکوژریت . ئەو شورشەی گەلی ئیتالیا هەلیان گیرسانبو .
مەبەستیان ئەوەبو فرنسیەکان لە نیشتمانەکەیان بکەنەدەرەوە . لەبەر
ئەوە ئەو وەختە گەلی ئیتالیا پارچە پارچە بو لەوکاتەدا ئەو هیزەیان نەبو .
ولاتەکەیان لە دوژمن پاك بکەنەوە . ( غاریبالدی ) بە ناچاری رای کرد
رویشت بو ئەمەریکای خوارو . لەویی لە چەند شەریکی دەریایی وە
زەویدا کە لەو ولاتەدا رویدا خوی بەش دار کرد لەو شەراتەدا ناوباتگی
ئازایی زور بلاو بوەوە لە سالی ( ١٨٤٨ ) گەرایەوە بو ئیتالیا . شورشیکی
بەرامبەر بە فەرنسیە داگیرکەرەکان هەلگیرسان . بلام لەم شورشەدا
شکستی خوارد . دوبارە رای کرد رویشت بو ( نیورك ) لە سالی (١٨٥٤)دا
گەرایەوە بو ایتالیا . لە شکریکی لە نیشتمانیەکانی ئیتالیا پیك هینا .
بەو لەشکرەیان ئەوت لەشکری کراس سور . لەپاش شەرو خوین رژتنیکی
زور شاری ناپولی گرت . مەلیکی فەرنسە ( فرنسیسی ) دووەم لەگەل
لەشکرەکەیدا رایان کرد . وە ئیتالیایان بەجی هیشت لەدوای راکردنی
فرنسیەکان ( غاریبالدی ) ( فیکتور عمانویلی ) کرد بە مەلیکی گشت
ئیتالیا . ( غاریبالدی ) تەنها بەمە دل نیا نەبو پەلاماریی ولاتی ( پاپا )ی
دا . پارچەیە لە ولاتی پابای خستەسەر ئیتالیا . لە سالی ( ١٨٦٦ )دا
لەگەل نەمسایش دا شەریی دامەزران . لە ئەنجامدا هرچی بیگانە بو لە

نیشتمانی ئیتالیا دوریی‌خستەوە بەم‌جورە ناوی ( غاریبالدی ) لە لاپەرەی میژودا نوسرا وە هەرکیز گوم نابی وە سەریی گەلی ایتالیای بەرزکردەوە .

چوارەم ( جوزیف بلسودسکی ) هەولو تی‌کوشانی ئەم پیاوە بو بە هوی ئەوە لەشکری روسیای قەیسەری لە ولاتی پولونیا بچنەدەرەوە ( جوزیف بلسودسکی ) لە سالی ( ١٨٦٧ ) لە شاری ( زولوف ) لە هەریمی ( فیلنا ) لەدایك بوە لە تەمەنی ( ٢٠ ) سالیدا بەگوناهی ئەوەی ویستویەتی شورش بەرامبەر بە قەیسەری روس هەل‌گیرسینی دادگاه ( ٥ سال ) بریاریی بەندیەبونی‌دا ە ومەرجەی ماوەی بەندیە کەی لە روژهەلاتی سبیریادا تی‌بپەرینیت . کاتیك ماوەی بەندیەکەی تەواو بو . هاتەوە بو نیشتمانی پولونیا کومەلیکی اشتراکی پیك هینا ( بلسودسکی ) بو بە پی‌شەوای ئەو کومەلە . ئیمتازی . روژ نامەیەکی بەناوی چینی کریکارانەوە وەرگرت . لەبەرئەوەی لە روژنا مەکەی‌دا هانی گەلی پولونیای ئەدا بو ئەوەی بەرامبەر بە روسەکان شورش هەل‌گیرسینن . لە سالی ( ١٩٠٠ )دا لە قەلای وارشودا خستیانە بەندیخانەوە لە پاش سالیك لە بەندیخانە رای‌کرد رویشت بو لەندەن لە کاتی شەریی روسو ژاپوندا ( بلسودسکی ) گەرایەوە بو پولونیا شورشیکی بەرامبەر بە روسە قەیسریەکان پیك‌هینا . بەلام لەو شورشەدا سەرنەکەوت . رای‌کرد رویشت بو ژاپون . بو ئەوەی یارمەتی لە دەولەتی ژاپون وەربگریت بو گەلی پولونیا . ژاپون هیچ یارمەتی نەدا . بەدزیەیەوە گەرایەوە بو پولونیا . چاوە روانی هەلی ئەکرد بو ئەوەی نیشتمانەکەی رزگاربکا . کومەلیکی نهی‌نی ریك‌خست لە سالی ( ١٩١٦ )دا لەشکریکی لە نیشتمانیە

كانى پولونيا پيك‌هينا . دواى‌ئه‌وه‌ى ئه‌م سوپايه‌ى ريك‌خست شه‌ريى يه‌كه‌مى جهان هه‌ل‌گيرسا . له‌پيش ئه‌وه‌دا شه‌رى يه‌كه‌م ته‌واوببيت به يارمه‌تى ده‌وله‌تى فه‌رنسه‌و ئينگليز ئالاى سه‌ربه‌ستى پولونياى هه‌ل‌كرد . وه خوى بو به وه‌زيرى جه‌نگى پولونيا . وه له پاشا بوبه سه‌روكى ده‌وله‌تى پولونيا وه له‌قه‌بى مارشالى يه‌كه‌مى سوپاى پولونياى وه‌رگرت . به‌م‌جوره مارشال . ( جوزيف بلسودسكى ) گـه‌لو نيشتمانى پولونياى خسته ژيانيكى سه‌ربه‌ستيه‌وه . .

پى‌نجه‌م ( توماس جاريج مازاريك ) ئه‌و قاره‌مانه‌يه له‌شكرى نه‌مسه داگيركه‌ره‌كه‌كانى له ولاتى (چيكوسلوفاكيا) كرده‌ده‌ره‌وه له سالى (١٨٥٠)دا له شارى ( هودونين ) له‌نزيك سنورى ( مورافيا ) له‌دايك بوه . باوكى دورشكه‌ى هه‌بو . به دورشكه‌كه‌ى وه له باخه‌كانى ايمپراتورى نه‌مسادا به روژانه يه‌كى كه‌م كريكارى ئه‌كرد . ( مازاريك ) له‌سالى ( ١٨٨٩ ) وه كه‌وته ژيانيكى سياسيه‌وه وه هه‌روه‌ها له‌و ساله‌دا ايمتيازى گوڤاريكى حفتـه‌يى وه‌رگرت لـه‌پاش ساليك . بو ئـه‌ندامى پارلمانى نه‌مسا . هه‌ل‌يان‌بژارد . له‌به‌رئه‌وه‌ى له پارلمان‌دا ريگه‌ى نه‌بو به هـه‌وسى‌خوى له كه‌موكورتى ولاته‌كه‌ى قسـه بكا . له ئه‌نداميه‌تى پارلمان استقاله‌ى كرد . له چيكوسلوفاكيادا كومه‌ليكى سياسى به‌ناوى كومه‌لى پيش‌كه‌وتو . پيك‌هينا . له سالى ( ١٩٠٧ )دا دوباره به‌ناوى كومه‌له‌كه‌يه‌وه له پارله‌مان‌دا بو به ئه‌ندام . له‌كاتى شه‌رى يه‌كه‌مى جهان‌دا . كتيبيكى نوسى . لـه‌و كتيبه‌دا به‌رامبه‌ر به ايمپراتورى نه‌مسا ، وه ده‌وله‌ته‌كه‌ى ، توانجيكى زورى نوسيبو وه له‌روى زورو ئازارى فرمان‌ره‌وايانى نه‌مسا به‌رامبه‌ر

به گەلی ولاتەکەی زور کولابوەوە . ( مازاریك ) بەسەر ئەوەیش‌دا کە لە پارلمانی نەمسادا ئەندام‌بو . بو رزگارکردنی نیشتمانەکەی . رای‌کردوە رویشت بو دەرەوەی سنوری امپراتوریەتی نەمسا . لەوکاتەدا شەری یەکەمی جهان‌بو . بەلام ( مازاریك ) دانەئەمرکا . هەرچی ولاتی سویسرە و فرنسە و ئینگلیز و ئیتالیا و روسیا گەرا . بوئەوەی ئەم دەولەتانە بو ئازادبونی ولاتەکەی یارمەتی گەلی چیکوسلوفاکیا بدەن . لە ئەنجامی ئەم گەرانو تی‌کوشانەی‌دا . لەدەرەوەی چیکوسلوفاکیا بە یارمەتی چەند دەولەتیکی ئەوروپا کومەلیکی پیك‌هینا . زوری نەمابو شەری یەکەم تەواوببیت گەرایەوە بو ولاتەکەی . دەولەتیکی لە . گەلی چیکوسلوفاکیا دروست‌کرد . لەپاشا رویشت بو ئەمەریکا . بو ئەوە حکومەتی ئەمەریکا . یارمەتی نیشتمانەکەی بدا وە پشتیوانی بکا . لە سالی ( ١٩١٨ )دا بو بە سەرەك‌جەمهوری چیکوسلوفاکیای ئازاد . وە لە سالی ( ١٩٢٧ )دا دوبارە هەل‌یان‌بژاردەوە بو سەرەك‌جەمهوری بەم رەنگە ( توماس جاریج مازاریك ) وولاتی چیکوسلوفاکیای ئازاد کرد .

شەشەم ( ایمون‌دی‌فالیرا ) یەکیکە لە پیاوە ئازاکانی میژوی ( ایرلاند ) ئازایی وە کول‌نەدانی ئەم پیاوە بو بە هوی ئەوە ولاتی ( ایرلاند ) لە بەریتانیا جیا ببیتەوە . ( ایمون ) لە سالی ( ١٨٨٢ )دا لە شاری نیورك لە باوکیکی ئەسپانی و دایکی‌کی ایرلاندی لە دایك بوە قوتابخانەی لە ایرلاند تەواوکرد لە سالی ( ١٩١٣ )دا . داخلی کومەلی شورش‌گیرکانی ایرلاند بو لە سالی ( ١٩١٦ )دا لەلایەن دادگای ئینکلیزەوە بەگوناهی ئەوە هانی گەلی ایرلاندی داوە بو جیابونەوە لە

بەریتانیا . بریاری کوشتنیاندا . لەپاشا . ئەو بریارەیان گوررپی . کردیان بەبەندی بونی یەکجاریی ، لەدوای ئەوە چەند سالیك بەند بو . فەرمانی بەخشین بو بەندیە سیاسیەکان درا . ( ایمون ) لە بەندیخانە رزگاریبو ، ئەو وەختەئازادبو . کومـەلیکی جەمهوری خوای بەناوی ( السین فاین ) پیكهینا بەناوی کومەلەکەیەوە لەپارلەمانی بەریتانیادا بو بە ئەندام لە پارلماندا هەمو کاتی لەرەوشت خراپی فرمانرەوایانی اینگلیز برامبەر بە گەلی ایرلاند قسەی ئەکرد وە ئەکولایەوە هەمیشە لە پارلماندا معارەضەی حکومەتی ئەکرد لە سالی ( ١٩١٨ )دا دوبارە لەلایەن اینگلیزەوە خرایە بەندی خانە . لە سالی ( ١٩١٩ )دا لە بەندیخانە رایکرد رویشت بو ئەمەریکا ، لەویباربوی کوکردەوە بو گەلی ایرلاند بو ئەوەی لە روی مالیەیەوە توانایان ببیت بەرامبەر بە اینگلیز شورش هەلگیرسینن . لە سالی ( ١٩٢١ )دا گەرایەوە بو ایرلاند . بو بە سەروکی ئەو کومەلە کە دا وای جیابونەوەیان لە بەریتانیا ئەکرد . لە سالی ( ١٩٢٧ )دا بریاری جیابونەوەی ایرلاند . درا بـەم جورە . ( ایمونديفاليرا ) دانەمرکا هتاوەکو فرمانرەوایی بەریتانیای لە ولاتەکەی دور خستەوە .

کەلار : محمد سعيد جاف

# نامەیەك بۆ خوشكە رۆشن بیرەكان

نوسینی : روناك

نەتەوەی كورد ، وەك چون بەشیوەیەكی گشتی لە هەربەشیكی نیشتمانەكەیا لەهەمو سەریكی ژیانەوە لەنەتەوەكانی دراوسێی دواكەوتوترە ، لەناو خویشیا ئافرەتانی تاڕادەیەكی دور لە پیاوانی دواكەوتوترن و زیاتر توشی گیروگرفتی ژیان دین . ئافرەتەكان خویشیان لەسەریكەوە بەپێی جیاوازی پایەی كومەلایەتی‌یانو لەسەریكی ترەوە بەپێی دابەش‌بون‌یان بەشاری و لادێ‌یی وەزعیان جیایەو ناخوشی ژیانیان كەمو زور لەیەك فەرقی هەیە .

لەشارەكانا بوچینی دەولەمەندو ناوەڕاست تاڕادەیەكی باش دەس‌ئەدا كچانیان بنیرنە قوتابخانەو كاریكی وایان بوبكەن كە لە پاشەڕوژا بتوانن دەسیكیان هەبی لەدیاری كردنی چونیەتی ژیانیانا وە بەرچاویان رون‌ببیتەوە و میشكیان بكریتەوە ، بەلام ئەمە بو كچانی چینی هەژاری شارو بو سەرجەمی كچانی لادێ‌یی دەس‌نادا . ئەمرو ئەبینین لەكاتیكا كە ژمارەیەكی زور لە كچە شاری‌یەكان لەقوتابخانەكاندا خەریكی خویندنن وە كە ئافرەتانی شار تا رادەیەكی باش بەرچاویان كراوەیەو بی‌ئاگانین لەدەنگوباسی گیتی وە وەكو مەرو بزن نافروشرین ، منالە كچەكانی لادێو كچانی چینی هەژاری ناوشار لەناو كولانو بەردەرگاكانا كەوتونو دەس‌ئەخەنە ناو خولو پیسایی‌و ئەگرین‌و هەزار چەشنە میكروبی ناو

ریگاو بان ئەچیتە چاو و لوت‌و هەمو لەشیانەوە ، وە ئەبینین ئافرەتانی لادی بەقرچەی گەرمای هاوین لەگەل براو میردو کەس‌و کاریانا خەریکی دروینەو ئاودان‌و هینان‌و بردنن وە لە مالا سەریان قالە بەدەستی حەشار دان‌و دوشینی مەرو مالات‌و ماست‌و نان‌و مەشکە ژەندن‌و هاتوچوی شارەوە ، بیجگە لە سەرقالی‌یان بەدەس کاروباری تری مال‌و بەخیوکردنی مناولەوە ( مەبەسم لەگیرانەوەی ئەمە گلەیی کردن نیە لە ئیش کردنی ئافرەتانی لادی ، بەلکو بەپیچەو نەوە ئیش کردنی ئافرەتان بەپیویست‌و بەشتیکی وائەزانم کەکەسی ناتوانی ریگای لی بگری چونکە ژیان پیویستی کردوە ) پلەی تی‌گەیشتینشیان لەگەل ئەوەدا کـە خەلکی ولاتانی‌تر بەهەول‌و تیکوشانی دولایی پیاوان‌و ئافرتان گەیشتونەتە پلەی‌زور بەزر لـەشارستانیەتی‌یا وە کاری وایان کردوە بەتـەواوی روی گیتی‌یان وەرگیراوە کەچی ئەمان هیشتا وەك لەسەدەکانی ناوەراستا بژین وایە ، هیشتا لەسەر ( تاریکی ) بیرو باوەری رزیوی کون‌وەلامی هەرپرسیاری ئەدەنەوە کە بە دلیانا بیت ، وە لەسەر پەیرەوی عورف‌و عادەتی سەدەها سال لەمەوبەر کاروباری شوکردن‌و هەلسان‌و دانیشتن‌یان ئەبەن‌بەریوە ، بەدوعاو نوشتەو کتیب گرتنەوەو داوو دەرمانی پیرەژنی ( بەتەجروبەی جیهان دیدە ) تیماری نەخوشیان ئەکەن . .

ئەمە شیوەیەکی بچکولەی ژیانی ئافرەتانی لادی‌یە ، کەچی ئەو خوشکە شاری‌یانەیان کە بویان لواوە بچنە خویندنگا بەرزەکانەوەو ببن بەموستاو تیمارکەر ، ئاسوی بیریان کراوەتەوەو شارەزاری دنیا بوون‌و ئەزانن دەردمان چیەو دەرمانمان کامە ، وەلە پایەی کومەلایەتیشا زور

دورنین لەمان تاهەست بەتالی وسویری ژیانیان نەکەن ، ئامانە هەمو هیزیکی خویان داوەتە لاسایی کردنەوەی ئافرەتانی چینـــە بەرزەکانی ئەمەریکاو ئەوروپا کەبەهیچ پەیوندی‌یەك نابەسترینەوە بەژیانی ئافرەتانی چینە خواروەکانی ولاتی خویانەوە ، ئەمانیش دەق بوون بەنمونەیەکی ئەوان وە هیچ جورە پەبوەندی‌یەکیان نیە بە ئافرەتانی لادیو هەژارە شاری‌یەکانەوە .

برینی بەرگ بەپی‌ی تازەترین مودیلیکی پیشانگاکانی روژاوا ، قژریکخستن لەسەر جوان ترین شیوەیەکی لە خوارەوەهاتو ، گەران بەدوای تازەترین چـــەشنی کریم و داودەرمـــانی خورازاندنـــەوەدا ، بەرپاکردنی ئاهەنگی قەبولی بەقسەی پروپوچ براوەسەر ، ئەمە هەمو ئیشیکی کاتی بی‌ئیشی‌یانە ، ئەمە ئەو بەرهـــەمەیە کەنەتەوەی کورد چاوەروانی ئـــەکرد لی‌یانە وە بوکوردەواری‌و بو ئافرەتـــە داماوەکانی کوردستان ، بەلام خەریك‌بون بە خویندنەوەی دوکتیبەوە ، نوسینی نامیلکەیەك لەباسی یەکی لە دەها گیرو گرفتی ژیانی ئافرەتان ، بەشداری کردن لە چارەکردنی دەردیکمانا ، رون کرونە وەی ریگایەکی ژیانمان ، ناردنی وتاریك بو ئەم سی‌چوار گوڤارو روژنامانەی کە هەمانەو سنگیان کەدوەتەوە بو هەمو نوسینیکی بەکەلك ، ئەمە هیچی بە بیری کەسیانا نایەت ، لەوەش بەولاوە ئەگەر بیتو یەکیکیان بگویزریتەوە بو ناحیەیەك یا دی‌یەك کە قوتابخانـــە یادەرمانخانەیەکی تیابی لـــەجیاتی ئەوەی پی‌ی خوش‌بی و بە هەلی بزانی بو خزمەت کردنی خوشك‌و دایکە لادیی‌یە چارە رەشە دواکەوتوەکانی ، ئەکەویتە هەول‌و پەلاتیقەو هەزار دەرگا

ئەکوتیتەوە و دەس بەپشتینی هــەزار کەشا ئەکات بوئەوەی لــەوی نەهیلری‌و بگویزریتەوە بو شار ، تا دوربی لە مارو مەگەزو بون‌و بەرامەی لادی‌و سەگ‌وەری .

ئەی خوشکە خویندەوارە بەریزەکانم :

ئیوە کە هەلگری مەشخەلی بیری روناك‌و خویندەوارین ، ئیوە کەئەبی پیش رەوو رون کەرەوەی ریگای ئەم هەزاران خوشك‌و کچ‌و دایکەوتوانەتان بن ، ئیوە کەئەبی هەلگیرسینی چرای خەباتی کومەلانی ئافرەتان بن ، چ سودیکتان ، لە هــەستان بەئیشە رەسمی‌یەکەتان بەولاوە — ئەویش خوتان‌و خواتان ئەزانن چون پی‌ی هەل‌ئەستن — بەئافرەتان گەیاندوە ؟ پیشانم دەن چ یادگاریکتان لە پاش خوتان لە نەتەوەکەتانا بەجی هیشتوە؟ کوا نامیلکەیەکی لەچاپدراوتان ؟ کوا دو وتارتان لەگوڤارو روژنامەکانا ، کوا پولیك لەسەر ئەرکی شانی خوتان کرد بیتتانەوە بو فیرە خویندەواری کردنی ئافرەتە نەخویندەوارەکانی گەرەکە کانتان ؟ من‌بزانم ئــەو دو سی خوشکەی کە جاروبار لەگوڤارو روژنامەکانا ئەنوسن هیجیان لەوانە نین شەهادەیەکی بەرزیان بەدەستەوەبی — قسەم لە خوشکە نەسرین فەخری نیە — بەلکو هەمومان خویندەواری پلەی خوارووین ، تەنها هەست کردنمان بەئەرکی سەرشانمان پالمان پیوەئەنی بو نوسین . کەواتە با ئەم حالە بەس‌بی ، ئیوە توانایەکی زانیاری باشتان هەیە ، بەدەها کتیب‌و وتارو باسیش بە عەرەبی‌و بە زوبانە بیگانەکانی تر هەن کە گیروگرفتەکانی ئافرەتان باس ئەکەن ، لەژیانی خوشمان ئاگادارن‌و ئەزانن خوشکەکانمان چون ئەژین لە شارو لادی کانی کوردستانا ، دەسا با کەمتەرخەمی بەس

بی ، قولی لی هەلمالن‌و بینە کایەوەو بەشداریەك بکەن هەریەکە بەپی‌ی تواناتان ، لەپیش‌خستنی کاروانی ئافرەتانا بو پیشەوە ، مەشخەلی دەسیان بن ، مومی سوتاوی ریگـا رون‌کەرەوەیان بن ، چاو بکـەن لە دەسـە خوشکەکانی سودان‌و ئەندەنوسیاو تونس‌و جـەزایرو مـەراکشمان ، بکەونە پەیجور بو دەس خستنی هەمو جورە سەرچاوەیەکی زانیاری سەبارەت بە ژیانی ئافرەتانی ولاتان ، چون بوی چون‌و پیشکەوتن ؟ بتوانین ئیمەش بو ئافرەتانی ولاتەکەی خومان سودی لی وەربگرین‌و دەردمان بدوزینەوە و دەرمانی بوپەیدا بکەین . با هیچ‌نەبی سالی چوارپینج نوسراوی ئیوەش بکەویتە بازارەوە ، باهەر روژنامەیەك و هەرگوڤاریك جاری وتاریکی یەکیکتانی تیابی ، با چوار پول بکەنەوە بو فیرە خویندەواری کردنی ئافرەتانی نەخویندەوار . کە نیرانە ناحیە یان دی‌یەك سلی لی مەکەنەوە و سالیك مەینەتی لادی قوبول بکـەن‌و خزمەتیکی خوشکە لادی‌یەکانمان بکەن .

من بیرخستنەوەم بەباش زانی بویە ئەم چەند دیرەم بونوسین ئەی خوشکە بەریزەکانم ، جا ئەگەر کەمی توند بوبم لە نوسینەکەما لیم ببورن .

خوشکەکان ! وا من‌و هەمو ئافرەتیکی تری دلسوز چاوەروانی هەول‌دانتانین لەم بابەتەوە ، سابزانین چی ئەکەن ؟!.

# فرمیسك

سلیمانی : محمد رسول

ئەی دل بناله وەك هەوری بەهار — دیدەتوش فرمیسك بەخوررببینەخوار
دلوپی زلی ســویرو پر خوینــاو — هەلریژە خواری بەلیزمەو بەتاو
با بەسەر پیستی چرچی روومەتا — بەدەوری لیوی ووشكو لەت لەتا
برژینــە خواری جوگا ببەستی — تادوا دلوپی مــابی نەوەســتی
هــەر دلوپیكی كە دیتــە خواری — روو بكاتە لای خانەی هەژاری
هــەر دلوپیــكی بو دەردەداری — بو بی ئومیــدی لــەژین بیزاری
دلوپی بولای یــەكیكی هـــەتیو — بەچاوان باوكو دایكی خو نەدیو
دلوپی بو لای ژنیــكی بی پیــاو — هەشت نو كوروكچ بەسەرا جیماو
دلوپی بو لای جووتی كوست كەوتو — باوكو دایكیــكی تاقانــە مردوو
دلــوپی بولای پیریــكی كومــاو — چاو كزوسەقەت برسیو لیقەوماو
دلوپی بولای بەدیل گیراوی — لەژنو مالو منــال دوور خراوی
دلوپی بولای یەكیــكی نــەخوش — كــەوا لەجیدا كــەوتبی بیهوش
بیكەس بیهاودەم بیچار بیدەرمان — كفتو كــەساسو بی ئارامی ژان
كام دلوپیش زور بەخوین گولگون بی — با ئەویش بەشی ناو دلی من بی
كەدوا دلوپی فرمیسك هاتە خوار — ئەوسایە رەحەت ئەبم بەیەكجار

# ژان دارك

## برنا ردشو

**لەگوڤاری ( الاديب ) وە وەرگیراوە**

**سليماني: ا ٠ غ**

( ئەم پارچەیە لە گفتوگوی موحاکەمەکەی « ژان‌دارك »ەوە وەرگیراوە )

**سەروکی قەشەکان :**

تو هەر بەتەنهایی ئەمری ، چونکــە دلنیای لــە خوبایی‌ونەزانیو سەرسەختیو بی‌دینیت . وە لەژیر پەردەی « بروا بەخوا »دا هــەمو تاوانیکت شاردوتەوە . وا ئەزانی کاتیك لەم دەرگایانەوە روو ئەکەیتە ئاسمان ، گەل دین بەپیرتەوەو دەستو پیت ماچ ئەکــەن و منالەکانیانو نەخوشەکانیان ئەخەنە بەردەستت تا چاکیان بکەیتەوە . ئەو داماوانە ، هەمو شتیك ئەکەن ، تا بەتەواوی لەخوت بایی ئەکەنو شیت‌گیری باوەریکی کویرانەت ئەکەن کە بەرەو نەمان ئەتبات . بەلام لەگەل ئەمەشا هــەر تەنها ئەمینیتەوەو کەسیان ناتوانن دەستی رزگاریت بو دریژبکەن . بەلام ئیمە ، تەنها ئیمە ، ئەتوانین رزگارت بکەین لەو مەنجەنیقەی کــە دوژمنەکانمان ئەو ئافرەتە کویرەوەرەی تیا سوتان لە پاریسدا .

**ژان دارك : ( چاوی بریوەتە ئاسمان ) :**

هاوریی وام هــەیە ئاموژگاریەکــانیان گــەلی باشــترو چاکترە لەهینەکانی تو .

**سەروکی قەشەکان :**

وادیارە ، دووبارە بەخورایی دلیکی رەقی وەك بەرد ئەدوینم وە پاراستنی ئیمەت ناویو بەتەواوی ئەتەوی بمانکەیت بە دوژمنی خوتە - کەوابو پاریزگاری خوت پیشکەش بکە .

ئەگەر سەریش نەکەوتی یەزدان بەزەیی بەگیانتا بیتەوە .

**دنوا ـ یەکیك لەحاکمە قەشەکان ـ :**

ئەمەیە راستی ئەی « ژان » باش دلی بدەری .

**ژان دارك :**

جیگاتان کوی ئەبیت ئەگەر گویم دایە ئەم چەشنە راستیانە ؟ هیچ پارمەتیەکو هیچ ئاموژگاریەکتانم ناوی .. بەلی من تەنهام لەسەر ئەم زەمینەو هەرگیز هەر تەنهابوم .

باوکیشم براکانمی راسپاردبو ئەگەر مەررەکانیم بەجیهیشتە لەروبارەکەدا بمخنکینن . لەوکاتەشدا نیشتمانەکەم ـ فەرەنسا ـ بەرەنگاری مردنبو .. با فەرەنسا لەناو بچی خو مەرروماڵاتەکەمان سەلامەتە ..!!

وام ئەزانی فەرەنسا پشتیوانی هەیە لەکوشکی پاشادا ، کەچی هەر گورگیبرسیم ئەدی شەرریانە لەسەر پارچەی لەشی ئەنجنراوی .

وام ئەزانی لەهەمو شوینی خواناس هەیە ، چونکە خوا پاریدەدەری هەمومانە . وە بەنیەتی پاکی خومەوە وام ئەزانی ئیوە ئەبنە قەلا و سوپەری سەختو ئەم پاریزن .. ئیوەی کە ئیستا ئەتانەوی لەناوم بەرن ... بەلام ئیستا ژیر ترو ئاقلترم وە گومانی‌نیە مروڤ زەرەرناکا

گەر ژێر ترو داناتر بو . واش ـ مەزانن ، ئیوە ، ئەتوانن بمترسینن بەوەی کە تەنهام .

فەرەنسا تەنهایە ، یەزدانیش تەنهایە ... ئیتر تەنهای من ئەبی چی‌بی بەرامبەر بەتەنهایی نیشتمانەکەمو یەزدان ؟ من وائەزانم کە تەنهایی یەزدان لە هیزیدایەتی ..

کەوابو ئەنجامی گوی‌گرتنم چی ئەبی بو ئاموژگاریە نزمـەکانتان کەمایەی حەسودیو ناپاکیە .

باش بزانن کە تەنهاییم مایەی هیزو توانامە .. چاکترە بومن تەنهابم لەگەل خوای خوما چونکە پشیتوانیو ئاموژکاریو خوشەویستی ئـەو ئەم پاریزی وە بەو هیزە هەرگیز نەبەردانە بەرەنگاری مردن ئەبم .

ئیستا روو ئەکەمە گەل ، رووئەکەمە خەلق ... خەلقی سادە وەوائەکەم ئەو خوشەویستیەی کـە لە چاویانا هـەل ئەقولی دەرونم بشوائەوە لەو قینەی کە لەچاوتانایە .

بی گومان دلخسوش ئەبن کاتی تەماشای سوتاندم ئەکەن .. بەلام چاك بزانن ئەو دەمەی بەناو ئاگرەکەدا ئەروم ئەچمە دلو دەرونی گەلەوە تا . دنیا دنیابی .

بەم جورە یەزدان پشیتوانم بیت .

**سليماني : ١ . غ**

بوشانو

وەرگیراوە

# چیرۆکیکی کورت

پیاویکی فەرەنسی چل سالان دانیشتوە ، ریشە فەرەنسیەکەی هەرواز لیٔ‌نەهیناوە ... ئەم پیاوە دانیشتوە خوانیکی لەبەر دەمدایە نان ئەخوات ... کارەکەرە نەشمیلانەکەی بە خوبادان دیتە ژورەوە ، پەرداخیك خواردنەوەی تر لەسەر خوانەکە دائەنی ... کابراش توند باوەشی پیائەکات‌و ماچیکی گەرمی دورو دریژی ئەکات... لەم کاتەدا کوری کابرا دیتە ژورەوە کە لەتەمەنی ( ٢٠ ) سالاندا ئەبیت ... کورەکە کە بەسەردا دیت خوی وا نیشان ئەدات کەچاوی لەم کەین‌و بەینە نەبوە ... باوکە ... دەست لەکەمەری کارەکەرەکە بەر ئەدات وەبەشینەیی لەولاوە دائەنیشیت . انجا کورەکە هەروەك هیشتا باوکی نەدیبیت ، وەنەزانیت کەلە ژورەوەیە ، کارەکەرەکە ئەگریتە باوەشی‌و ئەمیش ماچیکی دورو دریژی ئەکات .. ئنجا لەپرر واخوی نیشان ئەدات کەگوایە تازە باوکی دیوە ... کورەکە دائەنیشیت‌و ئەلیت : بابە ئەمەویت ژن بینم ... ( لەم‌کاتەدا کارە کەرەکە ئەچیتە دەرەوە ) .

باوك : کی دینیت کورم ؟

کورر : کارەکەرەکەمان ....

باوك : من رازی نابم .

کورر : بوچی ؟
باوك : چونکه ، کوررەشیرینەکەم ، کاتی کەلە تەمەنی تودا بوم ، زور سەرە روو چاو باشقال بوم ... لەگەل ژنیکدا ریك کەوتم وەکچیکی لیم بوە کەکچەکەشی ئەم کارەکەرەی خومانە ... یەعنی کەواتە خوشکی تویە ... ئنجا چون برا خوشك مارە ئەکات ؟...
کورر : دایکم بەمەی زانیوە ؟
باوك : دایکت ژنی چاکە ... گوی ناداتی ...
لەم‌کاتەدا دایکی کوررەکە دیتە ژورەوە .
کورر : دایە قسەیەکی سەیرت بو بکەم ...
دایك : چیە ؟
کورر : باوکم کەلەتەمەنی مندابو ، زور چاو باشقال‌و سەرەرو بوە ...
دایك : ( قسە بەکوررەکەی ئەبرریت ) ئەزانم ئەزانم .
کورر : منیش ئەمەویت ئیستە ژن بینم .
دایك : کی ؟
کورر : ( بتنا )ی کارەکەرمان .
دایك : زور بەجی‌یە .. چونکە ئەوکچە شارەزامانە ، وەلەگەلمانا ریك ئەکەویت ...
کورر : بەلام باوکم رازی نیە ...
دایك : بوچی ؟
کورر : ئەلی گوایا کچی‌ئەوە ...! ئەی من نەموت باوکم ئەلی بەگەنجی سەرەرو بومو ... مەرامم آئەمە بو ...
دایك : ئنجا ئەگەرچی کچی ئەویش بیت قەی‌چی‌ئەکات ؟
باوك : توراوەستە ... تو ( رو ئەکاتە ژنەکە ) هەقی مەسەلەکەت نەبیت .
دایك : بوچی ؟ من ئەلیم کچی توش بیت هەرپی‌ی ئەشیت ...
کورر : چون ؟ چون خوشك بەبرا ئەشیت ؟
دایك : ئەوە کچی ئەویش بیت خوشکی تونیە ، چونکە تولەم پیاوە نیت ..!

**کامەران**

چیروك :

# كى تاوانه باره

**نوسینی : میم**

نزیكەی ( ٣ ) مانگی بەسەر گورانی « ستسكالا »دا تەپەری بو لەقوتابخانەی « زانیاری »یەوە بو قوتابخانەی «سەركەوتنی لی‌قەوماوان» كە ئاوبەناو هەستی بە سوكە سەریەشەیە ئەكرد . قوتابخانەی « سەركەوتن » قوتابخانەیەكی تایبەتی بو بو ئەو منالە لی‌قەوماوو هەژاروبی‌كەسانەی ، كە « پلاری ری‌كەوت » لە گلوگوی خستبون . بو كاربەدەستانیش رون بوبوەوە كە « ستسكالا » تا چ رادەیەك فیركەریكی « معلمەیەكی » دلسوزو ، راستگو و ، گیان بەخشە لە پیناوی یارمەتی لی‌قەوماوانو ، بی كەسانا ! وچەند گیانی خو بەختكردنی ! لەپی‌ناوی ئاموژگاری‌و ، رەوشتیی‌و ، زانیاری‌و ، تەندروستی‌دا لا ئاسانە ! ، بویە وا بەپەروشەوە فەرمانی گورین یان دەركرد . ئەوەبو ئیتر هەر لەوروژەوە فەرمانی ئەم گورانەی وەرگرت ، چاكی مەردانەی بی‌وچانی خزمەتی هەل كردو ، روژبە روژ شەوقی خزمەتی زیاتر ئەبو ، بی ئەوەی زور گوی بداتە توزە سەریەشەكەی ، هەرچەند بیری لەم كورپە ناسكو ، نازدارە بی‌نازكەوتوتە ئەكردەوە كەوا ! « پلاری ری‌كەوت » بی‌نازو ، بی كەسو هەژاری خستون . سەریەشەكەی زیاتر زەیفی لی ئەسەند . بەم جورە چەند شەویكی بەم زوخاوەوە روژكردەوەو چەند روژی‌كی

بەخزمەتی بیووچان نا بەدەم شەوەوە ، تاوای لیهات لەتاو سەریەشە ئارامو توانای لەبەربراو ، نەیتووانی دان بەخویا بگریت ، برریاری دا خوی پیشانی پزیشکیکی ووریا بدات .

وەنەبی دکتور « کامرانیش » دکتوریکی ووریانەبوبی ! هەمو روژی سعات ( ٥ر٤ ) چوارونیوی ئیوارە جیی چاوپیکەوتنەکەی « عیادە »کەی ئەکردەوە ، دکتوریکی زور خزمەت گوزارو ، دلسوزو ، پاکو ، خاوەن بەلین بو ! چەند لەکاتی پاشنیوەرواتی مالەوەی دا سەیری دلسوزانەی نەخوشەکانی ئەکرد ، هەزار ئەوندە لەکاتی پیشنیوەرویانا لە «بیمارخانە» خزمەتی بی بیزاربونی ئەکردن !! بویە هەرچی ئەهاتە دەرەوە لای بەژنو پیاوەوە بەگەورەو بچوکەوە بو کامرانیو ، سەربەرزی دەمبەنزا بون بوی .

سکالا ، هەمو کارو باریکی قوتابیەکانی جیبەجی کرد ئەنجا لەسعات پینجی ( ٥ )ی پاش نیوەرودا بەرەو عیادەکەی دکتور کامەران روی کرد ، هیشتا ماوەیەکی کەمی بریبو ، تەماشای کرد پیاویکی دریژی سمیل قیتی چوغەو رانك لەبەر ، بەرەو دوا دوای کەوتووە ، دەمی پیشی ئەکەویو دەمی دوای ، تاگەیشتە جیگای سەیرکردنەکەی دکتور « کامەران » سکالا بە پەریشانچو ، بوی دەرکەوت کە دەمو چاوی بەلگەی پیاوخراپی پیشان ئەدا ، بویە ەهیچ جوری وەلامی نەئەدایەوەو خوی نەئەکرد بەخاوەنی ! سکالا خوی کرد بەعیادەکەی دکتوراو ئەویش بەدوایا ، وا دیاربو جگە لەوەی کە بو خوپیشاننانی دکتور هاتبو ، شتیکی کەشی لەخەیالا هەبو !..

سکالا پسولەیەکی خوپیشان‌نانی وەرگرت‌و چوە ژورەجیاوازەکەی ژناتەوە دانیشت‌و کـەوتە سی‌و ، دوو زور دلی لـەم کابرا چاوبزە ، بی‌ئابروە پیس‌کردو هەتا بیری لەرەفتاری ئەکردەوە ، تنوك تنوك لەداخا بەناخی زەویدا ئەچوە خوارەوەو ئازاری سەریەشەکەی پترتر ئەبو ، تا سەرە هاتە سەری وەختەبو میشکی بتەقی‌و هلربی ، تاوی لەتاو ئیشوو ئازارو ، دەمیکش لەتاو جرتوفرتو چاوبررکی‌ی ریگای ئەو چاوبزە ، سکالا سەرە هاتە سەری ! زور بەپەشوکاوی یەوە چوە ژورەوە لای دکتور ، هەر لەچونەژورەوەیا دکتور تی‌ی گەیی کەئازاری‌کی بی‌ئەندازەی هەیەو ، بویە بەچاوی‌کی پر بەزی‌یانەوە سەیریکی کردوو ووتی .

ـ فەرمو !! . چی‌تە ؟!!

ـ سەرم یەشی‌و ئازاری‌کی وام هەیە ئارامو ئوقرەم لەبەر براوە !

ـ چەندە هەست بەم سەریەشەو ئازارە ئەکەی ؟!

ـ ماوەیەکە .

ـ باشە ئەی بوچی لەم ماوەیەدا سستیت کردوەو خوتت پیشانی دکتوری نەداوە ؟

ـ بلیم‌چی دکتور لەبەر زوری ئیشو کارم دەستیم نەپەرژاوە !!

ـ نەء !! بەهەلەچویت ! چونکە کاروباری تەندروستی لەهەمو کاروباری پر سامان‌و گرنگ‌ترە ! کاروباری چی تکائەکەم ؟!!

ـ قوربان من راستی « فیرکەری » قوتابخانـەی سەرکـەوتنی بی‌کەسانم ! رەنگـە زوری کارو باری ئـەوکورپە بی کەسو هـەژارو

لی‌قەوماوانە بەرهەلستی هاتن‌می کردبی !. کەوام ووت دکتور .

پڕ بە هەردوو چاوی سەیریکی تری کردم‌و ...

- باشە ! فەرمو - ( پڕبەدل دلسوزانە « سەیری - فحصی » کردم‌و ووتی ) .

- هیچ نیـە ، نەخوشیەکی وانیە زور مـەترسیکی گـەورەی لی‌بکریت ...!

توشی ئاوسانی‌کی کەم‌بویت لە میشکا ئەویش لە ئەنجامی زوری ئەرکو ، کەم نوستنو ، بی حەوانەوەتە ، ئەبی تا ( ٣ ) ئیوارە بەم پی‌یە سەیرت بکەم‌و ئەم حەبو ، دەرمانەش بخو روژی ٣ جار بزانین ... چون ئەبی .

- بەلی ( قەلەمەکەی هەلگرت‌و ، ووتی فەرمو دانیشەو پسولەکەی لی وەرگرتم‌و ووتی )

- ناووت چیە !؟ - سکالا محمود

- تەمەنت !؟ - ٢١ سالە

- چەندە شوت‌کردوە !؟! ووتم ... بم‌بەخشە .... شوم نەکردوە ( هەر ئەمەم ووت دکتور کامەران رەنگیکی هیناو رەنگیکی بردو ووتی )

- زور باشە : فەرمو !.

پسولەکەم لی‌وەرگرتو خەری‌کی ئەوەبوم حەقی سەیرکرنەکەی بەمی ، هەلسا .

- ئەوە چی‌یە !!؟ بەشەرەف دراوی تو هەرگیز وەرناگرمو ! چونکە

ئەو خزمەتە پیروزە بەرزەی تو !! ئەمەی زور بو کەمــەو راستی وام پیخوشە دەرمانەکانیش من بوت‌بکرم ... و .. بەلام .

ــ فسەکەم پی‌بریو زور زورم سپاسی هەستی بەرزی کرد .

ــ خوات لەگەل ــ خوات لەگەل سپاست ئەکەم .

هەر ویستم بروەمە دەری‌و لــەپر سمیل قیت خوی دا بەلاماو بولەیەکی لیوە هاتو چوە ژورەوەوە من رویشتم .

* * *

ــ مەرحبا دکتور !

ــ مەرحبا ، کاکە !! ماوەیەکی کەم مولەتم بدە با پشویە بدەم !

ــ بەلی ، بەلی باشە دکتور .

ــ ئەنجا دکتور جگەرەیەکی داگیرسان‌و کەوتە دەریای خەیالەوە ...

بری لە سکالاو لە خزمەتی بەرزو پیروزی ، بری لەنەخوشیەکەیو بوچی وای لی هاتوە ؟! بریکی‌تر لەو بالابەرزە عەرعەریەو ، ئەو چاوە گەلاویژیە . یەزدان کردەی بیری کردەوە . لەپر : بی‌پەروا : دەفترەبچکولە بەرباخەلیەکەی دەرهیناو .... نوسی :

۱۹۵۳/۱۱/۲۹ م .

ناوی : سکالایە .. سکالا محمود .

تەمەنی : ۲۱ سالە .

فیرکەرە لەقوتابخانەی سەرکەوتنی بی‌کەسان ... دووبارە نوسی :

« خوزگــە لەهانینی ئــەم شوخــە خو بەخت‌کەرە دل‌پاکــە ! سەربکەوتمایە !! »

پاشان دەفتەرەکەی هەڵگرتو هاتەوە هوشی‌خوی‌و ووتی :

ــ فەرمو . ( لەزەنگەکەی داو ) دوبارە کابرا چوەوە ژورەوە .

ــ ئازاریکی زور لەپوزو ئەژنوما هەیە ، دکتورگیان .. پەری‌شانم !

ــ چەندە هەست بەم ئازارە ئەکەی ؟ ــ کورم !

ــ ئەنجا ــ چوزانم !!

ــ باشە ناووت چیە ؟!

ــ دلیری دل رەق !

دکتور کامەران زەردەخەنەیە گرتیو ووتی دلیری دل‌رەق !!

ئەمە چون ناوی‌کە ؟ دل‌رەق !! دەی ئەمە ناوتە ؟!

ئەی کارت چیە !؟!

ــ گەورەم ! کارم !؟ .. کارم جادە پیوانە .

ــ جادە پیوان !؟

ــ بەلی !

یعنی لە چ‌دائرەیە موچەخوری میریت !؟ .

ــ قوربان ! « جادە پیوان » ماموری میری نیە ، تا موچەخور بم‌و موچەم هەبی !

ــ ئەی ؟!

هەردوولای سمیلی قیت کردەوەو ووتی :

ــ یعنی بی‌کارم . بی‌کار « بەتالم » دکتور !

ئەویش زور بە سەرسامیەوە ووتی :

ـ بوچی کورم !؟

نەخوێندەواری وا بێکاری ! بێ کار !؟

ـ نەخێر قوربان ، هەتا پولی شەشەمیشم خوێندەوە لەکن خوم !.

ـ بەراستی کورم سەرسامو ، سورماوم !!!

توزاتی یەزدان ئیستاکە رەنگە دەسم نەگات بەلام ! ئەگەر سعات ( ٨ )ی ئەمشەو نەیەی تەوە لام بەدورو درێژی سەرگورشتەی خوتم بو باس کەی !.

باشە ! بەلی باشە بەسەرچاو شەرتبێ بێمەوە !

ـ ئەوساش وردتر سەیرێکی ترت ئەکەمەوە !.

ـ دەی جاری بەدوعا .

ـ خوات لەگەل « جادە پیوەر » هەی کلولی بەد بەخت !!.

دلێر لەعیادەکەی دکتور کامەران چوە دەرەوەنەچو لوتی تەقی بە لوتی فراشەکەی دکتورا کە ناسیاویان بو لەزوەوە ! :

ـ ئەری راستگو ، راستگو !!

ـ بەلێ : ئەلێی چی !؟!

ـ دەی توخوا وەرە تا دەرەوە پرسیارێکی بچکولە هەیە لێتی ئەکەم و بەس !

ـ باشە ، فەرمو !!

ـ راستگو تو زاتیخوا تو سەری دکتور کامەران ! بەلام راست !!

ئەوە ئەو ئافرەتی پێش پێی من هاتە ژورەوەو خێرا بەپیری‌یەوە

چویتو بسولەکەت بوبردە ژورەوە . . کیە !؟!

- بوچی ! دلیر ؟! ئیشت پی‌یەتی !؟ - نەبەخوا - ئەی !!؟

- هەر حەزئەکەم بزانم ! کیە !؟ چ کارەیە !!؟ کچی کیە !!؟

- باوە ! ئەوە :

سکالا خانی محمود ئەفەنی ! کچی گەرەکی خومانە !!

فیرکەری قوتابخانەی سەرکەوتنی لی قەوماوانە ! کچیکی زور باشە !!

- ئی ؟!!!

- ئی ، ئی‌و تەواو ! .

- نەری راستگو گیان دەتو تورە مەبە !!

ووتت کچە ؟! - بەلی ، بەلی کچە !.

بو هەتیو « نبازت نیە مارەی کەی » !؟ « داماوی کلول » ؟

- نەء لەسەری مەروو با لەبەینی خومانا بی ئەم قسەیە تکائەکەم !.

خوات لەگەل راستگو جاری .

- خوات لەگەل باوە !.

* * *

هەچ چونی بو دلیر تا دەورو پشتی سعات ( ٨ )ی رابوارد لە چاخانەو گەرانی سەر جادە ! لەسعات ( ٨ )ی تەواوا لەدەرگاری ژوری دکتوری دا .

- فەرمو ! اهلا ! هاتی‌تەوە !؟! - بەلی .

ئی ! دەی دلیر قسەم بوبکە ! فرسەتە سەرم قال‌نیەو کەسی لی‌نیە ،

ئەویش جگەرەیەکی زەلی دەرهیناو دای گیرسانو ووتی :

ــ تا پولی سی‌یەم خویندم بی‌ئەوەی باوکم و دایکم ری‌ی ئەوە بدەن لە هیچم کەم بی‌و ، هەست بەهیچ کەمو کوری‌و ناتەواویە بکەم . بەلام . .

دایکم ! دایکم توشی گرانەتی یە بو هەر چوار روژی پیوە بو مرد .

باوکم ! باوکیشم لەبەر بی خزمەتی ناچار بوبیوەژنیکی تەرپیری ، دەم دریژی ، زورزانی ، دەس‌پیسی ( دز )ی مارەکرد کە هەر روژە ناروژی لەسەر چونە قوتابخانەی من شەریکیان ئەبو . . . مژیکی دریژی لە جگەرە زەلەکەی دایەوە . . بەلام باوکم گوی‌ی نەئەدایە باوەژنم‌و ، هەمو بەیان‌یانی تا ناوقوتابخانەکەی ئەبردم‌و ، هەمو شەویکیش پاش نوسینو ، خویندنەوەی دەرسو دەورەکانم نزیکەی نیو سەعاتی ئاموژگاری ئەکردم کە « چاکە بکەم بە پیشەو خوم لەخراپە لادەمو پشتی تی کەم » بەلام داخی بەجەرگم ! چەند باوکم ئاموژگاری چاکەی ئەکردم « باوەژنم » هەزار ئەوندەی ئەو ئاموژگاری خراپەی ئەکردم‌و هانی ئەدام کە نەچمە قوتابخانە چونکە جی‌ی کافرو خوانەناسانە !!.

ئا لەتوانایابو ئاموژگاری شەری کردم ، تا زەفەری پی‌بردم .

ــ ئەری باوکت دووکانی چی هەیە !؟

ــ دوکانی عەتاری هەبو !! قوربان .

بەم جورە هەمو روژی بی ئەوەی بیەلی باوکم پی‌بزانی ــ لە جگەرە زەلەکەی خوی قولسیکی ئەدامی . . تا فیری جگەرەکیشانی کردم . . .

هەر روژە ناروژەشی پارچە حاجەتی یان شتیکی ناو مالەکەی

باوکمی ئەدامی کە بیفروشم و پیی بچم بو سواری « پایسکل »و یابو یاری یانصیبی کولانان تا فیری دزیو ، دروزنی کردم ، بەوەش هیشتا رازی نەبو کردمی بە هاوریی چەند کەسیکی بەدخوی عارەق خوری قومارکەر ! هەر لەم کاتەدا بو کە لەسەریەك ( ۲ ) سال لە پولی شەشا مامەوەو تەمەنم گەورە بوبو !! هەمو روژە ناروژیکش بەری وە بەری « قوتابخانە کەمان » بە نامەی تایبەتی باوکمیان ئاگادار ئەکرد کە چەند دەوامی قوتابخانەم ناریکو پیکەو چەند تەمەلم لە دەرسو دەورا .

ئیتر وام لی هات قەی باوکم لام بیسوودبو ، ئەوندە زوخاوی منی نوشیو لیکی دایەوە تا ئەویش توخوش گەورەم !!.

— مردنی باوکمو وازلیهینانی قوبخانەی من یەکیبو ئیستاش ئەمە شەش یا حەوت سالە هەر وا بەم جادە پیوانتو خواردنەوەو یاری کردنەوە کومەلیکین رائەبویرین لەم چاخانانەی قەراخ شارا مالیان ئاوابی ! « هەندی هەن پەکمان ناخەن » !! دکتور کامەران زور بە وردی گویی لە سەر رابوردوی ژیانی گرتبو لەپر هەلساو ووتی :—

بەسە ، بەسە ! بەراستی زور کلول بوی .

— ئادەی بزانم ئەژنوو پوزت با سەیریکی تری بکەمەوە .

کورم !! توشی باداری « روماتیزمی » ئەژنوو پوز بویت ، تاسی ئیوارە وەرە بەشکو چارەسەریکت بکەم — بەلام بە شەرتی .. پاش چارەسەری نەخوشیەکەت هەولی ئەوەت بوبدەم کە لە « بیمارخانە » کاریکت بو بدوزمەوەو بەلینی گورینی ژیانی خوتم بدەیتی بەشکو بی بە

« لاویکی بەکەلك ! » جوری ژیانت بگوری !.

ـ باشە !!؟

ـ بەلی ! ـ بەلام با هاوری کانیشم بەسەر بکەمەوەو بزانم ...!

ـ ئەی توخوا ! دلیر باوەژنت پاش مردنی باوکت چی لیبەسەر هات ؟

ـ حەو بی قەزابی هەر حەیای هەلهاتو هەل نەهات شویەکی تری دوزیەوە !. ئیتر پسولەکەی دایە دەست دکتور کامەرانو ئەویش دەرمانەکانی بو نوسیو دەستی برد !.

۲ دینـاری دایەو پارەی سەیر کردنەکەشی لی وەرنەگرتەو ووتی :

ـ دە برو کورم !

ـ هەرشانی دوودنیارەی دی لەخوشیانا هەمو شتیکی لەبیر چوەوە تا ئەوەشی لەبیر چو سپاسیکی دکتور کامەران بکاو ...

خیرا روی قاپی عارەقی سەر بەمورو ، هەندی مەزەو ، کاغزو زەرفیکی کریو روەو چاخانەکەی « عارفەگیری » ئاشنای کەوتە ری .

ئەو شەوش خوراوەو یاری کرا تا دەمە دەمی بیانی هەر کەسە لەسەر تەختی لالو پال لیی کەوتنو ئاگایان لەخویان نەما ، کاتی دلیر راپەری لەتاو ئیشو ئازاری پوزیو ، لەتاو چاوی گەلاویژی گەشی سکالا

خەریکبو هوشیو ئارامی لەبەر ئەبرا ، بەینی پوزی راژەندو نالانی تا توزی ئازارەکەی ... بیری ... کەوتەوە کە لەدلی خویا بریاری نوسینی کاغەزیکی ... سکالا «

- ١٩٥٣/١١/٣٠ گەرەكی ویرانە .

چاخانەی عارفەگیر . دلیری دل رەق .

روحکەم ! گیانکەم !! سکالاخان .

ئەزانی کە ؟ لە دوینی ئیوارەوە کـە لەریگای عیادەکەی دکتور کامەران توم دی وە بەتیری چاوە گەلاویژەکانت پیکینراوم و تامزروی ئەو کاتەم کە یەزدان پارەیەکی مشەو مفتم بو بنیری بتهینم !؟.

خوشەویستت

(( دلیر ))

لەسەر زەرفەکەشی نوسی -

(( قوتابخانەی سەرکەوتنی لیقەوماوان و هەژاران )) .

رووناکی هەردوو چاوم - ست سکالا .

تکایە بەگورجی وەلام .

١٩٥٧/١١/٣٠

گەرەکی ویرانە - چاخانەی عازفەگیر

دلیری دل رەق

- لە نوسینی وەوە تەکانی دایە خوی و بەرەو قوتابخانەکەی سکالا رووی کردو بەیەکی لەقوتابیەکانی ووت :

- ئادەی بەرخم (( ست سکالا )) بانگ کە بلی (( نامەیەکت هەیە )) لەدەرەوە !

- هات بەلام چی هات !؟ هەر چاوی بەچاوە بزەکانی کەوت خیرا

ریگای دوینی ئیوارەی عیادەکـەی دکتوری بیرکەوتەوە ، هـەناسـەی سواربو ، تف لە قورگیا وشك بو ، رەنگی زەرد هەلگەراو ووتی :

– بە ... بە ... بەلی ئەویش .

– بی شـەرمانە ووتی .. گیانەکەم ئەم نامەیە بو تویە ! فەرمو .

– سەعات چواری ئەم پاش نیوەرویەش یەمەوە بو وەلامەکەی !!.

– رەنگیکی هیناو رەنگیکی بردو زور بەشلەژاوی پاشـەو پاش گەرایەوە ژورەکەی خوی ...


بە لەرزە لەرز هەچ چونی بو سەری زەرفەکەی خویتەوە بەلام چی ! هەمو گیانی وەك بینی ئاو ئەلەرزی هەمو ئازای نیشتە سەر ئاو ، هەچ چونی بو نامەکەی ناویشی دەرهیناو بەلەرزە لەرز خویندیەوە ، لەخویندنەوەی و بوەوەو نەبوبوەوە لەپەورو کەوتو لەهوش خوی چو کاتی هاتەوە هوش خوی لەتاو سەریەشە خەریك بو هەردوو چاوی دەرئەپەری ، هەر لەسەر ئەو رقو ئازارەو قینە لـەسەر ئەو دیوی زەرفەکەی بەخطی خوینوسی :

ئەی دلرەقی چەبخونی بیهەست .

گەری وەکو تو چیە ! تا من حەزت لیبکەمو !! شوت پی بکەم !؟

ئەمەی بو نوسی . هـەرچەندە بەلاشیەوە زور ناخوش بو کە نوسینی خوی تیکەل بەنوسینی هـەتیوە پیسیکی وا بکات ، بـەلام ناچاربو ئەگینا لەداخا شەقی ئەبرد .. کاغزەکـەی خستە ناو جانتا دەستیەکەیەوەو خوی بەکارو باری قوتابخانەو کورپە کانیەوە خەریك

ماویتی



# هونەری جوان

**هونەر چیە ؟.. چلینکا کێیە ؟..**
**بەدوای نواندنەکەی مەموزیندا ..**
**ئاهەنگەکەی تیپی مـەولەوی ـ**
**لـەسلیمانی لـەم مانگـەدا ...**

## هونـەر چیـە ؟

ئەگەر زور بەچاکی وردببینەوە لەواتەی هونەرو بزانین چیە بومان ئاشکرا ئەبیت کەوا هەزارەها سالە ، بەلکو ئەوەتی ئادەمیزاد لەسـەر رووی زەوی چاوی کردوتەوە ، هونەریشی هەیە ، لەو روژەی کە سەری هیناوەتە دەر هونەریشی لەگەلدابوە ، واتە بەشیکە لە بەشەکانی هەستی مروڤ هەرگیزاو هەرگیز لیی جیا نابیتەوە تامردن ، زور جار خاوەنی هونەر ئەمریت بەلام هونەرەکەی هەر ئەمینیت ئەگـەر مەرجی مانی تیابیت هەروەکو ( باو ئاو و خاك ) مەرجی پیگەیاندنو مانی درەختو دارن هەرواش مانەوەی هونەر پیویستی بەچەند مەرجیك هەیە ، ئیمە لیرە نامانەوی لەمەرجەکانی مانەوەی هونەر بدوین بەلکو ئەمانەوی هونەر خوی دەرخەین بو خویندەواران کە چیە ؟ زور بەداخەوە ئەلیم کەزوربەی هەرەزورمان چاومان پوشیوە لـەم بەشە هەستبزوینەرەی مروڤو بەپیویستیکی ژیانی دانانیین ، لەبەر ئەوەی ناتوانم کەبلیم کوردستان

هەر هونەری تیانیە ، چونکە هـــەروەکو وتم هونەر لەگەل ئادەمیزادا پەیدابوە ، بەلام ئەتوانم لیم کـــەوا ولاتەکـــەمان گـــەلیك جیمـــاوە بو بەدیارخستن‌و پەروەردەکردنی .

هونەر خوی لەسی بەش پیك‌هاتوە ، ئیستا یەکەیەکە باسی ئەکەین .

١ ــ هونەری بیستن : واتە بەچاو نابینریت وەکو : موسیقا ، گورانی ، دوان :

٢ ــ هونەری بینراو ( ظاهر ) وەکو : وینە ، نەخشاندن ، هەلکەندن ، پەیکەرتاشین . . . هتد .

٣ ــ نواندن ( تمثیل ) : ئەویش لەبەشی یەکەم‌و دوەم پیك هاتوە . ئەم سی بەشە هونەرە هەریەکە جورە هەستیکی تیدایە بو کامەرانی‌و بەختیاری‌و کلولی‌و سەرگەردانی ئادەمیزاد ، وە یا خود ئەتوانین بەهوی ئەم سی‌بەشە هونەرە هەزار دەردی کومەلایەتی‌و کەم‌و کوری‌و ژیانی خیزانی هەمو گەلیك و شەرو ئاشتی‌و خوشی‌و ناخوشی‌و دلداری‌و شیوەن‌و شایی گەلیك لەگەلانی تر بگەیەنین ، چونکە هونەر زمانیکی جهانیەو کەهـــەمو گەلیك تیی ئەگـــەن ، چونکە هونەر خوی لەکانگای کومەلەوە هەل ئەقولیت‌و سەرئەکا ، وەبەپەتیکی زور تونکرەوە بەستراوە بەهەستی ئەم کومەلە . جا هونەروەر پیویستە ریگایەك بدوزیتەوە کە هاو ولاتیەکانی تیی بگەن بە ( سروشتی ) ئەگەر وانەبیت کارەکەی بەباش ناژمیریت و کەس ئاوری لی‌ناداتەوەو لەخویەوە ئەمریت

گەلیك لەپیتولە ( فیلسوف ) بەرزەکانی هونەر لەسەر هونەری بینراو دواونو ئەتوانین بلین ئەم پیتوالانە بوون بەدوو بەشەوە ، بەشیکیان بەپیچەوانەی بەشەکەی تر باسی هونەری کردوە ، هەندیکیان ئەلین هونەر شیوەیەکی جوانە بەلام بیسودەو بەروبومی گالتەو گەپە لەم چینە ( کانتو شیلی ) کە وتویانە :

هونەروەر نابی هیچجورە هویەکی ( مادی ) کار کاتە سەر هونەرەکەی و ئەبی سەیری جوانیەکەی بکریت .

وە باشترین هونەریان بەوە داوەتە پینوس کە گەمەو گالتەو سەیری عەنتیکە کەیشتبیتە ئەوپەری ، بەلام هونەرمەندەکان خویان ئەم کارە بەشتیکی قوولو بیسنورو پر واتە ئەزانن و کارەکەی خویان بەباشتر ئەزانن لەو سروشتەی کە لەدەوریانە ، هەر لەبەر ئەمەبو زوریان ژیانی پر کامەرانی خویانیان خستە ژیر پیوەو هونەرەکانیان ئەپەرست .

بەلام ئەوانەی بە پیچەوانەی چینی یەکەم لەهونەر دواون وتویانە : « هەر شتیك جوانبیت ئەبی سودیك ببەخشیت ، وە جوانترین کار ئەوەیە کە زورترین سودی لی وەربگیریت » یەکیك لەوانە ( سوکرات ) بوە ، وەپیتولیکی تر وتویەتی : « هونەر بەرو ومی هونەری نیە ، بەلکو هەستیکە کەلەکانگای دلو هەستی ئادەمیزادەوە یە بەتیکەلاوبونی بەسروشت . وەبەرو بومی هونەری ئاوینەیەکە بوهەلگەرانەوەی ئەو هەستو بیرە ، وە باشترین کاری هونەری ئەوەیە کە باشترین وینەی ئەم هەلگەرانەوەیە دەربخات » .

جا کەوابو هونەر بوگالتەوگەپو کات بردنە سەر نیە بەلکو سودیکی، گەورەو بەرز ئەبینی بو روناك کردنەوەی ریگای تاریکی ژیان و پرشنگیکە. لەسەر ئاسوی تاریکی گەلانی دوا کەوتو ، وە هویەکی گرنگە بو رزگارکردنی گەل لەتەنگو چەلەمەو بەرهەلستی ناکوکی پی‌بکری ... وە ریگایەکە لەوریگایانەی کە کومەلە کلولەکەی ئیمەی پی رزگار بکریتو بگاتە ئاواتو ئامانجی خوی .

هەولیر :	(( شاخەوان ))

* * *

## چلینکا

سالو نیوی لەمەوپیش نەتەوەکانی گیتی بیرەوەری سەدەمین سالی مەرگی موسیقاری مەزن ( میخائیل ئیڤانوڤیتش چلینکا ) یان کردەوە .

چلینکا رولیکی گـەورەی یاری‌کرد لەگورینو پیشختنی زانستی نەتەوایەتی روسا ، ئەوبو قوتابخانەی کلاسیکی موسیقای روسی دانا ؛ ئەویشە یەکەمین موسیقاریکی روس کەهەمو گیتی دانی‌بەپایەیا نابی ..

ئەو رولەی کە چلینکا لەموسیقادا یاری کرد وەك ئەوەی پوشکین وابو لەئەدەبا ، هەرچی تەجروبەی پیشینانی بو کوی‌کردەوەو زوبانیکی موسیقایی زیندوی وای داهینا هەتاهـەتایە بمینیتەوە ، وە نەوەکانی پاشـەوەی خیزانی موسیقا چاوی لی‌بکەنو لی‌ی هەلگوزن .

چلینکا لەوەشا لەپوشکین ئەچی کە هونەرەکەی زور لە گەلەوە نزیکە ، راستەو بەرچاورون چلینکا لەسەرەتای حوزەیرانی ١٨٠٤ دا

لەدێی ( نوفوسیسکوی ) لەناوچەی ( سمولنسك ) لەدایك بووە ، و هەرلەوی روژەکانی منالی خوی بردەسەر . لەمنالی‌یا حەزی لەخویندنەوەو وینەگرتن بو ، بەلام کە گەیشتە نو سالان حەزیکی تایبەتی لەموسیقا بو پەیدا و روژیکیان بەماموستاکەی وت ، وەك بلی‌ی رەنگی پاشەروژی خوی بریژی ، وتی : ( راستەکەی موسیقا گیانو ژیانی منە ) .

چلینکا لەگـەل ئەوەشا کـە لە لادی پی‌گەیشتبو ، بەلام زەمانە دەسی‌گرتو کاریکی کرد بتوانی بەهرەی خوی لەموسیقادا پی‌بگەیەنی‌و زیادی‌بکا ، ئەم منالە زورجار لەمالی مامی گویی لەموسیقای سیمفونی ئەگرت ، مامی کابرابیکی دەولەمەندبو ، ئورکەستەرایەکی تایبەتی خوی هەبو . چلینکا هەمیشە گویی شل‌ئەکرد بو گورانی لادیی‌یەکانو زوری حەز لی‌ئەکرد ، بەدریژای ژیانی فریفتەی ئەو گورانی‌یانە بو ، لەیادداشتەکانیا نوسیویە : ( رەنگ‌بی ئەو گورانی‌یانەی بەمنالی گویم‌لی‌بوون ، بوبن بەهوی ئەوە کەگەورەبوم ئەوەندە خوم ماندو بکەم بەگورین‌و پیش‌خستنی موسیقای میللی‌مانەوە ) . پاشان چو بو ( سان‌پـەتروس‌بورگ ) بو خویندن ، لە هەمو دەرزەکانیا لەپیش هەموانەوە بو نەخوازەلا لە موسیقادا لەدوا سالەکانی قوتابخانەیا یەکەمین پەلیکی هاویشت بو دانانی موسیقا .

کە قوتابخانەی تەواوکرد لەیەکی لە دائیرەکانی میری‌یا دامەزرا ، بەلام زوری‌پی‌نەچو حالی‌بو کەئەم بوئەوە نەهاتوەتە دنیاوە موچەخوریکی روت بی ، چونکە هەمو هیزیکی خوی دابوە سەر هونەر ، هەر خەریك‌بو دەرزی پەیرەوی موسیقای ئەخویندو هەر ئاهەنگیکی موسیقاو ئوپیرا

بگیرایە بوی‌ئەچو . زوری‌پی‌نەچو لەناو موسیقارەکانا ناوی‌پەیداکرد و وەك پیانوژەنیکی باش‌ناسراو چەندپارچە موسیقایەگی بەرزی دانا . ئەم موسیقارە گەنجە دوستایەتیشی لەگەل باشترین روشن بیرەکانی ئەو سەردەمەدا دامەزراند ، بو بە ئاشنای ( پوشکین )ی بویژو ( زوکوفسکی ) نوسەر وە لەمەوە تیگەیشتن‌و زانینی پیشترکەوت‌و توانی بەهرەی خوی باشتر پی‌بگەیەنی .

جا چو بو ئیتالیـــاو بـــەناوبانگترین موسیقارەکانی دنیـــای دی‌و دانراوەکانی ناوبانگیان‌پەیدا کرد ، بەناوبانگترین تاقمە موسیقی‌یەکان لی‌یان‌ئەدا ، بەلام لەگەل‌ئەمەشا کە ئەم هەمو سەرکەوتن و دەرکەوتنەی دەسگیربو نیشتمانەکـەی خوی لـەبیر نەچوەوە ، لەیادداشتەکـانی‌دا نوسیبوی : ( حەزم لەگەرانەوەم بو ولاتی خوم پالی پیوەنام بیر لـەوە بکەمەوە بەشیوەی روسی پارچەی تر دانیم ) .

هەرکە لەسالی ١٨٣٤ دا گەرایەوە بو روسیا شانی‌کرد ەدانانی ئوپیرای ( ئیڤان‌سوزانین )دا ئەم کردەوە نمرەی باسی ئازایی جوتیارە ساویلکەکان ئەکا کـەگیانی خویان بەخت‌کرد لـەپیناوی رزگـارکردنی نیشمتانەکەیانا لەشەرەکەی سالی ١٦١٢ دا ، وەکەبویژەکان گورانی‌یان بەقارەمانی یاندا هەلدا ، هەروەك چون شەخسیەتی ئیڤان سوزانین بوبو بە سەرچاوەی ئیلهامیکی تایبەتی بو چلینکا .

چلینکا لەسالی ١٨٣٦ دا لە دانانی بەشی زوری موسیقای ئوپیرا کەی بوەوە ، بیری لەوە ئەکردەوە کەدەری‌بکا ، بەلام کوسپی زوری ئەهاتەری ، پیری ئەرەستوقراتی‌یەکانی سان‌پەتروس‌بورگ خوشیان

لەئیشبیك نەئەهات کەباشەکەی لەناوجەرگەی قارەمانی یەکانی گەلەوە وەرگیرابی ، لەگەل‌ئەوەشا ئەم ئوپیرایە بوی هەل‌کەوت لەکانونی‌یەکەمی ١٨٣٦ دا بیتەدنیاوە ، بەلام پاش‌ئەوەی کەچلینکا ملی‌خەواند بوفەرمانی قەیسەر ( نیقولا )ی یەکەم‌و ناوی ئوپیراکەی گوری ناوی‌نا ( بەقوربانی قەیسەر ) . ئوپیراکە پیشوازی‌یەکی گەرمی لی‌کرا لەلایەن کومەلانی خەلکەوە ، بەلام ئوتوقراتی‌یەکان سارد بون لەگەلی ، گالتەیان پی‌ئەکرد ، ناویان‌نابو ( موسیقای عەرەبانچی‌یەکان ) چلینکایش ئەوەندە وەرامی‌دانەوە وتی : ( جوانە ! من لەوباوەرەدام عەرەبانچی‌یەکان زور زیرەك‌ترو تی‌گەیشتوترن لەئاغاکانیان ) .

بەر لەچلینکا کەس نەی‌توانیبو بەموسیقا وینەیەکی وابەهیزو پاکی تیکوشانی گەل بگری لەپیناوی ئازادی‌و سەربەخویی‌یا . دیمەنە میللی‌یەکانی جوانترین بەشەکانی ئەم ئوپیرایە بون ، چلینکا زور مەبەستی بو خوی باش ماندو کا بەوینەگرتنی شەخسە رەئیسی‌یەکان‌و لیکولینەوە یانەوە ، نەخوازەلا شەخسیەتی ئیڤان‌سوزانین کە نمونەی جوانترین سوروشتەکانی نەتەوەی روس‌بو ، سوروشتی وەك هەستی نەرم‌و خوشەویستی لیشاوکردو و خوبەخت‌کردن لەخوشەویستی نیشتماناو قارەمانی نواندن لەبەرگری‌کردن لی‌یا . موسیقار ( موسورسکی ) وتویە ( سوزانین وە نەبی تەنها جوتیاریکی روتە بوبی ، بەلکو بیرو چیروکیکیش‌بوە ، ئەنجامی پیویستی‌یە کانی زەمانی خوی بوە ، بەلکو رەنگ‌بی پیوستیکی میژوییش بوبی ) .

چلینکا کەوینەی شەخسیەتە نەتەوەییەکانی ئەکیشی ، گەنجینەکانی

هونەری روس ئەخاتە دەرەوە ، وە بەوەندەوە ناوەستی کــە ئاوازە دەماودەم کەوتوە کان بلیتەوەو دوبارەیان بکاتەوە ، بەلکو دی گیانەکەی هەلئەمژیو چی لەبارا هەبی ئەیگوریو پیش ئەخا بەپشتیوانی ئەو شارەزایی‌یە قولەی کە لەکەلەپوری هەمو دنیای موسیقای کلاسیکی‌یا هەیبو ، لەهەمان کاتا هونەری گورانی وتنی روسی گەیاندە پلەیـــەکی بەرزی وا کەقەت پیی نەگەیشتبی . چلینکا زورچاك ئەیزانی کەدەنگی ئادەمی‌زاد چی لــەبارایەو ئەیشی توانی بیگەیەنیتــە ئاسویەکی تازەتر بەریکەوت نەبو کە لەسەردەمی ئەما دوان لەبەناوبانگ‌ترین هونەرمەندەکانی گورانی وتنی روسی هاتنە رو کــە ( ئوسیب‌بتروف )ی گورانی بیژو ( ئەلکەسە ندەرا )ی ژنی بون . ئەمە هەمو لەسایەی سەری ئەوەوە بو .

رەخنەگری بەناوبانگی فەرەنساوی ( هنری میرمیە ) کە گویی لەو ئوپیرایە گرت کاریکی زوی تی‌کرد لەسەری نوسی : ( ئەم ئوپیرایە پوخت کردنیکی وردی هەمو ئەو ئازارو سزایانەیە کەروسیا چەشتویەتی ، گورانی‌یەکانی ئاوینەیەکی بالانمای هەمو ئازارو ئاواتیکیەتی ، ئادەمی‌زاد لەم ئاوازانەدا گویی لە دەنگی روسیا ئەبی کاتیك کەرقی هەستی‌و کاتیك کەخوشەویستی بکا ، کاتیك کە خەفەت باری‌و کاتیك کە دلشاد بی ، کاتیك کەشەوی‌تاریك رەشمالی خوی بەسەرا بداو کاتیك کەشەبەقی روناك تیشکی خوی تیگری ، راستەکــەی ئەم ئوپیرایە گــەورەترین مەلحەمەیەکی نیشتمانی‌یە ) ئاوا هنری مرمیە بومانی دەربری کە چەند باش لەکوروکی ئوپیرای ئیڤان سوزانین گەیشتوە ، ئیستاش ئەم ئوپیرایە نومونە سەرچاوەی ئیلهامە بو هەمو نەوەکانی لەمەوپاشی موسیقا .

لەسەرەتای سالی ١٨٣٧ دا چلینکا دەسی کرد بەدانانی ئوپیرایەکی تر کە ئوپیرای ( رەسلان‌و لودمیلا )یە ، بەلام ئەم ئوپیرایەش کوسپی زوری هاتــە ری‌و لی‌ی تیك چو ، چونکــە ئەرەســتوکراتی یــەکانی سان‌پەتروس بورگ لەکولی نەئەبونەوە و ژیانیان لی تال کردبو ، نەیان ئەهیشت بەخوشی‌و بەهیمنی بژی تابتوانی بەرهەمیکی جوان بنیتە بەر بەلام زیرەکی ئەم هونەرمەندە بلیمەتە بەرەنگاری ئارەزوی ئەوان وەستا . چلینکا لەم ماوەیەدا گەلی ئیشی بەکەلکی کرد ، لەموسیقای تەراجیدی‌یا ( شازادە هولموسکی ) و ( ڤالسی فەنتازی ) و ئەم پارچە رومانتیکی‌یانەشی دەرکــرد : ( بیرەوەری چــەند تاویکی خوش ) ، ( گورانی سوار ) ، تاق‌تاق‌کەرە .

لەگەل ئەمەشا چلینکا دەس‌بەردار نەبوو وازی لەئیش‌کردن نەهینا لەئوپیرای ( رەسلان‌و لودمیلا )دا تا لەسالی ١٨٤٢ دوایی هات وە لەهەمان روژی ئەو مانگەدا کەشەش سال لەوەوپیش ئوپیرای ئیڤان سوزانینی دەرکردبو ، پیشانی‌دا .

ئەوەی کە لەئوپیرای پیشوی روی‌دا ، بەچەورەوە لەمیش روی‌دا هەروەك ( ڤلادیمیر ئودیفسکی ) موسیقاری ئاشنای وتبوی ( هەموکەس هیوای سەرکەوتنی چلینکای بو لەتاقمە ئەرەستوقراتی‌یەکان بگەریتەوە) بەلام کومەلانی خەلکی ساویلکە پیشوازی‌یەکی گەرم‌یان لەم ئوپیرایەش کرد ، ( لیزت )ی موسیقاری بەناوبانگیش کە لەسالی ١٨٤٣ دا ئــەم ئوپیرایەی بەر گوی کەوت زوری پی‌جوان‌و ئافەرینیکی گەرمی کرد لەسەر ئەو شیوە ئازاو نوی‌یەی کەموسیقای ئرپیرا کەی پی‌نوسرابو .

ئوپیرای رەسلان‌و لودمیلا لەزورشتا لەئوپیرای ئیڤان سوزانین ناچی، ئەم لە چیروکی مەلحەمە روسی‌یە کونەکانەوە وەرگیراوە ، یەك لەپاش یەك دیمەنەکانی ( کییف )ی کون‌و ناوچە کویستانی‌یەکانی ژوری دورو دەشتە بەر بەرەللاکانی روسیاو دیمەنی سامناکی قـەلا کونەکانی ( ناینا ) و ( شەرمونور ) مان دینیتە بەرچاو . لەم چوارچیوە سەیرەدا گوی‌مان لەگیان‌بازی‌و قارەمانی‌یەکانی رەسلانی شورەسوار ئەبی کەچو بەگژی هیزەکانی شەرو تاریکی یاو بەزاندنی ، ئـەم چیروکە چەند پارچـە موسیقایەکی جوان‌و ریك‌و پیك‌و شیرینمان ئـەدا بەگوی‌دا کە دارشتەی بیریکی ئازاو بەپیتە .

چلینکا بەوە وازی نەهینا کـەهات ئاوازە روسی‌یەکانی بەشیوە جوانەکەی خوی دارشت ، بەلکو لـەهـەمان ئوپیرادا خوی بەئاوازی نەتەوەکانی تریشـەوە ماندو کردوە ، لەگورانی ( جادوگەر ) یا گویمان لە ئاوازیك ئەبی لەگورانی‌یەکانی میللەتی فەنلەندەوە وەرگیراوە ، وەك چون دارشتنی ئاوازەکانی روژهەلاتیش سرنج ئەدری لەخەریك بونی چلینکادا بەموسیقای نەتەوەکانی‌ترەوەو لـەقول بونەوەیا لـەتیگەیشتنی گیـان‌و شەخسیەتی ئەو نەتەوانە .

ئیستاش ئەو شیوەی کە ئوپیرای رەسلان‌و لودمیلای پی‌نوسراوە سەرمەشقیکە و گەورە ترین دانەرانی پارچەی موسیقا ، لی‌یەوە فیر ئەبن ، وەك چون دەرگا کردنەوەی شیوەیەکی‌نویی هونەری موسیقا بو کەئیستاش ژمارەیەکی زور لەموسیقارە گەورە کان لەسەری ئەروت ،

وەك ( بوردوین ) لەموسیقای ( پرنس ئیجور )و وەك (ریمسکی کورساکوف) لەپارچەی ( سادکو )دا .

ئەمجاریش چلینکا چوەوە بو پاریس ، چاوی کەوتەوە بە ( برلیوز )و دوستایەتی یان گەرمتر بوە وە ، وە هەریەکە گەلی لە جاران زیاتر ئافەرینی یەکتری یان کرد .

برلیوزیش چلینکای دوستی پیشکەش کرد بەخەلکی پاریس ، وتاریکی لەروژنامەی ( جورنال دی دیبا ) دا نوسی و ئاهەنگیکی موسیقای گیرا ، هەندی لەپارچەکانی چلینکاش لیدا بەو مەرجەی کە چلینکا خویشی چەند پارچەیەکی تری خوی لیدا بویان . پاریسی یەکان پیشوازی یەکی گەرمیان کرد ، بەم بونەیەوە بو چلینکا نوسی بو هەندی لەدوست و برادەرەکانی : ( من یەکەمین موسیقاریکم ناوی لەروسیا دوروست کرابی و ئیشی بو روسیا کردبی و خەلکی پاریس ناسیبیتان ) .

لەمایسی ١٨٤٥ دا لەپاریسەوە چو بو ئەسپانیا دوسالیش لەوی مایەوە ، هەر لەوەی کە بکەویتە ری فیری زوبانی ئەسپانیا بو ، ئەسپانیای زور لا خوش بو ، یادی فیربونی موسیقای ئەسپانیا خوشترین بیرەوەری یەکی بو لەو ولاتە ، لەویش گەلی پارچەی نایابی دانا .

کە لەسالی ١٨٤٧ دا گەرایەوە بو روسیا سیمفونی ( کامانسکاریا )ی نوسی بەلام بەشیوە ئازاو سەرسام کەرەکەی خوی کە بە رەنگە نەتەوایەتی یە توخەکەیا ئەناسریتەوە ، ( چایکوفسکی ) سەبارەت بەم سیمفونی یە وتویە ( هەرچی کەلەپوریکی قوتابخانەی موسیقای روس هەیە تیایەتی ) راستەکەی ئەم سیمفونی یە بو ئەوە ئەشی ببی

بەسەرمەشقی هەر موسیقاریك كەبیەوی بەشیوەی نەتەوایەتی سیمفونی دانی .

موسیقای چلینكا سەریكی تریشی هەیە كە خوی لەیەكی لەناملكە كاینا وای باس ئەكا ئەلی : ( من زورم مەبەستە چ زوربەی خەلك و چ شارەزایا نیش وەك یەك لەموسیقام بگەن ) . چلینكابەزیرەكی خوی توانی بنچینەی كونی هونەری و دوروست كردنی تازەو ئاسانی و بەباشی — پیشان‌دان بخاتە یەك و پیكەوەیان كوكاتەوە ، ئەمە بوبەهوی ئەوە كەموسیقاكەی زور لە گەل هەستی خەلكا ری بكەوی .

چلینكا دوا سالەكانی ژیانی تەرخا كرد بو نوسینەوەی دوئیشی گەورەی كەیەكیان سیمفونی ( تاراس‌بولبا )یە كە لەچیروكیكی ( گوگول )ە وە وەرگیراوە ناوەكەی هەروایە ، ئەویشیان ئوپیرای ( ژنی هەردوكیان )ە بەلام نەژیا تا تەواویان بكا ، ئەوەندە هەبو لەم ماوەدا دوپارچەی رومانتیكی تری دوروست كرد ، یەكیان ناوی ( گورانی‌یەكەی مارگریت )ە لەپوشكینی وەرگرتوە ، ئەوی‌تریان ناوی ( بو ئـەوئافرەتە )یە لـە ( میشین )ی وەرگرتوە ، ئەمەی دوای‌یان لەپارچە هەلبەستیكی پولونیایی وەرگیبتو ؛ ئەمە جگە لەدوپارچەی رومانتیكی تر . ئەمانە هەمویان ئەو خوشەو — یستی‌یەمان پیشان ئەدەن كەئەم‌پیاوە لەدلیا هەیبو دەرهەق بەزانیاری ولاتیك كەچەند جار سەری لیداوەو دوست وئاشنای زوری هەیە لەوی كەهەندیكیان موسیقاری سەربەدەرەوە بون . هەروا پارچەیەكی تری هەیە بەپیانو لی ئەدری پیشكەش بەموسیقاری بەناو بانگی پولەنـدا ( شوپان )ی كردوە .

لەگریی شەشەمی سەدەی رابوردودا ژمارەیەکی زور لەموسیقارە تازە پی گەیشتوەکان دەوری چلینکایان دا ، بەچـاوی سەرمـەشقو ماموستای خویان سەیریان ئەکرد ، ئەمانـە زوریان پاشان ناوبانگیکی گەورەیان پەیدا کرد ، بەلام ئەم پەیوەندی‌یەی کە ئەمانە لەگەل چلینکایان بەستبو وە مژدەی گورانیکی گەورەی موسیقای روسی پی‌بو ، بەگەشتیکی تری چلینکا بو بەرلین پچرا ، ئەمە دوا گەشتی بو ، بو ئەوە چو زور حەزی ئەکرد بزانی چی تازە روی داوە لەموسیقای ئەلمانی یا ، بەلام مەرگ مولەتی نەدا ، لە ١٥ ی شوباتی ١٨٥٧ دا مرد ،

بەم چەشنە ئـەم پیاوە دور لـەنیشتمانەکەی خوی سـەری نایەوە لەکاتیکا کە بیرو کردوەکانی سەرەتای راپەرینیکی موسیقی بون گیانی کردەوە بەبەری موسیقادا وە دەمی خونچەی دەها فیلەتەنی وەك ( دارجوفسکی ) و ( سیروف ) و رولەکانی نەوەکانی پاشەوەی وەك ( ریمسکی کورساکوف ) و ( موسورکی ) و ( بوردوین ) و ( چایکوفسکی ) دایـەوە .

**کرکوك : محمدی مەلاکریم — وەرگیراوە**

* * *

## تەمسیلی چیروکی (( مەم‌و زین ))
## دوو هەنگاوی گەورە بوو بەرەو پیشەوە

چیروکی « مەم‌وزین » جگە لەوەی کە لەسـەر بەرزترین پلەی میژوی ویژەی کوردا دانراوەو ویژەی کوردی پی‌رازاوەتەوەو شانازی

پیوەئەکا هەروەها لەریزەی چیروکە گیتیەکانە وە ئەتوانین بلین لە میژوی ویژەی گینیا پرر بەپیستی خوی مافی هونەری‌و مەبەستی وەرگرتوە وەك ئەو چیروکــە دلداریە گیتیانەی کە میلەتەکانی تر پیوەی ئــەنازن لەمانەش چیروکی « رومیوجولیت »ی ئیتالیا و « قــەیس‌ولەیلای » عەرەب‌و « شیرین‌و فەرهادی » فارس .

جا ئەم چیروکە لەلایەن چەند قوتابیەکی هونەرمەندەوە لەقوتابخانەی سانەوی شەو لەسلەیمانی ماوەیەك لەمەوبەر نوینرا .

بەلام لیرەدا بابزانین ئایا ئەنجامی هینانە سەر شانوی ئەم چیروکە کوردیە چی‌بو ؟ وە هەر وەها چونیتی پی‌هەلسانی نواندنە کە چون بوو .؟

گوومانی نیە کە ئەمسیل کردن خزمەتیکی گــەورەیە لە بارەی هونەرەوە . جگە لەمەش شانو قوتابخانەیەکە بو کومەل کە هەمیشە ریی تاریکی بو رووناك ئەکاتەوەو وە لەزور کارەسات شارەزایی پی پەیدا ئەکا چ لە یارەی میژو وە ، یان نیشتمان پەروەریتی‌یەو یان دلداریتی‌یەوە .

لیرەدا ئەوەی شایانی باس بیت بەنواندنی چیروکی « مەم‌وزین » دوو نیشانی سەرەکی بەتیریك شکاو دوو هەنگاوی گــەورەبو بەرەو پیشــەوە .

## هەنگاوی یەکەم :

ژیانەوەی میراتی نەتەوایەتیمانە ئەو میراتە ویژەییە بەنرخەی کە ویژەوان‌و بویژی نەمری کورد « ئەحمەدی خانی »ی بادینیان بوی بەجی‌هیشتوین وە ژیانەوەی ئەم چەشنە میراتانە بی‌گومان دەستیکی

بالایە لە خزمەت کردنا بو ویژەی میلەتی کورد ئەو ویژەیەی کە پەردەیەکی ئەستووری پیادرابو ، وە ئیستا توانرا کە ئەوپەردە ئەستورە بکریت بە سەرپوشیکی تەنك‌و بەرهەمی ویژەی کورد تارادەیەك دیاربیت وە لەسنووریکی نەختی فراوان‌ترا بتوانین تیا هەلسوورین .

## هەنگاوی دووەم :

بەشداری ئافرەتی کورد لەناوچەی هونەرا :

تاکردنی ئەم چیروکی « مەم‌وزین »ە بەتەمسیل ئافرەتی کورد هەر دوورەو پەریز وەستا بو لەبارەی هونەرەوە ، بەلام یەکەم ئافرەتی کورد کە ئەویش خوشکە « کولزار عومەر توفیق »ە بو بە پیشەنگ بو هەمو ئافرەتانی کورد ، پەردەی کونەپەرستی شیتال شیتال کردو دلسوزانە شان بەشانی براکانی بەشداری ئەم نواندنە بو . وەبەمەش سەرەتای ریگای خزمەت‌کردنی دامەزراند بو هەمو ئافرەتە هونەرمەندەکانی کورد ، وەسەلمانی کە ئافرەتی کوردیش وەك هەمو ئافرەتانی گیتی هەمو توانایەکی هەیە بو خزمەت کردن بی جیاوازی لەگەل پیاوا وە ئەتوانیت ئافرەتی کورد خزمەت بکا ئەگەر هاتوو ماوە بدرین‌و نیازیان خزمەت کردن‌بیت .

ئەوەی سەرنجی سەیرکەرانی راکیشا لەم تەمسیلەدا بەرادەی یەکەم ئەم خوشکە بەریزەبوو کە تواتی بەراستی هونەرمەندیتی خوی بنوینی لەتەمسیلا بەرادەیەك کە سەیرکەران پرر بەدل تەمسیلەکەیان پەسەند کرد کە دەوری « زین »ی پی‌درابو وە هەروەها سەیرکەران هانی بەگەرمی خویان بەرامبەر ئەم خوشکە هونەرمەندە دەربرری ، وە

ئومید داری ئەوەبوون کــەهەمیشە لە جوری ئەم خوشکە دلسوزە خزمەتکەرە لەپەرەسەندنابیتو قوَلی خزمەت کردنی لی هەلکەن .

ئیتر ئەی خوشکە کوردە دلسوزەکان ، ئیوە کە نیوەی کومەلن بەشدارتان لەناوچەی خزمەت کردنا جیگایە گرنگی هــەیە بەگویرەی پیشخستنی کومەلەوە جا لەبەر ئەوەی هونــەر پیویستی بە ئیوەی دلسوزهەیە قول بکەن بەقولی برا هونەرمەندەکانتانا بی‌ووچان لە کوری خزمەت کردنا بەگوورجی هەلسورین چونکە چەپلە بەدەستی لی نادری .

**سلیمانی : ئەمینی میرزا کەریم**

* * *

## (( ئاهەنگەکەی تیپی مەولەوی ))

زور لەکونەوە ئەم شارە (( سلیمانی )) سەروسەختیان هەیە لەگەل هونەری نواندنو گیرانی ئاهەنگدا . گەلی هونەرمەندی بەتوانای تیا هەلکەوتوەو تیا هەیە ، بەتایبەتی لەم سالانەی دوایی‌دا .

ئەم گیانە هونەرمەندیەو ئەم جولانەوە پیروزە وەنەبی تەنها لەدەرونی چەند کەسیکدا بیتو بەس !. بەلکو زوربەی دانیشتوانی شارەکە بەژنو پیاوەوە کورری کوبەنگنو هاندەری ئەم گیانەن .

ئەوەی من لەبیرم بیت لەپیش چەند سالیکەوە گەلی ئاهەنگی گەورە گیراو چیروکی بەهیز نوینرا . وەك : دلداریو پەیمان پەروەری ، لەریی تاجی‌پاشاییدا ، مەنوچەر ، هاملیت ، کلولان ، جەنابی موفەتیشو بروسکەو شیرین ، وە لەم دواییەشدا : عطیلو ئافرەتو نوشتە ، مامهومــەرو

ئەلەورگەی نەخوش ، پیسکەی تەرزپیر ، مەم‌و زین . . .

بەمانەدا بومان دەرئەکەویت کە ئەم شارەو دانیشتوانی لەم هونەرەدا تازە سوار نین‌و نابی بگلین !. وەئەگەر گلاشن پیویستە بچینە بنجوبناوانی هوی کەوتنەکەو روشنی بکەینەوە ، نەك تەنها بەوشەی ( تکایەببورن ) یان ( بام هانیان بدەین ) وازبینین . چونکە ئیتر ئیمە لەم روەوە لەلاوازی دەرچوین‌و پیویستمان بەبەرهەمی پوختەو خاوینە .

ئەوەی شایانی باسە : لەم بەینەدا « تیپی مەولەوی » هەلسان بە ئاهەنگیکی گورانی‌و ســازو نواندن . منیش بوبنین‌و بەراوورد کردنی لەگەل پیشودا ، چوم بو سەیری‌و ئیستاش ئەمەویت بەپیی توانا سەرنجی خوم دەرخەم‌و هەندیکی لی بدویم :

– جاری نەئەبو لەو هولە بچکولەیە ( هولی کتیبخانەی گشتی ) ئاهەنگ بگیرن ، چونکە لەگەل ئەوەدا کە زور پچوك‌بو و جیی سەیرکەران نەئەبوەوە ، پیپلکە ( مدرج ) یش نەبو و شانوکەش نزم‌بو ، ئەمە کاریکی وای کرد کە زوربەی سەیرکەران بەپیوە بوستن‌و دەنگە دەنگ‌و ئاژاوە پەیدابیت ، بەتایبەتی لە روژەکانی جەژندا . کە پرسیاریشمان کرد : بوچی لەهولی سانەوی نەگیرا ؟. لەوەلامدا وتیان ئیرە نزیك ناوشارەو ئەوی دوورە !.

پەردە کرایەوە بەسرودی ( خوایە وەتەن ئاواکەی ) ئەمە زور جوان‌و لەجیگەی خویدابو ، بەلام سرود بیژەکان سارد بون‌و لەجوانیەکەیان کەم کردەوە .

ئنجا دوای خویندنەوەی پروگرام‌و دوو وتاری جوان‌و پرر مانا

لەلایەن ماموستا قادر دیلانو خوشکە نەرمین ناکامەوە ، دەست کرا بە بلاوکردنەوەی پروگرامی ئاهەنگ کە دوو بەش‌بوو :

١ ــ سازو گورانی : لەم بەشەدا دووپارچە موسیقاکەی ماموستا ولیمو دیلان لەژیرناوی ( یادی مەولەوی . . و . . هیوا )دا زور ریکوپیکو بەجوش‌بو ، وە موسیقا ژەنەکان گورجو چابوك بون ، بەلام دەنگی دەفـزنجارە کەم ناخوش ئەهاتە گوی ، نازانم دەفەکە باش‌نەبو یان لیدەر لەگەلیانا دەر نەئەچو ؟.. پارچەیەکی تریش ( روژانی شادی ) کە کاك‌سەردار رەمزی داینابو پیشکەش کراو سەرە تایەکی باشبو بو دواروژی کاك سەردار .

بەلام دوو گورانیەکەی عومەر رەزا ( لەیادەوە ــ ئاوازی دیلان ) وە ( گولالەی ژیان ــ ئاوازی ولیم ) زور سەرکەوتو نەبون . چونکە زور قورس بوونو لەگەل دەنگو توانای عومەردا یەك نەئەکەوتن ، ئەگەر ئەم دوو ئاوازە تەنها بەموسیقا لی بدرانایە سەرکەوتوتر ئەبو .

بەدوای ئەمـا نیشدا گەلی گورانیو موسیقای‌تر پیشکەش‌کرا کەپیویستی لیکولینەوەو لەسەر نوسین نین .

٢ ــ نواندن : لەم بەشەدا چیروکی ( تاوانی چی‌بو ) کە کاك مصطفی صالح کریم نوسیبوی ، نوینرا ، بیریکی جوانو چیروکیکی کومەلایەتی بو ، بەلام لەرووی دارشتنی ( حوار )ە کەیەوە خوی نەبو !. بەلگەش بو ئەمە : ساکاری دەمەتەقیو نەبونی رستە ( جملە )ی بەهیز بوو . هەروەها کوتایی پەردەکان بەگەرمیو باشی نەهینرابونەوە . کە مەرج وایە لەچیروکی سەرشانودا گەلی رستەو هەلوەستی بەهیزو سەرنج

راكيشــەر ببيت وە كوتايى پەردەكان بەگــەرمىو ســەر سامىــەوە ببررينريتەوەو سەيركەر بەپەروشەوە چاوەرروانى پەردەى داهاتو و ئەنجام بكات . دواى ئەمانەش : ئەنجامى چيروكەكە مــەبەستى نەدا بەدەستەوەو چار ( حل ) يكى بو تەگەرەكە نەدوزيەوە ، تەنها بەوشەى ( تاوانى چىبو ) كوتايى پىهينرا .

نوينەرەكانيش ( نەجات ــ لەدەورى هەلودا ) تارادەيەك ســەر ــ كەوتوبو بەلام ساردىشى تيائەبينرا ، ئەمە لەكاتيكدا كە ئەم قارەمانى چيروكە كە بو و پيويست بو بەهزترو سەركەوتوتر بيت . وە ( نەرمين ــ لەدەورى شەوبودا ) لەگەل ئەوەدا كە بو يەكەم جار هاتبوە سەرشانو ، زور سەركەوتو و لى هاتو بو و تەمسيليكى جوانو ريكوپيكى ئەكرد بەتايبەتى قسەكانى ( طبيعي ) و بى ( تكلف ) بوو . گريانەكەيشى زور لەراستى ئەچوو .

ئەوەى شاياتى باسە : ئەمە دوەم جارە كە ئافرەت لەسليمانيدا بەشدارى ئاهەنگى وا ئەكاتو ديتە سەر شانو ، هيوامان وايە خوشكە بەريزەكانى تريشمان بەدواى ئەم دوخوشكە دلسوزەدا بررونو قولى خەباتى لى هەلكەن لەم روەشەوە .

ديسان ( رؤوف يحى ــ لەدەورى روستەمەفەنيدا ) سەركەوتو بوو بەتايبەتى لەكاتى سەرخوشيەكەيدا تواناو چابوكيتى خوى دەرخست . هەروەها ( نورى بەدەويش ــ لــەدەورى باوكى هــەلودا ) لىهاتو و سەركەوتوبو بەتايبەتى لەكاتى گياندەرچونەكەيدا . هەروەها نواندنى

منالەکەش ( سمکو ) پەسندبو و منالیکی وریابو . بەلام نوینەرەکانی تر تیکرا ساردو کەم توانابوون .

لیرەدا رەنگە هەبیت بلی لەی بوچی ناوی دەرهینەر ( مخرج )ت نەهینا . ئەوی راستی بیت ئەتوانم بلیم کە دەرهینەر هەرنەبوە ، وەیان ئەگەر بوبیتیش بەپیویستی خوی هەلنەساوە ، سائیتر یا کەمتەرخەمی کردوە یان جلەوی داوەتە دەست سەلیقەی نوینەرەکان . وەئەتوانین بلین ئەو ناتەواویانەی لەسەرەوە باسمانکرد گەلیکی رووی دەرهینەر ئەگریتەوە .

لەبارەی بەرگو رازانەوەی شانوشەوە دیکورەکانی کاك جمال بەختیار زور جوانو پەسندبوونو سەرنجیان رائەکیشا .

ئەمانە تیبینی وسەرنجەکانم بو لەم ئاهەنگەدا ، جائیستا ئەگەر بمانەویت بەراوردیکی ئەم ئاهەنگە بکەین لەگەل ئەو ئاهەنگانەدا کە لەمەوپیش پیشاندراونو لەسەرەوە ناومان هینان .. ئەمە زوری ئەویت لیرەدا ماوەمان نابیت . تەنها ئەوەندە ئەلیم : ئەم نەئەگەیە ئەوانو لاوازتر بو ، ئەمە لەکاتیکدا کەجاران کورر دەوری کچی ئەبینیو ! ئیستا بەپیچەوانەوە . هەروەها زوریش تەجروبە هەیەو زانیاریهونەر پەرەی سەندووە . وە هوی ئەم کورتیەش تەنها نەبونی هەرەوەزە لەناو هونەر مەندەکانداو یەك یارمەتی یەك نادەن !! کە ئەمە زور جیگای داخەو هیوامان وایە بەم نزیکانە هەمو یەکبگرنو ئەوەی گەلە کەمان چاوەروانیەتی بوی بهیننە دی .

ئیتر سوپاس بو تیپیناوبراو کە ریگەیان دام بو نوسینی ئەم چەند وشەیە ، وەهیوام وایە هەر لەپیشەوە بن بو سودی گشتی .

**— هیمن —**

# پیاوی ون بوو

نوسینی : هەوری

لەبەیانیەکی بەهاری سالی ١٩٩٨ دا بەرلەوەی تیشکی خور لەکەل بیتەدەر وك ئاوایی دزکـــەرە سەربازگەبیت لەهـــەر مالیکەوە چـــەند تفەنگ‌بەدەستیك کە لەفیشەکدا زەرد ئەچوونـــەوە . هاتنـــەدەرەوەو بەرراکردن‌و قەلەم‌باز وینـــەی کارئاسك رووەو خانوە گەورە بـــەرزە دوونهومەکە چوون‌و لەدەشتاییە کەی بەرخانوەکەدا کوبوونەوەو بی‌دەنگ راوەستان‌و تەماشای دەروازەی مالە گەورەکەیان ئەکرد وەك‌چاوەرروانی فەرمانیك وەیان کاریکی گرنگ‌بن ، دوابەدوای ئـــەوان پول پول نازك ئەندامان لەپیشەوە پیرەکان‌و ئافرەتە سەرەکان ، دوای ئەوانیش منال بەباوەشەکان وئینجا کـــەنیشکەعازەبە پی‌گەیشتوەکانی کەتازە چاویان بەکلی دلداری ریژرابوو هاتن ، لـــەوبەر جوگاکەوە بی‌دەنگ هـــەر دەستەیەك بەرامبەر بەدەستەی خوی راوەستاو هیزی بەرهـــەنسك رووەو کوررەکان‌و میردەکانیان وای پال پیوەئەنان تووات‌دەزانی منالن‌و تازە کەوتوونەتە شنەشن ، جـــارو باریش دلوپی فرمیسکی بی‌دەنگی

---

**١ ـ ئەم باسەم لەمیرزاغفور احمد بیست‌و هەندیکی تریش دانیان پیادانا کەوایە .**

**٢ ـ دزکەرە ئاواپی‌یە کە لەراستی عەربەت بەوبەر تانجەرووە ، جیگای دانیشتنی لالەسەرحەد بووە کەسەروکی تیرەی روخزایی بووە .**

لەچاوبو رووەمەت ولەرووەمەت بوزەوی دەبوو بەمیوانی دلوپی ئاونگی سەروینچەو سیپەررە تازە دوو پەلە بووەکان . لەولاشەوە زمانی بینینو تیلیچاوی پرر لەشەرمو حەیای کچە عازەبەکان بوکوررەهەرزەکارەکان شیوەی بی هیوایو چارەرەشیو بەدبەختی دەنواند ، هەرچەند هەرکەسە بەهیزی رووگیری زەردەیەکی دروی کردبووبەپەردە بوداپوشینی شیوەی دلگیریو زیزی دەمو چاوی چونکە زورباش ئەیان زانیو هەموو لەدلی خویاندا ئەیانووت ئاخو پاش ماوەیەکی تر لاشەی چەندکەس لەم تفەنگ بەدەستانە دیتەوە بو ئاوایی ، ئاخوتاویکیکە کام ئافرەت بیوەژن ئەکەویت ، کام دایك رولە کوژراو ئەبیت ، کام ساوا بیباوك ئەکەویت ، کام دولبەر بی دلدارئەبیت لەم کاتەدا وەك موسقای سروشت لەئاهەنگیکی دووروودیژ بووبیتەوە وپشووبدات هیچ نەواو ئاوازو سرووەو سرپەو دەنگیکت نەئەبیست هەمو راوەستاوان بیجوولە چاویان برریەوەدەروازەی مالەگەورەکە کەلەپررکەوتە سەرپشتو لالەسەر ـ حەدی پیری سەرو ریش سپی چەماوەی چاوکز گالوکیك بەدەستەوە هەرشەش کوررەکەی لەدوایەوە هاتنە دەرەوەو لەگریژەنەی دەرگاکە هەلەنگوت وەختەبوو بەدەمەوە بکەویت بەلام موالی کەکوررە گەورەی بوو وەك هەلو گرتیەوەو نەی هیشت بکەویت کەهەلی ساندەوە لالەسەرحەد ئاورریکی لیدایەوەو لەسەر خوتەماشایەکی کردو هیچی نەوت وەکبو وشەیەك گەررابیتو نەی دوزیبیتەوە کەبیلیت دوای ئەوە هەردو دەستی خستە سەر قەفی گوچانەکەو ناوچەوانی خستە سەردەستی وەك پشووبدات پاش تاویك سەری هەلبرریو رووی کردە لەشکری روخزاییو وتینازانم چیتان پیبیژم تەمەنی دریژ ئەمکویرایەشی

بەچاوم دا هینا کەلەگەل تیرەی تەرخانی کەبن‌ئاموزامانن دەست بخەینە خوینی یەکتری‌یەوە بەلام چارەنیـــە تەرخانیەکان ژیان بە ئیمـــەرەوا نابینن گەرەك‌یانە ئەومیرگو مەلبەندو نیشتمانەی هاوەدەسمانە لیمان زەوت بکەن‌و تالانمان بکەن بوپەنگی هەموو کوچەریەکانی کوردەواری ولەشکرەکەیان والەناو ئەودارستانەدا ( پەنجەی بوشاخەکەی بەرامبەر دزکەرەرراکیشا ) چاوەرروانی لەشکری ئیمە ئەکەن ئەگەرزوو فریایان نەکەون لەئاوایی‌دا ئەدەن وەسەرمانا ئەمان‌کـــەن وەپەنگ‌ئیتر خوتان‌و غیرەتتان ئەم جەنگە جەنگی مردن‌و ژیانە ، جەنگی پیاوەتی داوین‌پاکی ، جەنگی شەرەف‌و سەربەر زییـــە لەناو خیلەکیەکاندا . دوای ئەمـــە لەشکرەکەی کردبە شەش بەشەوەو هەربەشیکی دایە دەست کورریکی‌و ووتی هەمیشە سی بەش لەهیرش‌دابیت وسی بەش پیشوو بدات دەبررون خوا ئاگادارتان‌بیت . لەم‌کاتەدا هەناسەیەکی دوورو دریژی هەلکیشاو تاویك بی دەنگ‌بوو وەك بیرلـــە رابوردوی خوی بکاتەوە کاتیك دلوپی فرمیسکی سپی بەسەر ریشی چەرموودا گلور بوەوەو وتی -کویرایت‌دابیت سەرحەد روخزایی شەرری سەروماڵ بکات‌و توش بی‌دەسەلات لەماڵەوە دابنیشیت ئەمەی وتو دەستی‌کرد بەگریان لەم کاتەدا موالی کورری فەرمانی‌دا لەشکر کەوتە جوولەو بەباوکی وت لاشەی موالیت وەدەسی خوت‌کفن‌کردبی پشت بە خوا زوری پی ناچیت مژدەی سەرکەوتنت بودیتەوە ، ئەمەی وت‌وبەدوای لەشکری رووەو شاخەکە کشاودا وەك بروسکەی تفەنگ تی‌پەرری و تا لەچاو ون‌بوو لالەسەرحەد هەرتەماشای

---

١ - چەرموو = سپی .

دەکرد کەئەو لە چاوون‌بوو ئەمیش وردە وردە تەقەی گوچانەکەی بە پیخوری ریگاو گەرڕایەوە بومالەوە ، سەبیلیکی تی کردو سکلیکی خستە سەرو رووو لەشاخەکەدانیشت‌و دەستی‌کردبە مژلیدانی لەگەل هەرمژیکدا ئەی ویست شاخەکە لەبیخ دەربینیت دریژی روژی بەهـار کردیو لالەسەرحەدی پیری کەفتە کاری داماو کردی وەك ماران‌گاز گینگلەی ئەخواردو چاوە رروانی دەنگ‌و باسیك بوو لەپرر شین‌و شەپورر لەناو ئاوایی پەیدابوو چونکە مالەکە کەسی تیدا نەبوو هەوالیکی بو بینیتەوە خوی هەلساو گالوکەی گرت بە دەستەوەو چوو بوناو ئاوایی لەریگادا بیستی لاشەی چوار پینج کوژراو هینراونەتەوە لەفیسارە جیگادا دانراون رووی وەرگیرا بو جیگاکـەو چووەسـەر لاشەکان زورچـاك تی‌یان وردبووەوە بەبی‌ئەوەی نقەی لیوەبیت هەلساو بەمونیکەوە پاشەو پاش گەرڕایەوە بومالەوە هیشتا نە گەیشتبوە نیوەی ریگا کەجاریکی‌تر دەنگی شین ورورو بەرز بوەوە زانی ئەمەبو کوژراوەکانی پی‌پیشونیە بویە گورج گەرڕایەوە بوسەر لاشەی کوژراوی هینراوە .

کەتەماشای کرد چـەند لاشەیەکی تریشیان هیناوەتەوە تاویکی باشیش لەمان ورد بووەوە ، لەم کاتەدا خیزانەکەی هات لالە سەرحەد بەموورریکەوە تەماشای کردو بومالەوە ملی ریگای گرت ، ئەم جارەش نەگەیشتەمالەوە روورویەکی تازە دەستی پی‌کردەوە دیسان گەرڕایەوە کەتەماشای کرد چەندلاشەیەکی تازەی تریشان هیناوەتەوە بەمرەنگە تانزیك خورئاوا ئەم پیرە بی‌چارەیە هەربەریگای مالی خویان‌و جیگای دانانی کوژراوەکانەوەبوو . هەمووجاریکیش بەتووررەیی یەوە تەماشای

ژنەکەی خوی ئەکرد کەدایکی هەرشەش کوررەکەی‌بوو . ئەم کردەوەیەی لالەسەرحەد سەرنجی خیزانەکەی راکیشا بویە بودواجار دوای کەوت‌و لەریگا وتی باوکی موالی ئەوەبوچی کشت جاریك کەتەماشای کوژراوەکان ئەکەیت لەمن‌موررئەبیتەوە . لالەسەرحەد کەزانی جگەلەژنەکەی خوی‌کەسی تری لی‌نیە لەسەر بەردیك دانیشت تاپشوویەك بدات جونکە بەرراستی ماندوبوو ژنەکەشی بەدیاریەوە رراوەستابوو پاش‌تاویك سەری هەلبرری وتی کچی ئابررومانچوو ، لەناوهەموو روخزایی‌دا بوین وەپەنگ کورره کونیەکانی من‌و تو لەکەندەلاندا خویان شاردوتەوە ئەی‌ئەگەروانیە کوابوچی لاشەی دوانیان نەهینانەوە .

ئافرەتەکە خەریك بوو دەم بکاتەوە لەولاوە ژنیك بەشین‌و شەپوررو ئاغارو روەولالە سەر حەدو خیزانەکەی هات وتی‌لالە لاشەی سەیالی ئاغام‌یان هینایەوە سەرحەد سەریکی‌هەلبرری‌و وتی جاتولیت روونەئەوە ! ئافرەتەکە وتی بەلی ئەوحەلە خیزانەکی سەرحەد دەنگی گریانی بەرز بووەوە ، لالەسەرحەد وتی کەنی گریانی گەرەك نیە بررو بزانە لەکویوە پیکراوە چونکە بەوخوایەی گیانی سەرحەدی ها وەدەس ئەگەر لەپشتەوە پیکرابیت نایەمەسەر لاشەکەی . دایکی سەیالی‌و ئافرەتەکە رویشتن زوری پی‌نەچوو ئافرەتەکە هاتەوەو وتی‌لالەگیان دووگوللەی هاپیوە یەکیکیان دوایەتی لەسەرسنگی‌و لەپشتیەوە دەرچووە ئەوی تریان داویەتی لەناوچاوانی لەپشتی سەریەوە دەرچووە ، لالە سەرحەد زورلەسەر خو هەستایە سەرپی‌و وتی ئافەرم رولەی هەلکەوتوو بەتەواوی

---

١ - کونی = ترسنوك .

سەلانت کوڕی سەرحەدی دیارە لەکاتی هەلمەت‌و هێرشدا پێکراوە ئەمەی وت‌و قەفی گوچانەکەی کردبە قولیداوزور لەجاران خیراتر رویی بوسەر لاشەکە کاتیك گەیشت درری‌دا بە ئافرەتەکان زور بەوردی تی‌ی ورد بووەوە کەحالی بوو راستە سەیالی‌یە و لەپیشەوە پیکراوە فرمیسك بەچاوە کزەکانیدا هاتە خوارەوە ناوچەوانی ماچ کردو سەری هەلبرری وتی هەر چەند قوربانیمان زورپیشکەش کرد بەلام زامی کوژراوەکان نیشانەی سەرکەوتنە هەموو لەپیشەوە ئەنگیوراون لەکاتی هیرشدا بو سەر دوشمن گومانم نیە سەر ئەکەوین و لەشکرەکەمان ناشکیت ،

ئەوگەلەی وەك یەك تەماشای مردن‌و ژیان بکات بەشی هەر سەرکەوتن‌و گەیشتن بەهیواو ئامانجە لەدواروژدا .

---

کەژ ، بەرگی تەمی خەمی پوشیوە
هەوری رەش ، شەوقی کەلی نوشیوە
تا بارانی ئال نەباریتەوە ...
ئەم هەورە هەرگیز نارەویتەوە
گولیش تا درکی سزاو زورداری
ئاوا ، دایپوشی ناگەشیتەوە

(( کامەران ))

گەورەپیاوان لەمێژودا :

وەرگیراوە

# تولستوی

بغداد : ئاوات

لە سەرەتای مێژو وە تاکو ئەمررو کەسێك نەبوە بەئەندازەی ـ تولستوی لەسەری نوسرابیو مێژوی ژیانو فەلسەفەکانی کرابن بە کتێبو بلاوکرابێتنەوە ، بەهەمو جیهاندا . ژمارەی ئەو کتێبانەی لەسەر ژیانو بیرو باوەررەکانی نوسراونەتەوە تاکو ئێستا گەیشتونەتە بیستو سێ ( ٢٣ ) هەزار !!.. ئەمە جگە لە پەنجاو شەش هەزار ووتار کە لەرۆژنامـەو گوڤارەکاندا لەسەری نوسراوە .. ژمارەی ئـەو چیرۆکو دانراوانەی ( مؤلفات ) کە زادەی بیرو بەرهەمی خوی بوە : ئەویش گەیشتوتە سەد هەزار تومار ( مجلد ) .

ئا ئەمەیە ـ کونت لیو نیکولایفیتش تولستوی ـ چیرۆك نووسو فەیلەسوفی بەرزی روس .

داستانی تولستوی داستانی پێغەمەرێکە کەلەم چەرخەی ئێمەدا لە ـ سالی ـ ١٩١٠ ـ دا کوچیدوایی کردوە !.. بەلی ئەتوانین بلین لەرروی ناوبانگ و ووریاکردنەوەی کومەلو بیروباوەررەوە : تولستوی کەمتر نەبوە لەپێغەمەرێك وەبەلگەش بوئەمـە : لەبیست سالی دوایی ژیانیا مالەکەی بوبوە ـ پەرستگای هەزاران هەزار لەوانەی کە باوەرریان

پی‌کردبوو .. هەمیشە دەورو پشتی و ماڵەکەی پڕبون لەوانەی کە بەئاواتەوە بوون چاویکیان بەم بلیمەتە بکەویت ، یاگوییەکیان لەدەنگو دوانی بیت . لەمانەشی پتر : تاقمیك لەهاوریكانی . هەمیشە لە گەڵیابون وەبەبست لی‌ی دوور نەئەکەوتنەوەو هەمو کاتیك زور بەهوشیارانە گوی‌قولاخ بون بوئەوەی هەر ووتەودوانیك لەدەمی هاتە دەرەوە ، گورج ئەمان بینوسن‌و بیکەن بە تومار ، وە لەراستیشدا ئەم تاقمە کەلکیکی زوریان دەستکەوت . وەلەئەنجامدا هەرچییەکیان نوسیبوەوە هەمویان کرد بەتومارو لەچاپیاندا . ئیتر ئەم تومارانە بوون بەسەرچاوە — یەکی روشن بو ئەوانەی ئەیان ویست لەسەر تولستوی بنوسن .

ئەم تولستویەی کە لەساڵی — ١٨٢٨ — دا هاتوتە جیهانەوە . حەوت ساڵ لە دانشگا — جامعە — ی کارزاندا خویندویەتی ، بەلام هیچی بەهیچ نەکردوە بلە چونکە رەوشتوخوی زور خراپ‌بو وی‌کەلکی خویندنی پیوە نەبووو !!.

تولستوی لەگەنجیتیدا زور چەپخونو نالەبار بوە !!. بەراستو چەپا پارەی لەبەرد ئەدا ، هەر خەریکی سووررانەوەی بیکەلکو ئەم لاولابوە !. وەکو خوی دانی پیاناوە : لەژیانیکی زور بی‌فەررابوە ، هەمیشە هوشی لای خواردنەوەو قومار کردن‌و شەررو شوررو تاوان بوە ، تەنانەت کوی لە پیاوکوشتنیشی نەکردوتەوە !!.

تولستوی کەپیری روی تی‌ئەکات ، ئیتر لەهەمو خراپیەك ئەگەرریتەوە ، بەرگیکی پیاوانەی ئەستور — لەوانەی جوتیارەکانی روسیا لەبەریان ئەکرد — لەبەر ئەکات . تەنانەت : پیلاوەکانی خوی بوخوی

دروست ئەکرد ، خوی گسکی ژورەکەی ئەداو جیگەی رائەخست ؛ بەکەوچکی دار نانی ئەخوارد ، ریگەی نەئەدا میزەکەی چەرچەفی بەسەرا بدریت !!. وەدەستی دایە نوسین . . .

لەسالی — ١٨٦٣ — دا دەسی کرد بەنوسینی چیروکە بەناوبانگەکەی — شەررو ئاشتی — ( ٣ ) سی بەشی لیٚ‌نوسی ، وەدوای ئەوەی کەماوەیەك وازی لیٚ‌هینا ، تیٚ‌هەلچووەوەو لەسالی — ١٨٦٩ — دا تەواوی کرد . . کاتی کە ئەم چیروکەی لەچاپ داو بلاوی کردەوە : دەرگایەکی وەها گەورەی بوکرایەوە ، کەبەسەر هەمو جیهاندا ئەیرروانی . وەناوی بوو بەئەستیرەیەکو ئەدرەوشایەوە لەئاسمانی ویژەی روسیدا . ئەم چیروکە باسی ژیانی چەند خیزانیك ئەکات ، بەلام چ باسیك ؟ چوتە قولایی کانگای ژیانی کومەلو مروڤەوە . . جوری دارڕشتن‌و بیرو باسی ئەم چیروکە ، گەلی نزیکە لە چیروکە بەناوبانگەی فیکتور هوگوی فەرنسی « کولولان »ەوە کە لەپیش ئەما نوسیبوی .

دوای — شەررو ئاشتی — ئنجا چیروکی نیرراو — البعث — ی هینایە بەرهەم‌و بلاوی کردەوە . وە ئەم چیروکەیان کومەلیکە لە فەلسەفەو بیرو باوەرە — کانی .

ناوبانگی تولستوی بەتەنها گەلیك زیاترە لەناوبانگی ئەو هەمو قەیسەرانەی لەپیش ئەما فەرمان داری روسیان کردوە . دیارە ئەمەش بەسایەی چیروك‌و فەلسەفەکانیەوە بوە .

فەلسەفەکانی تولستوی هەموی چاکەو چونیەکی‌و داد پەرستیە . وەکو ئەلیت : — پیاو نابیت مل‌بدات ئارەزوی شەهوەتی زال ببی بەسەریا

وە هەر وەها ژنیش .. ئەبی تولەی تاوان بەچاکەو لیبوردنو بەخشین بسەنریت .. لەگەل دوژمنا ئەبی نەرمی بەکار بهینریت ، وەنابی کاریکی وابکریت کە رقو قین پەرە بسینی بەلکو پیویستە هەول بدریت کە ـ لەو رقە کەم بکریتەوە ..

ژیانی تولستوی هەموی ناسورو ئەشکەنجـە بوە ، هوی ئـەم ئەشکـەنجەیەش زوری ژنەکـەی بوە .. چونکە ژنەکـەی ئویویست رابویریت ، بەلام ئەم رقی لەرابواردن ئەبوەوە ، ئەو ئەی ویست خوی بنوینیو خوی دەرخات ، ئەم خونواندنی بەلاوە باش نەبوو ، ئەو شیتی پارەو مال بوو ، بەلام تولستوی بەتەنگ پارەوە نەبوو ، وەبگرە بەلایەوە تاوانبوو : یەکیك خاوەنی سامانیکی زوربیو هەزارانیش قوررەی سکیان بیت لەبرسا !!.

روژ لەدوای روژ بەینی ئەم ژنومیردە لەتیکچوندا بوو ، تا وای‌لیهات ژنە لەرقی تولستوی هەردو کچەکەی دەرکرد . وە روژیکیان هەر بو ئەوەی داخ بدات بەمیردەکەی ، وینەیەکی کچەکەی کە هـەلواسرابوو تو فەنگیکی درراوی پیوە ناو سوتانی !!.

ئەم ژنە نالەبارە ژیانی تولستوی کردبو بەدوزەخ .. بەشی زوری تیکچونی ئەم دواییەیان لەسەر ئەوەبو ، کە تولستوی نوسراوەکانی بـە خوررایو بەبی قازانج ئەدا بە گەلی روسی ، بەلام ژنەکەی چونکە کوژراوی پارەبو ئەیوت ئەبی نوسینەکانت بەپارە بفروشیت ، تاکو رابویرین ..

وەچەرخی بەم جورە تیپەرر بوبەسەر ژیانی ئەم ژنومیردەدا . وە لەهەموشی سەیرتر ئەوەبو جاروبار ژنە ئەکەوت بەسەر دەستوپیی

تولستویداو لیی ئەپاڕرایەوەو پیی ئەوت کە بەو وشەو قسانە لەگەڵی بدویت کە پیش چلوهەشت سال لەکاتی گەرمەی دلداریا لەگەڵی ئەدوا !!.
جا هەر جاریك کە ئەو کاتە بەختیارانەیان بیر ـ ئەکەوتەوە ، هەرروکیان ئەیان دایە پرمەی گریان !!.

تولستوی لەمە زیاتر خوی پی‌نەگیراو بەرگەی نەگرت . ناچار ماڵو منالی بەجی‌هیشتو لە شەوی ـ ٢١ ـ ١٠ ـ ١٩١٠ ـ دا لەتەمەنی هەشتاو دوو سالیدا هەلات !! رایکرد لـەدەست ژیانی تالی خیزانی بەئاژاوە . بەوشـەوە تاریكو نوتەکە بی ئەوەی بزانیت بو کوی ئەچیت !!.
ئیترئەمە بو بەهوی ئەوەی کە توشی ئاوسانی سی (التهاب رئوی) ببیت ، وە دوای پانزە روژ هیزی لی‌بڕی‌و لە ئیستگەیەکی شەمەندەفـەردا لەکاتیکدا کە تەنها کچەکەی بەدیاریەوە بوو گیانی پاکی سپاررو کوچی دوایی کرد !!.

یەکیك لە فەلسـەفەکانی تولستوی ئەوەیە کە : مروڤ نابی هەوڵ بدات بو لەپیویستی ژیان زیاتر .. فەلسـەفەکانی تولستوی زور نزیکی هەیە لەگەل تی‌بینی‌وفەلسـەفەکانی ( کابرای ! ) المانی‌دا . وە هەردوکیان لەپیناوی یەك ئامانجدا هەولیان داوە . تەنها ئەوەیە ئـەم بەچیروکی ویژەیی تی‌بینیەکانی ئەگونجان .. بەلام ئەو بەنوسینیکی سادەی ووشك دەری ئەبڕی وەکو : ئەبیت ژیان بـە ئاسایشەوە بیت .. کریکاران بەرهەمی تەقەلای خویان بوخویان بیت نەك بو سەرمایەداران .

تولستوی لـەبارەی خوشـەویستی یان دلداریـەوە ئـەلیت : خوشەویستی ژیانە .. ژیان بی خوشەویستی نەمانە ..

ئەمەبو کورتەیەکی میژوی ژیان و فەلسـەفەکانی چیروك نوسی روسی بەناوبانگ .. ئەو تولستویەی کە تاکو ئیستاش قوتابخانەکەی هـەر بەردەوامەو پەیرەوی ئەکریت ....

# لەژمارەی پێشودا



**خویندەواری بەریز : ئەمەش بەشیکی تازەی ترە کە گوڤارەکەتان ئەیکاتـەوە بو سـودی ئیوەو پاکژ کردنەوەی ویژەی زمانە کـەمان ، بەشی رەخنەو لیکولینەوە لە سەر بنچینەیکی راستو زانستی ، ئەمجارە ژمارەی پیشومان سپارد بـەم نوسەرانەی خوارەوە ، ژمارەکانی دوایی‌و ئەم ژمارەیەش بوگشتە .. کەواتە بەوردی بخوینەرەوەو ئەوەی پیویستی لیکولینەوە بوو ، لیی رامەوەستە . بەلام دەخیلت بم کونە رقو کەس پەرستی بەهـەلەتا نـەبات !.**

**ــ هیوا ــ**

## هونەری جوان

هونەری جوان بەتایبەتی موسیقا لکیکی گرنگە لەهونەری گەلیکدا وەجیگایەکی درەوشەداری هەیە لەبزوتنەوەی نەتەوەیەکدا ، هونەرمەند ئەبی هونەرەکەی ( ئاراستەکەر ) بی ، ئەبی ئاسمانیکی پررجوش‌و خروشی نیشتمانی ئامادە بکا بو نەتەوەکەی ، ئەبی بی‌قەیدوشەرت خوی ببەستی بەجوولانەوەی بوپیشەوەچوونی گەلەکەی ، لەم بارەیەوە کاك شـەمال

صائب تیکوشەریکە بەپلەی یەکەم لەگەل چاولیکەری ، لەگەل ئەو بیرە رزیوانەی کە لایان شورەییە ، شەمال صائب دەرچووی کوللیەیە کە چون ئەبی گورانی بلی !.

لەگەل ئەو کەندوکوسپانەی کە لایان نەنگە گەنجیك لەو روەوە خزمەتی گەلەکەی بکات وە بەپلەی دوەم تیکوشەریکە بو پیشخستنی گورانی کوردی . ئەمە لەلایەکەوە لەم لاشەوە پیویستە لەسەر هونەرمەندانی موسیقاو گورانی کورد ئەم چەند وشەیە بکەن بە دەستاموزی خویان ( بوژاندنەوەی موسیقای کوردو پیشخستنو بەرزکردنەوەی لەقالبیکدا کە گیانەکەی بەکوردی مابیتەوە وە بەرگیکی رازاوەی کرابی بەبەردا ) . لەسەر ئەم یاسایە ئەگەر بەراوردی گورانیە تازەکانی کاك شەمال بکەین لەگەل ئەم بروایەی وترا ئەبینین هەندیك لەیەکتر دوورن ، چونکەزور بەی گورانیە کانی کاك شەمال بونی گیانیکی عەرەبی لیوە ئەکری ، باشتر ئەوەیە دەست بکا بەکردنی شیعری شاعرە ـ کانمان بەگورانی نەك خوی شیعری بو دابنی .

بەشی هونەریجوان بەلای منەوە جوانترو رازاوەتر ئەبو ئەگەر دەنگو باسی هونەری ولاتەکانی تری بنوسیایە بەگویدانە تەماشاکردنیکی تەسك لەبارەی هونەرەوە ، وە گوڤاری هیوا کە خاوەنی ( ئاستیکە ) لەخویندەواری کوردیا ، چاکتر ئەوەیە خوی دوور بخاتەوە لەپیشاندانی وینەکانی وەك سوفیالورین کە لەراستیدا ئەو جورە شتانە دەسنادا بو چونیەتی ئیستای نەتەوەی ئیمە ، مەبەستم لەوەیە خویندەواری کورد پیویستی بەهەلهینانی چاویتی بەنووسینی میشك ئاودەر ، نەك لاپەرەی هیوای هەلگیرایەوە مەمکەکانی سوفیالورین بەرچاو بکەوی .

## هونەری نەمرمان ئەویت

هونەری نەمرمان ئەوی .. لام وایە کاك ساجد نیازی ئەوەبوە بلی : هونەریکی ئاراستەکەرمان ئەویت ، هونەریك بی خزمەتی گەل بکا ، رایچلەکینی ، بوپشەوەی بەری ، گیانی نیشتمانپەروەری پی‌زیادکا ، ئەگینا هونەری نەمر و داواکردنی لـەو سی‌چوار کـەسـەی هەمانـەو هاتونەتە کایەوە و بەحال کەرەسەکانی هونەرو حالو ئەحوالی هونەرە پیشکەوتوەکانی ولاتە پیشکەوتوەکانیان ئەگاتی لـەبەر ئەو کوسپانەی خراوەتە بەر لووتی نەتەوەکەمان ، کاریکی گرانو لەتواناداا نیە .

چونکە میللەتیکی وەکو ئینگلیز کە نزیکەی پەنجا ملیون نفوسیەتی لە ویژەدا یەك دوانیکی وەکو شکسپیریان هەیە کە ئەدەبەکەیان بەنەمر ناو ئەبری یا میللەتیکی وەکو روس کە نزیکەی هەشتا ملیون نفوسیەتی وە لەگەل ئەو هەمو پیشکەوتنەدا کە هیناویانەتە دەس یەك‌دوانیکی وەکو تولستویو غورکی‌یان هەیە کەپیی بوتری ئەدەبەکەیان نەمرە یا میللەتیکی وەکو ئەلمان کە نزیکەی حەفتا ملیون نفوسیەتی دوسی یەکی وەکو بیتهوڤنو وشتراوسی‌یان هەیە کەپیی بلیین موسیقەکانیان نەمرە ، لەپاشا ، ئیمە ئیستا لەو بارەیەداین ئەو چەند هونەرمەندە دەستوپی بەستراوەی هەمانە وایان لی‌بکەین کەهونەرەکانیان تەرخان کەن بوگەل . نەك داوای هونەری نەمریان لی‌بکەین .

سلیمانی : محمد صالح دیلان

# وتار

**ماموستا مصطفى صالح كريم لەژمارەی پیشوی هیوای خوشە ـ ویستدا باسیکی بـەنرخی دارشتوە لـەبابەت نوسینی چیروکـەوە ، لەخویندنەوەی ئەو باسەدا چەند هەڵەیەکم بەرچاو کەوت ، ئەمەوی بەکورتی لەخوارەوە لیی بدویم ، ئومیدم وایە ماموستای بەریز بەسنگیکی فراوانەوە وەری‌بگری وەداوای راست‌کردنەوەی بەهەڵەچونمی لی‌ئەکەم چونکە هەردوولا یەك ئامانجمان هەیە .**

١ ـ ماموستا لەبەشی سی‌یەم لەبابەت چیروکی دریژ ( الروایة ) وە ئەڵی :

« هەر کەخوینەوار لەخویندنەوەی بوەوە شیوەی پاڵەوانەکانی لەیادا بمینیتەوەو شارەزای کون‌و قوژبنی ژیانیان بوبی » .

چی لەم قسەیە تی‌ئەگەیت ؟ ئەوەتی‌ئەگەین کە لەکورتە چیروك ( الاقصوصة )دا وە لـەچیروك ( القصة )دا نابی نوسـەر وابکات کـە خوینەوار شیوەی پاڵەوانەکانی لەیادا بمینی .

بەراستی من ئەم قسەیەم لاسەیرە چونکە گرنگی چیروك ـ هەمو جورە چیروکیك ـ ئەوەیە کەبتوانری وینەی پاڵەوانەکەی بکشری لەناو میشکی خوینەواردا . نوسەری چیروك ئەبی وابکا کە لەناو نوسینەکەیدا بژیت نەك هەر بیخوینیتەوە . سەرنجی لەچیروکەکانی شای‌چیروك‌نوسی کورت ( تشیخوف ) بدە راستی واتەکەمان دەرئەکـەوی ، من داوا لەماموستا ئەکەم کە ( ژانی دل ـ وجع قلب )ی تشیخوف بخوینیتەو با ئەو وەختە وینەی عەرەبانچیەکەی لەیاد بچیتەوە ! دور ناروم داوای لی‌ئەکەم کـە تەماشایەکی چیروکـە کورتەکانی یوسف ادریس یاخود

عبدالرحمن شرقاوی بكات ئەوجا باوینەی پالەوانەكانیان لەیادا نەكیشری !.

٢ ــ ئینجا ماموستا دیتە سەر باسی هونەری نوسینی چیروك لەژمارە ( ٢ ) دا ئەلیت « نوسەری چیروك ئەبی تائەتوانی پاریزگاری چونیتی شەرح و تەحلیلی نەفسیەتی پالەوانەكاتی بیت : ئەمەندەشیان لەسەر نەدوی كەبیان‌كا بە شەخسەپەرو هیچ شتیكی ئەوتو نەهیلیتەوە بو خەیالی خویندەوار چونكە خویندەواریش دلی بەوەوەیە كە لەمالی خوی شتیكی پیوەنی یان لەسەر ئازایەتی پالەوانەكانی یان لەسەر كلولیان یان لەسەر پیاوخراپییان . ئەگەر هاتو وای‌كرد ئەوا ــ چیروكیكی واقعی رووتی هەلمالراو ــ دەرئەچیت » .

لیرەدا لەگەل ماموستا جیاواز ئەبمەوە ئەلیم : ئیمە ناتوانین بەنوسینیك بلیین چیروك ئەگەر بیت و هەمو جورە مەرجیكی تیانەبی كە فەنی چیروك‌ئەیەویت ، چونكە چیروكی واقعیش هەر عەینی مەرجی چیروكی ( غیر واقعي ) لەسەرە بەلام جیاوازی تەنها لەبیرەكەیدا هەیە ، مانای ئەوە نیە كە چیروكی ( واقعی ) فەنی نیە . خویندنەوەیەكی ( شەویكی پایز ــ لیلة خریف )ی گوركی ( زەویە بچكولەی خوا ــ أرض الله الصغیرة )ی ارسكین كالدویل ( شەقامی سردینی ناو قوتو ــ شارع السردینی المعلب )ی جون شتاینبك شایەتی ئەمەن ، بەلام ئەو نوسینانەی كە وینەی واقع ئەكیشن بەبی رازانەوەی ( فنی ) ناتوانین پیان بلین ( چیروكی واقعي هەلمالراو ) وەكو ماموستا ئەلی . بەلكو ئەمانە پیان ئەوتری وینەیەكی ژیان ( صور من الحیاة ) وەكو نوسینەكانی بنت الشاطیء .

٣ ـ له ژمارەی ( ٦ ) دا ئەلی « پیویستە ئەو بیرەی کە نوسەر چاری ئەکات لەچیروکەکەیدا لەقالبی وەعزو حیکمەتا نەبی ، لایەنگیری شتیك و بەرهەلستی شتیکی تر نەکات بە ئاشکرا » بەراستی نازانم چون ماموستا ئەم قسەیەی نوسیوە !؟ نازانم ئەو چیروکی بەچی داناوە ! ئایا چیروك وە هەمو جورە لقەکانی تری ادب ـ یك لەو ریگایانە نیە کە ئیستا نوسەر بیرو باوەری خوی پی‌ئەگەیەنیتە خویندەواران وە بەتایبەتی وەکو خوی ئەلی ( کەچیروك جیگایەکی زور بلندی هەیە ) لەناو ادبدا .

وادیارە ماموستا حەقیقەتیکی زور گرنگی لەبیرکردوە ئەویش ئەوەیە کە پیویستە ئەدیب لایەنگیری بیریك بیت ( ملتزم ) وە ئەبی بەرهەمی هەولی بو پەرە سەندن‌و بلاوکردنەوەی ئەو بیرەبیت . نوسینەکانی جان بول سارتر ـ خاوەنی بیری لایەنگیری ئەدیب ( فکرة التزام الادیب ) وە البیر کامو هـەموی کوکششە بو پەرەسەندن‌و بلاوکردنەوەی فەلسەفـەی وجودی بەئاشکرایی ، لەگەل ئەوەشدا کەس نەی وتوە ( طاعون )ی کامو یاخود ( رشانەوە ـ غثیان )ی سارتر ئیشکی ئەدەبی نیە .

ئەدیب هەر وەکو ماموستا ئەیزانی یەکیکە لەو سەربازانە کە لەگەل ـ بەلکو لەپیشرەودایەو بو گەل هەول ئەدا لە ریگای نوسینەکانیەوە. ئیستا زەمانی‌ئەوە نەماوە کە ئەدیب لەناو کوشکیکی ( عاجی )دا نیشی‌و دوور لەگەلەوە ، یاخود بنوسیت بو کات‌رابواردن . ئەدیب ( ملزم )ە کەلایەن گیری بیریك بکات وە پروپاگاندی بو بکات لەنوسینەکانیدا ، هەر لەبەر ئەم هویەیە کە زورجار ئەبینین نوسەرەکان گوی نادەنە هەندی مەرجی فەنی کە نوسین ئەیەویت بو خاتری بیریکی تایبەتی .

ماموستا ( چیان ) کە یەکیکە لەچیروك نوسەکانی عراق لەگوڤاری ( الغنونی )ی عراقیدا لە وەلامەکەی بو رەخنەگرەکان لەسەر چیروکەکەی ( اطفال الاخرین )دا ئەلیت « زور بەشانازییەوە ئەلیم کە من یەکیکم لەو نوسەرە واقعیانەی کەراستی خوشیو ناخوشی کومەل پیشان ئەدەم بەلام زورجار بوخاتری بیرەکەم فیداکاری ئەکەم بەمەرجی فەنی نوسین وەبیرو باوەری باش سەرئەخەم هەرچەندە لەگەل – منطقی رووداو لـەناو چیروکەکە بەتەواوی ریك ناکەوی لەکوتاییدا بوخوینـدەوارانی هیواو نوسەری ناوبراو گەرمترین سلاو .

بغداد : ئەمیر حویزی

# چیروك

## ١ – قارەمانی ئافرەتیکی کورد . نوسینی ماموستا ا . ب . هەوری :

ئەمە ئەگەرچی ماموستا ناوی ناوە چیروك ، بەلام لیمببوری چیروك نیە بەلکو وتاریکە لەقالبیکی ئەدەبی جوانا رووداویکی رابوردوو ئەگیریتەوە، جەنگی لەنیوانی دوو هوزی کورد دا . زیاتر بەلای نوسینیکی میژوویبدا ئەچی لەوەی بەلای چیروکدا ، بەلام اسلوبی نوسینەکەی زور جوانو دلگیرە ، ئەمەش لەماموستا هەوری‌یەوە دوورنیە شتیکی تازە نییە چونکە ئەو ئەدیبیکی پیگەیشتوەو لەکوری شعردا جیگایەکی بەرزی هەیە ، وە بەهرەی شاعریتی بەئەندازەیەك کاری لی‌کردوە لەپەخشانیشا ( نثر ) و شنەی دەنگدارو پر لە هیزی تەقینەوەو موسیقا بەکار بهینی . ئەوی راستی‌بی مروڤ کە لـە خویندنەوەی ئـەم کارەسـاتە ئەبیتەوە ئاخ هەل‌ئەکیشی بو ئەو ئازایەتیـە کە لەناوماندا هـەیە وەبەفیرو ئەروا یا

ئاراستەی سنگی خومانی ئەکەینەوە . پیش ئەوەی کوتابی بە لیکولینەوەکەم بهینم شتیکی تر لەنوسینەکەی ماموستادا سەرنجی راکیشام ، ئەویش ئەم دیرەیە ( ... دەمو چاویان بە سپیاوی دلتەنگیو خەفەت باری سپیاو کرابوو ) لیرەدا بەلای منەوە سپیاو لەگەل دلتەنگیو خەفەت باری ریك ناکەوی ئینجا نازانم ماموستا ئەلی چی .

**٢ — یەکی لەشەوەکانی گردەکەی سەیوان . بەپی‌نوسی کاك فاضل :**

ئەمەش وەکو چیروکەکەی ماموستا أ . ب . هەوری وایە ، بەجیاوازییەك کە سەرەتاکەی شیوەیەکی رەمزی پیداراوە ، ئەگینا باسەکە خوی لەخویا ، لەگیرانەوەی میژوی ژیانی نیشتمانپەروریکی جوانەمەرگ بی دەستکاریو کەمو کوری ، بەواتە زیاتر ئەچیتە ریزی وتارەوە نەك چیروك . بەلام لەگەل ئەوەشا کە لەخویندنەوەی بومەوە هەستم کرد کە کاك فاضل بەهرەی چیروك نوسینی تیاهەیە ، چونکە لە سەرەتاو ناوئاخنەکەیا جاروبار شیوەی چیروك دەرئەکەوی وە لەو باوەرەدام کە ئەگەر نوسەر نەختی خوی ماندو بکردایە ئەیتوانی ئەم روداوە بکا بە چیروکیکی نەمر . تەنها نوسینی شتیکی روداو با لەقالبیکی ئەدەبی جوانیشا بی نابی بەچیروك چونکە ئەگەر وابی هیچ جیاوازییەك نامینیتەوە لەنیوانی چیروك ووتاردا . بەلام ئەگەر هاتو نوسەر توانی رووداوەکە تیکەل بە هوشی خوی بکاو بەهەوینی خەیالیکی دلسوزی راست هەلی بهینی ، لەپاشا لەچوار چیوەیەکی هونەریدا دای‌ریژی ، ئەوسا بەرهەمەکەی پیی ئەوتری چیروك .

**سلیمانی :** **محرم محمد امین**

# هونراوه

**۱ ــ ئامانجی من ــ هەلبەستی هیمن ( لاپەرره ۳ ) .**

ئەم هەلبەستە ، لەلایەن باری دارشتن‌و ریکخستنی‌یەوە تەواوە ، وشەی جوانی لەشوینی خویا بو خراوەتەکار و لەلایەنی بابەتیشەوە ، کورتە هەلبەستیکی خنجیلانەیە . بەلام لە کەم‌و کووریش بی‌بەش نیە .

ئەوەی کە ئەلی « من کەدیم لەرەی شەپولی شنەی ئالای کوردستان ــ تیکەلاو ئەبی لەگەل جریوەی ئەستیرەی بەیان » خوی نیەو واتاییکی سست ئەگەیینی . لەکوکردنەوەی وشەکانی « لەرەی شەپولی شنەی »دا دەرئەکەوی کە شاعیر ، خوی گوشیوەو بو تەواوکردنی قافیە ، ئەم سی وشەیەی پیکەوە لکاندوە ، کە ئەیتوانی تەنیا یەکیکیان دابنی ، ئەمە یەك . دوهەم بوچی لەرەی ئالای کوردستان تیکەلاو بەجریوەی ئەستیرە ببی‌و ئاویتەی گرنگی هەتاو نەبی ؟.. راهاتن وایە کە ئالا ، لە خورئاوابونا داگیریت و بەیانیان لەگەل هەتاو کەوتنا ــ ئەوکاتەی ئەستیرەکان لەجریوە ئەکەون ــ هەلبکریتەوە . ئەمە بو ئالای نیشتەجی و دامەزراو ، بەلام ئالای شالاو (۱) و مەیدانداری ، ئەوەی کە شەوەکی لەپیش روژبونەوەدا ئەخریتە ری ، ئەوە ( شەپولی شنەی ) نابی کە بریتی‌یە لە جولانەوەییکی هیمنی لەسەر خو ، بەلکو لەبەر گوررو تەوژمی پەلاماردەرەکان ، شنەکەی ئەبیتە گیژەلووکەییکی سەخت‌و لەرینەوەکەی گفەو هاژەی خیرایی لیوە دی .

---

**۱ ــ شالاو = هەلمەت‌و پەلامارە ، وشەی هیرش کە زورکەس بەکاری ئەهینی کوردی نیە و بنیچەکەی وشەی ( یورش )ی تورکی‌یە کەواتە هەلکوتانە سەر .** **ــ ن ــ**

بەکورتی ، سەرجەم شیعرەکە ، نەرمونیانو ( شاعیرانەیەو کەمتر بونی گوررو جولانەوەییکی بەتینی لی دی ) .

بەلام لەسەریکی ترەوە کە ئەلی « قاسپەی کەوی کەژ ، بەرامبەر نزار ، بەرز ئەبیتەوە » لیکدانەوەییکی جوانەو لەجیی خویایەتی ، چونکو کەو لە بەیانی زوا ، بەرەو لوتکە بەرزەکان ئەکەویتە قونەو خوی ئەگەیینیتە سەر پوپەی رەوەزیکی بەرز و ئنجا بەرامبەر نزارە خەوالووەکەی ئەوبەر ، دەست ئەکا بەقاسپە قاسپو شاخو ماهـەکانی دەوروپشتیشی بـە دەنگدانەوە ، هاوکاری ئەم نویژە بەیانیانەی ئەکەن !!. ئەمەیان هونەریکی بیرو ریکخستنەو تیایا سەرکەوتوە . ئەگەر هەر لەم شوینەدا بیوتایە ( قاسپەی کەو لەنزاری شاخ بەرز ئەبیتەوە ) ئەم تامەی ئیستای نەئەبو و شارەزاییەکەی هەیەتی ئەشار رایەوە .

**٢ ـ بام وابی ـ لەلایەن « مەدهوش »ەوە ( لاپەررە ١٨ )**

من دان بەوەدا ئەنیم کە هەموجاری بەخویندنەوەی ریکخراوەکانی کاك مەدهوش دلم ئەکریتەوە و پیم‌خوشە ناوبەناو ئەم چەشنە ریکخراوانە، لە چاپەمەنی‌یەکانا جی بکریتەوە ، چونکو ئـەم بابەتەش چیریکی ـ تایبەتی‌ی‌هەیە .

من ئەزانم ، ئەخنەگریك ، کە بەدوای شیعری تەواوی لەهومو سەریکەوە تەواوا ئەگەرری ، بکەویتـە توی توی کردنی نوسینەکانی مەدهوش ، هـەر لەپاش چاوپیاخشاندنو خیسەییك ، بەبی سیو دو قەلەمیکی راستو چەپی بەسەرا ئەهینیو لیی ئەگەرری . کەچی من وانالیم . نوسینەکانی مەدهوش لەگەل شیعری گورانا هەلناسەنگینم . ریکخراوەکانی مەدهوش شتیکی تایبەتی‌یە ، پیرەمیردیکی کونـە سالی

چاکەت‌و پانتول لەبەری شەیقە بەسەرە کە بەجوتی چاوی وردو کزی ژێر چاویلکەکەی تیت هەل ئەروانی‌و هەر کە دەمی هەلینایەوە ، بە سەر هاتی پەژارەکانی دمدم‌و قەلاچالان‌و باتاست بو ئەگیریتەوە . ئیتر لە سەفەربەرو شەررە جیهانی‌یەکەی دوایی‌و دەنگ‌و باسی‌چەرخی بیستەم تەقەی سەری دی . . . جا ئەگەر لەکاتی بی‌ئیشی‌دا بورابواردن و زاخاوی میشك توزی گویی بو شل‌کەیت ، ورتە ورتەکەی سوکە نەشەییکت ئەداتی کە بوپشوییکی کورت بزەت ئەخاتە سەرلیو و فینکت ئەکاتەوە ، گوی بگرە ئەلی : « دنیا هەر خەم‌و ناخوشی نیە » چونکو « دلخوشکەرەییك هەر دەست ئەکەوی » منیش بویە « فیری سکالاو فرمیسکی چاو نیم » و لەسایەی خوایشەوە « ئەم قسانەشمان سەرخوشی نیە !! » .

هەر خوش‌بی کاك مەدهوش بو خوت‌و ( بام وابی ) ت . بەلام نەمزانی بام وابی هەررەشەیەو ئاراستەی یەکیکی ئەکەی ، یاخو مەبەستت ئەوەیە کە ( بام دنیا کەمان وابی باشە ) ؟ واتا کەی لای خوتە .

**٣ — ساتی بەختیاری — دلزار . ( لاپەررە ٦٥ )**

کاك دلزار ، یەکیکە لەو هونەرە ناسراوانەی کە لەدەمیکەوە بەرهەمەکانی خوی بەهوی روژنامەو گوڤارەکوردی‌یە کانمانەوە بلاو ئەکاتەوەو خویندەوارەکانیشی هەر کەسە بەپی‌ی بیروڕای خوی لی‌یان دواوە . هەلبەستی ئەمجارەی ناوی ( ساتی بەختیاری )یە . کاك دلزار لەپیشەوە بە وتەی « چەن جوانە سیبەری راکشاوی چنار — لەسەر فەرشی چیمەنی روخی جوبار »ە کەی دیمەنیکی دلخوام دینیتە بەر چاو و ئنجا بانگی خوشەویستەکەی ئەکاو ئەلی « لەم خاکە پاکە خوشە

بی‌خەوشە شیرین ـ بی دوبەدو کەمی دور لە خەم دانیشین » واتا کاك دلزار کە لەخەم‌و پەژارەی ئەم دنیا کونە بی وەفایە ماندو بوە ، ئەیەوی توزی بحەسیتەوە و زاخاوی میشك‌و لەش‌بداتەوە . لای‌وایە ئەم پشوی حەسانەوەیە ، یا ئەم حەسانەوە یەکجاری‌یەی ( ساتی بەختیاری )یە ... گوایا ئەمە بیرو رای ئەمروی کاك دلزارە کە حەسانەوەو دانیشتنی روخی جویبارو نوقوم بون لەدەریا قوولەکەی دلداری‌دا بە تەختی بەختیاری ئەزانی ، کەچی هەندی کەسیش لایان وایە بەختیاری لەتیکوشانایەو حەسانەوە بەمردن دائەنین .

لەبەر ئەمە ، لەپیوانی بەرزو نزمی‌و سوك‌و سەنگینی‌ی هەلبەستەکەی ئەگەریین ، چونکو کاك دلزار خوی دەری برریوە کە ماندو بوە ، پیاوی ماندوش لی‌پرسینەوەی رەوا نیە ، هیوا دارین کاك دلزار زو بحەسیتەوەو دوای ئەوەی لە سەر تەختی بەختیاری تیرخەو بوو ، پارچە شیعری تری ئەوتوی لی ببینین کە شایانی لیکولینەوە بی .

**٤ ـ لەهونراوەی کامەران . ( لاپەررە ٧٢ )**

زور لەم کورتە هەلبەستە ( بالابست ) انە توورەم ، بەتایبەتی کە دیمە سەر لیکولینەوەیان ، ئەگینا بو خویندنەوەی تەنیایی خوم هەرچونی بی ئەیخوینمەوە و نقە ناکەم ... دەفەرمون تەماشاییکی ئەم سی دیرەررە شیعرەی کامەران بکەن کەهیچ ناویکی لی نەنراوە ... گومانم نیە کە هاتیتە سەر خویندنەوەی و دەستت پی‌کرد ، لەپرر دەروازەییکی هەست‌و هان ئەکریتەوەو گیژەلووکەییکی زور بەتەوژم خوی ئەدا بە میشکتاو ورت ئەکا ، چاوت پرر ئەکاتەوە ، سەروپوتەلاکت ئەئالوزکینی‌و

هەناسەت سوار ئەکا . کەچی ئەوەندەی بلی‌ی یەکو دو ، ئەبریتەوەو هیچ نامینی !! لەدوای حەپەسان کە ئەبینی هەر لەشوینەکەی خوتی‌و شت نەقەوماوە ، دەستی بە سەرو ریشتا ئەهینی‌و ئنجا ئەگەر ئارەزوی ڤیروسیات بوو ، ئەوە جاریکی تریش ناوی خوای لی‌ئەهینی‌و ئەچیتەوە بەگژ خویندنەوەیا ، بەلام ئەبینی ئەمجارە گیژەلوکەکەی رەشەباییکە بو سی‌هەم جار لیت ئەبیتە شنەییکی دلگیر !!

ئەم جورە نوسینانە ، زیاتر لەو دەنك ( حەب )ە دەرمانانە ئەچی کە گوایا چـەند هیلکە یا جامی شیری گامیش مەغزەکەی خـەست ئەکەنەوەو ئەیکەنە دەنکیك ، ئیتر هەر کە قووتت دا ، وەکو کیلویەك گوشتت خواردبی یا دە دانە هیلکەت قوت دابی وایە و پی‌ی تیر ئەبی ، کەچی نەزمانت پی‌ی زانیوەو نە ورگت !!

برروانە ئەم تاکە شیعرە هەتیوەی کامەران نەهیچی لەپیشەوەیەو نە هیچی بەدوادا دی ، ئەلی : « مەچەك کەلەپچەی بەزان بەجاری — ئەگەرچی خوینی پیا دیتە خواری » ! دەسا چاوبنوقینەو میشك بخەرە کار و بیرت کو بکەرەوە ، ئەوە چی شیعر ئەخوینیتەوە و ئەتەوی تی‌ی بگـەی !!

وا هاتوە بەسەرما ، ئەگەر منالەکانم داوای شیعری کوردی‌یان لی‌کردم لی‌یان بپرسم : شیعری رابواردنت ئەوی یا هی ئەشکنجەی میشك ؟

کارتان راست‌بی شاعیرەکانی چەرخی ئەتوم .

**سلیمانی :** **ناکام**

# قسەی فینك

**موچەخور دیارە :**

لوری‌یەکی گەورە لای لیژنەییك بوریەی ئاسنی گەورە وەستاو چەند کریکاریکی لی‌دابەزی‌و دەستیان‌کرد بەبارکردنی بوریە ئاسنەکان . پولیسی نوبەچی چاوی لیبو ، هەمویانی گرت‌و دانیە پیش بو دادگا . کاتی حاکم لەپولیسەکەی پرسی « تو چونت زانی ئەمانە کریکاری میری نین‌و دزن ؟ » لەوەلاما وتی « قوربان خاوە خاو و لەگامی موچەخور دیارە !!. ئەمانە زور خیراو دلسوزانە هەلئەسووران .

**یارمـــەتی :**

ژن‌و میردیك لەئەمەریکا ئەم ئاگاداری‌یەیان لەروژ نامەیەکدا بلاو کردەوە « ئیمە سی‌کوررمان هەیە ، حەز ئەکەین کچیکیش‌مان ببی ، کی پیشنیاری هەیە لەم بابەتەوە سوپاسی ئەکەین » پاش ماوەیك کابرایەکی ئینگلیز بوی نوسین « هەر خەریك بن بەلکو ... » . یەکیکی کەنەدایی بوی نوسین « پرسی دکتور بکەن » بەلام پیاویکی فەرەنسایی بوی نوسین « ئامادەم بو یارمەتیتان !! » .

**ئەوی تری خوت ئەیزانی :**

خانمیکی زور خانەدانی بەناوبانگ ، لەتەمەنی ٨٠ سالیدا کەوتە گیانەلا ، کاتی قەشە هاتە ژور سەری کە دان بەگوناهەکانیا بنی ، خانم

وتی : ـ بابه من گەنج بووم ، زوریش جوان بووم .. ئەویش هەر جوان بوو ، ئیتر ئەوی تری خوت ئەیزانی .

## خویان یەکتری باش ئەناسن :

لەهەلبژاردنی ئەم دواییەیە بو سەرکوماری ئەمریکا ، یەکیك لە هاوریکانی ستیڤنسن دلخوشی ئەدایەوەو پی وت :

ـ دلنیابە گەورەم ، هەرچی پیاوی دلپاکو بەناموسی ئەمریکا هەیە دەنگت بوئەدەن .

ستیڤنسن وتی :

ـ ئاخر من ئەمەوی بەشی زوری خەلکی دەنگم بوبدات !.

## پوزشتی بەجی

جاریك لەپارلەمانی بەریتانیادا ، یەکیك لە وەزیرەکان شالاویکی خراپ ئەباتە سەر یەکی لە نوینەرەکان ، کابرای نوینەر زور توورە ئەبیو هیچ دەسەلاتی نابی پەلاماری شەپقەی وەزیرەکە ئەداتو بەلەقەوە ئەچیتە سەری . هەمو نوینەرەکان بەم کردەوەیە توورە ئەبن . سەروکی پارلەمان داوا لەو نوینەرە ئەکات کە ئەبی پوزشت بهینیتەوە .

کابراش هەلئەستیتە پیو بەکزیکەوە ئەلی : « زور پەروشم کە کەللەی جەنابی وەزیر لەناو شەپقەکەدا نەبو !! » ..

# چوارده‌ی گه‌لاویژ

هیمن

له‌گـه‌ل گزنگی ده‌می ئاسـودا
ئالای شـورشی عیراق هـه‌لکرا
چریکه‌و نه‌رره‌ی شوررش گیرره‌کان
بلند ئه‌بوه‌وه‌و ئه‌گـه‌ییه ئاسمان
سه‌ربازی سوپا جـه‌ربه‌زه‌و دلیر
له‌گـه‌ل گه‌نجانا ئازاتر له‌شـیر
هیرشیان ئه‌برد بو باره‌گای نه‌نگ
ئه‌وه‌ی خائن‌بوو بو سزاو بوپه‌نگ
په‌تی توله‌یان ئه‌کرایه گـه‌ردن
به‌نووکی سونی کوت‌کوتو ئه‌نجن
ئه‌کران‌و ئه‌بران بو شـه‌قام‌و ری
بو ناو بلیسه‌ی ئاگرو ، ژیر پی

* * *

به‌لی دوینی‌بوو چوارده‌ی گه‌لاویژ
که‌گه‌ل سه‌لمانی بو به‌ره‌ی خوین ریژ
سالمـانی : ئه‌وه‌ی بژی بو ژیان
سوزیی روشن‌و پاشـه روژی جوان
ته‌نها بو ئه‌وه‌و ئه‌بی ئازاد بی
ئه‌بی ژیانی به‌ختیارو شـاد بی

دوینی بەیانی لەگەل شەبەقدا
بانگی سەربەستی‌و ئازادی درا
دەبا مژدە بی لە ئایزینهـەوەر
لە مەکمیلانو دیغولی بی‌فەرر
ئەو پارچە زەویەی جیی پیلانیان بوو
ئەمررو هی گەلەو لەدەس ئەوان چوو
ئەو کانی زیررو نەوتو بەرهەمەی
تالانیان ئەکرد لەهی ئەو گەلەی
بالی بەرنجیر شەتەك درا بوو
پەنجەی ستەمی لەبین نرا بوو
ئەمرو سەراپا سەندرانەوە
لەقوورگی نەهەنگ دەرهینرانەوە
ئەو دەستەی کەوا چەپلەی لی‌ئەدا
بو بەرەی شەررو پەیمانی بەغا
بو بەکوتەرەی رەش‌و خولەمیش
گلینەی چاوی زوری خستە ئیش

❋ ❋ ❋

گەلی بەئارام گەلی قارەمان
زورت دی بەندی‌و تالانو زیان
هەموی دوینی‌بو بەرزلی مەزن
وتی ئازادی ، بەلام کە دوژمن

زانی ئـــەمانـــە ئازادی خواهن

خاوەنی بیرو رەوشتی چـاکن

بەشالاوی چـەك بە بومبوردومان

وەکو گەلای‌دار لاشـــەی ئەوەران

هـــەزاران لاوی چـالاکو ئازا

لەسەر شەقام‌و لەچـــەقی ریگا ..

ئەبون بەقوربان شریخەی توفەنگ

یا بەکیش ئەکران بو زیندانی تەنگ

قەنارەو یەتیان بو هەلئەخستن

تەوقی کوشتنیان ئەکرایە گەردن

چوار قارەمانی چـابوك دلاوەر

چوار ئەفسەری کورد نەبەز جەنگاوەر

قودسیی دلیرو خوشناوی چالاك

خەیراللەو عیزەت ، شەهیدانی پاك

کرانـــە قوچی قوربـــانی ولات

بونە پیخورو هـــەوینی خـــەبات

دەك لال‌بم ئەمرو نەیان دی : دوژمن

پەتی تولەیان پیچرایە گـــەردن

(( ماویتی ))

# شورشەکەی عیراق

لەبەیانی روژی ١٤ گەلاویژی ١٩٥٨ دا ، شریخەی توفەنگو چەکی هەمەرەنگ ، شاری بەغای لەخەو راپەرران .

هیندەی پی نەچو لەئیستگەی رادیوی بەغـدادەوە دەنگیکی نیر بەرزبوەوە : « گـەلی عیراقی قارەمان توانی بەسـەر زورو سـتەما سەرکەویت » هـەروەها هـەوالی شوررشی سـوپاو لابردنی شایەتی ( ملکیە )و دامەزراندنی جمهوریەتی بلاوکردەوە . بەبیستنی ئەم هەوالە خوشە دانیشتوانی شار روەو شەقامەکان کشان ، بینیان وا سوپاو سەرباز شـەقامـەکانی پررکردوەو کولان بەکولان ئەگـەرین بوگرتنی تاوانبارەکان .

لیرەدا جەماهیری تیکوشەر تیکەلاو بەبرا سەر بازەکانیان بوونو دەستیان کردە ملی یەکو ناوچەوانی یەکتریان ماچ ئەکردو قول لەقولدا ئەکشان بەسەر شەقامەکانداو هاواریان ئەکرد : « بژی سوپای مەزن ، بژی گەلی قارەمان ، بژی جمهوریەتی عیراق ، زالیو سەرکەوتن بوگەلە ، مردن بو تاوانبارەکانە » بەلی بەم جورە ئەوەی چەندەها سالە لەسنگی خەلکیدا پەنگ ئەخواتەوە ، ئەمرو بە سەربەستی دەریان ئەبرری .

ئاوا جەماهیرو سوپای مەزن تیکەلاو بوونو بەناو بەغدادا بەسواری دەبابەو ئوتوموبیلی رازاوە بەشیعاری نیشتمانیـەوەو بەپی ئەگەررانو دەنگی گەلو تەقەی گولەی شادی تیکـەلاو ئەبوو موسیقای ئازادیان لیپیك ئەهات .

# لاشەی تاوان بارەکان

که هـــەلیان کوتایە ســـەر کوشکو بارەگاو مالی تاوان بارەکان ، هەندیکیان نەیانئەویست خویان بدەن بەدەستەوە بویە لولەی رەشاشیان تیکردنو لەحەوسەلان راستیان کردنەوە . لەمانە فیصلی زولو وصی چەپخونو هەتیوەکەی نوری سەعیدی خائنو دەستوپیوەنەکانیان هەر هەر ئەو کاتە کوژرانو لاشەی هەندیکیان وەکو سەگ پەتکراو بەسەر شەقامەکاندا رایان ئەکیشان و بە توفو لەعنەت رەجمیان ئەکردنو انجا ئەبران بو سوتاندن ..

# کوردەکان لە بەغداد

لیرەدا کوردەکانیش دەوری خویان بینی . هەر بەبیستنی هەوالی جمهوربەتو شورش ، ئەمانیش راپەرینو شیعاریکی گەورەیان نوســی ( الشعب الكردی یؤید الجمهورية العراقية ) بەم شیعارەوە و بەشیزوریان بەبەرگی کوردیەوە بەشەقامە کاندا ئەگەررانو هاوریان ئەکرد بژی سوپاو گەل ، بژی پیشەوای عەرەب سەروك جمال عبدالناصر ، بژی پیشەوای کورد جەنەرال مصطفی بەرزانی ، بژی برایەتی کوردو عەرەب ... هتد

بەم جورە تا نیوەرو شەقامەکانی بەغداد جمەی ئەهات تا هەوالی قەدەغەی هاتوچو کردن بلاوکرایەوە انجا هەریەك روەو جیگای خوی بوە وەو دەم بەپیکەنینەوە جەژنە پیروزەیان لەیەك ئەکردو چاوەروانی هەوالی تربوون .

# سەرشوڕرەکان

کانی نیشتمانپەروەر ، برای کوردی تیکوشەر ، ئالەم کاتە ناسکەدا زور شتی سەیر ئەکریت !. زور شتی وائەکریت کە ئەبیتە هوی پیشخواردنەوەو ناکوکی !. بەلام تو ئەبی هوشیاربیتو ریگەی هیچ دەس دریژیەك نەدەیت .

بەلی لەم کاتەدا زور لەئینتهازیەکان .. ئەوانەی کەدوینی سەریان شوڕر ئەکرد بو دوژمن ، ئەوانەی کە دوینی ئەچەمانەوە بو خائنەکان ، ئەوانەی کە دوینی بە شەپازلەیەك راستی براکانیان ئەخستە بەر دەمی درندەکان ، ئەوانەی کە دوینی کرنوشیان ئەبرد بو بەکریگیراوەکان ... ئەمرو بەهەلی ئەزانن و دینەوە پیشەوەو سنگیان دەر ئەپەرینن‌و تا تو جاریك ئەلییت فلان شت .. ئەوان هەزارجاری ئەلینەوە ، بەلام نەکەی شوینیان کەویت‌و ! بویان بدەیت لەچەپلە .. من نالیم یەکسەر بدە بەروویاناو بیدەنگیان کە ، نەء .. بەلکو ئەلیم دەخلیت بم نەکەی جلەویان بدەیتەوە دەست‌و بییان هینیتەوە سەرشار !!. چونکە ئەمررو پیویستمان بەتیکوشەرە دکسوزە وریاکانە بو جلەو دانە دەستیان . بوئەوەی بەهەلەدا نەبرینەوەو دوژمن زەفەرمان پی‌بەریتەوە .. لەدوایشدا ئەگەر لیمان پرسینەوە بوچی واتان کرد ، لەوەلامدا بلین « هەلەمان کردو دانی پیا ئەنیین ! » بەلام : لەدوای باران کەپەنك .

---

**محامی رشید تالەبانی**

ئامادەیە بو بینینی هەمو جورە دەعوایەك لەکویسنجاق‌و دەرەوەی .

# وریایی

برای کورد : پیروزبی ئەم روژە شادە بەختیارە ، ئەمرو ئەوروژەیە کە لەدەمیکەوە چاوەروانی بووین ، بەلی ئاواتی نزیکمان هاتە دیو عیراقی خوشەویست ئازاد بو ، ئاواتی دور یشمان کە ( ئازادی هەمو کوردستانەو انجا هەمو جیهان ) بیگومان ئەویش نزیکەو پرشنگی روژمان لەئاسووە دیارە . جاتو ئەی برای کورد : لەم کاتە گرنگەدا پیویستیەکی گەورەت لەسەرەو ئەبی هوشیار بیتو هەرچاویکت بکەیت بەهەزار بو بەربەستکردنی تاوان بارەکان . ئەبی قولکەیت بەقولی برا عەرەبە ئازادەکانتاو شان بەشانیان تیبکوشیت بو دەرهینانی رەگو ریشەی ئیمپریالیزمی چەپەل . ئیتر ئەم روژە بەختیارە لەهەمو لایەك پیروز بیو هەر بژین .

# شتی سەیر !

❋ لەوکاتەدا کەهەلیان کوتایە سەر مالی نوری سعیدی خائن ، ئەفسەریکی دلیر پەلاماری هەتیوە کەی نوری ( صباح )ی داو مستەکولەیەکی گەیانە قەپوزی خوین هاتەخواری . صباح راست بوەوەو بەسەرسامیەکەوە وتی ( لك های شتسوی !! مو طلع دم من حلگی !! )

❋ کە رادیوی بەغا ( ١٠٠٠٠ ) دینارەکەی ئامادە کرد بو ئەوکەسەی کە کاربەدەستان ئاگادار بکات لەو جیگەیەی نوری سعیدی رورەش خوی تیا حەشار داوە .. یەکیك وتی دوورنیە ئیستا ئەو رورەشە بچیت جیگاکەی خویان پیبلیت بو ئەوەی دەهەزار دینارەکە وەرگریت !!.

# سرودی سەرکەوتن

**کامەران**

ئەی مەلی وردیلەی دەنگ خوش      بوم‌بلـی ئـاواز‌ی بـەجـوش
ئاوازی بی هی خوین‌رشتن      نەغمەی ئازادی‌و سەرکەوتن
بەستەی گەرم وەکو هەتاو      هی هەلپەرکی کورری خویناو
بەستە گیان‌و دل هی‌دەروون      شیعری ئەوانەی سەرکەوتون
شیعری‌بی ئاگراوی بی      وەك چنگی گەل خویناوی‌بی
وەك قینی دل جوشی تیابی      یادی تال‌و خوشی تیابی
باسی روژانی جاران بی      هی تاریکایی زیندان بی

---

* که رادیوی بەغداد هەوالی گرتن‌و کوشتنی سەگە پیرەکەی ئیمپریالیزم نوری سعیدی گورربەگورری بلاو کردەوە . شاری بەغداد وەکو بووکان هاتە جولەو هەریەك لەئاستی خویەوە هەلئەپەرری‌و هەلهەلەو قریوەی شادی ئەگەییە کەشکەلانی فەلەك .

* روژی دوای گرتنەکەی نوری، خائن ، رادیوی بەغداد وتی ئەو بی‌غیرەتە بەجلی ژنانەو عەباو پەچەوە گیراوە ... بەدوای ئەم هەوالەدا گورانی ( یم العبایة )ی بولیدا .

---

**سەرنج : ئەم ژمارەیە تا مەلزەمەی شەشەمی لەپیش شورشە مەزنەکەی گەلی عیراقدا چاپکراوە . هیوامان وایە لەمەودوا نوسەرە بەریزەکان نوکی پینوسە ئازادەکەیان بخەنە کار .**

ئەی باڵداری وردیلانە   ڕوژی بوو ئەم نیشتمانە
مەزاتخانەی لەش و گیان بوو   بازاڕی خەم و گریان بوو
هەر قژ بو ڕەش خورمایی زەرد   لەسەر شان و ملی بێگەرد
بەفرمیسکی ئاڵی خوێنسین   ئەلکا بەگەردنا خەمگین
چاوەنواڕی کچولەی شەنگ   ئەرژایە تاو زیندانی تەنگ
بەشمان دارکاری بو لیدان   موچەمان تف جنێو پیدان
قامچی لەسەر پشتی زامدار   ئەیزیڕران بابمری زووردار
لەبەر زیندانەکانا ژن   بەریز هەروەکو میگەل بن
یاساولیك و تف و دار   ئەی هینانە گریە و هاوار
( بەزەیی لەچاوی دوژمن   تورابو وەکو ئیستەی من )
بوسەردانی پارەپەرست   بواریان نەئەداین بەبەست
لەڕومەتی ناسکولەی ئاڵ   لەبەر گەردنی زەردی کاڵ
لەدەم ... لیرەیان دروست کرد   خوێن و شادی و ئارامیان برد
بزەیان لەدمی ساوا   ورشە لەناو قژی خاوا
خەندەی گەشی خوشەویستی   زورشت کەدوژمنمان ویستی
ئەیان دزی ئەیان مران   خەویان لەپیلو ئەتوران
لانکەیان ئەنایە دەریای   خەفەتی ژیان سزای
قرمە قرمی گوللەی لەپرد   گرمەی بومبای زەمین هەلدرر
زور دلی کرد بەقوربانی   ئیستعمارو نوکەرانی
نەبەخوین نەشتی دەگمەن   نەسامان و پیتی وەتەن

تیرخواردنیان بو نەبو هــــەر — خوین مژتر بون لەجانــەوەر
سیبەری ســیدارەو هیپەت — لەسەر روو نەخشی بو خەتخەت
ئاسمانیش هــــەر رەنگی لیلبو — ئەستیرەش لای من هەر ویل بو
گول لــــەلام گــەشــی تیــانەبو — هــەر لــەگولی بەردین ئــەچو
بــەلام ئــەمرو کــە ئازادین — ئنجا ئــەزانم چی ئــەژین
ئەســتیرە وەکو زینــدو بن — لــەناو ئاســــمانیکــا بی بن
یاری ئــەکــەن ئــەجــریوینن — جوانترین دیمــــەن ئــەنوینن
گولیش ئــەلیی پــەررەکانی — لیی نوسراوە « کامەرانی »
جاران رەنگی چیا ئال بو — ئامی ژیانی گــەل تــال بو
هــەر زرەی زنجیربو ئەهات — زیندانی بو یەکســەر ولات
خویناو جوگــەلــەی ئەبەست — کەلەپچە مەچەکی ئەگــەست
لــە تاریکایی زینــــــدانــا — لــەگــــــەل زنجیری گــرانا
ئەژیاین و دلـــــان پرلــەقین — بو روژیکــی وا ئاگـــــرین
دەمی بیری تولــەســــــەندن — تاوی خولیای خویناو رشتن
یا سائی لــەچاوی خــــەیال — ئەمــان دی نیشتمانــی ئــال
بەهــــەرشتە جوانــە رازاوە — بــەگول بەنیگــار نەخشــاوە
پررە لــەخواردنی بــــــەتام — ئاوابو ئاژیاین بو ئەنجـــام

**ماویتی**

# بروسکەو نامە

**بەبونەی شورشە پیروزەکەی سوپای گەلی عیراقی مەزنەوە هەندی بروسکەو نامەمان بوهاتوە ، وا لیرەدا ئەیانخەینە بەرچاو :**

* شورشی چواردەی گەلاویژ جەزرەبەیەکی پشتشکینی سرەوانە ئیستعمار و کونەپەرستی .

بەناوی نوسەرو شاعیرانی ئازادی خوازی کوردەوە پیروزبایی ئەم هەنگاوی قارەمانانەیە ئەکەین . پرر هیواین شورشی چواردە نوخشەی تیکوشانیکی بی‌کولدان بی بو رزگاری‌و بەختیاری گەلی کوردو عەرەب .

بژی بەربەرەکانی نەتەوەی کوردو عەرەب بەرامبەر ئیمپریالیزم‌و پیلانەکانی .

بژی جەمهوریەتی عیراق . جەمهوریەتی کوردو عەرەب .

بژی برایەتی کوردو عەرەب لەپیناوی رزگارکردنی نیشتیمانی هەردو لادا . « جەمال نەبەز ، محمد توفیق وردی ، کامەران ، ئەورەحمان نورجان ، مستەفا نەریمان ، محمد حەسەن » .

* ئەنجومەنی بەریوەبەرانی کوماری عیراقی بەریز :

کومەلی ئاوازی کوردی‌و ئەندامەکانی ، ئەوپەرری خوشی‌و کامەرانی پیشان ئەدا بەرامبەر شورشە گەورە پیروزەکەتان ، کە بوبەهوی روخاندنی ئیمپریالیزم‌و سەرپانکردنەوەی کلکە بوگەنەکانی . ئیتر هەربژین لەریی سەربەستی‌و ئازادی گەلدا .

حافظ مصطفی قاضی
ئەندامی کومەلی بەریوەبەرانی کومەلی
ئاوازی کوردی لەجیاتی ٥٠ ئیمزا

## ئوتيلى سيروان

ئەم ئوتيله تازه كراوەتەوه لەبەغداد لەسەر شەقامى امين ، هەتا بلييت پاكو تەميزەو فينكو خوشه . نزيكى ناوبازاررو دوائرى ميريه ، نرخيشى هەرزانه ، زور بەخزمەتن ، ئەگەر هاتيته بەغداد دياره هەر ئەچيته ئەوى . خاوەنەكانيشى : كاكه حەمەى دەرويش كەريمو كاك نەشئەت .

## ئابونــه

براى كوردى بەريز ، ئەوا سالى هيوا تازه بوەوەو تكايه توش ئابونەكەت لەبير نەچيت .

## نەقلياتى شـــەرق

ئەم نەقلياته زور گورجوگولن لەگواستنەوەى شتومەكدا لەبەينى بغداد — كركوك — سليمانيدا . ژمارەى تەلەفونەكەيشيان ٨٥٣٢٣ يه .

## پوزشت

لەبەر بىجيگايى هەندى شتمان نەتوانى بلاوكەينەوه لەم ژمارەيەدا وەك لابردنى هەنديك لەبەشى « لەژمارەى پيشودا » هەروەها پاشماوەى هونراوەكەى كامەرانيشمان دا بەگوڤارى شەق . تكاى لىبوردنمان هەيه .

## گوڤارى شەفەق

لەبەر فرمان زورى چاپخانەكان ، گوڤارى شەفەق چەند روژيك دوائەكەويت ، ئوميد هەيه لەهەفتەى داهاتودا راپەرينريت .



بشرة الاطفال
شديدة الحسّاسيّة
حافظوا على اجسامهم
باستعمال
صابون
هناء
هناء
انتاج شركة استخراج الزيوت النباتية (شركة مساهمة)

# شورش

لەگەل گزنگی دەمی ئاسودا
ئالای شورشی عیراق هەلکرا
چریکەو نەررەی شورش گیرەکان
بلند ئەبوەوەو ئەگەییە ئاسمان
سەربازی سوپا جەربەزەو دلیر
لەگەل گەنجاندا ئازاتر لەشیر
هیرشیان ئەبرد بو بارەگای نەنگ
ئەوەی خائن بوو ئەکوژرا بوپەنگ

چاپخانەی نەجاح
ژمارەی تەلەفون ٨٣٥٦١

# گۆڤـاری هیوا

## ژماره ٢ ساڵی ٢ ئابی ١٩٥٨


ژمارەی ٧ سالی ٢
ژمارەی شۆرش

# ناوو نیشانی هیوا

بەغداد شەقامی زەهاوی یانەی سەرکەوتن

تەلەفون ٢٨٤٠٥

---

خاوەنی ئیمتیاز یانەی سەرکەوتن

مودیری مەسئوول : حافظ مصطفی قاضی

---

—( ئابوونە )—

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونە بو دەرەوەی عراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابوونەی سالیـکی لەعرقدا | ٠٠٠ | ١ |
| بو قوتابی | ٧٥٠ | ٠ |
| دانەی بە | ١٠٠ | فلسە |

---

پارەی ئابوونە پیشەکی ئەدریت

وە بەم ناونیشانە ئەنیریت

بغداد : الصالحية ٤٠ب/٨٤


( حافظ مصطفی قاضی )

# هیــــوا

گوڤاریکه بوبەختیاریو بەرزکردنەوەی پلەیزانیاریت تەرخانکراوه

ژمارەی ـ ٢ ـ سال ـ ٢ ـ خەرمانان ـ آب ـ ١٩٥٨ م ـ ٢٥٧٠ ك

## ئەدەبی کوردی لەشوررشدا




ئـەدەبی کوردی تـاکو ئیستاش ماویتی که بەتەواوی بچینه ناوجـەرگەی روداوی ئاشکراو بەسەرهاتی راستو بیپیچوپەنا ( واقع )ەوه . تاکو ئیستاش لـەرومانسیتی پاك نەبوتەوه .

لــەم روژەدا کــه پینووسەکانمان ئازادەو بومان هەیه بەئارەزووی مـەبەست هەلیسووررینین ،کەچی هیشتا هەیه (( بو ئیمپریالیزم ـ کونـەپەرو ، بو زوروستەم ـ رەشــەبا ، بو بەندیخانه ـ قەفــەس ، وه لەجیاتی گەل ـ بلبــل )) دا ئەنیو بــەکار ئەهینیت !.

لەپیشەکی ژمارەی پیشوودا وتمان :

ژیان شتیکی وەستاو و وشکنیه ، روژلەدوای روژو کات لەدوای

**گات لەگۆرران‌و پیشکەوتندایە ، چونکە مروف گیان‌لەبەریکی زرنگ‌و هوشیارەو هەمیشە لەکنەوەدایە بو سبەینی‌ی روناك‌و سوزیی بەرزتر .**


**باشە ئیمەش لەسەر ئەم تیبینیە : دوینی مەچەکمان جەرراوی زنجیرو هوشمان گوشراوی زوروستەم ( ارهاب )و پینوسمان کولی قەدەغــەی سەربەستی بوو .. جیگای لومــە نەبووین کــە لەدەریای رومانسیتی‌دا مەلەمان ئەکرد . بەلام ئەمرو کە لەکاتی شوررشداین‌و چەند قوناغیکی دوورو دریژمان بەماوەیــەکی کــەم بردی ، پیویستە ئەدەبەکەشمان لەم گوران ( تطور )ە خیرایەدا خیرابیت‌و زیاتر لەباری ئابوری‌و پیلان‌و کومەلایەتی تیژرەوترو پیشکەوتوتر بیت . چونکە ئەدەب خوراکی ژیانە . واتا ئەبی نوسینی ئەمرومان راست‌و روداو بیت ، دوور بیت لەخەیال‌و رومانسیتیەوە .**

**ئیستا لەکاتی شوررشداین ، شوررشیکی لەپررو ترسناك بەروی ئیمپریالیزم‌و کونەپەرستیدا . هیشتا پەیامی پیروزی شوررش دوا وشەی نەگەیوەتە جی ، ئەو بنکانەی دوژمن لەسەری بەنگ بو هیشتا هەموی نەروخینراوە .. دەرەبەگ ، کونەپەرستی ، تاوان ، بوهــەل‌گەرران ( الانتهازیة ) وە زور شتی‌تری زیان‌بەخش بە نیشتمان‌و نەتەوەکەمان ... ئەمانە زوری ماون‌و پاك نەکراونەتەوە . لــەبەر ئەمانە وانەزانن کــە بەروخاندنی کاربەدەستانی پیشو هەموشتیبك تەواو بوەو ئیتر نورەی پال‌دانەوەیە !!. نەخیر بەلکو گەرمەی تیکوشان‌و وردبینی‌و هوشیاری لەم کاتی گواستنەوەیەدایە ( الفترة الانتقالیة ) . ئالەم کاتە ناسکەدا ئەوەندەی یەك‌توز سستی‌و کەمتەرخەمی بکەین دوژمن دەسی خوی ئەوەشینیتەوەو ئەمان باتەوە دوخی جاران‌و بگرە خراپتریش . کەواتە لەئیستەوە تا هەلکەندنی دوا رەگی ئیمپریالیزم لەناو نیشتمانەکەمان‌و هەمو جیهاندا ، پیویستە گــەلی لەجاران ورياترو ئامادەتر بین ، هــەروەها پیویستە ئەدەبەکەمان تەرخان بکەین بو سوودی شوررش‌و ئازادکردنی کوردستانی تورکیاو ئیران‌و یەکخستنی ئــەم پارچانە لەژیر ئالایەکی یەکگرتوودا ، ئاسایشی کیتی‌و دامەزراندنی رژیمیکی یەکسانی لەهەمو جیهاندا .**

# لەگەل پالەوانەکانی شورشدا

**تائیستاش زوربەی خوێندەوارانو دانیشتوانی نیشتمانەکـەمان بەپەروشن بو زانینی زور شتی دەرنـەخراو ، لـەبابەت شوررشـە پیروزکەمانەوە . جا گوڤاری هیوا بو روشنکردنەوەی هەندی شتو وەرگرتنی بیرورای چـەند قارەمانیکی ئازادی خوای ئـەم جوولانەوە گرنگە ، ماموستا حافظ مصطفی قاضی نارد بولای (( عبدالسلام محمد عارف ـ وەزیری ناوخو ، دکتور جابر عمر ـ وەزیری معارف )) وە بەم جورەی خوارەوە کەوتنە گفتوگو و پرسیارو وەلام .**

* *



( وەزیری ناوخو .. نوینەری هیوا )

روژی دووشەمەی ٤/٨/٩٥٨ نوینەری هیوا دیبەنی عقید رکن عبد السلام محمد عارف وەزیری ناوخوی کرد ، وە ئەم پرسیارانەی لیکرد :

**ـ میللەت لەرابوردوودا ئازاری برسیەتیو گرانی ئەچیژا ، چینان بەدەستەوەیە کەبیکـەن بو لابردنی گرانیو کـەم کردنەوەی کری خانو ؟**

* ئیمه ئیستا زور به پەروشەوه هەول ئەدەین بو نەهیشتنی ئەم جوره شتانه وه بەیاناتەکانمان راستی باوەرمان دەرئەخا که ئەنجومەنی وەزیران و لیژنەی بەرزی تەموین نرخی بو هەندی پیویستی خواردەمەنی گرنگ داناوه . بەلام باسی کریی خانوو میری ئەهمیەتیکی زوری پیداوه وه لەم روژانەدا مەرسوومیك دەر ئەچی بو کەم کردنەوەو ئاسان کردنی ئەو باره گرانه له سەر شانی گەل .

**— عیراق بەتالیو بی ئیشی زوری تیایه چون ئەم بی ئشییه له ناو ئەبەن ئەگەر به شیوەیەکی موەقەتیش بیت تاکو کارگا ئەکرینەوه بو ئەوەی ئەمانه هەموو بخاته کارەوه ؟**

* میری بەیانیکی دەرکرد که کریکارەکان موراجەعەت به مودیریەتی ئیشو کاری کومەلایەتی بکەن بو دوزینەوەی ئیش بویان هەروەها وەزارەتی کارو باری کومەلایەتی ئەهمیەتیکی تەواو ئەدا بەم گیرو گرفته .

**— له عیراقا خاوەن زەویو زاری گەوره زور هەن ئایا نیازتان هەیه ئەم زەویو زارانه بگیرنەوه بو خاوەنەکانیان له فەلاحو جوتیارەکان ؟**

* له بارەی دانانی سنوور و پەیوەندی بەینی فەلاحو خاوەن زەویەکانەوه مەرسومیکمان دەرکردوه بەلام ئەوانەر زەویوزاری زوریان هەیه کاریکی وەها ئەکری بەداری کومەلایەتی له ناو هەموو چینیکی خاوەن

---

**ئومیدمان وایه بو ژمارەی داهاتوش دیبەنی چەندکەسیکی تری کاربەدەستان بکەین بو گفتوگو و پرسیار .**

زەویو زارا بیتە دی فەلاحەکان ژیانی کومەلایەتیان بەرز بکریتەوە چونکە بەشی زوری دانیشتووانی عیراق لە ـ وانەن .

**ـ ئاواتی سیادەتتان بو گەلی کورد چیە ؟**

* ئاواتم ئەوەیە کە گەلی کورد سەربەرز بیت وە لە گەل گەلی عەرەبا دوستانە و برایانە بژین بو ئەوەی جمهوریتە کەمان بگاتە ئامانجو ئاسایشی خوی وە بەسەر بەرزیو خوشی لە گەل برا عەرەبەکانا لە ژیر سیبەری جمهوریتە لاوەکەیانا بژین وە هیوامان وایە کە دەستورە مووقەتەکە لە لایەن برا کوردەکانمانەوە پەسەند کرابی .

**دکتور جابر عمر**

روژی سی شەمە سەعات ١٢ ی ٩٥٨/٨/٤

لەگەل دوکتور جابر عومەردا وەزیری زانستی

**ـ ئایا وەکو سالانی رابووردوو قوبول کردن لە زانستگاکانا ( کلیات ) تەحدید ئەکری ؟**

* قوبول کردنی قوتابیان لە زانستگاکانە سنووری بو دائەنری بەپیی جیگاو ژمارەی ماموستاو لقەکانی ئەو زانستگایە ، بەلام لەمەینی کاتا تا لە تواناماناب‌ی هەولی ئەوە ئەدەین کە زور ترین کەس قوبول کەین ، چونکی ئامانجی ئیمە ئەوەیە کە ئاواتی نیشتمان پەروەرەکان بینینە دی بو ئەوەی خویندنی بەرزیان تەواو بکەن ، وەپیکینانی ئەم شتانە بەپیی توانامان ئەبی .

**ـ ئایا ئەم سال زانستگای ئیواران ئەکەنەوە بو ئەوەی ئەو قوتابیانەی هەلیان لەدەست چووەو نەیان توانیوە خویندنی زانستگا تەواو بکەن ؟**

* خویندنی ئیواران بەنسبەتی زانستگا بەرزەکانەوە دووەم پلەی

ئیشمانە وە ئیمە ئیستا بە هیچ جوریك ناتوانین ئەم ئامانجانە بینینەدی ، بەلام ئەگەر هاتوو ماموستامان چنگ کەوت کەبتوانن دەرس بلینەوە لەزانستگا رەسمیەکاندا دەست بەجی هەندی پولی ئیواران ئەکەینەوە .

**- ئایا نیازی کردنەوەی بەشـــە داخلیەکانتان هەیە بو ئەو قوتابیانە کە بیدەسنو پارەیان نییە خویندن تەواو کەن ؟ وەکەی ؟**

* پاراستنی قوتابی و ژیانی پارچەیەکە لەو فرمانە گرنگانەی ئەکەویتە سەرشانی جامعة چونکی خویندن لە جامعەدا هیچ کاتیك تەواو نابی ئەگەر ژیانی قوتابیەکانی ریك نەخری وە ئەم فرمانە گرنگە ئیستا لەبەر دەسی وەزارەتو جامعەدایەو لیی ئەکولنەوە چونکی هەموو ئەیزانین کە ژیانی قوتابیەکانمان زور زەحمەت ترە لە ژیانی قوتابیەکانی جیهان ، بەلام ئەبی ئەوەش بزانین کە هەولدان لە پیناوی ریکخستنی ژیانی قوتابی داخلیدا پیویستی بەپارەو امکانیاتی تایبەتی هەیە وەکو دروستکردنی خانو جا ئەگەر هاتوو ئەو پارەیەمان دەست کـەوت با بە شیوەیەکی ئاسانیش بیت ئەو ئامانجانە بەنینەدی ، بەتایبەتی پاش ئەوەی وەزارەتی ئیعمار پەیمانیدا ئەو خانووەی بە هەموو قوتابیەکانی زانستگاکان دروست کراوە تەواوی بکا .

**- وابزانین کە کردنەوەی زانستگا لە مەرکەزی شارەکانا ( لواء ) یارمەتی زانستگاکانی بەغدا ئەدا و باری سەرشانی سووك ئەکا ئایا رای سیادەتتان چیە ؟**

* هەموو زانستگاکانی ئیستا لە زانستگاکانی جامعەی بەغدان کە

تازە دامەزریزاوە . وە بوونی لـە بەغدادا ئەبیتە هوی ئاسان کردنی یاریەی بەینی ئەو زانستگایانەو ریكخستنی هیزو توانای زانستی‌یان .



( نوینەری هیوا .. وەزیری معارف )

**سوودی ئـەم جامعـەیە ئەوەیە کە بەغدا امکانیاتی زوری تیایە تایبەتی بینای زوری تیایە و موستەوای زانستی بەرزە جگە لەوەی بـە ئاسـانی اتصـال بەدەرەوەی عیراق ئەکری، لەبەر ئەمە بوونی زانستگا** لە بەغدا سوودی زورترە ، بەلام ئەگەر بە پیویست زانرا کە چـەند زانستگایەك بکەینـەوە کە دوور بی لە جامعەی بەغـدا وە شیوەیەکی ( پیشـەیی یان تەدریبی ) یان هەبی بەپی‌ی زانستگای ( وەرزش ) یان پەلی خویندنی کاروباری ( بەندەرەکان ) لەو جیگایانەدا درووستیان ئەکەین کە سوودی بو زانستگاکان هەبی کە کیلگەییکی تاقی‌کردنەوەیە بوی ، وەوا ئـەزانم کە ئەمـە لە سالی ئاینـدەدا پیك نایـەت چونکی باری خویندەواریمان لەم روژەدا کەمو کوری هەیە وەکو نەبوونی ماموستا و جیگاو و ئەدەوات بەتایبەتی ئەوا سالی تازەی خویندن خەریکە بیت .

**ــ ئایا بەتەمای ئەوەن کە خوینـدنی سەرەتایی ( ابتدائی ) بکـەن بەئیلزامی لە عیراقدا ؟ وەکەی ؟**

**﴾ لەحەقیقەتا تەعلیمی ئیلزامی لـە فرمانە گرنگەکانی ئەم سەدەی** تازەیەیە وە مافیکە لە مافەکانی نیشتمان‌پەروەرەکان لەبەر ئەوە پیویستە

له سەر حکومەت کە ئەم مافە بە نیشتمان پەروەرەکان بسپیری وە لەبەر ئەوە لەسەرمانە کە هەولو تەقەلایەکی زور بەین بو پیکهینانی تەعلیمی ئیلزامی وەبلاو کردنەوەی لە هەموو لایەکی جمهوریتە کەمانا وە ئومیدەوارم کە امکانیاتیکی تەواومان بەدەسەوە بیت بو ئامادە کردنی ماموستایان و ئەو وەسائیلانەی پیویستە بو ئەم خوێندەواریە .

**ــ أ دەرسی کوردی بە تەنیا لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی شــاری سلیمانیدا ئەووترینەوە ئایا بەتەمای بلاوکردنەوەی ئەم زمانەن لە شارە کوردەوارییەکانی‌ترا ؟**

**ــ ب جامعەی سوربون کورسیەکی تەرخان کردوە بووتنەوەی دەرسی کوردی بەلام زانستگاکانمان هیچ گوی‌ی نەداوە بەم زمانە وەلەعەینی کاتا ئینگلیزیو فەرەنسیو ئەلمانی تا تورکیو فارسی ئەووترینەوە تیایا ، ئایا راتان چیە بەرامبەر بەمە ؟**

* لجنەیەك پیك ئەهینین لەوانەی کە شارەزاییان هەیە بو دانانی ئەو پیشنیارانەی کە سوودی بە پیش خستنی خویندنی کوردییەوە هەیە بو ئەوەی ئەم خویندنە ببی بە پشتیوانیك بو جولانەوەی هیزی قەومیەتی کورد تا ئەم گەلی کوردە بتوانی شان بە شانی گەلی عەرەب بروا لە خویندنا وە بە تەبیعەتی حال کورسیەك دائەنین لە یەکی لەو زانستگایانەی کە زمانی تایبەتی ئەلیتەوە .

**ــ بیرو باوەرتان چیە بەرانبەر هاتنە پیشەوەی ئافرەتو بەکارهینانی مافی سیاسیەوە ؟ وە ئایا شەرتو شروتتان چیە کە ئەبی لەو ئافرەتانەدا بیت کە بینە ئەم کورەوە ؟**

* من خوم یەکیکم لەوانەی کە دان ئەنیم بەوەدا کە ئەمە مافی خویەتی لە ژیانا وە بروام هەیە کە ئافرەت لەتوانایا هەیە کە بیتە کوری ئیشکردنەوە کە یەکیك لەو ئیشانە کوری سیاسەتە وە ئەتوانی فرمانی خوی جی بە جی بکات وە دەرخا بو براکانی کە هیچ فەرقیکی لەگەل ئەوا نیە وە ئەتوانی بیتە پیشی بو دامەزراندنی بناغەی ئەم جمهوریەتە وە وائەبینم کە هاتنە پیشەوەی ئافرەت و بەکارهینانی مافی سیاسەوە سوودیکی گرنگی هەیە بو گەل . لەبەر ئەوە من هیچ سنووریکو شەرتیك دانانیم بو ئەوئافرەتە نیشتمان پەروەرانە .

---

**ئابونــە**

هەموکەسیك کـە ئەم گوڤارەی بو نیرراوەو گلیداوەتەوە ، بەئابونە ژمیرراوە . جا تکایە بەگورجی ئابونەکانتان بنیرن ، وە ئەوکەسەی نایەویت ، گوڤارەکان بنیریتەوە . وەهیچ زویریش مەبن ئەگەر لەمەودوا بومان نەناردن .

# میلەت چی ئەوی ؟ ئیستعمار چی ئەوی ؟

**نوسینی : احمد غفور**

شورشە پیروزەکەمان ، هەرچەندە لەپرر رویدا ، بەلام لەراستیدا ، هەمو هویەك کوبوبوەوە بو هەلگیرساندنیو سەرکەوتنی .

لەناوخودا ، چل سالی رەبەقەمیلەت ئەنالینی لەژیر حوکمی ئیستعماردا ، بیبەشە لە سامانی ولاتەکەی ، دەمی کلیل دراوە ، برسیە ، نەخوشە ، سەرکویرو چەواشە کرابو .. رولە نەبەردەکانی یا هەلئەواسران ، یا بەگوللە ئەکوژران لە شەقامەکانا یا لە بەندیخانە تونگ ئەکران . لەولاشەوە ملکو دەستەو دایەرەو چینی حوکمداری چلکاو خوری ئیستعمار لەروباری زیرو سەلتەنەتو بیئابرویو خیانەتا مەلەیان ئەکرد ، وە بەتەواوی دەوری وەردیانی ئیستعماریان پی سپیرابو .

لەدەرەوەشدا ، میلەتی عیراق سەیری ئەکرد چون میلەتانی روژهەلاتی ئەوروپاو ئاسیاو ئەفەریقاو میلەتانی عەرەب آزادی خویان سەندوە بارەگایەکی بوزرگیان پیکەوە ناوە لە دەولەتانی ئاسایش خوا بەسەرکردەی یەکیتی سوڤیاتو چینو هندستان ، وە ئیستعمار بەجاریك ئابروی چوەو سامی جارانی نەماوە .

انجا کە ئەمەبیت ، بەکورتی ، ئەو هویانەی بو بەهوی هەلگیرساندونو سەرکەوتنی شورشەکەمان ، کەوابو ، بەئاسانی ، ئەهمیەتەکانی شورشەکەمان بو دەرئەکەویت کە ئەویش : یەکەم ، ئازادبونی سیاسی

میلەتەکەمانە ، کە یەکەم هەنگاوی آزادیە ، کە ئەبی ئازادی ئابوریو کومەلایەتو بیروباوەریش لەدوا بیت ، تا بەجاریك ولاتەکەمان آزاد ببیت .

لەبەیانی ١٤ تەموزەوە ، عیراقی کون نەما ، عیراقی وەکو مستعمرەی شاهانە بو بە جەمهوریەتیکی سەربەخوی دوژمن بەئیستعمار . وە تاکو ولاتەکەمان بەتەواوی آزادی سیاسی خوی بهینیتە دی ، ئەبیت رزگارمان ببیت لــە پاشماوەی پەیمانی بەغــداو پەیمانی نیسانو « یارمــەتی » سەربازانەی ئەمەریکا .

لەپاش ازادی سیاسی ، کە دەست کەوتنی حوکم یەکەم مەرجیەتی، ئەبی سامانەکانیشمان ازاد بکری ، وە بوسودی گەل بەکار . بهیزی . وە پاشماوەی حوکمی ئیستعمارو دەرەبەگ بسرریتەوە ، وە لەجیاتی ئەو پیشەسازیو پروژەی ئاوەدانی پوسودو کشتوکالی پیشکەوتو بیتە جیگای . وە بازرگانیمان ئازاد ببیت وە لەگەل ئەو دەوەلەتانەدا ببیت کە حەقی تەواوی خومان ئەدەنی .

وە لەگەل ئازادی سیاسیو ئابوری ، پیویست بەئازادی بیروباوەرە کە ئەویش ماوەدانە بە میلەت بو دەربرینی بیروباوەری خوی وەدەم کوتکردنی دوژمنانی میلەت وە لەناو بردنیان . وە بەمجورە میلەت ئازادی کومەلیشی ئەبیت ، کە سالەهای ســـالە دیلی خو و رەوشتی کونەپەرستیو ، پرو پاگاندەی ئیستعماریەکانە .

میلەتەکەمان ، ئەمانەی ئەویت ، ئەیەویت ئازاد بیت .. ئازادی سیاسیو ئابوریو بیروباوەرو کومەلایەتی ..


بەلام استعماریەکانو نوکەرەکانی ، ئەیانەوی بیخەنەوە ناو قەفەز رەورەوەی میژو بگەرریتــە دواوە . وە بو ئەمــە ایستا دو پیــلان بەکار ئەهینن .

یەکەم : پیلانی هەرەشەو دەست دریژی وەکو لەشکرەکانیان هەر بەردەوامە لەهاتنە ناو خاکی لبنانو اردنەوە .

دوەم : پیلانی هەل خەلەتاندنو سەرلی شیواندنو ئەمین کردنەوە ، وەکو دان‌نان بە جەمهوریەتەکەمانا پاش ئەوەی زوربەی دەولەتانی دنیا دانی پیا نا ، بــەلام مــەبەسی راستی ئیستعمار ســـــەرلی‌شیوانــدو دورخستەنەوەیە لــە دوستەکانمان ، وە بو پاریزگاری مــەسلەحــەتو پاشماوەی دەســـەلاتیانــە ، وە هیشتنەوەی کوتو زنجیری پــەیمانــە زورداریەکانیان ، وە بو بەربەست کردنی لیشاوی قینی میلەت بەرامبەریان وە پاراستنی نوکەرەکانیانو بەرزکردنەوەی گیانی روخاویان .

بەلام قورر بەسەر ئیستعمارو نوکەرەکانی . هەر لەو روژەی جەنابی « مستر مورفی » نوینەری ائیزنهاور هات بو بەغدا وە ئەمەریکاو بەریتانیا دانیان نا بەجەمهوریەتەکەمانا ، هەر لەوروژەدا حکومەتە نیشتمان پەروەرەکەمان یاسای پیکەوەنانی لەشکری بەربەرەکانی میلــەتی بلاو کردەوە .

میلەتەکەمان وریایە ، لەهەمو شوینی لیژنەی نیشتمانی پیکەوە ناوە بوپاراستنی جەمهوریەتەکــەی وە تەك بەتەکی لەشکرە نەبەزە کــەبو بەسەرکردەی جەبهەی نیشتمانی ئەروا بو پیشەوە .. بو ئامادەکردنی خوی بو پاراستنی جەمهوریەتەکەمان کە تا دوا دلوپــەی خونیمــان ئەریژین لەپیناویدا .




تا ئەتوانیت بیر بکەرەوە ، بو هەر پرسیاریك چەند کتیبو فەرهەنگیك بخوینەرەوە ، ئەگەر هەر نەتزانی ئنجا پرسیار بکە .

ئەم پرسیارانەی خوارەوە هەر یەکەی پینج نوختەی لەسەرە ، هەول بدە لەپانزە نوختە زیاتر پررکەیتەوە . لەگەل وەلامەکەتدا پولیکی دەفلسی کارنەکراو بنیرەو لەگوشەیەکی زەرفەکەوە بنوسە ( پرسیار ) . تا روژی ١٩٥٨/٩/٥ وەلام وەرئەگیریت . سەرکەوتوی یەکەم قەلەم پاندانیك وە سەرکەوتوی دوەم ژمارەی داهاتوی هیوایان پیشکەش ئەکریت .



١ ــ ئەم وشانە بکە بەکوردی :

سندویج ، قلم ، مربا ، قناة ، انتاج .

٢ ــ مانای ئەم وشانە بنووسە :

تومار ، داستان ، نزار ، پەنگ ، پەند .

٣ ــ أ ــ ئەم هونراوەیە هی کی‌یە :

ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کوردزمان
نایشکینی دانەیی توپی زەرمان

ب ــ وشەیەکی کوردی بدوزەرەوە دوانزە نوختەی هەبیت !

٤ ـ ئەوە دەستی کێیە لەو وینەیەی سەرەوەدا !؟.

* * *

ئەمەش وەلامی پرسیارەکانی پیشومانە :

١ ـ طاقە = وزە = توانا

محکمە = دادگا

شاعر = هونەر

مناقشە = پیلە = لیکولینەوە

جمهورية = کومار

٢ ـ داکوکی = دعایە

هەرەوەز = تعاون

بووم = زەوی = بوومە لەرزە = لەرزینی زەوی

وەرز = فصـــل

بنکە = قاعدە

٣ ـ هونراوەکە هی خوالیخوشبو « زیوەر » بوو

٤ ـ چونکە دوەم دایکی یەکەم بوو .

* * *

ئەوانەی وەلامیان داوەتەوە ، لەگەل پلەی سەرکەوتنیاندا :

موفق رشید ـ ١٧ ـ نوختەی راست بوو ـ سەرکەوتوی یەکەم

طارق محی الدین ـ ١٦ ـ نوختەی راست بوو ـ سەرکەوتوی دوەم

اسفندیار احمدشکری ـ ١٥ ـ نوختەی راست بوو ـ سەرکەوتو بو

جلال دباغ ـ ١٥ ـ نوختەی راست بوو ـ سەرکەوتو بو

کمال محمد محمود ــ ١٢ ــ نوختەی راست بوو ــ سەرکەوتو بو

محمد سعید جاف ــ ١١ ــ نوختەی راست بوو ــ سەرکەوتو بو

کەمال بیزار ــ ١١ ــ نوختەی راست بوو ــ سەرکەوتو بو

بەختیار عزیز فرج ــ ١١ ــ نوختەی راست بوو ــ سەرکەوتو بو

احمد شیخ عمر ــ ١١ ــ نوختەی راست بوو ــ سەرکەوتو بو

نورالدین مەلا محمود ــ ٦ ــ نوختەی راست بو

مختار حیدری ــ ٣ ــ نوختەی راست بوو

رحیم قادر زنگنە ــ ١ نوختەی راست بوو

---

**نیگاری دەستکرد**

**داوا لەنیگارکیش ( رسام )ە بەریزەکانمان ئەکەین کە لەمەودوا بەرهەمی دەستە رەنگینەکانیانمان پیشکەش بکەن تاکو ئیمەش پیشکەش بە خوینەوارانی بکەین.وە ئیمە بو هەمو نیگاریکی پەسندو سەرکەوتو خەلاتمان ئامادە کردوە .**

ئەم گوڤارە لەمەودوا سالی چەندجاریك گرەو ( مسابقە ) ریك ئەخات بو هاندانو پیشخستنی ئەدەبی نەتەوەو نوسەرانی گەلەکەمان .

بوپاداشتی ئەمگرەوانە ( مەدالیای هیوا ) کە پیكهاتوە لە مەدالیایەکی زیوینو دروشمی هیوای لەسەرە ، ئەبەخشریت بەو کەسانەی لەپلەی یەکەمدا سەرئەکەون . وەئەوانەی لەپلەی دوەمدا سەرئەکەون جورە خەلاتیکی تریان ئەکریت کە لەکاتی خویدا ئەزانریت .

گرەوی ئەجارەمان دوو بەشە :

١ ــ ئەمانەویت جوانترین چیروکیکی سەرشانو ( مسرحیە ) بنوسیت بە مەرجیك پەیوەندی بەژیانی کوردەواریەوە هەبیت .

٢ ــ ئەمانەویت جوانترین چیروکیکی سەرشانو لەزمانو ئەدەبی بیگانەوە وەرگیریت بوکوردی . بەمەرجیك پەیوەندی بەژیانی ئەمروی مروڤەوە هەبیت .

ئەتوانیت تەنها لەبەشیکدا یان لەهەردوو بەشەکەدا بەشدار بیت .

بەهوی شوررشــە مــەزنەکــەی چواردەی گــەلاویژەوە ماوەی بەشداربونمان مانگیك دریژ کردەوە ، واتا تا ٩٥٨/٩/١٥ ماوەی بەشدار بوون هەیە .

دوای هەلبژاردنی سەرکەوتوەکان لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتیەوە لەژمارە ــ ٤ ــ سالی ــ ٢ ــ دا ئەنجام بلاو ئەکریتەوە .

ئەوانەی بەشداربونو ئەیانەویت بەهوی ئازادی نوسینەوە دووبارە بەشداربنەوە ، ریگەیان ئەدریت .

چیروك

# کی تاوانە بارە

« پاشماوەی ژمارەی پیشوو »

**نوسینی : میم**

گرد . کاتی بەخوی زانی وا نزیکەی سەعات چواری پاش نیوەرویە ، هەر وەلامەکەی ئەو بی ئابروەی بیر کەوتەوە هەمو ئیسقانی لەشی یایەوە زریکەو ! ئازار !.

ئەوندەی پی نەچو کە یەکی لەقوتابیەکان پیی وت ــ لەبەر دەرگا بانگت ئەکەن !!

ــ ناچار بەبی هـەناو لەترسی حەیای خوی چوە بـەر دەرگاو دلرەقی دی . .

ــ تو چیت لەمن ئەوی !؟ چی !

ــ وەلامی نامەکەی بەیانیم !

ــ کورە تو شیتی نامەی چیو وەلامی چی ؟!! بو خوتت کەر کردوە حەزیچیو شویچی واگریمان شوشمکرد . بوچی شو بەنەفامی چاوبزی ..ا. ئەکەم ! دەبرو !. دلیریش رەنگ زەرد هەل گەراو

؟! بو شوم پیناکەی ، ئەی هەر ئەبی

ئەبی بی !!؟

— ده لەسەری مەرو !! دریژەی مەدەمری ! دەبرو هەتا پولیسم بوبانگ نەکردوی ! ئەوەش بزانە . . .

تازە ئەمرو درەنگەو ئەشچم بو لای دکتور کامەران بەلام ! شەرتبی بەیانی نامە پیسەکەت بەرم بو « لیپرسینەوە » « تحقیقات »

— هەر ئەمەی بیست دلیر موچرکەیەکی بەلەشا هاتو بە تورەیەوە ووتی :

— شەرتە سامنیش نەیەلم بگەی نامەکەم بەری بو « تحقیقات ». باشــە !!؟

— با تو حــەز لەمن نەکــەی و شومپینەکەی ! چاوت بەخوت ئەکەوی !!

ئەمەی ووتو رویو نەوەستا تا گەیەوە ژورەکەی خوی . . .

بەبیانوی کەلوپەل بردنەوە « دەمانچە » لولە ژەنگاویەکەی پرکرد لە فیشەکو نایە بەر پشتینەکەیو . . . بەرەو عیادەکەی دکتور کامەران ملی ناو جارجاری لەو چارەکە عرەقی لە گیرفانیا مابوەوە قومیکی هەل ئەداو ئەرویو ورد ئەبوەوە لەکویوە فرسەتی پیوەنانی لیبینی !؟ تا بەئارەزوی خوی پەنایەکی چولی لەکولانیکا لەسەر ریگای « سکالا بی تاوانا دوزیەوە .

تا ئەم پیلانەی دانابو تاوانەکەی دز
بەبی دەنگ خوی بوسە دا . سکالا
خوشبو گەیبە جەمسەری ؟

زریکە لەناو شانیەوە هل‌ساو ، بەدەمـــەوە کەوت‌و ، لەخوینی خویا تلایەوە ، دل‌رەقی خوین خواریش لەگەل دی ! وازریکەی لە سکالا هەلسان بەگورجی پیچیکی پیاداو خوی وون‌کردو بە شلەژاوی خوی کردەوە بەو مالەدا کە ژوریکی تیایا بەکری گرتبو بەزەریفی دەرگای ژورەکەی خوی‌کردەوە دەمانچەکەی خستەوە ناو گیرفانی پالطوکەی کە لە بەر شری رووی لەبەرکردنی نەمابو !

لەدەنگی تەقـــەو زریکەی سکالا ! خـــەلق‌وخوا . دەرپـــەرین‌و گردبونەوەو کە سەیریان کرد وا شوخیکی بالابەرزی ، چاوگەلاویژی ، قژلولی بی‌گەرد تل‌ئەداو هاوار ئەکا : ئاو .... ئاو .. ئ ... ئا ... و

تا فریای چوری ئاو کەوتن سکالای نەبەکامی گیان‌بەخش ! گیانی پاکی سپارد . ئیتر بەکوشتنی سکالا ! هەمو ئەوگەرەکە خروشا زوری نەبرد ، دەنگی کوشتنی بـــە هومو لایـــەکی شارا بلاوبوەوە ، هـــەر ئەوندەیان‌زانی قوتابیەکانی بـــەقورپیوان‌و دایکەروو باوکـــە رو هاتن‌و هاواریان بوکوستی تازەکەوتویان کردو دەستیان کرد بە لە خودان‌و شین‌و شەپور بەسەر دلسوزترین کەسیانا

زوری پی‌نەچو لاشـەی سکالایان برد بو خەستەخانەو بەگورجی فەرمانی بلاوبونەوەی چەندکەسیکی نەناسراوی موچەخوری میری‌یان دا بەهەمو قوژبن‌و کولان‌و جادەو ، ریگایانی دەرەوەی شارا ، بو ئەوەی لەهەمو هەوالی بگەن‌و ، بەشکو سراخیکی ئەم تاوانە بە زووی بکەن لەولاشەوە فەرمانی پشکنینی دکتور کامران‌و بەردەست کردنی دەرچو

ئەگەر شتێکیان لێ‌دوزیەوە . چونکە بو کاربەدەستان روون بو بوەوە کە سکالا پێش کوشتنی لای دکتور کامەران بو !

دەفتەرە بچکولە بەرباخەڵەکەی دکتور کامەرانیان گرت کە لیی نوسرابو .

**ناو : ـ سکالا محمود**

**تەمەنی : ـ ٢١ ساڵە**

**روژی : ـ ١٩٥٣/١١/٢٩**

**کار : ـ فێرکەری قوتابخانەی سەرکەوتنی ......**

**« خوزگە لەهاتنی ئەم شوخە خوبەختکەرە ! دڵپاکە سەر بکەوتمایە !! »**

هەرچەندە هاواری کردو ووتی :

ـ گوناهم نیەو بێ‌تاوانم . بەلام نەئەبیسرا چونکە بەڵگەی لا دەرکەوتبو بەڵگەیەکی گەورە وەگرنگ‌بو بوئەو تاوانە

دڵیری دڵرەق هەروەك شەوانی رابوردوی وەك ! نەبای‌دی‌بی‌و نەباران دەستی بەمارەق خواردنەوەو یاری‌کردنی خوی کردو دەستی بەگاڵتەو گەپ کرد لەگەڵ عارفەگیر ئەت‌ووت ئەویش نەبوە !!

بو بەیانی فەرمانی ناشتنی تەرمی سکالایاندا هەرچی موچەخورانی میری‌و پیاو گەورانو ماموستایانو فیرکەرانو زانایانو بەشی زوری قوتابیانی قوتابخانەکان لەگەڵ تەرمی سکالادا چونە سەر قەبران ، ئەمانە هەمو بوی بەداخ‌بونو دڵتەنگ بونو زوریان بەزەیی بە قوتابیەکانیا هاتەوە

لەهەمویان زیاتر کە بوی بەداخبون قوتابیەکانی خوی‌بو ئەیانزانی ! چەند دایکیکی دلسوزو پر میهر بو بویان بویە هەر ئەوەل روژی ناشتنی‌چون بو سەر گورەکەی تیر فرمیسکیان هەل ریژاو بە نائومیدی بە هەناسەی سارد گەرانەوە !

تا سی روژەی سکالا چو زور هەول درا کە بزانریت « کی تاوان‌باره » !؟ بەلام بی‌سودبو هیندەشی نەمابو دەست لەتاوانەکە بشونو بریاری ئەوە بەن کە کەلو پەلو جانتا دەستیەکەی سکالا بنیرنەوە بو قوتابخانەکە تا بزانن چون ئەبی . ئەوەبو « سەرەکی لی‌پرسینەوە » « معاونی تحقیقات » فـەرمانی‌دا کـە شتەکانی سکالای بو بینن تا بینیریتـەوە !

ئەویش جانتا خویناویەکەی دی ـ دەسیکی دایەو کردیەوە !! دی کە ٣ دینارو ٤ پەنجایی و یسولەیەکی خوپیشان‌نانی دکتور کامەران کە لەناو نیشانی سکالاو دکتور کامەرانو ناوی ٢ دەرمان کە بەتەواوی نەشی‌زانی ناوی دەرمانەکان چیە ! هیچی تری تیانەبو ئەویشی داناو دەسەسرەسپیەکەی ناو جانتاکەی هەلگرت لەپر ! نامەیەکی لی کەوتە خوارەوەو پەلامارای داو هەرچەندی کرد سەری زەرفەکەی باش بو نەخونیرایەوە ناچار چاویلکەکەی بو لەچاو کردو دی کە .

لەسەر زەرفەکە نوسروە !!:

**قوتابخانەی « سەرکەوتنی لی‌قەوماوان و هەژاران »**

**روناکی هەدوو چاوم « ست سکالا » !!**

**تکایه بەگورجی وەرام !!**

**خوشەویستت**

**دلیر دل‌رەق**

**چاخانەی عارفە گیر گەرەکی ویرانە**

**١٩٥٣/١١/٣٠**

بەگورجی سەیریکی ئەو دیوی زەرفەکەی کرد ! دی کە بەخەتیکی جوانتر نوسراوە :

**ئەی دل‌رەقی چەپخونی بی هەست گەری وەکو تو**

**چیە من حەزت لی بکەمو شوت پی بکەم**

**سکالا**

**١٩٥٣/١١/٣٠**

ــ دەی توخوا !! ئەمە زور سەیرە !! ئادەی بابزانم ناوەکەی ، بابزانم دەستی‌برد کاغذیکی چلکنەی دەرهینا !

**١٩٥٣/١١/٣٠**

**گەرەکی ویرانە . چاخانەی عارفەگیر**

**دلیری دل رەق**

**روحکەم ! گیانەکەم !! سکالا خان**

**ئەزانی ! کە لەدوینی ئیوارەوە لەریگای عیادەکەی دکتور کامەران وە توم دیوە بەتیری چاوە گەلاویژەکانت پی‌کینرەوم‌و تامزروی ئەوکاتەم کەیەزدان پارەیەکی مشەو مفتم بو بنیری بتهنیم .**

**خوشەویستت**

**دلیر**

لەگەل ئەمەیدی جاری لەرقا خەریكبو هەردوو چاوی دەرپەری‌و لەسەریکی کەوە لەخوشیانا خەریك بو گەشکە بکاو هاواری کرد !! :

ـ ئوخەی !!. دوزی‌مەوە ، راکەن ! فریای کەون دەی نامەردتان نەکەم ! بیگرن بوم ! تا تاوانەکە کون نەبوەو مورەی بەسەرا تی‌نەپەریوە ئادەی . . .!

ـ « عثمان » بە گورجی کومەلی پولیسی پرچەك بەرەو بدە بەسەر چاخانەکەی « عارفە کیری » تاوان‌کەری قەحبەبابا هەرچی تیا هەیەو نیە بیان گرن‌و .

چاخانەکـەشی مورکەن !.. خو ئەگـەر دلیری « دل‌رەق » یان تیابو چاکی کەلەپچە بکەن‌و بەشەق بیان هینن !

ئادەی « عادل » رولە توش بەگورجی فەرمان وەرگرەو بنیرە مختار بدوزنەوەو لەگەل چەند پولیسیکی پرچەکا بدەن بەسەر ژورەکەی دلیری دل‌رەق داو لەوی بو بیگرن‌و کەلەپچەی کەن‌و لەوی نەبو ژورەکەی بپشکنن .

ـ ئای چەند خوم بە بەختیار ئەزانی ئەگەر نەیان‌هیشتایە خوینی ئەم جوانە بی‌تاوانە وون بوایە .... ئوخەی . . .

زوری پی‌نەچو « عثمان »و پولیسەکانی « دلیری دل‌رەق »و پینچ لە هاوری قومارچیە ، عرەق خورەکانیان بەشەق راپیچی سەرا دا ، ئەوە باسی عارفە گیر ناکری رەنگە ٥٠ دونکی‌و ٣٠ شـەقی مزری خواردبی‌و هەر زوو چاخانەکەی مورکراو چی کاغزی یاری‌و قاپە عەرەقی هەیە هەمویان برد .

هەموبانیان راپیچی بەندیخانە کرد جگە لە دلیری دلرەق نەبی کە سەرەکی لیپرسینەوە فەرمانیدا ئاگاداریبن با لیرە بیت ئیشم پییەتی لەم قسانەدا بونو ... « عادل » هاواری کرد میران : میران دایە تریقەی پیکەنینو ووتی :

ــ مژدەم بەری ! ئەها دەمانچە خیرا سەرەکی تحقیقات چوە پال دلیروە بزانی چی ئەکا .

ــ میران مژدەم بەری دەمانچەیە ، هەر گوللەیەکی پی تەقیوە !! .
هەر ناوی دەمانچەیان هینا دلیر قەلەمی ئەژنوی شکاو هەناوی بەربوەوە ووتی :

ــ ئەئنجاخو من نەم کوشتوە !...

ــ چوزانم کیکوشتویەتی ؟! ...

ــ من سکالا محمود لەکوی ئەناسم ؟! بەخوا حەقم نیە .. من نازانم ...!. دلیر کرایە ژوریکی تایبـەوەو تا پەیانی ئاوی سارد کرا بەسەریاناو بەشولی تەر حەسیر مەیان کران بەلام وادیاربو . بیسودبو !!!

ئیتر سەرەکی لی پرسینەوە خوی تورە کردوو زوری هەرەشە کرد لییـان .

ــ لەپر نەرانیو ووتی ئەمــە کەلکی نیــە ئادەی کورە نینوکی هەموپەنجەی دەستو قاچی ریشەکیش کەن بومو تانەوقەیی لەگەچ بگرن .

ئەمەی بیست دلیر خەریکبو زریکە بکاتو هاواری کردو ووتی

ــ ئەی بوچی ووتم حەزم لیبکاو شوم پی بکا تورەبو !؟ .

ــ بو ! من بەشەر نیم ؟!.

ــ منیش قینم هەلساو کوشتم ! ئەری وەلا کوشتم ! ئەی چی‌یە !

ــ ئافرین دلیر دەی باوە ! دەی

هەر خوت کوشتت !؟ بەتەنها ؟

ــ بەلی بەلی بەتەنها

ــ ئەم دەمانچەیەت بەچەند کری ؟ دلیر گیان

ــ هی خومە تو حەقت چیە !؟

ــ بەچی کوشتت !؟

ــ ئا بەم دەمانچەیە .

ــ چەند گوللەت پیوەنا

ــ هەر یەکی . . معلوم بەلی

ــ چەند گوللەی ترت تەقان ؟!

ــ حەی ئەی ئەوە نیە هەر گولەیەکم پی تەقانوە !

ــ چەند هەنگاو دوور ئەبو ؟!

ــ چوزانم ! خو من مهندس نیم ! چەند هەنگاو دور ئەبو !؟!

ــ ئەی ئەم نامەیە هی تویە !؟ دلیر .

ــ بەلی

ــ کی نوسی !؟

ــ وخوم !

ــ بەدەست نوسی کی !؟

ــ من !

ــ ئەی چونت بو نارد !؟

ــ خوم بردم بو قوتابخانەبوی !

ــ ئەی بوچی وەلامی نامەکەتی نەدای تەوە !؟.

ــ ئاخر بەتەمابو کە گوایە بو بیانی شکاتم لی بکاو ئەم نامەیە پیشانی « سەرەکی تحقیقات » بدا

ئیتر منیش کوشتمو نەگەیی !

ــ باشە زور باشە دلیر دەستت خوش بی

ــ ئەی چی‌یە !

پاش ئەوەی دلیر دانی بەوەدا نا کە « تاوان بارە » فەرمانی بەردانی دکتور کامران دەرچوو تی‌یان گەیان کە شتیکی بی قانونیان نەکردوە ! بەویان زانی وە .

ــ دلیرو هاوریـــەکانی چـــەند روژی بەوردی پرسیاریان لی‌کرا لە ئەنجاما .

هەمو هاوری کانی یەکی ( ٢ ) سال حوکم دران لەسەر خواردنەوەو یاری کردن چونکە هەر یەکی اعترافی لەسەر ئەوی تریان کرد !!

عارفە گیر نەبی ٣ سال‌یان حوکم داو فەرمانی تیك دانی چاخانەکەشی دەرچو ! بەلام دلیر . دلیری دل‌رەق . دلیری تاوان کەری خوین‌خواری بی هەست پاش چەند جاریکی تر لی‌پرسینەوەو هاتن‌و بردن .

سەرەکی محکمە بریاریی خنکاندنی دا « اعدام » بە پی مادە ٢١٣

# وەتەن

بشیر مشیر

مـەیل دبسان مـەیل　　دل پرره لـەمـەیل
دل کـەبلە لـەخـەم　　لـەبـەر مـەیلی لـەیل

＊＊＊

لـەیلی من وەتـەن　　منـم مـەجنـونی
هـەردولا توش بـوین　　کـزیو زەبـونـی

＊＊＊

هـەرگیز لانـەچـو　　مـەیلـی لـەنـاو دل
وەتـەن وەتـەنمـە　　بشـچـمە ناو گـل

＊＊＊

دایکی وەتـەن دیلو یەخسیرە
دلتەنگو خەمبار بشیر مشیرە

---

لە قانونی عقوباتی بغـدادی . ئەوندەشـی نەبرد فـەرمانی بو دەرچو لەبەر می درەگای قوتابخانەی ئەو قوتابخانەیە کە « سکالای بی تاوان » خزمەتی دلسوزانەی بی بیزاربونی ئەکرد دلیری دلرەق کرا بەسی‌ دارەدا .....

سلیمانی　　میم

---

# ئەرکەکانی سەرشانی ئەدەبی ئەمرومان

**نوسینی : محمدی مەلا کریم**

ئەو شورشە پیروزەی کەسوپای قارەمانی عیراق ، بەپشتیوانی گەلی خەباتکەری عیراقو لایەنگری ئەوەوە پی‌ی‌هەستا ، بەتەواوی روی عیراقی بەباریکی‌ترا وەرچەرخاند . سەربەخویی تەواوی سیاسی عیراقی مسوگەر کردو بنچینەیەکی پتەوی دانا بو گرتنی سیاسەتیکی ئابوری‌و خویندەواری سەربەخو کەهەر لەئیستاوە نیشانەی بەباشی دیاری‌داوە .

ئەم ریگا تازەیە کەلەئەنجامی ئەم شورشە پیروزەوە ، میللەتەکەمان گرتویەتەبەر ، پیویستی بەوەهەیە هەمو جورە تواناو دەســەلاتیکمان تەرخان بکەین بوتی‌گەیاندنی کومەلانی فراوانی خەلك لەبنچینەی ، وەبو کوکردنەوە یان‌و ریکخستنیان بوپاراستنی جەمهوریەت‌و بەهیزکردنی‌و بردنەپیشەوە تری روژ لەروژ زیاتر .

جا بو هەستان بەم ئەرکە پیروزە ، تواناو ئیشی هاوولاتی‌یەکانمان هەمو وەك یەك‌نیە ، میللەتی ئیمە لەخەباتی‌دا بوپاراستن‌و بەهیزکردن‌و بو پیشەوەبردنی جەمهوریەت ، چەند بەرە ــ جبهە ــ ی هەیە خەباتی تیائەکا ، وەهەر دەستەو چینیك ری‌و شوینیکی تایبەتی هەیە لەهەول‌دانیا بوئەم ئامانجە پیروزە .

ئابوری‌زانان ، پیشەسازان ، مــەلایانی مزگــەوت ، کریکــارانی ماموستاوقوتابی‌یان ، کارخانەکان ، جوتیارانی لادی ، بازرگانانی بازار ،

شاعیران ، نوسەرانو هونەرمەندانیتر ، ئەمانە هەریەکە لەریگای تایبەتی خویانەوە ئەم خەباتە ئەکەنو بەم پیویستە پیروزەی سەرشانیان هەلئەستن . جا لیرەدا من ئەمەوی لە سەر لاپەرەکانی – هیوا – ی خوشەویستا ، کەمیك لەپیویستییەکانی سەر شانی شاعیرو نوسەرەکان بدویم ، لەم خەباتە پیروزەی گەلەکەمانا .

ئەدەبی ئیمە لەچەرخی پاشایەتی بوگەنا ، لەچەرخی دیکتاتوریەتی نوکەرانی ئیمپریالیستا ، لەئیشخرابو ، نوسەرانو شاعیرانی میللەت پەرستو راست گوو ئازادیخوا ، یان لەقولی بەندیخانەکانا توندکرابون ، یا لەنیشتمانی هەزاران سالەی باوكو باپیری خویان هەلاتبون ، ئەوتاکو تەرایەشیان کەمابونەوەو سەریان بوهیزی ستەمکار شور نەکردبو ، ئەبو لەدرزی هەزار دیوارەوە ، لەچرچو لوچی دەیان دیرا ، لەژیر هەزار پەردەدا ، تیشکیکی خەباتو کولنەدانو راستی وتن دەربرن ، تا دوژمن پییان نەزانیو بلاوبیتەوەو بگاتە دەمی خەلکیو ئەوانیش هەرچون بوە شتیکی لی حالیبن ، ژمارەیەکی زوریشیان رویانکردبوە وتنو نوسین بەبالای سوروشتو کانیاوی ساردو دیمەنی جوانو چاو ئەندازەکانی نیشتمانی رەنگینا . لەمریگەوە ئەیانویست داخیدلی خویان بریژنو خوشەویستی ولات لەدلی خەلکیا بچەسپینن ، تائەوەش پالیان پیوەبنی بو خەباتکردن لەپنیاوی رزگاری نیشتمانا ، ئەدەبی بیفەری خزمەت- کەری بیگانەو ریگا لەمیللەت تیکدەرو نوسراوو هەلبەستی روزەردی خوفروشتوانو ژەهراویو پر لە گیانی ورەبەردانو بیبروایی بەگەلو بەپاشەروژی خەبات ، لەگەل ئەوەشا کە لەناو میللەتەکەمانا پیشوازییەکی

وای لی‌ئه‌کراو کومه‌لانی خوینده‌واران به‌چاوی ریزی‌لی‌گرتنه‌وه سه‌یریان نه‌ئه‌کرد ، به‌لام هیشتا له‌سایه‌ی پشتیوانی‌و هانه‌هانه‌دانی چینی حوکم‌به‌ده‌ستی نوکه‌ره‌وه به هه‌مو لایه‌کا بلاوبوبوه‌وه‌و بوگه‌نی له‌هومو شوینیکا خستبوه‌وه .

به‌لام ئه‌مرو که‌ئاسوی هیوامان به‌تیشکی روژی ئازادی رون‌بوه‌ته‌وه و هه‌وری تاریکی درنی داوه‌و داوده‌زگای پاشایه‌تی‌و کونه‌په‌رستی تیکدرا و ئازادی‌خواهان کلومی سه‌رده‌میان شکاو ماوه‌ی ده‌ربرینی بیروباوه‌ری راستی ریگارون‌که‌ره‌وه‌یان بو به‌ره‌لابو ، نوکی پینوسی شکاویان تیژ بوه‌وه ؛ نوسه‌رو شاعیروکانمان ئه‌بی به‌راستی به‌ئه‌رکی سه‌رشانی خویان هه‌ستن ، ئه‌بی به‌راستی ئه‌ندازیاری گیانی ئاده‌می‌زادبن‌و وینه‌ی راستی کومه‌ل بگرن‌و به‌باشی بتوانن چاری ده‌ردی بکه‌ن‌و ریگای سه‌ر که‌وتنی یه‌کجاری بو رون‌بکه‌نه‌وه . ئه‌مرو هیچ‌که‌س بیانوی نیه ئه‌گه‌ر نه‌یه‌وی به‌نوسین‌و وتن خه‌بات بکا بو به‌هیزکردنی جمهوریه‌ت‌و ده‌ربرینی ئه‌و مه‌ترسی‌یانه‌ی که له‌ری‌ی‌دا هه‌ن‌و باس‌کردنی هه‌ستی له‌گه‌ل ژیانی ئیستاما . ئه‌و که‌سانه‌ی که‌بیانه‌وی ئه‌مرو له‌سه‌ری‌و شوینی ( هونه‌ر بوهونه‌ر ) برون به‌ریدا بیانه‌وی‌و نه‌یانه‌وی خزمه‌تی چینی تیك‌شکاو ئه‌که‌ن ، وه‌سودیان بو ئیمپریالیست‌و کونه‌په‌رست ئه‌گه‌ریته‌وه . هه‌روا ئه‌مرو روژی ئه‌ده‌بی ره‌مزی نه‌ماوه وبه‌شان وبالی سروشت‌و جوانی‌دا هه‌لدان به‌ئه‌ده‌بی گه‌ل ناناسریت . ئه‌مرو روژی ئه‌وه‌ینه که هه‌ندی که‌س به‌ناوی ( ئازادی نوسه‌ر )ه وه بیه‌وی خوی له‌کاروانی میلله‌تی سه‌رکه‌وتو

دوربخاتەوەو بەشداری نەکا لەدەربرینی پیویستەکانی ئەمروی سەرشاینا من بی‌پیچو پەنا ئەیلیم ئەو ئەدیبەی کەنوسینی‌خوی تەرخان نەکا بو گەل‌و خوی نەبەستیتەوە بەداخوزی‌یەکانیەوە ، لەریزی نوسەرانی گەل بەدەرەو لەنوینەرانی چینی چەرخ بەسەرچوە .

ئەدەب هیچ روژی لــەژیان جوی‌نــەبوە ، ئەدەبی چینی پیشو داردەستی چینی رەنج‌خورو ئیمپریالیستەکانی ئاغــایان‌بو . ئــەدەبی میللەتیش چ لەمەوپیش‌و چ ئەمرو بەپی‌ی تواناو هەلسوران خزمەتی ئامانجەکانی گەلی کردوەو ئەیکا ، بەلام ئەمرو کەزروفی ژیانی گــەل گوراوەو گەورەترین کوسپیك کــە لەری‌ی ئازادی نوسین‌و وتن‌دابو هەلگیرا ، ئەبی شیوەی ئەدەبیشمان بگوری‌و وای لی‌بی کەبو ئەمرومان دەس‌بداو رەنگی ژیانی ئیستاو پاشەروژمان بوبریژی .

ئیمە ئەدەبیکی وامان ئەوی‌و ، تەنها ئەدەبیکی وا بەئەدەبی خومان ئەزانین .

## نەقلیاتی شــەرق

ئەم نەقلیاتە زور گورجوگولن لەگواستنەوەی شتومەکدا لەبەینی **بغداد** ــ کرکوك ــ سلیمانیدا . ژمارەی تەلەفونەکەیشیان ٨٥٣٢٣ یە



## چاردى تيرمەهى

حافظ مصطفى قاضى

سەلاڤيت گەرم ژ بەغدا رەنگين بو هەمى وەلاتيت كوردستانا جوانو شرين . سەلاڤ بو روحا شەهيديت كوردستانى بو دايكو بيژنو وئيتيميت وان . شەهيديت سەربەستى وئازاديى وحەقى ، ئەو كەسانيت خو كرينا فداييت وەلاتى خو وحەول داين بو شكاندنا قەيدو زنجيريت دەستو پيت ملەتى وسەر ڤەرازيا وى .

ئەى كەسو نياسيت وان شەهيدا دلى هەوە بلا خوش بيت ، چنكى ئەو تشتى وان ڤياى ئەڤەبو . . .

روژا دووشەمبا ١٤ تيرمەهى روحا وان شەهيدا بلند بو ولرەخيت بەغدايى گەريا . . . دەستى خو بسەرى ئەو كەسانە تينا ئەويت رابوينە سەر خو وتوليت وان ڤەكرين ژ وان كەسا ئەويت خوينا ملەتى كيشاين وفروشتيا ئيستعمارى بأرزانى ، ئەو كەسانيت د ژين لسەر حسيبا برسا ملەتى ، ئەو خائنيت سەربەستيا خەلكى خاندقاندى ، بەلى وان نەدزانى ئەو خەندقاندن ئاگرى خوش تر لى دكەتو حەول دانى بتر دكەت چنكى هەر كەسەك ئەكو ژ دەيكى بوى چو زەنجير وقەيد لدستو وپيا نە بون . ئەوى روژى هزار هزارا قيرى ژ گەريا راد هيلان : هەر بژيت سەربەستى هەر برخيت ئيستعمار وكوريت وى . . . مرن بو خائنيت وەلاتى . . .

ئەوان نە دزانى كو ئەو يى گورخانا خو بدەستى خو ييت كولن ونە انگليز ونە كەسەكى دى بكير وان نائيت ئەگەر ملەت رابو . . . وهەر وصا

مروڤیت خودان غیرەتو وجدان رابونە سەرخو وراوەستیان بەرام بەری وان خائنا هەتا کو شیاین ( دوژمنی خودی ) و ( نوری سەعیدی ) وکوریبت ئیستعماری ئەویت مایی بطەفینن وحکومەتی بیخنە بن دەستی ملەتی وشول بکەن بو خیرا وی ... بو ژیانەکا وەکی مروڤا .

ئەیخەلکی خو جهی ، ئەی شیریت کوردستانی ؛ ئەی برادەریت سەربەست ئوئازا :

تشتەکی دیارە وەکی روژی ، تەعەدا نەشیایە چو جارا حەتا سەری بەرام بەری حەقیی رابوەستت .

ئەم ژی وەکی گەلەك ملەتا لبن دەستی زوردارا بوین ، گەلەك تەعەدا لمە هاتنە کرن ، نەد شیاین چو بکەین ، دەستی مە بسەری مە ڤەبو ، نەد ویریاین باخڤین ، نەد ویریاین حەقی خو بخازین ، زوردار لمە سویار ببون . مە گەلەك موعیزی ونەخوشی وبرسی وهیلاکی وظلم بچاڤیت خو دیت ، بەلی سەد جارا شکر ئەم رابونیە سەرخو ، ورابونە مە بسەر کەت وموەفەق بوین ، وتەعەدا مە برەهو وریشال ڤە کیشا .

ئەڤە چەندەکا بسەر رابونا مە ڤە بوری ... خەلك هەمی یی بسیارا ژ ئیکو ودوو دکەن ... ئەری کانی فلان ؟ کانی بیڤان ؟ کانی ئیستعمار ؟ کانی خولامیت وی ؟ کانی خین میت ؟ کانی ظلم ؟ کانی بی نامیس ؟ کانی نەو کەسیت خارنا ئیخسیرو فەقیرا ژ دەڤی تینانە دەری ، ئەو خارنا بخوهر وخینا خو پەیدا کرین ؟ کانینە ئەو دز ؟ کانینە ئەو تالان کەر ؟ کانینە پارە پەریست ؟ کانینە ... کانینە ...

بلا دیار بن ... بلا سەری خو بینە دەری ... ئەو هەمی کیفە چون ؟ جابا ڤان هەمی بسیارا یادیارە لکەنیا ملەتی ... یادیارە لروندکیت کەیفی لچاڤا ... ئەو کافر هەمی جون ... ئەو بی وجدان هەمی بەرزە بون ... وسەریت وان لبن پیت بیخاسو وپیلاڤا بەحن بون ... کانی قەسرو قوسسیریت وان ئەویت کرینە شیرهیت ئیستعمارا پیس وچەپەل ... ئەویت کرینە قومارخانەو مەیخانەو وجهی پیجی وبی نامیسیی ...ئەو هەمی قەسر چلی هاتن ... هەمی کاڤلو ویران بون وبسەری وان دا هەرفین .

ئەی ملەت : سەد جارا پیروز بت ئەڤ رابونە تە ... سەد جارا پیروز بت خلاص بونا تە ژ ڤا ئیستعمار پەریستا .

برایی کورد : گەلەك ژ میژە ئەم هەمی لهیڤیا ڤی روژا پیروز بوین ... مە باوەر نەد کردی بینین ... بەلی دیماهی ... دیماهیی مە بچاڤیت خو دیت ... مە بچاڤیت خو دیت سەربەستیا وولاتی خو ، ومە دیت طاما وی سەربەستیی چەندا خوشو شیرینە ... بەلی ئەگەر مە بڤیت ئەم هەر ییت سەربەست بین ، نابت ئەم رازی ببین برینا سەری ئەوان کەسیت سەربەستیا مە خەندقاندی حتی نوکە بتنی . سەر هاتنە برین ... راستە ... بەلی هیشتا گەلەك دەستو وپی وکورییت وان ییت ماین ... تڤیت ئەم لی بگەریین ووەلاتی ژ وان پاڤژو تافیر بکەین .

یا دووی : تڤیت مە هاش خو هەبت ودەستی خو دریژ بکەین بو برایت خو عەرەبا وملی خو بدەینە ملی وان وچو جارا ریکی نە دەینە

مفسدا کو مه ژیك ڤه‌که‌ن . هه‌تا بگه‌هینه مه‌خصه‌دا خو .

**یاسی یی :**

وولاتی مه یی شرین محتاجی خزمه‌تی یه ، وئه‌و خزمه‌ت فرزه لسطو یی مه‌دا تڤیت هه‌ر لبیرا مه‌بت وچو جارا ژبیر نه‌که‌ین .

برادەریت سه‌ربار !

تڤیت ئه‌م هه‌می ببینه ئیك ده‌ستو ئیك دل بو پیش ئیخستنا وه‌لاتی خو دا زوردار نه‌شین رابوه‌ستن لریکا مه ... ئه‌ڤ حه‌ره‌که‌ته ژ مه‌یه ئوبو مه‌یه ... تڤیت ئه‌م روحو مالا خو دانینه سه‌ر دا کو که‌سه‌ك نه شیت ژ مه بصطینیت .

ئه‌ی مله‌تی سه‌ربه‌ست ! ئه‌ڤرو روژا مه‌یه ، روژا مه هات وپشتی شه‌ڤه‌کا دیر ودریژو طاری حه‌تاڤاسه‌ربه‌ستی هه‌لات ..

هه‌ر بژین ئو بو پیش ئه‌ی مله‌تی قه‌هره‌مان .

---

ئه‌م دی هـــه‌ر بورین لســـه‌ر پریت خینی
بســـرو شـــاهنازی لنـــاڤ گوریت کینی
دل خـــازیا شـــرین دا چـــاك بگـــه‌هینی
ئو حیـــل پیروزکـــه‌ین ســـه‌ربه‌ستیا ژینی
« ص »

# زانست و ژیان

× بروفیسور ( نیجوفسکی ) وتویە : زانا روسەکان هەولی ئەوەیانە بتوانن گیان بکەنەوە بەبەری ئادەمیزادا پاش مردنی و وەستانی دلی لەلیدان . وە وتویە : روسەکان توانیویانە گیان بکەنەوە بەبەری چەند سەگیکا پاش ئەوەی کە دلیان بو ماوەی سەعاتیك لەلیدان کەوتوە ، بەلام بومەیمون هەر ئەوەندە یان پی‌کراوە بیست دەقیقە پاش توپینی گیان بکەنەوە بە بەریا ، هەروا وتویە : بو ئادەمی زادیش پاش مردنی‌بەپینج شەش دەقیقە توانراوە گیانی بکریتەوە بەبەرا ، وە لەمەبەولاوە هیچ تەجروبە یەکی ترمان نەکردوە ، بەلام دل‌نیام لەوە کەلەتوانادا هەیە پاش ماوە یەکی دریژیش گیانی بکریتەوە بەبەرا ئەگەر لەشەکەی لەناو سەهول کەرە ـ ثلاجە ـ یەکا دانری .

× رادیوی موسکو بلاوی کردەوە کە زانا روسەکان چاویکی تەلەفیز یونی‌یان دروست کردوە کە ئاوسانی میشکی پی ئەبینری . ئەم چاوە لە پیشانگاکەی ( بروکسل )دا پیشان‌درا .

× کە سەعاتە بەناوبانگەکەی ( بیگ بن ) دروست کرا وایان دروست کرد کە قەت روژی لەسانیەیەك زیاتر دوانەکەوی . ئەو روژە خەلکی ئەمەیان زور لاسەیر بو ، بەلام ئەمرو زانستگای تایبەتی دروست کردنی سەعاتی گەورە لەئینگلتەرا بەبونەی سەدەمین سالی دامەزرا نیەوە بلاوی کردەوە کە سەعاتیکی ئەتومی دروست‌کردوە لەتەجروبە گای فیزیا لــە

شاری ( میدلکس ) دا ئیشی پی ئەکەن ، کە لەماوەی سی سەد سالا لەسانیەیەك زیاتر پاش ناکەوی .

× روژنامەی ( کراسنایا ئزفزدا ) بلاوی کردەوە کە یەکیەتی سوڤیەت توانیویە فروکە یەکی هیلوکوپتەر بخاتە گەر نەبالی هەیەو نەچەرخی خولاندنەوە ، وە ئەتوانی بە هەمو لایەکا وەرچەرخی ، وە لەسەر پارچە زەوی‌یەکی بەپانایی خوی بنیشیتەوە . ئەم فروکەیە لەپیشەکەیەوە باوەشینیکی ویزەویز کەری هەیە دوپەری پیوەیە ئیشی پەرو بالەکانی فروکەی تر ئەکەن وە بەهەمو لایەکا وەر ئەگەرین .

× ئەندازیارەکانی ژاپون خەتیکی یەك ئاسنەی شەمەنەفەر یان راکیشا لەبەرزایی پینج گەزەوە بەسەر شاری ( توکیو ) دا ، مەبەس لەم خەتە سوك کردنی قەرەبالغی هاتوچوکەرانی ناوشارە . ئەو شەمەنەفەرەی بەسەر ئەم خەتەدا ئەروا ١٢ تونەو ٦٢ کەس سواری ئەبی ، پیچکەکانیشی لەسەرەوەیە وەلە لاستیك دروست کراوە تا کە تیپەری بەسەر شارەکەدا دەنگی لی‌نەیەت و سەری خەلکی نەیەشینی .

× رادیوی موسکو بلاوی کردەوە کە ئەندازیارەکانی دروست کردنی فروکە لەیەکیەتی سوڤیەت فروکەیەکیان دروست کردوە ناویان لی ناوە ( ئور نیتهوپتر ) وە وەك چولەکە بەبال بەیەکادان ئەفری . رادیوی موسکو وتی ئەم چەشنە فروکانە بو هاتوچوی ماوە کورت بەکار ئەهینری وە ئەتوانی لە هەمو شوینیکا بنیشیتەوە و بەعاسمانیشەوە بوەستی ، وە چوارپینج ئەوەندەی فروکەی تری لەچەشنی خوی گورج ترە .

ئەمرو جیهازی ئەلەکترونی وه کو میشکیکی وای لی‌هاتوه کـه دەسەلاتی بەسەر زوربەی ئیش‌وکاری پیشەسازی‌و هونەری و زانیاری دا هەبی . له کەمتر لەسانیەیەکا سەخت‌ترین موعادە لەیەکی ریازی تەواوئەکا ، ریگا پیشانی کەشتی‌و فروکه ئەدا کە لەکوی‌دا بنیشیتەوە یا لەنگەردادا . سرنجی بەرهەمی کارخانەکان ئەدا له هەمو قوناغیکی دروست کردنیا . ئیستا له لەندەن‌و شارەکانی‌تری ئینگلتەرەدا بەدالەی ئەلەکتەرونی واهەیە کە ئەتوانی گوی بو حەوت‌هەزار بانگی تەلەفونی شل بکاو لەبیریشی نەچی‌و خـەتە داواکراوەکان ببەستی بەیەکـەوە بی‌ئەوەی ری‌ی تی‌بچی هیچ هەلەیەك بکا .

روسیا گەلابەیەکی لەپیشانگای بروکسل‌دا پیشاندا که لەشاری ( مینسك ) دروست کرابو ، چل تونی هەل ئەگرت ، پانایی ٣ گەزو نیو و دریژی زیاتر له دەگەز و بەرزایی نزیکەی چوار گەز بو ، لەگەل ئەوەشا کە قورسایی خوی و بارەکەی ئەگەیشتە ٧٥ تون چەرخە دیزلەکەی ١٢ تەوان بو . ئەم گەلابە هیزی ٤٥٠ ئەسپی هەلی هەیەو له سەعاتیکا لەسەخت ترین ریگادا ٣٠ کیلو مەترە ئەبری .

× روسیا بلاوی‌کردەوە کە تاماوەیەکی کەم لەمـەوپاش ، ئەتوانین چەند کیو بەتەواوی لەسەر روی زەوی هەل گرین . رادیوی موسکو تەلگرافیکی ئاژانسی ( تاس )ی بلاوکردەوە ئەلی لەجیگای ئەو کیوانەدا لەعەرزیکی تەختان بەولاوە هیچ نامینی . هەروا وتی ئیستا له تواناماا هەیە هەزاران مەتری مکعب خول بەرزکەینەوە بەعاسماناو بەریکوپیکیش بزانین له کوی‌دا دائەکەوی .

تیکوشەرا . دەمژدەبی ئیتر کە گەلی عیراق بەکوردو عەرەبەوە کەوتنە جەژنی ئازادیو سەربەستی‌یەوە . روژی ئازادی ئەم دوو گەلەیە کــە سالەهای سالە سنگیان کردبووە سپیر بو قوزتنەوەی کوللە پیسەکانی ناپیاوەکان ، روژی ئەم دووگەلەیە کە لەدەمیکەوە قوربانی بە رولەکانیان ئەدەن بو لەناوبردنی ئەو گورگانەی کە دەمیان نابوە لەشی ئیمەوە ، دەبا ئیمە لیرەوەو ئیوەیش لەشوینی خوتانەوە پرربەدەم هاوارکەین کەبژی گەلی عیراق بەکوردو عەرەبەوە . بژی جمهوریەتی عیراقی خوشەویست . بژی قارەماناتی نەبەز .

ئیتر ســلاوی بونخوشمان پیشکەش بەهــەموو ئازادیخواهانی بەهەشت ئەکەین و مژدەیان ئەدەینی کە هــەرگیزاو هــەرگیر ماوونو نەمردوونو ناویان لەلاپەررەی میژودا بەدیرری ئالتوون نووسراونەتەوە .

هەتا نامەیەکی تر بەخوات ئەسپیرم .

چەمچەمال : محمد نوری توفیق

---

**بو ئاگاداری**

ئــەم گوڤارە ئامادەیە بوبلاوکر دنەوەی هــەموجورە اعـلانیکی میریو پرروپاگــانتەی بازرگــانی .

نوسیبوی : ئەم مەکینەیە ئەبی بەهوی ئەوە کە ئادەمی‌زاد لەکوکە رەشەو نەخوشی دل‌و سیلی قوناغی یەکەم و هەلامەت شتی‌وا چاك ببیتەوە ، وە ریگای ئەو نەخوشی‌یانە ئەگری کە بەهوی هەل مژینی هەوای پر لەتوزو وردەلەوە توشی مروڤ دین . بەم مەکینەیە بیرەکانی خەلوزی بەردیش پاك ئەکەنەوە لە هەوای پیس .

× لیژنەی ئەکادیمی زانیاری ئەمەریکا بلاوی کردەوە کە ئەگەر دو کەشتی لەیەك بدەن کەیەکیان بەهیزی ئەتوم بگەری ، ئەبی بەهوی ئەوە کە ناوچەی لەیەك‌دانەکە پیس ببی و بوئەوە نەشی کە کەشتی بەپانایی ۳ میل‌و بەدریژایی ۸ میل لی‌ی نزیك ببیتەوە ، ئاوەکەش تاقولایی ٥٠ پی‌پیس ئەبی .

× زانا بیولوجی‌یە روسەکان ئەلین : سەری سەگیکیان ناوە بەلەشی توتکەیەکەوە ، وەئەم توتکەیەش پاش ئەم پیکەوە نوساندنە تا ٦ روژ بوخوی ژیاوە ، هەروا توانیویانە سەری سەگیك ببرن کەچی ئەو سەرە تا شەش سەعات پاش جوی‌کردنەوەی لەلاشەکەی هەر زیندوبی ، قاچی سە گیکیشیان ناوەتەوە بەجی‌ی خویەوە پاش برینی بە ۲٥ سەعات .

× لەژاپونا کونیکیان لەژیر دەلیاوە هەل‌کەندوە بو بە یەك گەیاندنی جەزیرەی ( هونشو ) و ( کیوشو ) . ئەم کونە ۱۱ هەزارو ٤۲۱ پی دریژە وە بە ۲۲ سال تەواو بوە ، بەلام دەسالی بەهوی جەنگی دوهەمەوە ئیش وەستابو . ئەم کونە دوقاتە ، قاتی سەروی ئوتوموبیل‌و قاتی خواروی پیادەی پیا ئەروا .

× زاناکانی یەکیەتی سوڤیەت بەدوای ئەوەدا ئەگەرین بزانن چون ژیان لەسەر روی زەوی پەیدابوە . لایان وایە ئەو مەوادانەی کە لەتوپی زەوی‌یا بوە کاتیك کە لەروژ جوی بوەتەوە ، تیکەلی هەمو چەشنە تیشکیکی کەونی بوە وە لەمەوە ژیان پەیدا بوە . زاناکان بو بردنە سەری ئەم بیرەیان دین هەندی مادەی وا کە ئەندامەتی تەواویان نەبی وەك - میسان - و هیدروژین‌و هەلی ئاو ئەخەنە ناو مانگە دەسکردەکانی لەمەو پاشیان ، وە لەتورەکەیەکی تایبەتی یا فری‌ی ئەدەن بو چینەکانی دەرەوەی جەوی زەوی تاتیشکە کەونی‌یە سەروی وەنەوشەبی یەکان کە لەخورەوە دین ، کاری تی‌بکەن . پاشان بەشیوەیەکی تایبەتی ئەم تورەکانە ئەهینرینەوە بو سەر زەوی ، جا ئەوکاتە ئەگەر ئەو مادانە بوبن بەشتی زیندوی سەرەتایی ، ئەوە بیرەکەیان بەراست دەرئەچی و گەورەترین شورشیکی زانستی رو ئەوا سەبارەت بەوە کە چون ژیان لەسەر روی زەوی پەیدابوە !

× ئاژانسی ( تاس ) بلاوی کردەوە کە زانا سوڤیاتی‌یەکان کامیرەیەکی وینەگرتنی سینەمایی‌یان دروست کردوە لـە توانایا هەیە فلیمیك وینەبگری کە ( ٣٠٠ ) گەز دریژ و ( ١٦ ) ملیمەتر پان بی ، وە جیگەی ئەوەندە وینەی تیا ببیتە وە کە لەفلیمیکی ( ٣٠٠٠ ) گەز دریژ و ( ٣٥ ) مەتر پانا جی‌ی ببیتەوە . گرنگی ئەم کامیرە لەوەدایە کە لەشوینیکی وای شریتا کە تەنها جی‌ی یەك وینەبی ، ئەم چوار وینە ئەگری .

× لەمەوپاش لەدەشتی ( وومیرا ) لەئوستەرالیا بەهیزترین کامیرەیەکی

وینەگرتن دا ئەنری کە بتوانی لە ( ١٦٠٠ ) کیلو مەترە دورەوە وینەی شتیك بگری هەر ئەوەندەی پرتەقالیك بی . ئەم کامیرەیە بو وینە گرتنی مانگی دەس‌کرد بەکار ئەهینری ، ئەم کامیرەیە هەر خوی تەلەسکوبیشە .

× لەزاناو هونەرمەندانی ٦٧ دەولەت ، ١٠ هـــەزار کەس بویان دەرکەوتوە کە لەقولایی ١٦ هەزار و دوسەد پی دا لەژیر تەختایی دەلیاوە ژیان هەیە ، ئەم زاناو هونەرمـــەندانە ئەوانەن کـــە بەبونەی ســـالی جوغرافیایی بەینی هەمو دەولەتانەوە خەریکی باس‌کردن و لیکولینەوەن .



# شورشا پیروز

صالح یوسفی

خەتیره هەلكر لەشكەری مەزن
بەردا پەتیلكا شورشا بی بن
كەلیت ( باستیلا ) لدیڤ ئیك ییت گەڤن
زوردار نوزانن دی كیڤه رەڤن
دەستیت ( كەریمی ) دنیا تیك هژاند
بومیا شورشی هاڤیت پەقژاند
سەری شەڤا رەش هیر كر هەرشاند
شەفەقا روژی چیاو ودەشت رەشاند
زەنگلیت شورشی حیل چرنگینه
باروڤیت كینی دزڤرن ، فیزینه
گوریت شەهیدا گازی وقیرینه
تولیت نقستی ڤەكەن كا الكینه
بشكیت ملەتی بن پی ودارا
زنداتیت خورتا زنجكیت ژارا
خوها رنجبەرو پالاو جوتیارا
هەمی تیك هەلبون بیژنه زوردارا
ما هیژ بەس نینه ؟ ما هەتا گەنگی ؟
دەستادا رزین مەلبەتیت ژەنگی

ما ئەم سەپانین بو ڤی فرەنگی ؟
شورشی پەقاند هرمنیا دەنگی
چی بی بەلەرزە چەندا دژوارە
کوچکیت زوردارا لی بو نهارە
هلون ببینن چیا دیارە
زڤستانا چوی بویە بهارە
ئیشو نەخوشی ئاخینکو کوڤان
بن دەستی وژاری دەردیت رەش گران
خوهو وخوینیت رستییت شهیدان
خەبات نیك هەلگر عەرەبو وکوردان
هەردوو ملەتا سوزا شاراندی
هیزو وخەباتا بدلی خو چاندی
دەشتو چیایا تولا ئاراندی
زەنگلا شورشی یا راهەژاندی
ئەم بوتە سویند خوین شورشا دەلال
بدلیت پر ئەڤین باوەریا زەلال
دی گوری تەکەین ژین وسەرو مال
دا حیل پیروز کەین ژیاریا حەلال
چیژنا قەهرەمان جاردی تیرمەهی
بەهشتا هیڤیی تولا گونەهی
مزگینی دامە بایی صبەهی
جەمهوریەت زا پیروزیی بگەهی

## پیروز بایی‌یەکی بەگەرم‌و گور هەلقولی‌و
## هەروەکو خوینی براو خوشکە شەهیدەکانمان

**نوسینی : روناك**

براو خوشکە بەنرخەکانم !

لەکانگای دلەوە پیروزبایی‌یەکی گەرم‌و گورتان پیشکەش ئەکەم ، بەهوی ئەم روژە پیروزەوە کەوا چەند سالیکی دورودریژە گەلی عیراق بەکوردو عەرەبیەوە ئالای خەباتی هەل‌کردوەو لەتیکوشانی گەرم‌دایە بوهاتنەدی‌ی ، وە تا هاتەدی پیسترین سزای چیشت لەژیر یاسـای پاشایاتی‌و ئیستعمارا ، ئەوپاشایەتی‌یەی کەوا هەمو مەسلەحەتی گەلی کردبو بەژیرپیوە ، وە بەجاری خوی‌خستبوە باوەشی بیگانەوە ، وەنەخوشی‌و هەژاری‌و نەخویندەواری هەمو گەلی عیراقی گرتبوە وە لەژیر سیبەریا . لە ژیر سیبەری ئەو یاسا بو گەنەدا بو چوار ئەستیرەی گەشی پرشنگداری ئاسمانی کوردوستان ، چوار رولـەی نەبەزی میللـەتی کورد کران بەسیدارەدا ، لەژیر ئەو یاسا بوگەنەدا بو گاورباغی بەخوینی شەهیدانی چینی کریکار ئاودرا ، با پارچە جلەکانی ئەوکریکارانەی بەلق‌وپوپی دار زەیتونەکانیەوە ئەشەکاندەوە ، لەژیر ئەو یاسایەدا بو شاخەکانی بارزان بەخوینی رولـەکانی سورکراو ئافرەت‌و پیرەمیردو منالان بەهـەزاران دەربەدەرکران‌و ناچارکران لەنیشتمانی خویان هەلین ، لەریژ ئەو یاسایەدا بو بەندی‌خانەکانی بەغداو کوت‌و نوگرەسەلمان درانە بەر شەستیری بی رەحمانەی خوین‌ریژان ، شەقـەی قامچی‌و فەلاقـەی

سەردابەکانی تەحقیقات و شورەی بەندیخانەکـەی بەعقوبـە دادی ویل‌کراوانی بە ئاسمان ئەگەیاند ، لەژیر ئەویاسایەدابو نوکەرانی پەیمانی بەغدا گەلیك لە رولەکانی هەردو نەتەوەی کوردو عەرەبیان دابـەدەم گوللەوەو ئاسوی بەرزو پرشنگداری عیراقی خوشەویستیان بەهەوری رەش‌و چلکنی ئیستیعمارو نوکەرانی شاردە وەو ئازادیو سەربەستی گەل‌و ولاتیان فروشت .. بەلام خەیالیان خاوبو ، دوای کلاوی بابردو کەوبتون .. رولەی ئازادیخوای راستەقینەی گەل هیچ وەختیك سەری شورنەکردوەو نایکا ، تادواتنوك خوینی پاکی خوی ئەریژی لەپیناویاو تادەس گیری ئەبی ، ئـەو گەلـەی قوربانی بدا لـە پیناوی ئازادیو سەربەخویی‌دا هەرگیز نامریو ئەبی هەرسەربکەوی بەسەر دوژمنانیا .. بەلی ، لەپیناوی ئەم روژە پیروزەدابو ، رولە فیدا کارەکانی گەل روژ لەروژ زیاتر ، وە بەگیانیکی پولایی‌یەوە ئەهاتنە کوری خەباتەوەو گوی‌یان نەئەدایە سزای دوژمنانی گـەل ، تی‌ئەکوشان بو گور کردنی یاسـای پاشایەتیو ئیستیعمار ، بودانانی جەمهوریەتیکی نیشتمانی کە عیراق دورخاتەوە لەپەت‌و داوەکانی ئیستیعمارو نوکەرانیو هەنگاوبنی لەگەل گەلانی عەرەب‌و هـەمو گەلانی ئازادیخوا ، وە سـەروەتو سامـانی نیشتمانی مان بوسودی گەل بەکاربینی .. ئەوا شوکر ئاواتەکـەمان هاتەدی ، بە چاوی خومان ئەو روژە پیروزەمان دی .. هیزی سوپای قارەمان‌مان بەسەرکردەیی قارەمانی نەبەز عبوالکریم قاسم وەبەپشتیوانی گەلی تیکوشەرمان تەخت‌و تاراجی پاشایەتیو ئیستیعماری سەرەوژیر‐ کردو لەبەر چاوی گەلەکەمانو کەس‌و کاری براو خوشکە شەهیدەکانمانا

سەریان پان‌کرایەوە و کران بەپەنگو عیبرەت ، تا هەتا هەتایە لە میژوی گەلانی جیهانا باسمان و باسیان بگیریتەوە .. واهەوری چلکنی باسای ئیستیعماری بە رەشەبای خەباتی گەل رەوینرایەوە ، ئیتر جاریکی‌تر بەعاسمانی نیشتمانمانەوە چاومان پی‌ناکەوی کەروی روژی ئازادی‌مان لی‌بگری . ئیستا لەسایەی جەمهوریەتی نیشتمانی‌و سوپای قارەمان‌و گەلی کول‌نەدەرمانەوە ئەتوانین بەئاشکرا بانگی ئازادی بدەین بەسەر گوری پیشەوای ئازادی‌خوای نەتەوەی کورد قازی محمدو هاوری‌کانیا ، بەسەر گوری شەهیدەکانی نوزدەی حوزەیرانا ، بەسەر راکشاوەکانی بنی دار ئەخەوانەکانی سەیوانا ، بەناو زیندانە تاریکە کانا ، بەسەر ئەشکەوت‌و دەشت‌و چیاو لوتکەی شاخە بەرزەکانی کوردوستانا ، ئەو کوردوستانەی کە چەند جار بەشورشە خویناوی‌یەکانی جەرگی ئیستیعماری کون کون کرد ..

ئەی خوشك‌و برایانی بەنرخ !

ئیتر ترس نەما ، باهەمومان بیینە پیشەوە بو بەهیز کردنی خەبات بو پاراستنی جەمهوریەتە نیشتمانی‌یەکەمان لەپیلانەکانی ئیستیعمارو نوکەرەکانی ، بو بەهیزکردنی یەکیەتی‌و برایەتی لەگەل نەتەوەی عەرەبی براگەورەی نەتەوەی کوردا ، لەگەل هەمو گەلانی ئازادی‌خوادا‌و گیانی خومان بەخت‌کەین لەپیناوی پاراستن‌و بوپیشەوەبردنی ئەم جەمهوریەتە ساوایەماندا .

هەربژی جەمهوریەتی نیشتمانی‌مان بوپاراستنی مافی گەلی کوردو عەرەب !

هەربژی یادی شەهیدانی ریگای ئازادی !

هەربژی تیکوشانی ئافرەتانی عیراق بو گور کردنی پیلانەکانی ئیستیعمار و نوکەرەکانی !

# کەلی دڵدار

نوسینی : هەوری

ئاوڕیکی گورج‌وگول لەلاپەڕەی میژوو حالی‌مان ئەکات کە لەسالی ۱۲۰ وە گەلی نەبەزی عیراق بەکوردو عەرەبەوە کەوتە خولیای دلداری سەربەستی‌و یەکسانی‌و خوشی‌ژیانی سـەربەخویی وچـەشتی ژیانی کامەرانی‌یەوەو هەر لەو سالەشدا بەبی ترس‌و لەرزو راوەستان دەستی کرد بە خوکوکردنەوە بو خوازبینی کچە تاقانە کەی ژیان کـە ناوی ئازادی‌یە بەلام خوازبینی لەکی ؟ خوازبینی لەو داگیرکەرە کونەپەرستەی کە لەکاتی جەنگ‌و تەنگانەدا بەهەزاران بەلین‌و پەیمانی رەنگاورەنگ ئەدات بەگەلانی داگیرکراوی بەش‌خوراوی ژیردەستی خوی کەچی کەتەنگانەـ کەش بەسەرچوو ئەوی گوشەیەکی پەیمانەکەی بیربخاتەوە بەشی لیدان‌و دەربەدەری‌و بەندی‌و زیندانی‌و زورجار کوشتنە ، خوازبینی لەکی . خوازبینی لەوخوانەناسە خوین مژەی کەیەکم فرمانی لەولاتانی ژیردەستی‌دا برەودانە بەداوین پیسی‌و دوودلی‌و یەکترنەویستن‌و نیشتمان فروشـی خواردنەوەو یاری‌و سـادە پەرستی بەجوریك هیچ جورە جوانی‌یـەکی رەوشت نرخی نامینیت ، خوازبینی لەکی ؟ خوازبینی لەو داگیرکەرە موتەکەی خوین مژە کە سوودی خوی لەبەندکردنی ئازادی گەلان دا ئەبینیت بەکوت‌و زنجیرەوەو یاساولی ورگ پرکەر بەشمشیری خو پەسەندی‌و چەوری بەری‌چاوگرتووەوە بەدیاریەوە رابوەستیت بو ئەوەی نەویریت جوولە بکات‌و نقەی لیوەبیت بویە لەلایەکـەوە دەستی کرد

بەتەفرەدان چینی چاکانی گەلی عیراق بەناوی منالیو ناکامی و ناپوختەییو نەخویندەواری گەلەوە کە گوایە جاری گەلی عیراق ناتوانی نازی بووکی ئازادی بکیشیتو باش بەخیوی بکات چونکە ( وەك ئەو ئەیوت ) گەشەدان و پاراستنو بەخیوکردنی بووکی ئازادی هەر تەرخانی گەلانی شارستانی خورنشینەو هەر ئەوان لەباریاندا هەیە بەتەواویو ریكوپیکی ئەم بووکە نازەنینە بپاریزنو نەیەلی بیناز بکەویت

کەچی هەر لەوکاتەدا کە بەتەواوی زانی ئەم گەلە بەراست ناوی ئازادی ئەبات بەر لەگشت شتیك چونکە ئەو ساکە هیز بە دەست خویەوە بوو هینای ئازادی بیروباوەررو قسەو فرمانی پی لەپیوەندو دەست لەکەلەپچەو تەوق لەگەردندا خستە زیندانی بیبەزەییو یاساولی لەچینی بو نوکەری دروست کراوی نیشتمانفروشی بیگانە پەرست دروست کردو بەدیاریەوە داینانو دەرگای سامانو دەسەلاتو لەوەرری پاکژی بو یاساولەکان جوریك خستە سەرگازیپشت بی ترسی لیپرسینەوە بەئارەزوی خویان چییان ئەویست تەنیا سوودی ئاغایانی تیدابوایەو بەس ئەیان کرد ئەوی پیویستە لیرەدا بلریت ئەوەیە بەرەنگیك چاکی بەندەیی یان کرد بەلادا بو خزمەتی ئیستیعمار گەلیك لەخوی باشترو بەکولیدلتر فرمانیان بو دەکردو بوون بەهیزیکی بەتوانای خاوەن ترس بوئازادیو ئازادیخواهان بەم رەنگە کاتیك گەل بەخوی زانی لەهەموو عیراقدا بو دەرمان پیاوەتیو رەوشتی شیرین و خویچاكو ئازادی نەماو هەرکەس ناوی بینیت وەك ئەو بەش لەناوچوونەو دەواری رەشی

ترسی بەسەر هەموو عیراقدا هەلدرا ئەو حەلە ئەوەی گەل حالی بوو ئەوە بوو داواکردنو پاررانە وەو خوازبینی ئازادی بی‌سوودە لەبەرئەوە برریاریاندا ئەم شایی‌یە بەخوین بکەن بویە هەر لەسالی ١٩٢٠ وە ئاگری شورش بی پسانەوە یەك بەدوای یەکدا هەل گیرسا بەلام بەوسەبارەتەی کەهیزی ئیستیعمارو کونەپەرستی‌و نوکەرەکانی دەستیان تیکەلاو کردبوو بو بەرهەلستو کوژاندنەوەی ئاگری ئەم شورشانە جار لەدوای جار نالیم ئاگرەکەیان ئەکووژانەوە بەلکوو گررەکەیان هەرجارە بەناویکەوە کز دەکردو بەهەزارانیان دەربەدەر ئەکردوو ئەگرتو ئەکوشتو تادەهات بەندی ئازادیشیان لەبەندی خانەدا توند تر ئەکرد وەلی گەلی نەبەزی دلداری ئازادی‌و سەربەستی‌و سەربەخویی‌و ژیانی کامەرانی هەروازی نەهیناو بەدروشمی « یا ئازادی یا مردنەوە » هەر لەسەر شورش خوی رویشت و سوورتربوو لەسەر مەبەستەکەی و لەشەوی ١٩٥٨/٧/١٤ دا سوپای دلیر بەیاریدەی گەل وەك شیری نەرر لەبیشەی نیشتمان دەرپەرری‌و قـەلای کونەپەرسـتە کانی بەتوپی بازووی مەردانـەیان لەماوەیەکی زور کەمدا لەگەل زەوی تەخت کردوو دەرگای بەندی‌ـ خانەکانیان خستە سەر گازی پشتو بووکی ئازادی‌یان بەرازاوەیی هینا بو گەلو ئیستاو تا دیرزەمانیش موسیقای شایی بەیەك گەیشتنی گەلی عیراق بەبووکی ئازادی هەر دەنگ ئەداتەوە .

# گڕبوونەوە

کامەران ١

لەمەچەك بازووی وەك ئاسن     لەگلینەو دەسی خرپن
کوشکی هەستان نهوم نهوم     ئەیوت ولات هی خومە خوم
لەقژی دەسکەنە کراو     لەدەماری لاوی کوژراو
هیلانەیەکی چنیبوو     ئەیوت ئەی ولاتی مردوو
منم شوینم خوشو بەرزە     دەنگم کیو دینیتە لەرزە
بەرومەتی ناسکولەو سوور     بەدەمو پەنجەی وەك بلوور
نەخشانبوی کوشکو تەلار     قاسەی سیخنا خبو لە ملیار
ئەیوت منم خواوەندیکم     بەیەك ئان سەگیان ئەپیکم
لەیەك کاتا هەزاران جی     بەفەرمانم ویران ئەبی
منم دەسداری خوین مژی     کەس ناتوانی من بکوژی
کەچی کاتی رەشەبای قین     گیژیدا لوورەلوور بەتین
هیلانەکەی تووردایە ناو     گومی قولی سووری خویناو
ئیسقانی لاشەی لەشاری     وەکو زیخ کەوتوتە ژیر پی

# هاواریك

**نوسینی : تەنیا**

براکانم ، خوشکەکانم :

نوستنمان دریژەی کیشا ، تاکو خـەریك بو لـەناومان بەریو لەسەرزەوی روناکو پەیدابونەوە بمان باتە ژیر زەوی تاریکو لەناو چون ، بی هوشیو بەئاگا نەهاتنمان دریژبوەوە بەجوری لـەوانەبو پیویستیە پیروزەکانمان لەبیر بچیتەوە کە بەرامبەر بەنیشتمانیکی پیروز پیمـان سپیرراوە .. ئەو نیشتمانەی کە بەخوینی شەهیدە خوالیخوشبوەکانمان ئاو دراو لاشەو گیانی هەزارەها پیاوی خوبەخت کەر لەریی سەربەستیا لەناویا شارایەوە ، ئەو پیاوانەی کە هەمو خوشیو رابوردنیکی خویان خستبوە ئەولاوە بو ئەوە نیشتمانە پیروزە بەپیتەکـەیان پاك بکەنەوە لەزوردارو خونمژو دوژمنانی گـەل بو ئـەوەی کـە لەدوای خویان نەتەوەکەیان بەخوشیو کامەرانیو بەسەربەستی لەناو گەلانا بژی ...

ئیستا ئیمـە پیویستیەکی گرنگمـان لەسەرە ئەویش پاراستنی نیشتمانی پیروزی کوردستانە ، وە زیندو کردنەوی میراتی نەتەوایەتی کورد و کوردستانی پیروزو سەربەستە کە نەوەکانی روژهەلاتو روژئاوا گەواهی ئازایەتیو نەبەردی بوئەدەن .


برا بەریزە سەربەرزەکانم ، خوشکە دلسوزە خوشەویستەکانم :
ایستا .. ئالەم کاتەدا ، پیویستە لەخەوی سستیو بیئاگایی

چاو هەلبهینین وە قول بکەین بەقولی برا عەرەبە کانماناو ملی ریگای روناکیو فراوان بەرنەدەین ئەو ریگایەی کە بەهوی یارمەتی گشت لایەکەوە بەپیشرەوی سوپای نەبەزو قارەمان دوزیمانەوەو دەستمان کرد بە رویشتن بەسەریا ، بەلی .. پیویستە کە هەمولایەکمان هەول بدەین بو ئەوەی کە ئەم هەلەمان لەکیس نەچیو هەمیشە هەولی بەهیزکردنی ولاتەکەمان بدەین و نەیەلین تازە ئەو توزە پیسەی کە بەسەرمانەوەبو جاریکیتر لیمان بنیشیتەوە ، وە ئەو کوتو زنجیرەی کە لەژیریا ئەمان نالان جاریکیتر بکریتەوە ملمان .. ئەمەش پیك نایەت بەوە نەبی کە بەباوەریکی بەهیزەوە تەکان بدەن بوپیشەوە و بەرەو هیواو ئامانجتان هەروەکو کەوتونەتەری سارد نەبنەوە و بیزاربون نەتوانی کارتان تیبکا هاو ولاتیەکانم .. با ئالەم کاتە ناسکەدا دەست بدەینە دەست برا عەرەبەکانمان و یەك دلو یەك بروا بەسەر بەرزی بەرامبەر گەلانی سەر زەمیین راوەستیینو پیشانیان بدەین کە هەرگیزاو هەرگیز ئیمە لەتەك هاو ولاتیەکانماناین لەخەبانکردنیانا لەرریی سەربەستیا ، وەهەرگیز هەولی تولەسەندنەوەی ئەو شەهیدانەمان بدەین کە بەپەتی سیدارەی سەربەستیو لەمیحرابی سەربەرزیا لەناوچون ، تاکو ببین بە پیشررەوی ئەو بناغەیەی کە باووباپیرمان ویستیان ولاتیکی سەربەستو بی گەردی لەسەر دابمەزرینن ، ئەو ولاتەی کە هەمو ولاتپەروەریکی دلیری خوینگەرم خەو بەخوشیو کامەرانیو سەربەستیەوە ئەبینی ، وە هەمیشە سەیری ئەو ئالا شیوە شیرینەی بکا کە لەخوشی رولەکانی هەمیشە

ئەلەریتەوەو شنەی دی ، ئەو ئالایەی کەوا نیشانەی نەمانی یەخسیری و زورداری‌و روناندنەوەبی ، وە وابگەیەنی کە ئەو قورسیە ترسناکەی کە لەدیرینەوە لەژیریا بوین وا لەناو چوو تەفرو تونا بو .

بوپیشەوە ... بوپیشەوەئەی ئەوکەسەی کە هیچ کاتیك زوردارو دوژمن نەتیوانی کارت تی‌بکاو لەناوت بەری ، بوپیشەوە ئەی ئەوکەسەی کە سەری ئەو مارانەت پان‌کردەوە کە هەمیشە بو هەل ئەگەرا تاکو پیتەوە بدات و بتکوژی ، بەلام سوپاس بو یەزدان وا خوی لەناوچوو کوژرا بەهیزی بازوت ، بەپشتی هاو ولاتیە دلسوزەکانت ، بەیارمەتی سوپا قارەمانە نەبەزەکەت ، بوپیشەوە بەدلیکی کول نەدەرەوە ، هەمو شتیکی گران بەها بکە بەقوچی قوربانی لەریگەی وەرگرتنی سەربەستی‌و ئازادیتا ، وە بو گەیشتنتان بەو ئامانجەی کە لەگیانی هەمو کوردیکی دلسوزو سەربەستا بلیسەی سەندوە لەژیر سیبەری جەمهوریەتە ساواکەمانا بەسەرکردەی روڵەی قارەمانی وەکو ( عبدالکریم قاسم ) کە لەدەست زورو جەوری زورداران رزگاری کردین ، وە ( عبدالسلام عارف )ی برای ، وە هومو کاتیك بەدەنگیکی بەرزی بەسوزەوە بلین لەتەکما : ـ

بژی خوشەویستی‌و برایەتی بەینی کوردو عەرەب .. بژی هیزی سوپای قارەمانی رزگارکەرمان .. بژی سەروکو سەردارەکانمان .. وە بژی ئەوانەی کە یارمەتیمان ئەدەن لەخەبات کردنمانا .



## ( میلیونیری سعودی )

یەکی لە سعودی‌یە دەولەمەندەکان چالاو ( بیر ) یکی نەوتی هەبو و ئەی ویست مەکینەی بخاتە سەرو بی‌هینیتە بەرهەم ، پی‌یان وت بچی لەبانقی ئەمریکا پارە وەربگری . کاتی چو بو بانق لی‌یان پرس : ــ چیت هەیە بوبارمتەی ئەم پارەیەی داوای ئەکەی ؟ وتی ــ دەهەزار سەر مەررم هەیە .

بانقیش لەسەر ئەم قسەیە پارەیان دایە . چەندساليکی پی‌چو ، کابرای سعودی بو بە پارەداریکی زور زل . روژیك لەگەل هەمان مودیری بانقا کەوتنە یەك ، مودیر لی‌ی پرس : ئەری ئەوە بوچی پارەکانت ناخەیتە بانقەوە ، بوت هەلگرین‌و بکەویتە گەرر ، توش کەلکی لی‌وەرئەگری‌و ئیمـــەش .

ملیونیرە سعودی‌یەکە بەفیزیکەوە وتی : ــ باشە قەی‌ناکا ، بەلام پیش ئەوەی من پارەی خومتان بدەمی ، ئەمەوی بزانم بانقەکەتان چەند سەر مەرری هەیە ؟!!..

---

## ( هەلیکی چاك )

کابراییکی ئەمریکی خوی‌و ژنەکەی بەسواری قەمەرەکەیان ئەچون بو مەکسیك ، لەسەر سنور ، ئەفسەری پاسەپورت پی‌ی وت :

— پاسەپورتەکەت زور تەواوەو هیچ کەم‌و کووړری نیە ، بەلام چونم پی ئەسەلمینی ئەم ئافرەتەی لەگەلتایە ژنی خوتە ؟

— وامەلی ، من هەزار دولارت ئەدەمی تو بی‌سەلمینە ئەمە ژنم نیە !!

هەربلین منال هیچ نازانی

**( سەلتەو قولتە )**

لەشاریکا کە خانوی بەکریی چوبوە پشتی شیرو خاوەن خانوەکان لوتی تەماعیان گەیاندبوە ئاسمان‌و شایان بەسەپانی خویان نەئەزانی ، یەکی لەم خاوەن ملکە بەرچاو تەنگانە خانویکی چولی هـەبو ، بەلام لەدەرگاکەی نوسیبو : ئەم خانوە بە مالیك ئەدری کە منالیان نەبی .

روژیك منالیکی بچکولە ، لەدەرگاکەیانی داو بەکابرای وت :

گەورەم ، من سـەلتم‌و هیچ منالم نیە ، تەنیـا دایك‌و باوکم لەگەلمایەو هاتوم خانوەکەتم بەیتی بەکری !.

**( هەتا مالخو دزی‌گرت . . . )**

ژینك منالیکی ساوای بی دایك‌و باوکی دوزی‌بووەو بەخیوی کردبو زوریشی تەقەلا ئەدا کەمنالەکە نەزانی کوڕری ئەونیەو دوزراوەیە ، کەچی روژیکیان کویی لی‌بو منالەکە بەهاوری‌ییکی خوی ئەووت :

— زور ئـەترسـم دایـکم روژیك بوی دەرکـەوی کـەدایکی استەقینەم نیە !

**( بەسە . . . )**

ژنیك بەخوی‌و هەرحەوت منالەکەیەوە چو بو کوگاییکی گەورەو

لەیەکیکی پرسی : تکایە پیم‌بلی بەشی منالان لەکام لایە ؟

کەچی یەکی لەمنالەکانی قیژانی :

ــ بەسە دایکەگیان بەسە ، منالی تر مەکرە !

## ( لای خوی وای کردوە ! )

ئافرەتیك سواری پاسی ئەمانە ئەبو و پینج منالی سەروپیچکەشی لەگەل بو ، منالەکان لەپاسەکەدا کردیان بە بازاروی خویان‌و دنیایان بەقیژو هوورر پررکرد . بلیت فروش بەژنەکەی ووت ــ ئەوە نەئەکرا نیوەی منالەکانت لەمالەوە بەجی بیلی ؟

ژنەش لەوەلاما وتی ــ بەخوا برا ، لای خوی وام کردوە !

## ( هەردو هاو دەردین ! )

پیرەمیردیکی زور کونەسـال ، کوریکی پچکولەی چاو پی‌کـەوت دانیشتبو ئەگریا ، چو بەلایەوە لی‌ی پرسی : رولە ئەوە بو ئەگریت ؟

منالەکە وتی ــ بو ئەوی ناتوانم ئەوەی کورە گەنجەکان ئەیکەن منیش بیکەم .

ئنجا مامەپیرەش هات لەنەنیشت‌منالەکەوە دانیشت و دەستی کرد بەگریان و بەدەم هـەنیسکەوە ئەی وت : ــ بچکول گیـان ، منیش وەکو تو !!

## ( پرسیارو وەلام )

ماموستای دەرسی ئایین ، لەمنالە قوتابی‌یەکانی پرسی :

ــ ئەبی چی‌بکەین کە بەر بەخشینی خوا بکەوین ؟

یەکی لەمنالەکان هەلی دایە :

ــ ئەبی لەپیشەوە گوناهی بکەین !



# ڕوژی ئازادی

بەسرین نەفری

بابلەرزی دەرونی گل
باهەلوەری بالی بولبول
بابرزی لقو پوپی گول
تاناله کورد ئەکا لەخەو
تائەبی بەگوللەو برنەو
روژ لەدوژمن ئەکا بەشەو
ئەوسا ئەزانن چیە کورد

× × ×

باسیروان هەلکا لافاوی
باسەیوان بگری بولاوی .
وپیرەمەگرونی خویناوی
تا-دەرئەکەوی ئیمە چین
شاگەشکە ئەکەین روم و چین
ئەوسا ئەزانن چیە کورد

× × ×

بازاخوو دهولەو شنگار
دوش داماوبیت ، ماتو هەژار
باخوی تیا بنوینی زوردار
بەلام سبەی کەراپەری
کورد دەستی دایەخەنجەری
کەلاشەو میشکی کردن ورد
ئەوسا ئەزانن چیە کورد

× × ×

کەبانگی کرد قەومی نەبەرد
لەخەو هەستن
بەسە نوستن
هەستن بگرن
ریی سەرکەوتن
بەجی‌ماوین بەبی سەروەر
بی پشتیوانو بی‌رابەر
روژمانە بالەدەس نەچی
دوژمن بکەین ئەنجن ئەنجن
ئەوسا ئەزانن چیە کورد

× × ×

بارەواندزو ئامیدی
بمژی رەگی نائومیدی
کەروژی هات ، هەستا لەخەو
ئەدری جەرگی تاریکە شەو
ئەوسا ئەزانن چیە کورد

× × ×

گرمەی هەور ، شەستی باران
بلەرزینی دلی بەرزان
جێی بەچکە شیرو قارەمان
پابامەرنیو ئاکریو هەولیر
جیگای لاوانو بەچکە شیر
دەنگی دوژمنی تیا دلیر
سبەی کە هەستا کوردستان
پالی پیوەنان بو نەمان
ئلی‌ی برین ئارامو وچان
دەرئەکەوی کە چیە کورد

× × ×

روژمان دیتو ماف ئەسینین
خوینتان مەرهەمە بوبرین
شاهیدە میژو تاقەلەم
لەهیندەوە هەتا عەجەم
کوردین بەراستی نەك بەدەم
روژی خومان دینە بەرهەم
کوردین
نەبەردین
نامرین
تاسەر ئەبی بژین
بوژین

**محامی رشید تالەبانی**

ئامادەیە بو بینینی هەمو جورە دەعوایەك لەکویسنجاق‌و دەرەوەی

# لادیکانمان

**فاصــل**

لەزور کونەوە نوسـەرەکانمان ئەیان نوسی ، باسی ناتەواوی کومەلیان ئەکرد ، لەمەوپیش زمان بەستراو و قەلەم بیٚنوکبو هەرچیش شتیکی بەکەلکی بنوسیایە ئەدرا لەبالی . بەلام نوسەر ئەمە کاری تیٚنەکردو لەبالی نەدا لەجیاتی بەئاشکرا نوسین بەپیچوپەنادریخی خوی نەکرد بەئیمپریالیزمو نوکەرەکانی ئەوت داله کەرخور ، بەشەری ئەوت کونەپەپو ، بەئاشتی ئەوت کوتر ، لەجیاتی بەختیاریو ئاسودەییی گولو بونو بولبولی دائەنا . واتە لەجیاتی زورشت نەتورەو ناویکی بو دوزیەوەو بەکاری ئەهینا بەم جورە زوخاوی دەرونی خوی هەل ئەررشتو ، پیویستی گـەلی بەنوسین ئەهینایە بەر هەم .

ئەمە ئەوسا . وا لەمەودوا ، نهینیو پیچوپەناو هەموشت ئاشکرایەو ئەوتری . کەواتە ئەی خوینەوار ، ئەی نوسەر ، ئەی خاوەن توانا ، ئەی گەلی خوشەویست . مەنو ، بلی ، بنوسە ، هەولدە یەك بگرە ، هەنگاوی زیاتر بنی . چونکە بو بەختیاری گەلو ئازادی نیشتمان هەرچی بکریو بوتری هەر کەمە .

وامن لیرەدا دەرگای باسیکی تازە ئەکەمـــەوە ئەویش « لادیکان لەچولبونان » شاریش روژبەروژ دانیشتوانی لەزیادییایە . ئەمە بو ؟ باشە یاخراپ ؟ چی پیٚویستە ؟

* * *

لەکاتیکدا کە دانیشتوانی عیراق هەر چوار ملیون ئەبو شاری سلیمانی بیست هەزار کەسی تیابو ئەمەش لەدەورو پشتی سالی ١٩٤٦ دا . ئیستە کەدانیشتوانی عیراق بوە بە شەش ملیون سلیمانی بوە بە پەنجا هەزار کەس . واتە عیراق لەم ماوەیەدا لەسەدا پەنجای زیاد کردوە . کەچی سلیمانی لەسەدا سەدو پەنجا . ئەمە بوچی ؟ ئایا هەر لەسلیمانی وایە یا لە شوینی تریش ؟

ئەم زیادبونە تەنها لەشارو قەزاو ناحیە گەورە کانایە . قەزاو ناحیەی بچوکو لادیکان روژ بەروژ لەکەم بونەوەدان .

ئەبینین ئەو جیگایانەی ژیانیان لەسەر کشتوکالە تیکرا لەسەدا ٩٥ تا لەسەدا ١٠٠ ی زەویە کانیان هی ئاغایە ، هی شیخە ، هی بەگە . فەلاحیش هیچی نیە ، ئەوە نەبی کردەی ئەمەو بردەی ئەوان ، نەك تەنها ئەوان کەخاوەن زەوین بەلکو خەلکی تریش .

جاری لەپیشا بابزانین بو جوتیارو لادییی زەوی نیە ؟ چونکە یاسای میری ئەوسا کە داردەستی بیگانەو ئیمپریالیزمبو رییی نەئەدا زەوی هی جوتیارو لادییی بی ، بو ئەو دەستی نەئەدا گەل پوشتەو تیرو تەسەل بی ، بەهەموجوریك هەولی ئەدا بوئەوەی برسیەتی زیاد کاو گەل بیهیز کا . بویە زەوی ئەدا بەشیخ ، بەبەك ، بە ئاغا ، ئەمانی پیبەرز ئەکردەوەو ئەیشی بردە میشکیانەوە کە ئەمان خاوەن مافن . ئەگەر وا پیویستی بکردایە بوساخ کردنەوەی مافیتی زەویەك جوتیاریکو شیخیك یا بەگیك یا ئاغایەك بچونایەتە بەر دادگا یا ( تسویە ) یا لای زور لەپیاوانی میری

بەهەمو جوریك سەری جوتیارەیان پان ئەکردەوەو دەستیان لـەبنی هەمانەوە ئەهینایە دەری .

بەم جورە زەوی لەدەست جوتیارا نەما . ئەو کشتوکالەشی ئەیکرد لەزەوی یەکیکی ترا بو . بویـە بەرامبـەری ئەمە سییـەك یانیوەی کردارەکەی بوخاوەن زەوی ئەبو ، ئەوەشی بوخوی ئەمایەوە بەرریکی نەئەچوە گیرفانیەوە تا سودیکی لی وەربگری . چونکە : ـ ئەوەی کە پیویست بو بمینیتەوە بەشی زوری یا هەموی بەسەوزی ئەخورا ، بەقەرز یا سـەلەم بیجگە لەمەش پیاوانی میری دریخیان نەئـەکرد لەراووروت ، ئەم جوی ئەویست بو ئەسپەکەی ، ئەو ماستو کەرە بو بەرچاییی ، یەکیکی تر توتن بوکیشان ، چینیکی تریش پارە بو بەریوەبردنی کاروبار .

واتە خاوەنزەویو خاوەنقەرزو سەلەمو پیاوانی میری دەسیان ژەندبوە کرداری لادییی . لادییش چی چنگ ئەکەوت ، یا چی بو مایەوە نانەسکی یا کەمتریش .

جا لەلادیدا کە زەوی هی لادییی نەبی ، کردەو کوشەشی بوخوی نەبی ، نانەسکیشی دەست نەکەوی ، دیارە دانانیشی ، چولی ئەکا ، بەجیی دیلی روئەکاتە جییەکیتر .

ئەمەبو وای لەلادییی کرد لادی بەجی بهیلی خویان بکوتن بوشار هات بوشار ، شاری بەدلبو چونکە راووروت وەکو ئەوی نەبو ، دەستی کرد بەئیش کردن بەمە خوی ئەژیانو رزگاریشی بو لەقەرزو سەلەم

لەزەبرو زونگی خاوەن زەویش بەلام دار درا بەروحی شاریدا ، چونکە ئەو بوئەوەی نەمری لەبرسانا بەهەمو دەسکەوتنیك قایلبو بەم قایل بونەش ( منافسەی ) دانیشتوانی شاری کردو لەشاریشا برسیەیتو کەم دەرامەتی دیاری دا . بەم جورە نەلادییی بەئاسودەیی توانی بژی و نەشاریش . برسیەتی هـەموانی گرتەوە ، ئەمـەش داواو ئامانجی ئیستعمارو نوکەرانیەتی .

## هەندی شتی روداو

لە ١٩٥٣ دا نیررام بو قەراخ ( ناحیەقرداغ ) بو مکافحەی کوللە ، هیشتا دو روژ تیپەر نەبوبو بەسەر دەسکردنم بەکوللە کوشتنا مدیری ناحیە ناردی داوای ( اکروساید )ی کرد ، تەنەکەیەکی نەوتیشی ناردبو . منیش کیلویەك ئەبو کەبوم نارد ، ماوەیەکی نەخایان کە تەماشام کرد تەنەکەم بو هاتەوەو مودیر بەگ توررەبوەو خەبەری بوناردوم ئەلی ( ئەمە چیە ، سالی پار کەلیرە مکافحەی تەواویش نەبو دو تەنەکەیان بونارم ، کەچی ئەمە کیلویەکیش نابی ) . من کە ئەمەم بیست زور دلتەنگ بوم بەلام بیدەنگ بوم و ئیشی خوم بەریکی ئەکرد . کەچی چەند روژیکی نەخایان ، لەشار لای قائمەقامی مرکز شکاتی لی کردبوم کەئیش ناکەمو ، کولله یەکم نەکوشتوە .

کەکەوتمە پرسیارو گوی هەلخستن بوم دەرکەوت ئەم کابرایە زەشری ئەوی بوفروشتن . وەبو ئەوەی خوی سودی چنگ کەوی ، لەجیاتی کشتوکال ، کولله زەلامیش بخوا قیروسیا . جاکرداری ئـەم

پیاوه بەرامبەر پیاویکی تری میری وابی ، ئەبی لەگەل لادییی هەژارو نەفامدا چون بوبی . دیاره لادییش بەدەس ئەم جوره زوردارەوە بەرگە ناگریو هەلدی .

له روژیکی ٩٥٥ دا بەسواری لەناحیەی مەیدانەوه ئەریشتم بو دەربەندی خان دوپولیسم لەگەل بو ، لەریگه دو لادییمان توش‌بو کەریکیان پیش خویان دابو ، هورریك بەسەر پشتی کەرەوەبو چەند کەلله شەکریکو نەختیك چای تیابو . پاش پشکنین یەکی لەپولیسەکان وررکی لی گرتن ( ئەمه قاچاخه ، بو ئیرانی ئەبەن ، لەبەر ئەمه ئەبی ببرین بو مەرکەز ) . هەرچەند لادییەکان ئەپاررانەوەو سویندیان بو ئەخواردن ( ئەمه قاچاخ نیه و بوئیرانی نابەن ، بەلکو بو مالو بوخواردنی خویانی ئەبەن ) هیچ گوییان لی نەئەگرتن . به هەزار حال لەدەستیان رزگارم کردن ئەمەش ئاشکرایه نیازیان چی‌بوه پولیسەکان ئەم فروفیلەیان لەبەرچی بەکار ئەهینا . ئیتر لادییی کەساس چون بەرگەی ئەمانه ئەگریو چون راناکات .

( دیسانەوه له ١٩٥٥ دا ) وەزیری کشتوکال ( بەیانیکی ) دەرکرد ( دابرینو خەلوز کردنوگویزانەوەی قەدەخەیه ) . بەلی ئەمه شتیکی زور باشه بوپاراستنی دارستانەکان ، بەلام لەوشوینه شاخاویانەی که دارستانه بەشی زوری ژیانی دانیشتوانەکەی لەسەر ئەودارو خەلوزەیه که لـه دارەکان چنگیان ئەکەوی ، جا که داربرینو خەلوز کردن قەدەخەبی ، زەویه شاخاویەکان بەکاری کشتو کال نەیەتو زەویه بەکەلکەکانیش هی دەرەبەگەکان ( اقطاع ) بیت ، وا لادییو جوتیار چی‌بکاو بەچی بژی ، ناچار رائەکا لادی بەجی دیلی . روەو شار بوژیان . تا نەمری .

لالوقادر ناو کابرایەکی لادیی ، پیریکی ریش سپی زور ساویلکە هات بوشار ( بوسلیمانی ) چوە لای بازرگانیکی ئاشنای بابی هەفتا دینار کوتالو شەکرو چای لی وەرگرت کەبیبا لەدییەکەی خویان چەرچیەتی پیوە بکاو خویو منالەکانی پی بەخیوکا ، لەپال ئەمەشا کشتوکالی خوی واز لی نەهینی . لەگەل کابرای بازرگانا ری‌کەوتن لەجیاتی ئەم بابی هەفتا دینار شتە دە فەردە توتنی بوبهینی ( بەلام لەبەر ئەوەی دنیا مردنو ژیانە بودلینایی هەردولا باسەنەدیك هەبی لەبەینا ) ئەمە قسەی بازرگانەکەبو لەسەر ئەمەش ری‌کەوتن پەنجەی بونا بەسەنەدیکی سەدو چل دینار قەرز کە لایەتی ، بەمە لالوقادرخوی خستە ژیر ئەم باری شکستەیەوە . ئیتر ئەوسالە ( لالو ) کردیو ژنو منالەکانیان کردیان ، ئاو راوەستایە ئەوان رانە ئەوەستان توانیان دەفەردە توتن بهیننە بەرهەم راستی خویان نیشانداو هینایان بوشار بو بازرگانی ئاشنا بەلام لەبەر ساویلکەیی نەی‌کرد داوای سەن‌دەکەی بکاتەوە کابرای شاریش خوی لی‌مات‌کردو تاچەند مانگیك ئەوسا یەکسەر سەنەدەکەی دا بە دادگاو لالو قادریان راپیچدا .

ئەگەرچی لالوقادر هەمو شتی‌گیرایەوە تەنها گوی هەر لەدەفەردە توتنەکەی گیرا . کە قەبلانیان بابی سەد دینار بو ، بەمە لالوقادر چل دینار قەرزار بار کراو ماوەیەکیش خزینرایە بەندیخانە .

***

لادیی دەستی کردە راکردنو لادی بەجی هیشتن ئەگەرچی زەوی هی ئەوەو ئەبی هی ئەوبو بەلام درا بە دەرەبەگ ( اقطاع )و کرایە هی

ئەم ، ئەمیش لەسود بوخوی زیاتر چاوی لەحەنای هیچ شتا هەلنەهات . پیاوانی میریش ( بەگویرەی ئەو یاسایەی کە ئیمپریالیزمو نوکەرەکانی بویانی نەخش کردبو ) زورباش لەگەل‌دەرەبەگەکانا جوتیان کرتبو بو پان‌کردنەوەی سەرو هەژارکردنی لادیی . لادییش بەرگەی نەگرت روی ئەکردە شار . ئەوەشی کەمایەوەو توزیك بەرگەی گرت هەرنالەی بو لەژیر زورداری ئەمانو قەرزو سەلەمدا .

تائیرە زانیمان هوی چولبونی لادیکانو زیادبونی دانیشتوانی شار چی‌بو ، وە زانیشتمان باش بو یا خراپ ، والەم دیرانەی خوارەوەشا چاری ئەم دەردە ئەنوسم .

وە بو چارکردنی ئەمــە تالادیی شوینی خوی بەجی نەهیلی‌و بەئیشی خویەوە خەریك بی و نەیەتە شارو ( منافسە )ی شاری نەکا ئەمانە پیویستن :

١ ـ دابەش کردنی زەوی بەسەر فەلاحەکانا ، ئەمەش چ زەویە میریەکان یا زەوی دەرەبەگــەکان . بو ئەوەی فــەلاح لــەزەوی خویا کشتوکال بکاو بەرهەمەکەی بوخوی بی نەك بەکری گیراو بی بەرامبەری نانەسکی کەمتریش . بەهیزی بازویو لەئارەقی ناوچەوانی چی لی‌دیتە بەرهەم هەرکەس بوخوی بی نەك دەرەبەگ دانیشتبی‌و بەلیشاو بوی بیتە مالەوەو هیشتا قایلیش نەبی . جا ئەو زەویانەی دابەش ئەکرین ئەبی ئاوەدان بن . مەبەستیش لەئاوەدان ( جوگەی تیا لی بدریو هەر پارچەیەش بەشی خوی ئاو وەربگری‌و ریگەش لەناو زەویەکانا وابی کە ئوتوموبیلو مەکینەی کشتوکال بەئاسانی بەهەمو لاو قوژبینکی زەویەکانا بتوانی هاتوچو بکا ) .

٢ ــ چاودیری کەرانی کشتوکال دریخی نەکەن لەخوبەخت کردن لەپیناوی سودی گشتیدا ، چی ئەزانن بەشیوەیەکی ئاسانو تیگەیانینکی باش بیگەیەننە دەم فەلاحو ریوشوینیان پیشان بدەن ، هەروەها دائرەکانی کشتوکال پەیتا هەموشتیکی تازە بگەیەنیتە پیاوەکانی تا ئەمانیش فەلاح ئاگادار بکەن . وە هەروها لەفەلاح بگەیەنری زەویەکەی بوچی باشە ، میوە یا سەوزە یا دەخلو دان ، ئاژەل ، مریشك ، هەنگ ، شتی‌تر ئەمانە هەبن یان نا . تاوای لی بکری ( واتە فەلاح ) کە بەرامبەری هــەولو تەقەلاکەی بەرهەمیکی پوختو باشو زوری بیتە دەست .

٣ ــ بەهیچ جوریك نەهیلری فەلاح خوی بگەیەنیتە ســەلەمو قەرزو قولە بەدریخی نەکردنی بانقی کشتوککال لەپارە دان بە فەلاحو بەچکەچکە لیی بسینیتەوە بەرامبەری سودیکی کەم . هەروەها دائرەی تایبەتیش هەموجورە مەکینەیەکی کشتوکال ( هی کیلان ، دروینە ، تووکردن ، جوگە لیدان ، جومالو هــەمو جوریکی تر ) بەخورایی یا بەپارەیەکی کەم ئیش بکاو بدری بە فەلاح وەپارەکەشی دەست بەدەست نەسینری بەلکو لەکاتی بونی فەلاحدا .

٤ ــ دیهاتەکان بخرینە سەر شیوەیەکی تازەو تەندوروستی ، ئاوی خاوینی هەبیو . شوینی ئاژەل تایبەتی بی . هەروەها خەستەخانەو قوتابخانەی تیابی .

٥ ــ لەفەلاح بگەیەنری ( جمعیەی تعاونی ) کومەلی هەرەوەز چیەو بوچی باشەو چونپیك دی . وە هەول بدری کەهەر دییەك ( جمعیە ) یەك بیکەوە بنی .

( وە لە ژمارەی داهاتودا بەدریژی باسی جمعیەی تعاونی ئەکەم ) .

**بغــداد :** **فاضـــل**

# هەڵەتە گەورەکەی سوپای گەلی عراق

**لە ١٤ تموزی ١٩٥٨ م دا**

**شوکت غفور**

ئەی گەلی عراقی بەشــەرەف . لەگــەل ئیوەمــە ئەی میللەتی کوردوعرب .

ئەی نەوە مەردەکانی صلاح‌الدین‌و خالدی کوری ولید . ئەی رولەکانی شورشی نوسە دو بیست‌و دەربەندی بازیان‌و بارزان . ئەی ئازادی خواهەکانی گاورباغی‌و جیسرو کانونی دوەمی ٩٤٨ و تشرینی دووەمی ١٩٥٢ ئەمرو بەلی ئەمرو ئەمرو ئەو روژە پیروزەیە کە ررزگارمان بو لەزولم‌و زوردای ، رزگارمان بو لە دەست‌و دەستگای شاهیتی بوگەن . بەلی .. بەلی ئەمرو رزگارمان‌بو لەحوکمی نوکەران‌و کلکەکانی ئیستیعماری انگلیزی ناپەسند کە ئەیان کرد لەولات‌و نیشتمانە پیروزەکەمانا ( عراق ) چ حوکمی ئەو حوکمە نارەوا پیسەی کە دارکاری‌و دەم کوتی‌و ئازارو کوتو زنجیرو حەپسی میللەتەکەمان‌بو

کــە ولاتە کــەمانیان کردبو بــە بەندیخانەیــەکی گــەورە میللەتی بەشەرەفمانیان ( کوردو عەرەب ) خستبوە کونەوەو دەمیان ئاخنیبوین بەئــارەزو مــەیلی خویــان‌و ئیستیعماری ئاغــایان لیبان ئــەخوری‌و ئەهاتن‌و ئەچون .

بەلی ئــەم‌جارەش ئــەلیم ئیستعماری ناپەســند بەناوی حوکمی نیشتمانیە وە بەهوی دەستو پیوەنو ئەلقــە لەگوی کانی حوکمیــکی

فاشیستیان ئەکردین . بەهەزاران رولەی نیشتمان پەروەری بەشەرەفیان خستە بەندیخانەوەو کوتو زنجیر کرد ، بەهەزاران رولەی قارەمانیان دەربەدەرو نان براوو سەرگەردان کرد . بەدەیەها رولەی نەبەردو نەبەزی ئازاو جوامیریان کرد بە سی دارەداو کوژران لە بەندیخانەکان دا بەلی ئەمانەیان هەمو کرد بەو نیازەی کە جولانەوەی نیشتمانی پیروزی گەلەکەمان بوەستینن‌و خزمەتی ئیستیعماری ئاغایان بکەن . بەلام نەیان زانی لەگویی گادا نوستون‌و خەنجەر لەکا ئەدەن . نەیان زانی رولە بەشەرەفەکانی شورشی ۹۲۰و دەربەندی‌بازیان‌و بارزان‌و جسرو کانونی دوەمی ۱۹٤۸ و تشرینی دووەمی ۹٥۲ زیندون‌و گەرانەوەیان بونیەو لە زرەی زنجیری بەندیخانەو لەپەتی سی دارەیان سل ناکەن ئەرون .. ئەرون بەرەو پیك هینانی ئاواتی پیروزیان بو لە ناو بردنی خائناون کونەپەرستان‌و ئیستیعماری ئاغایان بوپیك هینانی نیشتمانیکی سەربەست و میللەتیکی ئازاد . بەلی ئاواتە پیروزەکەی گەلی عراق پیك هات بەهەول‌و تەقەلای سوپا خوشەویستەکەی بەسەرکردەی سەروکی قارەمان کاك عبدالکریم قاسم .

برای کورد کاکی عەرەب بەهیزی بازو هەمو بربرەی پشتی ئیستعمارمان شکاند لەولاتەکەمانا . بەلام هیشتا زور کارو واجبی گرنگ مان لەریگادا ماوە . وریابن ئاگاداربن هەرچاویك بکەن بە هەزار بگەرین بەدوای نوکەران‌و دەست‌و پیوەندەکانی ئیستعمارو دەست‌و دەستگای کون‌دا . بگەرین بەدوای ناحەزو دوشمنی جمهوریتە خوشەویستەکەمانا . بگەرین بەدوای ئەو بی ئابروە بی شەرمە نیشتمان

فروشانەدا . بگەرین بەدواياناو کونە مشکیان لی بکەن بە قەیسەری ، رەگو ریشەیان لــە بنی دەربینن . بگەرین بەدوایانداو ئاگاداری حکومــەتە نیشتمانیە خوشەویستەکــەمان بکەن بو گرتنیانو دەردەست کردنیان چونکە ئەم کردەوەیە ئیستاکە گەورەترین خزمەتی نیشتمانیە بەپیچەوانەی جاران کە ئیستعمارو نوکەرە چــەپەلەکانی ئەگــەران بەدوای نیشتمان پەروەرە بەشەرفەکانمانا .

ئیتر بوپیشەوە بو چــەسپاندنی رەگی خوشــەویستنو برایەتی لەبەینی هــەردو میلەتیعراقی خوشــەویستماندا کوردو عــەرەب بو لەناوبردنی ئیستعمارو کونــە پەرستەکانی هاوپشتی لــە روژهــەلاتی ناوەراستدا . بوکردنە دەرەوە لەشکری ئیستعماری انکلو امریکی فرنسی ناپەسند لە أردنو لبنانو جزائردا بو ســەرکەوتنی هیزی ئاسایش لەگیتیدا . ئینجا پر بەدەم هاواربکەینو بژی برایەتی کوردو عەرەب .

بمری ئیستعماری أنکلو أمریکی فرنسی . بژی برایەتی میللەتانی ئازاد بو پیك هینانی ژیانیکی پر خوشیو کامەرانیو ئاسایش .

بژی جبهەی نیشتمانی یەك گرتو .

بژی جمهوریتی عراقی خوشەویستمان .

بژی بسەروکی بەرزمان کاك عبدالکریم قاسم .

بو بزەی لیو :

# کی ئازایە

محمود حاجی رحیم

کوا بزەی سمیلی جـاران کوا گورجوگولی
ایستا توی کـەبویتە ( باجی ) وا نەرمو نولی
بیستم وتت کی ئـەم کوڕی نەبوە لـەدایك
بـەخیری توی لەمـەیـدانا ئـەلیی فتبولی
ووتیان پەنجـەت اشارەت بات دنیـا ئەسوتی
باعیبرەت بیت بویان دیتیان بی پەنجەو قولی
ووتیان لاشـەت پاش مردنی ئەچیتە ئاسمان
باشیو دیتیان رراکیشراوی سەر بەردو خولی
تو نوکەری استعماربوی ئاغای نوکەر بوی
کوا نوکـەرت یان کوا ئاغات بتکاتـە کولی
ئـەیکوا ئـەوەی ئامادەبو ئاهـەنگ بگیریت
قبولتکرد گـەر لـەبەرکا جلی ( فشولی )
سەد جار ووتت کوری گەورەو راستی انگلیزم
کوا ئەی بو ایستا نات‌ناسن کـەوابو زولی
بابەشـیان‌بی ئەوکەسـانەی کـە وەکو تو بون
بادلنیـابن دەرناچن بـەسـوکو سـولی

کات بەهارە ، جێگە ناو باخ‌و گوڵ‌و گوڵزارە ، ئاسمان پاك‌و بێگەردە ، زەوی فراوان‌و تەختە . .

سێ پیاوی ناقولای ناشیرین بەبەرگی رازاوەوە ، خۆیان کرد بەناو شایی کەرەکانداو دەستیان‌کرد بە هەڵپەڕین ، بەلام چۆن هەڵپەڕینێك ! ئەتوت چێکەنەن ، ئاو بوەستایە ئەوان نەئەوەستان ، قریوەو عیوعیویان قوناغەرێ‌یەك ئەڕرویشت .

چەند سەیر بوو ! سەعاتێك زیاتر ئەمانە هەر دەستیان بەرنەدا ، تا کابرای زوورناژەن هەناسەی سواربوو ، دەهۆل لێدەر دەستی شل بوو .

خەلکەکە روەو ماڵ بوونەوە بۆ نان‌خواردن ، ئەمانیش شـــوێنیان کەوتن . . . دەست‌کرا بە نان‌خواردن . . هەی لەو تێکانەی ئەم سیانە ئەیان گلان ! ساڵی گرانیەکە نەبێ‌و بەحالیان بێت .

* * *

هەمو جارێك کە ئەم سێ‌پیاوە سەیرەم ئەبینی تێر سەیرم ئەکردن ، تا رۆژێك دیمنەوە لەکولانێکدا سەریان نابو بەسەری یەکەوە . لەدوری دوو سەد مەتریکیشەوە چەند سەد کەسێك بەسەر شەقامەکاندا ئەکشان‌و هاواریان ئەکرد « ئێمە نیشتمان‌پەروەرین‌و تێ‌ئەکۆشین . . باوەڕمان

بەخومان هەیە کە سبەینی بیگانەو دەسووپیوەنەکانیان دەرئەکەین و خومان فرمان بەری خومان ئەبین »

هەرسیکیان لەناو خویاندا لییان‌بوو بەمشتومرر ، گویم بو شل کردن ، ئەیان‌وت :

**ـ فلانی شتی چاکە ، ئیتر باوی هەلپەررین‌و چاو لەوەررانەو تیکە گلاندن نەما ، با خومان بگەینینە ئەو کومەلەو ئیمەش ببین بەوان !.**

**ـ جا ئیمە چیمان دەس ئەکەویت ؟**

**ـ گویت لی نیە ئەلین سبەینی هەر خومان شت‌ئەبین ؟ ئەوسا ئیمەش خو هیچ‌نەبیت سەرو کورسی وەرئەگرین .**

**ـ بەلام کوررینە کاریکی وابکەن وەك ئەستیرە لەناو هەمویانا دەرکەوین.**

**ـ زور باشە .. دەی‌بزانم .. یاك .. دوو .. هەرسیکی .**



ئەوەنەی نەفەسیك بدەیت لە جگەرەیەك ، خویان گەیانە ناو کومەلەکە . کومەلیان ئەوەنەی‌تر هینایە جموجوول .. دریژە چاو زەقەکەیان پیش هەمو خەلکەکە کەوت‌و خوش‌خوش ئەیوت : دەی براکانم بو پیشەوە .. کەللە قەوی‌یە ورگنە کەشیان خوی خستە ناوەرراستەوەو کردبووی بە نەررەنەرریك دەنگی ئەو هەمو خەلکەی ون کردبوو .. لە هەمویان سەیرتر خررە کورتەبنەکەیان بوو ئەتوت مزراحی گدگدەیە هەر هەناسەیەی لەجیگایەکدا دەرئەکەوت ، بەهەر چوارپەل سەمای ئەکردو هەل ئەبەزیوە ...

بەهار تیپەرری ، هاوین هات ، گەرما زوری هینا ، لەهەمووی ناخوشتر ئەوەبوو کە ئەم هاوینە قارسە لەگەل گررە سووتینەرەکەیدا شتییکی تریشی لەگەل خویدا هینابوو . شتییکی زور قارسو گیر !. زورو ستەم ( ارهاب ) . دەستەی کاربەدەستان کومەلە چەتەیەکیان خستبوە ناو شارەوە ، فلانی ئەتوت مالیان دزراوە ، مال‌بەمال ئەگەرران‌و ئەیان پشکنی . چەندروژیکی نەخایان گەنجیان لەشارەکە برری ! هەموویان بال بەست کردن‌و فررییان دانە بەندیخانەوە ، لەویش لی‌یان ئەدان ، نینوکیان دەرئەهینان ، فەلاقــەیان ئەکردن ، ئاوی ساردیان ئــەکردە ژیریان .. بو ئەوەی پەشیمانبنەوە لەو بیرەی براوەتــە میشکیانەوە ! داوایان لی‌ئــەکردن کــە راستی پارتو جــوری ئیش‌کردن‌و نــاوی هاوری‌کانیان بلین !.

* * *

لەم شالاو و ئازاردانەدا زورکەس بەرگەیان نەگرتو روخان‌و پالیان دایە پال دوژمن ، زوریش لەناوەراستدا مابوونەوەو لەگوماندا بوون‌و تەقەی سەریان ئەهات لەم گەردە لوولە ، تاویك بەرەنگاری دوژمن ئەوەستان ، تاویك وررو سەرسام ئەمان ، تاویکیش هەنسکیان هەلئەداو ئەگریان . بەلام هەندیکی‌تریان هەمیشە بزەی کول‌نەدان لەسەر لیویان بوو ، بەرامبەر هەمو لیدان‌و ئازاردانیك رائەوەستان ، نەئەرروخان ، بەدوژمنیان ئەوت ئیمە خاوەنی بیرو باوەرریکی پیروزین‌و بو گەلەکەمان تی‌ئەکوشین ، بەلام ئیوە هەلخەلەتاو و بەکری گیراون‌و بو سوودی بیگانەو پررکردنی گیرفانتان ئەمە ئەکەن . لەبەر ئەوە پاشەروژی روناك‌و

ژیانی بەختیار بو ئیمەیە ، سەرشورریو مردنیش بەشی ئیوە ئەبیت .

بەرامبەر بەزیوەکانیش ئەیانوت : ئیمــە جولانەوەکــەمان وەکو شەمەندەفەرەکە وایە ، هەزار دابەزیت یا سواربیت ئەو هەر ئەگاتە مەنزل . کەواتە کاروانەکەی ئیمەش دەربەستی ئەم ری‌پی‌گرتنە نیە .

❋ ❋ ❋

بیینەوە سەر باسی سی زەلامە ناقولاکە .. دوو مانگ لەهاوینو ئەم زورو ستەمە تی‌پەرری ، ئەوان هەر خویان نەدا بەدەستەوە . کاربەدەستانیش بەپەروشەوە بەشوینیاندا ئەگەررانو مەبەستیان بوو بییانگرن . لە کویرە دی‌یەکی نزیك شاردا خویان حەشاردابوو و ئەم ماوەیە لەژیرەوە خەریکی پەلەقاژیو خەلك‌ناردنە سەر کاربەدەستانبوون ، بەو مەبەستەی لی‌یان ببورنو نەیانگرن .

بەئاواتەوەبووم روژیك بییانبینمو بزانم لەچی‌یان !. باشبو ریم کەوتە ئەو دی‌یەی ئەوانی تیابوون . لەسەر کانییەکی نزیك دی‌کە بەدیم کردن ، بەبیانوی ئاوخواردنەوەوە چوومە لایان . من گەیشتمە ئەوی ، لەدوورەوە چەند پولیسیکی سوارە بەپرتاو روەو دی‌کە هاتن . لەگەل پولیسەکانیان بەدی‌کرد پەشوکانو بەیەکدا هاتن . یەکیکیان خوی‌کرد بەکونی ئاوەکەدا ، ئەمی‌کەیان لەپەورووی خوی‌دا بەزەویدا ، سییەمیان پەررییە سەر بەردەنویژەکەو نویژی دابەست !. چەن سەیر بوو ! بەو چلەی هاوینە ئە لەرزینو چوقەی دانیان ئەهات .

باشبو پولیسەکان بو ئەمان نەهاتبوون ، دایان بەکەناری دی‌کەداو تیپەررین . ئەمانیش توزیك هاتنــەوە هوش خویانو سی‌کوچکــەیان

بەستەوەو کەوتنەوە قسەکردن :

**ــ چون دەسی ئیمەیان برری !. وتیان سبەینی بیگانــەو دوژمن دەرئەکەین‌و خومان فرمانبەری خومان ئەبین .. چەن درویەکی زل بوو !.**

**ــ من نازانم کەی ئیمە ئەوەندە ساویلکەبووین وا شوین قسەیان کەوتین‌و بەهەلەدا چووین .**

**ــ ئیستا هەرچی‌بوو ئیپەرری ، باشتر ئەوەیە کە لەمەزیاتر خومان بەگورگان‌خواردو نەدەین . خالم گفتی لەســەروکی شــار وەرگرتوە کەبمان‌بەخشیت ، خوشمان ئــەچین‌و ملیان بو کەچ ئەکــەین‌و پییان ئەسەلینین کە پاشکەز بوینەتەوە .**

**ــ کورە هەرچیشیان لی داوا کردین بەبانی چاو بویان ئەکەین . هەر رزگارمان‌بیت لەم چەرمەسەریە .**

**ــ دەی خوتان گورج‌کەنەوە بابرروین دوعاخوازییەك لە کویخا هەباس بکەین‌و بکەوینــە ری . ئەگــەر توزیك پی هەلگرین دەمــەو ئیوارە ئەگەینە شــار .**

**ــ یەکسەر بومالی پاشا ئەچین ! .**

**ــ زورباشە .. دەی .. یاك .. دوو .. هەرسیکی .**

دریژە لوقنەکەیان وەك واشە ئەکشاو خررەکەشیان ئەتوت هەلماتە **خل** ئەبیتەوە ورگنەکەشیان دیو ئاسایی تەپەتەپ .. روەو شارو مالی **پاشا** ! کەوتنە ری .. ئیتر لەوی چییان کردوەو وتوە ؟ ئەوە هــەر مەپرســە !.

* * *

لەناو شاردا بوو بەتەحاتەحا ، هەر یەك لەبەرخویەوە بولەی ئەهات :

« ئای ئەمە چیە ؟! هەمووی دوو روژ لەبەندیخانەدا نەمانەوە بەریان دان ، یەعنی چی ! ئەمە ئەبیت نهینیەکی تیابیت ! گوایە ئەم خەلکەش هەر وەکو ئەوان نەبوون کە تووشی لەخنکاننەوە تا بەندکردن لە لیدانەوە تاکوشتن بون » .

نەخیر مانگیکی پی‌نەچوو سەرو وەزیفەشیان درایەو لەمالی خویاندا پالیان لی‌دایەوە و وەکو بەرزەکی بانان بوی دەرچون .

بەم جورە هاوینەکەیان تەواوکردو مانگیکیش لەپایز تی‌پەرری ، هات بەبیریاندا کە « رەنگە ئەمەش تا سەر نەبیت ! » . بە هەلسانو دانیشتنیاندا وا دەر ئەکەوت کە خویان لە ناوەرراستدا بهیلنەوەو کاریکی وا بکەن کە ئەو وردە تاوانا نەی کردبوویانو بووبووە هوی سووکی ناویان بیسررنەوە !. باشە چی بکەن ؟.

باشیان دوزیەوە ، ئیش‌کردنی چەرمەسەری ، ریگەی ئەوەشیان ئەدات کە لەکەی کونیان بسررنەوە .. بەلی دوزییانەوە : وەرزش ، هونەر ، ئەدەب .

❋ ❋ ❋



کەللە قەویە ورگنەکەیان بوو بە پالەوان ، بەلام چون پالەوانیك ؟! لەهەمو ئەو شارەدا دەنگی دایەوە ، وای لیهات ئەو قورساییەی خەلکی بە دوو دەس بەرزیان ئەکردەوە ئەم بەیەك دەس یاری پی ئەکرد !. دریژە چاو زەقەکەشیان نوینەر (ممثل)

یکی باشــی لی دەرچوو بوو ، لــەکاتی نواندنا ســـەربەقورری ئەهینایە پیکەنین‌و جاری واش هەبو قسەی وا زلی ئەکرد بو چارکردنی دەردی کومەلایەتی ئەتوت پزیشکی کەمەلە . هەروەها کورتە بنە خررەکەشیان بوو بە نووسەریکی بالا ! گوڤارو روژنامە نەما ئەو لایەکی رەش نەکاتەوە ! هەر گرەویکی ئەدەبیش بکرایە ئەو لەدەورویشتی یەکەمو دوەمدا بوو .

سەیر ئەوەبو کە لەمانەشا تەلەکەبازی‌و چەوتیتی خویان بەکار ئەهینا . یەك بووبوونە بلویر بو ئەوی تریان ، ئەم ئەوی بەرزئەکردەوە ، ئەو ئەمی هەلئەدا ، ئەوی تریان ئەمانی ئەگەیانە ئاسمان .. هەمیشە لەژیرەوە خەریکی پیلان‌و نرخدان بەیەکتری‌و خەلکی‌تر شکانن بوون . بەجوریکی‌وا یارمەتی یەکتریان ئەدا کە کەم‌کەس هەستی پی ئەکرد . ئەوەشی بەئاستەمیك بەخراپی ناوی بهینانایە بەهەموویان تیی بەرئەبوون‌و ئەهاتنە ویزەی !.

❋ ❋ ❋

پایزیش تیپەرری‌و زستان هاتە پیشەوە ، باوباران ، سەرماو سولە زوری هینا ، دەورویشتی زوپای چاخانە کان دانیشتنی خوشبوبو . روژیك دیم هەرسیکیان لەچاخانەیەکدا لەنزیك زوپاکەوە سەریان نابو بەسەری یەکەوەو قسەیان ئەکرد . منیش لەنزیکیانەوە دانیشتم‌و خوم بەخویندنەوەی روژنامەیەکەوە خەریك کردو لایەکی گویشم شل‌کرد بو ئەوان .. ئەم بیست :

**— ئەم زستانە زور سەختە .. بەلام بەهار رەنگە خوشبیت .**

— من وای‌ئەزانم بەهاری ئەمسال دووبەهار ئەبیت .

— چون .

— باری جیهان زور روەو باشیە ، ئەوە ئەندەنوسیاو کوریاو هیندی‌ـ چینی‌و میسرو سوریاو ، ئەمانە هەمووی ئازاد بوون‌و لای ئیمەش جوولانەوەی کوردی‌و عەرەبیش یەك لەیەکی بەهیزترەو هەموش هەر خەریکن . جا من بەدوری نازانم لەم بەهارەدا لای ئیمەشەوە بتەقیتەوە .

— جا باشە ئەگەر وابو ئیمە چی‌بکەین ؟

— کاکی خوم ئیمە زورمان لەم شتانە دیوە .. چاوەرروان ئەکەین تا لایەك بە لایەکدا ئەکەویت‌و مسوگەر ئەبیت ، ئەگەر میللەت سەرنەکەوت ئەوە ئیمە دانیشتوین‌و خەتە سوورە لەخومان بەدوورە . خو ئەگەر سەریش کەوت ئەوا .. یاك .. دوو .. هـەرسیکی . ئەچینـەوە سەرشارو ئەبینەوە بەکوررەکەی جاران ، ئەوەش بزانە تا ئیمە وەستابین کەسی‌تر دیار نابیت ، چونکە هەر یەکەمان لەروویەکەوە بەشی خومان ناوبانگمان هەیەو ناسراوین .

— ئاخر خو هیچ نەبی ئەبی ئەم ماوەیە کاریکی وابکەین کە خومان بەتیکوشەر بدەینە قەلەم .

— ئەزانی چی‌ئەکەین ؟ . لەمەودوا لەهەر شوینیکی پەنادا دانیشتین‌و کەسی خراپ دیارنەبوو ، بەئارەزووی خومان قسە ئەکەین‌و نیشتمان پەروەر ئەبین وە ئەگەر لەشوینی بەگومانیشدا بووین ئەوا قررو قەپ‌و باس باسی هونەرو وەرزش‌و ئەدەب ئەبیت .

* * *

بەهاریش تیپەرری هیچیان نەدی ، نەخیر دەسیان شتو برروایان نەماو کرر بوونەوە ، لەو توزە قسەکردنەش کەوتنەوە .

کات بوو هاوین ، شوررشی چواردەی گەلاویژ کوتایی بە یاسای کون هیناو گولی ژیانیکی تازەو ئازاد لەناو نیشتماندا گەشایەوە ، بونو بەرامەی بە هەمو لایەکدا بلاو بوەوە . هەموو روژیك شەقامەکان پرر ئەبوونو ئاهەنگی ئازادی تیا ئەگیررا .

یەکەم روژی شوررش بو ، لەمال هاتمە دەری ، بینم وا کەللە قەوی‌یەکەو دریژە چاو زەقەکە بەراکردن روەو مالی کورتەبنەکە ئەهاتن . لە دەرگایان دا ، خررە بەچاوی خەوالوەوە هاتە دەری ، کەوتنە گفتو گو :

**ــ ئەوە چی‌ئەکەیت ، ئای خو هیشتا خوی نەگورریوە !. هەستە هەستە خیرا ..**

**ــ بو ؟ بوچی چی بوە ؟**

**ــ کورە گورج کە بەجیماین ، شوررشە شوررش ، سەریش کەوتوونو دامو دەزگای کون لابرا . راپەررە وا شەقامەکان پرربوونو هەرایە ، دەی تا بەجییان نەهیشتوین ، فرسەتە ئەمررو خومان دەرنەخەین لە دەسمان ئەچیت .**

ئەوەنەی بلییت یەکو دوو ، خوی کو کردەوەو خویان گەیانە ناو خەلکەکەو جاران ئاسایی دەسیان کردەوە بە نەررەنەررو چەپلە لیدانو هەندیکیان لەخویان کو کردەوە . یەکیکیان سەرکەوتە سەر بەرزاییەکو

دوانەکەی تریشیان لەملاو لایەوە ، خەریك بوو شریتی قسەی زلی بوبەرەلا کات ... بەلام کاتیك بەخویان زانی کومەلیك پەلاماریان دانو بەتەکان هینانیانە خوارەوەو پییان وتن :

**- ئیمە باشتان ئەناسین پیاو خراپینە ، هەرچی چەوتیو نالەباریەکتان هەیە هەموی لای گەل ئاشکرایە ، ئیوە جاریکیتر ناتوانن بویە لە خوتان بدەنەوەو خوتان بگورن ، دوورکەونەوە پیاو خراپینە تا سبەینی ئەنجامی خوتان ئەبینن .**

هەرچی چونیكبوو خویان دەرباز کرد لەناو خەلکەکەداو خویان گەیانەوە مالی خویان .. هەمووی دووهەفتەیشی پینەچوو هەرسیکیان لەفرمان دەرکران .. ئیتر ببررای ببررای بویرن ناوی خویان بینن‌و خویان دەرخەن .

**(( هیمن ))**

## ئوتیلی سیروان

ئەم ئوتیلە تازەکراوەتەوە لەبەغداد لەسەر شەقامی امین ، هەتا بلییت پاکوتەمیزەو فینکو خوشە . نزیکی ناوبازاررو دوائری میریە ، نرخیشی هەرزانە ، زور بەخزمەتن ، ئەگەر هاتیتە بەغداد دیارە هەر ئەچیتە ئەوی . خاوەنەکانیشی : کاکەحەمە دەرویش کەریم‌و کاك نەشئەت

## لەزیندانا چواردەی گەلاوێژ

دەنگیکی دور ،
دور .. ئیجگار دور ...
بەئاستەمیك ئەگاتە ژور !
ئەی دەنگی دور ،
بەئاستەمیك ئەگەیتە ژور !
ئاخو سپیت ، یان رەش ، یان سور ؟
وەرە پیشتر ...
چون ئاو ئەررژیتە ناو ئاگر ،
لەریی گوی‌وە ، بررژیرە گیان ،
زیندانم پررکە لەکولدان !...
زنجیری پی ،
کپ بە تاوی ، وەك لوکەی گوی !
هەوای شلەقاوی زیندان ،
بنو ، وەك بەرمەمکان ئەنوی !
با دەستریژی ئەم دەنگەی دەر
گوللەی مانای گویم بپیکی
بەلکو گررەی تینویتی سەر

وەك توپ نالەی بیو بتەقی !...
لەلیشاوی غەلبەغەلبا
بانگیکیدا لەگویچکەم ( با ) :
« ... رەژیمی جەمهوری بژی !... »
خەو ئەبینم ! جەمهوریی چی ؟
ــ نەء ، خەو نیە ..
شایلوغانی جەمهوریيە :
ئەم دەنگو مژدەی دوریيە !...
سا لەشی زیندانی مردو :
بیرە سەما !
ئەی لەبستی گوررا زیندو :
مردن نەما !...


## عبدالامیر منصور

لەمخزنی عبدالامیر منصور هەرزانیە ، شتی زورباش بەکومەلو بەدانە چنگ ئەکەویت : قوماشی خوری چاك ، پیلاوی ئینگلیزیو ئیتالی ، هەمو جورە بوینباخیکی جوان .

لەبیریشت نەچیت باشترین بەرگ درووە لەسەر تازەترین شیوەی نوی .

ئەوەتا لەسەر ــ شارع البنك ــ لەبەغداد .

وەرگێراوە

# لینین ••

(( گەورە ترین پیاوی مێژو لەسەدەی بیستەمدا ))



ئەمەیە هاورری لینینی مەزن ، سەروکی روسیا ، روخینەری تەختی قەیسەرو بەرپاکەری گەورەترین شوررشی سەرەتای سەدەی بیستەم .

**نوسینی : وەرزیر**

ولاتی سویسرە کەباناوبانگترین‌و خوشترین جیگایە لەجهانداو ناوئەبری بە ولاتی ئاسایش . بەلام لەشەری یەکەمدا بوبو بەجیگای ئاژاوەو پیلان‌نانەوە بەهوی سیخوریکی زورەوە کە لەولاتەکانی ئەوروپاوە هاتبون بەناوی ئەوەی کەگوایا هاتون بوبینینی ئەم ولاتە جوانە بی‌دەنگە ، بیجگە لەپیاویکی بیگانە کەخوی لەهەمو هەلاوبگری کەرر کردبو هەتا خویشی

بەشدار نەئەکرد لەکوبونەوەکانیان ، وەکەسیش نەیئەناسی ، لەخانویەکی کونی پینەچییەکی هەژار خوی‌و ژنەکەی بەبی‌دەنگی ئەژیان ، وەهەروەها ئەوانەی کە لەو خانوەدا بوون پیرەژنیکی نانەوا ، پیاویکی ئیتالی‌و چەند نوینەریکی ( ممثل ) نەمسەوی بوون ، ئەم پیاوە زور حەزی لەتەنیایی ئەکردو ژیانیکی زور ناخوشی رائەبوارد لەگەل ژنەکەیدا .

ئەم پیاوە بچوکە بی‌دەنگە یەکیك بوو لە دەربەدەرەکانی روسیا کەبەهوی زورداری قەیسەرەوە دورکرابوەوە لەولاتەکەی خوی .

ژیانی زور سەیربوو ، هەمو بەیانییەك سەعات ( ٩ ) ئەچو بو نامەخانەی‌گشتی‌و ئەمایەوە تاوەکو نیوەرو لەدواییدا هەل‌ئەستاو بەرەومالەوە ئەرویشت بو نان‌خواردن ، هیشتا سەعات نەئەبوبەیەك لەمال ئەهاتەدەرەوە روەو نامەخانەکە خوی‌ئەکوتا دەستی ئەکرد بەخویندنەوە تاسەعات ( ٦ ) . وە هەمو روژی ئەمەی کردبو بەپیشە یەکەم کەس‌بوو کەبەیانی خوی‌ئەکرد بەنامەخانەکەدا وە ئیوارەش لەدوای هەمویان ئەهاتە دەرەوە .

ئەم پیاوە مەزن‌ترین پیاوە کە لەسەدەی بیستەمدا دەرکەوت ، وە بەتواناترین کەس بوو کەتوانی شورشیکی‌وا بەرپابکا کە تائیستا میژو نەی‌دیبی .

وە لە ( زیوریخ ) چەند کەسیکی کەم ناوی « فلاديمير ايلتش اليانوف » یان ئەزانی ئەوپیاوەی کە بەروژ لەنامەخانەو بەشەو لەمالی پینەچییەك رای ئەبوارد ، بەبیری کەسدا نەئەهات کە لەپاش ماوەیەکی

کورت گەورەترین شورش بەرپائەبی بەسەروکایەتی ئەم ( اليانوفه ) کە میژو ناوی‌ئەبات بە ( لینین ) .

لەروژی ( ١٥ )ی مارتی سالی ١٩١٧ سەعات تی‌پەری لە ( ٩ )و کات زور درەنگ‌بوو بەریوەبەری نامەخانەکە بیری لەو پیاوە ئەکردەوە کە یەکەمین کەس‌بوو بەریك‌وپیکی ئەهات ... بەلام ئەوپیاوە روسیە نەهات‌و هەرگیز نایەت ، چونکە لـەوروژەدا کـە بەرەو نامەخانەکـە خوی‌ئەکوتا هاوریی‌یەکی ئاگاداری‌کرد کە گوایا شورشی بەرپابوە لەروسیا .

بەلی شورش دام‌ودەستگای قەیسەری داروخان ، سـەربەستی کەوتەناو روسیاوە ، بـەندە سیاسـیەکان بەربوون وە ئـەو هـەمو تیکوشـەرانەی کـە ئاوارەو دەربەدەر کرابون‌و بەولاتـەکانی ئەوروپادا بلاوبوبونەوە هەموو خویان ئامادەی گەرانەوە کرد .

بەلام لەوکاتەدا بەشیوەیەکی گەورە کەوتبوە ولاتەکانی ئەوروپاوە « لینین » هەرچەندە بیری‌ئەکردەوە نەی‌ئەزانی چون بگەریتەوە . سویسرە چواردەورە گیراوە بەئیتالیاو فرنساو نەمسا . وە نەی‌ئەتوانی بگەریتەوە چونکە رری نەئەدرا بەسەر هیچیانا تی‌پەری چونکە بەپیاویکی شورش‌ـ گیریان دائەناو زورلیی ئەترسان ، بەلام ئەویش هەر ئەبوو بگەریتەوە بو روسیا هەرچونیك‌بی ، چونکە ئەی‌ویست شیوەی ئەوشورشە بگوری وەکو خوی بوی‌تی‌ئەکوشا بو « شورشیکی میللی ئیشتراکی » .

لەپاش کوشش‌و ماندوبونیکی زور کەوتە گفتوگو لەگەل بالویزی ئەلمانیا لەسویسرە ، وە گفتوگوکەی وەکو پیاویکی پەنابەر « لاجیء » یکی دورکراوەو دەربەدەر نەکرد بەلکو بەجوریکی ئازاو نەترسانە هاتەپیشەوە .

وەکو دەری‌ئەخست لەپاش ماوەیەکی کەم ئەبیت بەپیاویك کاروباری حکومەتیکی وا ئەبات‌بەریوە کە لەئەلمانیا گەورەو بەهیزترە . لەئەنجامدا رری درا کەبتوانی لەگەل چەند پەنابەریکی روسی تردا بەخاکی ئەلمانیادا تی‌بپــەررن .

لەساعات سی‌ونیوی پاش‌نیوەرو لەئیستگەی ( زیوریخ )دا کوبونەوەو هەریەکە کەلوپەلی خوی دابو بەکولیاو چاوەروانی رویشتنیان ئەکرد ، وە هەموویان ( ٣٣ ) کەس بوون لەژن‌و پیاو وە تائیستا ناوی هەموویان نەزانراوە تەنها ( ٣ ) کەسیان نەبی ئەمانیش لینین ، تزیتوفیف ، وە رادیك بوون کە لەپیاوە دەرکەوتوەکانی روسیا بوون .

شەمــەندەفەر دەستی‌کرد بەرویشتن ســویسرەی بەجی‌هیشت‌و گەیشتە خاکی ئەلمانیا ... ئەو شەمەندەفەرەی کە گەورەترین‌و رەق ترین‌و شــورشگیرترین پیــاوی هــەلگرتبو ، لــەپاش چــەند روژیك گەیشتنە روسیا .

لەوکاتەدا « لینین » بەتەواوی تیکوشان‌و دلسوزی میلەتەکەی نەئەزانی بەرامبەر بەو شورشەی کە بەرپای‌کردبو ، چونکە ماوەی ( ١٤ ) سال لەروسیا دوورکرابووەوەو هەردەمە لە ولاتیکی ئەوروپا بوو ... ماوەی ( ١٤ ) سال بەتەواوی ئاگای لە تیکوشانی گەلەکەی نەبوو .

ئینجا « لینین » هەمو هەست‌و بیریکی خستەسەر شورشەکە ، وە هەندی ئاموژگاری‌و بیروړای دانا بو چونیتی نوسین لە روژنامەی « براڤدا » ئەو روژنامەی کە خوی دای‌ناو هاوریکانی دوای‌خوی بو

ماوەیەکی دریژ سەرپەرشتیان ئەکردو بلاویان ئەکردەوە بەهەمو کونو قوژبنیکی روسیادا .

بەلام کاتی ستالین و کانیف هاتن بەپیری ( لینین )ەوە بەسەدەها هەزار لەکریکارو جویتارو چینەکانی تری گەل چاوەری‌یان ئەکرد ، هەمو بەجاری کەوتبونە جولە ، نەعرەتەکیشان و دەنگیان وەك گرمەی هەورەتریشقە بەرزئەبوەوە ، بەبونەی گەرانەوەی ئەوپیاوە بلیمەتەی کە چەند روژیك لەوەوپیش لەخانوی پینەچییەکا ئەژیا .

خەلکیکی زور هاتبون بەپیریەوە ، ئەویش چوە سەر ئەو ئوتوموبیلەی کە بوی ئامادەکرابو ، بەدەنگیکی دلیر دەستی کرد بەقسەکردن بویان وە لەسەرەتای وتارەکەی‌دا وتی :

« من لنینم وا هاتمەوە لاتان » .

## کەمردم

سوك پی‌بنین بەسەرما
بەسەر کراسی بەرما
لەنەخشی ئیوە زیاتر
نیە لەناو جگەرما

« دیلان »

# گەڕانەوەی قارەمانەکان

بو سلیمانی

**چەند پیروزە ئەم شوڕشە مەزنە ، چەند خوشە ئەم روژە شادە ، ئەم روژەی کە ئاواتی گەلە نەبەزەکەمانی تیا هاتە دی .**

**بەلی دوای تیکدانی تەختوتاراجی دامودەزگای رزیوی کون ، رولە قارەمانە راستەقینەکانی گەل ، ئەوانەی بەزنجیری ئیمپریالیزم لەکونی بەندی خانەکاندا بەسترابوونەوە ، ئەمرو بەرووسووریو سەربەرزیەوە هاتنەدەری ، هاتنەوە ناو کوڕی گەلە کولنەدەرەکەیان .**

**روژی ۱۰/۸/۹۵۸ چوار قارەمانی دلاوەر ، دوای بەربونیان ، روەو شارە نازدارەکەیان ( سلیمانی ) کەوتنە ری . وە بەم بونەیەوە بەیامنیری ( هیوا ) ماموستا فاضل لەسلیمانیەوە ریپورتاجیکی خیرای بوناردینو ئەلیت :**

بەتیکوشانی گەلی‌نەبەزوخەباتی سوپای مەزن ، دەرگای بەندیخانەکان شکینرانو ئەوانەی لەپیناوی ئازادیدا خرابونە کونی بەندیخانەوەو بەپیوەندو زنجیری ژەنگاوی بەسترابونەوە ، بەرویەکی زەردەخەناویو سەریکی بەرزو دەرونیکی بەئاوات گەیشتوەوە ، بەسەرشانی گەلەوە ، بەئاهەنگو شاییەوە ، هینرانە دەری .

لەمانە پیریکی ژیرو سی‌گەنجی دلیر ، چوار قارەمانی نەبەز ، چوار رولەی سەربەرز ، چوار تیکوشەر ، چوار چرای ریگەی ئازادی ریگەی سەربەستی ، هاوری بهاءالدینو عومەرو گورانو نائب . . .

لەسەعات حەوتی بەیانی روژی یەکشەمەی دەی مانگی ئاب ،

لەپایتەختی ئازادیو ، جی‌نشینی سەردارانی جمهوریەتو شاری لەناوبردنی تەختو تاراجی شــاو شایەتیو کونەپەرستانو نوکــەرانی ئیمپریالیزمو زورداریەوە کشان ، کەوتنە ری روەو شارە پیروزەکەیان ، روەو دایکو باوکیان ، روەو براو خوشکەکانیان ، روەو گەلی کوردی نەبەز ، روەو شاری سلیمانی . تەنانەت ئــەو ئوتوموبیلەی گرتبونیــە باوەشــیەوە لەخوشیانا وەکو کشانی مار ، وەکو تیسکەی تفەنگ ، بەگورر ، بەخیرایی بە تیژی ریگــەی دورو دریژی بری ، تا گــەییە توزخورماتو ، بەناو دانیشتوانا کە ئەم‌بەرەوبەری شەقامەکەیان گرتبو بەچــەپلەو دەست راوەشانو لیوی زەردەخەناویەوە . بەناویانا تیپەربون تا گەیینە تاوخ ( داقوق ) . لەوی بەشیکی زور لەدانیشتوانی سلیمانیو کەرکوکو زور شوینی‌تر کە چاەرییان ئەکردن ، وەستانیانن ، هاتنە خواری باوەشیان پیاکردن ، ماچ ، تەوقە ، دەست لەمل‌کردن پیکەنین ، هاوار کرابە نەبەزی گەل ، بەئاسایش بە برایەتی کوردو عەرەب ، بە بەرزی نیشتمان . سوار بونەوە ، ئوتوموبیل ریچکەی بەست ، قارەمانان لەناوەراستو هەندی لەپیشەوە ، هەندی لەدواوە تا گەیشتنە کەرکوك بەشاری کەرکوکا گەرران چەپلەیان بو لی‌ئەدان ، بانگە وازیان ئەکرد بو سەربەستی گەلو ئازادی نیشتمان کشان روەو تەکیەی تالەنیەکان ، شوین تەرخانو هەموشت ئامادە کراو ، قەلەبالخیش باس‌ناکری ، شوین‌پی نەمابو هەمو لا جمەی ئەهات ، گشت پیخوشحال ، بانگیان ئەکرد بژی گەلو بژی سوپا ، بژین ئەوانەی کول‌نادەن لەریی نیشتمانا ، بژین قارەمانانی شورشی چواردەی تەموز ، بژین ( بەها )و هاوریکانی ، ئەشوترا ئەمرو چەژنە ، چەژنی

راستی گەلە ، جەژنی سەرکەوتنی هیزی کولنەدانە بەسەر زورداریو دەرەبەگـدا .

مانەوە لەوی ، قاوەلتی کرا وتار خوینرایەوە ، قسەی خوش‌کرا . لە سەعات سیی پاش نیوەرروشا کەوتنە ریو لەجیاتی ئەوەی تا دەری شار بەرری بکرین‌و دوعاخوازیان لی بکری تا ناوشاری سلیمانی هاتن لەگـەلیان .

دەرچون لەکەرکوك ، بەدریژی سەدو چواردە کیلومەتر ، ماوەی بەینی شاری کەرکوکو سلیمانی ، لەچایخانەکانی سەر ریگەدا بەپیرەوە چوەکان ، لەشەقاما ریبوارە کان ، چەپلەیان لی‌ئەداو پیخوشحالی خویان نیشان ئەدا بەم روژە پیروزە بەم جەژنە کومـەلیە ، لە قەرەهـەنجیر چەمچەمال ، دەربەند ، تەینال ، تاسلوجە ، قلیاسان و لەهەمو شوینیك کومەلانی بەپیرەوە چوان رایان ئەگرتن ، ئەم‌لاولایان ماچ ئەکردنو باوەشیان پیا ئەکردنو داوای بـەردەوامی ژیانیانو ژیانی هـەمو خەبات کـەرانو قارەمانانیان ئەکردو ئەوسا سوارئەبونو شوینیان ئەکەوتن . لەکاتیکدا لەسەر کیوی تاسلوجـەبوین بەدیوی سلیمانیدا ریچکـەی ئوتوموبیل لەدامینی کیوەکە تیپەر بوبو ، کەچی سەری ئەوسەری هیشتا نەگەیشتبوە بناری ئەودیوی تاسلوجە بە دریژی شـەش کیلومتر زیاتر ریچکەیان بەستبو نەك یەکەیەکە بەلکو بەپانی شەقامەکە دوانوسیان بەچەشنی میرولـە .

گەیشتینە نزیك سلیمانی لـەوی هیزی سوپاو لەشکری گـەل وەستانیانن پەلاماریان دان کاك نوری مارف ( ئامر حامیە ) ئوتوموبیلیکی

سەرکراوە ( لاندروڤر پیك ئاپ )ی ئامادەکربو خستنیانە سـەرو زور بەهیواشی دەستیان کرد بەرویشتن دەستە دەستە لە لاو و پیر ، ئافرەت ، هەمو جورە چینیکی گەل ، مەلاو فەقی بە ( شعاراتی ) جوان نوسراو و بەقسەی پرر مانا ، ریچگەیان بەستبو ، بەرو دوا بەهیواشی لەگەل برا قارەمانەکانیان کەوتنە رویشتن لەپیشیشانەوە چینی خوشکودایکەکان بەشعاری ( ئافرەتانی شاری سلیمانی بەخیرهاتنەوەی رولەنەبەزەکانیان ئەکەن ) لەپیشەوە ئەرویشتن ، ئەمبەرەو بەری شـەقامیش تەنرابو بەسەیرکەران ، زەردەخەنە لەسەر لیویان ، پەنجەیان دریژ ئەکرد بو برا قارەمانەکانیان ئەوی ئەی‌ناسین بەوانی‌تری ئەناسین .

هەر لەدەری شاریشەوە یەکی چەپکی گولیان پیشکەش کردبون نیشانەی پیخوشحالی هەموان بەهاتنەوەیانو ئامادەی گشت بو خەبات لەپیناوی ئاسایشو بەختیاریدا ئەوانیش گولەکانیان بەرز ئەکردەوە نیشانەی سوپاس بو گەل ، بو ئەوانەی خەباتیان کردبو ، ئەوانەی تولەی گەلیان سـەند .

بەم‌جورە رویشتن ، تا گەیینە ( ساحەی کاوە ) بەردەمی ئوتیلی شەمیران . ریی روینی زەلام نەبو نەك ئوتوموبیل ، بویە لەدوری سەد مەتر زیاترەوە خرانە سەرشان بە چەپلە لیدان سەرخران بو پیش تەلار بو پیش دمی وەستاوان لەدەرو ناوەوەی شار ، کە یەکیك بیوتایە بژی برایەتی کوردو عەرەب هەزاران بوی ئەسەندەوە . لەهەزارانیش زیاتر هاواری ئەکرد ( یەکیەتی فیدرالی ، برایەتی سوڤیات ) . خودەنگی ( بژی قارەمانانی شورشی مەزنی یراق ) بواری کەم شتی تری ئەدا .

پاش وەستانیکی کەم دەستکرا بە وتارو شیعر خویندنەوە ، بەکەم جار کاك نوری مارف سوپاسیکی پیروزانەی گەلی کرد کە پیشانیدا گەل بەهەمو توانایەوە لەگەل سوپایە ، هەردولاش هەول ئەدەن بو بەردەوامی جمهوریەت . کاك نوری پیخوشحالی خوی دەرخست بەگەیشتن بەم روژە پیروزە ، روژی جەژنی شادی ، جەژنی گەیشتنە سەربەستی ، روژی جەژنی بەربونی خەبات کەران .

دوای ئەمیش کاك کامەران ، بەدەنگە جەماهیریەکەی یادی رولـە شەهیدەکانی کرد ، بەکرو عیزەتو موستەفاو زوری تر کە پەنجـەی دریژئەکرد ئەیوت ( ئالیرەدا بەکر رولەی سەربەستو پیشەنگ درایە بەر گولە ، گولەیپیسی چلـکنی کلکی ئیمپریالیزم ) ، کسپەی لـەجگەری وەستاوانەوە ئەهینا . کـە ئەمیشلیبوەوە کاك ( بەهـا ) دورو دریژ سوپاسیکی هەموانی کرد ، سـوپاسی سوپای نەبەزو گـەلی قارەمانو نیکوشانی هەمولای کرد ، هاواری ئەکرد ئیمە تەنها بەمە نابی قایل بین کە گەیشتوینەتە روژی سەربەستی گەل بەلکو ئەبی لەبیریشمان نەچی کە ئیمپریالیزمو نوکەرەکانی بومان دانیشتونو خویان بو مەلاس داوین ، یەکیەتیو ئاگاداری پیویستە ، بوبەردەوامی ئەم سەربەستیە تا گـەل لەژیر سیبەریا بەختیار بیت . پاش ئەمیش ( گوران ) ، شاعیری بەرز ، ماموستای شیعری نوی ، پیری کول نەدەر ، پارچەیەك شیعری خویندەوە ئیمپریالیزمی کردبو بە شەیتان ، پاشاو پاشایەتیش بە بت ، یەکیکی کەش بەبتەوان . گەلیش لەسەر ئەمری بتەوان ئەبوایە بتی بپەرستایە ( بەلام ) گەل هوشیار بو ، تیگەیشتوبو بتی ئەناسی چیە ( مقەبایە ، بوشـە )

بەفویە ئەروخی وەکو روخاو تیك قوپا . لەبەر ئەمە گویی نەدایە هانەهانەی شەیتانو زەبرو زونگی بتەوان بویە بتی نەپەرست .

کــە ئەمیش لی بوەوە کاك ( نائب ) ، کریکاری تیکوشــەر ، خەباتکەرو هەولدەر ، شاعیری خوشەویست پارچە شیعریکی پررمانای خوینەوە ، پاش ئەمیش ماموستا ( عومەر ) رولەی نەبەز ، لاوی سەربەرز دەرچوی دانشگای هندسە وتاریکی تری پررمانای خوینەوە بە چەشنی کاك بەها هەمو شتی وت .

بەلیبونەوەی ئەمیش کوبونەوە تەواو بو ، بلاوەی لیکرا . ئەتبینی شاری سلیمانی هەموی هەر شاییو هەلپەرکی بو . یەکی لەگەرەکی گویژە ، یەکی لەدەرگەزین یەکیکیتر لەسەرشەقام چوارەمیش لەکانیسکان . چوار قورنەی سلیمانی هەموی هەر شایی بو ، هەرشادی

بەمجورە قارەمانانی دەرو ناوی بەندیخانە ، خەبات کەران لەپیناوی بەختیاری گەلو نازادی نیشتمانا ، بەرری کران لەبەغاو بەپیرەوە چون لە سلیمانیو کەرکوکەوە .

## هەندی شت

* وەکو ئوتوموبیل لە دوسەد زیاتر ئەبو هەروەها بەپیرەوەچوانو ئەوانەی لەبەرساحەی کاوەدا کوبوبونەوە لە ( ٣٠ ) سی هەزار زیاتر ئەبون .

* لەکەرکوك ، هەولیر ، رەواندز ، کویە ، قەلادزی ، چوارتا ، هەلەبجە، قەراخ ، وەزور شوینی ترەوە ، هاتبون بوشاری سولەیمانی ، هەمو پیخوشحال بەم روژە پیروزە بەم جەژنە ، بەم شادیە .

* شاری سلیمانی زور کەمی مابون کە ئەو روژە لەمالا مابیتەوە ،

دوکانەکان داخراو بازارو کولانەکان چولو هول .

* لەکاتیکدا کە لەسەر تەلارەکـەی ( شەمیران ) وەستابون پیش دەسکردن بەوتارو شیعر خویندنەوە ، کاك بەهادینو کاك نوری مارف ( ئامر حامیە ) دەستیان خستە ناو دەستی یەکەوە و بەرزیان کردەوە بو سەرەوە نیشانەی یەکیتی گـەلو سوپایان پیشان ئەدو ئەیان وت گەل سوپایەو سوپا گەل )

* کە چوار قارەمانەکە لەناو پیکاپەکەدا وەستابون و ئەهاتن بەریدا کچانی شەهیدی‌نەمر مستەفا خوشناویش خرابونە سەر پیشی ئوتوموبیلی کەوە بەدەنگەناسکەکانیان هاواریان ئەکرد بوبەرزی گەل بو بەرزی سوپاو زورشتی تر .

* لەبەر مالی کاك بەهادین ( هەلپەرینە ) لەچەند روژ پیش هاتنەوەیانو تا چەند روژیش پاش گەیشتنیان ( گورانی بیژ ) فەقی بو ، گورانیە- کانیشیان شیعری شورشانە بو .

* لەهەمو جیگەیەك دەستەی ئافرەت زیاتر هەستی خوی پیشان ئەدا کە هاوبەشە لەم خوشیەدا .

دوایی خوم گەیانە کاك بەهادینو عومەرو گوران ئەم پرسیارانەم لە هەرسیکیان کرد ، هەریەکە بەگویرەی خوی وەلامی دامەوە : ....

---

**بو ژمارەی داهاتو چاوەروانی پرسیارو وەلامەکانی بکەن .**

**( هیـوا )**

# بروسكو نامة

ئەنجومەنی وەزیرانی بەریز

گو ڤاری هیوای خوشەویست

شورشە پیروزەکەتان دامو دەستگای شاهیو کونەپەرستیو ئیمپریالیزمی لەناو برد بەراستی ئیشیکی میژویی گەورەو بەرزە وە شایانی سوپاسیکی بیپایەنە ، وە ئیمە کە دانیشتوانی کویسنجقین لە روڵەکانی گەلی کورد ، بەهەمو دلیکەوە لەگەڵتانینو ئامادەین بەهەمو هیزیکمانەوە بو بەرزکردنەوەی جەمهوریەتەکەمان .

بژی یەکخستنی میللەتی عەرەبو کورد ، بژی جەمهوریەتی عیراق ، بژی پالەوانی شورش عبدالکریم قاسم وە هاوریکانی .

لەجیاتی دووهەزارو نەودو نو ئیمزا

مەلا معصوم ، محمد زیاد غفوری ، پاریزەر مسعود محمد ، بکر صدیق حویزی ، عثمان عونی ــ شاعر ، عبدالحمید حاجی توفیق ــ تاجر ، کمال حاجی مجید ــ تاجر ، سید عبدالله سید اسماعیل ــ بەرگدروو ، احمد دلزار ــ شاعر ، مولود رسول ــ کریکار .

ئەنجومەنی بەریوەبەرانی کوماری عیراقی بەریز

کومەلی بەریوەبەرانی یانەی سەرکەوتنو ئەندامەکانی ، ئەوپەری شادی پیشان ئەدەن بەهوی شورشە پیروزە پالەوانیەکەتانەوە ، کەوا سەری ئمپریالزمو زوردارانی پانکردەوەو تەفروتونای کردن . ئیتر

هەربژین بو هەنگاوی پیروزتان لـەریی سەربەخویی‌و ئازادی گـەلی عیراقی قارەمان .

**حافظ مصطفی قاضی**

**ئەمیندار لەجاتی ١٠٠ ئیمزا**

سیادەتی سەرەکی ئەنجومەنی وەزیران عبدالکریم قاسمی بەریز ،

گوڤاری هیوای خوشەویست :

زور بەگەرمی پیروزبایی گـەرمی سوپای ئازاو گـەلی قارەمان ئەکەین ، بوروخاندنی داوودەستگای تاوانباران‌و دەستدریژی ئیمپریالیزم وە ئیمە کـە لەخوارەوە ئیمزامان کردوە بـەندە سیاسیە بەربوەکانی بەندیخانەی بەعقوبەین ( بەندیخانەی باستیل ) لەدەوری جەمهوریەکەی سـیراقا .

ئاگادارتان ئەکەین کە ئیمە ئامـادەین بوخزمـەتکردنی گـەل‌و جەمهوریەتەکەمان ، وە هەمومان سەربازی دلسوزین‌و لەژیر فرمانتاین ، وە چاوەریی بەربونی براکانی ترمانین بوئەوەی پاشماوەی دەوری دارزیو نەمینی .

ئیتر بوپیشەوە بوخزمەتکردنی هەردو میللەت کوردو عەرەب .

**جوهر خضر هیرانی ، یوسف حناشیر ، توما شابا**

* * *

ئەنجومـەنی سـیادەی بەریز


ئەنجومەنی وەزیرانی بـەریز

گوڤاری هیوای خوشەویست

ئیمە کە ئیمزامان کردوە لەخوارەوە وەفدەکانی عەشیرەتی خوشناوین لەقەزای رانیە ، پیروزبایی شورشە خوشەویستە کەتان ئەکەین کەوا بەتەواوی دامو دەستگای شاهانەی بوگەنو ئیمپریالیزمو کلکەکانی لەناو بردن .

بەناوی خومانو عشیرەتەکەمانەوە کە هەزار کەسیك ئەبین ئامادەین کەخومان بەخت بکەین لەریگای پاراستنی جەمهوریەتە خوشەویستە کەماندا ، وە ئامادەی هەمو فەرمانیکتانین کە سوودی جەمهوریەتو گەلی تیابیوە سەرشورانی دەوری داررزیو لەناو بەری . بژی برایەتی کوردو عەرەب ، بژی جەمهوریەتە خوشەویستەکەمان جەمهوریەتی کوردو عەرەب ، بژی پالەوانی شورش عبدالکریم قاسمو هاوریکانی .

انور رشید ، علی حمد نواوە ، کویخا رسول مختاری دیی بیتواتە ، فوزی رشید مختاری دیی سەروجاوە ، سامی رشید نوینەری جوتیارەکانی بیتوین ، مەلا قادر علی ئیمامی دیی دوواوە ، عبدالله صوفی صالح ، محمود قادر لەدیی هرتە ، عبد المسیح هرمز ـ ماموستای دیی بیتواتە ،



پیروزبیت — ئای ! — وریابە

# نامەیەکی کراوە

گومانی تیانیە کە دوای سەرکەوتنی شورشە مەزنەکەی چواردەی گەلاویژ ، زور شت گورراو زور شتیش ئەگورریت . چونکە ئامانجی شوررش پیشخستنی هەموو روویەکی ژیانە . ئیمە باوەررمان بەگەل‌و بەپیشەوا قارەمانەکانی هەیە کە بەرودوا چارەسەری هەمو گیروگرفتیك ئەکەن‌و نەتەوەکەمان ئەگەینن بەئەوپەرری بەختیاری . وە دلنیاین کە ئیستا بەشیکی زور لەکاربەدەستان هەمو سوودیکی خویان خستوتە لاوەو هەمیشە خەریکی پاراستنی بەرژەوەندی عیراقن بەکوردستان‌و عربستانیەوە .بەلام ئەوەش ناکەین بەژیر لیوەوە کە زورشتی گرنگو پیویست خراوەتە پشت‌گوی‌و کەمتەرخەمی تیائەکریت . یەکی لەوشتانە : ئیستگەی بەشی کوردیە ، کە لەوەئەچیت هیشتا پریشکی شوررشی نەگەیشتبیتیت ! .

ئیمە کە بمانەویت پلەی بەرزبوونەوەی ئەم ئیستگەیە بپوین ، ئەبی لەگەل ئیستگەی بەشی عربیدا بەراوردی بکەین ... لام وایە پیویست بە بەراوردیش ناکات ، چونکە رادە ( نسبة ) لەبەینیاندا نیە !. بەراستی گورران‌و پیشکەوتنی ئیستگە عەرەبیەکە وەکو بروسکە وابو ، لەگەل یەکەم روژی سەرکەوتنی شوررشەکەدا ئەویش شوررشیکی ( فنی ) تیا پەیابو ، هەمو کونیکی بی‌فەرر لابراو لەجیگەیان تازەی پرر سوود دانرا . بەلام کوردیەکەی خومان تا ئیستاش هەر خنەی دی‌و هەرچەند

تەکان ئەدات هیزی نیە هەنگاویك بوپیشەوە برروات .

ئەمەش وەنەبیت بیهو بیت ، نەخیر ، بەلکو چەند تەگەرەیەکی ئاشکرا هەن کە بونەتە قورت لەریگەیدا . وەئیستا بەپیی سەربەستی نوسینو دەر برینی بیروڕا یەکەیەکە باسیان ئەکەین :

١ — ئیستگەی کوردی سەربەخو نیە :

ئەمە گەورەترین هویە بو دواکەوتنی ئەم ئیستگەیە ، چونکە هەر لەپیش شوررشەوە ، لەدامەزراندنی ئەم ئیستگەیەوە ، سەربەخو نەبوەو لکیك بوە لە ئیستگە عربیەکە . سەرمایەیەکی تایبەتی نەبوە ، دەستەیەکی پی سپیرراو نەبوە کە بتوانی بەپیی پیویست ئالوگورری تیا بکات .

٢ — هیشتا ئیستگە پاك نەکراوەتەوە :

ئەمەش هویەکی ترە بو پشیویو بەرز نەبونەوەی ئیستگە . چونکە ئەو کەسەی کەدوینی بلویری بو زەماوەندی دوژمن لیئەداو لەسەر لەرینەوەی کلکی ئیستعمار سەمای ئەکردو چاکی ئەکرد بەخراپو خراپی ئەکرد بەچاك ... ئەمە هیچ جیی باوەرر نیە وا زوو ببیت بە ( مواطنیکی صالح ! )و بەدەرونیکی پاکەوە هەلسوورریت بو سوودی شورشو جمهوریەت . وەگومانی تیا نیە ئەمانە هەر خەریکی ئاژاوەو پشیوی ئەبن .

٣ — نەبوونی کەسیکی بەریوەبەری بەتوانا :

لەمەشدا گومان‌نیە کە هیچ کومەلیك یا پروژەیەك یا دامودەزگایەك بەبی سەرداریکی ورباو بەتوانا برروات بەرریوە . ئیستگەی کوردیش تاکو ئیستا کەسیکی بەئیدارەو بەتوانا سەرپەرشتی ناکاتو نایبات بەرریوە . ئەنجامی ئەمەش دیارە هەر سەرلی شیوانو پشیوی ئەبیت .

ئەمە سیهوی دیارو ئاشکرا بوو بو سستیو دواکەوتنی ئـەم ئیستگەیە . جا لەبەرئەوەی کە ئیستکە زمانی حالی ئەو نەتەوەیەیە کە بوی تەرخان کراوە ، ئیمە کسپە لەجەرگمانەوە دیت کە ئەم دواکەوتنە ئەبینین . هەروەها نەتەوەی کوردیش قایلنیە بەم ناریکیانەو ئەیەویت ئیستگەکەی شانبدات لەشانی ئیستگە پیشکەوتوەکانی جیهانو دوور بیت لەکەمو کووریەوە . وەبو ئەمەش ئیمە چەند پیشنیاریك ئەخەینە بەرچاوی گشت ، تاکو هەر کەسیك توانای بوو لەپیناوی جیبەجیکردنیاندا هەول بدات :

١ ـ ئیستگە سەربەخو بیتو ئیدارەو میزانیەیەکی تایبەتی خوی هەبیت .

٢ ـ پاك بکریتەوە لەهەمو ئەندامیکی خراپ .

٣ ـ کەسیك یا چەندکەسیکی لیهاتو و بەتواناو شارەزا لەئیشوکاری ئیستگەو بەریوەبردنیدا ، بیبەن بەریوەو پیان بسپیریت .

٤ ـ ماوەی بلاوکردنەوەی پروگرامەکانی زیاد بکریت بەتایبەتی کاتی بەیانیانیش .

٥ ـ ماوە بدریت بەهەمو هونەرمەندو ئەدیبیکی لیهاتو کە هەلسووریت لەئیستگەدا .

٦ ـ زور گورانیو تەمسیلی بیکەلك هەیە لەئیستگەدا ، ئەوانە لاببرینو ئیتر لینەدرین .

٧ ـ دەر گای پیشنیار لەئیستگەدا بکریتەوەو هەمو پیشنیاریك بەوردی سەیرکریتو باشەکانیان پەسندکرینو جیبەجی کرین .

ئیتر هیوام وایە کەئەم نوسینە جیی‌کەلك بیت‌و بەم نزیکانە ئەو پیشنیارانە بیتە دی . چونکە وەکو وتمان ئیستگە زمانی حالی گەلە ، هەروەها ئاوینەیەکە چونیەتی ئەو گەلەی تیا دەرئەکەویت . ئیمەش کە ئەبیسین « کوردو عەرەب هاوبەشن لەم نیشتمانەدا » مافی ئەوەمان هەیە کەئیستگەیەکی سەربەخوی خومان هەبیت‌و ماوەی دەربرینی بیرو باوەررمانی تیابیت‌و سەربەست بین لەبەریوەبردنیدا .

هەروەها داوا لەنوسەران ئەکەین کە لەم روەوە پیشنیاریان چیە بومان بنیرن تاکو ئیمەش بیخەینە پیش چاو .

**وینـــەو نوسین**

**تکا لە نوسەرە بەریزەکانمان ئەکەین کە لەمەودوا لەگــەل نوسینەکانیاندا وینەیەکی فتوغرافی خویانمان بوبنیری تاکو پیکەوە بلاویان بکەینەوە .**


# وەفدو خوپیشاندای

دوای دامەزراندنی جمهوریەتە کورپەکەمان ، لەهەمو گوشەیەکی کوردستانەوە وەفد نیررا بو بەغداد بو پیروزبایی‌و خوشنودی . ئەمەش دیمەنی چەند وەفدیکی کوردستانە کە هاتبون بو بەغداد .



**گوڤاری هیوا**

**ئەم گوڤارە لەپوستەخانەدا تومار کراوە بەژمارەی ٤٩**



هەروەهـا لە کویەو لە
هـەمو شـارەکاني تری
گوردستاندا بەم جورە خویان
پیشان ئەدا بو تأیدی
جمهوریەت

**بو ئاگاداری**

ئـەم گوڤارە ئامادەیە بوبلاوکر دنەوەی هـەموجورە
اعـلانیکی میری‌و پروپاگـانتەی بازرگـاني .

# باوەڕ بی‌کراوی هیوا

لە :

بەغــــــداد : ـ ماموستا بەشیر موشیر ـ حیدرخانە .

ســـولەیمانی : ١ ـ رؤف معروف ـ خاوەنی کتیبخانای گەلاویژ .

٢ ـ محمد عارف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی زیوەر

کــرکوك : ـ عمر بی کەس ـ شەقامی سیروان

شــقلاوە : ـ مەخزەن سفین طە ئەحمد خوشناو

هەولــیر : ـ ستودیو سیروان

کـــویە : ـ خاوەنی کتیبخانە حاجی قادری کویی محمد شوان

رانیـــــە : ـ عزیز صدیق ـ گوگای بیتوین

هەلبجــە : ـ سید حسین ئەمین

زاخـــو : ـ محمود حاجی احمد مکتب التحریر

قەلادزی : ـ نورالدین ملا صابر

رەواندز : ـ علی عبدالله : کتیبخانەی رەواندز

خــانقین : ـ حبیب برزوو : کتیبخانەی سیروان

موصـــل : ـ سید علی ـ مکتة الامین ـ شارع النجفی

چەمچەمال : ـ محمد سعید عبدالرحمن ـ خاوەنی گوگای دربال




چاپخانەی نەجاح ـ بەغداد

# گۆڤـاری هیوا

## ژماره 3 ساڵی 2 ئەیلولی ١٩٥٨

ژمارەیەکی گرنگ

# هیوا

یوە کاتی ئەتوانن گەل تی‌بگەینن
ئەبتوانن تەعبیر لەو بکەن .
وەکاتی ئەتوانن گەل تی‌بگەینن
ئەبن بە قوتابی ئەو . وەئەگەر
خوتان ژمارد بەماموستاو
ئەورەو پیاوماقولی گەل ئەو
گەل بەهیچ جوریك کەلکتان
لی وەر ناگریت هەرچەند
لیمەتو زو[illegible]نیش بن ، و
هەر هەولو تەقەلایەکیش بدەن
بی کەلكو بی‌ئەنجام ئەبیت .
« ماو تسی تونگ »



ژمارە سی ـ سالی دوو

# ناوو نیشانی هیوا

بەغداد شەقامی زەهاوی یانەی سەرکەوتن

تەلەفون ٢٨٤٠٥

خاوەنی ئیمتیاز یانەی سەرکەوتن

مودیری مەسئوول : حافظ مصطفی قاضی

—( ئابوونە )—

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونە بو دەرەوەی عراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابوونەی سالیـــــکی لەعراقدا | ٠٠٠ | ١ |
| بو قوتابی | ٧٥٠ | ٠ |
| دانەی بە | ١٠٠ | فلسە |

پارەی ئابوونە پیشەکی ئەدریت

وە بەم ناونیشانە ئەنیرریت

بغداد : الصالحیة ٤٠ب/٨٤


( حافظ مصطفی قاضی )

# هیــــوا

گوڤاریکه بوبەختیاریو بەرزکردنەوەی پلەی‌زانیاریت تەرخانکراوە

ژمارە ــ ٣ ــ سالی ــ ٢ ــ رەزبەر ــ ایلول ــ ١٩٥٨ م ــ ٢٥٧٠ك


## فرمانی ئەمرومان




برای نوسەر : ئەم‌کومەلەی ئیمــەی تیائــەژین ، پیکهاتوە لەچــەند چین ( طبقە ) یــکی جیاواز ، وە ئەمرو ئەم چینانە بەتایبــەتی لەدوای شورشــی چواردەی گەلاویژەوە، هەمویان لـــــەکاتــی بــەرزبونــەوەو نرم‌بونــەوەدان ، هــەندیکیان بەرەو پیش‌کەوتن‌و پەرەسەندن ئەرون ، هەندیکیشیان بەرەو توانەوەو لەناوچون .

ئیمە بوئەوەی کە ئەدەبەکەمان ئەدەبیکی شورشاوی‌و بالابیت‌و بتوانین فرمانی ئەمرومان بەریکوپیکی بکەین‌و نەکەوینە هەلەوەو پاشــ روژیکی بەختیار بو نەتەوەکــەمان بهینینە دی ،، پیویستە بەتەواوی لەکومەلەکەمان بگەین‌و بزانین لەچیدایە . کاتی لەکومەلەکەمان ئەگەین کە بەتەواوی بچینە بنجوبناوانی ئەوچینانەوە کە کومەلەکەمانی لی‌پیک

هاتوه . ئەبی بزانین ئەمچینانە چون پەیدابوونو بەچەند دەورا ریشتونو پاشەروژیان بەچی ئەگات ، هەروەها پیویستە بزانین نەفسیەتی ئـەم چینانە چونو لـە چ حالیکدانو ئامانجیان لەژیانا چیـەو پەیوەندیان پیکەوە چونە .

کاتی لـەکومەلو لەچینەکانی ئەگـەین کەخومان پرچـەك بکەین بەزانیاریو تیگەیشتن ، وە بچینە ناوجەرگەی گەلەوەو خومان لەگوشە گیری ( انعزالیە ) دوور خەینەوە .

ئەو زانیاریانەی کە لەم روەوە چنگ بکەویت ، باشترینیان ، تیبینیو ئاموژگاریەکانی مارکسی ــ لنینیە . دەرس کردنو تیگەیشتنی ئەو تیبینیو ئاموژگاریانە : زانست ( علم )یکـەو ئەبی نوسـەری کورد تیی بگاتو وەریان گریت .

دوای ئەوەی کـە چووینە ناو گەلـەوەو بەتەواوی لەچینەکانی گەیشتین ، ئەوسا ئەبی بیر لەوە بکەینەوە کە بو کام چینیان ئیش بکەینو هەلسووررینو ئەدەبەکەمان بو چ لایەك تەرخان بکەین ؟.

ئاشکرایە کە گەلی کورد نزیکەی لەسەدا نەوەتی ٩٠٪ پیکهاتوە لەکریکارو جوتیارو سەربازو بورجوازی بچوك . واتا لەسەدا دەی ١٠٪ ئەمینیتەوە بو چینەکانی تر ، دیارە ئەبی سوودی ئەم کەمە بکەین بەقوربانی پاراستنو بەرژەوەندی ئەو زورە بی شومارە .

دوایئەوەی زانیمان بو کام چینی گەل ئەبی ئیشبکەین ، ئنجا دیینە سەر جورو چونیەتی ئیشکردنە کەمان ...

ئەمرو تیکرا لەکوردستانا خویندەواریو تیگەیشتن زورکەمە ،

لەمیش گرانتر ، ئەو توزە خوێندەوارو تیگەیشتوەی هەمانە ، کادریان زور کەم تیایە . وە تەگەورەی نەبون یا کەمی کادر لەتەگەرەی یەکەم گەلی گرانترە .. کەواتە گرنگترین هەنگاو بو ئەمروی ئیمە ( نوسەرەکانی کورد ) ، خو پررچەك کردنە بەباشترین زانیاری نوی . پیویستە بەکورترین ماوە زیاترین کادری بالا دروست بکەین لەناو خوماندا .

بو نوســەریکی شورشگیردی کورد ، باشــترین ســەرچاوەی شارەزاییو تیگەیشتن : گەلو چینەکانیەتی . کاتی ئەبین بەکادریکی تەواو کە بچینە ناوجەرگەی کومەلەوەو خومان بەقوتابی گەل بزانین . پیویستە لەگەل چینە زوربەکانی کومەلدا ، وەك چینی کریکارو جوتیارو سەرباز ، ماوەیەکی زور دریژ بژینو لەهەمو نەفسیەتیکیان شارەزا ببینو بەدمروونیکی فراوانەوە لەگەلیانا هەلسیو دانیشین . هەروەها پیویستە لەگەل کەسە ناودارەکانو لەناو دەستەو ئەنجومەنە گشتیەکانی تریشدا هەلسوررینو تی‌یان بگەین .

ئەمرو خەلکی هەموی تینوی زانیارین ، لەدار دائەتاشن بو فیربون ، ئەیانەویت پلەی تیگەیشتنیان روژ لەدوای روژو مانگ لەدوای مانگ بەرزتر بینەوە . بەلام هەرچەند ئەگەررین ئەوەندە سەرچاوە نادوزنەوە کە ببیتە هوی بەئامانج گەیشتنیان ، هوی ئەمەش تەنها کەمی کادرە . کەواتە ئیمە ( نوسەرەکان ) هەرچەند هەول بدەین کە خومان تی‌بگەیینو خومان بکەین بە کادر ، مانای ئەوەیە هەولی بەرزکردنەوەو پیشخستنی گەلەکەمان ئەدەین . ئەمەیە فرمانی ئەمرومان کە ئەبی ئاگاداری بین وە هەرکەسیکیش لیی‌لادا مانای ئەوەیە هەلەیەو پیویستە راستکرینەوە .

## نەتەوەی

# کوردو یاسای جمهوریەت

**بەپینوسی : فاتح عبد الکریم**

بی‌گومان نەتەوی کورد ، وەك هــەمو نەتەوەیەکی جبان ، بەبی بەکودو خوبە خو مافی چارەنوسی خوی هەیە ، چونکە نەتەوەی کورد هەمو نیشانەیەکی نەتەوایەتی هەیە ، هەمو دانیشتوانی کوردستان گەورە تیکرا هاوبەشن لــەزمانا ، لەزەوی‌یا ، لە ئابوری‌یا ، لە خوورەوشت‌و گورانی‌و هەلسانو دانیشتن دا . واتە : کورد ئەگەرچی سالەهای سالە پچرپچرەو تائیستا سەربەخوییی و قەوارەیەکی تایبەتی بەخویەوە نەدیوە ، بەلام خواهی‌نــەخواهی نەتەوەی کورد ، وەك هــەمو نەتەوەیەکی تر ، نەتەوەیەو مافی سەربەخوییی‌و چارە نوسی خوی هەیە ، خوی ئەبی شیوەی حوکم بوخوی دابنی ، بەلی ئەمانە راستیەکن کە جیگای گومان نین ، بەلام ئەمرو لەکوردستانا کی شیوەی حوکم دابنی ؟.. گەلی کورد یا ورگ‌زلەکان ؟ جەماهیری کریکار فلاحو کاسبکارو خوینەوارو روشن بیر یا دەرەبەگە خوینمژەکان کە توی‌توی گوشتی لەشە ئەستورەکانیان دزیتی‌یە ، کە کوشکو تەلارەکانیان لەسەر شانی باوکو باپیرمان چوەتە گەشکەشانی فەلەك ؟.. ئەوانە کە نوینەری قازانجی زوربەی میللەتن

یا ئەوانەی کە لەژیر پەردەی پاراستنی مافی نەتەوایەتی بەناوی کوردستانی سەربەخوی روت ئەیانەوی بمانبەنەوە بو دەوری بەردا !

وەلامی ئەم پرسیارانە دەوروپشتی ئـەم مەسئەلەیەمان بو رون ئەکاتـەوە .

روشـنبیرانی کوردسـتان ، پیشـەنگی جولانـەوەی نیشتمانی لەکوردوستان لەسـەرەتای بزوتنەوەی جولانەوەی نیشتمانیو نەتەوایەتیەوە تائیستە لە چوارچیوەی تیکوشانیانا لەپیناوی رزگار کردنی هەموی عراق لەچنگی ئیستعمارو نوکـەرانی کوتاییان نەکردوە لـەداوا کردنی مافی نەتەوایەتیو تی‌گەیاندنی گەلی کوردوستانو وریاکردنەوەی دەربارەی مافی نیشتمانیو نەتەوایەتیو لەمەو دواش هەر کوتایی ناکەن .

بەندیخانەکانی خوارو ژوری عراق ، ژورە انفرادیەکانی باقوبە ، منفاکان . دەشتە چولە کرکەکەی نوگرەسەلمان شایەتن .

تا روژی چواردەی تەموز قوناخی تیکوشانمان ، قوناخی ئازادی نیشتمانی بو ، چونکە ولاتمان بەعەرەبستانو کوردوستانیەوە لەژیر پیی فیلا بو ، پیتو سـامانی ولات هـەموی ئـەچوە گیرفانی احتـکاریە چاوبربرسیەکان . رولەی ولات لیبی بی‌بەش بون ، ولاتمان کرابو بـە ئوردوگای دوشمنە داگیرکەرەکان بی‌جیاوازی لەبەینی خواروژوری ولاتا ، بیروباوەری استعماری چوبوە ناو هـەمو کنو قوژبنیکی نیشتمانەوە ، بیروباوەری نیشتمـانیو نەتەوایەتی یاسـاغ بو ، خامـەی نوسـەرە بەشەرەفەکان زنجیر کرابو ، ئەو تاقمە خەتابارانەی کـە کاربەدەستی

ولاتبون بی‌جیاوازی سزای کوردو عەرەبستان ئەدا ، دەرەبەگی عەرەبو دەرەبەگی کورد ، کاربەدەستی گەورەی عەرەبو کاربەدەستی گەورەی کورد ، سەرمایەداری چاوبرسی کوردو عەرەب ، دزەکانی کوردو عەرەب ، دەستیان خستبوە ناو دەستی یەك بولیدانو چەوسانەوەی فەلاحو کریکارو روشنبیرو نوسەرانی کوردو عەرەب ئەو تاقمە خەتابارانە کە تیکوشەرانی سلیمانیان ئاوارەو دەربەدەر کرد هەر ئەوانەبون کە کریکارانی مینای بەسرەو تیکوشەرانی بەغدای ئەدایە بەر گوللە باران !.. ئەو کوردە نیشتمان فروشانەی کە لەسەر قەبری اتاتورك ئەگریان هەر ئەوانەش بون دوشمنی میللەتی عەرەب ، ئەوانەی کە لاشەکەی شیخ محمودی نەمریان دایە بەر گوللە و بەکرو ئەختەریان کوشت هەر ئەوانەبون قەیسی آلوسیو جعفر جواهریو رئوف دجیلیو نعمان محمد صالحیان کوشت !.. واتە : نیشتمان فروشانی کوردو نیشتمان فروشانی عەرەب تیکرا ئالای دوشمنایەتیان هەلکردبو لەزدی هەمو جولانەوەیەکی نیشتمانیو نەتەوایەتی لەخوارو ژوری عراق بەپشتیوانی امپریالستی بەخوینی ئادەمیزاد چەش . ئەگەرچی بە قانونی استعمار نەتەوەی گەورەتر نەختی روی ئەدریتی و نازی پی‌ئەدری بەچاوی نەتەوەی بچوکتر لەبەر ئەمەش بو کەسزای نەتەوەی کورد دوسەرەبو و لەژیر سایەی ئیمپریالستی بوگەنا زیاتر ئەچەوسینرایەوە . بویە ئەو وەختە پیویستی سەرشانمان ، کوردو عەرەب بەگژا چونی ئیستعمارو لەناوبردنی دەسەو دایەرەو کلکەکانیان بو . . .

لەسەر روشنایی ئەم لیکدانەوەیە شورشی چواردەی تەموز جولانەوە

یەکی ئیجگار گرنگو بەکەلك بو ، یەکەم سەنگەری ئیستعماری تیك‌داو تائیستا گەلی هەنگاوی نیشتمانی ناوە کە جیگای شانازی هەمو گەلی عراقە .

دەرچونی حکومەتەکەمان لە یەکیەتی‌یە ساختە کەی عراقو اردن ، بەهیزکردنی پەیوەندی لەگەل ولاتە عەرەبە ئازادەکانا ، گەرانەوەی پەیوەندی دبلوماسی لەگەل یەکیەتی شورەوی ، قەلای آزادیو ئاسایشو پشتیوانی میللەتانی ژیردەستە . بەستنی پەیوەندی لەگەل چینی میللیو هەمو ولاتە سوشیالیزمەکانا ، بەردانی بەندی‌یە سیاسیەکان ، دانەوەی جنسیە بە دەرکراوەکان ، بانگ‌کردنەوەی پالەوانی کورد دوشمنی ئیمپریالیست و نوکەرانی . تیکوشەری خوشەویست مصطفی بارزانیو هاوری‌کانی بو نیشتمانی نازار ، لەپیش هەمو شتیکا دان‌نان بەمافی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد لەعراقاو بەهاوبەش دانیان لەجمهوریەتا ... ئەمانە هەمو چەن هەنگاویکن نایابو مایەی سوپاسن ..

هیوامان زور بەهیزە کە گەلی هەنگاوی تر بنی وەکو سنوردانان بوملکیەتی زەویو زار ، و زیاتر ماوەدان بە سەربەستی دیموکراسیو سەربەستی نوسینو بلاوکردنەوە کە ئەمانە ئەبن بەهوی ئەوەی میللەتی تینوی ئازادی ، میللەتی برسیو رەشوروت ، گەلی رەنج‌کیش ، خاوەن خامەی خاوین ، خاوەن بیری ئازاد زیاتر هوگری جمهوریەتە خوشەویستەکەی ببی و بەدلوگیان بیپاریزی .

واتە : ئیمەی کورد گەلی ئاواتمان هاتوەتەدی شان‌بەشانی نەتەوەی عەرەب لەژیر سایەی ئەم جمهوریەتە پیروزەدا ، بەلام ئاخو ئیستە

وەختی ئەوەیە کە بەیەکیەتی لەگەل نەتەوەی عەرەب و بەهیز کردنی برایەتی جمهوریەتە خوشەویستەکەمان بپاریزین ، یا ماوەی بەرزبونەوەی بیروباوەری جیایی و دو بەرەکی بدەین ؟! بی گومان ئەمرو روژی پاراستنی ئەم مافانەیە کە لەسایەی ئەم جمهوریەتەدا دەسمان کەوتوە ، ئەویش بە بەهیز کردنی و پشتگیری جمهوریەت . . .

ئیمەی کورد هیشتا زورمان ماوە ، پیویستمان بەسینگ فراوانی و تی کوشانە ئەبی کوردی آزادی عراق چەوساوەکانی کوردی ایرانیان لەبیر نەچی ، سابلاخی خویناوی یان لەبیر نەچی ، ئەو خوینە پاکانەیان هەمیشە لەبەرچاو بی کە نەتەوەی کورد لەریگای ئازادی و سەربەستیار رژاندیان ( خوینی قازی و پیشمەرگەکانی کوردوستانی ( کومەلە ) .

نابی لەیادی بکەین کە کوردەکانی تورکیا بەزور کوردیان لەبیر ئەبەنەوە !. . . بەکومەل لەوولاتی خویانیان دەرئەکەن و تورکەکان ئەخەنە شوینیان !. . . بو لەبیربردنەوەی نیشتمان و زبان !. . . دەمیك نیە کە نیو ملیون کورد لەتورکیادا قەلاچو کران !. . .

ئیمەی کورد لەعراقا ئەبی ببین بەمەشخەل ، بەرابەر ، بەدالدە بو براکوردەکانی ایرانو تورکیا ، هەتا روژی ئازادی بەتەواوی شابالی زیرینی ئەکیشی بەرسەر هەمو کردستانی خوشەویستا . . بی گومان نەتەوەی کورد وەك هەمو نەتەوەیەکی تر ئەبی روژی روناکی خوی ببینی ، چونکە رەوشتی میژو ئەلی : میللەت هەرگیز نامری !. .

ئیمە ئەبی لەم سەرکەوتنە پیروزەی عراق قازانج وەربگرین . .

بەراستی ئەم روژە روژی تاقی کردنەوەیە بویە هەمو روشنبیرکانی

کوردستان بانگ ئەکردین بەگەرمی بو یەکگرتن لەریزی بەرەی نیشتمانی یەکگرتو بو پاراستنی جمهوریەت ، بو لەبیربردنەوەو چاوپوشی کردن لەجیایی بیروباوەری سیاسی ، بو گرتنی ریگایەکی ریکوپیك بو سینگ فراوانی ، بو نەهیشتنی شەرە قسەو لەیەك زیزبون ...

گەلی کورد ، چینی رەنجکیشانی کوردستان ، فلاحی چەوساوە داوا لەپیشەنگی جولانەوەی نیشتمانی ئەکا کە هەمویان یەکبگرن ، بچنە ناو جەرگەیانەوە ، لە ئازارو ئاواتیان بگەن ، ریبەدییان بکەن نەودك بەجەدەلی بیزەنستی خویان خەریك بکەنو هەل لەکیس بدەن ..

هەمو گیروگرفتیکی ناوخوی هیزی نیشتمانی لەریگای رەخنەی راستو دلسوزانە ؛ لەبەرەیەکی نیشتمانی یەکگرتو و لەژیرسایەی سەربەستی دیموکراسیا چار ئەکری ...

دەسا .. ئەی تیکوشەرانی کورد !.. ئەی ئەوانەی کەخوتان بەدلسوزی کوردو دوستی عەرەب ئەدەنە قەلەم ! بو پیشەوە بو لابردنی ناکوکیو کینە ، بو بەهیزکردنی بەرەی نیشتمانی یەك گرتو ، بو جیگیر کردنو پەرە پیدانی سەربەستی دیموکراسی ، بو جیگیر کردنی مافی نەتەوایەتی لەسایەی جمهوریەتا ، بو پشتگیری جمهوریەتە خوشەویستەکەمان .

---

# قوتابیانی کورد لەئەوروپا



لەکومەلەی خویندکارانی کورد لەئەوروپاوە نامـەیەکی تایبەتی بو ئەمگوڤارە هاتوە کە بریتیە لە بەیانی کوتایی کونگرەی سیهەم لەگەل گەلیك زانیاری گشتیدا لەبارەی ئیشو کاری کومەلەی ناوبراو و جولانەوەیانەوە . ئیمەش دوای وەرگیرانی وا ئەیخەینە پیش‌چاوی خویندەوارانی کوردستان .

« هیوا »

## بەیانی کوتایی کونگرەی سیهەمی
## کومەلەی خویندکارانی کورد لەئەوروپا

کونگرەی سیهەمی کومەلەی خویندکارانی کورد لەئەوروپا کە لە میونیخ ــ جەرمانیا بەمیژوی ٤ ــ ٨ آب ١٩٥٨ بەستراوە . لەبەیانە کوتاییەکەیدا ئەمانە بلاو ئەکاتەوە :

١ ــ تەئیدیکی تەواو بو پیشەوایەتی عیراقی ساوا وە لەهەلهاتنی ئەو ئەستیرەیەدا گورریکی بەکار بەسەر ئیمپریالیستو کلکەکانی لەهەرە بەهیزترین کوشكو قەلاکانی روژهەلاتی ناوەراستیاندا ئەبینی ، وە هەنگاویکی قارەمانانەیە بو سەربەخویی هەمو گەلانی ئەو ناوچە بەهەستە لەگیتیدا وە هەروەها بو هینانە دی ئومیدو ئامانجیان ، بو ئاسایش‌و ئازادی نیشتمانی وە دیموکراسی بو گەلی کوردمان ، ئەوەی کە ئیمپریالیست

وه کونەپەرستی ناوخو ولاتەکەی دابەش کرد وە لەهەمو جورە مافیکی میللەتی بی‌بەشی کرد .

٢ ــ پیشاندانی ناپەسندایەتیەکی بەکول بەرامبەر بە شەرفروشتیو هیرشەکەی ئەنگلو ــ ئەمریکی بو سەر لبنانو ئەردەن . ئەو هیرشەی کە بەیاری پی‌کردنیكو دەست لیدانیکی ئاشکرای مبادئی لیژنەی ولاتە یەکگرتوە کان ئەژمیریت ، هەروەها خوتیکەلکردنیکی درره لەکارو باری ناوخوی ئەو ولاتانە ، وە کونگرە داوای کشانەوەی هەمو هیزو نیروە شەرفروشەکان دەست بەجی ئەکات .

٣ ــ ناپەسندکردنی بو هەمو پەیمانیکی شەرفروشەری بەتایبەتی پەیمانی بەغا کە ئامانجی ئەوەیە مانەوەی سولتەی ئیمپریالیست لــە روژهەلاتی ناوەراستدا وە هەروەها کوسپ بەرخستنی سەربەخویی‌و ئازادی گەلانی ئەو ناوچەیە لەوانەشدا گەلی کوردیش .

٤ ــ هەلگرتنی ــ مبدەئی ــ مافی بریاردانی دوایی ــ بو هــەمو گەلیکی ژیرچنگی ئیمپریالیستو کلکەکانی لەوانەشدا گــەلی کورد . بەتایبەتی ئەو پارچانەی ولاتەکەی بەزور بەتورکیاو ئیرانەوە بەستراوە .

٥ ــ وەرگرتنی هەمو بریارەکانی گونگرەی یەکەمی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا کە لەڤینا ــ جەرمانیا بەمیژوی ١٠ ــ ١٦ آب ١٩٥٦؛ بەسترا .

٦ ــ تەئیــدکردنو ویللاشایەتی لــەگەل هەمو جوولانــەوەیەکی خویندکاراوی نیشتمانی‌و جیهانی‌و جولانەوەی خویندکاراویەکەی ئیمەش بەشیکە لەوانو لیی جیا نابیتەوە .

**کونگرەی سیهەمی کومەلەی خویندکارانی**

**کورد لەئەوروپا . اب ١٩٥٨ .**

◎ بلاوكراوەیەكی یەك لە دووای یەك دەرئەكا بە ناوی ( كوردستان )ەوە تا ئیستا دوو ژمارەی دەرچووە وە بە ریكوپیكی بەم زمانانە دەرئەچیت : ئینگلیزی ، فەرەنسی ، ئەلەمانی ، كوردی « بە تیپی لاتینی » .

◎ كومەل لقی هەیە لە ئینگلترە وە ئەلەمانیا و سویسرەو نەمسەو فەرەنسەدا .

◎ كومەل سی كونگرەی گرتووە دوایان كونگرەی سییەم بو كە لە مونیخ ـ ئەلەمانیا لە ٤ ـ ٨ ئابی ١٩٥٨ دا گیرا وە ئەم كورتەی كردەوەكانی ئەو كردەوانەیە كە لیژنەی ئیداری پاش كونگرەی سییەم بەجی ی ئەهینی .

◎ كونگرە بە دوكتور كامەرانی سپارد ( كە ماموستای زمانی كوردی یە لە دانشگای پاریس ) كە فەرهەنگیكی كوردی ـ توركی وەتوركی ـ كوردی بە تیپی لاتینی بنووسیت ، وە شایانی باسە كە دوكتور نووسینو چاپی فەرهەنگی كوردی ـ فەرەنسی وە فەرەنسی ـ كوردی بە ٦٠ هەزار ووشە تەواو ئەكات هەروەها دوكتور كامەران بریاری دا ( لەسەر ئاموژگاری كونگرەی سی یەم ) كە دەست بكات بە نووسینی ری زمانی كوردی كە بە توركی لیك بدریتەوە وە كومەل كری ی چاپی ئەدات .

◎ كونگرە تەلگورافیكی پالپشتی نارد بو سەرەكی وەزیرانی جمهوریەتی عیراق ئەلی : ــ

پیروزبایی شورشە میللیە بوزرگەگەتان ئەكەینو پالپشتی هەنگاوەكانتان ئەكەین لە پیناوی ئازادیو بەختیاری عیراقدا بە گەلی عەرەبو كوردەوە .

## كومەلی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا لە چەند دیریکا

«« آب ١٩٥٨ ئەوروپا »»

◎ ئەم کومـــەلە لە ( ١٦ )ی ئابی ١٩٥٨ پیك هات پاش کونگرەی یەکەم لە ئەلەمانیا کە لە ئابی ١٩٥٦ گیرا .

◎ ئەم کومەلە بری‌تیە لە هەموو قوتابیانی کورد کە لە دانشگاکانی ئەوروپادا ئەخوینن ( ئینگلترە ، ئەلەمانیا ، سویسرا ، نەمسا ، فەرەنسا ) .

◎ ئەم کومەلە ئەندامی شەرەفی هەیە لەو کەسە کوردە ناودارانەی کە گورجو گولییان هـــەیە لە پیناوی مەسەلەی کوردا ( لـــە سوریا ، فەرەنسا ، ئیران .

◎ کومەل پەیوەندی هـــەیە بەو زاناو ماموستاو روژهەلاتناسە بیگانانەوە کە لە میژوی کوردو زمانی کورد وورد ئەبنەوە لە ( فەرەنسا وسویدو یەکیەتی سوڤیەتیدا ) .

◎ کومەل پەیوەندی هەیە بە قوتابیانی کوردەوە لە ئەمەریکادا .

◎ کومەل هەول ئەدات بو پەیوەند پەیداکردن لە نیوانی قوتابیانی کوردا وە بو پیکهینانی یاریدەی مادی ئالوگور لە نیوانیاندا وە هەروا هەول ئەدات بو پەرەپیدانی خویندەواری نیشتمانی کوردی وە هەول بو چاکەی گەلی کوردو مەسەلە نیشتمانیەکەی ئەدات لە ریگای پەیوەندی بەستنەوە بـــە ریکخراوەکانی قوتابیانو ریکخراوەی تری نیشتمانیو جیهانی وە بـــەچوونە ناو کونگرەو بلاوکردنەوەی ووتار لە روژنامـــەو گوڤارەکانی روژئاوادا وە بە ووتەی دریژ خویندنەوە .

● ليژنەی ئیداری ( لە ریگەی سەرەکەیەوە ) نامەیەکی نارد بو سکرتیری گشتی دەستگای نەتەوە یەك گرتوەکان دەربارەی مەسەلەی کورد ، ئەمەش لە ١٣ ئابی ١٩٥٨ دا .

● لیژنەی ئیداری نامەیەکی سوپاسی نارد بو کاربەدەستانی جمهوریەتی یەك گرتووی عەرەب بو کردنەوەی ئیستگەی کوردی لە قاهیرە وە وینەی نیرا بو هەندی روژنامەی میسریو بو « صوت العرب » .

● بریاری دەرکردنی گوڤاری (( کوردستان ))ی دا بە زمانی ئەلەمانیو ئینگلیزو فەرەنسیو کوردی .

● پەیرەوی ناو خوی کومەل ریکخرایەوە بە جوریك کە توانای ئیش کردن زیاد ببی وە ماوەی فراوانتر بدات بە گورجوگولی .

● بەیانیکی دەرکرد بە شەش شت وە لەویدا پال‌پشتی تەواوی دەرخست بو جمهوریەتی عیراقو نارەزایی دەرخست بو دەست دریژی ئینگلیزو ئەمریکا لە لوبنانو ئەردەنا وە داوای کشانەوەی کتوپری هیزە دەست دریژ کەرەکانی کردو پەستی نیشان دا بەرامبەر پەیمانە دەست دریژ کەرەکانو وە باوەری خوی دەرخست بە پەسند کردنی باوەری (( هەقی بریار دانی ئەنجام ، بو هەموو گەلان ( بە گەلی کوردی ئیمەوە ) وە دلنیایی پەسند کردنی بریارەکانی کونگرەی یەکەمی کردو پال پشتی خوی دەرخست بو جولانەوەکانی قوتابیان .

● کونگرە بانگی ریکخراوە کوردیو پیاوە نیشتمانیە کوردەکانی عیراقی کرد لە خاوەنانی جورەها بیری سیاسی بو گرتنی کونگرەیەکی گشتی بو باس کردنی کاری کوردان لە عیراقدا وە پیشنیاریکی دا بە جمهوریەتی

عیراق بو تەگبیرو ریگەدان بو باش بونی ژیانی ئابوریو خویندەواریو میللی کورد لە عیراقدا .

● کونگرە بانگی گەلی کوردی کرد لە کوردستاندا بو گرتنی کونگرەیەک باسی ژیانی سیاسی کوردستانی تیدا بکری لەگەل تەنگوچەلەمەکانی ریگای کوردو چارەی پیویست دانری بو مەسەلەی کورد ، وە داوای لە کوردان کرد کە یەک بگرنو خویان لە ناکوکی دورخەنەوە .

● لیژنەی ئیداری نامەیەکی سوپاسی نارد بو قوتابیە کوردەکانی دانشگاکانی میسر لە وەلامی تەلگورانی پیروز باییاندا .

● لیژنەی ئیداری نامەیەکی نارد بو لیژنەی بەرزی یەکیەتی قوتابیانی گشتی عیراق لە وەلامی ئەونامەی بلاوەدا کە یەکیەتی ناوبراو ناردبوویو پالپشتی تەواوی خوی دەرخست بەرامبەر بە ئامانجەکانی یەکیەتی وە ئامادەیی دەرخست بو هاوکاریو یاریدەدان بو پیکهینانی ئەنجامی هاوسبیان وە زوربە گرتنی پیروزبایی دوستی نیوانی گەلی کوردو عەرەبی کرد .

● لیژنەی ئیداری چەند نامەیەکی نارد لە وەلامی ئەو نامەو تەلگرافانەدا کە لە کاتی بەستنی کونگرەدا بو کونگرە هات لە چەند ولاتەوە یان لەو برا کوردەو قوتابیە کوردانەوە کە کوسپ کەوتە ریگەی هاتنە کونگرەیانەوە .

● لیژنەی ئیداری نامەیەکی نارد بو یەکیەتی قوتابیانی جیهان وە داوای لی کرد کە بە ئەندامیکی رەسمی دانین لەو یەکیەتیەدا چونکە پەیرەوی ناو خوی کومەل لە پیشوودا ریگای ئەوە نەبوو کە ببیتە ئەندامی ئەو یەکیەتیە .

● لیژنەی ئیداری نامەیەکی سوپاسی نارد بو یەکیەتی سوڤیەت لەبەر سەرپەرشتیو گوی دانە ئەو گەلی کوردەی والە ئەرمینیاو ئازربیجانو جورجیا وە داوای کردنەوەی ئیستگەیەکی کوردی تازە کردوەی چونکە ئیستا تەنیا ئیستگەیەکی خومالی هەیە .

● **لیژنەی ئیداری لەسەر ئاموژگاری کونگرە لیژنەیەکی وەرگیرانی پیکهینا بو ئامادەکردنی ووتار بەسی زمانە روژئاوەییەکە بو ئاسان کردنی دەرچونی گوڤارەکە .**

● لیژنەی ئیداری چەند وینەیەکی دوابەیاننامەکەی کونگرەی نارد بو روژنامە عەرەبیو کوردیەکانی عیراق وە وینەی نارد بو هەندی روژنامەی سوریا بو گوڤاری قوتابیانی جیهان .

**ئاب ١٩٥٨**

**ئەوروپا**

**کومەلی قوتابیانی کورد لە ئەوروپادا**

ژمارە :
B. 70

میژو : ١٢ ئابی ١٩٥٨

مستر . د . هامر شولد سکرتیری گشتی

خاوەن بەرزیتی : ــ

دەستگای گشتی ریکخراوەی نەتەوە یەك گرتووەکان ئەمرو بە شیوەیەکی تایبەتی کو ئەبیتەوە بو باسی تەنگوچەلەمەکانی روژهەلاتی ناوەراست .

**مەسەلەیەك هەیە کە زور بەدەگمەن ( وە بە شیوەیەکی هەملی )**

« بروانە لاپەرە ٩٤ »

# ریگای هیند

نوسینی نوسەری میسری بەناوبانگ ( محمود امین العالم ) . لەو گوڤارەوە وەرگیراوە کە روژنامەی ( الجمهوریە )ی میسری بەتایبەتی سەبارەت بە هیندوستان دەری کردوە ...

وەرگیر : محمدی مەلا کریم

لەتەشرینی دوهەمی ١٩٤٩ دا ماوتسی‌تون دوابەدوای سەر کەوتنی شورشەکەی چین ؛ نامەیەکی نارد بو حیزبی شیوعی‌ی هیند ، لەنامەکەیا وتی : ا روژی ئەبی کە هیندی ئازادبوو بیتە دنیاوە ـ وەك چون چینی ئازادبوو هاتە دنیاوە ـ ئەندامیك بی لەخیزانی ولاتە سوشـیالیزم‌و دیموکراتی‌یە میللی‌یەکانا . لەو روژەدا قوناغی ئیمپریالیزم دوایی دی لەمیژوی ئادەمی‌زادا .

ئەگەر ئەم پیشەکی خەبەردانەی ماوتسی‌تون بەراس دەرچی ؛ خەباتی میللەتی هیند گرنگ‌ترین‌و گەورەترین روو داوەکانی ئەم سالانەی داهاتوی میژوی جیهان ئەبی .

سەردرای ئەوەش ، هیند لەسەری ئەو ولاتانەوەیە کە لە باری ئابوری‌یەوە دواکەوتون‌و ، چەند سالیکە سەربەخویی خویان دەسگیربوە ، ئەم تەجروبەیەی کە هیند خەریکیەتی بو لەناوبردنی ئەم دواکەوتویی‌یەو

بو دانانی ئابوری سەر بەخویی خوی ، تەجروبەیەکی کومەلایەتیو سیاسی ئیجگار گرنگە بو گەلی لەو ولاتانەی کە بەهەمان تەجروبەدا تی ئەپەرن .

ولاتی هینـــد ماوەیەکی دورو دریژ لـــەژیر باری ئیمپریالیزمی ئینگلیزیدا نالاندی ، ئـــەو ئیمپریالیزمەی کـــە لەسالی ( ١٦٠٠ )دوە دەسیکرد بەداگیرکردنی خاکی هیندو ، ئیستاش هیشتا ریشەی نیشانەو پەنجەکانی زور قولە . لەم ماوە دورو دریژەدا ئیمپریالیزمی ئینگلیزی توانی گەلی سەری دواکەوتنی کومەلی هیند لەناوبەری ـ وەك مارکس بەراستی سرنجی لەمەداوە لەباسە بەنرخەکەیا کەسەبارەت بەهینـــد نوسیویە ـ بەلام ئیمپریالزمی ئینگلیزی سودی لەشورشی کومەلایەتی هیند وەرگرت بو هینانەدی تەماعو چلیسیی خوی . لەم ماوە دریژەی داگیرکرانی هیندا لـــەلایەن بەریتانیاوە ، چینیکی دەرەبەگو چینیکی سەرمایەداری گەوردو تاقمیکی قورخکەر ( احتکاری )ی بەتەواوی قازانج لەگەل ئیمپریالیزم تیکەلاو پیگەیشت . ئەمە بەپیچەوانەی ئەوەبو کە لەچینا رویدا ، ئەوەبو لە چینا ئیمپریالیزم پەلی نەها ویشتە ناوەوەی کومەلی چینەوە ، بەلکو تەنها ئیمپریالیزمیکی داگیرکەر ، یاخود لەشارەکانی گویی دەلیـــادا جیگرتو بو ، لەبەرئەوە نەیتوانی چینیکی بورجوازی گەورەی خاوەن پەیوەندی قول لەناو کومەلی چینا پیبگەیەنی ، هەرئەـ وەندەبو چینیکی لەدەلالەکانی پارەی شانبەشانی دەرەبەگەکان پیگەیاند ، لەبەر ئەمە شورشی چین لەبنچنەوە لەزدی داگیرکردنی ئیمپریالیستیو تویژەرانی ئەو چینی دەلالانەبو کەوا قازانجیان لەگەل هی ئیمپریالیزم تیکەلبو ، زیاد لەوەش کەزدی کونەپەرستیی دەرەبەگی بو ، بویەش

بەناچاری ئەوشورشە شیوەی شورشی چەکداری‌وەر گرت .

بەلام لەهیندا وەزع وانەبو ، بەپیچەوانەی ئەمەوە بو ، بورجوازی گەورەی هینــد پــەل هاویشتوبو ، قازانجی قولو ریشە داکوتاوبو ، دەسەلاتی رویشتوبو بەسەر کومەلانی خەلکا ، ئیمپریالیزمی ئینگلیزیش بەپەنجە چلیسەکانی نیوچەوانی ئابوری هیندی گرتبو .

کەهیند لەسالی ( ١٩٥٠ )دا سەربەخویی خوی دەسگیر بو ، ئەم سەربەخویی‌یە لی‌پرسینەوەیەکی قورسی خستە ئەستوی گەلی هیندو پارتە نیشتمان‌پــەوەرو دیموکراتی‌و پیشکەوتودکانی ، بوتــەواوکردنی سەربەخویی‌یەکەی‌و بەهیزکردنی‌و بەرەوپیش بردنی .

لەم‌کاتەدا هیند چەند ریگایەکی لەپیشەوەبو ..

گەلی تیکوشــەری هیند کە بەهــەزاران قوربانی‌دا ئەنجا توانی سەربەخویی خوی دەس‌بخا ، رازی نەئەبو ولاتەکەی وەك جاران بازاری بەرهەمی ولاتە ئیمپریالیستی‌یەکان بی‌و ، سەرچاوەی مەوادی سەرەتایی‌و خواردەمەنی بی کەئیمپریالیزمی ئینگلیز لەسەری بلەوەری و لی‌ی هەلگوزی ، هیندیش خوی لەراستی‌یا ولاتیکی نیوە موستەعمەرەو نیوە دەرەبەگی بی .

وەزعی تازەی گیتیش ریگای بورجوازیەتی گەورەی هیندو تاقمە قورخ‌کەرەکەی نەئەدا کە ریگای تەقلیدی گورانی ولاتە سەرمایەداری‌یەکان بگرنەبەر ، تا زیاتر بەریگای قورخ‌کردنا برون‌و زیاتر بنوسین بەئیحتیکاری ئیمپریالیستی‌ی جیهانی‌یەوەو شوینی‌بکەون .

لەژیر سیبەری تی‌گەیشتنی پی‌گەیشتوی میللەت‌و زروفی تازەی

دەولەتانیشا ، ئەم ریگا ریگای راستی گورانو پیشکەوتنی کومەلانی دواکەوتو نەبو .

میللەتی هیند چاوی بریبوە پاککردنەوەی دەردبەگیو دابەشکردنی زەویوزار بەسەر جوتیارە هەژارە نەدارا کانا ، چاوی بریبوە یاسەیەکی کومەلایەتی بەرەوپیش رویشتو کەئیشو ژیانیکی مەردانەی بومسوگەر بکا ، گەلی هیند گەلی تەجروبەی کومەلایەتیی سەرکەوتوی لەدەوروپشتی ولاتەکەی خویا ئەدی ، شورشیکی میللی لەچینا لەسەر سنوری ولاتەکەیەوە سەرکەوتبو ، وە دەسیکردبو بەریشەکیشکردنی دەرەبەگی لەو خاکەداو شورشی نیشتمانیو دیموکراتی خوی بەرەو دوایی هینان ئەبردو ، ریگای خوشئەکرد بودانانی کومەلیکی سوشیالیزم .

لەناوجەرگەی کومەلی هیندا گەلی ریکخراوی دیموکراتی دەرکەوتبو ئامانجەکانی گـەلو سودی تاقمـە کومە لایەتییە جوی جوی کانیان بەئاشکرا دەرئـەبری ، جگە لـە حیزبی شیوعیو حیزبی ئیشتیراکی کەپروگرامیکیان دانابو بو دانانی سوشیالیزم لەهیندا ، هەرچەند کە دیاریکردنی پەیرە و دارشتنی ئامانجەکانیان جیاوازبو ، حیزبی مونتەمەر خویشی کە تەعبیری لە سودی بەشیکی زور لە بورژوازیگەورە ئەدایەوە . سوشیالیزمی کردبو بەیەکی لەئامانجە پیشەکییەکانی .

پاش دانانی جمهوریەتی هیندیش ئەم ئامانجە لە قالبیکی پر لە دودلیو پیچو پەنادا ، دائەریژرا ، تا لەبریاریکی مونتەمەری نیشتمانی هیندا کە لە ( ١٩٥٥ ) دا لەئەمادیا بەسرا ، شیوەی دوایی خوی وەرگرتو لەم قەوارەی خوارەوەدا ، داریژرا : ( ئیشکردن بودانانی نمونەیەکی

سوشیالیزم بوکومەلی هیند ) .

مەبەس لـەم نمونـە سوشیالیزمی‌یە ، ئەو سوشیالیزمە نـەبو کەدیکتاتوریەتی پرولیتاریا لەیەکیەتی سوڤیەتا دای‌مەزراند ، ئەوەش نەبو کەدیکتاتوریەتی گەل لە چین ، یان دیموکراسی میللی لەئەوروپای روژەلاتا دای ئەنین ، بەلکو نمونەیەکی تایبەتی بو ، هەندی لەوینەرانی بورژوازی گەورەی هیند ــ وە لەسەری هەمویانەوە ( بیرلا ) ــ سوربون لەسەر ئەوە کەئەم نمونە تایبەتی‌یە وا مانا لی‌بدەنەوە کە لەسەر شیوەی نمونەی ئینگلیزو ئەمەریکایە ، واتە دەس‌کیشانی دەولەت بەسەر پروژەکانی هینانە بەرهەما ، بەلام راستەکەی ئەم نمونەی هیندە لەکروکەکەیا جیاوازە لەشیوەی ئینگلیزو ئەمەریکا ، چونکە شیوەی ئەوان لەبنچینەدا سوشیالیزمی نیە ، چونکە تەنها تەعبیر لەدەس‌گرتنی ئیحتیکاری ئینگلیزی‌و ئەمەریکی ئەداتەوە بەسەر مەکینەی دەولەتا ، وە لەبەریوەبردنی بو خزمەتی مەسلەحەتیان لەچەوساندنەوەدا ، کەچی لەهیندا مەسەلەکە بەتەواوی بەپیچەوانەی ئەمەوەیە .

لەگەل‌ئەمەشا ئەم‌نمونەی هیندە سوشیالیزم نیە بەپی‌ی مـەعنا عەمەلی‌یە راستەکەی ، بەلام هەرچون‌بی نمونەیەکی پیشکەوتوە ، وردە وردە کومەلی هیند رزگار ئەکا لەدەسەلاتی ئیمپریالیزم‌و ، ئابوری نیشتمانی ئەپاریزی‌و ، سەربەخویی سیاسی بە هیزئەکا .

لەژیر سیبەری زروفی ئیستای بەینی ولاتاناو لەئەنجامی سوروشتی کومەلایەتی هیندا ، ئەم شیوەیە بنچینەی گورانی ئاشتی ئامیزی کومەلی

هیند بو کومەلیکی دیموکراتی نوی – دائەنیو ، ریگا بو سوشیالیزمی راست تەختئەکا .

ئەم نمونەی هینده لەسەربنچینەی ئەوه دامەزراوه کەدەولەت دەس بگری بەسەر پروژه گەورەکانا بەتایبەتی بەسەر پیشەسازی‌یا ، وه رەنگیکی باش بریژی بو هینانەبەرهەم و پاشماوەی دەرەبەگی‌ی کشتوکال پاك بکاتەوەو پیشەسازی‌یەکی قورس دابنی‌و سامان بەریکوپیکی‌و دادگەرانە دابەش بکاو ورده ورده لەماوەی ده سالیکا بی‌ئیشی نەهیلی .

دیاره بەهەلەدائەچین ئەگەربیتو ئەم هەمو پروژانە کەدەولەت بەریوەیان ئەباو چاودیری یان ئەکاو بەپارچەیەکی رەسمی ئابوری هیند ئەژمیررین ، بەهەلەدا ئەچین بەپروژەی سوشیالیزمی‌یان بدەینە قەلەم ، بەلام لەهەمانکاتا تەواویش جوی‌یە لەدەس‌گرتنی ئیحتیکاراتی ئینگلیزو ئەمەریکا بەسەر مەکینەی دەولەتا .

چونکە ئیحتیکاری دەولەت لەهیندو لەهەمو ولاتە پاشکەوتوەکانا تیکرا ، یارمەتی لەناوبردنی دەسەلاتی ئیستیعمارو پاك کردنەوەی پالپشتە ئابوری‌یەکانی ئەدا ، وەسودی بو بەهیزکردنی سەربەخویی و زیادکردنی ئابوری میللی ئەبی ، جا لەبەرئەمە ، وەکو وتمان ، هەنگاویکی پیشکەوتوه ، ئابوری‌ی میللی بەرەو بەهیزکردنی سەرمایەداری ئیحتیکاری نابات ، بەلکو روبەروی ئەم ری‌رەوه ئەوەستی ، وەبە پی‌ی ئارەزوی ملیونەها لەرولەکانی گەلی ئیشکەر ورده ورده کومەل و بەرهەم بەرەورەنگ رشتنی سوشیالیزمی راست ئەبا .

ئەمەتە ئەو ریگایە کە هیند بوخوی هەلبژارد ، ئەو ریگایەی کـە لەسایەی سەری ئەوو ، ئەو هیزە نیشتمانیو دیموکراتیو پیشکەوتوانەوە کەلەناو کومەلی هیندا پیئەگەن ، باری کومەلایەتیو دیموکراتی هیند بەرەو باشی ئەگوریو سەربەخوییی بەهیز ئەکا .

بەلام ئەم سیاسەتە دامەزرینـــەرە ناوخوییيە کەهیند بو خوی هەلبژاردوە ، قــەت لەوانە نەبو سەر کــەوی ئەگــەر سیاســەتیکی تیگەیشتوانەش لــەکاروباری دەرەوەدا کــەلەم ئامانجە نیشتمانیانەوە هەلقولی ــ پشتیوانی نەکردایە ، سیاسەتیکی وا کەدامەزرابی لە سەر بنچینەی ئاشتیو بەئاشتی پیکەوە ژیانو یارمەتی یەکتریدانی بەسود لەبەینی دەولەتانی جیهانا هەمویان ، ئیتر یاسای کومەلایەتیو سیاسی یان هەرچونبی .

ئەوەش بویە چونکە بورجوازی گەورەو تاقمەئیحتیکاری‌یەکانی ، هیندیان بەریگایەکی پرلە مەترسی‌یا لی‌ئەخوری ، ئەیانویست بیبەستن بەپیچکەی فیت نانەوەی ئیمپریالیستی‌یەوە کــەئیمپریالزمی ئینگلیزو ئەمەریکا سازی‌ئەکەن ، بەلام پاش قوناغیکی‌پر لەدودلی کە لە ( ١٩٥١ )ەوە تا ( ١٩٥٤ ) دریژەی کیشا ، سیاسەتی دەرەوەی هیند لایەکی ببرای ببری تازەی کردەوە . ئەم لاکردنەوە لەئەنجامی دەرکەوتنی پیلانەکانی ئینگلیزو ئەمەریکاوە بو لەروژەلاتی دوراو لەئەنجامی ئەوەدا کە رویانکردە دانانی پەیمانی روژەلاتی ئاسیاو هەولیاندا خویانبخەنەجەنگەکەی هیندی چینەوەو ، لەئەنجامی ئەو پەیمانە سوپایی یەدا کەئەمەریکاو پاکستان لەسالی ( ١٩٥٤ )دا بەستیان ، جگە لە تەوژمی میللەتی هیند خویو

وریایی سەرکردەیی‌یە پیشکەوتوەکەی . هیند دەرزیکی وای لەجەنگەکەی کوریا وەرگرتبو ، کەپیشسان لایەنگری‌کرد ؛ هەرگیز لەبیری نەچیتەوە .

لەوانەیە بتوانین تووی ئەم وەرگەڕانەی سیاسەتی دەرەوەی هیندە بگیرینەوە بوئەو نامەی کە نەهرو لە ١٣ی تەموزی ( ١٩٥٠ )دا ناردی بو ستالین ، سەبارەت بەهەولدان بو نەتەنینەوەی ئاگری جەنگی کوریاو بو هەولدان بو چارکردنی ئەو ناکوکی‌یە بەئاشتی .

بەلام راستت ئەوی وەرگەرانی یەکجاری لەکونفەرانسەکەی کولومبوە دەسی‌پی‌کرد ، کە هیند بانگی‌کرد لەمیانی ئەوو پاکستان‌و سیلان‌و بورماو ئەندەنوسیادا ببەسری . لەگەل‌ئەوەشا کەپاکستان‌و سیلان لەم کونفەرانسەدا باریکی کونەپەرستانەیان گرت ، بەلام کونفەرانسەکە بەوە دوایی‌هات کەچەند بریاریکی بەسودی دەرکرد نارەزایی تیادەربری لە خوتی‌هەلقورتاندنی سوپایی‌و بلاویان‌کردەوە کەئاشتی بەرنادەن‌و ؛ داوایان‌کرد کە سەربەخویی گەلی فیتنام دەسی بو نەبری ،

لەئوکتوبەری ( ١٩٥٥ )دا شوئین‌لای لەپەکینا وتی . باشیشی وت ؛ وتی : بەئاشتی پیکەوە ژیانی ئەو دەولەتانەی کەیاسایان جیاوازە ، وەنەبی تەنها شتیکی میللی‌بیی‌و بەس ، بەلکو بوەبە باوەری ملیونەها لەمیللەتانی ئاشتی‌خوار ، هەروا بوەبە راستیکی روداو لەپەیوەندی بەینی دەولەتانا .

ئیستا لە ژیر سیبەری ئاشتی جیهانا ، هیند بەو ریگادا ئەروا کە بوخوی هەلبژاردوە ، سەربەخویی خوی تەواو ئەکاو ئەی‌پاریزی ،

ئابوری‌ی میللی خوی بەهیزئەکاو بەرەوپیشی ئەبا . لەناو کومەلی هیند خویشیا هەمو هیزە نیشتمانی‌و پیشکەو توەکان پشتی یەك‌ئەگرن‌و هەمو هیزەکانی نیشتمان‌یەروەرو سوشیالیزمی جیهانیش پشتیان ئەگرن ، تانیشتمانی مەزنی هیند وردە وردە ، وە لەریگای ئاشتی‌یەوە بەریگای خوش‌گوزەرانی و پیشکەوتن‌و سوشیالیزما بەرن .

ئەوە ئەوریگەیە کەرادەیەك بوئیمپریالیزم دائەنی .. نەك تەنها لەهیندا ، بەلکو لەهــەمو جیهــانا ، هــەروەك ماوتسی‌تون پیشەکی خەبەری‌دابو .

سلاو بو خەباتی گەلی مەزنی هیند لەپیناوی ئاشتی‌و دیموکراسی‌و سوشیالیزما .

---



**نامەیەك بو**

**قارەمانی**

**رزگارکەر :**

# عبدالکریم قاسم

**کەمال غەمبار**

هەستی بەسوز کلپەی دەروون
بیروباوەرری پاكو دوون

هانم ئەدا بیمە ووتار
دەربررم هەستم بەیەکجار

دەس‌دەمە خامە بونوسین
نوسینی نامەیێك ، شیرین

نامەی دلسوزی نامەی هەست
هەوین‌و سەرچاوەی مەبەست

نامەی کوردیك بەدل ، بەگیان
قوچی قوربانی نیشتمان

بو ررولەی ئازادی ژیان
« عبد الکریم » ی پالەوان

لەپیشا سلاویك بەتین
هی رولەی باوەرر ئاسنین

سلاویك ، سلاوی کوردان
سلاوی شیرانی مەیدان

سلاوی راستی پەروەران
هی نەبەزو کول نەدەران

ناسکتر لەشنەی شەمال
گەش‌تر لەخەنینی مندال

گەش‌تر لەشەونمی بەهار
لەئاسویی ئالی نازدار

بو تو ئەی ررولەی ئازادی
ئەی هوی بەختیاری‌و شادی

بی‌گومان بە میللەتی کورد
گشت لەرریتە درشت‌و ورد

لەکانگەی دلیا دلسوزە
بو ئەم رژیمە پیروزە

تاتنوکیك خوین ، خوینی گەش
مابی لەلەش ئەیکەم پیشکەش

لەپیناو شورشی مەزن   بو سەربەرزی ، بو سەرکەوتن
گەلی نەبەزی کوردستان   بەدل ، بەگیان بەبیوەستان
ئەمرو کە گلپەی ئاگرە   تیکوشانی سرو مرە
نەهەرەشە نە پەلامار   هەرگیز ، هەرکیز لیی ناکا کار
قسەی دوژمن نایشیوینی   لەخەباتا نای وەستینی
هەردەم ئالای نەگورانە   تیکوشانە دلیرانە
ئەی « عبد الكريم » ی ئاسن   ئەی تیکدەری قەلای دوژمن
ئەی بیرو باوەرو ئاسنین   قارەمانی نەبەزی ژین
دلنیابە ئەی تیکوشەر   توی شیری نەرر ، توی رزگارکەر
بیری بەرزو هەستی گیانت   کانی هوشو سوز ، ویژدانت
هانیدای بەجوش بیو بەتاو   بیوەی گیانت بیتە پیش چاو
هەلسای بەم شورشە بەرزە   استعمارت خستە لەرزە
ویستت رەگی ستەمکاری   دەربکیشی بەیەکجاری
تا دوژمن وولات جی بیلی   چیتر ورگمان نەشیلی
چیتر لیدان ، سیدارەو پەت   نەبیتە خوراکی میللەت
نیشتمانی جوان ، شوخو شەنگ   نەبیتە بنکەو کانگەی جەنگ
ئەم بەرو بومو سامانە   بەتەینا نەیخوا بیگانە
نەوتی نرخداری وەتەن   نەرواتە واشنتەن ، لندەن
جا روولەیێك وەك تو وابی   رەنجبەری گولی هیوا بی
چون لەمیژووی سەرکەوتنا   لە کاروانی پیشکەوتنا
ناوی نانوسریت بەزیرین   هەروەکو مەردی سەرزەمین

بەهوی راپەررینیك ئەوتو     كەرروی نەداوە تائەمرو
ئەو كارەی شایانی باسە     تامردن ... گ ... باسە
ئاچون دروست نەكریت پەیكە،     پەیكەریك لەزیرو گەوهەر
لەشوینی ( مود )ی داگیرسەر     شوینی ناپاكی جانەوەر
شوینی یەكەم ناپاكی گەل     كەپەیكەری كرا پەل پەل
پەیكەریكت لەبو كری     بە گولالە دەورە بدری
ببیە نیشانەی رزگاری     رەمزی خوشیو بەختیاری
لەگشت كەناری ولاتا     لەروژ ئاواو روژ هەلاتا
لەخوارو ژوور ، لەشارو دی     زەنگی ئازادی دەنگی بی
كوردو عرەب بەشانازی     پیكەوە بین بەپیشوازی
وەك برای یەكتر پربەدل     پیشكەشت كەن چەپكەییك گول
گولی بەرزی خوشەویستی     گولی یەكیەتی . سەربەستی
هەردوك پیكەوە شانبەشان     باوین هەنگاوی تیكوشان
لەرزی رژیمی جەمهوری     بو هارینی گلكی نوری
بو چەسپانی بنكەی راستی     بونەمانی ژینی پەستی

---

**گوڤاری هیوا**

**ئەم گوڤارە لەپوستەخانەدا تومار كراوە بەژمارەی ٤٩**

# گەڕانەوەی قارەمانەکان بو سلیمانی

لەژمارەی پیشودا دوورودریژ باسی هاتنەوەی قارەمانە راستە قینەکانی گەلمان کرد ، کە چون لەبەغدادەوە گەیشتبوونەوە سلیمانی وەچییان بوکراو چون پیشوازی کران . ئیستاش وینەی ئەوگفتوگویەتان ئەخەینە پیش‌چاو کە پەیمام‌نیری ئەم گوقارە ماموستا فاضل لەگەل هاوری بەهادین‌و گوران‌و عمردا کردبوی :

**هاوری بەهادین**

**ـ هاوری تەمەنت چەندە ؟**

✻ سی‌و یەك سال .

**ـ چون ؟ وەکەی خراینە بەندیخانەوەو ئەبوایە چەندی تیا بماینتانەوە ؟.**

✻ ۱۳ی نیسانی ۱۹۵۳ لەبغداد گیرام . پیش گرتنم ، غیابی حکم درابووم بە ( ۷ ) سال ، لەکاتی ئەو عرفیەدا کە ئەئەنجامی راپەرینی ۱۹۵۲ دا دانرا . کەگیرام درام بە محکمەی عرفی . ویستیان من‌و سیانی‌تر بکەن بەسیدارەدا بەلام بەرهەلستی‌و احتجاجی ناوەوەو دەرەوەی عراق بەرامبەر بەحکومەت رزگاری کردین لەخنکانن . حکم دراین بە حەبسی ئەبەدی ــ ۲۰ سال ــ . وە ئەو ماوەیەی لەبەندی‌خانەدا بوم دە دەعوای تازەمان بو ریك‌خرا ، هەر بو یەکیان سالیك بەندی‌و سالیك مراقبەی

**پولیس** حکم درام . ئەگەر هەمو حوکمەکەم تەواو بکردایە سەرەتای **سالی ١٩٧٢** لەبەندیخانە دەرئەچووم .

**– چونت رائەبوارد لەبەندیخانەدا ؟.**

* پینج سال‌و چەند مانگیك لەبەندیخانەدا مامـــەوە ، ئەو ماوەیە **هەموی لەژیر** سزاو ئازاردانا بووین ، وەکاتی **واهەبو ئەوپەڕی** سزا **ئەدراین** ، بەتایبەتی ئەو دووسالەی کە **لەبەندیخانەی بعقوبەدا** رامان **ئەبوارد** زور ئازاردراین . وەئیستا **ریگەم نیە بەدورودریژی بوت** باس‌کەم **کە بەندە سیاسیەکان** چون **وەچەند** ئازار **دران** ، **بەتایبەتی لەبەندیخانەی بعقوبەدا** ( ئەمە جگە لەوەی کە دوجار زیاتر کوشتاریان تیاکراو نزیکەی ( ٢٠ ) کەسیان شهید **کران**‌و سەدان بریندار **کران** ) . هیوا دارم ئەو **برادەرانەی** بەچاوی **خویان** ئەو هەمو **ئازاردانەیان** دیوە ، هـــەمویان **هاوبەشی** بکەن لەباس‌و نوسینی ژیانی بەندە سیاسیەکان کە چون بون **لەکاتی** حوکمی نوکەرانی ئیستعماری بوگەندا .

**– تیبینیت بەرامبەر بەم شورشە چیە ؟**


* ئەم شورشـــە شورشیکی پیشکەوتوە ، شورشیکی بورجوازی **دیموکراتیە** ، شورشیکی نیشتمانی ئازاد خواهیە ، واتا شورشیکە هەستا **بەروی** ئیستعمارو دەرەبەگ‌و بورجوازی بیروکراتی‌و هەمو نوکەرانی **بیگانە**‌و **دوژمنانی** میللەتدا . مرحلەی ئیمە ئەمەبو وە ئەمەیە . ئیمە ، **ئەگەل** هەمو چینە پیشکەوتوەکانی گەلی عیراقدا ،لەگەل هەمو ئازادخواهانی **عیراقدا** ، دەمیك بوو شان‌بەشان تی‌ئەکوشاین بو هانینەدی ئەم شورشە ،

بو بڕینی ئەم مەرحەلەیە . بەهاوتایی‌و تیکوشانی هەموان ، بەیاریدەری ئازادخواهانی عەرەب‌و هەمو جیهان ، سوپای قارەمانمان لەچواردەی گەلاویژدا راپەڕی‌و حوکمی استعماری‌و دەرەبەگی روخان . هەنگاویکی زور گەورەمان نا بوپیشەوە ، وەئیستا گرنگی ئامانجی هەرەگەورەمان ، لەم ماوەیەدا ، ئەوەیە کە ئەم حوکمە جمهوریەمان بچەسپینین ، کە دەستکەوتنی ئەم شورشە سەرکەوتوەمان بپاریزین ، بەدروستگردن‌و بەهیزکردنی سوپای مقاومەی میللی ، وە بە پاککردنەوەی دامودەزگای حکومەت لەدزو گوناهبارو نوکەرانی ئیستعمار ، وە بەریشەدەرهینانی دەرەبەگە تاوان بارەکان کەنوری سعید نوینەرو سەرکردەیان بو ، وە بەهانینەدی ئاواتو ئامانجو ژیانیکی باش بو کارکەرو جوتیارو هەمو رەنجکیشان ، وەبەتایبەتی هانینەدی ئاواتی فەلاحەکان کە لەزەوی‌وزار بی‌بەش بوون ، بەدابەشکردنی زەوی ئەمیری‌و زەوی هەمو دەرەبەگە تاوانبارەکان ، وەبە چەسپاندنی سیاسەتی حیادی ایجابی‌و بەهیزکردنی پەیوەندی عیراق لەگەل هەمو دەولەتە سەربەست‌و ئاشتی خوازەکاندا ، وەبەتایبەتی لەگەل یەکیتی سوڤیتدا ، وەبە هانینەدی یەکگرتنیکی فیدرالی لەگەل یەمەن‌و جمهوریەتی عربی یەکگرتودا .

ئەم شورشەمان شورشیکی میللیە بەهەمو مانای وشە ، شورڕشیکی پیروزە ، زور بەوردی‌و بەهونەرەوە ریکخرا ، وەپیشانی‌دا کە ئازادخواهانی عیراق کەلکیان لەتەجروبە رابوردوەکان دیوە . عیراق قەلایەکی ئیستعماری انگلیزی . امریکی‌بو ، بەسترابو بە پەیمانی بەغداو پەیمانی نیسان‌و مبدأی ایزنهاورو اتفاقیەتی ئەمنی متبادلەوە ، بو بو بەمەرکەزی جیاوازی‌و

تاکوکی‌یەکی زور قول . لەبەرئـەوە رزگار کردنی لـەچنگ ئیستعما زەحمەت بو ، وەئەگەر بەجورە نەبوایە لافاوی خوینی تیا هەلئەستا .

**ــ هەستت چیـە بەرامبەر خوشی گەل کـە بەهەزاران هاتبون بەپیر تانـەوە ؟**



* زور زور شانازی بەو بەپیرەوە هاتنەوەیەوە ئەکـەم ، وەهای ئەژمیرم کە تەقـدیرە بو تیکوشانی میللەتی عیراق و میللەتی کورد وە بوپیشرەوی چینی کارکەرانی عیراق ، ئەو پیشرەوەی کە ئیمە لەژیر ئالایدا تیکو شاوین و تی ئەکوشین .

**ــ موهیمەی میللەتی کورد چیە ئەمرو ؟**

* موهیمەی میللەتی کورد ، لەم کاتەدا ، ئەوەیە کە شان بەشانی عەرەبەکان کوشش بکات بو پاراستن و چەسپاندنی جمهوریەتەکەمان وە بوهانینـە دی ئامانجـەکانی تری میللەتی عراق ، وە بو هانینەدی و

جی‌بەجی‌کردنی ئـەو مادەیەی کـە دەستوری وەقتی دان بەمافی کوردا ئەنیت ، وەبو سەربەستی‌و کامەرانی میللەتی کوردو کوردستان لەگەل عیراقدا . ئیمە ئەمانەویت کەبرایەتی کوردو عەرەب ، لەسەر بناغەیەکی پتەو دارریژریت ، وەکورردەکان وریابن لەهەمو هەول‌و پیلانی ئیستعمارو نوکەرانی لەکوردستاندا ، وەدیسان عەرەبەکان مافی کوردەکان بخەنــە بەرچاویان وە هەر هەنگاویك بوپیشەوە چون بەشی کوردستانیشی تیابیت .

## ماموستا گوران

ـ ماموستا تەمەنت چەندە ؟

* تەمەنم پەنجاو چوار سالە .

**ـ چون ؟ وەکەی خرایتە بەندیخانەوەو ئەبوایە چەندی تیا بمایتاتەوە ؟**

* یەکەم‌جار لەسەر تیکوشانی ئاشتی خوازی دووسال وە جاری دووەم بەونەی پەلپی سوابقەوە ٣ سال حکم درام لەسالی ١٩٥٦ دا .

**ـ چونت رائەبوارد لەزینداندا ؟**


* لەزینداندا بەشی زوری حکم بەارهاب‌و ئازاردان رام بواردوە ـ بەهەردوو حوکمەکەم نزیکەی ٧٠ روژ مانگرتنی ناوبەناوم بوە . دریژتر مانگرتن ٢٤ روژ وەکورتترین یەك روژ بوە . ٣ جار کاروان‌و زنجیرو ریاضەم دیوە . جاریك بو ٢٤ سەعات هەلواسراوم ، وەبەشی زور تەمەنی زیندانم بەنقل‌و سوق رابواردوە لەم زیندان بو ئەو . زیندانی سلیمانی ـ کرکوك ـ بغداد ـ کوت ـ بعقوبە ـ نقرەسلمانم دیوە .

**ـ تیبینیت بەرامبەر بەم شورشە چیە ؟**

※ شورشی گەلی نەبەزی عیراق شتێکە کەلەتاریکترین رۆژانی ژیانما باوەرم پتەوبوە پێی . بەلام لەرۆژەکانی پێش چواردەی تەموزدا کاتی شورشم بەدوور ئەهاتە پێش‌چاو . لەبەیانی ١٤ تموزدا لەپر کەبانگی بۆی جمهوریتم بەرگوی کەوت ، باوەرم بەهەستی خوم نەئەکرد ، لەپێشا وەکو حەپەساوم لی‌هات . دوایی کەتەواو بوم ساغ بوەوە وەك کاریز بتەقی شادمانی لەکانی دلما دەستی کرد بەهەلقولین . بەلام تا ٣ رۆژیش هەر چەن بەیانیان لەخەو هەلـەسام یەکـەم بیر کەبەمێشکما تی‌ئەپەری خەم‌خواری سەرئەنجامی جەمهوریەت بو « توبلیی کارەساتی ناهەموار رووی نەدابی ؟ » دوایی هەتاهات ئاگادارتر بوم لەوەضعی ولات وە هەنگاوە جوانەکانی گەل‌و سەرکردە پالەوانەکان بوی روون کردمەوە کە بزوتنەوە لەجەرگەی گەلی نەبەزی عیراق دەرچووە بەکوردو عەرەبەوە ، وە جلەوی کاروبار بەدەست لایەنی لی‌هاتو شارەزاوەیە وە پشتیوانمان لەخەباتی رزگاریدا لە ئیمپرالیزم‌و کونەپەرستیدا پشتیوانیکی گەورەی بەهیزی نەبەزی دلسوزی گەلان‌و ئاشتی جهانە .

**ــ هەستت چیـە بەرامبـەر خوشی گەل کە بەهـەزاران هاتبون بەپیرتانـەوە ؟**

※ لەلایەن هاوشارییە دلسوزەکەمان‌و لەلایەن نیشتمان پەروەرە ئازادی خواهانی شاری کەرکوك‌و سلیمانیەوە پیرەوەهاتنیك کراین کە هەرگیز لەبیر ناچیتەوە . من بەش بەحالی خوم ئەو ئەندازە ستایشـە بەهی خوم نازانم . من تەنیا رەمزیکی بی‌روالەتی خەبات‌و نەبەزینی گەل



بوم . گەل خوی کە بەنمایشی دلسوزانەی خوی خەبات‌و کول نەدانی خوی پیشانی دنیای تازەی جەمهورییەتی خوشە ویستمان ئەدا .

**هاووری عومەر**

**ـ هاووری تەمەنت چەندە ؟**

❋ تەمەنم نزیکەی ( ٣٤ ) سالە .

**ـ چون؟ وەکەی خرایتە بەندیخانەوەو ئەبوایە چەندی تیا بمایتایەتەوە؟**

❋ لەپاش گرتنم لەبەغدا ، لەسەرەتای سالی ١٩٤٩ دا وە ئازاردان لە تەحقیقات براین بو ژورە تاریکەکانی ئەبو غریب‌و لە دوومانگ زیاتری تیامانینەوە ، وە لەپاش محاکمەیەکی صوری نهینی بی ماوەدان بەقسەکردن ( ١٠ ) سال بەندی‌و ( ٣ ) سال مراقەبەیان حوکم دام وە ناردمیان بو بیاباناتی « نقرة سلمان » وە لەماوەی بەندیما چوارجار حوکمیان زیاد کردم هەتا حوکمەکەم بو بە ( ١٣ ) سال‌و ( ١٠ ) مانگ . لەچواردەی تەموزداو

لەپیش کەمکردنی حوکمی هەمو بەندەکان بەپێنج یەك لە ( ٣ ) سال زیاترم مابو . بەلام لەپیش دەرچوونما نزیکەی پینج مانگم مابو .

**ـ چونت رائەبوارد لەبەندیخانەدا ؟**

※ هەروەکو هەمو دیلیکی تر : بەئازارو ئیشەوە رام ئەبوارد . وە لەهەمو ئازارو ئیشی گرانترو بەتینتر دوریمانبو لەتیکوشانەوە لەگەل تیکوشەرەکانی میللەت لەناو جەرگەی میللەتدا .

**ـ تیبینیت بەرامبەر بەم شورشە چیە ؟**

※ شورشی هەموانە . شورشی هەمو چینە نیشتمان پەروەرەکانە بەعەرەبو کوردوە . وە جەمهورییەتیکی نیشتمانی هیناوەتە بەرهەم . پیویستە بیوچان هەول بدەین و تیبکوشین بو پیك هینانی هەمو ئامانجە موشتەرەکەکانی چینەکانی میللەت وە بەتایبەتی سەربەستی دیموکراتی . بیئەوەی مافی میللەتی کورد ون بکری . وەنەهیلین هیچ هیزیكو هیچ کەسیك لەدەرەوەی عیراقو لەناوەوەیدا لەرریی راستی دەر بچیت .

**ـ هەستت چیە بەرامبەر خوشی گەل کــە بەهەزاران هاتبون بە پیرتانــەوە ؟**

※ من کە یەکیکم لەگەلو لەو دەهەزارانەی کە هاتبون بەپیرمانەوە وائەزانم کە خوشی هەمو هەستە بە چەشتنی سەرەتای تیکوشانی هەمو میللەت . وە بەپیرهاتنمانەوە ، نەك هەر بەپیرهاتنی ئەو هیزە پیشرەوە نەبەزەی عیراقە کە بەدەها قارەمانانی چوتە سەر سیدارەو کوژراون بەگوللەی دوژمن وە بەسەدەها رولەی وەك ئیمەی پیشکەش کردوە بو بەندیخانە لەریی ئامانجی میللەتا ، بەلکو بەپیرهاتنی ئامانجەکانی میللەتە کەهــەمو هیزە نیشتمان پــەروەرەکانی تریش بەعــەرەبو کوردەوە تیکوشاونو تیئەکوشن لەریگایا .

# نامەیەك بو بەهەشت

چەمچەماڵ : محمد نوری توفیق

برام كاك غەمبار (١)

هەتاكوو ئیستا چەندجاریك هاتومەتە سەر ئەوەی كە جارجار نامەیەكت بو بنووسم بوئەوەی یادی روژانی رابوردوو مانی پی تازە بكەمەوە بەپیی تواناش دەنگ‌وباسی ئەم وولاتە دواكەوتووەی خومانت بو بنووسم ، بەلام ئەوی راستی بی هەرچەندم ئەكرد نەم ئەتوانی بەپیچەوانەی ئەو فەرمانە برروم كە میری پیویستی كردبوو لەسەرمان ئەو فرمانەش ئەوەبوو ( كە نامەناردن قەدەغەیە بو بەهەشت ) لەبەرئەوە منیش ئەو ئاواتەم خستبووە لاپەررە كرژەكانی دلمەوە ، تاكوو ئەمرو توانیم كە بیخەمە سەر ئەم پارچە كاغزەو بوتی دەربردم . بویە ئەمرو توانیم كە ئەم نامەیەت بو بنووسم چونكە مژدە بی ئەمرو ئەو زنجیرەمان پچرران كەچەن ساڵە كرابووە ملی گەورەو بچووكی ئەم نیشتمانەمانەوە بەم روژەدا رەگ‌و ریشەی ئەو خوین مژانەمان دەرهینا كە ساڵەهای ساڵ‌بوو ئەم عیراقەی ئیمە بەدەسیانەوە ئەتلایەوە . ئەمرو

---

**(١) غەمبار ئەو گەنجە نیشتمان پەروەرەبوو كە لەبەندیخانەی مەركەزی لەبەغدا پوولیسی نوری سەعید دەس‌ریژی لی‌كردن لەگەل چەن هاوریەكیا بوونە قوچی قوربانی لەروژی ١٩ تموزی ساڵی ١٩٥٣ .**

تیشکی ئازادی بەسەر هەموو خاکی نیشتمانە خوشەویستەکەمانەوە گزنگیدا وەو پرشنگی هاویشتووە لەبەرئەوە برام ئەم جەژنەی کە جەژنی ئازادیەو جەژنی کوردو عەرەبە ئەم جەژنەی کە لەدەمیکەوە ئەم دوو گەلە خەباتی بو ئەکەنو بەهەزاران گەنجی وەکوو توی جوانەمەرگ لەرییا بوونەتە قوچی قوربانی وا لەروژی ١٤ تەمووزی پیروز کەروژیکی هەتا بلیی پیروزو بەنرخە لەمیژووی ولاتە کەمانا والەو روژەدا سوپای نەبەزی عیراق گەلی عیراق لەو خەوە قورسە راپەرران کە بەدریژی ٣٠ سالیك زیاترە گرتبووی بەری نەئەدا لە ١٤ تەمووزدا توانی کە رەگو ریشەی ئەو کەسانە لەبن دەرکا کە چەن سالیکە کەوتبوونە رووتکردنەوەی ئەم گەلەبەسەزمانەمانو عیراقی خوشەویستیان وا لیکردبوو کە لەکوردستانیەوە تا عەرەبستانیو لەروژهەلاتەوە تاکوو روژ ئاوا هەموویان کردبوو بەبەندیخانەیەکی گەورەو خویشیان بەو گورگیتیە بوبونە یاساولی ئەو بەندیخانەیەی کە وایان ئەزانی هیچ هیزیك نیـە بیروخینیت . چونکە وایان ئەزانی کە گەلی عیراق ناگاتە ئەو روژەی کە بەنجەبکات بەچاویاناو مافی خوی لی دەربکات .

دەبرام مژدەبیت ئەو ئاواتە پیروزەی کە توو هاوری بەشەرەفەکانت لەرییا سەرتان نایەوە ئەمرو هاتنە دیو ئەو خوین خورانەی کە بەخوینی گەل تینویتیان ئەشکان لە ١٤ تەمووزا گەل رقی خوی پیان رشتو ئەو چەپەلانەی کە ئەم وولاتەیان ئەفروشت بە بیگانەکان هەموویان وەکوو سەگ کەخویشیان هەر سەگبوون پەتیان کرایە ملو رولەکانی گـەل دەسیان کرد بەراکیشانی تەرمـەکانیان بەسـەر شەتامـەکانی بەغای

تیکوشەرا . دەمژدەبی ئیتر کە گەلی عیراق بەکوردو عەرەبەوە کەوتنە جەژنی ئازادیو سەربەستی‌یەوە . روژی ئازادی ئەم دوو گەلەیە کــە سالەهای سالە سنگیان کردبووە سپیر بو قوزتنەوەی کوللە پیسەکانی ناپیاوەکان ، روژی ئەم دووگەلەیە کە لەدەمیکەوە قوربانی بە رولەکانیان ئەدەن بو لەناوبردنی ئەو گورگانەی کە دەمیان نابوە لەشی ئیمەوە ، دەبا ئیمە لیرەوەو ئیوەیش لەشوینی خوتانەوە پرربەدەم هاوارکەین کەبژی گەلی عیراق بەکوردو عەرەبەوە . بژی جمهوریەتی عیراقی خوشەویست . بژی قارەماناتی نەبەز .

ئیتر ســلاوی بونخوشمان پیشکەش بەهــەموو ئازادی‌خواهانی بەهەشت ئەکەین و مژدەیان ئەدەینی کە هــەرگیزاو هــەرگیر ماوونو نەمردوونو ناویان لەلاپەرەی میژودا بەدیرری ئالتوون نووسراونەتەوە .

هەتا نامەیەکی تر بەخوات ئەسپیرم .

چەمچەمال : محمد نوری توفیق

بو ئاگاداری

ئــەم گوڤارە ئامادەیە بوبلاوکردنەوەی هــەموجورە اعــلانیکی میریو پرروپاگــانتەی بازرگــانی .



# هونراوەی جوانە

« هیمن »

ئەی فریشتەی هونراوەی جوان
خوای هونەرو بیری رەوان
بررو بوناو ناخی هەستم
هەستی ئیستەی شادو مەستم
بومهەلینجە وشەی تەزیو
وشەی بەورشەی وەکو زیو
لەو وشانەی تاکو ئیستا
لەناو « بین »دا رائەوەستا
بررو و بومبینە بەلیشاو
لەگەل « تالی » ئەگریجەی خاو
ئەیهونمەوە دەنك دەنك

بو ملوانکەی ، ملی : ناسك . .
هی قەشەنگی کە « دوینی »ی رەش
بەرامبەر من گرتیە باوەش
وتی ( نەزان ، هەژار ، منال
کوا سامانت ؟ تا « چاوی کال . .
لەجیاتی کل بو : ناز ، شەرم
پیی برریژی پیلووی نەرم
تو و گەردنی وەکو بلوور
هەیهوو !! هەلەیتو گەلی دوور

× × ×

ئەمەوی ئەمررو کەسامان . .

بوته قوربانی نیشتمان
هەلسمو توزی بزەی تەرر
بزەی روشن وەکو گەوهەر
بنیمه سەر لیوی گەشم
تین بدەمه بازووی لەشم
روەو کوشکی بەرزو رازاو
ئەوەی بەئیسکو بەخویناو
دائەرریژرا چین لەسەر چین
ئەبو بەپوشووی رقو قین
بروم بروم تا دوا نهوم
بولای گیانو لای دلی خوم
بولای شوخی بەدیل گیراو
کەلەپچەی زیرر لەدەس کراو
برومو پی‌ی بلیم : گیانه ..
بزەم مژدەی کولنەدانه
رەنگی سوورم قولپی خوینه
قولپی خەندەی داخ رەوینه
بینای چاوم ئازادیم دی
تەمی پەستی شادی بردی
ئەوەی دوینی توی لەمن سەن
ئیستا ئەلی : هاوار ، پیوەن !!

پیوەنی قورس گیرایه پیم
ریگەنادات هەنگاو بنیم
بچمەوه ناو کوشکو تەلار
ناو باخەلی یاری نازدار
هەزاران بوم بەچوکا بین
تی‌یان بەربم بەشەق بەجوین
یەکی نەبی پیم‌بلی لەل ....
ئیوارانیش کە خوری کەل
دواگزنگی ونبوو لەچاو ،
ئیتر میزی شەراب رازاو ..
تا نیوەشەو سەمای ئافرەت
زررەی پیاله ، تەکانو رەت !!
ئاخ زنجیری ژەنگاوی کون
ئیستا هەموی قوربانی تون !!

× × ×

بەلی گیانه خوشەویستم
ئیستاکه ئەمبینی مەستم
بەیادی کون یادی جاران
هاتوم بولای توی بەسەزمان
ئەزانم خونچەبوی هیشتا
نەریتی کون دای بەپشتا

پیریکی قەلتەی چەماوە
مژی ئەو کولە خویناوە
نەفرمیسکی زورو بەخورز
نەسکالاو هەنسکی پرد
کاری نەکرد وەکو دراو
دراوی زور هەموی گلاو
بەلام وا شورشی مەزن
نەوانی بارەگای دوژمن
ئەو دوژمنەی هانی ئەدا
توی نازەنین لەمن بکا
گلینەی چاوی هاتە ئیش
بوو بەخەلووز بەخولەمیش
جا وامنیش بو مژدانە
ملوانکەیەك لەم وشانە
وشەی ئاگرین ، خویناوی
هونیمەوەو بوم هیناوی
چونکە دیاری ئیمە گیانە
نەئالتونەو نەسامانە
هونراوەی دەرونو هەستە
چرای ژینە ، چەکی دەستە

دەفەرموو هەلسە بابڕووین
بیکەین بەسرووودو بلیین :
گەلی لەخەو راپەڕری بی
پەلاسی کونی دڕری بی
چەکی جەنگی قوربانی بی
سوپای بەرگەی یەکسانی بی
ئەو گەلە ئەبی سامانی
تەنها بو خوی بی بەجوانی
ئەبی بژیو کامەران بی
دوور لەدیلیو لەزیان بی
کچی جوانی جوانتر لەگول
بەرامبەر خوشەویستی دل
ئەبی سەربەستو میهرەبان
رابوەستی ، دوور لەگریان
دوور لەزوورەی زیررو دراو
زورو ستەم ، پیلانو داو
هەستو دەروون چونی بوی
بوی بیتە دی ، بوی ریکەوی

× × ×

ئەی فریشتەی هونراوەی جوان

ئەروم بولای ئارامی گیان
ئەروم و پێی ئەلیم : ئوخەی
روژمان هەلات فەرمو سادەی
فەرمو بابرروین ئەی قەشەنگ
بیکەین بەشایی و بەئاهەنگ
ئەمررو جەژنی منو تویە
کوستی زورداری و درویە
ئەمررو ئازادین منو تو
فەرمو پیشم کەوەو بررو
من گورانیەك ئەزانم
توش لەگەلما بلی « خانم ! » :
نازەنینی وەکو گول بی
ئەبی جیگەی پوپی چل بی

ئەبی تەلار بوی بنەوی
بەسەر زیررا سەربکەوی
ئەبی شان و مل و گەردن
پووزی سپی و قولی اخرین
گونای سوورو کولمی نەرم
سنگ و ناوباخەلی گەرم
ئەبی پیشکەش لاوی کری
بونیشتمان کەلکی گری
لاوی بی هیمن و هوشیار
خوشەویستی شوخی نازدار
تاکو ژیان بەختیاری بی
پیش زەماوەن .. دلداری بی
« هیمن »

---

## وینــەو نوسین

تکا لە نوسەرە بەریزەکانمان ئەکەین کە لەمەودوا لەگــەل نوسینەکانیاندا وینەیەکی فتوغرافی خویانمان بوبنیری تاکو پیکەوە بلاویان بکەینەوە .

# دەربارەی ئەدەبی راستەقینەی نوێ

## بابەت و روخسارەکانی ئەدەب

«لەگوڤاری تیگەیشتنی تازەوە»

لیرەدا پرسیاریك ئەکەین ئایا توانای بوونی ئەدەب چیە ؟ بی گومان دەربرینی هونەرمەندی بەووتە ری روون ئەکاتەوە بو ئەوانەی پسپوریان هەیە لە ئەدەبا وە ئەم زانستیە پەردە لائەبا لە سەر زانیاری سەرمایە ــ داری کە بەرەو نەمان ئەروا وورد وورد .

بو وەلام دانەوەی ئەم پرسیارە لە پیشا پیویستیمان بە خستنەروو وسنوور دانانە بو بابەتی ئەدەب بە کورتی .

بەرهەمی ئەدەبی چیە ؟ وە ئایا کەی ئەم بەرهەمە ئەبی بە پارچەیەك لە ئەدەب ؟ یان کەی لی‌ی جیا ئەبیتەوە ؟ وورد ترین پی‌ناسیین لیرەدا نا تەواوی پیشان ئەدا . چونکە کوری ئەدەب فراوانە وەلقی زورە . دیار نیە و بی سنوورە ، لە بەر ئەوە لە سەرمانە کە هیچ جورە پیناسیینیکی کشتی پیش نەخەین . وە ئیمە لیرەدا کە ئەگەریین بەدووای پیناسیینی ئەدەبا لەبەر ئاسان کردن وخستنە روویەتی . وە لیرەدا ئەمانەوی کە بلیین کە پیویستیمان بە بیر نەکردنەوەیە لە لیکدانەوەو پیناسینی بە شیوەیەکی ئاسان وە نە بەهینانە دی بە شیوەیەکی میکانیکی .

بابەتی ئــەدەب بریتیە لــە دەربرینی ژیانی مروڤ بە ووتەیەکی ئەنجامدەر .

هەموو جورە بەرهەمیکی ئەدەبی خستنەرووی ژیانە بەریگەیەکی تایبەتی ، وە بە شیوەیەکی تایبەتی بەلام شیوەی تایبەتی ئەدەب ئیجگار زورە وە نمونەی ئەو شیوانە یا هونراوە یا چیروکە ، یا چیروکی سەرشانویە وە ئەمەش بەگویرەی روخساری ژیانی ئەو کەسە ئەگوری کە نووسەر ئەیەوی بیخاتە بەرچاو ، یاخود بە گویرەی ئەو سەدەیەیە کە نووسەر حەز بە دەرخستنی ئەکا ، لە بەر ئەم هویە ئــەم دەرخستنە ئەشیویت تا سنووریك ، بەلام هەر چونیك بیت ئەم بەرهەمە ئەدەبیە ژیانی مروڤایەتی دەرئەخا ، بو نمونە باسی دیمەنیکی سروشتی بریتیە لە بوونیکی مروڤایەتی یەکی کاریگەر ، سروشت دەرخراوەو دەرئەخری لە ناو جەرگــەی هەستیکی مروڤایەتیەوە ، کەواتا لیرەدا ئەتوانیین بلیین کە نیوانی باسی ئەدەبیو باسی جوغرافی لە بوونی شیوەدایە .

دەربرینی باوەر بەرامبەر بە بیروباوەری آیینی و فەلسەفیو زانستی و سیاسی ( پیتوری ) ئەبی بە ئەدەب ئەگەر هاتوو شیوەی تیابوو . وە نیوانی دەرخستنی .

ئەدەبی و موسیقاو هەموو جورە هونەریکی بلاستیکی ئەوەیە کە ئەدەب بە هوی زمانەوە دیتەدی . زمانیك کــە ئامانجی خستنەروی خوواستە وە کە شیوە بوو یا بەراستی کە دەرخستنیکی هونەرمەندی بوو بەهوی زمانەوە ئەوسا ئەبیتە ئەدەبیکی راستەقینە . ئەدەب بیروباوەر

پیش کەش ئەکا وە نووسەری لی‌هاتو جیاوازی لە گەل نووسەرەکانی تر ئەوەیە کە ئەزانی چون گرنگترین وناسك ترین تاقی‌کردنەوە هەلبژیری ، وە ئەتوانی جیاوازی نیوانی ئەوو ئەوانی تر بە نرخی ئەو بیرو باوەرەی بکەی کە هەلی ئەبژیری و دوروستی ئەکا ، وە هەر کاتیك ئەم بیروباوەرە بوو بە دیمەنیك ئەم دیمەنە هیزیك ئەدا بەم بیروباوەرە لە ناوەروکەکەیدا ، وە نرخیکی مروڤایەتی پر هەست ئەبەخشی کە بە زمان پیك دیت .

گوړری کردەوەی هونەر مەندی ئەوەندەی کە لەو رووداوەدایە کە بە دەرخستنیکی تایبەتی دەرئەکەوی ئەوەندەش لە هیزی ئەو رووداوەدایە کە هەلئەبژیرری ، وە ئەو رووداوە هیچ کاتیك لە ئەدەب ناچیت ئەگەر بە شیوەیەکی هونەرمەندی نەبیت .

کەواتا روخساری راستەقینەی ئـەدەب چیە ؟ یەکیەتی نیوانی دەروونو وڕیمەنەیە ( المضمون والشكل ) بەم جورە ئەچیتە کوری ئەدەبـــەوە .

میژوی ئەدەب نەمیژوی بیروباوەرە وە نە میژوی فەلسەفەیە وە نە میژوی ئایین و ریگا کومەلایەتیەکانە ، بەلکو میژویەکی ئەدەبیە کە لە شیرازەی بیروباوەر دوواندا تیپەر ناکات ـ « فەلسەفی بیت یان نا » ـ وە ئەو هەستانەی کە ناخریتە بەر چاومان لەگەل پەیوەندی‌یەکی بـــە هیزدا نەبیت لەگەل شیوەی مەبەس دەربریندا . کەواتە میژوی ئەدەب یەکیتیەکە لە نیوانی دەروونو شیوەدا میژوی دەروونە لە پەیوەندیا لەگەل ئەو شیوەیەدا کە پیویستیتی یا هیناویەتەدی .

ئەدەب زور بـــە ووردیو ژیری هـــەول ئەدات بو سنوور دانانو خستنەروی یاساکانی بەرەوپیشچوونی خوی ، وە ئەمـــەش شتیکە توانای هینانەدی هەیە هـــەروەك توانای هینانەدی‌ی سنوور بودانانوو ئاشکرا کردنی یاساکانی بەرەوپیش چونی کومەل هەبوو .

ئیمە پی بە ئازادیو لەخووە ئیش کردن دا ئەنیین لە درووست کردنی هونەرمەندیدا وە ئەمە بە هیچ جوریك لەگەل بوونی هوو شوینوکاتی تایبەتیدا لە یەك نادات . وە نرخی بلیمەتیش کەم ناکاتەوە . وە ئەدەبی راستەقینەی نوی پیاوە بلیمەتەکان لە جیگای شایان بەخویاندا دائەنی وە رووی بلیمەتی‌یان دەرئەخات نەك « بوچی بلیمەت بوون » ؟.

بوچی کورنی نەك کابرایەکی تر « السید ــ سنیور »ی دانەنا ؟ ئەمە باسیکی تایبەتی‌یە وە « بلیخانوف » لی‌ی ئەدوی . وەراست ئەوەیە کە چەند هویەکی تەنیایی کار ئەکەنە سەر « پیك هینانی هونەر » کە ریگا نادات بە دەرخستنیکی میکانیکی و ئاسان کەر .

وە ئەمە بەتەنیا کوسپیك نیە لە ریگەی ئەدەبدا . چونکە بەرهەمی ئەدەبی گری‌ی زور دیتە ریگە . وەلە کاتی لی دووانی بەرهەمیکی ئەدەبیدا نابی گوی بدریتە ئەو شتانەی بوونە هوی پیك هینانی وەك گوی ئەدریتە شیوەکانی تری چوار چیوەی ژووروو کە زور کار ئەکەنە سەر ئەدەب وە هەروەها زانینی کومەلەی گەنجینەی نەتەوایەتی‌و نیشتمانی ، کە نووسەر باسەکانی خویو شیوەی ئەو مەبەس دەرخستنانەی لیوە ئەزانی کە بە جوری تازە دەریان ئەخـــات وەکردەوەیەکی وا بو کوکردنەوەی

زانیاری دەربارەی نووسەریك لەیەکیکەوە بو یەکیکی تر ئەگورریت . هەروەك جیهانی ئەدەب ئەبی ئەوشتە لە یەك نەچووە زورانە دەربخات کەئەدەبی تیدا دیتە بەرهەم . ئەبی شارەزاییەکی ووردوو فراوانی هەبی لە باسەکەی خویدا . وە ئەو مەیدانە پانوو پوررەی خوی زور باش بناسی کە ئەتوانی تیکەل بوونوو کارکردنە سەریەکی نیوانی دەروونوو وینەی تیدا دەربخات . وە دوواشت ، ئەبی لیکولینەوەی زانستگەری ئەدەب لەسەر بنچینەی جەنگی نیوانی چینەکانی کومەل ( الصراع الطبقی ) بیتەروو . ئەدەب ئەبیتە بەشیك لە میژوو ، وە راستییەکی کومەلایەتیە کە لە سروشتی پەیوەندی نیوانی نووسەروو خەلکی دیار ئەکات .

**لەگوڤاری (( الثقافة الجدیدة )) وە وەرگیراوە**

---

### نیگاری دەستکرد

**داوا لەنیگارکیش ( رسام )ە بەریزەکانمان ئەکەین کە لەمەودوا بەرهەمی دەستە رەنگینەکانیانمان پیشکەش بکەن تاکو ئیمەش پیشکەش بە خویندەوارانی بکەین . وە ئیمە بو هەمو نیگاریکی پەسندو سەرکەوتو خەلاتمان ئامادە کردوە .**

# چاردەی گەلاویژ

**شام ــ قەدری جان**

گــەلاویژ ،
شەڤین تاری چراند ..
پەردین رەش دراند ..
چاردەی گەلاویژ
ئەی چژنا پیروز ...
مرنا خوین میژ ؛
ماری ئاڤا دوز ...

***

ماری ئاڤا دوز ،
تەڤری ...
لەرزی ...
له ئاخا عیراق ...
عەچقی ،
پەچقی ،
دبن لنگی کوردو عەرەب ،
ئەو پەیمانا بەغا
ئەو پیسـه میساق ...

ئەو پەیمان !
ئەو فەرمان !
ئەو ژارا مار ،
ئەو درانی سەهی هار ،
ژلندن ...
دباری هاته شاندن ...
ژبو نوکەرین کەڤجال
تنا چەند درهەمی مال

***

بو کوشتنا ئازادی خواز
کوشتنا عەرەبو وکوردین بلنگار
ژلندن ...
دیاری هاته شاندن ...
ئەو پەیمانا خوین خوار ،
ئەو فەرمانو ئەو سەدار
ژلندن ...
بـــەلی ...

ئەری ...
ژلندن ...
دیاری هاته شاندن ...

***

ئەو فەرمانو ئەو سەدار ،
سەرین نوکەری خوە ، خوار ...
ئەو بەیمانو ئـەو فەرمان ،
ژ ملـەت رە بو دەرمـان ...
عـەربو کـورد زیـدەتر
ژ بەری پیتر .. پیتر .
لە نیشتمان ،
بە رزگاری ،
هەڤالو برادەر مان ...

***

جەمهوریەتا عیراق ،
ئەی ... ستیرا پر روناك
جەمهوریەتا عیراق ...
وولات بتە روناهی ...
شەوقا تەدا هەر ئالی ...
لەژور ... لەژیر ... راستو چەب
فارس ... تورك ... کردو عەرەب
بڤی روژی کەیف خوەشن ..
بڤی چەژنی سەر خوەشن ..
هەر کەسین ئازادی خواز ،
ز تەرە دکەن نیاز ،
ئەی قاهری نوکەران ،
خودی بی‌گورزی گران ،
قەهرەمان عبدالکریم !
ئافەرین سەد ئافەریم ...

***

بژی سەداری عیراق ،
تڤا هەڤالین دل پاك ...
وە خلاص کر نیشتمان ،
بەغدا ... هنك کوردوستان
پیشڤە .. پیشڤە .. هەر پیشڤە
روژ هەلات گش ژ میژڤە ،
لە بندە ڤی روژی بون ،
داخوازی ڤی دوزی بون :
ئازادی ئوبراتی
ئاسایس ئو ئاشیەتی ...
لناڤ جەمو وولاتان ،
لە هەر جی ئوجیهاتان ...
دوستانیك بی گومان ،
لە ناڤ ملەتی جیهان ..
ببە قانون و دەستور
لە ناڤ گەلی گر و هور
بدل بەجان وگیان
ئنسان ... برایی ئنسان
ئنسان ... برایی ئنسان

## مەدالیای هیوا




بو دوایی هینانی ئەم گرەوە لیژنەیەکی تایبەتی لـە ( ٩ ) کەس پیکهات . لەروژی ٣ ، ١٩٥٨/١٠/٤ دا کو ئەبنەوە بوهەلبژاردنی دوو چیرك لەپلەی یەکەمدا وە دوو چیروك لەپلەی دوەمدا .. هەمو چیروکەکان ئەخوینرینەوە ، بەپیی زوری دەنگ لەلایەن لیژنەوە سەرکەوتوە کان دەرئەکـەون .

ناوی هەمو خاوەن چیزوکەکان ئەشاررینەوە لەکاتی هەلبژاردندا ، بوئەوەی سەیری ناو و کەس نەکریتو هـەمو چیروکیك مافی خوی وەرگریت .

سەرناوی ئەو چیروکانەی تائیستا بەشدار کراون :

١ ــ گولی دیرەکە ٢ ــ چیروکی خویندەواری ٣ ــ ئاشتیمان ئەویت ٤ ــ پشنکەری گشتی ٥ ــ چون بووم بە هونەرمەندا ؟ ٦ ــ بیری ئازادی ریگەی رزگاریە ٧ ــ پەشیمانی ٨ ــ نوینەرە بەریزەکە ٩ ــ گورگە لەپیستی مەررایە ١٠ ــ ئافاتی طاعون لەناو حیواناتا .

**سەرنج** : لەســەر داوای لیژنــە ، بریارماندا کــە تا روژی کوبونەوە ٣/١٠/١٩٥٨ هەر کەسیکی تر بیەویت ئەتوانیت بەشدار ببیت . بو مەرجو چونیەتی بەشدار بوون ، بروانە ژمارەی پیشوی ئەم گوڤارە لاپــەرە ( ١٦ ) .

## پوستەی خوێندەواران

● ئەم گوڤارە بەکوردی دەرئەچیو بو سوودی کورد تەرخان کراوە ، هەر نوسنیك سوودی کوردی تیابیتو جوانبیتو لەگـەل پەیرەوی گوڤارەکەدا بگونجیت بلاو ئەکریتەوە . بەلام زیاتر گوی ئەدەینە نووسینی ( تثقیفی ) نەك ( توجیهی ) چونکە لایتر چنگ ئەکەویت بو توجیە ... وە ئەمرو خویندەواری کورد زور پیویستی بە تیگەشتن ( ثقافە ) هەیە .

● لەزور لاوە داوایان لیکردوین بو کردنەوەی بەش ، وەك بەشی : قوتابیان ، کریکاران ، منالان ، وە رزش ، رابتەی ئافرەتان ... هتد . جا لەبەر ئەو هویانەی سەرەوەو لەبەر بیجیگایی ئیمە ناتوانین ئـەو بەشانە بکەینەوە . بەلام ئەگەر کریکاریك یان قوتابییەك یان ئافرەتیك یان هەرکەسیك نوسینیکی وامان بوبنیریت کـە تیگەیشتنیکی گشتی تیابیتو جوانبیت بلاوی ئەکەینەوە .

● لەم مانگەدا گەلیك بەیانمان بوهاتوە لە « کومەلی ماموستایان ، نقابەی کریکاران ، یەکیتی قوتابیان ، رابتەی ئافرەتان ، چاودیریکەری وەرزش»ەوە ، تکای بەخشینیان لیئەکەین کە نەمانتوانی بلاویان بکەینەوە .

● لەبارەی هوی بلاونەکردنەوەی ئەو نوسینانەوە کە بوماندیت ، پرسیارمان لیئەکەن کەبوچی وەلامیان بو نانوسینەوە لەبەشی هیواو خویندەواراندا .

ئیمە چەند جاریك لەم جورە وەلامانەمان نوسی . بەلام روانیمان هەرچی چونیك وەلامیان بدەینەوە هەستیان بریندار ئەبیت . لەبەرئەوە وامان بەباش زانی کە پوستەی هیوا بکەین بەسی بەشەوە ١ ــ ئەوەی بوبلاوکردنەوە ئەشی بەرودوا بلاویان ئەکەینەوە بەپیی پیویستی گوڤارەکە نەك بەپیی درەنگو زوو ناردنی نوسینەکە . ٢ ــ ئەوەی پیویستی وەلامدانەوەبیت بەنامـەی تایبەتی وەلامیان ئەدەینەوە . ٣ ــ ئەوەی بوبلاوکردنەوە نەشیت ئەخرینە پشتگوی وە هیچ نوسینیکیش نانیرینەوە بو خاوەنی . هیوامان وایە لەم ئاگاداریانەدا یارمەتیمان بدەن .

# بەخێر بێنەوە ئەی قارەمانان



خوشهاتیتەوە ئەی قارەمانی ، دلاوەر . خوشهاتیتەوە سەربازی جەنگاوەر . هاتنەوەی تو و هاوریکانت ، هاتنەوەتان ئاوا بەئازادیو ریزەوە جیی شـــانازیە بو نەتەوەی کورد ، سەرکـــەوتنیکی گرنگـــە بو میللەتەکـــەمان ، گوللەیەکە بو سەردلی ئیمپریالیزم .

تو ئـــەی پیشەوای کورد ، مســـتەفا بەرزانی ، تو سەلمانت کەنەتەوەی کورد ئازاو نەبەردن ، دوژمنی زورو داگیرکەرن ، هەوالی کولدان نازانن ، گەلیکن تیکوشاون‌و تی‌ئەکوشن لەپیناوی ئازادییاندا .

ئیوە ئەی ئەوانەی کەچوون بەگژ بەرەی شەررو تاواندا ، ئەی ئەوانـــەی پشکویەك بوون‌و هـــەمیشە ئەچزان بەدەستی ئیمپریالیزم‌و نوکەرەکانیدا ، وا کوردستانی مـــەزن ، عیراقی ئازادبوو ، باوەشـــیان کردوتەوە بوتان ، چاوەروانن بو هاتنەوەتان ، هەمو چینەکانی گـــەل ئامادەن ، ئامادەن کە پیشوازیتان بکەن ، پیشوازییەکی وا کە لەوینەی نەبوبیت چونکە ئیوە نیشـانەی خەبات‌و تیکوشانن ، بەلگەی نەبەزین‌و کولنە دانن .

ئیمەش « دەستەی نوسەرانی هیوا » هەر لەئیستەوە چەپکە گولی خوشنودیی خومانتان پیشکەش ئەکەین ، لەکانگەی دلمانەوە ئەلیین : بەختیارین بەهاتنەوەتان ، شـادین بەئازادیتان .. بەخیر بینەوە .

**« دەستەی نوسەرانی هیوا »**

# بەبونەی شورشی مەزنەوە

**رەفیق حلمي**

کوردەکان ! هەستن بە جاری ئیمرو روژی خزمەتە
مل لە کوتە و دەس لە زنجیرا نەماون فرسەتە
روژی ئازادی هەلاتو ، وا بەسەر چو روژی رەش
بیتو وریابین ، لە دەس ناچی ئیتر ئەم نیعمەتە
سالەها بو گەل لە ژیر پیوەندو کوتەی دیلی‌یا
بیری رزگاریی نەما ، راهاتبو بەم زیللەتە
ئەو کەسانەی ناوی خویان نابو دەستەی حاکمان
قەت نەیانزانی کە قەومی کوشتنی زور زەحمەتە
کەس نەما نەیزانی ( نووری ) دوژمنی ئەم قەومەیە
حلیفی بەغدای وەك تەلە دانابو بو ئەم میللەتە
حەق بەدەس بوون ئەو کەسانەی دەوری ( پاشا ! ) یان‌ئەدا
زوری کیشا دەوری ( بەرقییات )و دەوری مەزبەتە
خواشوکر ؛ ئیتر سوپا ئازانە دەستی دایە چەك
قەسری شا ،، خوی رانەگرت ساتی لەبەر ئەم هەلمەتە
لەشکری جاسوس لە ناوچوون ، حلیفی بەغدا هەلوەشا
هەر بە چاو نووقانی چون رووخان ئەمانە ؟ حیرەتە
شورشی بەرپاکرا ، راستت ئەوی وینەی نی‌یە
خوزگە ئەت دیی ( عەبدی‌خوا ) ئەو روژە چەن بی حورمەتە

داخ له دل بوون گەل بەرامبەر ( جی‌نشینی سەلتەنەت )
بویە تفیان لی ئەکرد ئەو تەرمە پیسە لەت‌لەتە
هەر کەسی نیسکالی هوشی‌بی ، له بیری ناچی قەت
باسی ئەنجامی ( وەزیری‌گەورە ! ) ئەو بی‌غیرەتە
من سەرم سوورماوە ، هیشتا ماوە ، بی مەغزانی‌وا
هەر ئەلین ( نووری سەعید ) رایگرتبوو ئەم دەولەتە
زاهری وابوو ، کە جەیشی وا لەدەستا وەك کوتەك
نەی ئەزانی بیچوە شیری ، وا خەریکی هەڵەتە
خو ئەگەر راستت ئەوی ، یارانی نامەردانی خوی
هیندە فوویان پیا ئەکرد ، تا بوون بە هوی ئەم غەفلەتە
چونکە کەرروومی (١) و سەلام کی بوون کە (پاشا)ی پایە بەرز
بیت بە بیریا روژی رەنگبی ببنە هوی ئەم مەینەتە
نایەوی ئیتر بلیم ، زولمی نەما نەیکەن لە خەڵق
تولەییکی هەر ئەسەن خوا ، چونکە کانی رەحمەتە
ئەو کەسەی وابی بە دلیا ، زاڵمانی دەوری کون
ئیکە بەسیانە سزا ، خوی موستە حەققی لەعنەتە

رەفیق حلمي

---

(١) کەرروومی ناویکەئەلین ( نووری سەعید ) ، لەرووی خوشەویستی‌و باوەر پی‌کردنەوە خوی لە زەعیمی خوشەویست (عبدالکریم قاسم )ی پالەوانی شورشی ١٤ ی تەمووزی نابوو .

# توانەوەی

# یاسای لز

# ئیمبریا م

**لەنامیلکەی (( الاستعمار الیوم )) ەوە**

**ئیمپریالیزم بەرەو نەمان ئەروا ، وەئەمرو مەگەر بەدەگمەن ببیسین پیاویکی سیاسی دان بەم یاسا بوگەنەدا بنی ، وەکو ئەبینین میللەتانی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتینی هەمو هەولی لەناوچونی یاسای ئیمپریالیزمی‌و نیمچە ئیمپریالیزمی‌ئەدەن ، ئەویاسایەی‌کە مافی کردوە بە ژیرەوە ، هەژاری‌و دواکەوتویی‌و ژیردەستی ئەسەپینی بەسەر ئادەمیزادا .**

ئەبی ئەوەش بزانین کەئیمپریالیزم بەشیکەو جیانابیتەوە لە یاسای سەرمایەدارانی‌ئیستای جهـان ، وەگورانیکی گەورەی بەســەرا هات لەسەدەی بیستەما . وەگورینی سەرمایەداری لەم پلەیەدا وەکو لینین باسی ئەکا ئەلی « بوە بەیاسایەکی ئیمپریالیزمی کەولاتەســەرمایەدارە گەورەکان دەست‌ئەکیشن بەسەر بەشی زوری دانیشتوانی جهانداو باری ( مالی یان ئەخنکینن » . ئەمەتا یاسای ئیمپریالیزمی بو سەرمایەداری ئەمرو . لەناوئەچی‌و دائەروخی لەپیش چاومان . وەمیژو ئەم یاسایە

بەرەو نەمانیکی تەواو ئەبات . بودەرخستنی راستی باسی ئەم گورانە ئەکەین لەجهاندا لەسەرەتای شەرری دوەمەوەو دوا بەدوایشی . ولاتە ژیر دەستەکانی ئیمپریالیزم واتە ( ئەو ولاتانەی کە خویان فەرمانبەری خویان ناکەن ) دانیشتوانیان پیش شەر ( ٦٩٠ ) ملیون بوو کە ئەکاتە ٣٣٪ دانیشتوانی جهان وەئیستا ( ١٥٠ ) ملیونە کە ئەکاتە ٦٪ دانیشتوانی جهان .

**وە هەروەها شیوەی یاسای ولاتە رزگار بوەکانی وەك چینو میسر گورا ، کەوا لەپیشا ژیردەستەبون ، وە زور لەولاتەکانی تر توانیان دوای شەری دوەم سەربەخویی سیاسی تەواویان وەرگرن .**

بەم جورە نیوەی دانیشتوانی سەرزەمین کە ئەکاتە ملیاریكو سی سەد ملیون کەس دوای شەری دوەم سەربەخویی تەواویان وەرگرت . وە ئیستا ئیمپراتوریەتی وا ئەبینین کە سەدەها سالە بنچینەی بەهیز بوە . لەبەرچاومان بەرەو داروخان ئەروات لەبەر هیرشی جولانەوەی میللی ، گەورەترین ئیمپراتوریەت لەجهاندا ئیمپراتوریەتی بەریتانیایە کە لەمەوپیش ( ٤٥٠ ) ملیون کەسی لەژیر دەستا بوو ، ئیستا کە هیند سەربەخویە کە ئەکاتە ٥/٤ی ژمارەی ناوبراو ، وەزیاتر لەنیوەی ئیمپراتوریەتی ئیمپریالیزمی فەرەنسە کە ئەکاتە ( ٦٥ ) ملیون کەس سەربەخوییان وەرگرت کە ئەمانەش هیندی چینیو سوریاو لەبنانو تونسو مەراکش . وە سەربەخوبوونی ئەندونیسیا بوبەهوی لاوازبونی ئیمپریالیزمی هولەندە ، کەوا لەپیشا هولەندە ( ٦٨ ) ملیون کەسی

ژێردەستە کردبو وە ئیستاش دەستدرێژی ئەکات بەسەر چەند ولاتیکا ؛ ئەو ئیمپراتورییەتانەی کە لەشەری یابان‌و ئیتالیا شکان بەتەواوی لەناوچوون .

**وە تیك‌چونی یاسای ئیمپریالیزم هەمیشە بەرەوگوڕران ئەڕوات ، ئەم گوڕرانە بەشی زوری لەئەسیا رووی‌دا ، وەکو میللەتی چین کەژمارەی دانیشتوانی ( ٦٠٠ ) ملیون زیاترە کەئەکاتە چواریەکی دانیشتوانی جهان ، ئەو ئیمپریالیزمانەی کە دەستدرێژییان بەسەرا ئەکرد ، بەجاری تەفرو توناى کردن‌و ولاتیکی سەربەستی پیك‌هینا کەئیستا پی‌ئەلین « چینی میللی » .**

نزیکەی سەد سالیك چین گەورەترین ولاتی « نیمچە دەسبەسەر »ی بوو لەجهاندا ، کەوا بەهەموو جوری سامانی تالان ئەکراو بوو بوو بەجیگای پیلان نانەوە ، بی‌گومان سەربەستبونی چین دوای « شورشی ئوکتوبەری روسیا » بوو ، کەبەجاری بربرەی پشتی ئیمپریالیزمی شکاند . دوای ئەوە هیند کە دوەمین ولاتی ئاسیایە لەگرنگی‌دا ، توانی لەژیر چنگی ئیمپریالیزم رزگاری بیت‌و ریگای پیشکەوتن بگری . وە پاکستان ، بورما ، سیلان ، ئەندونیسیا ، سوریا ، لەبنان سەربەخوییان وەرگرت ، کە لەپیش شەری دوەمدا ژیردەستەی ولاتە سەرمایەدارەکان بوون لەئاسیا ، بیجگە لەچین کەیابان دەستی بەسەرا گرتبو لەسالی ( ١٩٣٠ )دا ، ئەیکردە لە ٤٨٪ دانیشتوانی ئاسیا ، بەلام ئەمرو بەجوریك هاتوتە خوارەوە کە گەیشتوتە ١٪ وە لەئاسیادا گەورەترین گوڕرانی‌کومەلایەتی‌و سیاسی

رووی‌دا ، چەند کوماریکی دیموکراتی میللی پەیدا بوو وەکو : کوماری چینی میـــالی ، کوماری دیموکراتی میللی کوریا ، کوماری دیموکراتی ڤیتنام ، ژمارەی دانیشتوانی ئەم ( ٣ ) ولاتە لەگەل کوماری مەغولی میللی ، لە ٤٤٪ ی دانیشتوانی ئاسیا ئەگریتەوە . وە سی‌یەکی ( ١/٣ ) دانیشتوانی ئاسیا لەهیندو بورماو سیلانو ئەندونیسیاو سوریاو لەبنان ئەژین ، واتە ئەو ولاتانەی کـــە سەربەخوییان وەرگرتوە . سیاسەتی دەرەوەیان بە سەربەستی ئەروا بەریوە .

**ماوەیەك لەمەوبەر وائەزانرا کە ئەفەریقا زور دوورە لەجولانەوەی میللیەوەو قەلایەکی سەختە بو ئیمپریالیزم ، بەلام جولانەوەو تیکوشانیکی وای تی‌کەوت ، ئەوەبو کە میسر لەدوای شـــەر رزگاری بو لەپەیمانی ئیمپریالیزمانەی ســـالی ١٩٣٦و بنـــکە شەررانیەکـــەی بەریتانیا کـــە لەناوچەی سویسا بوو بەتالی کردنەوە .**

وە لەناوچونی « ئیمپراتوریەتی ئەفەریقای روژهەلات »ی ئیتالیا بوبەهوی سەربەست بوونی « حەبەشە » ئینجا لیبیاو سودان‌و تونس‌و مەراکش سەربەستی خویان وەرگرت . وە دانیشتوانی ئەم ولاتانە ئەکاتە نزیکەی ( ٦٠ ) ملیون واتە ٣/١٠ی دانیشتوانی ئەفەریقا . جەزائیریش وا لەتیکوشانیکی بەتینا لەریی سەربەستی‌و ئازادیا ، ئەفەریقای زنجی خەباتیان سەخت ئەکەن لەریی کشانەوەی ئیمپریالزم لە ولاتەکەیانا .

**دوای ئەوەی ( جون غونتر ) نوسەری سیاسی ئەمەریکا ، کـــە شارەزایی پەیداکرد لە ولاتەکانی ئەفەریقا ئەلی :**

(( سەرتاپا هەموو ئەفەریقا پرە لەجولانەوەی میللی ، وە ئامانجی هەرە گەورەیان ئەوەیە کە رزگاریان بیت لە ژیر چنگی ئیمپریالیزم )) .

بەلام بەشی روژئاوای سەرزەمین کەمتر لەولاتەکانی تر گوررانی سیاسی کاری تیئەکردن ، وە شیوەی ئیمپریالیزم لیرەدا بەزوری دەستکیشانە ناو باری ئابوری‌و ( مالی )و سوپاو سیاسی‌یە . کەوا ئیستا بەشی زوری کوماریەکانی ئەمەریکای لاتینی لەم چەشنەیە لەچاو ولاتە بیگانەکاندا ، وە بەتایبەتی لەچاو ولاتە یەکگرتوەکانا « ولايات المتحدة » .

**جولانەوەی میللی روژ بەروژ زیاتر تین ئەسینی لەئەمەریکای لاتینی لیرەدا بەجولانەوەکانی چەند سالی رابوردودا بومان دەرئەکەوی کە روویاندا لە بەرازیل ، شیلی ، غواتیمالا ، غویانی ئینگلیزی ... هتد .**

دارزانی یاسای ئیمپریالیزم ، بەتایبەتی ئەو گورانە گەورەی کە لەئاسیا رووی‌دا ، کاریکی گەورەی کردە سەر میژوی جهان . ئەگەر هەندی لەتیکوشانی میللەتان ورد بینەوە ئەبینین کەوا گەلی یاسای بوگەنی ئیمپریالیزمانەیان لەناوبردوە .

چینی تازەو کوماری هیند کە ئیستا سەربەخون بەولاتە گەورەکانی جهان ئەژمیررین ، دوینی جیگای پیلان نانەوەی ئیمپریالیزم چیەکان بوو .

**ئەمرو ئەو دەورە تازانەی کە میللەتانی روژهەلات ئەتوانن پی هەلسن لەجهاندا ، وەکو لە مؤتەمەری ( باندونغ (١) )دا کە دەستی پی‌کرد لە ( ١٨ — ٢٤ )ی نیسانی سالی ١٩٥٥ ، ( ٢٩ ) نوینەری ئاسیاو ئەفەریقا کە ( ١٦٠٠ ) ملیون کەسە تیایا بەشدار بوون . وە بو یەکەم جار جهان**

---

**(١) لەگوشەیەکی تری ئەم گوقارەدا باسی مؤتەمەری باندونگ بخوینەرەوە .**

دەنگی ئاسیاو ئەفەریقای بیست کەوا بەشی زوری جهـانو خاوەنی هیزیکی گەورەن لەمەیانی دەولەتاناو دروست کەری میژویەکی بەرزن .

باندونگ ئاواتی میللەتانی دەرخست کـە ئەیانەوی ببن بەخاوەنی خویانو بەهەمو هیزیکەوە بەرەنـگاری ئیمپریالیزم بکەن . وە لیرەدا میللەتانی ئاسیاو ئەفەریقا داوای پاراستنی ئاسایشی جهانو یارمەتی بەینی میللەتانیان ئەکرد . وە موئتەمـەری باندونغ میللەتانی جیهانی ئاگادار کرد بو پاراستنی ئاسایش . بی‌گومان ئاشکرایە کە روژهەلات چ گوررانیکی گرنگی دا بە میژو . وەکو « شیستر بویلز » بالویزی رابوردوی ئەمەریکا لەهیند ئەلی : ( ئەوروژە نەما کە ولاتانی روژئاوا ئەیان توانی « ئوکسترا » کەیان بەناو میللەتانی ئاسیای داگیرکراوا بگیرنو بەئارەزوی خویان لەسەر ئاوازەکانیان سەمایان پی بکەن ) .

**هەمیشە ژمارەی ئەو کەسانە بەرەو کەمی ئەروات کە ئەیانەوی ئەم گوررانە گـەورەیە بوەستینن بـەناوی پاراستنی روژهەلات لـە (( پروپاگاندەی شیوعی ))و (( پیلانەکانی موسکو ! )) ئەتوانم بلیم کـە کردوەکانیان هیچی تیابەسەنیە ، لەوەزیاتر کە خەلکی ئەهینیتە پیکەنین .**

ئەدلای ستیڤنسن »ی ئەمەریکی لەپەرتوکی « دعوه الی العظمه »دا . **ئەلی : تەقینەوەی هیزی میللی بو دەرفرتاندنی ئیمپریالیزمو سەربەخویی یەکەم بەری شورشە بو سەر ئیمپریالیزم . ستیڤنسن دیسانەوە ئەلی هەموو ولاتانی سەرزەمین ئەیانەوی ژیانیان بەرزبیتەو پیش کەون ، وە دواکەوتویی رابوردوویان پربکەنەوە ، وە ئەلی ئیمپریالیزمو نوکەرەکانی ناچارن کە دان بەراستی ئەم گوررانەدا بنین لەئاسیا .**

ئیمپریالیزم چیەکان لەسەریکی ترەوە ئەیانەوی هەموو راستیەك یکەن بەژیرەوە ، وە درو و دەلەسە بلاو ئەکەنەوە کە گوایا لەپاش ماوەیەك سەربەستی ئەدەن بە ژیردەستەکانیان ، وەکو لەهەندی بەیانە رەسمیەکانی .... ئینگلو ئەمەریکیدا دەرئەکەوی ، وەکو بەیانەکەی ( ئایزن هاوراو ئیدن ) کە لەروژی یەکەمی شوباتی ۱۹٥٦ دا دەرچو ئەلی ( ٦٠٠ ) ملیون کەس لە ( ٢٤ ) ولاتدا لەماوەی ئەم ( ١٠ ) سالی رابووردوەدا سەربەخوییان پیدرا ، بەهوی یارمەتی دانی ئینگلیزو ئەمەریکاوە . بەلام راستیەکەی ئەمە پیچەوانەی قسەکانیانە . خاوەنی بەیانی ناوبراو دان بەچینی میللیدا نانین کە ولاتە ، لەگەل ئەوەشدا میللەتی چین گەورەترین بزماری داکوتا بەتەپلی سەری ئیمپریالیزماو ریگای سەربەستی کردەوە بو میللەتانی ئاسیا . ئەمەریکا زیاتر لەملیاری دولاری بەخت کرد لەریی سەرنەکەوتنی شورشە میللیەکەی چین‌و مانەوەی لەژیردەستی نوکەرەکانیا وەك ، چانکای‌چك‌و پیاوەکانی کە لەپیشا ولاتەکەیان فروشتبو بە داگیرکەران .

**خەباتە سەختەکەی هیند بەریتانیای ناچارکرد کە دەست لەسەربەخوییان هەلگری . هەروەها ئەندونیسیاو بورما سەربەخوییان وەرگرت .**

ولاتەکانی روژئاوا لەدوای شەرری دوەم دەستیان کرد بە پەلاماردانی کوریاو هیندی چینی‌و شەریکی گەورەیان بەرپاکرد بو ئەوەی جاریکی تر ژیردەستەیان‌و کەن‌و ترس پیشان بدەن بەرامبەر بەمیللەتانی ئاسیا .

ئەم شەڕڕەیان دەری خست کە نایانەوێت هیچ میللەتیك سەربەخۆیی وەرگری .

وەدیمان کە میللەتی میسر چ خەباتیکی کرد لەریی ئازادییا ، دیسان هەندی لەمیللەتانی تری عەرەب وەك لەم دواییەدا مراکش‌و تونس دەستیان دایە تیکوشان لەریی سەربەستیا .

بەم‌جورە تیکوشانی میللەتانی ئاسیاو ئەفەریقا بەتەواوی پاسای ئیمپریالیزمی بەرەو نەمان برد .

بیجگە لەم رووداوەی ناوخو ، شتیکی گرنگ لەدەرەوە رووی دا ، ئەمەش بەهوی شورشی ئوکتوبەری روسیاوە بو لەسالی ١٩١٧ دا کە بەتەواوی ئیمپریالیزمی وردکرد .

وە دوابەدوای شەرری دوەم چەند ولاتیکی ئیشتراکی پەیدا بوو ، کە ئیستا ئیشتراکی بوە بە پاسایەکی گشتی لەجهاندا ، ئەمەش پیچەوانەی سوودی سەرمایەدارانە .

بەم جورە روژبەروژ ئیمپریالیزم بەرەو نەمان ئەروات‌و ئاشکرایە لەفرروفیل بەولاوە هیچ شتیکیان پی‌ناکری ، ئاوا ئەیانەوی کاربکەنە سەر تیکوشانی میللەتانی روژهەلات ، ئەمەش ئەوەیە ئەیانەوی دەری‌بخەن کە هیشتا ماون . بەلام راستیەکەی رزایان کردوەو جاری خویان نەداوە بەدەستەوە .

# کوردم

**جمال شاربازیری**

کوردم ... کوردم
نەوەی مەردم
ئاشتی خوازم
هەر ئاشتیە بەستەی سازم
وە ئاوازم
هەر ئاشتیە ووتەو باسم
من شەڕکەر نیم
جەنگاوەر نیم
ئاسایشی گشتیم ئەوی
ئاشتیم ئەوی
ژینی شادی نوشیم ئەوی
خوشیم ئەوی
بەلام ئەگەر
بکەویتە لایەنی شەڕ
شەڕ کەریکە شەڕکەر شەڕکەر
ئەوەی شەڕم پی بفروشی
باش ئەینوشی

هەروەکو سەگ ئەیگەوزینم
ئەیتەزینم
ئەیرزینم
نامبەزینی ، ئەیبەزینم
وولاتەکەم ئەپاریزم
بەرامبەر ئیمپریالیزم
زور بە هیزم
× × ×
من ئەمەوی بە دلی شاد
بژیم ئازاد
وەکو هەموو ئادەمیزاد
من ژینی سەربەستیم ئەوی
سەد هەزار پیویستیم ئەوی
وولاتی سەر بە خوم ئەوی
بو خوم ئەوی
وولاتی خوم
هەرخوم بوخوم

ئەو سەروەتەی هەمە ئەیخوم
بەسمە . بەس
نایدەم بە کەس
نایخەمە ناو گەرووی ناکەس
پێی ئەژیم چاك
بی پەراو باك
وولاتەکەم ئەپاریزم
بەرامبەر ئیمپریالیزم
زور بە هیزم

***

من نامەوی ژیر دەستەبم
دەستگای دەستە بە دەستەبم
ئەوەی هات تیم بسرەوینی
واز نەهینی
ژیر کوتەك و چەکوچی بم
مل کەچی بم
نەشلیم بوچی وام لی ئەکەن
بووا بە ئەم دەردەم ئەبەن
هەرچیم هەبی لیم بسەنی
لە دوایی پیم پی بکەنی

نەء . دوشمن با چاك بزانی
کە ناتوانی .
چونکە کوردم
نەوەی مەردم
وولاتەکەم ئەپاریزم
بەرامبەر ئیمپریالیزم
زور بە هیزم
من ئەو کوردەم
ئەو کوردە مەردە نەبەردەم
پەروەردەی ئەم شاخ و هەردەم
من ئەو لاوەم
نەوەی کاوەم
لە نەوەی صلاح الدینم
بەهیزە ئایینو دینم
هیزی دوشمن
حەدی چی‌یەکەوالەمن
نزیك وە بی
لەوانە بی
چونکە کوردم
نەوەی مەردم

وەك شیر دررم — وانابەزم
جەرگی دوشمن هەلئەدررم — بومبای دەروون ئەتەقینم
ئەو دار بی من وەك ئاگرم — تەختی دوشمن ئەلەقینم
گرر ئەگرم — ئەیروخینم
ئەو ئەگرم — با بو نیشتمان بی : خوینم
ئەیکوژم بە ئازار وئیش — سەرو گیانم بو ئەو ئەوی
ئەیکەم بەچی ؟ بە خولەمیش — خوشم ئەوی
کوردم رولەی کوردستانم — ئەمەوی ئالام نەنەوی
کە هەلچووم لە نەوەستانم — وولاتەکەم ئەپاریزم
قەت نابەزم — بەرامبەر ئیمپریالیزم
لە سواری خەباتی بەرزم — زور بە هیزم

---

## ئوتیلی ســیروان

ئەم ئوتیلە تازەکراوەتەوە لەبەغداد لەسەر شەقامی امین ، هەتا بلییت پاکوتەمیزەو فینکو خوشە . نزیکی ناوبازاررو دوائری میریە ، نرخیشی هەرزانە ، زور بەخزمەتن ، ئەگەر هاتیتە بەغداد دیارە هــەر ئەچیتە ئەوی . خاوەنەکانیشی : کاکەحەمە دەرویش کەریمو کاك نەشتەت

**گەورە پیاوان لەمیژودا**

# ئاشتی و
# برایەتی و دواروژیکی
# باشتر

نوسینی ئەمینی میرزا کەریم

ئاشتی‌و برایەتی‌و دوواروژیکی باشتر ، لەژیر ئەم ئالایەدا قوتابیان میژوویەکی کونی خەبات‌و تی‌کوشانیکی خویناویان هەیە کە پەیوەندیەکی یەك‌سەری بووە بەجوولانەوەی نیشتمانیەوە ؛ وە دەوریکی سەرەکیان بووە بو بەهیزکردنی جوولانــەوەی نیشتمانی‌و قوتابیان وەبەگوورجی هەل‌سووڕراوون بو روخاندنی ئیمپـــریالزم‌و کونەپـــەرستی بی کولدان تی‌کوشاوون لەپیناوی پاریزگاری ئاشتی‌و پیك‌هینانی برایەتی‌و دواروژیکی باشتر ، لەم‌ریگەیەشا قوتابیان بەکوروکچەوە گەلی قوربانیان داوە .

دەزگای میری کونی گەنیو بەدەرکردنیان لە قوتابخانەکان نەئەوەستا کە خویندن مافیکی سروشتی خویانــە ، بەلکو بەســەدانی ئەخستنە بەندیخانەو زیندانەکانیەوە لەئەبوغریب‌و نووگرەت سەلمــان‌و دررندانە ئەکەوتنە ویزەیان ئازاریان ئەدان تەنها بوئەوەی لەکوری تی‌کوشان دووریان بخەنەوە وەلە جوولانەوەی نیشتمانیا پەرەوازەیان بکەن‌و تەمەنی کوورتی خویان دریژ بکەنەوە . بەلام قوتابیان بەکوشتن‌و زینـــدان‌و دەرکردن

کولیان نەئەدا بەلکو دلیرانە وەك شیر بەرەنگاری هەمو جورە پەیمانیکی ئیمپریالیزمی وەستان وداوای رووخاندنیان ئەکرد وە روژ بەدوای روژا تی‌کوشانیان تائەهات جوشی ئەسەندو بروایان بەجولانەوەی نیشتمانی‌و یەکیەتیەکەیان بەهیزتر ئەبوو لەدەوری کوئەبوونەوە . ئەوەبوو میلەت خوی ووریاکردەوەو ئامادەکرد بو بەربەرەکانی ئەو پەیمانەی کە بەکری‌گیراوەکانی ئیمپریالیزم ویستیان میلەتی عیراقی پی کوت‌و زنجیر بکەن قوتابیانیش شان‌بەشانی میلەت هاوبەشی راپەرینەکەی کانونی دووهەمی ١٩٤٨ی کرد تا بەخوین پەیمانی ( پورتسموس )ی دیلی‌و ئیمپریالیزمیان سرریەوە ، وەگیانی خویان بەخت کرد لەپیناوی رووخاندنیاو خوینی بەنرخیان بەگوولەی بەکری‌گیراوەکانی ئیمپریالیزم لەسەر شەقامەکانی بەغا رژا . جا ئەم خوبەخت‌کردنەش ئەوە ئەگەیەنی کە قوتابیان لەکوری تی‌کوشانی شورش‌گیریا دەستیکی بالایان بووە شان بەشانی گەلی عیراقی ئەبەز بەکوردو عەرەبەوە . وەهەروەها بەپیویستی سیاسی خویان هەستاوون ، وە لەهیچ کاتیکا خویان جیا نەکردوتەوە لە میلەت چونکە باری ژیانی کومەلایەتی‌و ئابووری‌و سیاسیان یەك سەر بەستراوە بە میلەتەوە .

دوای ئەوەی کە گورر بو پەیمانی پورتسموس هەل‌کەنراوو تیایا نیژرا ، میلەت توانی تا رادەیەك سەربەستی دیموکراتی وەرگریت ، قوتابیان توانیان بەئاشکرا یەکیەتیەك بوخویان پیك بهینن‌وە بەسایەی ئەم یەکیەتیەوەو بەپی‌ی ئەو ئالایەی کە هەلیان‌گرتبو بتوانی گیانیکی برایەتی‌و ئاشتی خوازی لەناو قوتابیانا درووست بکاو تی‌بکوشن بو دەست‌گیربوونی

هەمو مانیکیان ، بەلام هــەر ئەوەندەی نەخایان دووبارە ئیمپریالیزمو نوکەرەکانی کەوتنەوە خویان ئالای رەشی ئیرهابیەتیان هەلکردەوەو گیانی پیسی تولەیان ژیانەوەو کەوتنەوە ویزەی ئازادی خواهان ، دەرگای زیندانەکانیان خستەوە سەرپشت بو تیفریدانی ئەو نیشتمان پەروەرانەی کە هاواریان ئەکرد ( بروخی ئیمپریالیزم ) ، جالیرەدا هیچ گومانی قیە کە قوتابیان دەستەیەك بوون لەو هاوارکەرانە ، کەواتە ئەو قوتابیانەی گوورج بوون ، زیندانو دەرکردن بەشیان بووە .

یەکتی قوتابیان تیکوشانی شیوەیەکی نەهینی وەرگرت ، تا روژی چواردەی تەموز، ئەو روژە پیروزەی کە هیزی ئازادخواهان ، میلەتو سوپای قارەمان قەلای ئیمپریالیزمو کونەپەرستیان تەختکرد ، روژی ئاشتیو ئازادیو برایەتی هەلهاتو تیشکی روونایکی پەخش کرد بەسەر خاکی عیراقی خوشەوستا ، ررەگی رژیمی بوگەنی ئیمپریالیزمی لــەبن دەرکیشا ، لەم روژەدا کەگەل سەربەستەو بیترس هەمومافیکی خوی داوا ئەکا ، یەکیتی قووتابیانیش ئەو یەکیتیەی کە کولی نەئەدا لەتیکوشاناو لەپیناوی ئەم روژە پیروزەدا تیئەکوشا ، وا بەشانازیەوە لەژیر سیبەری رژیمی جەمهووریەتە ساوا خوشەویستەکەمانا بەئاشکرا ئالای بەرزکردەوە ئالای یەکیتی قوتابیان ، کە تیئەکوشی لەپیناوی ئاشتیو برایەتیو دووا روژیکی باشترا ، بو عیراقو کوردستانی مەزن .

# قەیسەر مژدەیێت

# میوانت هات

**بەپینوسی : مصطفی**

گەلی عیراق بەکوردو عەرەبیەوە سالەهای سال‌بوو ئەینالاند لەژیر باری گرانی نالەباری ئیستیعماری خوین‌مژا ، کەم مال هەبوو کەسەری پیانەکەیت‌و شیوەن نەیەت بەگویتا ، یان بەریوەبەری مال گیراوە ، یان رولەیان لەبەندیخانەیەو دیل‌کیراوە ، یان فـەرمانبەرەو لەسەر ئیش دەرکراوە ، یا قوتابیەو لەقوتابخانە نەهیلراوە ... ئە » کریکارەکان کە خاوەن کارگە گەورەکان چونیان ئەچەوساندنەوە ؟ خو رەنجبەرە بەش خوراوەکان هەر مەپرسە ــ کە چون سەریان ئەبرین لـەناو شارای گولەگەنما ، ئەو خوینە ئالەیان چون تیکەل بە خەرمانە گەنمەکان ئەکران ، ئەی ئیمە ــ چینی ماموستایان ــ کە ئەچوینە ژووری دەرسخانەوە بەدلیکی غەمگین‌و رەنگیکی هەلبزرکاوەوە سەیری ئەو قوتابیە ساوایانەمان ئەکرد کە ئەبی هەمو کرنوش بەرن بو ئەو وینەیەی بەرامبەریان داکوتراوەو بەزور بەسەریانا سەپینراوە « وینە شاە » ئەمجار سەیریکی نەخشەی عیراقمان ئەکرد و دوو روبارە گەورەکەمان ئەهاتە پیش چاو ( دجلەو

فورات ) بەلام لیرەدا ئیتر هەر ئەوە نەبوو کە لەدەرسخانەکەدا نەقیژینین‌و نەلیین : ئەی ناپاکە خوفروشەکان ! روباری سی‌هەمتان بو لەسەر نەخشەی عیراق دانەناوە ، ئەو روبارە خویناوی‌یەی کەلـە باستیلی ( نوگرە ) هەلئـەقولیت ؟

بەم پی‌یە ئەبوایە هەر پیش بخوینەوە تا ئیتر ئەو پیش خواردنەوەو ئەو تەوژمە خوی بو رانەگیراو تەقی . . . تەقی بەشیوەی شوریك بەسەرکردەی قارەمانەکانی سوپای عیراق کە مەگەر هەر شورشی اکتوبەری ۱۹۱۷ هاوتای ئەم شورشەی کردبیت .

شورشیك دەست دریژی دەرەوە نەهیلی ، خوین مژینی ناوخو لابـەری ئیستعمار راوبنی‌و نوکـەرەکانی بگری‌و پـەیمانە پیسەکـان هەلوەشینی‌و برایەتی لەگەل گەلە ئازادی خواهەکان ببەستی‌و خوشی‌و کامەرانی‌و بەختیاری‌و ئازادی بو نەتەوەی عیراق پیك بهینی . . . و ئالای ئاشتی بەرزکاتەوە . . . وە بەئیستیعماری بسەلمینی کە تازە کلکەکانی بەکەلکی نایەن . . . تەنانەت ئەو نەختەش کـە خویان بەپیلاوەکانیەوە هەلواسیوە ، وەك حسینی شاژنە زین‌و سمیر رفاعی‌و بهجت تەلهونی‌و شمعون‌و سامی‌صلح‌و ادیب شیشکلی ئـەوانەش بەدەستی میلەتەکانی خویان بەخنکاندن ئەچن وە سـوونی‌و توپەکانی شـەیتانە سوورەکانی بەریتانیاو اسطولی شەشەمی ئەمەریکی هیچ دادیکیان نادات .

چونکە قەلا گەورەکەی ئەوان « قەلای هاشمی‌و نوری‌سەعید لەعیراق ئەو قەلا سەختەی ئەوان هیزی میلەتی عیراق وای بوروخاندن

وەك لە « حەماموكی »ی منال پیك هاتیی ئاوای سەیر كرا ... وە نوكەرە زلەكانیش یەكیەك بە دەستی میلەت گیانیان كیشرا با ئەبی « فاروق »ی كونەشای میسر لیمان ببوری كە « فیصل »و « عبد الاله » مان نەنارد بولای ئەو بو « كاباری » چونكە .

بەلینمان بەیەكیكی تر دابوو ، بەلینەكەشمان هینایە دی ، دەستا موژدە بیت ئەی « قەیسەری رووس » ئەوا میوانت هات ، دوو میوانی خوشەویستتان كە ( ٣٨ ) سالە خویانو باووباپیریان میوانی زورە ملیی ئیمەن ، ئیتر نورەی ئەوەهات تاویكیش لەخزمەت تودا بن فەرمو تو بچو بەپیر ئەوانەوەو منیش با لەگەل ئازادی خواهانی عیراقا بچریكینم :

بژی برایەتی كوردو عەرەب و خەباتی شورشگیریان بژی جمهوریەتی عیراقی ئاشتی پەروەر .

مردنیش بو ئیستیعماری انگلو ــ ئەمەریكی .

---

**ئابونە**

هەموكەسیك كە ئەم گوڤارەی بو نیرراوەو گلیداوەتەوە ، بەئابونە ژمیرراوە . جا تكایە بەگورجی ئابونەكانتان بنیرن ، وە ئەوكەسەی نایەویت ، گوڤارەكان بنیریتەوە . وەهیچ زویریش مەبن ئەگەر لەمەودوا بومان نەناردن .

# مەکسیم گورکی

● یەکیکە لە نوسەرە هەرە بەناوبانگەکانی روسیاو سوڤیتو دنیا .

● گورکی ئەژمیریت بە ئەلقەی جەمسەری زنجیرەی ویژەی روسیاو سوڤیت .

● ناوی ( ئەلیکسی مەکسیموفیتش بیشکوف )ە ، کەوتە چیرۆك نوسین ناوی خواستەمەنیی ( مەکسیم گورکی ) بو ، وە هەر بەوناوەشەوە ناوبانگی دەرکرد .

● لەسالی ١٨٦٨ دا لە ( ١٤ ) مارتدا لەشاری ( **نیشمنی نوڤگورد** ) **لەدایك‌بوە . . لەتەمەنی ( ٥ ) سالیدا باوکی مرد ، هەر لە ( ٩ ) سالیەوە چو بەگژ ژیانا بونان ، راوچیتیو ، شاگرد نانەوایی‌و ، زەنگ لی‌دەریی** کنیسەو کریکاری‌و زور ئیشی‌تری کردوە . . . وە هەمو روسیا بەپی گەرراوە . . .

● خوی خوی فیری خویندن کردوە ( بەیارمەتی نەنکی ) .

● لەسالی ١٨٩٥ دا چیروکی ( تشیلکاش )ی لەیەکی لەگوڤارە گەورەکانی ( بطرس‌برگ )دا بلاوکردەوە ، وەدوای دوسال بەو بروەوە کومەلە چیروکیکی بلاو کردەوە کە ئەژمیریت بە سەرەتای ناوبانگی .

● لەحکومەتی یەکیتی سوڤیتیدا کرا بە ( قسەکەری رەسمی

خویندەواری‌و زانستی دەولەت ) .

● لەسالی ١٩٢٦دا بەآزاری سنگ لە خەستەخانەی ( مەکسیم گورکی )دا ( کەخەستەخانەیەکبو بەناوی خویەوە ناونرابو ) کوچی دوایی کرد ...

● نزیکەی ( ٣٠٠ ) چیروکی کورتی نوسیوە جگە لە ( روایەت ) وە ( کتیب ) وە ( وتاری ئەدەبی‌و سیاسی ) ... لەچیروکە کورتە بەناوبانگەکانی شەویکی پایز ، بیستو شەش پیاو و کچیك ، ئەرتامانوف وە ( سەیرکەر )ە بەلام لەهەمو نوسنیکی بەناوبانگ‌تر روایەتی ( دایك )ە کە لەروسیا ناویان نابو ( انجیلی شورش ) .

(( کامەران ))

---

**عبدالامیر منصور**

**لەمخزنی عبدالامیر منصور هەرزانیە ، شتی زورباش بەکومەل‌و بەدانە چنگ ئەکەویت : قوماشی خوری چاك ، پیلاوی ئینگلیزی‌و ئیتالی ، هەمو جورە بوینباخیکی جوان .**

**لەبیریشت نەچیت باشترین بەرگ دورووە لەسەر تازەترین شیوەی نوی .**

**ئەوەتا لەسەر — شارع البنك — لەبەغداد .**

# موئتەمەری باندونگ

# و

# ئاشتی جیهان

**گەلانی ئاسیاو ئەفەریقا بریاری پاشەروژی خویانە دوور لەدەستدریژیو تی‌هەلقوتانی روژئاوا .. چەند بریاریکی گرنگ دەربارەی ئاشتیو هەروەزی جیهانو یەکسانیو سەربەخویی هەمو گەلیك .**

لەگەل پیکهنانی جمهوریەتە خوشەویستە کورپەکەماندا ، پیشەوا قارەمانەکانی گەلە نەبەزەکەمان خویان بەستەوە بە بریارەکانی موئتەمەری باندونگەوە . جا بابزانین ئەم موئتەمەرە چیەو بوچی گیراو چی‌یان بریاردا ؟

بیری پیکهینانی ئەم موئتەمەرە لەئەنجامی خەباتی سەختی گەلانەوە بو بەرامبەر بەئیمپریالیزم . یەکەم بانگکردن بو بەستنی ئەم موئتەمەرە لە موئتەمەری کولومبو وە هات ، ئەو موئتەمەرەی کە لە ( ٢٨ نیسان ــ ٢ مایسی ١٩٥٤ )دا بەسترا لەسەر داوای سەرەك وەزیرانی سیلان ، لەو موئتەمەرەدا سەروکەکانی سیلانو بورماو هیندو ئەندەنوسیاو پاکستان کوبونەوەو سەرەك وەزیرانی ئەوسای ئەندەنوسیا « سستروا » پیشنیاری بەستنی موئتەمەریکی ئاسیاو ئەفەریقایی کرد بەجوریکی فراوان ، وە

بریاریشی‌دا که ئه‌و به‌فرمانی پیویست هه‌لسیت .

له ١٥ ئه‌یلولی ١٩٥٤ دا سه‌ره‌ك وه‌زیرانی ئه‌نده‌نوسیا له‌ده‌لهیه‌وه وتی پیویسته له‌سه‌ر ئاسیاییه‌کان بریاری پاشه روژی خویان بده‌ن دوور له ده‌ستدریژی روژئاواییه‌کانه‌وه . هه‌ر له‌و روژه‌دا به‌یانیکی دووقولی له‌لایه‌ن مستر سستروراو نهرو وه ده‌رکرا ، له‌و به‌یانه‌دا ده‌ریان‌خست که هه‌ردوکیان پیك هاتون بو به‌ستنی موئته‌مه‌ریکی ئاسیایی‌و ئه‌فه‌ریقی که سوودی ئاشتی جیهانی تیابیت . دوای ئه‌وه‌ش به‌یانیکی تر له‌لایه‌ن سه‌روکی ئه‌نده‌نوسیاو سه‌ره‌ك وه‌زیرانی بورماوه ده‌رچو خوشنودی خویان پیشاندا بو به‌ستنی موئته‌مه‌ری ناوبراو . انجا ئه‌نده‌نوسیا پرسیاری له‌ده‌وله‌ته عه‌ره‌بیه‌کان کرد بو به‌ستنی ئه‌م موئته‌مه‌ره ، جامعه‌ی عه‌ره‌بی له‌ولامدا خوشنودی خوی پیشاندا به‌مه‌رجیك ئیسرائیلی تیا نه‌بیت .

له‌روژی ٢٨ و ٢٩ ی کانونی یه‌که‌می ١٩٥٤دا له‌شاری - بوجور - له‌ئه‌نده‌نوسیا موئته‌مه‌ریك له‌سه‌روکی پینج حوکومه‌ته‌که‌ی کولومبو پیك هات . له‌و موئته‌مه‌ره‌دا بریاریکیان ده‌رکرد بو بانگیهشتنی به‌ستنی موئته‌مه‌ریکی ئاسیاو ئه‌فه‌ریقایی . هه‌ر له‌و موئته‌مه‌ره‌دا بیریان له‌وه‌ش کرده‌وه که پیویسته چینی میللیشی تیا به‌شدار بیت .

بهم جوره موئته‌مه‌ری ئاسیاو ئه‌فه‌ریقایی پیك‌هات ، وه له‌روژی ١٨ نیسانی ١٩٥٥دا کوبونه‌وه ، وه له‌م موئته‌مه‌ره‌دا ٣٠ ده‌وله‌ت به‌شدار بوو .

روژی یه‌که‌م و دووه‌می موئته‌مه‌ر به‌وته‌ی سه‌روکه‌کان‌و پیکهینانی چه‌ند لیژنه‌یه‌ك برایه سه‌ر . فرمانی ئه‌م لیژنانه به‌م جوره بوو :

**١ ـ هەرەوزی ئابوری ( التعاون الاقتصادی ) .**

**٢ ـ هەرەوزی سەقافی ( التعاون الثقافی ) .**

**٣ ـ مافی مروڤ لەبریاری پاشەروژدا ( حق الانسان فی تقریر المصیر ) .**

**٤ ـ مەسەلەی گەلانی ژیردەستە ( مسائل الشعوب التابعة ) .**

**٥ ـ هەرەوزو ئاشتی جیهان ( التعاون والسلام العالمی ) .**

لەم موئتەمەرەدا سەروك جەمال عبدالناصر دەوریکی زور گرنگی بینی . وە ئەوەی کە لەوتەی کردنەوەی موئتەمەرەکەدا وتی :

**ـ ئەو مەبەستەی کە ئیمە لیرەدا لە پیناویدا کوبوینەتەوە ئەمانەن :**

**١ ـ پیویستە لەسەر هەمو دەولەتیك ریزی دەولەتەکانی تر بگریت ، هەروەها پیویستە ئاگاداری دادی ناوچەیی ( العدالة الاقلیمیه )یشی بکات ، وەئەگەر نەیکرد مانای ئەوەیــە دەستدریژی لەکارو باری ناوخویدا ئەکات .**

**٢ ـ هەمو دەولەتیك مافی هەلبژاردنی هەیە بو هەر یاسایەك کە سوودی خوی تیا ببینیت لەروی سیاسەتو ئابووریەوە .**

لەگەل ئەوەدا کە ئیمپریالیزمو دەستوپیوەنەکانی زور هەولیاندا بو تیکدانی ئەم موئتەمەرە . لەگەل ئەوەدا کە دەسوپیوەنەکانی چان کای چیك چەند فروکەیەکی چینی میللییان خستە خوارەوە . لەگەل هەمو ئەم گیرەشیواندنەدا لەلایەن بەکریگیراوەکانەوە .. موئتەمەر توانی کوبونەوەی خوی هەر بکاتو ئەم بریارانەی خوارەوەدەربکات وە هەمویان پەیرەویشی بکەن لەناوخویاندا :

**١ ـ پەرەپیدانی ئالوگوردی بازرگانیو زانیاری فەنی .**

٢ ـ بەكار هینانی وزەی ئەتوم لەپیناوی ئاشتیدا •

٣ ـ هەرەوەزی تیگەیشتویتی ( الثقافی ) لەبەینی خویاندا بەجوریکی فراوانتر •

٤ ـ خەباتی مافی بریاری پاشەروژ ( تقریر المصیر )وە استنکاری پیلانی جیاوازی رەگەزایەتی ( التمییز العنصری )و دووبەرەکیتی • ئەو پیلانەی کە لەزور جیگادا بەکار ئەهینریت •

٥ ـ بونی ئیمپریالیزم لەهـــەمو شوینیکدا بەلایەو پیویستە کوتایی پی بهینریت •

٦ ـ سەرپیی‌نەواندنی گـــەلان بو ئیمپریالیزم‌و ســـەیتەرەو قورخ‌کردن ناماقولیەو ون‌کردنی مافی مروڤە ، وەپیچەوانەی میساقی نەتەوە یەکگرتوەکانە هەروەها تەگەرەیەکی گـــەورەشە لەریی ئاسایش‌و هەرەوەزی دەولەتەکاندا •

٧ ـ دان‌پیانانی ئازادی‌و سەربەخویی بەهەول‌و تیکوشان وەبانگکردنی ئەو دەولەتانەی کە پەیوەندیان بەگەلە زورلی‌کراوەکانەوە هەیە ، بو رزگار کردنیان •

٨ ـ تەئیدی خەباتی گـــەلانی سەروی ئەفەریقا بەرامبەر ئیمپریالیزمی فەرەنســـە •

٩ ـ تەئیدی مافی گەلی فەلەستینی عەرەبی •

١٠ ـ داماڵینی چەک‌و قەدەغە کردنی چەکی ئەتومی‌و هایدروجینی‌و تاقی کردنەوەیان و چاودیری کردنیان •

وە لەبارەی چـــەسپاندنی ئاشتی‌و هـــەرەوەزی جیهانەوە ئـــەم

بريارانەيشيان دەركرد :

١ — ريزگرتنى مافى مروڤو مەبەستو مەبدەئەكانى ميساقى نەتەوە يەكگرتوەكان .

٢ — ريزگرتنى سەربەرزى هەمو گەلانو پاريزگارى زەوى‌يان .

٣ — دانان بەيەكسانى هەمو رەگەزو گەلانى جيهاندا ، گەوەرەو بچوكيان .

٤ — بەرهەلستى هەمو دەستدريژى‌يەك بو كاروبارى ناوخوى دەولەتيكى تر .

٥ — ريزگرتنى مافى هەمو گەليك بو بەرگرى خوى ، بەپيى ميساقى نەتەوە يەكگرتوەكان .

٦ — بەرهەلستى ئەو خوئامادە كردنە بەرگريانەى كە تەنها سوودى لايەنيكى تيايە لەدەولەتانداو ئەبيتە زيان بو لايەكى تر .

٧ — گەلاخستنى هەررەشەو گوررەشەى دوژمنانەو بەكار هينانى زوروستەم بەرامبەر ئاسايشى ناوچەيەتى‌و سياسى هەر ولاتيك .

٨ — چاركردنى هەمو ناخوشى‌و گيروگرفتى دەولەتان بەخوشى‌و ئاشتيانە .

٩ — پەرەپيدانى بەرژەوەندى‌و هەرەوزى گشتى هەمو لايەك .

١٠ — ريزگرتنى دادپەروەرى‌و پيويستيەكانى دەولەتان .

ئا لەسەر ئەم بەندانە موئتەمەرى باندونگ كوتايى پى هينرا ، وە بلاويان كردەوە كە پاريزگارى‌و ئاموژگارى كردنى ئەم بەندانە ئەبيتە هوى ئاسايش‌و هيمنى هەمو جيهان ، هەروەها هەرەوەزى ئابورى‌و كومەلايەتى‌و زانياريش ئەبيتە هوى بەختياريمان .

(( وەرگيراوە ))




## چون دەرسی هونەر ئەوتریتەوە لەولاتەکەماندا

(( شاخەوان ))

مەبەستم لەدەرس وتنەوەی هونەر لەولاتەکەماندا وینەکردنە بەس چونکە تاوەکو ئیستا بەهیچ جوریك دەرسی موسیقاو نواندن نەوتراوەتەوە بەدریژی سال وەهەمیشە لەپروگرامی قوتابخانەکاندا دانەنراوە . ئەوی هەیە ( وینەکردنە ) .

لیرەدا هیوام وایە بوتان دەرخەم کە زورترین ماموستایانی وینەکردن چون دەرسیان ئەلینەوە وەبەچ جورە تماشاکردنی چاوی تی‌ئەبرن .

وەختیك قوتابخانە ئەکرینەوە ماموستاکان بەپەروشەوە هـەول ئەدەن کە دەرسی وینە وەرگرن وەنەبی لەبەر ئەوەی ئەم دەرسە کەلکیکی زور ببەخشی وەیاخود بتوانی بەهوی ئـەم دەرسەوە کەلکی لی بدوی ( وەربگیری ) بەلکو بەپیچەوانەی ئەوەوە ئەرکی ئـەم دەرسە ئەخاتە سەرشانی خوی چونکە بەسوکو ئاسانی دیتە پیش چاوی . ئەتوانم بلیم ئەم دەرسە بەماندوحسانەوەی خوی ئەژمیری وەپەهلەیەکـە بوئەوەی ماندو نەبی وەبەقسەی خوش بیباتە سەر لەگەل قوتابیەکانی هەندیك لەماموستا بەریزەکان ئەم دەرسە ئەکەن بەدەرسیکی تر وەك عربی ،

حساب میژو . تاوەکو ئەم هەلە بەفیرو نەروات . باورم پی‌بکەن زور جار لەناو خویاندا لیك‌توراون لەسەر وەرگرتنی ئەم دەرسە ئنجا بزانین دەرس وتنەوەی وینەکردن بوچی سوکو ئاسانە وەماموستا ماندو نابن . کەماموستا ئەچیتە ژورەوە وینەیەك بەتەباشیر ئەنەخشینی لەسەر تەختە رەش وەکو ( سیو ، درەخت ، وەیاخود شتیکی کە . وە بەقوتابیەکانی ئەلیت نەخشی‌کەن لەلاپەرەیك‌دا . ئنجا ماموستای بەریز لەسەر کورسیەك دائەنیشی تاوەکو دەرس تەواو ئەبی .

ئنجا ماموستایانی بەریز ئائەمە دەرسی وتنەوەیە ؟ وە ئایە ئەبی ماموستا بەم‌جورە دەرسی وینەکردن بداتەوە تاوەکو ماوەی ( ٤٥ دقیقە ) ماندوی خوی بحەسینیتەوە .

نەخیر بەم جورە قوتابی هیچ کەلك وەرناگری بەلکو هەستو بیری منال ئەخەوینری وەهیچ جورە هەستیك لەکانگای هوشو بیری مندالدا نابزوی . وەئایە ئەبی وچ کەلکیکی هەبی بوقوتابی دواجار بوگەل ئایە بەم‌جورە هونەری کوردستان بەرز ئەبیتەوە . لەپولی یەکەوە تاوەکو شەش بەم‌جورە دەرس ئەوتریتەوە جگە لەهەند قوتابخانە لەشارەکاندا کە ماموستای وینەکردنی تایبەتی بو تەرخان کراوە کە لەمەکتبی هونەر دەرچوە . ( معهد فنون الجمیله ) لەم دوایدا هەمو قوتابخەنەیەك چەند دیناریکی بو تەرخان کرا بو کرینی پی‌ویستی وینەکردن . بەلام چونکە ماموستاکان هیچ سەردەرناکەن لە وینە کردن بەلکو لەدەرسی وتنەوەی وینەکردنیش ئەم پی‌ویستیانە کەلکی لی‌وەرنەئەگیراوە ئەو ماموستیانەی ناونیشانیشی دەرچوبی بەهونەرمەند ئەوە بو کەوا وینەی بەرەنگی کاغەز

ئەگویزتەوە وەئەیخاتە سەر چاو و بەرەنگی ( ألوان زيتيه ) لەگەل ئەوەی رەنگە ئەو وینەیە لەئەمریکا وەیاخود سویسرا ، فرنسا وەرگیراوە کەهیچ پەیوەندیەکی نیە بەولاتەکەمان . هـەندی ماموستا کارەکەی خویان بەرزکردەوە دەستیان کرد بەوینەکردنی ( فريد الاطرش . ساميه جمال وە قوتابیەکانی خویان فیری ( مربعات ) کرد بەم هویەوە قوتابیەکان خویان خەریك کرد بو وەرگرتنی وینەی ئادمیزاد . وە هەر بەم جورەی دوایی کەلە سەرەوە باسمانکرد لەقوتابیە ناوەنجیەکانیش کاروباری خویان ئەهینایە بەر هـەم . وپیشانگای گـەورە گـەورەیان تەرخان ئەکرد لەشارەکاندا .

ایستا بابینە سەر ئەوەی چون ئەبی دەرسی هونەر بوتریتەوە بو ئەوەی ئەو قوتابیە بچوکانە لەدواروژ سودیك وەربگریت لەدەرسەکانی وەبیتە هونەرمەندیك کەوا گەلی کوردستان شانازی پیوە بکات .

وەکو لەژمارەی پیشوا بوم دەرخستن کە هونەر هەستو بیریکە وەریگایەکە بو روناك کردنەوەی گەل وە قوتابخانەیکی گەلە بو ئەوەی بیرو باوری روناك بکریتەوە لەبەر ئەوە ئەو قوتابیە ئەبی لەمنالیەوە ریگای راستی وینەکردنی پیشان بدریت . ئەویش کەوا هانە بدری بو وینەکردنی دەورو پشتی خوی ( محيط ) لەمالەوە لەریگاو بان لە بازارو گوندەکان ، وەهەروەها هانی بدری کەوا هەول بدات کە هەندیك کلولیو خوشیو ناخوشیی گەلەکی وینـە بکات . بەلی لەیەکەم جارەوە ئەو وینەیەی رەسمی ئەکات بەشتیکی ئەنتیکەوە سەیر پیشان ئەدریت . بەلام هەر

ئەو منالەیە کە پەلە سەر ئەکەوی وەچاوو هوشو بیری رون ئەبیتەوە وەئەتوانی کە هەمو جورە ( موضوع ) یك وینەبکات وەپیشانی گەلی بدات لەبەر ئەوە ئەبی ماموستاکەی بزانی قوتابیەکی لە کوی ژیاوە وە ئیستا چون ئەژی بوئەوەی بزانی چ جورە ( موضوعیکی ) بداتی .

ئەگەر خەلکی لادی‌بو هانی بدا بو وینەکردنی شوانو مەر دوشینو مەرومالات ، ئەو خوانوە کونانەی کە لەگوندەکەیانا هەیە ، دروینــە ، داربرین ، کاروان بوشار ، ئاشی ئاو باراش هارر ، ژن هینان وەگەلی شتی‌تر کەوا روئەدا وەئەگەر هاتو جیگاکەی زور جوانو دیمەنی جوانی تیدابو ئەبی هان‌بدری بوئەوەی بەباشی سەیری ئەو دارو درەختو چیایە بکات وەسرنجی بداتی وەهەول بدات کە بەهەستو بیری خوی وینەی بکات . لەگەل ئەمش‌دا ئەبی ئەو قوتابیانە بەش‌دار بکرین بەرەنگو فلچەو کاغەزو قلم وەمەترسی نەبی لەم شتو پی‌ویستیانە بو ئەوە زور ( تجارب ) بکاتو ریگایەك بدوزیتەوە بووینەکردن ئەمە باشترین ریگایە بو وتنەوەی دەرسی وینەکردن لەگەل ئەوەش‌دا ئەبی ئەو ماموستایە لەقوتابخانە ئەو شتانەی باسمان‌کرد هەرشیوەیەك بەگویرەی خوی بەوردی لیکی بداتەوە بو قوتابیەکانی ( شرح ) بکات .

ئنجا ئەی ماموستایانی بەریز بەم‌جورە قوتابیە بچوکەکانت ئەگاتە پایەیەك کەوا ( اعتماد ) لەسەر خوی بکاتو بگاتە ئامانجوە کارەکەی خوی بپەرستی وە لەدوای بروا هەتا سەر .

بەلام بەگویرەی قوتابیە گەورەکان ئەوانەی لەقوتابخانەی ناوئنجی ئەخوینن ئەبی ژوریکی گەورەیان بوتەرخان بکریت بەهەمو پیویستیەکی

رەسمەوە وەك سی‌پایە ، رەنگی زیت ، قلم ، کورسی ، رەنگی ئاوی ، پاستیل ، خلوزی رەسم . وەگەلی پیوستی تریش تاوەکو قوتابی بەهەوەسی خوی هەمو ویستەیەك هەلبژیری وە وینەی‌پی‌بکات . وینەکردن لەژوری رەسم ( مرسم ) بەدوو جورە :

١ ــ (مودیل) یەکیك دابنری نەجولیتەوە قوتابیەکان لەهەر چوارلاوە رەسمی بکەن ئەمەش زور سودی لی‌وەر ئەگیری جگە لەئادەمی زاد ئەتوانن شتیك دابنین وەك گوزە ، دیزە ، گول ، میوەهات ئەمانەش پیان ئەلین شتی بی‌گیان ( أشیاء جامدە ) سودی ئەمانەش ئەوەیە کە لەدواروژ دینەدی بو هونەر مەند .

٢ ــ هانەدانی قوتابی بو وینەکردنی ( موضعیك ) لەبیری خوی بەیادکردن لەژوری وینەکردن وە یاریدەی بدریت لەهەمو پی‌ویستییەك لەئادەمی زاد بەهەجورە جولانەوەیەکی تایبەتی .

ئنجا هیوادارم کەوا ئەم نوسینە سودیکی لی‌وەربگیری تاوەکو لەپاشە روژدا ئیمەش هونەر مەندمان تیا هەلکەویت . وەبگەیینە ولاتانی تر .

هەولیر : شاخەوان

---

## ئاوریك لەشورشە مەزنەکەی عیراق

● پەراویکە میژوی خەباتی عیراق دەرئەخات لە چل‌سال پیش شورشەوە .

● شەوی چواردەی تەموز چی کراو چی رویدا ، هەموی باس ئەکات لەگەل گەلی شتی نەزانراوا .

● تیکوشەرەکانی گەل : چەندیان لی‌خنکا ، چون بەند ئەکران ، بو دوور ئەخرانەوە ؟

● عیراق لەپاش چواردەی تەموزەوە ، هەستی گەل ، بریارەکانی کومار ، وەگەلی شتی تری تیایە .. ئەم نامیلکەیە ژمارە سی‌یە لە بلاوکراوەکانی « هیوا » چاوەروانی بن .

# بروسکەو نامە

**لەم مانگەدا بروسکەو نامەیەکی زورمان بوهاتوە لەبارەی چەند روداویکەوە ، لەبەر بی‌جیگایی نەمانتوانی هەمویان بلاوبکەینەوە ، وە ئەوەی ئەمجارە بلاویان ئەکەینەوە : بوهەر مەبەستیك یەك نوسراو ئەخەینە بەرچاو ، ئەوانی تر تەنها ناوەکان . تکای لی‌بوردنیش ئەکەین .**

**گوڤاری هیوا ـ بەغداد :**

ئیمە کە لەخوارەوە ئیمزامان کردوە زور بەتوندی دووانە کانی نائبی سەرەك وەزیرانی ئیران رەت ئەکەینەوە، ئەو دووانەی کە ئەلیت کوردستانی عیراق بچیتە پال ئیران !!.

ئەو گەلی کوردەی کە خوینی تیکەل بەخوینی برا عەرەبەکانی بوە، لەتیکوشاندا بو رزگارکردنی عیراق وە دامەزراندنی جەمهوریەت ، ئەم دوو گەلە پیکەوە ئەمیننەوە وە بەرەنگاری هەمو پیلانیکی ئیمپریالیزم‌و کونەپەرەستی ئەوەستن ، سەرو مالمان ئەکەین بەقوربانی جەمهوریەتە خوشەویستەکەی کوردو عەرەب ، ئەو جەمهوریەتەی کە پرشنگی ئازادی ئەهاویژی بو ریگەی گەلی کورد لەئیران‌و تورکیا بو رزگار کردنیان . بژی جەمهوریەتە خوشەویستەکەمان‌و پیشەوا پالەوانەکەمان عبد الکریم قاسم بژی برایەتی کوردو عەرەب ،مردن بو ئیمپریالیزم‌و نوکەرەکانی .

( بروسکه ــ لەهاوینه هەواری صلاح الدین‌ەوه : سعید عزیز ، حسین کریم ، فەقی علی ، عبدو شیخ حسن ، حیدر حمزه ، ابو بکر محمود ، قادر عبدالله ، تونس جرجیس ) .

( نامه ــ فریده یونس ناجی ، حوری علی شوقی ، جذیه نادر ، شکریه مجید ، پروین عمر امین ــ لەجیاتی ٩١١ ئیمزا ) .

( نامه ــ حەمه عزیز فتاح ، شیخ محمد محمد ، محمد رشول مختاری گەرەکی سەیداوا ــ لەجیاتی ٨٤٤ ئیمزا ) .

( نامه ــ مەلا گچکه عبدالله ، عزیز صالح ، توما شابا ــ لەجیاتی ٥٦٩ ئیمزا ) .

( بروسکه ــ لەجیاتی ٥٢٨٤ ئیمزا : ملا نعمة الله ، ملا محمد ، رحمان سلیمان شهله ، حسن مصطفی جلال ابراهیم فرهاد ، یعقوب حاجی عثمان ــ لەهەولیرەوه ) .

**گوڤاری هیوا ــ بەغداد :**

ئیمه که لەخوارەوه ئیمزامان کردوه تەئیدی موزەکەرەی ماموستا کورده ئازادەکان ئەکەین دەربارەی پەیرەوی کوردی . چونکه داخوازی هــەمومانه .

( بروسکه ــ لەکرکوکەوه ، گەرەکی شورجه : فیض الله محمد ، قابل عبد الله ، عبد الله حمید ، عبد الله محمد بابا ) .

( نامه ــ کوردەکانی بغداد : سعید بامەرنی ، امین عبدالرحمن ئامیدی ــ لەجیاتی ٨٠ ئیمزا ) .

( بروسكه ــ لەكفریەوه : هاشم برزنجیو هاوریكانی ) .

**گوڤاری هیوا ــ بەغداد :**

ئیمه كه لەخوارەوه ئیمزامان كردوه زور بەشانازیو سەربەرزیو دلشادیوه سلاوی گەرمو گورری تیكوشان پیشكەش بەپالەوانه قارەمانەكەمان ئەكەین كاك عبد الكریم قاسم بەرامبەر بەو پیویستیه میژوییەی پیی هەلسا بو گەرانەوەی سەروكی نەبەزو دلیری كوردستان سەرداری میللەتی كوردی خەباتكەر مصطفی بەرزانیو هاوری ئازادەكانی .

( نامه ــ لەجیاتی ٦٦ ئیمزای گەنجانی كورد لەبەغداد : علی شریف فیدایی ) .

( بروسكه ــ لەهەولیرەوه : صالح حیدری ، مفتی عبدالله حاجی اسماعیل ، حسن مصطفی ، حمید عبدالله توتنچی ، سەید عبدالحمید سەید حسین ) .

( وه لەرانیەشەو نامەیەكی دریژمان بو هاتوه لەلایەن كاك : عزیز صدیق ، توفیق صدیق ، عزیز اسماعیل ، فاتح حمید ، جمال رشید ، باپیر سعید ، ابراهیم ، توفیق ، اسماعیل ، محمد عزیز ، محمد حاجی خضر ، لاوه خضر ــ لەجیاتی ٤٦١٧ ئیمزا ، هەمویان پیخوشحالی خویان پیشان ئەدەن بەرامبەر بەیاسای جمهوریەت ) .

---

**نیگاری بەرگ بەپەنجەمی هونەرمەند كاك خالد محمد سعید كیشراوه .**

# قوتابیانی کوردستانه

نوسینی : مصطفی سلیمان
قوتابی زانستگای ئـەندازە

لەم روژانەدا کە خوری سەربەستیو رزگاری هەموو کونجیکی عراقی گرتوه وه گورانیکی گەورە رویداوه لەژیانی گەلی عیراقدا پیویستە لەسەر قوتابیانی کوردستان لەتیکوشان نەوەستن وه خویان کو بکەنەوه بەجوریك بگونجی لەگەل ویستاوی ئەمرو وه دواروژیکی دوورو نزیکدا . بو ئەمە ئەبی هەمو بیروباوەریکی کونەپەرستانەو باوەرر بەخونەکردن لە میشکمان دەرکەین وه راستی دەوری خومان بزانین لە ژیاندا کـە قوتابی : هەلگری چرای زانستیە ، روونالکـەری ریگەی سـەختو پررکوسپی ژیانە ، پاریزەری ئاشتی جیهانە ، پیشرەوی گەلە لەتیکوشانو خەباتا . جولینەرو پالپیوەنەری رەورەوەی میژوە بو گورانو پیشکەوتن .

قوتابی بربربرەی پشتی نەتەوەیە ، ئەگەر ئەو بربربرەیە یەکگرتو راستبو ئەو نەتەوەیە ئەتوانی ریك بوەستیو سەربەرزکاتەوه لەناو نەتەوەکانی جیهانا وەهەنگاوی پیشکەوتنو سەرکەوتن بنیت لەگەل کاروانی میللەتان ، بەلام ئەگەر ئەو بربربرەیە شکارو پارچە پارچەو یەکنەگرتو بو ئەوا ئەو نەتەوەیە پشت کوماوو ژیرکەوتو ئەبی وه ئەبی بچەوسیتەوه

لەژیر باری گرانی زورداران‌و کونەپەرستا .

قوتابی هەلگری نامەیەکی پیروزە لەریگەی سەرکەوتن‌و پیشکەوتنی مروڤایەتی وە لەپیناوی دواروژیکی کامەران‌وپر رر ئاشتی‌و برایەتی لەنیوانی هەموو نەتەوەکانی جیهانا .

ئەی هاوریانی قوتابیم بومان دەرکەوت کەچەند دەوریکی گرنگمان هەیە لەژیانا ، بوئەوەی بەراستی بەخومان بلیین قوتابی وە پیویستیەکانی سەرشمانمان بەجی بهینین پیویستیمان بەیەکیتیەکە ببیتە : قەلایەکی سەخت ، چەکیکی کاریگەر وە قەلفانیکی پتەو بو پاراستنی وولاتمان لەپیلانی درندانەی ئیمپریالیزم‌و نوکەرانی وە ببیتە تیریکی ئاراستە کراو بو سەرسنگی کونەپەرستان‌و دوژمنانی قوتابی‌و گەل .

بو هینانەدی ئەو یەکیتیە پتەوە ئەو قەلا سەختە پیویستە هەموو قوتابیەك وورد بیربکاتەوە ، دوور بروانی وە جلەو شل نەکا بو سوز ( عاطفە )ی تا لەدواروژدا نەیدا بە کەنەلانی پەشیمانیدا ، لەبەر ئەوە پیویستە لەسەر قوتابیانی کوردستانی ـ عراق لەم کاتەدا کە ـ سەربەستن وە ئەتوانن بیروباوەردی خویان بی‌ترس دەربرن وە لەدەردی دواکەوتنیان بدوین‌و ایش‌کەن بو چارەکردنی ـ بگەرین بەشوین ئەو یەکیتیەدا کەبتوانی رەگ داکوتی لەهەموو گوشەیەکی کورستاندا وە بتوانی ریك بکەوی لەگەل ویستاوی ایستاو دواروژی دوورو نزیکدا ، وەزیان نەبەخشی بەمافی قوتابیانی نەتەوەکانی‌تر بەلکو شان بەشانی هەموو قوتابیانی جیهان بوەستی لەپیناوی ئاشتی جیهان وە رزگارکردنی میللەتانی ژیردەستی

ئیمپریالیزم وه له‌پیناوی مافی چاره‌نوسی نه‌ته‌وه‌كان به‌ده‌ستی خویان .

ایستا قوتابیانی كوردستانی ـ عراق سه‌ربه‌ستو ئازادن به‌هوی شورشی ( ١٤ ) تموزی پیروز ، وه ماوه‌ی تیكوشانو جولانه‌وه‌یان فراوانه‌و توانایان هه‌یه ده‌نگیان بگه‌ینن به‌قوتابیانی جیهان وگه‌لانی سه‌ربه‌ست . به‌لام برا قوتابیكانمان له‌كوردستانی ژیرده‌ستی حكومه‌تی كونه‌په‌رستی تركیاو ئیران له‌ژیر ئه‌و په‌رری زورداری‌و چه‌وسانه‌وه‌دان وه‌كه‌م‌ترین مافی نه‌ته‌وایه‌تیان لی‌قه‌ده‌غه‌كراوه . وه زورداری كلكی ئیمپریالیزمی انكلو ـ امریكی حكومه‌تی‌فاشی تركیا گه‌یشتوته راده‌یه‌ك زمانی زگماكی له‌برا كورده‌كانمان قه‌ده‌غــه‌كردوه نه‌ك بوخویندن‌و نوسین به‌لــكو بو قســه‌كردنیش !!! له‌به‌ر ئه‌مه یه‌كی له‌هه‌ره گرنگترین ایشـه‌كانی یه‌كیتیكه‌مان یارمه‌تی ئه‌و برایانه‌مان وه‌گه‌یاندی ده‌نگیان به‌قوتابیانی ئازادخواز له‌هه‌موو گوشـه‌یه‌كی جیهان . دیسـان ئه‌بی یه‌كیتیه‌كه‌مان بو هه‌موو گوشـه‌یه‌كی كوردستان‌بیت نه‌ك بو پارچه‌یه‌ك ، واته یه‌كیتیه‌كی هه‌تاهه‌تای‌بی وه‌بگونجی له‌گه‌ل ایستاو هه‌زاران سالی‌تردا .

له‌كاتیكدا بیر ئه‌كه‌ینه‌وه له‌دوزینه‌وه‌ی ئه‌و ریگه راسته ئه‌و یه‌كیتیه‌ی ئه‌مانه‌وی ئه‌بی له‌بیرمان نه‌چیت كه له‌ناو كورده‌كاندا له‌زه‌وی كوردستاندا گه‌لی برامان هه‌یه كه‌زمان‌و نه‌ته‌وه‌یان جیاوازه له‌گه‌ل ئیمه‌دا به‌لام هه‌میشـه هاوبه‌شـمانن لــه‌ئازارو ئاواتا له‌خوشی‌و ناخوشیا واتــه هاوبه‌شـمــانن له‌یه‌كیتیكه‌ماندا وه‌هه‌موو مافیكی كه‌مایه‌تی ( اقلیه ) نه‌ته‌وه‌یان هه‌یه .

پیش ئه‌وه‌ی كوتای بینم به‌ووتاره‌كه ئه‌م چه‌ند پیویستیه ( ئانی )ه

که لەسەر هەموو قوتابیەکی نیشتمان پەروەر پیویستە بەدلسوزی وگورج وگولی بەجی بهینی ئەخەمە بەرچاو :

١ - بەصفەتی ئەوەی قوتابی دەستەی تیگەیشتوو خویندەواری گەلە پیویستە هەمیشە هانی هەموو چینەکانی گەل بدات بو بەجیهینانی فرمانەکانی جمهوریەت وپاریزگاری ئاسایشی ناوخو وەدوزینەوەی دوژمنانی گەل .

٢ - هاندانی قوتابیانو چینەکانی گەل بەئافرەتو پیاوەوە بو چونە کوری بەربەبەرەکانی میللی ( المقـاومـه الشعبیه ) لـەریی پاراستنی جمهوریەت لەپیلانی ئیمپریالیزمو نوکەرەکانی .

٣ - کوبونەوەی قوتابیان لەدەوری یەکیەتیکەیان بو پیشاندانی مافـو ویستنە نەتەوایەتیکانیان بەمیری وە پارمـەتی کاربەدەستان بو جیبەجی کردنی ئەو مافانەی کە جمهوریەتی خوشەویست ئەیدا بەقوتابیانی کوردستان وە بو بەرزکردنەوەی رادەی خویندەواری لەناو قوتابیەکاندا .

ئەی قوتابی تیکوشەر بوپیشـەوە لە پیناوی :

ئاشتیو زانیاری ، کامەرانیو خویندەواری .

---

**هوشام مەتاب**

کاك هوشام مەتاب بەرگدرووی چاکە ، لەسەر تازەترین شیوەو بەدلی خوت جلەکانت بوئەدرویت . ئەوەتا لەسەر شەقامی رشید لە « عماره عبدعلی الهندی - راس القریه » سەریکی لیبدە .




تا ئەتوانیت بیربکەرەوە ، بو هەر پرسیاریك چەند کتیبو فەرهەنگیك بخوینەرەوە ، ئەگەر هەر نەتزانی ئنجا پرسیار بکە ، هەتا وەلامیکی زور نەدەیتەوە واز مەهینە .

ئەم پرسیارانەی خوارەوە هەر یەکەی پینج نوختەی لەسەرە . هەولبدە لە پانزە نوختە زیاتر پربکەیتەوە . لەگەل وەلامەکەتا پولیکی دەقلسی کار نەکراو بنیرەو لەگوشەیەکی زەرفەکەوە بنوسە « پرسیار » تا روژی ١٩٥٨/٩/٣٠ وەلام وەرئەگیریت . سەرکەوتوی یەکەم قەلەم پاندانیكو سەرکەوتوی دوەم ژمارەی داهاتوی هیوایان پیشکەش ئەکریت

١ ــ ئەم وشانە بکە بەکوردی :

استغلال ، رسام ، نحاة ، حذر ، کادر .

٢ ــ مانای ئەم وشانە بنوسە :

سوز ، ئیسك ، برەو ، دەروون ، نیگا .

٣ ــ سنووری کوردستانی گەورە بنوسە .

٤ ــ عەرەبانەیەکمان هەیە دوو ئەسپی پیوەیە ، ئەسپیکیان سەرەکەی لە پیشەوەیەو کلکەکەی لەدواوەیە ، بەلام ئەسپەکەی تریان کلکەکەی لەدواوەیەو سەرەکەی لەپیشەوەیەو عەرەبانچیە بیبەزەییەکەش بەقامچی لییان ئەدات !. ئایا عەرەبانەکە بو پیشەوە ئەروات یان

بو دواوه ؟ بوچی ؟

ئەمەش وەلامی پرسیارەکانی پیشومانه :

١ ـ تومار = تسجيل ، پیچراوه .

داستان = روايه .

نزار = غابه = میرگه . دارستان .

پەنگ = عیبره .

پەند = نصیحه = ئاموژگاری .

٢ ـ سندويج = بابوله .

قلم = پینوس .

مربا = خوشاو .

قناة = نوکەند .

انتاج = بەرهەم .

٣ ـ أ ـ هونراوەکه هی خواليخوشبو یونس رؤوف ( دلدار ) بوو .

ب ـ پوپەشمین ، پیشینان .

٤ ـ دەستی مسیو « گریکوری زایتسیف ـ سەفیری سوڤیتی لـه عراق » بوو .

سەرکەوتوەکان :

١ ـ روناك رؤوف سعید ١٦ نوختەی راستبوو ، سەرکەوتوی یەکەم بوو (١) .

٢ ـ جلال دباغ ١٥ نوختەی راستبوو ، سەرکەوتوی دوەم بوو .

---

**(١) تکا له خوشکه روناك ئەکەین که ناونیشانی خویمان بوبنیریت تاکو خەلاتەکەی بو بنیرین .**

# قوتابیانی کورد لەئەوروبا

« پاشماوە »

**ڕوژنامەکانی جیهان باسی ئەکەن ، مەسەلەیەك کە زور دەمیکە لــەناو دەولەتانا باسی لی ناکری لە پەیمانی سیڤری سالی ( ١٩٢٠ ) وە بەلام لەگەل ئەوەشدا مەسەلەیەکی زور گرنگوکوتوپرییە : ئەویش مەسەلەی کوردە .**

لیژنەی ئیداری ( کومەلی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا بەپی‌ی ئارەزوی کونگرەی سیـیەمی کومەلەکە کە لە مونیخ لە ( ٤ ــ ٨ )ی ئابی ١٩٥٨ دا گیراوە شەرەفیارە کە ئەم نامەیەتان بو بنوسی وە هیوای ئەوەی هەیە کە جیهان گویداری ئەم مەسەلەیە بکات وە بەشیوەیەکی تایبەتی دەزگای گشتی ریکخراوەی نەتەویەك گرتووەکان .

**هیوامان لە بەرزیتان هەیە کە ئەو توانانەیە بەکاربهینی کە بەندی ٩٩ یاسای نەتەوەیەك گرتووەکان پی‌ی بەخشیون بو باسی لیکردنەوەی ( دوسییەی کورد ) کە لەلای ریکخراوەی نەتەوە یەك‌گرتووەکانەوە بو ئەوەی ئەو مــەسەلەیەش بچیتــە ریزی ئەرکــەکانی دەزگای گشتی کوبونەوەی ئیستاتان .**

دەزگای نەتەوە یەك‌گرتووەکان ئەیەوی باسی ئەوریگایانە بکات کە ئاشتیەکی گشتی پیك ئەهینن بو هەموو روژهەلاتی ناوەراست وە ئیمەش کە باوەرمان بە ریکخراوەی بەرزی نەتەوەیەك‌گرتووەکان هەیە ئەمانەویت پیتان بلیین کە بە هیچ جوریك ئاشتی بەردەوام نابیت لەم بەشەی جیهاندا

گەر چاری هەموو مەسەلە گەورەکانی نەکری وە بەشیوەیەکی تایبەتی تا بە تەواوی ئەو زورداری‌یە لانەبری کە دوو — چاری گەلی کوردو مەسەلە نیشتمانیەکەی بووە ئەو گەلەی کە دەولەتە گەورەکان لە کونگرەی لوزانی سالی ١٩٢٣ دا زورداریان لی کرد .

**( کومەلی قوتابیانی کورد لە ئەوروپادا ) کە بریتیە لە هەلبژاردەی روشن بیرانی گەلی کورد لـــە دەرەوەدا وە دەنگی ( ١٠ ) ملیون کورد دەرئەبریت کە لە کوردستانی نیشتمانی بەش‌کراوی نیوانی تورکیاو ئیرانو عیراقیاندا ئەژین یاسای ( نظام ) جمهوریەتی تازەی عیراق بەدان نانیا بە بوونی میللی کوردو ناوبردنیا لە مادەی سی‌یەمی دەستورەتازەکەیدا کە جمهوریەت هاوبەشییە لە ماف میللی چونیەکە لە نیوانی گەلی کوردو عەرەبی عیراقدا هەنگاویکی زور فراوان و دانایانەی نا لە ریگای چارکردنی مەسەلەی کوردا . وەپیویستە لەسەرمان کە پال‌پشتیمان دەرخەین بو حوکومەتی عیراق وە بەئاشکرا بلیین کە جمهوریەتی عیراق وینەکی جوانی دا بەتورکیاو ئیران لەم رووەوە بو چاری کوتوپریو دیموقراتیو ئاشتیانەی مەسەلەی کورد .**

ئەم چارە هیچ کارناکاتە سەر ماف هەتا هەتایی هەموو گەلی کورد لە خوبریاری ئەنجامی دووا روژیدا .

**حوکومەتەکانی تورکیاو ئیران بە کەللەرەقییان بەپی نەناندا بە بوونی میللی کورد وە بە بەردەوا میان لە بەکارهینانی سیاسەتی چەوساندنەوەی میللی وە نەزانی‌گەر وە نەهیشتنی ماف میللی ( کردن بە تورك و کردن**

به فارسی ) بەمە زور بـەم زووانە مەترسییەك دروست ئەكـەن بو ئاشتی جیهان .

لەبەر ئەمە ئیمە ئاواتی خومان دەر ئەبرین بە شكم ئەم دوو حوكومەتە پی بنین بە بوونی میللی كوردا وە دانانی چاریك بو مەسەلەكەی كورد كە ئیلهام لە سیاسەتی تازەی عیراقەوە وەرگریت وە ئەمە ئەبیتە هوی چاكە بو ئەم دوو وولاتە وە چاكە بو هەموو گەلانی روژهەلاتی ناوەراست

وە لە دواییدا ئەی خاوەن بەرزیتی هەستی بەرزمانتان پیشكەش ئەكـەین .

سەرەكی كومەل
بەناوی لیژنەی ئیداری كومەلی
قوتابیە كوردەكان لە ئەوروپادا

تی بینی

ئەم نامەیە وەرگیرانی وینە فەرەنسییەكەی ئەو نامەیەیە كە نیراوە بو سكرتیری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان بە ناوی كومەلەوە دەربارەی مەسەلەی كورد .

چاپخانەی نەجاح

ئامادەیە بوچاپكردنی هەموجورە كتیبتو گوفارو نامیلكەیەك بەكوردیو عەرەبی . بەمەكینەی انترتایپ

# باوەڕی بێگەردی هیوا

لە : -

بەغـــداد : ـ ماموستا بەشیر موشیر ـ حیدرخانە .

ســولەیمانی : ١ ـ رؤف معروف ـ خاوەنی کتیبخانای گەلاویژ .

٢ ـ محمد عارف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی زیوەر

کــرکوك : ـ عمر بی کەس ـ شەقامی سیروان

شـــقلاوە : ـ مەخزەن سفین طە ئەحمد خوشناو

هەولـیر : ـ ستودیو سیروان

کـــویە : ـ خاوەنی کتیبخانە حاجی قادری کویی محمد شوان

رانیـــە : ـ عزیز صدیق ـ گوگای بیتوین

هلبجــە : ـ سید حسین ئەمین

زاخـــو : ـ محمود حاجی احمد مکتب التحریر

قەلادزی : ـ نورالدین ملا صابر

رەواندز : ـ علی عبدا[illegible] [illegible]یبخانەی رەو[illegible]دز

خـــانقین : ـ حبیب برزوو . کتیبخانەی س[illegible] و

موصـــل : ـ سید علی ـ مکتة الامین ـ شارع النجفی


چەمچەمال : ـ محمد سەید عبدالرحمن ـ خاوەنی گوگای فەریاد



بشرة الاطفال
شديدة الحسّاسيّة
حافظوا على اجسامهم
باستعمال
صابون
هناء
انتاج شركة استخراج الزيوت النباتية (شركة مساهمة)
چاپخانەی نەجاح ـ بەغداد

# گۆڤاری هیوا

## ژماره ٤ ساڵی ٢  تشرینی یەکەمی ١٩٥٨


هیوا
(( ستالین ))
ژمارە چوار ـ ساڵی دوو

# ناوو نیشانی هیوا

بەغداد شەقامی زەهاوی یانەی سەرکەوتن
تەلەفون ٢٨٤٠٥

خاوەنی ئیمتیاز یانەی سەرکەوتن
مودیری مەسئوول : حافظ مصطفی قاضی

لەپوستەخانەدا تومار کراوە بەژمارەی ٤٩

—( ئابوونە )—

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونە بو دەرەوەی عراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابوونەی سالیـکی لەعراقدا | ٠٠٠ | ١ |
| بو قوتابی | ٧٥٠ | ٠ |
| دانەی بە | ١٠٠ | فلسە |


پارەی ئابوونە پیشەکی ئەدریت
وە بەم ناونیشانە ئەنیریت
بغداد : الصالحیة ٤٠ب/٨٤
( حافظ مصطفی قاضی )

# هیـــوا

گوڤاریکه بوبەختیاریو بەرزکردنەوەی پلەیزانیاریت تەرخانکراوە

ژمارە ــ ٤ ــ سالی ــ ٢ ــ تشرینی یەکەم ــ ١٩٥٨ م ــ ٢٥٧٠ ك


## ریگای راست




ئەوا سـی مانگی تەواو تیپەرری بەسـەر شوررشە پیروزەکەماندا ، لەماوەی ئەم سی مانگەدا گەلی سەرکەوتنو مژدەی خوشو ئـەنجامـی بەکەلکمان دی • گومانی تیانیە کە لەمەودواش کات لەدوای کـاتو روژ لـەدوای روژ هەنگاوی گـەورەتر ئەنیینو مژدەی خوشـتر ئەبیسینو پلەی بەرزتر سەرئەکەوین •

هەر لەماوەی ئەم سی مانگەشدا هەستمان بەهەندی شتی بەداخو ناخوش کردوەو ئەکەین کە بونەتە تەگەرەیەکی گەورە لەریی جولانەوەی نیشتمانیداو گرییـەکن لـەریی پیشخستنی جمهـوریەتە کورپەکەماندا • ترسناکترینی ئەمتەگەرانە : ناکوکیو دووبەرەکی ناو

خومانه !. بەراستی جاری وا هەیە کە ئەگاتە رادەیەك مروڤ نایەت بەدەمیا کە بیگێڕینەوە !. سەیریش ئەوەیە کە ئەم ناکۆکیانە ، بەتایبەتی لەکوردستانی عیراقدا ، بنچینەیەکی نیەو لەسەر هویەکی زانراو نیە . بەلکو بەشی زوری لە نەزانینو (( سوئی تەفاهوم ))ەوەیە . چونکە ئەمرو نەتەوەی کورد لەعیراقدا زوربەی زوریان یەك ئامانجو یەك بیروباوەڕیان هەیە ، وە یان زور لەیەکەوە نزیکن . فەرمو ئەوە :

پاراستنی جمهوریەت .. برایەتی کوردو عەرەب .. دانی هەمو مافیکی نەتەوایەتی بو نەتەوەی کورد لەعیراقدا .. یەکیتی .. بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو .. بە هیز کردنو چونە ناو بەربەرەکانی میللیەوە .. بەرهەلستی هەمو پیلانو هیرشیکی دوژمنانە لەناو و دەرەوەی ولاتدا .. برایەتی سوڤیاتو هەمو نەتەوەکانی تری جیهانو بەستنی پەیمانی دوستایەتی لەگەلیاندا ... هتد .

ئا ئەم دروشمانە بخەینە بەر دەمی هەر کوردیکی نیشتمان پەروەرو هەر کومەلیك یا پارتیك ، لەو باوەڕەدام کە لاری لییان نیەو بەهەمو توانایەکیەوە لەپیناویاندا تیئەکوشیت .

کەوابو ئەمرو زوربەی زوری ئەندامو کومەلو پارتەکان ، لەگەل جیاوازی بیروباوەڕیشدا ، لەکوردستانی عیراقدا لەپیناوی ئەو داخوازیە بەشدار ( مشترك )ا نەدا تەقەلا ئەدەنو خەبات ئەکەن . بەلام ئەی بوچی یەكناگرنو لەژیر ئالای بەرەیەکی نیشتمانی یەکگرتوودا پیکەوە تیناکوشن ؟. بی گومان وەکو لەسەرەوە وتمان هوی (( سوئی تەفاهومە )) .

جا لیرەدا پیویستی گەورە ئەکەویتە سەر شانی ئەو کەسانەی کـە هەست بەم راستیە ئەکەن . ئەبی ئەوانە بو نەهیشتنی ئەم ناکوکیە کنەوە بکەنو بلین با جاری (( نوقاتی خیلاف )) بخەینە لاوەو قسە لە داخوازیە بەشدارەکان بکەین . ئەبی ریگەی ئەو نەزانو گیرە شیوینانە نەدەن کە هەمو تیکوشانیکیان بوتە باسی (( ئەشخاس )) کردن . ئەبی زور لەکومەلەکانیان بکەن بو یەکگرتنو ریکەوتن . ئەمەیە ریگای راست ئەگەر بمانەویت بگەینە دوا روژیکی بەختیار .

* * *

ئەمەویت هەر لەم هەلەشدا راستی ئامانجی گوڤارەکەمانتان بو دەرخەم .. تا ئیستا گـەلی رای سەیرسەیر بەرامبەر ئـەم گوڤارە دەربرراوە !. فلان کەس کە چاوی بە وتارەکەی فیسار کەس کەوت لچیکی لیهەلقورتانو وتی ئەمە لەوانە ! هەروەها فیسار کەسیش کە چاوی بە وتارەکەی فلان کەس کەوت خیسەیەکی لیکردو وتی لەئیمە نیە لەوانە !!. بەلام لەراستیدا نە لەمانەو نەلەوانە ، بەلکو گوڤاری هەمو نەتەوەی کوردە ، گوڤاریکە تەرخان کراوە بو بەختیاریو بەرزکردنەوەی پلەی زانیاری میللەتەکەمان ، لەبارەی بلاو کردنەوەی نوسینەوە تەنها سەیری نوسینی بەکەلکو بەهیز ئەکەین ، گوی نادەینە جیاوازی بیرو باوەری نوسەر . ریگەش نادەین بەو کەسانەی کە ئەیانەویت خویانمار بەسەرا فەرزکەن . چونکە ئیمە ریگای راست لەم شیوەیەدا ئەبینین .

# کوردو کوردستان لەرۆژهەلاتی ناوەراستا

بەپینوسی : مستر ادموندس ــ وەرگیری : انور محمد قەرەداخی

**لەروژنامەی (( دیلی تەلگراف ))ی ئنگلیزیدا مستر ادموندس کە وەختی خوی ئاموژگاری کەر بوە لەوەزارەتی ناوخوی عیراقدا ، وتاریکی لەسەر کوردو کوردستان نوسیوە لەروژی ١٩٥٨/٧/٢٢ دا واتا هەشت روژ دوای شورشە مەزنەکەمان . منیش دوای خویندنەوەی بەپیویستم زانی کە هەندیکی وەرگیرم .**

**(( وەرگیر ))**

نیشتمانیك هەیە کە لەخواروی تورکیاوە بو ارمنستانی سوڤیتی دەست پی ئەکات ، وە لەویوە بەرەو خوار بو ئیرانو عیراق تا ئەگاتە سوریا ، کە پیی ئەلین کوردستان . ئەم نیشتمانە بەشی زوری بەرزاییو شاخاویە ، تیگررا هەوایەکی خاوینو خوشی هەیە بوژیان ، هەرچەندە کە هەندی جار زور سارد ئەبیت .

ئەم نیشتمانە لەخواروی روژئاوایەوە دریژئەبیتەوە بو میسو پوتامیا ( عیراق ) . کەرکوك یەکیکە لەشارەکانی کوردستانی عیراق ، بەهوی ئەو بیرە نەوتانەی کە تیا هەلئەقولی ، بەیەکیك لەشارە هەرە گەورەکانی کوردستان ئەژمیرری .

ژمارەی دانیشتوانی کورد لەکوردستانی عیراقدا نزیکەی دوو ملیونە بەلام ژمارەی کورد لەولاتەکانی تردا تائیستا بەتەواوی نەزانراوە ، بەلام من بەو بونەیەوە کە زور لەم ناوچانەدا ماومەتەوە ، ئەتوانم بە « تقدیری » بلیم کە لەتورکیادا دووئەوەنەی ژمارەی کوردی عیراق ئەبیت و بگرە زیاتریشە . وە ژمارەی کورد لەکوردستانی ئیراندا لە ٣ ملیون زیاتر ئەبیت ، بەلام ژمارەی کورد لەسوریادا لە کوردی عیراق کەمترە .

## هیوا هەر ئەمینی !؟.

زور لەکونەوە کورد لەژیر دەستی بیگانەدا ئەژی ، بەلام بیری کوردیەت زور لەکونەوە تو وی بو ئەچینریت . کورد گەلی چەشن ژیانی پیشان درا ، بەتایبەتی لەزەمانی عوسمانیەکاندا . دوای شکاندنی سوپای عوسمانی لەسالی ١٩١٨دا و بەگویرەی ژمارە دوانزەی پروگرامە ئاشتیەکەی سەروك ، ویلسن ئەلی هەرچی تورك نیە لەم امپراتوریەتەدا « امپراتوریەتی عوسمانی » ئەبی هەمو مافیکی میللیان بپاریزریت هەروەها مافی قەومیان بدریتیو خویان حوکمی خویان بکەن . لەکونگرەی ئەم پروگرامەدا وەفدیکی کوردیش بەشداربوو بوپیکینان . ئەم پروگرامە ئاشتیە لەمانگی آبی ١٩٢٠دا ئمیزا کراو دانرا بە ولاتە عەرەبیەکانیشا وەکو حجازو سوریا ، هەروەها بەئەرمەنستانو کوردستانیشا کە ماوەیان بدریتیو هەولیان بو بدری بو سەربەخویو پیکهینانی دەولەت لەخویانو بوخویان . هەروەها بریاریان لەسەر ئەوەدا کە روژهەلاتی تورکیا بو ئەرمەنستانو ولایەتی موصل « موصل ـ هەولیر ـ کرکوك ـ سلیمانی »

بو کوردستان بیت . هەروەها پەیمانیشیاندا بو پیوەنوسانی کوردستانی ئیران بەولایەتی موصلەوە بوکوردستان . بەلام لە بیشانسی کوردا ئەم پەیمانو پروگرامە سەری نەگرتو وازی لی هینرا . ئنجا پەیمانی « لوزان »ی بەسەرا هات کە لەمانگی تەموزی ۱۹۲۳ دا بەپیی ئەم پەیمانە دانرا بەولاتە عەرەبیەکاندا بەلام باسی کوردستانو ئەرمەنستان لەم پەیمانەدا نەکرا . دوای بەستنی پەیمانەکەش ئنجا تورکیا دەستی کرد بە داواکردنی ولایەتی موصل ، وە لە ئەنجامدا سنورەکان نیشانە کران ، ئەمیش بەهوی کوبەنەوەیەکەوە کە لەئەنقرەدا پیکهات ، لەبەینی کاربەدەستانی تورکیاو عیراقدا بەچاودیری ئنگلیز ، بەپیی ئەم کوبونەوەیە ولایەتی موصل بوعیراق مایەوە .

هیوای ئازادکردنی کوردستان هەر مایەوەو هەرگیز لەبیر نەچوەوە ، لەپاش سالی ۱۹۲۰ گەلی ناکوکی رودیدا لەبەینی کوردەکانو کار بەدەستانی تورکیادا . هەروەها لەسالی ۹٤٤ — ۹٤٥دا کوردە موکری‌یەکانی ئازربایجانی ئیران کە زانیان حکومەت لەوبەینەدا بی هیزە ، هەولیاندا بو پیکهینانی « کوماریکی کوردی مهابادی » .

کورد لەعیراقدا لەهەمو جیگاکانی تری کوردستاندا باشتر لەگەلیان جولاونەتەوە ، چونکە ژمارەی لە ۳ یەکی هەمو دانیشتوانی عیراق زورترە ، لەبەر ئەمە هەندی مافی میللیان دابونی کە لەهیچ جیگاکانی تری کوردستانا نەیاندراوەتی وەکو خویندن بەزمانی کوردی‌و فیرکردنیان ، وە بەشی زوری کاربەدەستانی کوردستانی عیراق کوردن ، هەروەها هەمیشە یەکدو وەزیری کورد لەهەمو وەزارەتیکدا هەبوون .

کورد لەبەر ئەوەی کە ئیسلامە ، لەگەل عەرەبەکاندا یەکگرتوو یەك باوەررن بەرامبەر حکومــەتی جولەکەکان ، چونکە ئــەو جیگایە بەناوچەی ئیسلام ئەژمیریت . هەروەها کوردی عیراق زور رقیان ئەبوەوە لە یەکگرتنەکەی عیراق‌و اردن ، بەتایبەتی لەناوەکەی کە پییان ئەوت « اتحادی عربی » وەهیچ باسیکی کوردی تیا نەبوو .

لەپاش شــەرری گیتی دوەمــەوە کوردەکان لەکوردستاندا زور بی‌دەنگن ، بەتایبەتی ئەو سالانەی کەلەبەینی ۱۹۲۰ – ۱۹٤٥دا بوە زور کاری کردە سەر ژیانیان کە ئیستاش هەندی لەبرینی ئەو سالانە چاك نەبوتــەوە .

بەلام وەکو بیسرا بەهوی شوررشەکەی سوپای عیراقەوە ، کورد لەکوردستانی عیراقدا زور مافی راستی قەومیان پی سپیرراوە ، وەهاوبەشن لەم جەمهوریەتە تازەیەدا لەگەل عەرەبەکاندا .

ئەتوانم بەهوی تەجاریبی کونمەوە بلیم کە کوردەکان لەعیراقــدا ئیستا زور پیخوشحالن بەم شورشە وە گومانم نیە هەول ئەدەن بو پاراستنی جەمهوریەتەکەیان لەگەل عەرەبە کاندا .

« سی . جی . ادموندس »

---

## کومەلی ئاوازی کوردی

« لەبەغــدا »

ئەم کومەلە نیازی وایە کە ئاهەنگیکی گەورە پیك‌بینیت لەشاری بەغدادا بــەم نزیکانە . ئاهەنــگەکە پیك‌دیت لــە تەمسیل‌و گورانی‌و موسیقاو چوپی .

کومەل داوا لەهەمو گەنجە کوردە هونەرمەندەکان ئەکات کە بین ببن بە ئەندام ، تاکو کومەل بتوانیت بەفرمانەکانی هەلسیت بەریکوپیکی .

هەمو روژیکی هەینی لیژنەیەك لەیانەی سەرکەوتن کوئەبیتەوە بو وەرگرتنی ئەندام . بوزانین‌و مەرجی ئەندامیتیش لەگەل لیژنەدا قسە ئەکریت . ئەوەش بزانن کە ئەم کومەلە ئامانجی پیشرخستن‌و بوژانەوەی هونەری کوردیە . وە ئامادەیشە بو وەرگرتنی هەمو پیشنیاریك کە سودی گشتی تیا بیت .

# قوتابیانی کورد لەئەوروپا



**نامەیەکی تر لەکومەلی خویندکارانی کورد لەئەوروپاوە وەدەربارەی خەباتی بی‌کولدانیان لـە پیناوی سـوودی قوتابیانی کوردو عـەرەبو هـەمو میلەتانی تردا .**

**کومەلی خویندکارانی کورد لەئەوروپا ــ لقی ئەلمانیا**

( لەبارەی بەیانی لیژنەی بەریوەبەری یەکیەتی قوتابیانی عەرەب لە ئەلمانیای روژئاوادا ) .

لەم روژەدا روژی بزوتنەوەی نەتەوایەتیو بەتین‌کردنی جولانەوەی نیشتمانی گەلانە لەریگەی رزکاربونو سەربەخویی دا لەریگەی سەندنی مافی چارەنوسی خویاندا ، لـەم روژەدا کە هـەمو جورە بیروباوەری دوژمنایەتی بەینی گەلان لەناوچووەو بیروباوەری برایەتیو دوستایەتی جی‌ی گرتوتەوە زور جی‌ی داخـە کە ئەبینین هیندی دەستە ئـەو سەرکەوتنەی گیتی بەسەر ئیمپریالیزمی فاشستیدا وەری‌گرت ئەخەنە ژیر پی‌و لەخوبایی‌بونی کویرانەی نەتەوایەتیان وای لی‌کردون کە باوەر بە بونی گەلانی تر نەکەن وە خەباتیان بخەنە ژیر پی‌و ئەو دەستەیە نەکولی بونی گەلی کورد ئەکەن ئەم گەلە کونە میژویە وە هەول ئەدەن بو توانەوەی لەناو گەلانی تردا‌و سرینـەوەی ناوی لەجیهانا ، ئـەو

کردەوەیەی کە هەتا ئیستعماری فاشستی نەیتوانیوە لەگەل هیچ گەلیکی ترا بیکا بەلی لەم بارە نویەی جیهانا ــ لەم روژە پیروزەدا کە کاتی برایەتی دوستایەتی گەلانی جیهانە ــ لیژنەی بەریوەبەری یەکیــەتی قوتابیانی عەرەب لەئەلمانیای روژئاوادا ئەم بەیانە استفزازیەی دەرکرد :

یەکیەتی قوتابیانی عەرەب لەئەلمانیای روژئاوادا

لیژنەی بەریوەبەر ــ میونیخ .

بەیانی لیژنەی بەریوەبەری یەکیەتی قوتابیانی عەرەب لەئەلمانیا ، لەبارەی « کونگرەی سیهەمی کومەلی خویندەوارانی کورد لەئەوروپا » لە ٨/٤ آب /١٩٥٨ لە میونیخ لەمکاتەدا کە نیشتمانی عەرەبیمان بیاتی بەریو گەلی عەرەبمان خەبات ئەکات لەریگای ئازادیدا وەلەم کاتەدا کە هیزی ئیستعمار شالاوی بردوتە سەر أردنو لبنانو هەررەشە لە هەمو ئیمەی عەرەب ئەکا ئەبینین کە کومەلی خویندکارانی کورد کونگرەیان بەستوە و لەبەرئەوەی کە وولاتی عەرەبی ئیمە لەم روژانەدا بە زروفیکی مەترسیدا تیئەپەرری بیویستە لەسەرشانی هەمو کەسیك کە ( جنسیەی عەرەبی !! ) هەبیت تیبکوشی بو بەهیزکردنی ئەم یەکیە تیەی نیشتمانی عەرەب بورزگارکردنی هەمو بەشەکانی وەئاشکرایە هەمو جورە تەیاریکی جیابونەوە هەن باسکردنیش خزمەتی ئەوانە ئەکات لەم روژەدا کــە ئەیانەوی نەتەوەی عەرەب بیهیز بکەن وە بزوتنەوەی نەتەوایەتی لەریکەی راستمانا رزکارکردن دوربخەنەوە وە لەناوی بەرن وە لەپاش لیکولینەوە لەکومەلی خویندکارانی کورد لەئەوروپا وەئەو کەسانەی کە لایەنگریان ئەدات و لەراستیا بەرهەلستی نەتەوایەتی عەرەبی وە لیی ئەترسن .

كومەلەکەمان — ی . ق . ع دەری ئەبری کــە بونی کومــەلی خویندکارانی کورد لەئەورویادا مەترسیەکی زوری هەیە بوسەر نەتەوایەتی عەرەب !! وە لەبەر بەلکرتنی قوتابیانی ئەلمانیاوە لیژنەی بەریوەبەر ئــەم بریارە دەرئەبری لەسەر روشنایی ئەم نقطانەی خوارەوە : —

١ — دروستکردنی کومــەلیکی قوتابیانە لەئەلمانیا کە هــەندی برایانی تیادابی !! دوژمنی یەکیەتی قوتابیانی عەرەبە لەئەلمانیا وە دیسانەوە بانككردنی ئەم کومەلە بوئەوەی برایانی تری عەرەب ئیشی لەگەل بکەن جولانەوەو یەکیەتی قوتابیان بی‌هیز ئەکات .

٢ — بەتەنها دروستبونی کومەلەکە ( بەرهەلستی )دەستوری ئیمەیە چونکە ئامانجی ئیمە کــە دەستور تەحدیدی ئەکا نابیت بەرهەلستی نەتەوایەتی عەرەبی بیت .

٣ — چونی هەندی ئەندامان بو ناو ئەوکومەلە ( بەرهەلستی ) صفەتی ئەندامەتیە کە لەمادەکانی دەستوردا نوسراوە ( بەشی ئەندامەیەتی — ئەندامانی بیشکەر — مادە ( ١ ) و ( ٢ ) . )

٤ — مخالەفەی مادە ( ٣ ) لەبەشی ئامانجو چالاکی یەکیەتی بەدانانی کومەلیکی عنصری وە ئیشکردن بو بلاوکردنەوەی بیروباوەریك بو زیانی قەومیەتی عەرەبی ( مادە ( ١ ) بەشی ئەندامانی ئیشکەر ) .

٥ — لەگەل ئەوەدا کە ناوی کومەلەکە کومەلی زانستیە ئەبینین کــە بەتەواوی باسی سیاسەت ئەکا وە داوای گرتنی کونگرەیکی کوردی کشتی کردوە . وە هەول ئەدا بو لیكپچراندنی بەشیك لە نیشتمانی عەرەب نەك هەر بەهوی برایانی ئەصلی کوردی بەلکو برایانی عەرەبی

ناو و دەرەوەی نیشتمانی عەرەبی !!

٦ - لەمادە ( ٣ ) بەشی ئەندامەتی کومەلی خویندکارانی ئەلیت هەمو ئەندامیك هەتا پاش گەرانەوەشی بو نیشتمان بەئەندام حسیبە بەمانا بلاوکردنەوەی بیروباوەری دووبەرەکیو بەشکردنی نیشتمانی عەرەب پاشگەرانەوەیان لەم کاتەدا کە نیشتمانی عەرەب پیویستی بەیەکیەتی وە پتەو کردنی پەیوەندی هەیە .

٧ - لەمادە ( ٢ ) بەشی ئەندامەیەتی - کومەل - ئەلیت قوتابی کە لەئەصلی غیر کوردی بی وەیان ئەوانەی کەوا ئەیانەوی خزمەتی کومەل بکەن ئەتوانن ببن بە ئەندام - مانای ئەوەیە ئەمە نەك هەر یەکیەتیەکی قوتابیانەیە ضدی یەکیەتی قوتابیانی عەرەب بەلکو لایداوە لەریو شوینی قوتابیانە .

٨ - بەکارهینانی کومەل بو ئەم بارە گرنگەی عراق کە گەورەترین خزمەتی ئیستعمار بکات - ئەو ئیستعمارەی کە هەمیشە ئەیەوی یەك میللەت بکا بەچەند بەشیکەوە بو خزمەتکاری خویان - وە لەم روژەدا ئەیا نەویت میللەتی عەرەب بەدوبەش دەربخەن بو ئەمەی بتوانن راستی ئەم میللەتە کەم بکەن لەبەر ئەم هویانەی سەرەوە لیژنەی بەریوەبەر : -

١ - داوا لەئەندامانو هەمو قوتابیان ئەکات کە دورکەونەوە لەم کومەلە وە نەجیتە ناوی چونکە ئەمە ناگونجی لەگەل دەستوری یەکیەتی قوتابیانی عەرەب ئامانجەکانی میللەتی عەرەب .

٢ - داوا لە ئەندامانی کومەلی خویندکاران ئەکات پاشئەوەی کە بویان

دەرکەوت ترسی جەند زورە کە بەزوو ترین کات بینە دەرەوە لی‌ی وە
هیچ جورە یاریدەیەکی نەدەن .

٣ ـ بو ئەندام لەم کومەلەو یەکیەتی قوتابیانی عەرەب لە عەینی کاتدا جەزای هەیە بەپی‌ی مادە ( ٣ ) بەشی ئامانجو چالاکی . و مادە ( ١ ) و ( ٢ ) بەشی ئەندامەتی . وئەندام ئەخاتە بەر عقوباتی ( سزا ) یەکیەتی ئەگەرچی ئەم روداوە تەمسیلی بیری هەندی قوتابی زور کەم ئەکا بەلام بەباشمان زانی کە ئەم بەیانە دەرکەین وە دەری خەین چونکە زیانە بو بزوتنەوەی قوتابیانەو نەتەوایەتیمان .

**لیژنەی بەریوەبەر**

**لیژنەی زانیساری**

وە بو وەلام دانەوەی ئەم بیروباوەرە ناراستە ئەمانەوی ئیمەی کومەلی خویندکارانی کورد ئەم راستیانەی خوارەوەیان بو دەربخەین .

١ ـ بانگی کونگرەی سیهەمی کومەلی خویندکارانی کورد لەئەوروپا کە گیرا لە ٨/٤ آب / ١٩٥٨ لە میونیخ داوا لە هەمو پارتو ریکخراو کومەلو شەخصانی نیشتمانی ئەکات لە کوردستانی خواروداو بەبی جیاوازی بیرو باوەری سیاسیان ، کە کونگرەیەك بگرن تەعبیر لەرەئی گەلی کوردستانی خوارو بکات ( کوردستانی عراق ) بو تەئیدی جمهوریەتو جولانـەوەی نەتەوایەتی رزکاری هینەرەی عەرەب لە هەمو کونجیکی نیشتمانی عەرەبیدا . وە تأکید بکەن لەم کونگرەیەدا بو یەکیەتی مەسلەحەتی کوردو عەرەب وە بو ئەوەی ئەو کونگرەیە بتوانیت هەمو باریکی ئەم بەشە لەکوردستان بگەن .

وەبریار دەرکەن بو جاکردنیو باشکردنی لەروی کومەلایەتیو بەریوەبردن وە زانیاری وە نەتەوایەتیەوەو بیشانی حکومەتی جمهوریەتی عراقی بدەن بو سەیرکردنیو جیبەجی کردنی وە کونگرەکەمان داوات لی ئەکا کە لیژنەیەکی دائمی هەل بژیرن .

٢ ــ بریارەکانی کونگرەکەمان : ــ

١ ــ لایەنگری تەواوی جمهوریەتی عراق کە لەدایك‌بونی لیدانیکە بو ئیستعمار لەروژهەلاتی ناوەراست وە هەنگاویکە بو رزکاربونی گەلانی ژیردەستی ئەم ناوچەیە و لەریی هینانەدی ئامانجەکانیان لەئاشتی و سەربەخویی‌و دیموکراتیدا . وە لەبەینی ئەم گەلانەشدا گەلی کورد کە ئیمپریالیزم بەش‌بەشی کردوە وە لەهەمو مافیکی بی‌بەشە .

٢ ــ پیشاندانی نارەزایی بەرامبەر هیزی ئەنگلو ئەمریکی لە ئەردەن‌و لبنان کە چونە دەروەیەکی ئاشکرا یە لە میثاقی نەتەوە یەك گرتوەکان وە هەول دان بو کشانەوەی ئەم سپایانە .

٣ ــ بەرهەلستی هەمو پەیمانیکی سوپایی وە بەتایبەتی پەیمانی بەغدا کە نفوذی ئیمپریالیزم لە روژهەلاتی ناوەراستدا بەهیز ئەکا وە رزکاربونی ئەم ناوچەیە دورئەخاتەوە کە گەلی کورد یەکیکە لەمانە .

٤ ــ باوەر پیکردنی مافی بریاری پاشەروژی میللەتانی ژیردەست کە گەلی کوردیش یەکیکە لەوانە وە بەتایبەتی لە کوردستانی ترکیاو ایرانی دا گیرکراودا .

٥ ــ هەلگرتنی بیروباوەری کونگرەی یەکەمی کومەلەکەمان کە لەفیزبادن

**بروانە لاپەرە ٨٣**



# بو فریشتەی ئاسایش

ئەم هونراوەیە لەروژی ٩٥٠/٦/٢٥
دا لە بەندیخانەی کوت دانراوە ، هەتا
ئیستا بەئاشکرا بلاو نەکراوەتەوە .

(( دلزار ))

بو تو سوپاس‌و ستایش
فریشتەی پاکی ئاسـایش
گولی چلی هیوای گەلان
ئەوازی بەرزی ری‌ی ژیان
تـووناکـەری قـاروقـانـی
داهینەری خوشـی‌و هاتی
لابـەری هـەوری مەینەتی
دوابرری دەردی برسـیەتی
شنەی شـەمالی دلشادی
مزگینـی هینـی ئـازادی
رووی میللەتانت تی‌ئـەکەم

داوای یارمەتیت لی ئەکەم
ئامانجی بەرزم هەر ئەتوی
بو گەلان پشتیوان‌و هوی
بی : بولبولی گولی ژینم
فریشتەی پاك‌و نەخشینم
بەرەو باغچەی گەلان بفررین
ئاوازی ئاسـایش بچررین
بی : گیتی پرر مەترسیە
بی : خـەلك رووتو برسیە
بازرگانانی مەرگ‌و شـەرر
لەهەلپەدان بو زیوو زەرر

وەك قەلی شووم قیرەدارن
بوجەنگ بەهاتو هاوارن
خەریك فیلو دانانەوەن
كە بی ئوقرەو حەسانەوەن
چەرمەسەری گەلان ئەدەن
سەرو مالیان تالان ئەكەن
پرروژەهای ئیمپریالی
دائەنین وەك هی مارشالی
بو ئەوەی تادنیا مابی
ژینیان چونە هەر ئاوابی
هەروا دررندەو خوینمژ بن
تالانكەرو گەلان كوژ بن
بی: ئەی دروشمی سەربەستی
لەناوبەری دیلیو پەستی
زەمین بیوەستان با لیكدەین
پرروژەهای دوژمن تیكدەین
بەیداخی ئاسایش هەلكەین
دیوی جەنگ هەلگیرسین پەلكەین
ئاسایش خواهانی بەریز
تا پشت ئەستووركەینو بەهیز

ئەبی بەگیتییا جارر دەین
دەوری هیزی ئیستعمار دەین
كومیتەی ئاسایش خوازان
لەگشت لا ریكخەین بیوچان
تیكوشین لەریی بەربەستی
شالاوی دیوی فاشستی
ماوەی پەلاماری نەدەین
ئامانجی پیسی دەربخەین
با گەلان تیكرا هوشیار كەین
لەراستیان ئاگادار كەین
تییان گەیەنین بو بمرین
یەكتر بكوژین، بدررین، ببررین ؟
بو لەنیشتمانانی. نەوت ،
كە بوتە كانگەی زوروزەوت ،
خوینی سوورو رەش تیكەل بن،
هەزاران هەزار پەلپەل بن ؟
بو خاكو خولمان ویران بی
بەشمان لەجیی ژیان ژان بی ؟
بو بەهوی ئیمپریالستان
زەمین بكری بەگورستان ؟

بو لەری‌ی ئاسایش لادەین
یەکتر بەرەو مردن رادەین ؟
بو بەئەتوم هیدروجین
سەراسەر خاپوور بی زەمین ؟
بی : بابروین بو ئەوروپا
بو ناوچانی تیپو سوپا
بو ناو کارخانە جاتەکان
بوجەرگەی کان‌و کارگەران
بو ولکەی دولارو دراو
کانگەی رەنج‌خورو رەنج‌خوراو
بو ئەمریکای ئیمپریالست
کە بو ژین بوتە بەرهەلست
بو شاری مارشال‌و هوڤەر
بو پایتەختی خەلفەی هتلەر
دیوی و ئەچیسن راکیش کەین
نامەی گەلانیان پیش‌کیش کەین
چەرچل ، بیڤن ، ئەتلی ، ئیدن
شومان ، رینو ، بیدوی خائن
با ئاگادارکەین بیتو گەر
ببنە هوی داگیرسانی شەر
ئەتوم‌و دولار داد نادا
مالیان ئەررمی لەبنیادا
قینی گەلان ئەبیتە گرر
هەلیان ئەپرروکینی لەپرر
تەخت‌و بەختیان وەرئەگیرری
بولای هتلەریان ئەنیری !!

—(( دلزار ))—



# زانست و ژیان

× زانا روســـەکان لەزانستگای دەرمان‌سازی‌ی خارکوف توانیویانە چەشنە دانە ( حب )یك دروست بکەن بو چارەکردنی تەوژم ( ضغط )ی خوین . کارخانەکانی دەرمان دروستکردن دەسیان کردوە بە دوروست کردنی ئەم دانانە . هەر لەسالی رابوردوا ۱۰۰ هەزار شوشەیان لەو دەرمانە دروست کرد .

× رادیوی پەکین بلاوی‌کردەوە کە ئیستا خەریکی تەجروبەکردنی دلیکی پلاستیکن کە لەشانگەهای دروست کراوە ، بەسەرگیان لەبەرانا . رادیوکە وتی کەئەم دلەیان لەسەگیکا تەجروبە کرد بیست دەقیقە توانی خولی خوین ( الدورة الدموية )ی بپاریزی .

× دوکتورە ئەسلان کە پزیشکیکی ژنی رومانیایی‌یە ، لە کونفەرانسیکی پزیشکی‌ی بەینی دەولەتانا وتی : بەکار هینانی دەرمانی ( نوفوکاس ) بو تیمارکردنی ئەوانەی کەچونەتە سالەوە سودیکی باشی بەخشیوە . ئەم پزیشکە کە لە بوخارستەوە هاتبو وتی : ئەم دەرمانەم لەزیاتر لە ٥ر٢٠٠ کەسا تەجروبە کردو بوم دەرکەوت کــە هەندی نیشانەی پیری وەك لاوازی و بی‌هیزی‌و ســەرسپی بون بومــاوەی سالیك تاسی ســال چار ئــەکا .

سەر زاوزیی لەمەوپاش . ئەمە قسەی یەکیکە لەزانا گـەورەکانی ئەمـــەریکا .

× زانا سوڤیەتی‌یەکان بلاویان کردەوە کـە ئالەتیکی ئەلەکترونی‌یان درورستکردوە ، بەهوی ئەوەوە ئەتوانن بزانن چەند نەوت هەیە لەناخی زەوی یا لەهەرشوینیکا ، وەچون نەوتەکە ئەجولی لەژیر عەرزەکەوە . لەم ری‌وە ئەزانن چەند بیر پیویستە هەلکەنری ، وەهەر بیری چەندی لی هەل ئەگوزری .

× لەسالی ١٩٥٧دا سەرچاوەکانی کارەبا ٢١٠ ملیـــار کیلو وات سەعاتیان لەهیزی کارەبا داوە ، واتە ١.٥ ئەوەندەی ئەوەی کە روسیا لەسالی ١٩١٣ ئەی هینایە بەرهەم .

× هینانەبەرهەمی هیزی کارەبا لەیەکیەتی سوڤیەتا بوسالی ١٩٦٠ ئەگاتە ٣٠٠ ملیار کیلووات سەعات .

ئیستا لەئورال‌و ناوەراستی یەکیەتی سوڤیەتا کە سوتەمـــەنی‌و هیزی ئاو کەمە ، سەرچاوەی گرنگ گرنگ بوکارەبا دروست ئەکەن کە لەتوانایا ببی زیاتر لە ٤٠٠ هەزار کیلو وات بدا . ئەمەش بو پیویستە ئابوری یەکان .

× تانزیکەی سالی ١٩٦٠ نزیکەی ٢٥٠ ملیوں مەتری چوار گوشە زەوی ئەکری بەخانو ، لەموسکو و لینین‌گرادو کییف‌و ستالین‌گراد و تاشکەندو زور لەشارەکانی ترا بەگەرم خەریکی خانو کردنەوەن . خەلکی موسکو هەر لە ١٩٥٧ دا ملیونیك‌و ٨٠٠ هەزار مەتری چوار گوشـــە خانویان وەرگرتوە .

× ئیستا لەتواناداا هەیە چاوی لەکاسە چاوی مردو دەرهینراو ، وشك بکریتەوەو تاماوەیەکی زور هەلگیری . جاران پیویستبو دوکتورەکان کەچاوی مردویەکیان هەلکولی لە ٧٢ سەعات زیاتری بەسەرا نەروا بیخەنە کاسەچاوی کابرای ترەوە .

× دوزانای ئەمەریکایی خەریکی دروستکردنی بویبکی زیندو ( کائن حی )ن لەلولەیەکی تەجروبەدا . یەکی لەم دو زانایە کە ناویان ( میللەر ) و ( کالفن )ە وتی : ئەم نەوەی ئیستایە لەمەوپاش بوی ئەلوی چاوی بەدروستکردنی ژیان بکەوی لەتەجروبە گاکانا . ئەم دوزانا ئیستا تەجروبەکانیان لە سەرئەو بوە سەرە تایی‌یانە تاقی ئەکەنەوە کە بەمیکروسکوب نەبی نابینرین ، بەلام گیانیشیان تیایە . ئەگەر ئەم دوزانایە بگەنە ئەم ئامانجەیان ، زاناکان بویان دەرئەکەوی کە گیتی چون پەیدابوە . ئەم دوزانایە ئەوەیان بەدرو خستەوە کەوا خەریکی دروست‌کردنی نیر یان مین ، وەوتیان هیشتا وەختی ئەوە نەهاتوە .

واديارە زانا سوڤیەتی‌یەکانیش خەریکی هەندی تەجروبەی وان . دوکتور ئومارین کەیەکیکیانە وتویە : لەتەجروبەو لی کولینەوەکانما تارادەیەك سەرکەوتوم .

× زاناکان ئەلین بەشی زوری کەم ئەقلی منالان لەئەنجامی ماندوبون و ئازارچەشتنی دایکیانەوەیە لەکاتی منال بونیانا .

× هەر تەقاندنی بومبایەکی ئەتوم ، ئەبی بەهوی مردنی نزیکەی سەدهەزار کەسیك لەم سی سالەی داهاتوا ، وەکاریکی تەواویش ئەکاتە

× زانا جیوفیزیائی‌یەکان لەوباوەرەدان کە تەمەنی توپی زەوی ٤ ملیار و ٥٠٠ ملیون سالیکە .

× رادیوی موسکو قسەیەکی پروفیسور جورج تیخوفی بلاو کردەوە کە تیاوتبوی : من دلنیام ئەستیرەکانیش ژیانیان تیایە ، بەتایبەتی مەریخ ، وەوتبوی : من ٦٠ سالە لەمەریخ ورد ئەبمەوە ، ئیستا باوەرم تەواو هەیە کە ئەوروژەی زانا سوڤیاتی‌یەکان بتوانن هەندی نمونەی گژوگیاو دارو درەختی مەریخ بینن بو زەوی - زور نزیکە .

× لە وەرشە دەلیایی‌یە گەورەکانی لینین‌گرادا سەهول رامالدەریکیان بەناوی ( لینین )ەوە دروست کردوە کە یەکەمین دەلیاگەردیکی ئەتومی‌یە کە بوکاروباری سوپایی دروست نەکرابی . ئـەم سەهول رامالدەرە هاوتای نیە لەگیتی‌یا لە گەورەیی دا ، وە دوئەوەندەی هینەکەی ئەمەریکایە کە ناوی ( گلتشەر )ە . هیزی گلتشەر ٢٢ هەزار ئەسپە،کەچی هی‌ئەم ٤٤ هەزار ئەسپە ، وە ١٣٤ گەز دریژو ٢٧ گەز و لەدەدا شەشی گەزیك پانە ، ١٦ هەزار تون سەنگیەتی ، وە بەگورجی ١٨ گری بەئاوی رەوانا ئەروا . عەماری سوتەمەنی‌یەکەی ماوەی ئەوەی ئەدا بەبی وەستان ١٢٠ هەزار کیلومـەترە بروا ، وە قـەوارەکەی لـەپولای پتـەوی بەهیز دروست کراوە .

× رادیوی موسکو پەردەی لەروی رووداویکی تر سەبارەت بە فرین بەعاسمانا هـەلالی . ئەوەبو بلاوی‌کردەوە کـە تەجروبەمان لەســەر شیانزەکەس کردوە کە چەندجار ناردومانن بوعاسمانی‌زەوی لەدەرەوەی ناوچەی راکیشانا ، وە لەمەوە گەلی شتمان بو دەرکەوتوە وەك ئـەوە

کەنەبونی هیزی راکیشسان لەجەوە بەرزەکانا ئازاری ئادەمی زاد نادا . بەلکو سەرچاوە یەکی گرنگی حەسانەوەو هیمنی پی‌ئەبەخشی . رادیوکە هەروا وتی : ئەوکەسانەی کە ناردومانن بو ئەو سەرە وتویانە مروڤ کە ئەگاتە ئەو بەرزیە لەخویەوە واهەست‌ئەکا پەریکە بەعاسمانەوە ، هەروا وتی : لەم تەجروبانەوە بومان دەرکەوتوە ئەگەر یەکیك چەند جاریك ئەم تەجروبەی لەسەربکری ، ئەندامەکانی لەشی فیری نەبونی راکیشسان ئەبی ، وەچەند کەس لەم چەشنە کەسانە توانیویانە ماوەیەکی کەم بەسەرزەوی‌یا بفرن ، وە زوریان هیزیکی سەرسام کەریان پەیدا کردوە بو پاراستنی سەنگی خویان بە بەرزەوە ، وەك ئەوەی کە بتوانن بەسەرپەت و گوریسا برون .

× زانا سوڤیاتی‌یەکان دلو سی‌یەکی دەس کردیان دروست کردوە لەوانەیە بەکار بهینرین لەهەمو عەمەلیاتیکی جەراحی نەخوشی دلا . هەروا زانستگای مەکینەو ئالاتی جەراحی هەندی نمونەی تازەی بو چەند مەکینە یەکی وا دروست کردوە کە ئەتوانری بەکار بهینری بوپینە کردنی کیسەی خوین و دەمارو ریخولە . خەریکی دروست کردنی گورچیلەیەکی دەسکردیشن .

× روژنامەی گەل کەلەچین دەرئەچی بلاوی کردەوە کە وا کەلەپوری گیانداریکی زلیان دوزیوەتەوە ئەگەریتەوە بونزیکەی نیوملیون ســـال لەمەوپیش . ئەم کەلەپورە لە ناوچەی ( ئینهوا ، دا دوزراوەتەوە . وەرور تیك نەچوە ، بەتایبەتی دانو کەلبەکانی هەر زور باش بوون .



چیروکی کورت

# کە دایکم بەروشوو بو

نوسینی : مەم

**هەستی دایکیکی کورد ..**
**بوپیشەوای نەتەوایەتی عەرەب ..**
**بوقارەمانیکی .. ئازادی گەلان ..**
**بوتیکوشەر لەپیناوی ئاشتی جیهان ..**
**بوجەمال عبدالناصر پیشکەشە .**

کوبونەوەی ئەو شەوەی خیزانەکەمان وەکو شەوانی رابردو نەبو .. تەنانەت رادیوکەشمان ئەو شەوە لە باریکی تر بو . بە هەمو هیزیکیەوە ئەیشریقاند بە جوریك کە زورەکەی لەگەل ئەلەرزیەوە :

**ـ اللـه أكبر ... اللـه أكبر .**

ئیمەش سەردەمیك بوبە سام و کری لە دەوری دانیشتبوین ، هەر یەکەمان سەیری بەردەمی خوی ئەکرد وەکو لە ریزی نویژ یا لە کوری ذکر دانیشتبین وا چ هەستیکمان لیوە نەئەهات هەتا دایکم بە رویکی گرژی کزەوە بە دو چاوی هیمن سەری لە رادیوکە بەرز کردەوە ..

سەیریکی وورد وقوولی کرد وروی گویزایەوە دیوارەکەی بەر دەمی وپرسی :

**ــ ئەمە هەروا ئەچیتە سەر ؟..**

وا دیار بو چاوەروانی وەلام دانەوە نەبو ..

بەلام .. وەلامی چیمان بدابایەوە ؟ .. چ بە پیریژنیکی موسلمانی دل نەرمی کارەسات دیتە بلیم ؟ ئایا بە روداوو قەوماو بیترسینم ودلی بخەمە خورپە ؟.. یا باسی خوین و ئەشکی رژاو .. هاواری ساواو منداڵ .. نالەی بریندار وشیوەنی باوك ودایك ورولە کوژراوی بو بکەم .. تا بە تاویرە فرمیسکیك کولی دەرونی دامرکینم ؟..

کەچی دایکم وەکو روداوی ئەو روژانە تەواو کاریان کردبیتە سەر لە بەر خویەوە وتی :

**ــ چون موسلمانەکان کەساس ئەبن .. نا .. هەرگیز نا .. خوایان لە پشتە .. خوا .**

منیش دەنگم نەکرد .. هیچمپی نەوت . بەلکو ئەوەی ئەمویست پیی بلیم لە میشکما لە گەل خوم ئەم وتەوە : .. « دایە کار لەوە گرنگترە .. کە دلی پاکی تو وەریگرتوە ... وا لەشکری درندەی ئیمپریالیستەکانی فرانسە وئیسرائیلی نوکەری دەشتی سینایان داوەتە بەر وە روو بە نوکەندی سویس ئەچنە پیش .. لەشکری دەست دریژکەری زورداری ئینگلیزیش لە دورگەی ( قبرس ) دە وە خویان ریك ئەخەن بو هیرش بردنە سەر خاکی میسری ئازادی خوا .. پیشەکی پەیتا . پەیتا فروکە بومبا هاویژەکانیان . شارو دیهات وکیلچە و . دەزگاو

قوتابخانەی ئەو ولاتە ئاشتی خوازە بومبا باران وویران ئەکەن .. وە بی بەزەیی وبە نارەوا دانیشتوانی میسر ئەدەنە بەر شیلکی‌میترلیوزووبومبا بی ئەوەی جیاوازی لە ناوین ساوا .. یا پیر .. ئافرەت .. یا پیاو .. بکــەن .

سیکوچەی .. دەست دریژی .. ئینگلیز و فرانسە و ئیسرائیلی تاوانبارن .. سیکوچــەی ئیمپریالیزم بو داگیر کــردنی .. میسر .. پلیشاندنی ئازادی‌و سەر بەخوی‌ی گەلەکەی .

لە ناو گیژاوی ئەم بیرولیکدانەوەیەدا .. زەردەخەنەییکی .. تال وساردم هاتە ســەر زار دایــکم .. گورج چاوی بریە خوم‌و زەردەخەنەکەم وتی :

**— ئەری بەخوا .. میسر مادام ئیسلامە .. هەر سەرکەوتوە .. پر بروام کە خوا خوا .. لە تەکیا وەستاوە .**

— منیش پیکەنیم ووتم :

**— خو من بە هوی قسەکانی تو خەندەم .. نەگرت .. نا .. نا .. بەلام دەلیم میسر وەکو کوترەکەی ناو دارستانی لی هاتوە .**

خوشکم قسەی لی وەرگرتمەوەو وتی :


**— کەواتە .. گیتی گەراوەتەوە سەر یاسای دارستان ، دەوری جەردەیی وری‌گری ئەی گــەلانی جیهــان ؟.. ئەی ویژدان وضمیری عالەم ؟.. ئەی ئینسانیەت ؟.. کەس نیە دەنگیك بەرزبکاتەوە .. دەستیك بەروی ئەو بی دین وئابروو زوردارە سنور شکینانەوە بنیت ؟.. کەس نیە ساواو منداڵو دایکو .. باوکیان بهینیتەوە یاد ؟..**

وە ئاهیکی کورتی هــەلکیشاو رووی سوراندەوە لای ( هونەرە چکولە ) کە لە ناوینمان دانیشتبر .. ویاری لەگەل بووکە شوشەکەی ئەکرد .. وە دەستیکی بە سەری داهینا ، پەنجەکانی لەناو قژە زەردەکەی بزر بوون و بە پەروشو عاطفەوە سەیریکی رووی‌کرد و وتی :

**— کی هەیە .. ساوای .. خوش نەویت ؟..**

هونەرە بچکولەش سەری بەرز کردەوە .. بە دوچاوی گەش لە منو دایکم وە لە هەمو خیزانەکە راما .. وبزەییکی پاك وساوایانەی لە سەر لیو پەیدا بو . وە روی وەرگیرا وبوکە شوشەکەی گرتە باوەشی و دەستی کرد بە ماچ کردنو شەقاندنی .

**ـ ئەو دل رەقە زوردارانە .. تەنانەت دەنگیکی خوشەویستیان لە دل دانیە ، بەزەییان بە ساواش نایتەوە . بی دەسەلاتی پیرو پەك کەوتەش کار ناکاتە دلی مردویان .. هەستی گرر دامرکاویان .**



خوشکم وا هـەر خوی وەلامی پرسـیارەکـەی خوی دایەوە .. وپرر سوزو خوشە ویستی سەیریکی .. دایکی کـرد .

دایکیش .. بە واق ووڕ ماوی گویی لە رادیوکە گرتبو .. کە سرودیکی نیشتمانی ئەوت .. لە پر دەنگی رادیوکە کپ بو .. وکردی بە ووژژە .. ووژ .. هەمومان سەرمان هەلبری و سەیری روی یەکترمان کردوە چاومان بو رادیوکە گیرانەوە بی ئەوەی کەسمان دەنگیکی لیوە بیت .

.. ول .. فروکە بومبا هاویژی ئیمپریالیستە زوردارەکان ئیستەگەی

رادیوی « صوت العرب » یان ویران کرد . وە دەنگیان کپ کرد ، هەمومان دلمان کەوتە لیدان کە ئەو دەنگە کپ بو .. بەلام .. دەنگی ئازادی و خەباتی گەلی میسری نەبەز و گەلانی ئازادی خواهی جیهان چون کپ ئەکری ؟...

دەنگی قین وتورەیی لە هەمو وولاتانی عەرەب .. لە ناو هەمو گەلانی بە شەرەفی جیهان لە دەنگی رادیوی « دەنگی عەرەب » بەرز تر .. گوی‌ی کیتی‌ی کەرر ئەکرد .. لە یەکیەتی سوڤیەت ، لە چینی مەزن ، لە هیندستان .. لە هەمو ئاسیا و ئافریقا و ئاوروپای ئازاد .. لە ناو گەلی کوردی ئازاش ، ئەو دەنگە بەرز ئەبودو و گوی‌ی داگیر کەرە ئیمپریالیستەکان ئەی قیژاند .. شەپولی پیشمەرگەی ئەو گەلانەش ئامادە بوون بو بزوتنەوە و بوونە لافاو بو تەفروتونا کردنی لە شکری دوژمنانی ئاسایش . گەلی میسری کول نەدەریش پالەوانانە بەربەرەکانیان ئەکرد بو دەرکردنو لە ناوبردنی سنوور بەزینەکان .. بو پاریزگاری ئازادیان .. وەك پولا بەرامبەر دوژمنەکانیان چەقی بون ، وە لە سەر زمانی رولەی نەبەردیان فەرمانی نەتەوایەتی عەرەب .. جمال عبدالناصر ئەیان نەرراند :

**- پاریزگاری نیشتمانمان ئەکەین ... بەرگری دوژمنەکانمان ئەکەین ... ئەجەنگین .. تادوا دلوپی خوینی لەشمان .. تا دوا مروڤمان لە پیناوی ئازادی ئەم نیشتمانە بەخت ئەکەین .**

سامو تورەیی هەمومانی داگرت .. بەلام دایکم هەر لە سەر

ڕەوشتی خوی .. نە جولانەوەی .. نە قسەکانی لە هیمنی خوی نەکەوتن لە سەر خو هەلسا چووە ژیر نوینەکەی و لیفەکەی هەلکیشاو دەمو چاوی تیدا شاردنەوە وبی دەنگ بو . قین ورك هیرشیان بو هینام لە ئاوانا لیوم ئەکروژت .. وە لە ژیر هەستی پر ئازاری جستو جوی میشکو دەرونم رام کردە ناو پیخەفەکەم .. شەپولی تورەیی هەناسەی تەنگ کردم ، ئارەزوم ئەکرد لە ژیر نوینەکەم راپەرم و شیتانە بکەومە ناو ژوورەکەم .. ناو .. دونیا .. وەئەوەی ئەکەویتە بەرچنگم .. بیهارم ، بیشکینم ، بیهاویژمە سەری ئەو درندەو خوینخوارو دەست دریژکەرانە و سەریان پی پان بکەمەوە ، لە ناو مونجی ئەو تورەییو قینەدا وولاتە دیلەکەی خوم .. کوردستانی خوشەویستی زور لیکراوم .. لە تەك میسری زور لیکراو هاتە بەر چاو .. کە سالە های سالە وا لە ژیر پیی استعمار ونوکــەرە خوینخوارەکانی ئەتلیتەوە وبــە دەستی ئاسنینیان شەتەك وکوت وزنجیر کراوە . و لەهەمو مافیکی ونەتەوایەتی بی بەش کراوە و سامانو داهاتی زەوت کراوە .. کوردستانی لەت کراوی دیل .. کە دوژمنەکانی هەولی لە ناو بردنی ئەدەن .. چیای ( ئاگری ) م هاتە بەر چاو .. بارزانی نەمر .. مەهابادی خوینین ، وە بەراوردی .. خەبات وبەربەرەکانی گەلی میسری قارەمانو هەمو گەلی عەرەب ، وگەلی عەرەب ، وگەلی کوردی نەبەزم کرد لە پیناوی ئازادی وسەربەستیان .. بووە دەســت هینانی مافی نەتەوایەتیــان .. لــە ریگای ئاســایشو نەبەرخومەوە وتم :

**ــ بەلی .. دەردو تەگەرەو .. گری وەمەسئەلەی ( قضیەی ) گەلان هەموی یەکە ولە سەر یەك بنکە هەلنراوە .. کە ئیمپریالیزمە .**

وەکو بلی‌ی بەم دوا بیرەم خوم نەختی دلنیا کرد .. وە گرییکی دەرونم شل کردەوە بوی نەختیك یەك سا بوم .

بەیانی زوو پیش روژ هەلات لە خەو ئاگام بوەوە ، لیفەکەم لـە سەر سەرم لادا .. بی هەستی ژورەکەمانی داگرتبو .. کزە بابیکی سارد لە پەنجەرە گەورەکە هاتە ژورەوە .. دای لە رووم ، پتر هوشیاری پی بەخشیم .. کە بو سەر تەنیشتی چەب گەوزم دا یەکسەر دایکم کەوتە بەر چاو .. لە سەر بەرمالی نویژەکەی چوکی دادابو ... دەستی پان کربوەوە و بەرەو ژور رای گرتبون و بە دەنگیکی نزمو نوساو ئە پارایەوە و نزای ئەکرد :

**ــ خوایە دەستی عبدالناصر بدەی .. بە سەر دوژمنەکانی زال بکەی .**

**خیزانیش بە ریز لە سەر زەوی .. لە ناو نوینەکانیان لی راکشابون وکەوتبونە خەویکی قوول ، هونەرە بچکولە .. لە سەرپشت دریژ کرابو رووی پاك وگەشی کرابووە بانی ژوورەکە .**

زوری پی نەچو .. خوشکم هـەلستا و یەکســەر پـەلاماری رادیوکەی‌دا .. ردیوکەی خستە ئیش وە سەردەمیك لە پیشی راوەستا تا دە نگی بەرزبوەوە :

**ــ اللــە أکبر ... اللــە أکبر .**

ئنجا سەماوەرەکەی دانا وخەریکی چا لینان بو .

دایکم .. لە سەر بەرماڵەکەی .. ، رووی گرژو لیوەکانی کشت بوبوون سەری بەرزکردەوە .. بەتوندی تەماشایەکی کردم .

هەمو واتای گلەیی وررك وتولە لە سەر روی دیاری ئەدا و فرمیسکیکی گەورەش بە ناو برژانگەکانیەوە گیرسابو . پاش کەمیك روی سوراندەوە لای رادیوکە و بی دەنگ سەری دانەواندەوە .

کە خوشکم خوراکی بەیانی ئامادە کرد هەمو خیزانەکە لەخەو هەلستابوین .. لە سەر خوانچەکە دامەزراین .. تەنها دایکم نەبیت .. لە سەر بەرماڵەکەی نەجولایەوە وچاوی بریبوە کورە بچکولەکە ، کە لە قورنەییکی ژورەکە هەلتروشکابو وە بوکە شوشەکەی خستبوە ناو دەستی .. بەزیزی هاواریك .. دو هاوار .. سی هاواری ئەکرد « ماست .. ماست .. ماستم حەز لی‌یە » .

کە روانیمە سەر خوانچەکە ماستی لە سەر نەبو .. رومکردە خوشکم :

**- کەوچکە ماستیکمان نەماوە .. بوی ..**

بە نەختیك قسە گرتنەوە .. وتی :

**- مابو .. بەلام .. نەما .**

چاویکی کردە دایك .. هەروەها منیش چاوملە هەردوکیان گوازتنەوە ویەك لە دوای یەك تیم روانین .

بەلام پیش ئەوەی من پرسیارەکەی لی بکەم سەیریکی تری دایکی کردەوە وبە کزییکەوە وتی :

**- بریاری داوە .. هەتا میسر لەم تەنگانەیە رزگاری نەبیت ، وە بە سەر دوژمنەکانی سەر ئەکەویت بو عبد الناصر بە روژوو بیت .**

---

سرود

# بو سوپای نەبەزی عیراق

كاكە شوان

وا سوپای ئازادی تولەی سەن لەزومرەی خائنان
گەل بەجاری هاتە كایە بەرگی دیپلی دادران
هەلسە ئەی قەومی نەبەردی : دەستی دیلتی بررا
وا سوپا مەردانە هیوای چلكنی پیسی وەران !
هەلسە روژی نوی لەكەلدا تیشكی ئاسوی گرتەوە
هەركەسی ناپاكوپیسە : نیازو ئامانجی مران !
ئەو گولە سورەی گەلی كورد ویلو شەیدای بو دەمی
هاتە بەرهەم بو بە مژدەی كوردی مەردی قارەمان !
هەربژی ئەی جەیشی شیران .ئیمە گشتمان واین لەدوت
فەرمو بگرە گیانمان هەرتوی لەجی گیانو ژیان !
فەرمو گوی بگرە لەچەپلەی شادی بو فەرمانی تو
هاتە جونبوش كولئەدا نەغمەی دلی گەلپەروەران !
مژدەبی ئەی گەل كەهەلهات شەوقی ژین بەستەی ژیان
حوررو سەربەستی ئیتر تو : نیشتمانیش كامەران

* ئەم هەلبەستە لەسەر ئاوازیكی تایبەتی دانراوە .



# کومەلی هەرەوەز

الجمعية التعاونية

**نوسینی : فاضل**

لەولاتی ئیمەدا کام دی بیگرین لەدیهانەکانمان ، دانیشتوەکانی کە بیانەوی بەرهەمی کرداری سالییان وەکو ( گەنم ، جو ، توتن ، تەماتە ، شیر .... هتد ) بفررشن . هەرمالیك یەکیکی یا زیاتر تەرخان ئەکا بو فروشتنی ئەو بەرهەمە . ئەو یەکە ولاخ ئەداتە پیش‌خوی ، باری لی‌ئەنیو روو ئەکاتە شار . ولاخەکانی ئەباتە خان ، خوشی یا لەخان یا لەجییەکی‌تر چەن شەویك ئەمینیتەوە . وەکو ( مەسرەف ) یکی زوری ئەبی هەروەها چەن روژیکیش خویو ولاخەکان لەئیشو رەنج دوا ئەکەون

ئەمە لەلایە ( کە زەرەریکە ) ، لەلایەکی تریش کرریار لەشارا لەبەر ئەوەی کە لادییەکە پەلپی خوی هاتوتە بەردەستی بەچاویکی سوك تەماشای ئەو شتە ئەکا تا بەنرخیکی هەرزان لەژیر چنگی دەربینی . ودیا لادییەکە خوی ناچار ئەبی بەنرخیکی هەرزان بیفروشی بو ئەوەی زور نەمینیتەوە زور خەرج نەکا ئەمەش ( زەرەریکی تر ) .

ئەمە بەرهەم فروشتن ، کرینیش وەکو ( شەکر ، چا ، جلوبەرگ ، جگەرە ، بیل ، گاسن ، قەیاسە ، کورتانو زور شتی‌تر ) بەچەشنی ئەو ئەبی هەر مالە یەکیکی یا زیاتر ولاخ بداتە پیش خویو بچیتە شار بو کرین . خویانو ولاخەکانیان چەن روژ لەشارا ئەمیننەوە ( مەسرەف ) یان ئەبیو لەئیش دوا ئەکەون . بەگرانیش شتیان پی ئەفروشن .

ئەمانە بەم جورە ئەگەر لادیی لەکاتی کرینا پارە لەگیر فانیابیو لەکاتی فروشتنا لەسەری قەرزار نەبی ، خو ئەگەر بەقەرز شت بکرری وا دوسی قات پیی ئەفروشن ، وە بەرهەمەکەشی هەرمامەی سەلەمو قەرزدەر لیی ئەسینی بەنیوە نرخ .

بومان دەرکەوت دانیشتوانی لادی لەزور سەرەوە زەرەر ئەکات جا بوئەوەی رزگاری ببی لەم زەرەرانە ، لەزورداریتی فروشیارو کریارو لە زیانی قەرزو سەلەم ، لەدواکەوتن لەئیشو زیادە خەرجکردن . ئەتوانی بەپیك هینانی کومەلی هەرەوەز ( جمعیە تعاونیە ) رزگاری ببی .

جا لەپیشا بابزانین هەرەوەز ( تعاون و کومەلی هەرەوەز ( الجمعیة التعاونیة ) چین ؟

**هەرەوەز — یاسا ( نظام )یکی ئابوریە بو سود وەرگرتن لەتواناو کرداری ئەندامەکانی کە یەك ئەگرنو ئەبن بەکومەلیك ، ئەم کومەلە ئەتوانی زور ئیش بکا کە تاك ( فرد ) پیی ناکری ، وە دروشمی هەرەوەز ( شعار التعاون — تاك بوکومەلەو کومەل بوتاك — .**

**کومەلی هەرەوەز — یەكگرتنی چەند کەسانیکە کەبچنە پال یەك**

بەپارەو توانایانەوە . دریغی نەکەن بو سودی گشتی ( مەبەست لەگشتی ، ئەندامەکانی ئەو کومەلە هەرەوزیەیە ) وە هەمو ئەندامیك لەکومەلی هەرەوەزیدا چونیەکن لەمافو ئیشدا ، وە ( مسئولیە ) تیش لەسەرشانی هەمو ئەندامەکانی وەکو یەکە .

* * *

لەسالی ١٨٤٤دا لەشاری ( روشدیك ) لەبەریتانیا چەن‌کەسانیك وایان ئەزانی کە فروشیاری وردە ( بائع مفرد ) قازانجیکی زور ئەخاتە سەر شتومەکەکانی بویە بەپارەی هەمویان دوکانیکیان کردەوە ،ـ خواردەمەنیو جلوبەرگو هەندی شتی تیا بفروشری بو ئەوەی رزگاریان ببی لەو پارە زیادەیەی کە ئەیدەن بە فروشیار . وە ئەگەر قازانجیکیش هەبی بگەرریتەوە بو خویان .

بو بەریوە بردنی ئەم دوکانە ئەم ریو شوینانەیان دانا :

١ ـ هەر هاوبەشە ( مشترك ) تەنیا دە نگیکی هەبی .

٢ ـ قازانج بەش ئەکری بەگویرەی زورو کەمی کرین .

٣ ـ قازانجیکی تایبەتیش تەرخان ئەکریو دابەش کردنەکەشی بەگویرەی کەموزوری پارەی ئەندامەکان ئەبی .

٤ ـ هەمو شت بەنرخی بازار یا کەمتر ئەفروشری .

٥ ـ هەمو کەس ئەتوانی هاوبەش بیت .

ئەمە یەکەم کومەلەکەپیك‌هاتو ئەندامەکانی پاراست لەگرانیو نەبونی شت . پاش ئەمە کومەلانی هەرەوەز پەرەیان سەندو زور بوون . وە یاسایەکی تایبەتی بو دانرا . زور جوری پەیا کرد . چونکە لەپیشا کە

( فکره )ی هەرەوەز هاتە کایەوەو کومەلی هەرەوەزی پیک‌هات تەنیا بو پاراستنی کرریار بو لەدەست ( استغلال )ی فروشیار کە بەئارەزوی خویان نرخیان دائەناو شتومەکەکانیان ئەفروشت . دوایی لقی زوری لی‌بوەوەو زور جور پەیابوو وەکو کومەلی هەرەوەزی کررین ( استهلاکی ) ، فروشتن ( انتاجی ) ، خانو دروست‌کردن ( بناء المساکن ) ، یارمەتیو قەرزو قولە ( ائتمان ) وەهی تریش .

لەمانە ئەبینین کومەلی هەرەوەزی کررین ( استهلاکی ) ناکوکی بەینی کرریارو دوکاندارەکان ( فروشیار ) لائەبا ، لەجیاتی ئەوەی فروشیار بە ئارەزوی خوی بفروشیو کرریار وا لی‌بکا ناچاربی هەموشت بەئارەزوی ئەو بکرری کومەلەکەلەسەر جەم ( جملە ) فروش‌شت ئەکریوبەنرخیکی تایبەتیوبە قازانجیکی کەم پییان ئەفروشیتەوە .

کومەلی هەرەوەزی فروشتنیش ( انتاجی ) وا لەکریکارو جوتیار ئەکا کە ئیش بوخویان بکەنو سودەکەی بگەرریتەوە بو خویان . بەرهەمی جوتیار خوی بیفروشیو بەسەرجەم وە فروشتنەکە لەکاتی بازاررگەرمیا بیو کەمترین کەس خەریکی ئەم ئیشە ببن ، نەك لەهەمو مالیکەوە یەکیك . بەمە جوتیار رزگاری ئەبی لەهاتو چوی شارو لەفروشتنی بەرهەمەکەی بە چکەچکە . .

کومەلی هەروەزی یارمەتی ( ائتمان ) لادییی رزگار ئەکا لەسەلەمو چاوچنوکی قەرزدەرەکان ، کە پارەیان بەچەن قات ئەدەنی وە لەم کومەلەدا لادیی لەجیاتی پارە لەمانە بسەنی لە کومەلەکە بەرامبەری قازانجیکی کەم پارە وەرئەگریو بە کەمەکەمە ئەیداتەوە .

جا بوئـەوەی لادیی رزگاری ببی لـەهاتوچوی شـارو بوئەوەی پیویستیەکانی بەئاسانیو هەرزان بکرریو بەرهەمەکەی بەنرخیکی باش بفروشی وا باشە کومەلی هەرەوەزی پیکەوە بنی .

دانیشتوانی هەر دییەك یا چەن دییەك هەر کەسەر بەگویرەی توانای خوی پارە بداو کوی بکەنەوەو کومەلیك پیکەوە بنینو ئەو پارەیە بکەن بەسەرمایە . ( ئەم وتارەم بەزوری باسی لەچونیەتیو سودی هەرەوەز ئەکا بەرامبەر لادیی ) .

❊ ❊ ❊

وە ئیمە ئەبینین کە بەشی زور لە گەل نەخوینەوارو نەفامە بەتایبەتی لادییەکانمان ، هیشتا نەگەیشتونەتە ئەو رادەیە کە بتوانن ئەم جورە کردەوانە پیك بینن‌و بەئاسانی و بەباشی بیبەن بەریوە . ئەم ئیشە دیتەوە ئەستوی خوینەوارو تیگەیشتوەکانە ، کە بتوانن لادیی تی‌بگەیەنن سودی ئەم ئیشە چیەو یارمەتی بدەن بو پیك‌هینانیو بردنە ریوەی .

وە بو پیك هینانی کومەلیکی هەرەوەز چەن کەسانیك کو ئەبنەوە پیك هینانو دامـەزراننی ئەخـەنە ئەستوی خویان ئەوانەی ئەیانەوی بەشداربن ناونوسیان ئەکەن وەبریار ئەدەن کە ئامانج ( هدف )ی کومەلەکە چی بیو چەن ببی بەدەستمایەی . بەگویرەی ئەوە دەستمایەیەك ئەکەن بە بەش‌بەش ( سهم ) وە نرخ بو هەر بەشیك دائەنین ، وە بەئەندامەکانی ئەگەیەنن کە چەن بەش هەیەو هەریەکەی بایی چەندە . هەر کەسەش چەن بەشیك ئەکری ئەو پارەیە کو ئەکریتەوە .

هەموان کە پییان ئەلین دەستەی‌گشتی ( الهیئة العامة ) کوئەبنەوەو

لەناوخویانا چەندکەسیك هەڵئەبژیرن ( کە لەدەکەس کەمتر نەبن ) بو بەریوە بردنی کومەلەکە پیان ئەوتری ( دەستەی بەرریوەبەران ـ الهیئة الادارية ) . ئەمانیش لەناو خویانا سەرەك ، سکرتیر ، سنوقەمینیو سی کەس بو سەرپەررشتی ( هیئة المراقبة ) جیا ئەکەنەوەو ئەوانی تریش ئەندامی بەرریوەبەران ئەبن .

بەریوەبەران شوینیکی تایبـەتی ئامادە ئەکەن گـەورەیو بچوکی بەگویرەی زوری سەرمایەو زورو کەمی ئیشی کومەلەکەو جوری ئیشـەـ کەیان . وە یاسایەکیش دائەنیتو ئەنوسریتەوەو بەگویرەی ئەو یاسایە کاروبار ئەبری بەریوە ، وە لەیاساکەدا ئەمانەی خوارەوە زور پیویستن :

**١ ـ هەمو یەکیك بە هەوەسو ئارەزوی خوی بچیتە کومەلەکەوە نەك بەزور ، بەتایبەتی ئەوانەی لەپیشا کومەلەکە دروست ئەکەن .**

**٢ ـ کومەلی هەرەوەز ، کومەلیکی دیموکراتیە . ( دەستەی گشتی ـ الهیئة العامـة ) بەرزترین یاساو هیزە و هـەمو ئەندامیك لەکاتی هەلبژاردنو قسەکردنا یەك‌دەنگی هەیە و هەمو بریاریك بەناوی زورترین ( اکثریە ) وە ئەدری .**

**٣ ـ ئەوانەی کومەلەکە ئەبەن بەریوە ( الهیئة الادارية ) ئەبی باوەرر پیکراوی تەواوبن لەلایەن هەمو یا زورترین ئەندامانەوە . نەك ئەوانە بن کە زورترین پارەوە بەشیان هەیە . هەروەها ئەبی تیگەیشتو راستو جیی باوەرری تەواو بن .**

**٤ ـ هـەمو کومەلیك ئەبی ئامانجیکی تایبەتی هـەبی هەروەها ئەندامەکانیشی ئەبی هەر ئەم ئامانجەیان هەبی بو پیگەیشتنی .**

٥ ــ راستیو دلپاکیو چاودیری کردنی یاسای کومەلەکە پیویست ترین شتن بو سەرکەوتنی کومەلەکە .

٦ ــ بەش کردنی قازانجبەگویرەی جوری کومەلەکەیە ( لەکومەلی هەرەوەزی کرینا زورترین قازانج بو ئەوانەیە زورترین شتیان کریوە ، لەکومــەلی فروشتنا بو ئەوانەیە زورترین شتیان فروشــتوە .... هەروەها ) .

٧ ــ نابی کومەلی هەرەوەزی پەیوەندی هەبیو تیکەل بکری لەگەل سیاسەتو دینا .

* * *

پەرراو ( سجل ) یکی گەورەش دائەنری هەر ئەندامە لاپەررەیەکی تایبەتی ئــەبی . روژ بەروژ چیبکری ، کرین ، فروشتن ، شتی تر هەموی ئەنوسریو هیچی ناخریتە پشت گوی ، ( معاملە )ی هەر ئەندامە لەلاپەررەی خویا ئەنوسری تابزانری هەریەکە چەنی کریوە یا فروشتو ... هتــد .

مانگبە مانگ دەستەی چاودیری ( هیئة المراقبة ) چاویك ئەخشینن بە نوسینو کردوەوەی بەرریوەبەرانا . هەمو سالیکیش گشت ئەندامان کوئەبنەوە بو هەلبژاردنی بەرریوەبەرانی نوی ( چونکە بەرریوەبەران ئەبی هەموسال جاری تازە بکرینەوە ) . بەرریوەبەرانی کونیش هەمو کردەوەی ئەو سالەیان ئاشکرائەکەن . قازانجو زەرەر دەرئەخەنو هەر ئەندامە چی بەر ئەکەوی پیشانی ئەدەن . ج پیشنیاریکیشیان ( اقتراح ) هەبی دەری ئەبررن . هەروەها ئەندامەکانیش چییان هەبی ئەیلینو بریاری

گشتیش لەسەر چی بدری ئەنوسرینەوەو ئەخرینە پال یاسای کومەلەکە .

* * *

ئەمە سەرپییەکبو دەربارەی کومەلی هەرەوەز . هیوادارم جیی کەلك بیت . تکائەکەم لەوانەی کەزانیاریەکی ئابوری باشیان هەیە لەم روەوە شتی تر بنوسن . هەروەها دەربارەی ( نقابات ) زور پیویستە باسیکی دورو دریژی لیوە بنوسری و بخریتە پیش‌چاوی خوینەواری کورد تابزانری نەقابە چیە ؟ بوچی باشە ؟ چون پیك دیت ؟ ئیتر چاوەروانی پینوسی زیررینتانین .


---

## ئاوریك لەشوررشە مەزنەکەی عیراق

- پەراویکە میژوی خـەباتی عیراق دەرئەخات لە چل‌سال پیش شورشەوە .
- شەوی چواردەی تەموز چی کراو چی رویدا ، هـەموی باس ئەکات لەگەل گەلی شتی نەزانراوا .
- تیکوشەرەکانی گەل : چەندیان لی‌خنکا ، چون بەند ئەکران ، بو دوور ئەخرانەوە ؟
- عیراق لەپاش چواردەی تەموزەوە ، هەبستی گەل ، بریارەکانی کومار ، وەگەلی شتی تری تیایە .. ئەم نامیلکەیە ژمارە سی‌یە لـە بلاوکراوەکانی « هیوا » چاوەروانی بن .

# مەمك زۆری
**Polymastia**

لەگوڤاری (( العلوم ))ەوە
مصطفی أمین



لەکاتی لەدایكبونی چەند مێینە یەك ، ڕێئەکەویت لە دومەمك زیاتریان هەبیت ، ئەم مەمکە زیادانە هەر وەکو مەمکی سروشتی گەورە ئەبن بەجوریك کە بەئاشکرا ئەبینرین لەسەر گەلی شوینی لەشدا .

هیندی میلەتانی کون ، خواوەندە تایبەتپەکانیان باسکردوە کە گوایە ئەم خواوەندانە گەلی مەکلیان هەبوە و ئەم مەکانە نیشانەی پتو بەرەکەتیو هەرزانی بون ، هەروەکو (( سیریس )) خواوەندی کشتوکالو دروینە بو لەناو (( اغریقیەکانا )) دیسانەوە خوشکەکەی (( ایزیس )) لەمطرا و (( هیرتا )) لە اسکندنافیە . ئەم خواوەندانە ئەپەرەستران چونکە خیرو بەرەکەتیان ئەهینا بو میلەتەکەیان ، ئەمانە وسم کرابون بە وینەیەك کە مەمکی زوریان پیا شوربوبوەوە .

ئەوەی سەرنجی ئادەمیزاد رائەکیشی ئەو ئافرەتانەن کە لەدو مەمك زیاتریان هەیە . ئەم رودراوە بەسەرسورمانیکەوە سەیرئەکریت وەیان ئەشاریتەوە ، وەیاخود بەخرافات ئەزانری .

ئەم شذوذە ( پەیدابونی دومەمك زیاتر ) پیی ئەوتری ( مەمك زوری ) وەیابونی چەند گویەك بە ( گویزوری ) .

ئەم دو رودراوە بەئاشکرا ئەبینری چ لەپیاو و چ لەژنا ، لە ئەنجامدا رودراوی نیرینە ئەگەریتەوە بو ئەو شذوذەی کە لەغدەکانا هەیە . وئەم رودراوە ( مەمك زوریە ) بە نسبەتی ١٪ ئاشکرا ئەبیت لە هەردو جنسەکـەدا .

لەمیژوی پزیشکەوە وەرگیراوە کە تاسالی ١٩١٧ م نزیکەی ١٠٫٠٠٠ کەس لەدو مەمك زیاتریان بوە .

لەبەر کەم رودانی ئەم ( مەمك زوریە ) ئادمیزاد مەترسیەکی زور لەم شذوذە ئەکات ، جگە لەوەیش لەشی ئادمیزاد خوارو خیچو ناریك ئەکات ، وئەبیت بـەهوی شیواندنی فسلجیو و نفسانی ، ئەمانەیش هەمویان ئیشو ئازارو نارەحەتی پەیدا ئەکەن ، وئەبنە مصدر بو دەرکەوتنی گەلی وردە گوشت لەسەر ئەندامەکانی لەش کە حەزیان پی ناکریت .

**شوینی ئەم مەمکانە :**

ئەم مەمکانە عبارەتن لەگەلی گوی بچوکی بی نسیج وەیاخود لـە ( زور کەرەت بەتەواوی ئەم گویانە لەگەل ئەو خالانە جیا ناکرینەوە کە بەلەشەوەن ، گـەلی غـدەی ئیش کـەر بەگویرەی تأثیراتی هورمون

ئەجولینەوە وە افرازات دەرئەدەن .

ئەم مەمکانە لەکاتی سك‌پربونو عوزر شتنا گەورە ئەبن و لەکاتی شیردانا شیریان تی‌ئەزی کە کورپە مژی شیریان لی دی هــەر وەکو مەمکی تر .

ری‌ئەکەویت ئەم مەمکە زیادانە لەهەر لایەکەوە جوت جوت وەیا زیاتر دەرئەکەون .

لە دە گوی مەمك زیاتر بینراوە بەژنیکەوە و ئەمەیش زورکەم ری‌ئەکەویت ، شوینەکانیان بەزوری لەبن بالا ئەبیت ئەم مەمکە زیادانە سەربەخونین بەلکو بەو مەمکە سروشتیانەوە بەسراون کە کەوتونەتە ئەولایانەوە .

و زورجار وا ری‌ئەکەویت کە نسیجی پەیوەندیان نیە ، وەیاخود شوینەکەیان بەدریژای لەسەر هیلی شیری ئەبی ، لەهەردو تەنیشت وەیان لەسەر روی سنگ‌و سك‌و کمەر بە وینەی گوی مەمکی پشیلەو بەراز .

تا ئیستا هیچ بەلگەیەك نیە کەوا ئەم مەمك زوریە لەئادەمیزادا بەستراوە بە لەدایك بونی ( دوانەوە ) ( التوأم ) وە یا زیاترەوە جنینی ئادەمیزاد بەو هەنگاوانەدا تی‌ئەپەریت کە لەسەرەتاوە ئادمیزادی پیــا تی‌پەریوە تا شیوەی ئیستای .

گەورەبونی مەمك ئاشکرا ئەبیت کوتایی حەفتەی شەشەما لەژیانی جنینا بەوینەی هیلیك لەنسیجی پیستا لەهەردو تەنیشت ، لەدوای نوهەمین حەفتە کە جنین ئەبیت بەیەك ئینج ( گری ) ئەو هیلە ئەپچریت وە ئەبیت بە زنجیرەیەك لەگری ، هەر گری‌یەك نسیجیکی جنینی بوخوی

ولاتانا ئاشكرابوەو لەهیندیکی تریانە، ئاشکرا نەبوە ، هەروەکو لە ٥٪ لەئافرەتی پابان و لەپیاوانی ، دیسانەوە بەنسبەتی لە ٤و٠٪ لە مندالی ئینگلیزەکان ئەم رودراوە دەر کەوتوە ، جگە لەوە شوینی ئەم رودراوە ئەگوری بەگویرەی میلەتان هــەروەکو لــە ٨٨٪ لەم رودراوە لەپابانا ژمیرراوە لەسەروی مەمکی سروشتیەوە دەرکەوتوە ، بەلام لەفنلندە بەزوری لەژیر مەمکی سروشتیەوە دیاری داوە .

مەمکی ئافرەت عبارەتە لە غدەیەکی پیستی گورراوی بچوك . بەبچوکی ئەمینیتەوە دەوری بلوق ، دوایی بەرەبەرە گەورە ئەبیت بە تأثیری هورموناتی هیلکەدان ( مبیض ) . بەلام لەپیش بلوقبونا عبارەتە لە چەند بوریەکی بچوك لەژیر بوشایی گوی مەمکا دریژ بونەتەوە . لەکاتی بلوق بونا ئەم بوریانە گەورە ئەبن و پەلکیان لی ئەبیتەوە . دوایی ئەچنە وینەی تورەوە لەدوای بلوق بون .

گەورەبونی هیندی لەو خلایانە کە شیر ئەدات لەگەل عوزرا ئەبیت ئەم خلایانە بەهوی هورموناتی غدەی نخامیەوە زیاد ئەبن و بوریەکان پر ئەکەن لەشیر دوای ماوەیەك کە مندالەکە لەدایك ئەبیت جگە لەو هورمونە هورمونیکی تریش لەغدەی نخامیەوە ئەرژیتە خوینی دایکەوە .

ئەم مــەمکانە نابینریت ئەگــەر ( اثری ) بیت چونکە انسجەی پەیوەندیان زور کەمە و ری‌ئەکەویت کە لەو غدانە بکات کە گوییان هەیە و بوری پەلکاویان هەیە .

ئەو مەمکانەی کە لەناوەراستی لەش پەیدا ئەبن بچوکن تەواونین بەلام ئەوانەی کە لەتەنیشتوە ئەروین پی‌گەیشتون‌و شیریان تی ئەزی

پەیدا ئەکار که ئەم نسیجانەیە ئەبنە غدەی مەمك ، لەپاشا هەمویان ئەشارینەوە ئەو دوگریەیە نەبیت که بەسەروی سنگەوە ئەمینیتەوە . ئەم غدەی شیریانە لەپاش ماوەی هیلی شیرەکان گەورە ئەبن .

لەکاتی لەدایك بونی ئەوانەی کە ئەم مەمکانەیان هەیە ، ئەم مەمکانە بەزوری لەسەر هیلی شیری ئەبینرین لەجنینا .

## هوی مەمك زوری :

داروین هوی ئەم رودراوەی بەستوە بە گەرانەوە بواصل (گەرانەوە بو ئەو پلانەی کە ئادەمیزادی پیا رویشتوە ، لەگەل ئەوەیشدا ئـەم پیش کەوتنە عیبدارە کە لەهیلی شیری‌دا روئەدا ناتوانی ئەوەمان بو دەربخا کە بوچی ئەو مەمکە زیادانە و گوی زیادانە لەشوینی ترا دەرئەکەون وەکو دەموچاو ، گوی ، مل ، هەردو پەل وسمتدا . . .

لەگەل ئەوەیشدا گەلی زانایان هەولیان داوە کە تفسیری ئـەم رودراوەو گەلی شذوذی سروشتی بکەن ، وتویانە کـە گوایە ئەمانە لەئەنجامی تیك‌چونیکەوەیە کە بەسەر گورانی خواردەمە نیدا تی‌ئەپەریت ، وەیا جنین حالەتیکی وای لی بەسەردیت کە نازانریت چیە ، ئەم دوتفسیرە ( گورانی خواردەمەنی‌و ئەو هاتنی چەند حالەتیك کە بەسەر جنینا دیت ) ئەبن بەهوی روانن ئەم مەمکانە لەشوینی جیاوازا . زانینی هوی مەمك زوری پەیوەندی هەیە بەزانینی هوی دەرهاتنی دان‌و قژ کە لە شوینی خویا نەبن .

ئەم مەمك زوریە هیشتا بەتەواوی نەزانراوە کە بوچی لەهیندی

بەلام ئەوانەی کە لەتەنیشتوە ئەروین پیگەیشتون‌و شیریان تی ئەزی .

ئەو هورموناتانەی کە بەهوی خوینەوە ئەرژینە مەمکەوە « لەکاتی عوزرو سك‌پرر بونو شیردانا » هانەهانی مەمکە زیادە کان ئەدەن ئاوسین‌و ئازاریان ئەبیت .

هیندی کەس وای لیك ئەداتەوە کە گوایە قەلەویە ئەبیتە هوی ئاوسانی ئەمانە .

بەهوی هورموناتەوە ئەبن بەانسجەو شیریان تی‌ئەزی وەیان ئەبن بەمەمکی راستەقینە .

هەچ کاتی ئەم مەمکانە لەشوینی ئاشکرادا دەرکەوتن وەکومل دەموچاو ، ئەبن بەهوی ناریکی لەش‌و پەشوکاندنی نفسی لەبەر ئەوە لابردنی بەعملیەت پی‌ویستە .

## ئابونــە

هەموکەسیك کــە ئەم گوڤارەی بو نیرراوەو گلی‌داوەتەوە ، بەئابونە ژمیرراوە . جا تکایە بەگورجی ئابونەکانتان بنیرن ، وە ئەوکەسەی نایەویت ، گوڤارەکان بنیریتەوە . وەهیچ زویریش مەبن ئەگەر لەمەودوا بومان‌نەناردن .

# سلاویك

## پیشکەش

## بە دوو کچە قارەمانی نەبەز :

## جەمیلەی جەزایرو نادیەی ئەردەن

**نەسرین فەخری**

لە سەرچاوەی ژین : ـ
« کوردستانەوە »
لە سروشتی جوانی
پر سامانەوە
لە شاخی بەفرین
لە دەشتی رەنگین
لە پیرەمەگرون
لە سەیوانەوە
لە لەعلو میخەك
شەوبوو گولالە
سلاو : نادیە
سلاو : جەمیلەی : ـ
بیست دوو سالە

جاندارکی عەرەب
نەوەی جەزایر
نە توپ ، نە تفەنگ
نە کلپەی ئاگر
نە زەبری زوردار
نە هیزی بەدکار
نەتیری تاوانکاری جەرگ هەلدرر
نەیان ترساندی
چونکە کچیکی
بەرزو نەبەردی



توش ئەی کچی کورد
هەستە دەستو برد
بانگکە : بی گومان
نادیە قارەمان
جەمیلەی ئەردەن
پیش‌مەرگەی وەتەن
بەستەی سەر لیوی
لیوی ئازادان .
تو هەست بزیوی
هەر وەك کوردستان
ئەوەش بزانە
کە بی گومانە
ئیمەش هەر وەك توین
ریگای سەربەستی
ئاو ئەدەین بە خوین
بەخت ئەکەین وەك تو
گیانو کەس و کار
تا هەلئەکەنین بنکەی ئیستعمار

***

نەبوین ونابین
بە دیلی دیلان
نە ئیمپریالیست
نە هی تاوان کەر
نە خاوەن بیرو رژیمی بی فەر
تینوی ئازادین
بەرزین
نابەزین
نەبوین ونابین
بە دیلی دیلان
چونکە بەم جورە هاتینە ژیان

***

لە چاوی سوریان
هەلئەقولی تاوان
ئیمەش بە خوینی
جوانانو ولاوان
ئاو ئەدەین وورد وورد
رەگی ژینی کورد
مومین ئەسوتیین
لە ریگای کاروان

***

له کورو له کچ | ئەبین بە پیشمەرگ
له گەنجو له پیر | سەر ئەکەین بە پرد
پرسکە گشت یەکین | پیایا بروا کورد
له راو له تەگبیر | گشتمان جەمیلەی
له کلپەی ئاگر | گشتمان نادیەین
دروست ئەکەین بەرگ | دیبینه کوری جەنگ
لەبەری ئەکەین

**نەسرین فەخری**

## نیگاری دەستکرد

داوا لەنیگارکیش ( رسام )ە بەریزەکانمان ئەکەین کە لەمەودوا بەرهەمی دەستە رەنگینەکانیانمان پیشکەش بکەن تاکو ئیمەش پیشکەش بە خوینەوارانی بکەین.وە ئیمە بو هەمو نیگاریکی پەسندو سەرکەوتو خەلاتمان ئامادە کردوە .



# شورشی پیروز

نووسینی : هەوری

له یەکەم هەوارگەی ژیانەوە روەو شارستانیەتی ئەمرو هەر چەرخە بەناویکەوە ، هەر روژە بەبیانوویەکەوە و هەر دەمە بە سەبارەتیك گەلی مروڤـو مروڤایەتی لە پەچــەی ژین دا بە زور مول دراوەو رووناك بیرەکانیان و ئازادی خواکانیان بە کوت و زنجیرەوە خراونەتە گوشەی زیندانی بیرچوونەوەو لی نەپرسینەوە و بەپی‌ی تواناو باری ئەو گەلەیان تەیمان ، یان دیوار وەیان شوورەی ئاسنین بــە سنووری پەچەکــەدا کیشراوەو یاساولی کونەپەرستی بە هاو کومەکی دەرەبەگی‌و جیاوازی چینی گەل‌و یاسای پادشایەتی بەدیارەوە دانراوە ، ئەمانیش بو مانەوەی ژیانی لە وەرر خوشی پاکژی خویان لە دەستووری چونیەتی شیوەی ژیان‌دا برەویان داوە بە شیرازەی بەدخویی و داوین پیسی‌و دزی و جەردەیی و ســوود پەرستی خوازدنەوە یاری و زور داری و هیچ گوی‌یان نەئەدایە برسیەتی و چەوسانەوە و رەنجبیوەری بەشی زوری

گەل بەم رەنگە سالەهای سال و بەلکوو زور چەرخی پرستەم تی‌پەرری و کومەلی مروڤ وەك ئاژەل لە پەچەی مەینەتی ژین بە کوت‌و زنجیری دەرەبەگی وکونەپەرستی‌یەوە بی بەش لە مافی ژیانی خواداد و کەمتر لە ولاخ تەماشا کراوە ، دایك‌و باوکی رولە کوژراو ، هەژاری بەش خوراو ، نەخوشی بە ئاستەم نووزەتیاماو ، دلداری دولبەر لی‌زەوت کراو ، رەنجبەری هەمیشە برسی رەش‌و رووت ، جوتیاری بی گاو تفاقی جووت پیویست بوو لەسەریان بەو حالەشەوە ستایشی کاربەدەستان بکەن و هەمیشە چاکی بەندەیی و فەرمان بەری‌یان بەلادا کراوبیت چونکە ئەگەر وایان نەکردایە بەشیان تالان‌و کوشتن‌و ئابررو چوون ئەبوو . ئەم جورە کردەوەیەو یاسایە لە پەچەی مروڤ وەك ئاژەل تیدا مول دراودا هەر لەکاردا ئەبوو تا هیزی هەست بە زورلی کراوی پالی ئەنا بەدەستەی تی‌گەیشتوان و بیرپاکان‌و ئازادی خواهانەوەو بەرامبەر بەو جورە شیرازەو فەرمان رەوایە شورش‌یان بەرپا ئەکردو بە هەزاران گیان‌و سەرو مال‌یان ئەکرد بە قوچ تا سنووری پەچەیان ئەشکان‌و چەند ماوەیەکیان ئەبرری روەو هەوارگەی شارستانیەتی و هەندی کوت‌و زنجیری کونەپەرستییان ئەپسان وکەمیك مافی ژیانیان وەرئەگرت . بەم رەنگە شارستانیەتی ئەمررو زادەو لەدایك بووی ئەو شورشانەیە کە تا ئەمرو لە گیتی‌دا کراون هەر لە شورشی دەستووری ئینگلیزی‌یەوە بوسەندنی ( پەیمانی گەورە مەگنەکارتە ) تا شورشی ئیتالیاو ئەلەمانیاو ئەمریکا بو سەندنی ئازادی‌و سەر بەخویی لە داگیرکەران‌و و شورشی

گەورەی فەرەنسە بەرامبەر بە شاو کونەپەرستان و جیاوازی چینی گەل و شورشە ناودارەکەی روسیای سوڤیەتی بو لابردنی قەیسەرو سەرمایەداری و هەلوەشانی چەپەری بەزور چەسپاوی میانی چینانی گەل و دەست خستنی‌مافی رەنجبەرو کریکار ، شورشی دوایی میسر بو دەرکردنی شاو ئیستعمارو نوکەرەکانیان تا ئەگاتە شورشە پیروزکەی چواردەی گەلاویژ لە عیراقدا بو لابردنی شاو یاسای شایەتی و کونەپەرستی‌و دامەزراندنی کوماری گەل . ئەم شورشانە هەر یەکەیان بە پی‌ی تین‌و تەوژمی خوی کاریکی گرنگی کردوتە سەر کاروانی ژیان روەو شارستانیەتی‌و چونیەتی ژیانی سەر زەوی بەرەنگی لەپیشوەکەی تا ئەندازەیەك باشتری کردوە . وەلی ئەگەر بە چاویکی وردبین و بیریکی پوخت تەماشای بکەین‌و لیکی بدەینەوە بەئاشکرا بومان دەرئەکەویت کە شورشەکەی عیراق بە پی‌ی جیگاو ناو چەو روژ گرنگ ترین شورشیکی پیروزو بەکەلکە لە چەرخی بیستەمدا رووی داوە چونکە لە کاتیکدا روی‌دا ٣٨ سالی تەواو ئیستعمارو کونەپەرستی‌و دەرەبەگی‌و نیشتمان فروشی شیوەی ژیانی بەرەنگی گورری بوو دەماری پیاوەتی خاوو سست کردبوو بە جوری لا بردنی بە زور ستەم ئەهاتە پیش چاو لە روژیکدا کرا کە هەموو دووکەسیکی ئازادی خوای دانیشتوی عیراق لە ژیر نیری ئیستعماردا کەلەمەی کونەپەرستی وا لە ملیاندا جەررابوو ئەوەندەی نەمابوو بتاسین ئەمە لەناوەوە ، لە دەرەوەی عیراقیش بە ناوی پەیمانی بغدادەوە برادەرانی نوکەرانی ئیستعمار لەسەر چوارلای سنووری عیراق بووبوونە پەرژینی پەچەی گەلی عیراق تیدا مول دراو لە گەل ئەم هەموو

تەلزگەو (١) تەنگو چەلەمەو ناهەمواریەشدا شورشی ١٤ گەلاویژ بی تەنینەوەو لیك لی بوونەوە بەکویرای چاوی دوشمنانی نیشتمان سەر کەوتوو سەر گرتوو بوو ئەوەی شایانی باسیو ستایشە کاربەدەستانو شورش گیرانی عیراق هەر وەك لە مەیدانی هیرشو هەلمەتو جەنگو جیبەجی کردنی پیلانی شورشو پیویستی سەربازیو لەشکرا ئاراییدا سەر کەوتووی بی وینە بوون وادیارە لە مەیدانی کومەلایەتی و ئابووریو ئاسایشو سیاسەتیشدا شارەزاو سەر کەوتوویەکی بی وینەو نەبینراون چونکە ئەو فرمانانەی کەتا ئیستا کردویانە لەم مەیدانانەدا هەموویان شایانی ستایشو پیروزبایی لیکردنە بویە بەراستی هیوای ژیانیکی شادمانی و کامەرانی پرر ئاسایشو ئازادی تەواو ئەکریت بو گەلی عیراق بە کوردو عەرەبەوە لە دوواروژدا و هەر لەبەر ئەمەش ئەبیت شورشەکە ناو بنریت شورشی پیروز .

**سەروکی وەزیران زعیم رکن عبدالکریم قاسم**

زور بەگەرمیەوە پیروزبایی هەنگاوە بەنرخەکەتان ئەکەم بەبریار دارتان بو گەررانەوەی قارەمانی کورد ژەنەرال مصطفی بەرزانیو هاوریکانی .

یادتان بەخیر ئەی دوور ولاتان
کوتری بەبال ناگاتە لاتان ..

ئیتر بوپیشەوە هەمو گەل لەگەلتانن ، بژی برایەتی کوردو عەرەب بژی جەمهوریەتی خوشەویستمان .

**کوردیکی دلسوز : بەشیر موشیر**

---

**١ – تەلزگە = خطر .**




**لە بابەت پەیدا بوونی گیانەوە لە**
**گوڤاری (( طبیبك )) فؤاد عزت کردویەتی**
**بە کوردی ...**



ماوەیەکی کەم لەمەو پیش یەکیك لـە زانیارەکان لە نیویورك چاوی برریبوە زەرەبینی میکروسکوب زور بە پەروشی تیی رائەما .

چیروکیکی سەیری لەبەر چاوا تەمسیل ئەکرا . لە کاتی عملیاتی ژنیك هیلکوکەیەکی ( بییضە ) زندوی لە ـ نفیر ـ کە هیلکەدانە دوزیبوەوە .

هیلکوکی دەست بەجی خستە سەر لەپی ( سلاید (١) وتنوکیك

---

**١ ـ سلاید : شوشەیەکی تەنکە ، ئەوشتەی ئەخرینە سەر کە ئەمانەوی بە میکروسکوب بی‌بینین .**

تووی زندوی ( سائل منوی ) کردە سەر .

بە چاوی خوی گیان لەبەریکی منوی ( سپیرم ) وردی دی بەرەو هیلکوکەیەی کە زور لە خوی هەراش تر بوو دەرپەرری .

ئەم چیروگە پەیدا بوونی گیان ، پەیدا بوونی ( حیاة ) پیشان ئەدات ، کە یەکەم هەنگاوە بەرەو پەیدا بوونی گیان لەبەریکی تازە .

بەجووت بوونی سپیرم وهیلکوکە وتیك رژانیان ـ اخصاب ـ رستیك گورینی سەیر رووی دا .

ئەو هیلکوکە خرە وردە کشا و لە ناوقەدا باریك بوەوە تا لە ئەنجاما بوو بە دوو کەرتەوە . ئەو دوو کەرتەش دووبارە لەت بوون وبوون بە چوار ، چوارە کەش بوون بە هەشت ، بەم جورە لەم هەشت ( خلیە )یە هەزارەها خلیە پەیدا ئەبیت کە گیانی تازە لە دایك بووی لی پیك دیت .

دکتور ( جورج کورنر ) کـە گەورەترین اختصاصیە لە منـال بوون ئەلیت :

« تیارژانی ـ اخصاب ـ هیلکوکە لە کاتی جووت بوونی لە گەل ( حیامن ) شایانی سەر سوررمانو حەبەسانە !! ئەگەر بهاتایە ئەم رووداوە هەلکەوت بوایە یان بە تایبەتی لە ناوچەکانی سەر زەمینا رووی بدایە ؛ هەزارەها بعثەو هەزارەها پیشانگای بو ریك ئەخرا وروژ نامەکان لـە دوان وباسی نەئەکەوتن » .

هیلکوکەی ژن گەورەترین و ( سپیرم ) ـ کە خلیەی نیرە و تووی

لی پیك‌دی ــ بچوکترین خلیه‌یه بگره له خریله‌ی سووریش ( کریه حمراء ) ورد تره .

له حالاتی اعتیادیا هیلکه‌دانی ژن ( مبیض ) هه‌ر مانگه هیلکه‌یه‌ك پی ئه‌گه‌ینی و دای ئه‌هیلیته خواری . تا ئیستا نه‌زانراوه چون سورشت هیلکه‌دانی راست یان چه‌پ بو هیلکه‌دانان هه‌ل ئه‌بژیری .

به‌تیکرایی به‌دریژایی ژیانی ئافره‌ت ــ له خوناسینه‌وه تا له‌سك چوونه‌وه ــ ماوه‌ی ( ٤٠٠ ) تا ( ٥٠٠ ) هیلکه دائه‌نی .

له‌سجلاتی دکتوکان بومان ده‌ر ئه‌که‌ویت که ژن هه‌ن له ته‌مه‌نی ( ٥٢ ) سالیشا سکیان پرر بووه . له‌مه‌دا بومان ده‌رئه‌که‌ویت که ئه‌م هیلکه‌یه ماوه‌ی نیو چه‌رخ ــ که ٥٠ ساله ــ زیادتر چاوه‌روانی کردوه تا هاتوه‌ته خواره‌وه . چونکه ئافره‌ت له‌و روژه‌ی یه‌ته دنیاوه زه‌خیره‌ی هیلکوکه‌ی نه‌گه‌یوی حازر له هیلکه‌دانایه .

له گه‌ل ئه‌وه‌شا که ئافره‌ت به دریژایی ژیانی ٤٠٠ تا ٥٠٠ هیلکه زیادتر دانانی ، بو زانیاره‌کان له سوید ساغ بوه‌ته‌وه که ئافره‌تیکی ٢٢ سالان پاش عملیات ژماره‌ی هیلکه له هیلکه‌دانیا چوار سه‌دو بیست هه‌زار ( ٤٢٠,٠٠٠ ) بوه .

ئه‌وه‌ی له هیلکه‌دانا روو ئه‌دات زانراوه :

له پیشا ده‌ورو پشتی هیلـکوکه‌ی نه‌گه‌یو لـه هیلکه دانا شل ئه‌بیت و هیلکوکه‌که ورده ورده ئه‌نیشیت ونزیك قـه‌راغی ده‌ره‌وه‌ی هیلـکه‌دان ئـه‌بیت وپال به‌دیواری هیلـکه‌دانا ئـه‌نیت . تا بلوقیك په‌یدا ئه‌بیت وه هیلکوکه‌که‌ی لی ده‌ر ئه‌په‌رری .

بەزنجیرە ئەم رووداوە ئاشکرا لە کەرویشکدا بینراوە .

❊ ❊ ❊

لە پیش ١٩٣٠ دا پزیشکەکان یەکەم هیلکوکەی گەیویان نەدیبو . ئەم هیلکوکەیە خریلەیەکی بریقەداری جەلاتینی مەیلەو رەقە ، ئەوەندە وردە چاویك تیژ نە بیت نای بینیت .

قطری هیلکوکەی انسان نزیکی لە هەزارا شەشی انجیکە ( ٠.٠٠٦ أنج ) . هەتا رادەیەك ئەتوانین بلیین هیلکەی ژن لە هیلکەی مریشك ئەچیت لە گەل چەند جیاوازیەك کە ئەمانەن :ــ

١ ــ هیلکەی مریشك تویکلیکی رەقی هەیە لە چەلەمەی سروشت ئەپاریزری ، هیلکوکەی ئافرەت ئەم تویکلەی پی ناویت چونکە لە لەشا پاریزراوە .

٢ ــ هیلکوکەی مریشك پیویستی تەواوی ( جەنین ) خواردە مەنی تیایە تا ئەو کاتەی لە هیلکە یەتە دەری ، هیلکوکەی ئافرەت تەنیا خواردەمەنی هەشت روژ پاش دەرپەرینی لە هیلکەدان پی‌یە ، ئەگەر هاتو لەو هەشت روژەدا ( تی‌ی‌رژینرا ) ئەوا بە دیواری ( منالان )ەوە ئەنوسی وخواردەمەنی لی ئەمژیت ئەگینا ئەوا لە مردنایە .

❊ ❊ ❊

هەر خلیەیەك لە لەشی انسانا ٤٦ کروموسومی تیایە ــ ئەم کروموسومانەن هوی دەرخستنی رەنگو رووی باوکو باپیرمان ــ .

هەر وەها سپیرم ٢٣ کروموسوم هەل ئەگریت وهیلکوکەش ٢٣

کروموسوم . بەجووت بوونیان یەکەم خلیەی تەواوی لەش ( جسد ) پیك دیت .

زور گیرو گرفت بەرەنگاری هیلکوکە یەت لە پاش دەرپەرینی لــە هیلکەدان ، ئەگەر هاتو لەماوەی ٢٤ سەعاتا لەگەل سپیرم جوت نەبوون بەرەو نەمان ئەچن .

لە لایەکی تریشەوە لەگەل ئەوەشا کە سپیرم زور سرك وخیرایە ئەویش لە بەلا دوور نیە لەم ریگا دورو دریژەیا .

باسی ( صواریخ ) ومیشکی ئەلەکترونی رەنگە باسیکی سەرەنج راکیشەر وشایانی حەبەسان بیت ، بەلام پیویستە ئەوە بزانین کە سپیرم زور زور لەمانە سەرەنج راکیشەر وشایانی سەر سوررمانترە .


خستنەوەی نیر یان می لە سپیرمەوەیە . هیلکوکە ، یەك لــە کروموسومەکانی (x) ە وە ئەمەش می ئەخاتەوە .

سپیرم یەك لە کروسومەکانی یان (x) ە وە یا (+) ئەبیت . کرومونسومی (+) نیری ئەخاتەوە .

ئەگەر سپیرم لە هەلگری کروموسومی (+) بیت ئەوا نیر ئەخاتەوە ؛ خو ئەگەر لە هەلگری کروموسومی (x) بیت ئەوا می ئەخاتەوە .

لەمەدا بومان دەرئەکەویت کە خەتای خستنەوەی نیر یان می لە پیاوەوەیە نەك ئافرەت .

ئەم رەسمەی خوارەوەش بەکورتی وە بو روون کردنەوەی مەبەس سوود ئەبەخشی .




**بەشی سەرەوە : خـەلیەی لەش پیش لەتبونی اختزالی .**
**بەشی خوارەوە : خـەلیەی لەش پاش لەتبونی اختزالی .**

---

بو ئەوەی پیشانی بدەین کە ریگای دوورو دریژی سپیرم چەند سـەختە ئەلیین لە هەر جاریکا پیاو ( ٥٠٠ ) ملیون سپیرم ئەرژینیت . لەمانە هەمووی ــ کە سـەد ( ١٠٠ ) ئەوەندەی ژمارەی دانیشتوانی هەموو عراقە ــ تەنیا یەك سپیرم بو تیك رژان پیویستە .

ئەوانی تریان یان لە ریگا وە یان پاش تیك رژانی سپیرمی یەکەم ئەمرن وجوانە مەرگ ئەبن . چونکە پاش تیك رژانی سپیرم هیلکوکەی تیرژینراو ( مخصبه ) تویکلیکی پاریزەر بەدەوری خویا دروست ئەکات کە بە سپیرمی تر کون ناکریت .

لە پیشا وازانرابوو ( حیوانی منوی ) تەنیا سـەری ئەچیتـە هیلکوکەوە وکلکی لە دەرەوە ئەقرتی وبەجی ئەمینی .

بەلام باوەری ئیستا ئەوەیە کە سپیرم بەخوی وکلکیەوە ئەچیتە ناو هیلکوکەکەوە و بە تیکەل بوونیان یەکەم خلیەی گیان پیك دیت .

رەنگە زور خویندەوار ئەم باسە دریژەی لە لا بی سوود بیت ؛

یان نەی گەینیتە ئامانجیك ، بەلام ئەوەی شایانی باسە ئەم خویندنو لی کولینەوەیە ی لەم دواییەدا کراوە سوودیکی بەکەلکی لی بینراوە . وەك زور کردنی نەوە یان کەم کردنی ( اکثار او تحدید النسل ) یان باش کردنی مەرو مالات ( تحسین نسل الاغنام والمواشی ) .

باش کردنی نەوەی مانگا تا ماوەیەکی کەمیش لەمەو بەر لە سنووری – حقل – نە ئەچوە دەرەوە . بەلام ئیستا سپیرمی ( گا ) پاش ئەوەی بە هوی ریگای کیمیاویەوە ئەپاریزریت وبە فروکە بو زور شوینی دوور ئەنیریت ، تەنانەت یەك ژەم رشتنی ( گا ) یەك بەم جورە ئەتوانیت ١٣٠٠ ( مانگا ) چاك کات .

( تلقیح ) ی پیشەسازی تەنانەت لە ماسیشا ئەکریت . بەم جورە توانراوە سامانی دەریاییش زور زیاد بکریت .

تەنیا سپیرم نیە کە لە ژیر تاقی کردنەوەدایە . هیلکوکەش لە زور شتا تاقی کراوەتەوە . هیلکوکەیەك لە کەرویشکیکی می وە براوە بو کەرو یشکیکی می‌ی تر بیچوی بوو لەراستیشا بیچوی ئەو نەبوو

لە مەسەیر تر مشکیکی می هیشتا لە سکی دایکیا ئەبیتو چاوی بە رووناکی ناکەویت چەند بیچویەکی ئەبیت ، ئەویش بەم جورە :–

لەو کاتەی لە سکی دایکیا ئەبیت هەردوو هیلکەدانی لی ئەکریتەوە وئەبریت بو مشکیکی می‌ی پی گەیشتر بەم جورە ئەمەی دوایی چەند بیچویەکی ساغی بوو لەو کاتەی ئەتوانین بلیین دایکی ئەم بیچوانە ئەو مشکە بوو کە هیشتا لە دایك نەبوو بوو .

**هەلەبجە : فؤاد عزت**
**لیسانس لە بایلوجی‌دا**



# بو ئافرەتی کورد

بەپینوسی : خانم زوهدی

## دایکو خوشکانی خوشەویست

دەمیك بو لــە ژیر چنــگی ئیستیعمارو کونەپەرســتە بەکری گیراوەکانیا بوین ، دەمی سال بو بەسیاستی جیاوازی حوکم ئەکراین ، جیاوازی بەینی قەومەکانی ولات ، بەینی دینەکانی ، ئەینی ئاینەکانی ، بەلی جیاوازی داری دەستیان بو ، چەکی تیژیان بو ، ئەو سیاسەتە کە ئیستیعمارو نوکەرەکانی ئەیان ویست هیزی میللەتی پی کز بکەی ، هەر ئەو بیرو باوەرە کونە پەرستە ئیستیعماری بو بەکار ئەهینرا بو ئەوەی نیوەی میللەت کە ئافرەتە ، دوری بخەنەوەو گیری بدەن لە بەینی چوار دیواری مالەوە وە بی بەشی بکەن لە تیکوشان شان بە شانی نیوەکەی تری چونکە تیکوشانی ئافرەتان لە گەل پیاودا عومری ئەو سیاسەتە بوگەنە کورت ئەکا وە دووا روژی رەشیان ئەخاتە پیش چاو .

خوشکانی بەریز . . . دەمیك بو گویمان لە زورنای ئەو زوربە پیسە بو هەزار ئاوازی ناسازی لیئەدا بە گویی میللەتا تا ئافرەتی دائەنا بە ئینسانیکی بی هیز کە هیچ کاری پی ناکری مەگەر پیویستی مالو منال نەبیت ، ئافرەتی دائەنا کەوا توانای عەقلی کەمترە لە بەشەکەی تری میللەت . بوچی ئەم ئاوازە ناسازەی لی ئەدرا ؟ بوچی ئافرەت بیهیزە ؟ بوچی ئافرەت عەقلی کەمترە ؟ وەرامی ئەم پرسیارانە زانست – علم – زور بە رونی ئەیداتەوە وئەدا بە دەمی ئەوانەدا کە فو ئەکەن بەم زورنا ناله بارەدا وە بە دەنگی بەرز هاوار ئەکا کە ئافرەت هیچ کاتیك جیاوازی نیە نە لە هیزا نە لە عەقلا لە گەل پیاوا ، بەلام وەستانی ئافرەت پال بە پالی پیاو لە تیکوشانا مەترسیکی گەورەیە بو بیرو باوەری ئیستیعمارو کونە پەرست چونکە دووا روژیان نزیك تر ئەکاتەوە ، وە دوور خستنەوەی لەو تیکوشانە ئەو روژە دوور ئەختەوە .

بەلام دایکو خوشکانی نەبەز ، ئافرەتانی عیراق ، چ کورد ، چ عەرەب ، لە دەمیکی زوووە گویان لەم ئاوازە نەگرتووە شان بە شانی باوکو براو میردیان وەستاون لە تیکوشانا ، پال پشتیان گرتون ، وەستاون شیرانە نەبەزانە لە ژیر ئازارا ، زیندان ، بەرامبەر بە گوللە وهیرش شەستتیری زوربەکەی نوری سەعیدی خاین ، وە گیانی خویان بەخت کردووە لە ریگای ئازادیو سەربەستی ولاتا گیانی خوشکە شەهیدەکان ، شەقامەکانی سلیمانی وبەغدا شاهیدە بو ئەم فیداکاریە مەردانەیە بەلی هەمو ئینسانیکی مەردی دلسوز پی لەو تیکوشانە

ئەنیت بە شانازی‌یەوە ، پی‌ی لی ئەنی کەوا چەند قوتابی ئافرەت لــە زانست کران ، چەند نان براو کران ، چەند دەربەدەر بون لە پیناوی ئەم تیکوشانەدا ، بەم جورە ئافرەتان تورریان دا بە دەمی ئیستیعمارو نوکەرانی وبیرو باوەرە پیسەکانیانا . جا ئەم تیکوشانە بو کە بو بە هوی وەرگرتنی مافیان ... هەر لەبەر ئەوەی ئافرەت بەم جورە بەشدار بو لە روخاندنی ئیستیعمارو خاینانی ولات دەستوری جەمهوریەت دانی بەمافی ئافرەتا نا .

خوشکانی خوشەویست دوای ئەوەی روژی ئازادی هەلهات ، دوایی ئیستیعمارو خاینەکان هات لە ولاتە خوشەویستە کەمانا ، بە تیکوشانی یەك گرتوی ئافرەتو پیاو ، کوردو عەرەب ، گەلو سوپا ... بەلام وا بە ئاسانی وازمان لی ناهینی ، بە زویی کول نادا ، پەلە قاژە ئــەکا بو گەرانەوەی دەسگایەکی ســـەر بە ئیستیعمار ، جیاوازی ئەنیتەوە بو ئەوەی هیزی میللەت کز کا ، هیزی جەمهوریەت کز بکەن بو ریگا خوش کردن بویان .

خوشکو دایکە دلسوزەکان ، جەمهوریەتە کەمان پی‌ویستی بــە پاراستنە ، پی‌ویستە لە سەرمان کە ئافرەتی کوردین کە بەشیکین لە ئافرەتانی عیراق ، پال بــە پالی خوشکە عــەرەبەکانمان تی‌کوشین بو پاراستنی بەری تیکوشانی یەك گرتومان ، بو پاراستنیك وەکو بیل بیلەی چاو بو کور کردنی ئیستیعمارو دارەکانی دەستی .

ئافرەت ئەتوانی بە هەمو جوریك تی‌کوشیت ... ئافرەتانی جیهان ، هەروا ئافرەتانی آسیا وئەفریقا دەریان خست کە وا وەك پیاو ئەتوانن

چەك هەلگرن ، یارمەتی بدەن خوراك وبەرگو جیگا ئامادە بکەن بو سەربازە تیکوشەرەکان ، دەنگ وباس بینن وبەرن بو سەرکردانی سوپای میللی وپیش مەرگەی میللی بە بی ئەوەی دوژمن بزانیتو هانی پیاوان بدەن بو تیکوشان .

دایکو خوشکانی تیکوشەر ئیمە خوشکی ئەو ئافرەتە تیکوشەرە نەبەزانەین ، هیچمان کەم نیە لەوان ، بەم جورە ئەبیت بزانین جیگامان کووری تیکوشانە ، بو پاراستنی جەمهوریەت جیگامان ریزی پیش مەرگەی میللیە ، بو پیش مەرگەی میللیە ، بو پاراستنی جەمهوریەت .

ئیتر هەر بژی جەمهوریەتی عیراق بە سەرکردەی قارەمانی سوپا عبد الکریم قاسم .

بژی تیکوشانی ئافرەتانی کوردو عەرەب لە پیناوی پاراستنی جەمهوریەتە کەمانا .

**خانم زوهدی**

---

تەقەلای دوینی ئەمرو هاتە بەر
داری سەربەستی شنەی دی لەسەر
یەکگرن هەموو بو بریني ری ..
تا کاروانی گەل بگاتە دوا جی
ئەی هاو ولاتی ئیمە قوربانین
بەرامبەر دوژمن هەرگیز ئەجەنگین

**« حەسیبە مە**



سرود

# کوردستانی من

ژیان ئەمرو بزەی تەررە
بزەی لیوی تیکوشەرە

❋❋❋

بەتیکوشان کوردستانم
ئازاد ئەکەم ، سەرو گیانم
ئەکەم بەپیخوری خەبات
خەبات بو : کوردو بو ولات
چەندە خوشە بو قەومو خویش
بم بەئاگر ، بەخولەمیش

❋❋❋

کوردستانم فراوانە
بووکی رازاوەی جیهانە

❋❋❋

پەیمانە دوا تنوکی خوین
لیرەبیت یاخود لەهەر شوین

بەقوربانی ئەوی ئەکەم
بوئەو ئەژیم ، سامانەکەم
لەگەل گوشتو ئیسکی لەشم
بو ئەوەو خوم لیی بی‌بەشم

❋❋❋

برای کوردی خاوەنی هوش
تو گوی بگرە لەمژدەی خوش

❋❋❋

ئەمرو ئەبینم نیشتمان
وەك گولالەی بەهاری جوان
کولمی سوورو چاوی گەشە
تومەز بیریکی بی‌خەشە
تیا بلاوەو ئەلی : دەی ، زوو
بو : کوردستانی یەکگرتوو

# قوتابیانی کوردستان

عبدالکریم عبدالرزاق

چەند خوشە وا لەژیر روژیمیکی دیموکراسیدا لەگوڤاری هیوادا ئەم چەند وشانەی خوارەوەتان پیشکەش ئەکەم :

شتیکی ئاشکرایە کەقوتابیانی کوردستان سالەهای سالە خەباتیکی بی پایانیان کردوە بو گەیشتن بەئامانجی قوتابیان کە ئەویش ئاشتیو ژیانیکی باشترە بو قوتابیانی کوردو عەرەب .

قوتابیانی کوردستان ماوەی حەوت سال ئەبیت خویان کو کردوتەوە لەهەموو ناوچەکانی کوردوستانی عیراقدا بو ئەوەی خەباتی خویان یەکخەن بەچەشنیکی ریكوپیك بچن بەگژ هەمو هیزیکی کونەپەرستو ریگرانی ریی ئاشتیدا ، هەروەها بەرهەلستی هەمو پیلانو تەگبیریکی بیگانە بکەن .

بو ئەو کوکردنەوەو خەباتەش یەکیەتیەکی بەتینیان پیكهیناو هاتنە کووری تیکوشانیکی سەختەوە بەپیچەوانەی هەمو بیروباوەریکی ئیمپریالیزمانەو فاشستیەوە ، ئەمەش ئامانجی یەکیتیەکەمانو یەکیتی قوتابیانی جیانە . هەر لەبەر ئەمە بوو کونەپەرست بیوچان کەوتە شەرر لەگەلماناو گەلی زیانی لیداین بەلام ئەمانە هیچیان هیچ نین چونکە ئیمە ریی راستیمان گرتوەو هەرگیزاو هەرگیز ناگەرریینەوەو لا نادەین .

شتیکی ئاشکرایە کە قوتابیانی کوردستان ( ظروفیکی ) تایبەتی خویان هەیەو ئەو تەنگو چەلەمانەی کە تووشی دین خویان چاکتر

هویەکانی ئەزانن ، جا هەر لەبەر ئەمەشە کە خویان دەرمانی چاکتر ئەکەن . وە ئەم دوو هویەش خوی فەرز ئەکاتە سەرشانی قوتابیانی کوردستان وە داوایان لی‌ئەکات کە کوبینەوەو یەك‌گرن تاکو دەردو دەرمانی خویان بدوزنەوە . کـەواتە یەکیتیەکەمان شتییك نیـە من یاخود تو دروستمان کردبیت وە خومان هینابیتمان بەلـکو میژوی جولانـەوەی قوتابیان ئەمەی داناوەو هیچ هیزیك نیە بەرامبەر میژو رابوەستی .

لەلایەکی ترەوە ئەوەی جیی پەروشییە هەندی لەبرادەران ئەم مافە میژوویی‌یە ئەخـەنە پشـت‌گوی‌و بەجولانەوەیەکی جیابوونـەوەی ئەدەنە قەلەم . هەروەها جیی پەروشییە کە ئـەم برادەرانە یەکیتی تیکوشانی قوتابیانی کوردو عەرەب لەسەر بناغەیەکی بەتین‌و بنچینەیەکی راست ـ ئەو بناغەیەی کە کونفرانسی سی‌یەمی قوتابیانی جهان ـ لەبیر خویان ئەبەنەوە .

جا ئەی قوتابیانی بەشـەرەف ریك‌کەون‌و کوبینەوە لـەدەوری یەکیتیەکەتان‌و بزانن کە هەر خوتان خاوەنی مافن . ئەبی هەروەکو جاران هـەول بدەن‌و تی‌بکوشن بەپیچەوانەی هـەرشوینیك‌و ئەسەریك کـە ئیمپریالیزم بەجیی هیشتبیت ، هەول بدەن کە جەمهورییە تەکەتان بپاریزن بەهەمو توانایەکتانەوە ، بەچوونە ناو کورری بەربەرەکانی میللی ( المقاومة الشعبية )وە ، هەمو هیزو توانایەکتان تەرخان بکەن بو ئەوەی نەهیلن داگیرکەران بگەرینەوە خاکە پیروزەکەمان ، وە هەردەم دلت پاك‌بی‌و رق‌و قین لەدلتا مەهیلەو هەولی بتەو کردنی برایەتی بدە لەمەیدانی خوتان‌و لەگەل قوتابیانی عەرەب‌و قوتابیانی هەمو گەلانی سەرزەمیندا ، بوئەوەی هەمومان لەژیر سیبەری ئاشتیا بژین ، وە تەنها ئاشتییە کە ئامانجی قوتابیان بهینیتە دی .

ئیتر بوپیشـەوە ئـەی قوتابیانی کولنـەدەر لەپیناوی ئاشـتی‌و زانیاریدا .

**عبدالكريم عبدالرزاق : دارالمعلمين‌ی عالی**

چیروك لەئەدەبی روسیەوە



# بی تاوان

نوسینی : لیون تولستون

لەگوڤاری « تهران مصور »وە

وەرگیر : محمد سعید جاف

لەشاری ( ولادیمیر ) بازرگانیکی گەنج هەبو ناوی ( ایوان اکسنیوف ) بوو ایوان گەنجیکی روخوش و روخسارو ئەندامی ریکوپیكبوو . وەهەروەها چاوتیرو بەکەلكبوو . سەرمایەیەکی ناونجی هەبوو لەپیش ئەوەدا ببیت بەخاوەن ژنو منال بی‌ئەندازە مەی ئەخواردەوە وەبەدمەستی زورئەکرد . بەلام لەپاش ئەوەی ژنی‌هینا بە ریی‌کەوت نەبوایە مەیی نەئەخواردەوە . زور حەزی لەدەنگو ئاوازی خوش ئەکرد ، چونکی خوی لە تار لی‌دان‌دا زور ماموستابو لەهەمو بەزمیکی خوش‌دا بەشداری ئەکرد . روژیك لەروژانی هاوین بریاری‌دا بو شتومەك سەندنی بازرگای بروات بو شاری ( قازان ) لەکاتی رویشتن‌یا ژنەکەی پی ووت لەبەر ئەوەی خەوم‌بی‌نیوە حەزناکەم ئەمرو برویت بو شاری ( قازان ) ( ایوان ) لەوەلام‌دا وتی خەوی چیت دیوە ژنەکەی بەدەنگیکی هەل بزرکاو وە

قورگی پڕلەگریانەوە وتی لەخەوابینیم رویشتبویت بو کاروان گەڕابویتەوە شەبقەکەت لەسەرداگرت مویسەرت هەموسپی بوو بوو . ژنەکەی میردەکــەی زور خوش‌ئەویست ترســی ئەوەی هــەبو لەورویشتنەدا کارەستاتیکی بەسەرا بیت . ( ایوان ) لە وەلامدا وتی خوشەویستەکەم هیچ بروات بەخەو نەبیت . وەهەروەها ترست‌نەبیت ، بی‌گومان لەم‌ـ رویشتنەم قازنزاجی زورئەکەم . وە بەژنەکەی وت وائەزانم ترســی زورت لەوەهەیە کە لەشاری ( قازان ) مەی ئەخومەوە وە بەدمەستی ئەکەم . ژنەکەی لــەولامدا وتی ترسم‌لەوەهــەیە کارساتیکی خراپت بەســەرابیت ، دوای‌ئەوەی لەژنەکــەی جیابوەوە کولو بوخچــەکەی هەلگرت . لەبەر دەرگا لەگەل چەندکەسیکی تردا سواری دورشکە بوون . بەرەوشاری ( قازان ) کەوتنەریگا . لەودەورەدا ، لەبەینی شاری ( ولادیمیر ) وە ( قازان ) دورشکە حەفتەی دووجار هاتوچوکەرانی هاوردو برد پی‌ئــەکرد ، ( ایوان ) بەدلی پڕلــەهیواوە لــەگەل هاو گەشتەکانیا قسەی‌ئەکردو پی‌ئەکەنی . وە گورانی‌ئەوت چونکی باوەری زوربەهیزبوو کە لەم‌رویشتنەدا قانزاجی چاك‌ئەکا ، نزیکەی چل‌کیلومتر لەشارەکەی خویان دوورکەوتنەوە لەریگا لەمیوان‌خانەیەکی ســەرریگا لایاندا ، بوئەوە خواردنو خواردنەوەیەك بخون و ماوەیەك بحەسینەوە . دوای ئەوەی مانویەتی‌یان دەرچو وە ئەسپەکانی دورشکەکەیان ئاو و ئالیك‌یان خوارد هەمویان سواری دورشکەبون‌و کەوتنە ریگا . لەریگا بەناو دوشاری بچوکدا تی‌پەرین ، لەودوشارەوە چەندکەسیکی‌تر لەگەلیان سواربون یەکیك لەهاوگــەشتەکانی ( ایوان ) پیاویــکی گالتــەچی و

روخوش‌بو ڕەنگی ریشی زەردو چاوی شین بو . شەپقەیە کونی شرری لەسەردا بو لەناو دورشکەکەدا ( ایوان ) ئەو پیاوە گالتەچیەی زور ئەدووان وەجارجاریش ریشی رائەکیشا وەئاگری ئەنا بەریشیەوە . بەهوی گالتەو گـەپی ایوانەوە ئەو پیاوەو هـەرچی لەدورشکەکەدا بو هەست‌یان بەدوری ریگا و مانوبون نەئەکرد بینینی ئەو وینە جوانانەی سەر ریگا یەك‌جاری هەستی مانوبونیانی نەهیشتبو . بەتایبەتی دیمەنی روژ کە خەریك‌بو لەپشت دارستانی سەر ریگاکەوە ئاوا ببیت . دواتیشکی روژ ئەو ناوچەیەی وەکو ڕەنگی زیر لی‌کردبو ، هەروەها هەوای نەساردو نەگەرمو وینەی ئاسمانی شینی پیروزەیی بەتەواوی ( ایوانی ) خستە سەر بەزم دەستی راکیشا تاری لەکولەکەی دەرهینا بەئاوازیکی‌خوش لەگەل نەوای تاردا گورانیەکی خوشی وت هەرچی لەدورشکە کەدا بو چەپلەیەکی گەرم‌یان بولی‌داو سوپاسی زوریان بوکرد بەم‌جورە بەئاهنگو بەزمی ایوان هاوگەشتەکانی ئاگایان لەخویان نەما ، بەلکو حەزیان بەوە ئەکرد درەنگ‌تر بگەنە ناوشار بوئەوەی لەبەزمو قسەی خوشی ایوان نەبچرین کاتیك تاریکی شەو جهانی داپوشی دورشکەچیەکە دابەزی چرای دورشکەکەی داگیرسان بوئەوەی ریگاکەی ببینیت . سعات دەی دوای نیوەرو گەیشتنە شاری ( ساراتوف ). هەرچی لەدورشکەکەدا بو بریاریاندا شەو لەوشارە بمیننەوە و سبەینی لەگەل روژکەوتن‌دا برون بو شاری قازان ) لەیەکەم شەقامی ناوشاردا چەند پولیسیکی گومرگ ریگای لەدورشکەکـەیان گـرت ، فرمانی وەستاندنیان‌دا دورشکەکـە وەستا پولیسـەکان دورشکەکە گەران وە کولو بوخچەی گەشت‌کەرەکان گەران

بوئەوە شتومەکی قاچاخ بدوزنەوە ، هەروەها چەند هالوهەوالیکیان پرسیارکرد . لەدوای ئەوەی پولیسەکان فرمانیان تەواوبو دورشکەکە رویشت بو ناوشار ، چرای شەقامو کولانەکان لەبەر ئەوەی بەنەوت ئەسوتان وەبەرز هەلواسرابون روشنای کەمی هەبو . لەبەر درگای میوانخانەیەك وەستان هەمویان بوخچەو کەلوپەلی خویان لەدورشکەکە داگرت بەپی‌پلکەی میوانخانەدا سەرکەوتن . مودیری میوانخانە لەژوری خوی دانیشتبو چاوەری ئەکرد میوانەکانی بخەون و ئەویش لەپاشا بخەویت . هیچ بەتەمای ئەوە نەبو بەو شەوە درنگە میوانی تری بوبیت . میوانە تازەکانی لەژورەکان دامەزران ، ژوری ژمارە نوی دا بە ایوان و ژوری ژمارە هەشتی دا بەبازرگانیکی‌تر . دوای ئەوەی توزیك حەسانەوە ( ایوان ) لەدەرگای میوانخانە رویشتە خوارەوە بوئەوەی مەی‌خانەیەك بدوزیتەوە چەند جامی مەی بخواتەوە ، شەقامو کولانەکان گەرا لەبەردرەنگی کات زورترین کوگاو مەی‌خانەکان دەرگاکانی بەسترابو لەدوای ئەوەی چەند کولانو شەقامیك گەرا لەکولانیکی تاریك دا ، مەی‌خانەیەکی دوزیەوە چوار پیاوی تیاذا بو لەسەر چوار کورسی شەقوشرر دانیشتبونو میزیکی قاچشکاویان لەبەردەستابو و چرایەك بەقولاب لەناوەراستی مەی‌خانەکەدا هەلواسرابو . خاوەنی مەی‌خانە سەرو دیمەنیکی گەورەو ناقولای سك‌هەل‌ئاوساوی هەبو دولابیك لەتەنیشتیەوەبو شوشەی مەی تیا دانابو پەیتا پەیتا لەشوشەیەکی ناو دولابەکە مەی ئەکردە ناو جامو ئەی‌خواردەوە . ( ایوان ) رویشتە ژورەوە چاوی بەم دیمەنە کەوت زوری لاخوش‌بو چونکە لەدوای کومەلو کوریی

وا ئەگـەرا ، ئەویش وەکو ئەوان لەســەر کورسیەك دانیشت لەپاش ماوەیەکی کەم شوشـەیە مەیو جامیكیان بو هینا،دەستی‌کرد بەخواردنەوە ماوەی دووسەعات لەو مەیخانەدا کاتی تیپەران دوای ئەوەی مەست‌بو و پارەی مەی فروشـەکەی داو لەگەل ئەو کوررەدا بەخوشی رای‌بوارد ، بەگورانی وتن کەوتە سـەرشـەقامەکان و گەرایەوە بو میوان‌خانەکەی . رویشتە ژوری ژمارە نو لەویش دەستی کرد بەگورانی وتن‌و تار لی‌دان هەتاوەکو سەعات ( ٣ ) دوای نیوەشـەو لەبەر گورانی و هەراو بەزمو بەدمەستی‌کردنی ایوان کەس لەمیوان خانەکەدا خەوی لی‌نەکەوت دوای ئەوەی خەو بەسـەریا زال‌بو بەبی ئەوەی پیلاوەکانی داکەنی‌و جلی نوستن لەبەربکا لەسـەر جیگاکەی خەوی لی‌کەوت ، سبەینی لەپیش روژکەوتن‌دا خەبەری بوەوە سەرنجی لەخوی‌دا بیری لەبەدمەستی شـەوی رابوردوی خوی کردوە ، شـەرمەزاری گرتی بریاری دا گورج کریی میوان‌خانە بدا بەبی ئەوەی یەکیك لەمیوانە کان بی‌بینن بەیەکەم دروشکەی پوستە شاری ( ساراتوف ) بەجی بیلیت‌و بروات بو ( قازان ) دوای ئەوەی کری کەی‌دا بوخچەو کولەکەی هــەل‌گرت رویشت بو هــەوال‌پرسینی دورشکەی پوستە . دوای ئەوەی بەهەوال پرسین دوزیەوە لەگەل پوستەچیەکان سواربو ریگای قازان‌یان گرتەبەر نزیــکەی بیست کیلومتر لــەشـــار دورکەوتنەوە لەچاخانەیەك لایان‌دا بوئــەوەی چا بخونەوە ســەرنجی ریگاکەیان دا دورشکەیەکی پولیس‌یان چاو پی‌کەوت لەدوای دورشکەکەی ئەمانەوە روەو چاخانەکە هات لەلای دورشکەی پوستەچیەکان دا وەستا . چوار پولیسی چەك‌دار لەگەل سەرو کەکەیان‌دا لە دورشکەکەدا‌بە زین

هەوالیان پرسی : کام‌تان ( ایوانن ) ئەمیش بەبی وەستان وتی من ایوانم چیتان ئەویت ، سەروکی پولیسەکان لی‌نزیك بوەوە بەناوچاوی گرژەوەو تورەبونەوە کەوتە هەوال‌پرسین پرسیاری کرد ئەمشەوی رابوردو لە چ جیگایەك بویت‌و بو چ جیگایەك ئەرویت و دانیشتوی کوییت‌و مەبەستت لەم گەشتەت چیە ( ایوان ) بە پەشوکاوی‌و سەرسامی وەلامی پرسیارەکانی دایەوە لەپاشا روی کردە سەرك پولیس‌و وتی‌بوچی وەکو گونا هباریك پرسیارم لی‌ئەکەیت ، سەروك پولیس لەوەلام‌دا وتی :بەلی گوناهباریت . چونکە ئەمشەوی رابوردو لە میوان‌خانەی ( تاراس )دا لەشاری ( ساراتوف ) ( اومانسکی ) بازرگانت لەژوری ژمارە هشت‌دا بەچەقو کوشتوە و بیست‌هەزار روبلت دزیوە سبەینی بەبی ئەوەی چاوەروانی هاوگەشتەکانت بکەیت لەشار رات کردوە ( ایوان ) لەم‌قسانە رەنگی هەل‌بزرکاو لەشی کەوتە لەرزین بەقورگی پرر لەگریانەوە کەوتە پاکانەکردن ، سەروکی پولیسە کان فرمانی‌دا ناو کولو بوخچەکەی گەران چەقویەکی خویناوی و دەفتریکی نوسراوی ( اومانسکی ) کوژراویان دوزیەوە کتوپرر فرمانی‌دا وەکو دزو پیاوکوژ ( ایوان )یان کەلەپچە کرد و لەگەل خویان سواری دورشکەیان کرد و گەراندیانەوە بو شاری ( ساراتوف ) لەریگا زور لەپولیسەکان‌و سەروك ئەپارایەوە و ئەی وت هیچ ئاگام لەم گوناهە نیە . بەلام هیچ سودی نەبو . چونکە پولیسەکان بروایان لەسەر ئەوەبو ( ایوان ) ( اومانسکی ) کوشتوە و دراوەکانی دزیوە لە ( ساراتوف ) ( ایوان )یان لەگەل دزو پیاوکوژو گوناهبارەکانا خستە بەندیخانەوە . ژنەکەی ( ایوان ) کاتیك خەبەری گورفتاربونی

میردە خوشەویستەکەی بیست بەسکی پررو بەپیان وەکو شیت ریگای ( ساراتوفی ) گرتە بەر بوئەوەی بەتەواوی لەگرفتاربونی ( ایوان ) ئاگاداربیت ، هیچ چاوە ریی ئەوەی نەکرد بەدورشکە بروات چونکە پیویستبو دو روژ بوەستی هەتا کاتی ریی‌کەوتنی دروشکە دیت لەپاش چوارسەعات ری‌کردنی بی وچان لەریگا دروشـــکەی پولیسی پی‌گەیشت لەگەل خویان سواریان کرد ، بردیان لەشاری ( ساراتوف ) دایان بەزان ، بەبی وەستان رویشت بو بەندیخانە دوای فەرمانی بی‌نینی لە میردەکەی لەفرمان رەوای بەندیخانە وەرگرت لەگەل میردەکەیا بەیەك گەیشتن بەبی ئەوەی هیچ شەرم لە یاساولەکانی بەندیخانە بکا ، باوەشی کرد بەملی ( ایوان )دا دەمی خستە ناو دەمیەوە دەستیان‌کرد بەماچ‌کردنی یەکتری لەپاشا کەوتە پرسیارکردنی چونیەتی ئەو کارەساتەی بەسەریا هاتوە میردەکەی هەرچی بەسەرا هاتبو هەموی بوگیرایەوە ژنەکەی فرمیسك بەچاویا ئەهاتە خوارەوە و بەدەنگی تی‌کەل بەگریانەوە وتی ئەو روژەی لەمال دەرچویت ئاگادارم کردیت خەوم بی‌نیوە بو ئەوەی نەرویت بو ( قازان ) دوای ئەوەی ماوەیەك بەیەکەوە گفتوگویان کرد ژنەکەی بەچپە چرپاندی بەگویی ( ایوان )دا ئایا ( امانسکیت ) کوشتوە یا بی‌گوناهیت ، میردەکەی هەناسەیەکی گەرمی هەل‌کیشا لە وەلام‌دا بەدەنگیکی نزم وتی وا دەرئەکەویت تویش بەدزو پیاوکوژم ئەزانیت لەکاتی جیابونەوەیان لەیەکتری ژنەکەی وتی بە ( ایوان ) سبەینی ئەروم بو دەرگای بارەگای قەیسەر نوسراویك لەسەر بی‌گوناهی تو پیش‌کەش بەخاوەن شکو ئەکەم هیوای گەورەم هەیە رزگار ببیت چونکی بی‌تاوانیت . ( ایوان )یان دوبارە

گەراندەوە بو ناو بەندیخانە ، لەو روژەوە ژنەکەی کەوتە هەولدان بو ئەوەی ( ایوان ) لەگرفتاری رزگار بکا لەئەنجامی تی‌کوشان‌یا بەگورجی لەشاری ( ساراتوف ) ئەنجومەنی دادگاکوبونەوە ( ایوان )یان محاکمەکرد . لەدوای چوار کوبونەوە بریاری بەندی بونی یەك‌جاری‌یان بەسەرا دا . لەکاتی خویندنەوەی دادگا دا زور کەس لەدانیشتوانی شارو هەروەها ژنەکەی ( ایوان ) لە جیگای گوی‌گرە کان دانیشتبون ، کاتیك بریارەکەیان خوندەوە ( ایوان ) بەدەنگی بەرز هاواری کرد من پیاوکوژو دز نیم ژنەکەی دەستی کرد بەگریان وەکو شیت لەبەرخویەوە ئەی‌ووت : میردەکـەم بی‌گوناهە ، دادگا بریاریکی نارەوایان داوە بەسەریا ، دوای تەواو بونی کوبونەوەی دادگا ( ایوان )یان گەراندەوە بو بەندیخانە و ژنەکەی بەهەناسە ساردیەوە بەداماوی گەرایەوە بو ( ولادیمیر ) کورە چوارسالانە کەی کەوتەوە بیر کە لەمالی یەکی لەدراوسی‌کانی پیش مانگیك بەجی‌هیشتبو . نەی‌ئەزانی چی بەسەر هاتوە بەم‌جورە ئەم ئافرەتە بەدبەختە میردە خوشەویستەکەی بەیەك جاری لی‌براو هیچ بەتەمای ئەوە نەبو جاریکی‌تر بەسەربەستی چاوی پی‌بکەویت ، پاش چوارمانـگ تەواو بونی دادگا کوریکی‌تریی بوو بریاریی‌دا بەهەمو هەولیك کورەکانی لەسەر رەوشتی بەرزو خوینەواری پی‌بگەینیت چونکە پاش‌ماوەی میردە خوشەویستە بی‌گوناهـەکـەی بون . دوای تەواوبون بریاری دادگـا ( ایوان ) یان روانەکرد بو یەکیك لەبەندیخانە دورەکانی ( سبیریا ) بوئەوەی هەتا امر یت لەوی بەند بیت . بەم‌رەنگە ئەم پیاوە بەدەبەختە گرفتاری دەردی خوی بو لەپاش چەند سالیك وای لی‌هات لەبەندی خانەدا هیچ یادی

ژنو کورەکەی نەئەکرد چونکە هیوای برابو جاریکیتر بیان بینیت ( ایوان ) بەپیچەوانەی ژیانی ســەربەستی لەبەندیخانە دا زورگرژو بیدەنگبو هەموکاتی بیریی لەوە ئەکردە وە لەسەر گوناهی یەکیکیتر چون کەوتە بەندیخانەوە هاوبەندیەکانی زور دلخوشییان ئەدایەوە بوئەوە لەدلتەنگی رزگاری بکەن . روژیك لــەپاش بیستو پینج سال بەند بونی ( ایوان ) پیاویك یان هینا بو بەندیخانە هەمویان پیشوازیو خیراتنیان کرد و هەوالیان لیپرسی لەسەر چ گوناهیك بەند کراویت . لەولامدا وتی : لەبەر ئەوە دزیم کردوە دادگا بریاری چوارسال بەندی بونی دام . ئەم تازە بەندە ناوی ( ماکارد ) بو سەرگورشتەی خوی بەتەواوی کیرایەوە بو بەندەکانو هەروەها هەرچی لەو بەندیخانەیەدا بو سەرگورشتەی خویان بو ( ماکارد ) گیرایەوە ( ایوانیش ) چونیـــەتی گرفتاربونو بیگوناهی خوی بوگیرایەوە ( ماکارد ) لەکاتی باسکردنی سەرگورشتەی ( ایوان )داهەستی چاکی لەدلو درونیا وردەوردە بەهیز ئەبو و بیری لەوە ئەکردەوە بیگوناهیك بوچی لەجیگای گوناهباریك بفەوتیت لەئەنجامی بیرکردنەوەی دا هەستی باشی بەسەر رەوشتو هەستی شەردا زالبو . هەلسا باوەشی کرد بەملی ( ایوان )دا دەستو دموچاوی ماچکرد و وتی بەلی راستئەکەیت تو بی گوناهیت من گوناهکارم دەستی کرد بەپارانەوە بوئەوەی بەرامبەر بەو گوناهە گەورەیە بیبەخشیت ( ماکارد ) بەتەواوی باسی بوکرد بیستو پینجســال پیش ئیستا لــەمیوانخانەی ( تاراس ) لەشاری ( ساراتوف ) ( اومانسکیم )ی کوشتوە و بیست هەزار روبلەکەیم دزی ئەو چەقویەی کەپیم کوشتبو لەگەل بوخچەیەکی بچوکی کوژراوەکەدا خستمە ناو کولەکەی تووەو بوئەوەی خوم رزگار ببم و تو گرفتار ببیت .

لەبەر ئەوەی ئەو شەوە تو مەستبویتو ئاگات لەخوت نەبو لەناو هەمو میوانی میوان خانەکەدا چەقوی خوینانو بوخچە بچکولەکەی ( امانسکیم ) لەناو کولەکەی تودا شاردەوە ( ایوان ) دوای ئەوەی لەوە ئاگاداربو بیستو پینج سال لەسەر گوناهی پیاوکوشتنو دزی کردنی ( ماکارد ) بەندکراوە . روی کردە ( ماکارد ) وپی ووت ئەم کارەساتانەی بەسەر منو منالم و هەروەها بەسەر تو وە ( اومانسکی ) کوژراودا هاتوە هەموی لەخراپی و بەد رەفتاری دەستگای میریەوە روی داوە . فرمان رەوای بەندیخانە لەسەر پی‌لی‌نانی ( ماکارد ) کاربەدستانی میری لەبی‌گوناهی ( ایوان ) ئاگادارکرد فرمانی ئازادبونی ( ایوان )یان دا دوای ئەوەی ئەوەی لەبەندیخانە رویشتە دەرەوە لەســەر مزەی میری بەدورشکە لەسبیریاوە گەراندیانەوە بو شاری ( ولادیمیر ) کاتیك گەیشتە ناو شار رویشتبو دەرگای خانوەکەی خوی بلام هیچ هیوای نەبو ژنو کورەکەی مابیت . لەبەر دەر گای مالەکەیاندا کوریکی گەنجی روخوشی چاو پی کەوت پرسیار لی‌کرد ژنەکەی ( ایوان ) لەمالەوەیە کورەکەیش لەولامدا وتی لەگەل ( اوگولی ) برامدا لەمالەوەن ، پی وت دایکت بانگکە دەرەوە ئەویش بەدەنگی بەرز دایکی بانگ‌کرد و پی‌وت پیاویکی ریش‌سپی توی ئەویت دایکی بەپەلەپەل هاتە بەر درگا لەپیشا ( ایوانی ) میردی نەناسی دوای ئەوەی سرنجی‌داو وەتی‌گەیشت ئەم پیاوە ریش سپیە میردەکەیەتی باوەشی پیاکرد و دستی کردە ملی روی‌کردە کورەکانی پی‌ی وتن ئەم پیاوە ( ایوانی ) باوکتانە لەگەل ژنو منالەکان یا رویشتنە مالەوە باسی لەیەك برانی بیستو پینج ســال‌یان بویــەك تری ئەگیرایەوە کاتیك شەبقەکەی لەسەر داگرت ژنەکەی سرنجی‌دا سەری میردەکەی داموی سەری هەموسپی بوە لەوکاتەدا ئەو خەوەی کەوتەوە بیر کەبیستو پینج سال پیش ئەو کاتە بینی‌بوی ( ایوان )و ژنەکەی بەهوی کورە گەنجەکان- یانەوە کەوتنە ژیانیکی ئاسودەیی‌یەوە چونکی کریکاری‌یان ئەکردو رەنجیان ئەدا بو ئەوەی باوکو دایك‌یان بەژیانیکی خوش بژین . . .

کەلار :محمـد سعید جاف

# شیری ولات
# بارزانی هات

قدری جان

مزگین .. مزگین .. گەلی کوردان ! | شین گرتبون خورتو کالا ،
روژا کوردستانی هەلات .. | پەپوك مابون ، ژن لالا ،
بارزانی هاتە نشتمان ، | روژا کوردستانی هەلات ..
شیر هات ولات .. شیر هات ولات .. | شیر هات ولات .. شیر هات ولات ..
مزگین ل وە ، بارزانی هات .. | مزگین ل وە ، بارزانی هات ..

*** | ***

چیایی زەعفروس بی دەنگ مابو ، | نەخویا بو ، ژ چەند سالان ،
باغچەو باغ بی رەنگ مابو ، | ژ بونا دەردی نیشتمان ،
ئەو مەیدانان بی چەنك مابو ، | چو بو دگەریا ، ل دەرمان
روژا کوردستانی هەلات .. | روژا کوردستانی هەلات ..
شیر هات ولات .. شیر هات ولات .. | شیر هات ولات .. شیر هات ولات ..
مزگین ل وە ، بارزانی هات .. | مزگین ل وە ، بارزانی هات ..

*** | ***

شونا شیران مابو ڤالا ، | ژ بو شەڤین وەشو تاری :.

دەستە .. دەستە .. نور ئار ئانی ، لعراقی ، کورد و عەرەب ،
ئەو مەرهەما سەر دلانی .. ئازاد بونە ژ نیری غەرب ..
روژا کوردستانی هەلات .. لسەر یەك ری .. لسەر یەك دەرب
شیر هات ولات .. شیر هات ولات .. روژا کوردستانی هەلات ..
مزگین ل وە ، بارزانی هات .. شیر هات ولات .. شیر هات ولات ..
× × × مزگین ل وە ، بارزانی هات ..

لناڤ باغان رەیحانو گول × × ×
لسەر شاخان .. شالول ، بولبول ئازاد بویە سلیمانی
بکەن .. بخوین .. غەم چو ژ دل ، سبە دورا موشو وانی
روژا کوردستانی هەلات .. مەهابادو ، سنە ، بانی !
شیر هات ولات .. شیر هات ولات .. روژا کوردستانی هەلات ..
مزگین ل وە ، بارزانی هات .. شیر هات ولات .. شیر هات ولات ..
× × × مزگین ل وە ، بارزانی هات ..

مژدە ژ بو دارو بەران بژی ئازادی ئو کوردستان
دەشتو تەوال لهەر دەران بژی ئاسایش لجهان
لسەر سەر دلان .. لسەر سەران بژی ئینسان برای ئینسان ،
روژا کوردستانی هەلات .. روژا کوردستانی هەلات ..
شیر هات ولات .. شیر هات ولات .. شیر هات ولات .. شیر هات ولات ..
مزگین ل وە ، بارزانی هات .. مزگین ل وە ، بارزانی هات ..
× × × بارزانی هات .. بارزانی هات ..

# شورشەکەمان شورشێکی دیموکراتی میللیە

**بەپێنوسی : احمد غفور**

بو تێگەیشتنی سروشتی شورشەکەمان ، بەشیوەیەکی زانیاری پیویستە بزانین ئەم شورشە کێکردویەتی ؟ وەبوچی کراوە ؟ وە بەرامبەر کێ کراوە ؟ وە چون ئەتوانی ئاواتەکانی بهینیتە دی ؟

جاری لەپیش هەمو شتیکا ئەمەوی ئەو باوەرە دەربرم کە شورشەکەمان شورشی گەلی عیراقە بەکوردو عەرەبو هەمو دانیشتوەکانیەوە . وە لیرەدا تەنها بەشیوەیەکی گشتی باسی ئەم شورشە ئەکەم .

شورشەکەمان ، هەرچونیکبیت شیوەی هینانە دی ، کە ئەتوانم بلیم شیوەیەکی عیراقی تایبەتی هەیە ، بەو کتوپرریو مەحکەمیو ووردیەی کە دەری خست ، شورشی گەلی عیراقە بەرامبەر بەئیستعمارو دەرەبەگیو پاشماوەی دواکەوتنی سەدەکانی ناوەراست . شورشیکی نیشتمانی دیموکراتی بورجوازیە .

کە ئەلیم شورشیکی نیشتمانی ، مەبەسمان لەوەیە کە شورشیکە هەلگیرساوە بەرامبەر بەئیستعمارو دەسەلاتی بیگانە لەکاروباری سیاسیو ئابوریو کومەلایەتیمانا .

وەکە ئەلیین دیموکراتیە ، مەبەسمان لەوەیە ، کە شورشیکە

هەلگیرساوه بەرامبەر بەدەرەبەگیو دواکەوتنو حوکمی زورداری ئیستعمارو نوکەرانی ، بو هینانه دی عەدالەتی کومەلایەتی ئەویش بەدابەش کردنی زەویوزاری میریو دەرەبەگه خائنەکان بەسەر فەلاحەکانداو دانانی سنوریك بو خاوەن زەویەکانی تر . وەیارمەتی فەلاح بە تو و پارە ( سەلفه )ومەکینەو ری پیشاندان بو پیشخستنی کشتوکالو رزگارکردنی لەژیانی کویرەوەریو برسیەیتو نەخوشیو نەخویندەواری . چونکە گومانینیه ولاتیك زوربەی دانیشتوانی کە فەلاحن ماوەی ژیانیکی ئنسانانەیان نەبیت ، دیموکراتیەتی ئەو ولاتە تەنها مەرەکەبی سەر کاغەزه .

هەروەها بەرزکردنەوەی رادەی ژیانی کریکارو کاسبەکانی ناو شار ئەویش بە لەناوبردنی بیکاری ، بەکردنەوەی پروژەی ئاوەدانی وە پیشخستنی پیشەسازی لەهەمو ولاتا ، بەتایبەتی لەکوردستانا کە تا ئیستا خرابوە پشت گوی . وە کەمکردنەوەی « ضریبە »و باجو رسوم لەسەر کاسبەکانی ناوشارەکان .

هەروەها دیموکراتیەتی شورشەکەمان لەوەدایه کە ئەو میلەتەی حوکمیکی قەرەقوشی ئەکرا ئەبی ئیمرو هەمو هەقیکی هەبیت بو دەربرینی بیروباوەری خوی و بو ریکخستنی خوی لەکومەلو نقابەدا ، وەدەرهینانی روژنامەو هەلبژاردنی پارلەمان .. هتد .

وە کە ئەلیین شورشیکی بورجوازیە ، مەبەسمان لەوەنیه کە تەنها چینی بورجوازی پیی هەلساوه و هەر ئەبی ئەو بەروبومی بخوا ، یا تەنها لەژیر سەرکردەی ئەوا بوه ، بەلکو ئەو بەشیكبوه لەهیزەکانی

تری میلەت ، هیزی کریکارانو فەلاحەکانو خوێندەوارو کاسبکارەکان ،
کە بەم شورشە هەلساون و سەرکردەییان کردوە .

بەلام کەئەلێین شورشیکی بورجوازیە ، مەبەسمان لەوەیە کە
پیرەوی کومەلایەتی و حوکم ، لەپیرەویکی وەکو مستعمرەی دواکەوتوی
پاشماوەی دەرەبەگیو سەدەکانی ناوەراستەوە ، بو بە پیرەویکی نیشتمانی
بورجوازی ، کە ئەویش بەپێی زروفی ئیستامان ، ئەوە ئەگەیەنی کە
ولات رزگاری ببی بەتەواوی لە دەسەلاتی ئیستعمارو پاشماوەی دەرەبەگی
وەپیشەسازیو کشتوکالی پیش بکەوی بەسەرمایەیەکی نیشتمانیو
بەشیوەیەکی سەربەست .

وەبو ئەوەی وا بەبیرا نەیەت کە سوپامان لەبیر چوە ، ئیمە سوپا
بەبەشیك دائەنین لەمیلەت ، بەتایبەتی لەباسیکی وادا .

ئەمەیە سروشتی شورشەکەمان لەروی لیکدانەوەی دەوری چینە
نیشتمانیەکانی میلەتی عیراق . ئەی شیوەی حوکمی ئەم شورشە
چونەو چون ئەبی ؟

* * *

پیویستە بزانین کە ( دەولەت )و شیوەی حوکمداری لەهەمو ولاتیکا
لە هەمو کاتیکا چینیکی تایبەتی ، یا چەند چینیکی تایبەتی نواندوە ،
ئەنوینی .

وەکو دەولەتی عیراقی پیش شورش ، لەراستیدا ، دەولەتی
ئیستعمارو چینە نوکەرەکەی بو لەدەرەبەگو سەرمایەدارە بیروکراتیەکان
کە هەمو مەرامیان ئەوەبو ، میلەتی عیراق سەرشوربکەنو بیروتینەوە
بو مەسلەحەتی خویانو ئیستعماری ئاغایان .

بەلام ئیستا پاش شورشەکەمان ، کە شورشی هەمو گەلی عیراقە حوکم کەوتە دەست بەشەکانی چینی بورجوازی نیشتمانی .

ئەوەش ئەبی بزانین کە ئەمە تائیستا قالبی تەواوی خوی نەگرتوە ، بەهوی تازەیی شورشەکەمانەوە ، وە بەهوی گەلیك هوی‌ترەوە کە لەدەرەوەو ناوەوە تین ئەکاتە سەر شیوەی شورشەکەمان . بەلام هەرچونیك بیت لەگەل ئەوەی کە دەولەتەکەمان بو بە دەولەتیکی نیشتمانی ، شورشەکەمان بەرەنگاری دووریانیك بوە بەپی‌ی زروفی تاریخی ئیمرومان .

هیزیك ، کە‌ ‌هیزی تەنها بەشیکە لەچینیکی تایبەتی کە لەگەلی میلەت سل ئەکات‌و قینی لەهیزی دیموکراتیەتە لەناو خو و دەرەوەدا ، ئەیەوی دەست رابکیشی بەسەر شورشەکەماناو بەرکاری بهینی لەچوارچیوەیەکی تایبەتیدا بو سودی تەسکی خوی .

هیزیکیش ، کە هیزی زوربەی میلەتە ، هیزی کریکارو فەلاحو کاسبو خویندەوارو بورجوازیە نیشتمانیە دیموکراتیەکانە ئەیانەوی شورشەکەمان و دەسەلاتەکەی ئەم هیزە نیشتمانیانە بنوینی و جەمهوریەتی عیراق بکات بەنمونەی دەولەتیکی دیموکراتی پیشکەوتو لەروژهەلاتی ناوەراستدا و ببیتە خاوەن پیشەسازیو کشتوکالیکی ئەم چەرخەو دانیشتوەکانی هەمو شاد ببن بەبەری تی‌کوشانی سالەهای رابوردویان .

ئەوەش ئەبی بزانین کە ناکوکی بەینی ئەم دوو هیزە ، تائیستا ناکوکیەکی خومالیە لەبەینی دوو هیزی نیشتمانیا ، وە پیویستە بەبلاوکردنەوەی بیروباوەری راست و ریکخستنی گەلی میلەت و رەخنەی

برایانه حەل بکریت . لەو کاتەی کە ئەبی هەمو هیزیشمان تەرخان بکەین بو بەهیزکردنی هاوکاری ( تعاون ) وە یەکیتی لەبەینی هەردو هیزەکەدا کە هەمو میلەتی عیراق ئەنوینی بو وەستان بەرامبـەر بەئیستعمارو پاشماوەی کونەپەرستی لەوولاتا ، چونکە تائیستا ناکوکی جەوهەری هەر لەبەینی میلەتی عیراقو ، استعمارو کونەپەرستیدایە ، کە ئەویش ئەبی بەزەبرو زەنگو دیکتاتوریەتی دەولەتی شورشی عیراق کە ئومید ئەکەین هەمو چینە نیشتمانیەکان بنوینی حل بکریت بو مەسلەحەتی گەلی عیراقو هیزی ئاسایشو ئازادی لەجیهاندا .

**وینەی ئەو بروسکەیەی کە ماموستا رشید عارف کردبوی بو**
**(( پالەوانی شورش عبدالکریم قاسم ))**

سیادەی عبدالکریم قاسم :

بریارە گرنگەکانتان بو ئازادکردنی بەندە سەربەستەکانو ، فەرمانە بەنرخەکە تان بو گەررانەوەی بەرزانیە ئازادە دوورخراوەکان بو نیشتمانە پیروزەکەیان لەژیر چاودیری جمهوریەتی عیراقدا کە ئیوە هیزی گەورە بوون لەدروست کردنیا ، هەنگاویکی ترە لەهەنگاوە پیروزەکانتان ، وە بەلگەیەکی ترە بو ئیوە کە پیشەوای گەلی عەرەبو کوردن .

**رشید عارف**

**باوەرپیکراوی یانەی سەرکەوتن**

**عبدالامیر منصور**

**لە مخزنی عبدالامیر منصور هەرزانیە ، شتی زورباش بەکومەلو بەدانە چنگ ئەکەویت : قوماشی خوری چاك ، پیلاوی ئنگلیزیو ئیتالی ، هەمو جورە بوینباخیکی جوان .**

**لەبیریشت نەچیت باشترین بەرگدروە لەسەر تازەترین شیوەی نوی .**

**ئەوەتا لەسەر ــ شارع البنك ــ لەبەغداد .**

**نەقلیاتی شەرق**

ئەم نەقلیاتە زور کورجوگولن لەگواستنەوەدا لەبەینی بغـداد ــ کرکوك ــ سلیمانیدا . جیگای بەغدایان لەشورجە ــ ساحة المرجانە ــ ژمارەی تەلەفونەکەیان ٨٥٣٢٣ یە .

# قوتابیانی کورد لەئەوروپا

(( پاشماوە ))

المانیا گیراوە لە ١٠/١٦ آب / ١٩٥٨ .

٦ - لایەنگری‌و هاوبەشی قوتابیانە وە نیشتمانی جیهان‌و کونگرە جولانەوەکەمان بە بەشیك لەم بزوتنە وانە ئەژمیرری .

**٣ - نامەی کونگرە بو سەروك جمال عبدالناصر : -**

سیادەی سەروکی بەریز : -

لیژنەی بەریوەبەری کومەلی خویندکارانی کورد لەئەوروپا لەسەر بریاری کونگرەی سیهەم کە بەسترا لە میونیخ بە شانازیەوە هەستی سوپاسی بەرزئەکاتەوە بو ئیوەو حکومەت‌و گەلی جمهوریەی عەرەبی یەکگرتوی بەریز بە بونەی کردنەوەی بەشی کوردی لە ئیستکەی قاهرە کومەلی خویندکارانی کورد لەئەوروپادا کە پیك هاتوە لە تاقمی تی‌گەیشتوی گەلی کورد لەدەرەوەی وولات‌و ئیمە کە ئەم سوپاسەتان پیشکەش ئەکەین لەباتی هەستی هەمو گەلی کورد و گەلی کورد بەختیارە بەو برایەتیەو تی‌گەیشتنە کە دەری ئەبری بەرامبەر دراو سی‌ی گەورەی ( گەلی عەرەب ) لە هەمو کونجیکی نیشتمانیدا بەسەرکردەو سەرپەرشتی ئیوەی بەریز .

ئیمە دلنیاین بە هەمو سەرکەوتنیك بو قەومیەتی عەرەبی لەتیکوشانی دا بەرامبەر ئیستعمار سەرکەوتنیشە بو قەومی کورد وە هەمو هەنگاویك کە گەلی عەرەبی گەورە ئەی‌بینیت لەریگەی سەربەخویی تەواو وە یەکگرتن‌دا گەلی کورد چەند هەنگاو نزیك ئەکاتەوە لەئامانجی خوی کە سەربەستی‌یە .

بژی گەلی عەرەبی خوشەویست بەسەربەستیو یەکگرتویی .

بژی گەلی کورد ، بژی ئیوە بو سەرکردەی گەلی عەرەب وە یاریدەی گەلی کوردمان وە هەمو کەلانی ئاسیاو ئەفەریقا ئیتر داوا لە سیادەتتان ئەکەین کە احترامان قبول بکەن .

**لیژنەی بەریوەبەری گشتی گومەلی خویندکارانی**

**کورد لـــە ئەوروپا لەبانی کونگرەی سیهەم .**

٤ ــ تەلگرافی کونگرە بو سیادتی سەرەك وەزیرانی جمهوریەتی عراق ــ بغـــداد

پیروزبایی شورشە میللیەکەتان ئەکەین وە لایەن گری هەنگاوەکانتان ئەکەین لەریی سەربەستیو کامەرانی عراق بە هەردو گـــەلی کوردو عەرەبەوە .

**کونگرەی سیهەمی گومەلی خویندکارانی**

**کورد لەئەوروپا**

**میونیخ ــ ئەلمـــانیا ٨/ آب / ١٩٥٨**

٥ ــ گەلی کورد گەلیکی کونە لەهەزاران سال لەمەوبەر لە کوردستانا دانیشتوە وە وەکو هەمو گەلیکی تر میژوی زوبانو خاکی خوی هەیە و هەمو ئەو شەرتانەی تیادایە کە لەقەومیاتی کوردا هەیە بو پەیدا کردنی نەتەوەیەکی جیاواز .

ولاتەکەیان ( کوردستان ) بەشیك نیە لە وولاتانی عەرەب وە یا ایران وە یا ترکیا بەلـــکو جیٖنشینی کوردەکانە بەتەنهـــا بـــەلام ئیمپریالیزمو نوکەرانی ئـــەم وولاتـــەیان بـــەشبـــەش کردوە وە هەربەشـــەیان بەزور بەستوە بەوولاتیـــکی بیگانەوە پیچەوانـــەی

ارەزوی گەلی کوردو داخوازیەکانی لەسەربەستیو سەربەخویی‌و
ئارەزوی گەلی کوردو داخوازیەکانی لەسەربەستیو سەربەخویی‌و یەکگرتن‌دا . هەر وەك هەندیك بەشەکانی نیشتمانی گەورەی گەورەی عەرەبیان وا لی‌کرد وەکو جزائرو ئەسکەندەرونە . وە هەرکەسیك باوەر بەبونی نەتەوەی کورد وە پارچەپارچە کردنی کوردستان بەهوی ئیمپریالیزمەوە نەکات ئـەوەیە لە حەقیقەتدا خزمەتی بیروباوەری ئیمپریالیزم ئەکات هەر وەکو یەکیك باوەر بەوە نەکات کە جزائرو ئەسکەندەرونە پارچەیەکن لە وولاتی گەورەی عەرەب . نەتەوەی کوردو عـەرەب لەکوردستان‌و عـەرەبستانا تی‌کوشاون‌و پاریزگاری کیانی نەتەوا یەتیان کردوە بەخوینی گەشی لاوەکانیان بو سەربەستیو یەکگرتن . وە یەکیك لەبەرهەمی ئەم تی‌کوشانە دەرئەکەویت لە دەستوری جمهوریەتی عراقی موقت کەئەلی ( کیانی عراق لەسەر بنکەی یارمەتی هەمو هاونیشتمانیەکان پیك هاتوە وە حترامی مافو سەربەستیان ئەگریت‌و کوردو عەرەب هاوبەشن لەم نیشتمانەدا وەدەستور واتە ئەبی بەهەمو مافیکی نەتەوایەتی لە سنوری وەحدەی عراقیدا ) . هەروەها جمهوریەتی عەرەبی یەکگرتو بەشی کوردی لە ئیستگەی قاهرەدا کردوتەوە وە ووتارەکەی هەمو روژی بەم ووتە جوانە پیشکەش ئەکات ( کە لیژنەی بەریوەبەری قوتابیانی عەرەب لەکیسیان چوە تی‌بگەن پیش نوسینی بەیانەکەیان ) لەریگەی بەهیزکردنی برایەتی لە مەیدانی گەلی کوردو گەلی جمهوریەتی عەرەبی یەکگرتودا هەروەها سیادەی ( اکرم حورانی ) لە بینینی کومەلیك لە لاوانی کورد لە روژی

١٢/١٠/١٩٥٧ دا لەشاری دمشق وتویەتی :

( بەراستی هیچ روی‌نەداوە دوو گەل وەکو گەلی کوردو عەرەب بتوانن بو ماوەیەکی زور دریژ بەئاشتی‌و برا یەتی بژین وە من داوا ئەکەم لە کانکای دلەوە کە ئەم برایەتیە هەمیشە بەردەوام بیت بو سودی هەردو گەلەکەمان وە حزبکەمان باوەر بەمافی گەلی کورد ئەکات بوتان تأکید ئەکەم کە هەول بدەین لە ریگەی ئەو داخوازیانەی کە ئیوە بوی هاتون ) هەروەها یەکیەتی قوتابیانی گشتی عراق کە قوتابیانی کوردو عەرەبی لەگەلە لە عراقدا پیروزبایی کونــگرەی سیهەمی کردوە وە داوای کردوە کە کونگرەکەمان سەربکەوی لــە ئیشەکەیدا کە خزمەتی هەردو گەلی کوردو عەرەبی تیادایە .

٦ ــ گەلی کورد ( ١٤ ) ملیونە وە زور ترینی لــە کوردستانی بەزور بەستراوە بە ترکیاو ایرانەوە ئەژین‌و بەش کراوە بەم جورە :

أ ــ ( ٦ ) ملیون لەبەشی زوروی کوردستان کە بەستراوە بە ترکیاوە وە بی‌بەشن لە کەم‌ترین مافی نەتەوایە تی‌و مروڤایەتی تەنانەت قسەکردن بەزمانی کوردی .

ب ــ ( ٥ ) ملیون لە کوردستانی روژهەلات کە بەستراوە بە ایرانەوە وە ئازارو کوشتن ئەجیژن لە ژیر دەستی حکومەتی ایرانی کونەـ پەرست بو لەناوبردنی گ ەلی کورد وە توانــەوەیان لەناو کیانی فارسیدا بەلام بەبی سەرکەوتن .

جــ ١/٨٥٠٠٠٠ کورد لەبەشی خواروی کوردستان لەناو جمهوریەتی

عراقەوە ئەمانە بەختیارن لەگەل برا عەرەبەکانیانا . لەیەکەم روژی دامەزراندنی جمهوریەتی عراقەوە کە جمهوریەتی کوردو عەرەبە هەر وەکو لە دەستوردا دیار خراوە .

د ــ ١٦٠/٠٠٠ کورد لە ناوچەی نەخجەوان کە خاوەنی حوکمیکی زاتیە لەناو جمهوریەتی ارمنستانی سوڤیەتی و هەمو مافیکی نەتەوایەتیان پاریزراوە . باقیەکەی تریشی لە سوریاو لبنانو افغانستانو بلوجستانو هەندی وولاتی تردا .

هـ ــ میللەتی کورد وەکو هەمو میللەتەکانی جیهان مافی رزگاربونو سەربەخویی‌و یەکیەتی هەیە .

و ــ کومەلەکەمان زوربەی قوتابیانی کوردی تیا کوبوتەوە لەوانەی کە لەهەمو پارچەکانی کوردستانەوە هاتون . برایانی کوردو عەرەب :ــ باسی گیراننەوی ئەم بەسەرهاتانە بە ئاشکرا راستی‌و ئامانجی کومەلەکەمانتان بو دەرئەکەوی هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەل ئامانجی هەمو ریکخراوە قوتابیانەکانی تردا ، کە بەراستی پاریزگاری دەستکەوتی قوتابیانو گەلەکانیان ئەکەن‌و هەروەها ریزی ئەو ( ریکخراوە قوتابیانانە ئەکریت کە بەراستی تی‌ئەکوشی لەری‌ی ئامانجی قوتابیان و نەتەوەکانی دا ئامادەیە بو یارمەتیان لە سنوری ئامانجی دەستکەوتە هاوبەشیە کانیادا . ئەم رووداوانە بەسە بو وەلامدانەوەی ئەو وتەپوچانەی کە ئەیانەوی بەهویەوە یەکیەتی تیکوشانی قوتابیانی میللەتی کوردو عەرەبی پی لاواز بکەن ئەو یەکیەتیەی کە لەکوری خەباتی هاوبەشیماندا پی گەیوە لە سەردەمی حوکمی صلاح الدینی ایوبی کە بەسەروکایەتی کوردو عەرەبی

کردوه . بەرامبەر دەست دریژی خاجیەکان ( صلیبیەکان ) وە لەکاتی تیکوشانی برایانەمان بەرامبەر دەستەلاتی عثمانیەکان لەسەر وولاتی عەرەبو کوردستان وە ئەم یەکیەتیــە بەهیزتر بوە لەکاتی داگیرکردنی عراقو سوریا لەلایەن بیگانەوە وە ئەم یەکیەتە لەم روژەدا ئەم شیوە جوانەی گرتوە لەیەکیەتی برایاندا لەژیر سیبەری رژیمی جمهوریتی نویدا لەعراقی خوشەویستدا کەوا ولاتی پاككردەوە لە دەستەی پاشایەتی بوگەن کە بەدریژایی ژیانیان پیشەیان جەوسانەوەی هەردو نەتەوەکەمان بوە بو دەستکەوتنی ئیمپریالیزمی ئەنگلو ـ ئەمریکی .

لەویدا تکا لەبراکانمان لە هیئەتی تنفیذی ( هیئەی تنفیذی رابطەی قوتابیانی عەرەب لەئەلمانیا ) کە لەدوا روژدا زیاتر وریابنو زیاتر لەسەرخو بن لەدەرکردنی بەیانــەکانیاندا و زیاتر ریزی مافی میللەتانی تر بدەن بەتایەبەتی میللەتی کورد کە لەکونەوە تائیستا وە تادوایی دوستی راستی بەشەرەفی میللەتی عەرەب بوە .

بژی برایەتی کوردو عەرەب .

بژی جمهوریەتی عراقی جمهوریەتی کوردو عەرەب .

بژی جمهوریەتی عەرەبی یەكگرتو .

بژی یەکیەتی قوتابیانی عەرەب لە ئەلمانیای روژئاوادا .

بژی کومەلی قوتابیانی کورد لە ئەوروبا .

بژی یەکیەتی هەمو قوتابیان .

**کومەلی قوتابیانی کورد لە**
**ئەوروپا — لیژنەی لقی ئەلمانیا**

**١٥ ایلول ١٩٥٨**



## هاتنەوەی قارەمانەکانی کورد تیریکی ژەهراویە کە ئارراستەی چاوی ئیمپریالیزم ئەکریت .

**محمد نوری توفیق**

چواردەی تەمووزی خوشەویست ئەو روژەیە کە ئالای سەربەستی لەعیراقا تیا هەلکراو برایەتی راستەقینەی کوردو عەرەبی تیا دەرکەوت . چواردەی تەمووز روژیکی ئەوتویە کە میژو هەتا هەتایە لەسەر لاپەررەکانی بەئاوی ئالتوون بی رازینیتەوە . لەوروژەدا ئەوچوار دیوارەی کە بەندیخانە گەورەکەی عیراقیان پیك هینابوو هەرەسی سەنو وەك سەهول توانەوە و ئەو بەندیخانە گەورەیەکە ئیمپریالیزمو نوکەرانی لەباشترین کەرەستە دوروستیان کردبوو ( لای خویان ) بو ئەوەی گەلی عیراقی خەباتکەری تیا بەند بکەنو هەرچی خویان ئەیانەوی بیکەن بیئەوەی لیپرسینەوەیان هەبی لەلایەن ئەم گەلە نەبەزەی عیراقەوە . لەو روژەدا گەلی عیراق بەیاریدەی سوپای عیراقی خوشەویستەوە هیرشیان بردە

سەر ئەو کەسانەی کە ناوی خویان نابوو خاوەنی ئەم ولاتە کە لەراستیا گورگیکی خوین مژ بوون بو ئەم گەلە بەشەرەفە ، توانیان ئەو گورگانەی کە ماوەی سیوحەوت سال بوو خوینی ئەم گەلەیان ئەمژی پەت کەنو مافی ئەم گەلەیان لیبسیننەوە . ئائەم روژە پیروزە ئەو روژەیە گەلی عیراق بەکوردو عەرەبیەوە کەوتنە جەژنیکی راستەقینەوە ، جەژنی ئازادیو سەربەستی جەژنی برایەتیو یەکیتی کوردو عەرەب . بەدەرچوونی ئەم روژە پیروزە ری درا بەگەرراننەوەی گشت ئەم کەسانەی کە سالەهای سالبوو لەدەرەوەی عیراق بوون لەترسی خوین مژەکانی عیراق . وا لەم روژانەدا قارەمانی خەباتکەر ، شوررشگیری کوردستان یەکە دوژمنی ئیمپریالیزم . ئەو کەسەی کەماوەی سیانزەسالی رەبەقە ئاوارەی ولاتانە ئەوکەسەیەی کەوازی لەمالو منالی خوی هینا بو سەربەستی گەلەکەی ئەوکەسەیش دیارە کە مەلا مستەفای بەرزانیە ئەو پالەوانە کە بوبوە تانەیەك بەسەر چاوی هەموو دوژمنیکی کوردو عەرەبو گەلیکی ئازاد خواهی ئەم سەرزەمینەوە . وا پالەوانی شوررشی عیراق عبدالکریم قاسمو هاورریکانی فەرمانی لیبوردنیان بو دەرکردن بو ئەوەی خویو هاورریکانی بگەررینەوە بو نیشتمانی خوشەویست . بەلی وا ئەو شیرانە ئەگەررینەوە بو نیشتمانی خوشەویست پاش ئەوەی کە ماوەیەکی زورە دایکی نیشتمان لییان بیبەشە . هاتنەوەی ئەم شیرانەیش بیگومان تیریکی ژەهراویە بو چاوی هەموو ئیمپریالیزم و ئیمپریالیزم پەرستیك . چونکە ئەم دووانە وایان ئەزانی کە تازە ئەمانە دەربەدەرکرانو لەخاکی نیشتمان بی بەشکرانو ئیتر نیە بیانگەررینیتەوە

بەلام دیارە خەیالیان خاو بوو رەنجیشیان بیوەر . چونکە گەلیك کە روڵەکانی کردبیتە قوربانی هەرگیز نامریو نابەزی . دەوا بەرزانیەکان ، ئەو رولانەی کـە خاکی بەرزانیان بەخوین ســوور کردبوو لەپیناوی سەربەستیو ئازادیدا بەرامبەر بە ئیمپریالیزمو نوکەرەکانی ، وا ئەگەررینەوە بو خاکی عیراق بو ئەوە کە ببنە کولەکەیەکی ئەوتو جمهوریەتی عیراقی خوشەویستی لەسەر راگیر بکری .

مەلا مستەفاو هاوریکانی دینەوە بو ئەوەی بەشدار بن لـەم نیشتمانە خوشەویستەی عیراقا ، بو ئەوەی یەکیتی کوردو عەرەب بەهیزتر بکەن بو خو بەختکردن لەپیناوی سەربەرزی جمهوریەتی عیراقا تاکوو دەری بخەن کە گەلی کورد برایەکی گیانی بەگیانی گەلی عەرەبی خەباتکەرە وەهیچ کاتیك هیز نیە کە برایەتی ئەم دوو گەلە لەیەك بکات یا هەردوژمن شەق بەریو بمری چونکە زوبانی حالی کورد هەمووکاتیك هاوار ئەکاو ئـەلی : بژی برایـەتی راسـتەقینەی کوردو عـەرەب بو بەرزکردنەوەی ئالای جمهوریەتی عیراقی خوشەویست .


## یانەی سەرکەوتن
### (( لـەبەغدا ))

لەماوەی ئەم هاوینی رابووردوەدا ، بەهوی وچانی قوتابیانو چوون بو هاوینەهەوارەکان ، هەست بەچولی ئەکرا لەم یانەیەدا . بەلام ئیستا هاتوچوکەران زورنو جوولانەوەیەکی گەرم لەیانەدا هەیە .

لەبە رزوری فرمان لیژنەیەکی پینج کەسی پیکهات لە « عبدالحسین فەیلی ، جاسم اسماعیل ، هیمن ، یاسین محمد کریم ، یدالله کریم » بو سەرپەشتی ئیشوکاری ناوخوی یانە .

لیژنە بلاوی ئەکاتەوە کە هـەمو روژیك لەسەعات ( ٦ر٥ ) ی پاشنیوەرووە تا سەعات ( ٩ر٥ ) پاشنیوەرو دەرگای یانە ئەکریتەوە بو هاتوچوکەران .

هەروەها لیژنە داوا لەهەمو برا کوردەکانی بەغدا ئەکات کە رووبکەنە یانەو هەول بدەن بو بەهیزکردنی یانە . وە لیژنە بلاوی ئەکاتەوە کە یانە بو هەمو کوردیکە بەبی جیاوازی بیروباوەرر .



ئەم پرسیارانەی خوارەوە هەریەکەی پینج نوختەی لەسەرە ، هەولبدە لەپانزە نوختە زیاتر پرربکەیتەوە ، لەگەل وەلامەکەتا پولیکی دەفلسی کارنەکراو بنیرەو لەگوشەیەکی زەرفەکەوە بنوسە « پرسیار » تا روژی ٩٥٨/١٠/٣٠ وەلام وەرئەگیریت ، سەرکەوتوی یەکەم قەلەم پاندانیكو سەرکەوتوی دوەم ژمارەی داهاتوی هیوایان پیشکەش ئەکریت.

١ ــ ئەم وشانە بکە بەکوردی :

أمة ، قوم ، شعب ، حكومة ، دولة .

٢ ــ مانای ئەم وشانە بنوسە :

خەش ، خویش ، خاش ، کژ ، بژ .

٣ ــ ئەم هونراوەیە هی کییە ؟ :

بیرە کوردستان عزیزم گەرتو سـەیرانت ئەویت
بتبەمە قەندیل ئەگەر گولزاری کویستانت ئەویت

٤ ــ کومەلیك منال چونە لای مەلایەکی کویر ، وتیان مەلا ئیمە چەند کەسین ؟ . مەلا وتی ئیوە چەندکەسیکن ئەوەنەی ترتان بچیتە سەر نیوە ئەوەنەی تریش ، نیوەی نیو ئەوەنەی تریش ، لەگەل مندا ، ئەبن بەسەد ( ١٠٠ ) کەس . ئایا ئەو منالانەی کە پرسیارەکەیان کرد چەند کەس بوون ؟.

ئەمەش وەلامی پرسیارەکانی پیشوومانە :

- استغلال = قورخ .

رسام = نیگارکیش .

نحاة = داتاش .

حذر = پەریز .

کادر = دانا .

٢ - سوز = عاطفە .

ئیسك = ئیسقان .

برەو = رەواج .

دەروون = نفس .

نیگا = تەماشا = نظرە .

٣ - سنووری کوردستانی گەورە :

ژووروو : ئەرمەنستان .

ژیروو : عەرەبستانی عیراق .

روژهەلات : ئازربایجانو ولاتی عەجەم .

روژئاوا : روباری فوراتو ولاتەکانی ئاسیای پچوك .

٤ - عەرەبانەکە بو پیشەوە ئەروات . چونکە هەردوو ئەسپەکە سەریان لەپیشەوەیە .

* * *

**ئەوانەی وەلامیان داوەتەوە لەگەل پلەی سەرکەوتنیاندا :**

١ ـ صبيحه عبدالحميد ١٦ نوختەی راستبوو ، سەرکەوتوی یەکەم .

٢ ـ دلیر حاجی محمد سعید ١٥ نوختەی راستبوو ، سەرکەوتوی دوەم .

٣ ـ فەرەیدون احمد موفتی ١٤ نوختەی راستبوو .

٤ ـ جلال دباغ ١٤ نوختەی راستبوو .

٥ ـ رؤوف محمد شریف ١٣ نوختەی راستبوو .

٦ ـ بەهزاد احمد امین ١٢ نوختەی راستبوو .

٧ ـ حسن عبدالله ١٢ نوختەی راستبوو .

٨ ـ اکرم عبدالقادر ١٢ نوختەی راستبوو .

٩ ـ بەختیار عزیز فرج ١١ نوختەی راستبوو .

١٠ ـ گولزار عمر توفیق ١٠ نوختەی راستبوو .

١١ ـ موکریانی ١٠ نوختەی راستبوو .

١٢ ـ محمد توفیق عمر ٩ نوختەی راستبوو .

١٣ ـ مەلا علی عبدالرحمن ٩ نوختەی راستبوو .

١٤ ـ فضیله عبدالله محمد صدیق ٨ نوختەی راستبوو .

هەندێك کەسیش پولیان نەناردبوو ، وەلامەکانیان خرایە پشت‌گوی .

---

## هەلەی چاپ

هونراوەی لاپەررە ٦٣ « کوردستانی من » هی « هیمن »ە . لەکاتی چاپکردنا لەبیر چوو . تکایە راستی کەنەوەو ناوی خاوەن هونراوە لەژیر وینەکەدا دابنین .

# چاپکراوی تازە

● هاوکاری چاپەمەنی « لورنس‌و ریشارد »ی ئنگلیزی ، نامیلکەیەکی پیشــکەش کردین بەناوی « کوردستان ــ نیشتمانی بەش‌بەش کراو لەروژهەلاتی ناوەراستدا ــ لەنوسینی : کاك س . س . جڤان . وە پیشـەکیەکەی لەلایەن ماموستا کامەران بەدرخانەوە نوسراوە » .

ئەم نامیلکەیە بەزمانی ئنگلیزی لەلەندەن چاپکراوە لە ٥٦ لاپەرەدا . پیکهاتوە لەچوار بەش . بەشی یەکەمیان « کوردستان لەمیژودا » باسی تیگەشتن و زمانی کوردی‌و باری ئابوری کوردستان ئەکات .

وە بەشی دوەمیان باسی جولانەوەی نیشتمانی کوردی ئەکات لەدوای جەنگی یەکەمی گیتیەوە ، لە تورکیاو عیراق‌و ئیراندا ، هەروەها باسی پیلانی دەولەتەکان ئەکات دەربارەی جولانەوەی نیشتمانی کوردی‌و .. پەیمانی سەعد ئاباد ..

وە بەشی سییەمیان باسی جولانەوەی نیشتمانی کوردی ئەکات لە دوای جەنگی گیتی دوەمەوە ، بەزوری ئەم بەشەیان دەربارەی شورشی بەرزان‌و کوماری مهابادو دەوری کوردەکان لەتیکوشانی نیشتمانی عیراقدا ، ئەدویت .

وە بەشی چوارەم باسی تەگەرەو پیویستی جولانەوەی نیشتمانی کوردی ئەکات .

ئیمە لەوکاتەدا کە سوپاسی هاوکار ( شرکة )ی ناوبراو ئەکەین ،

بو ئەم دیاریە بەنرخەیان ، ئەمانەویت بەخویندەوارانی کوردیشی رابگەینین کە ئەم نامیلکەیە زور گرنگەو کەلکیکی زوری لی وەرئەگیریت . هەروەها بو ئەوەی کە خویندەوارانی کوردو عەرەبیش لەم نامیلکەیە بی‌بەش نەبن ، هیوامان وایە کە بەم‌زوانە وەریگیررین بو کوردی‌و عەرەبی .

ئیستا ئەم نامیلکەیە لەزاخو لای کاك حسام محمد سعدالله چنگ ئەکەویت . وە دوای بەینیکی کە بو ئیدارەی ئەم گوڤارەش دیت بو فروشتن . چاوەروان‌بن .

● هەروەها پیش بەینیك نامیلـکەیەکی کوردی « پەلەهـەرویکی چلکن » مان پیشکەش کرا لەنوسینی ماموستا ج . بابان . ئەم نامیلکەیە بریتیە لەچیروکیکی بەنرخ .

● دیسان کاك مصطفی صالح کریم‌یش چیروکە جوانەکەی « زررەی زنجیر » پیشکەش کردین ، چیروکیکە باسی خەباتی گەنجە تیکوشـەرەکان ئـەکات .

● وە ماموستا نوری علی امینیش نامیلکە بەنرخەکەی « گرتنی کەلینیکی تر لەریزمانی کوردیدا » پیشکەش کردین . ئەمە سییەم جارە کە ماموستای ناوبراو لەسەر ریزمانی کوردی نامیلکە لەچاپ ئەدات . بەراستی زور گرنگن .

● کاك امین میرزا کەریمیش نامیلکە وەرگیراوەکەی « ئەمرە کەی بەگم » پیشکەش کردین . ئەم نامیلکەیە بریتیە لەچیروکیکی سەر شانوی کومەلایەتی لەنوسینی یوسف العانی .

● هەروەها کاك فؤاد عزەتیش نامیلکەی « زورداری تاوان‌بار »ی پیشکەش کردین . ئەمیش چیروکیکی سەرشانوی جوان‌و بەنرخە .

زور سوپاسی ئەم نوسەرە بەریزانە ئەکەین‌و هیوامان وایە کـە هەمیشە پینووسە زیررینەکانیان لەکاردابیت بو سوودی نەتەوەکەمان .

(( هیـوا ))

# باوه‌ڕی بكراوی هیوا

لە : -

بەغـــــداد : ـ ماموستا بەشیر موشیر ـ حیدرخانە .

ســـولەیمانی : ١ ـ رؤف معروف ـ خاوەنی كتیبخانای گەلاویژ .

٢ ـ محمد عارف معروف ـ خاوەنی كتیبخانەی زیوەر

كـــركوك : ـ عمر بی كەس ـ شبەقامی سیروان

شـــقلاوە : ـ مەخزەن سفین طە ئەحمد خوشناو

هەولـــیر : ـ ستودیو سیروان

كـــــویە : ـ خاوەنی كتیبخانە حاجی قادری كویی محمد شوان

رانیـــــە : ـ عزیز صدیق ـ گوگای بیتوین

هلبجـــە : ـ سید حسین ئەمین

زاخـــــو : ـ محمود حاجی احمد مكتب التحریر

قەلادزی : ـ نورالدین ملا صابر

رەواندز : ـ علی عبدا[illegible] [illegible]تیبخانەی رەواندز

خـــانقین : ـ حبیب بر[illegible]وو . كتیبخانەی سیروان

موصـــل : ـ سید علی ـ مكتبة الامین ـ شارع النجفی


چەمچەمال : ـ محمد سید عبدالرحمن ـ خاوەنی گوگای فەرهاد


بشرة الاطفال
شديدة الحسّاسيّة
حافظوا على اجسامهم
باستعمال
صابون
هناء
انتاج شركة استخراج الزيوت النباتية (شركة مساهمة)
چاپخانەی نەجاح ـ بەغداد

# گۆڤـاری هیوا

## ژماره ٥ ساڵی ٢ تشرینی دووەمی ١٩٥٨

1898


هیوا
HIWA
ژماره پینج ـ سالی دوو

# ناو و نیشانی هیوا

بەغداد شەقامی زەهاوی یانەی سەرکەوتن
تەلەفون ٢٨٤٠٥

---

خاوەنی ئیمتیاز یانەی سەرکەوتن
مودیری مەسئوول : حافظ مصطفی قاضی

---

لەپوستەخانەدا تومار کراوە بەژمارەی ٤٩

---

—( ئابوونە )—

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونە بو دەرەوەی عراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابوونەی سالیـکی لەعراقدا | ٠٠٠ | ١ |
| بو قوتابی | ٧٥٠ | ٠ |
| دانەی بە | ١٠٠ | فلسە |


---

پارەی ئابوونە پیشەکی ئەدریت
وە بەم ناونیشانە ئەنیریت
بغداد : الصالحیة ٤٠ب/٨٤
( حافظ مصطفی قاضی )

# هیـــوا

گوڤاریکە بوبەختیاریو بەرزکردنەوەی پلەیزانیاریت تەرخانکراوە

ژمارە ــ ٥ ــ ساڵ ــ ٢ ــ سەرماووز ــ تشرینی دوەم ــ ٩٥٨م ــ ٢٥٧٠ك




شوررش ، شوررشی گەل
بو ئازادی ، بو ســـەربەخویی
بو گوررانی ژیان ، بو لەناوبردنی
کونی بیفەررو هانینی تازەی
پررسوود .. ئا بەم وشانە ،
هــەلسان بــەم وشـــانـــە ،
بە کردەوەی ئــەم وشـــانە ،
ئیمپریالیزمو کونەپەرستی گرژ
ئەبیت ، موچررکەیەکی سارد
بە لەشیا دیت ، کولــەوژیك
ئــەگریت بەچـــاویا ، بەلــکو
کوتەکیك ئەدریت بەتەوقی سەریاو خپ ئەبیت ، ئەکەویت ، ئەمریت ..
لەملاشەوە مروف ، ژیانی مروف ، رەورەوەی میژو ، بەرەو پیشو روەو بەرزی ئەرون ، روەو پاشەروژیکی بەختیار ، ئەو روژەی منو تو ، تو و ئەو ، رەشو سپی ، گەرمیانیو کویستانی ، روژهەلاتیو روژئاوایی پیکەوە چونیەك ئەژین .

پیش چل‌و یەك سال ، لـەم مانگەدا ، گەورەترین‌و گرنگترین شوررش بەرپا بوو ، شوررشی مەزنی ئوکتوبەر ، ئەو شوررشەی یەکەم تیریکی کاریگەری چەقانە سنگی ئیمپریالیزمەوە ، ئەو شوررشەی دەرگای ئازادی‌و روناکی‌ی بو مروف خستە سەر پشت‌و سەلمانی کە ئەبیت هەموو گەلیك ئازاد بیت •

ئیمە ئەمررو یادی ئەو شوررشە پیروزە ئەکەینەوە ، چونکە ئیمەی کورد گەلیکی شوررشگیررین ، دوستی شوررشگیرەکانی ئوکتوبەرین ، ئازادی خوازین ، ئاشتی ویستین ، دوژمنی دوژمنەکانی شـوررشی ئوکتوبەرین •

بەلی ئیمەی کورد بەختیارین بەو یاسایەی شاپلیتەی شوررشی ئوکتوبەری هەلگیرسان ، چونکە لەو یاسایەدا تروسکەی روناکی ئەبینین ، لەو یاسایەدا ئاوازیکی خوش زاخاوی میشکمان ئەداتەوە ، ئاوازی مافی بریاری پاشەروژی نەتەوەکان ، مافیان لەدروستکردنی دەولەتیـکی سەربەخوی ئازادا بەدەسـت خویان • واتا ئیمـەی کورد پیویستە لەکوردستانی ئازادی سـەربەخودا بژین ، پیویستە جلـەوی خومان بەدەست خومانەوە بیت ، خومان سەرداری خومان بین ، دوستی هەموو نەتەوەکانی تری جیهانیش بین •• بژی یادی شوررشی ئوکتوبەری مەزن ، خوشبیت کوردستان •

# چوار وەرزی سال

**ئایا زانیوتە بو هەر مانگیك لە کوردیدا چەند ناویك هەیە ؟ وە سەری سالی کوردی لەیەکەم روژی یەکـەم مانگی بەهـارا دەست پی ئەکات کـە ئەکاتە بیست‌و یەکی مانگی مارت ؟ بەم جورەی خوارەوە :**

✻ یەکەم مانگی بەهار : ـ نەوروز ، ئاخەلیوە ، خاکەلیوە ، دارپشکیو ، هەرمی‌پشکیو .

✻ دوەم مانگی بەهار : ـ گولان ، شەستەباران ، هیلانەما ، بانەمەرر تیرەخور .

✻ سییەم مانگی بەهار : ـ بەختەباران ، جوزەردان ، باران‌وشان ، باران‌برران .

✻ **یەکەم مانگی هاوین : ـ پوشکال ، جوخینیان ، خەرمانان ، زەخیران مردارەمانگ .**

✻ **دوەم مانگی هاون : ـ گەلاویژ ، پوشپەرر ، تیرمە .**

✻ **سییەم مانگی هاوین : ـ تەباخ ، میوەگەنان ، کەپرەشینە ، رەزبەر .**

✻ یەکەم مانگی پایز : ـ گەلاریزان ، نیری‌بەردان .

✻ دوەم مانگی پایز : ـ خەزەلوەر ، باران‌پەلە ، چریەی‌یەکەم .

✻ سییەم مانگی پایز : ـ بەرروبەز ، گردوز ، چریەی‌دوەم .

✻ **یەکەم مانگی زستان : ـ داروەر ، سەرماوەز ، بەفرانبار .**

✻ **دوەم مانگی زستان : ـ ری‌بەندان ، چلەشور .**

✻ **سییەم مانگی زستان : ـ رەشەمە ، بازەبەران ، میش‌پەرر .**

« لەنامیلکە چاپ‌نەکراوەکەی ماموستا احمد سەردرەییەوە »

# ئاهەنگەکەی گەنجانی

# کوردستان

**(( لەهولی گـەل لەبەغدا ))**

---

ڕوژی ۹۵۸/۱۱/۳ گەنجە کوردەکانی بەغدا ئاهەنگێکی چا خواردنەـ وەیان پێکهێنا لەهولی گەل لەبەغدا ، بەبونەی گەڕرانەوەی کاك مستەفا بەرزانیەوە . لەم ئاهەنگەدا گەلێ لە کەسە ناودارەکانی گەل بانگ کرابوون و



---

هاتبوون وەك کاك فاضل مهداوی و کاك ماجد محمد امین و بالیوزی یەکیتی سوڤیات و بالیوزی چینی میللی ... هتد .

لەسەعات ٥ر٦ ئیوارەدا کاك جلال تالەبانی دەرگای شانوی کردەوە

به پیشکه‌ش‌کردنی کاك حبیب فیلی بو خویندنه‌وه‌ی وتاری پیشه‌کی ۰
کاك حبیب به‌زمانی عربی وتاریکی جوانی خوینده‌وه ، دوای ئه‌و خوشکه
ثریا محمد به زمانی کوردی وتاریکی جوانی خوینده‌وه ، ئنجا ده‌سته‌یه‌ك



گه‌نجی کورد سرودی « ئه‌ی ره‌قیب »یان پیشکه‌ش کرد ، ئنجا هه‌لپه‌رر
کیی بادینانی له‌لایه‌ن چه‌ند گه‌نجیکی کورده‌وه به‌جلی نیشتمانی خویانه‌وه ،
به دوای ئه‌ماندا هه‌لپه‌ررکی‌ی شیخانه له‌لایه‌ن گه‌نجاکانی هه‌ولیره‌وه وه
کاك تایه‌ر توفیقیش گورانی « گه‌ردون من چیبکه‌م »ی بو ئه‌وتن ، به
دوای ئه‌میشدا هه‌لپه‌ررکی گولشینی پیشکه‌ش کرا ، ئنجا کاك احمد
خلیل چه‌ند گورانیه‌کی عه‌ره‌بی وت ، دوای ئه‌مه‌ش کاك هه‌ژار هونراوه
یه‌کی به‌رزی خوینده‌وه ، ئنجا کاك شه‌مال صائب چه‌ند گورانیه‌کی خوشی
پیشکه‌ش کرد ، نوره هاته سه‌ر شاعیری فه‌یلی « مه‌لا نامدار » پارچه
پارچه شیعریکی خوشی خوینده‌وه ، دوای ئه‌میش کاك روسته‌م شیعریکی



پرر لەپیکەنینی خویندەوە ، بو جاری دوەم کاك شەمال صائب گەررایەوەو گورانی هەری لەیلیی پیشکەش کرد ، لەکوتایدا کاك جلال تالەبانی بە وتاریکی جوان کوتایی بەئاهەنگەکە هینا .

لەگەل تەواو بوونی ئاهەنگەکەدا ، کاك مستەفا بەرزانی لە لوجی نهومی سەرەوە هەلساو وتاریکی خویندەوە ، لە وتارەکەیدا چەند جاریك دووبارەی کەدەوە کە پیویستە هەموو یەك بین‌و هەمو تیکوشین . دوای ئەمیش کاك فاضل مهداوی هەر لەو جیگەیەوە وتاریکی بەرزی خویندەوە ئەویش داوای خەبات‌و برایەتی کوردو عەرەبی کردو هەموش بانگی ژیان‌و سەروکیتی کاك عبدالکریم قاسمیان ئەکرد . هەروەها بانگی ژیانی کومارو کوردستانیان ئەکرد .

تیکرا ئاهەنگیکی خوش‌و پررسوود بوو ، هیوامان وایە گەنجە کوردەکان هەمیشە وا گورجوگول بن بو پیك هینانی ئەم جورە ئاهەنگانە . وەسوپاس‌و پیروز بایش بو پیکهینەرەکانی ئەو ئاهەنگە .

گاڵتەو گەپ :

# دەمەتەقیی بایزو باپیر

« هەژار »

باپیر : مام بایز ڕوژباش

بایز : علیك السلام

باپیر : ئەمە یانی چی ؟

بایز : جیرانی مەلام .

باپیر : نەمدی دوین‌و پیر ؟

بایز : بەخوا چومە شار

باپیر : چیت پی‌بوو بەخیر ؟

بایز : بەحوا بارەدار .

بایز : بەسی چوار فیمەت

باپیر : وەك شەکرت فروشت بوی‌وەبلیمەت
ئەگینا چیە نرخی بارەدار ؟

بایز : چون نرخی نیە ؟ هەتیو شەرەوشەر

باپیر : شەری کی ؟

بایز : شەری منالی مەکتەب

باپیر : گوایا منالی جولەکەو عەرەب ،

بایز : سەلا لەئەقلت خەیالت وردن
ئەوی لێك دەدەن گشتی هەرکوردن
باپیر : بایز وامەلی !!
بایز : دەشلیمو واتر .
باپیر : توخوا وەرپیش تیتبگەم چاتر
بایز : چیت بوبلیم ؟ بەخوا بونە دودەستە
هەر داوینەیەك بەجوینو بەستە
یەك دەبی سورم یەك دەلی بورم
یەك دەلی زەردم یەك دەلی زورم
یەکی ئیژی قیر یەکی ئیژی ماست
یەکی ئەلی لار یەکی ئەلی راست
تا چەنە شلبوو چەقەو جنیوە
ئەمجا شەرەشەق ئەروا بەریوە
هەر داربەشانەو هەر سەرشکانە
هەر خوین رژانەو ئاورو تکانە
باپیر بەو خوایە لەبان سەرمانە
جوین وەبارانە شەق وە خەرمانە
باپیر : بایز چیمانو چم چاو پیکەوت
هەرچی، تەی بیبین هەر لارەو چەوت
وتمان ئەم زومە سەرمان لاچی
ئیتر کورد ناچی یەکتر داباچی

گش ئەون وەیەك خیلو جافولەك
رزگارمان ئەکەن وە بنوسو چەك
نایەلن ئاغا وەك یەك بجەنگن
ئەیانکەین وەداس هەرچی تفەنگن
کەچی وا ئیژی میرزاو مەتکەوی
لیك رادەکیشن ئەم لەم ئەم لەوی
ئیژن هەر شتی بوگەیو ئەوی
خوین پی وەربکەی فریای ئەکەوی
بەلام ئەگەر خوی بوگەنیو ببی
ئیتر ئەم ئەبی دەرمانی چبی ؟
خەلیفەی خومان فەرموی کورد کورتە
روژمان درەنگ‌کرد بەم ورتە ورتە
منیش وا نەچم باری دار ئەبرم
سەر دەشکینی چش خو کەلاش دەکرم

**(( هەژار ))**

---

## ئاورریك
## لەشوررشە مەزنەکەی عیراق
## ـ چاپی‌دوەم ـ

ئەم نامیلکەیە ژمارە سی‌یە لە بلاوکراوەکانی هیوا ، لـەم بەینەدا کەوتە بازارڕەوە . وەکو ئاگاداریان کردوین لە شارەکانەوە ، خەریکە تەواو ئەبیت وە داوای چاپی دوەممان لی ئەکەن .

ئیمەش بەخویندەوارانی خوشەویستی رائەگەینین کە لەهەلیکدا چاپی دوەمی ئەکەینەوە ، چاوەرروان بن .

# بانكي يه‌كيتي قوتابيانى گشتي عيراق

**(( قوتابيانى عيراق ـ لقى سليمانى )) ناردويتى**

براكان .. خوشكه‌كان .

بو ئيوه ئه‌ى قوتابيانى هه‌مو عيراق !

له‌و كاته‌وه جه‌مهوريه‌ته خوشه‌ويسته‌كه‌مان هاتوته كايه‌وه ، وه‌يه ئيه‌تيه‌كه‌مان ، يه‌كيه‌تى قوتابيانى گشتى عيراق ، له‌ريگه‌ى پاراستنو دارشتنى بنچينه‌ى جه‌مهوريه‌ته خوشه‌ويسته‌كه‌مانا گرنگيتى تيكوشانيكى يه‌ك پارچه‌يى جولانه‌وه‌ى قوتابيه‌تى ده‌رئه‌برى كه دوشمنى ئيمپرياليستو كونه‌په‌رسته‌كان بو ، هه‌روه‌ها له‌گه‌ليك زوران گرتنيا له‌هه‌مو ماوه‌يه‌كدا سه‌ركه‌وتوه لـه‌ريگه‌ى به‌هيزكردنى جولانه‌وه‌ى قوتابيـه‌تيدا لـه‌ســه‌ر بنچينه‌يه‌كى رراستى .

ئيستا ئيمه ده‌ست ئه‌كه‌ين به‌ساليكى تازه له‌خويندنمانا له‌كاتيكى ئازاد بونو رزگاربونا ، هه‌روه‌ها ده‌ست ئه‌كه‌ين به‌ئيش بو پيك‌هينانى قه‌واره‌يه‌كى قوتابيتى گشتى له‌كاتى ديموكراتيه‌تو ئازادى‌و ئاكاديميه‌تدا ، له‌وپيويستيه‌مانا ئه‌بينين وه بلاوى ئه‌كه‌ينه‌وه كه بونى تارمايى ناكوكى‌و پارچه پارچه‌بون له‌جولانه وه‌ى قوتابيه‌تيه‌كه‌مانا كه‌لكى لى وه‌رناگيرى ، ته‌نيا بو دوشمنه‌كانمان نه‌بى كه‌لك وه‌رناگرين ، ته‌نيا ئيمپرياليستو به‌كرى‌گيراوه كونه‌به‌رسته بوگه‌نه‌كه‌يان نه‌بى ئه‌وانه‌ش كه‌وا له‌به‌رچاوون وه ئه‌چه‌مينه‌وه بوكاتى ررا بوردو كرنوشى بو ئه‌به‌ن وه‌ك ئه‌يان برد .

پی‌ویستیه‌کـه‌مان ده‌رباره‌ی پاراستنی جـه‌مهوریته‌که‌مان ، وه به‌رامبـه‌ر دوشمن ، ئه‌و به‌لین‌و ئـه‌و فرمانه باشـانه‌ی حـکومه‌تی جـه‌مهوریه‌تـه‌که‌مان کردویه‌تی ئاراسـته‌ی چاك‌کـردنی باری ئابوری‌و کومه‌لایه‌تیه ، یارمه‌تی‌دانی ماموستاکان له‌ریگه‌ی دروست بونی گیانیکا که بریتی بی له‌چاك‌کردنی وه نه‌هیشتنی که‌موکورتی له‌ژیانی دانشگای‌و رریکوپیکی خویندنمانا .

شانازی کردنمان به‌گرنگیتی بونی یه‌کیتی قوتابیانی گشتیه‌وه . هه‌ل‌قولاوه له‌هه‌لبژاردنیکی ئازادداو له‌کاتیکی دیموکراتی راستدا ، وه داوامان لی‌ئه‌کات که چالاکانه که‌لك له‌رابوردومات وه‌رگرین ، داوامان لی‌ئه‌کات بلاوبینه‌وه بو ریزکردنی ریزی قوتابیـه‌کانمان وه ئاگاداری ژیانه‌وه‌ی گیانیگی برایه‌تیو یه‌ك گونجان ببین ، دروستکردنی ژیانیکی دانشگای ئازادو له‌سه‌ر بنچینه‌ی ئازادی وه ئاکادیمیه‌ت وه دیموکراتیه‌ت و زانین دروست کرابی ، یه‌کیتیه‌که‌مان ، یه‌کیتی قوتابیانی گشتی عیراق ، مایه‌وه زورانی له‌گه‌ل ئه‌و ئازارو چه‌وسانه‌وه‌یه‌ی ده‌سالی رابوردو دا ئه‌گرت ، له‌دریژای تافیا بی گوی‌دان به‌و قوربانیانه‌ی ئه‌یداو ، رویشتن‌و قوربانیه‌ك بون له‌ری‌ی نیشتمانو گه‌له‌که‌مانا .

یه‌کیه‌تیه‌که‌مان ، هه‌ر رویشتوه‌و به‌رده‌وام بوه ، له‌ریگه‌ی هینانه‌دی ئامانجه‌کانیا ، گه‌رچی مه‌ترسی زوریش له‌هه‌مو لایه‌کیه‌وه بووه ، له‌گه‌ل ئه‌وه‌شا له‌هه‌مو کاتیکدا سه‌رکه‌وتوه ، له‌دواییدا ده‌رکه‌وت که رریك‌وپیکه و بریتیه له‌گیانی ته‌قه‌لادانیکی پاکی .

یەکیەتیەکەمان ئەمرو ئەیخاتە بەرچاوتان : وەك ئامادەبونی بو ئیش کردنی لەگەل خوشکو برا قوتابیەکاندا . بیبەرزیو نزمی ، هەروەها ئامادەبونی لەگەل هەمو بەشیکی قوتابیاندا بی جیاوازی .

ئەم یارمەتیە مانای ئەوە نیە رریکەوتنی تەواوەتیە لەهەمو بارە یەکەوە . ئەم یارمەتیە مەرج لەسەر دروست بونی هەمو بیروباوەرو مەبەستیك ناکات . ئیمە لەگەل هەمودا ریك ئەکەوین دوور لەبیرو باوەرو ئامانجیکی تر لەناو یەکیەتیەکەماندا .

مەرجی تەنیای بنچینەی ریککەوتنمان ئەمەیە : -

دوشمنایەتی ئیمپریالیستو نوکەرەکانی ، لادانمان بەلای چاککردنی دیمکراتیەتیدا کە قازانجی جەمهوریەتو ژیانی دانشگای ئازاد داوای ئـەکات .

ریکەوتنی ئاسان ، یارمەتی سەرەتای ماوە ئەدات بو ریکەوتنیك کە هەمو شتیك بگریتەوە ، وە یارمەتیەکی زور لەوە قولتریش بی .

پیویستیە پیروزەکانمان داوامان لی ئەکات بو خو کوکردنەوە لـە ژیر ئالای قوتابیەتیو یەكپارچەییدا ، هەلبقولی لەبیرو باوەری قوتابیانی گشتیەوە ، کە ئامانجو ئاواتی ئەکات بەیەك ، گونگرەی قوتابیانی گشتی راستترین هەست دەرئەبری لەداخوازی هەمو قوتابیەکی ئیشکەردا لەریگەی : -

پاراستنی جەمهوریەتی عیراق
پاسەوانی دەستکەوتوە دیمکرانیەکان -
ژیانیکی دانشگای ئازاد .

**لیژنەی بەرزی**
**یەکیتی قوتابیانی گشتی عیراق**




به وردی سه‌رنجی ئــه‌م پرسیارانه‌ی خواره‌وه بده‌و **وه‌لامیان** بده‌ره‌وه ، هه‌ول بده لــه پانگزه نوخته زیاتر پرربکه‌یته‌وه . **له‌گــه‌ل** وه‌لامه‌که‌تا پولیکی ده‌فلسی کارنه‌کراو بنیره‌و **له‌گوشه‌یه‌کی زه‌رفه‌که‌وه** بنوسه « پرسیار » بو سه‌رکه‌وتوی یه‌که‌م پاندانیك بوسه‌رکه‌وتوی **دوه‌م** ژماره‌ی داهاتوی هیوا پیشکه‌ش ئه‌کریت .

١ ـ ئه‌م وشانه بکه کوردی :

سلطة ، اقليم ، استقلال ، مزرعة ، طفيلي .

٢ ـ مانای ئه‌م وشه کوردیانه بنوسه :

جه‌ربه‌زه ، کروك ، په‌لاس ، نه‌ژاد ، ناکام .

٣ ـ نیوه‌ی هه‌زار چوارسه‌دو بیست‌پینجه ! بوچی ؟

٤ ـ ژن‌و میردیکی ئینگلیز ، ژن‌و میردیکی ئــه‌مریــکی ، **ژن‌و‌میردیــکی** فه‌ره‌نسی . له‌گوی روباریك وه‌ستابون ، روباره‌که ته‌نها **به‌له‌میکی** تیابوو ، به‌له‌مه‌که‌ش ته‌نها دووکه‌سی ئه‌گرت‌و به‌له‌مه‌وانیشی **تیا** نه‌بوو ،ئه‌م سی پیاوه هیچیان له‌ژنه‌کانیان ئه‌مین نه‌بوون، واتا **دروست** نه‌بوو پیاویك له‌گه‌ل ژنی یه‌کیکی‌نرا له‌به‌له‌مه‌که‌دا بیت ، **یان له‌و** به‌ر یان له‌م به‌ری روباره‌که بیت بی ئه‌وه‌ی ئه‌و ژنه میرده‌که‌ی خوی له‌گه‌لدا بیت . چون ئه‌م شه‌ش که‌سه ئه‌په‌رینیته‌وه ؟ **بی**

ئەوەی هیچ روو بدات !..

ئەمەش وەلامی پرسیارەکانی ىشومان :

١ ـ امة = نەتەوە ـ قوم = هوز = میللەت ـ

شعب = گەل ـ حکومة = دادوەر ـ دولة = دەولەت .

٢ ـ خەش = عیب ـ خویش ـ خزم ـ خاش = ورد ـ

کژ = فصل ـ پژ = بلاو .

٣ ـ هونراوەکە هی عبد الخالق « اثیری » بوو .

٤ ـ منالەکان ٣٦ بوون .

* * *

ئەوانەی وەلامیان دابوەوە لەگەل پلەی سەرکەوتنیاندا :

١ ـ نەرمین ناکام ١٨ نوختەی راست بوو سەرکەوتوی یەکەم بوو .

٢ ـ نەوزاد حسین صالح ١٧ نوختەی راست بوو سەرکەوتوی دوەم بوو .

٣ ـ کمال محمد محمود ١٦ نوختەی راست بوو .

٤ ـ جیهان علی امین ١٦ نوختەی راست بوو .

٥ ـ رؤوف محمد شریف ١٦ نوختەی راست بوو .

٦ ـ جلال نامق احمد ١٦ نوختەی راست بوو .

٧ ـ هیوا سەربەست ١٥ نوختەی راست بوو .

٨ ـ بەختیار عزیز فرج ١٥ نوختەی راست بوو .

٩ ـ سکالا محمود اولی ١٥ نوختەی راست بوو .

١٠ ـ فاضل احمد بەنا ١٥ نوختەی راست بوو .

١١ ـ ساسان کریم ١٤ نوختەی راست بوو .

١٢ ــ هوشیار غنی شالی ١٣ نوختەی راست بوو .

١٣ ــ بەهی بابان ١٣ نوختەی راست بوو .

١٤ ــ اکرم عبدالقادر ١٣ نوختەی راست بوو

١٥ ــ نجاة مظهر احمد ١٣ نوختەی راست بوو .

١٦ ــ ناصح امین ١٣ نوختەی راست بوو .

١٧ ــ فوزی بایەزید ١٢ نوختەی راست بو

١٨ ــ خالە رجب ١١ نوختەی راست بوو .

١٩ ــ احمد حاجی درویش ١١ نوختەی راست بوو .

٢٠ ــ نوری عبدول محمد ١٠ نوختەی راست بوو .

٢١ ــ رحیم قادر زەنگەنە ٩ نوختەی راست بوو .

٢٢ ــ دلیر حاجی محمد سعید مەلا عمر ٩ نوختەی راس

٢٣ ــ مەلا علی عبدالرحمن ٦ نوختەی راست بوو .

٢٤ ــ نور الدین ٣ نوختەی راست بوو .

---

بو ئاگاداری

ئەم گوڤارە ئامادەیە بوبلاوکردنەوەی هەموجورە اعلانیکی میریو پرروپاگانتەی بازرگانی

# چاپکراوی تازە

* دیوانی سەلام ـ هونراوە جوانەکانی شاعیری بەناوبانگ ماموستا سەلام ، لە بلاوکراوەکانی نامەخانەی گەلاویژی سلیمانیە . لەم دیوانەدا سلام بە دوورو دریژی میژوی ژیانی خوی نووسیوە . ئـەم دیوانە ئەکەویتە ٢٣٦ لاپەرەوە لەبەرگیکی جوانی رەنگیندا .

* یادی گوررستانەکە ـ چیروکە بەرزەکەی فیودور دەستویفسکی‌یە. ماموستا محرم محمد امین وەریگرراوە بو کوردی . ئەمیش لە بلاوکراوەکانی نامەخانەی گەلاویژی سلیمانیە .

* پیلانیك لەزدی گەلی چین ـ نوسینی نوسەری چین کونگ یونگ ، کاك محمدی مەلاکەریم وەریگەراوە بو کوردی .

* فرمیسكو یادگار ـ کومەلە هونراوەکەی کاك ماجد عبدالله . لە بلاو کراوەکانی نامەخانەی بیری نویی سلیمانیە .

* شوررش ـ چەند هونراوەیەکی جوانی کاك محمود حاجی رحیمە .

* ئاوازی ئاشتیو ئازادی ـ هونراوەکانی کاك دلزارە لە نامیلکەیەکی زنجیرەکەی کاك محمد توفیق ورديدا .

* وە هەر لەم بەینەدا هەندی نامیلکەی چاپکراو بەکوردیو بەپیتی لاتینی لەسوریەوە هاتە عیراق ، لەمانە :ـ « لینینیزم » لەنوسینی ماموستا جمال نەبەز ، وە « باهوز » نوسینی ماموستا عثمان صبری ، وە « دارین مە » نوسینی عثمان صبری ، وە « داستانی مەمی ئالان » .

* ئاگرو ژیلە ـ بەرگی دوەمی دیوانی کاك کامەرانە ؛ کومەلە هونراوەیەکی جوانو تازەیە .



# دەرەبەگی

— ناکام —

بەبیستنی وشەی سەرەوە ، ، هەمو یەکیك لەئیمە — بەتایبەتی ئەوانەی کەهەتا ئەندازەییك شارەزای لادیو رابوازدنی ئاغاو مسکینەکانی هەن — دەزبەجی ئەوەیان دیتەبەرچاو ، کە دییکی کزی توزاوی بەخانوە قوررینە داروخاوەکانیەوە ، بە زبلو سەرانویلكو میشو مەگەزییەوە ، بەمنالی سەروپیپەتی چاو.ریپوقاوی شررولەوە ، لەبەردەرگاو سیبەری لاکولانەکانیا سەگیکی گەرول ، یابزنە شەلیك ، یاکەرەلاتیكو چەندمریشکیك بەرچاوئەکەوی . لەولاتریش لە شوینیکی بەرزا کوشیکی بەرزی گەچکاری ئەبینری کەپەنجەوە گەورەکانی باقو بریقیەتی ، درەختو گولو سەوزەگیای بەردەمی شنەی شەمال ئەیان شەکینیتەوە ، لەنهومی سەرەوە سەروکەللەی ئاغا یا بەگ دیارە کەبەفیزیکەوە پالیلیداوەتەوە ، ناوبەناو خزمەتکاریك بەخویو سینییێکەوە لەدیوی‌ناومال

ــ حەرەم ــ ەوە سەرئەکەوی‌و چەشنەمیوەو خواردەمەنی‌یێك پیشکەش ئەکا ، شەو و روژ گرمەی پیرە رادیو بررانەوەی‌نیە ، جارجاریش قەمەرە یاجیبەکە بەڤررەڤرر ئەکــەویتەکارو لەکاتیکا ــ میر ــ پالی‌لیداوەتەوە بەناودی‌دا تیژ تی‌ئەپەرری‌و تەپ‌وتوزە خوشەکەی بو لادی‌یی‌و منالەکانیان بەجی‌ئەهیلی . خو گەلی‌روژی واش‌هەیە کە یەکی لەئەسپە رەسەنەکانی بو زین‌ئەکری‌و لەتەك میوانە نازدارەکانیا یا هەرلەگەل خزمەتکارەکانیا تانجی‌و توولە شوین‌خویان‌ئەخەن‌و رووئەکەنە بنارەکان بو راو

هەمو جاریکیش کەمسکینەکان بیر لەژیانی کولەمــەرگی خویان‌و لەبەزم‌و رەزمی ئاغا ئەکەنەوە ، دەزبەجی وفەرمایشتەکەی ماموستایان بیرئەکەویتەوە کەزستانان لەگوی‌ئاگردانەکەی مزگەوت‌و رەمەزانان لەپاش نویژی تەراویح بویان دوبارە ئەکاتەوە : ــ « کوررم دنیای فانی پینج‌و دوو روژیکەو ئەبرریتــەوە ، بەشی‌هــەمومان مردنە ، تەســکەندەری زولقەرنین کەخەرج‌و باجی لەروژو لەدەریا ســەندو سەددی ئاجوج ماجوجی دروستکرد ، لەتوپی‌جاو زیاتری لەگەل نەچوە قەبرەوە ... خوزگەمان بەوکــەسانەی لەدنیادا بەفەقیری ئەژین ، بەلام فەقیریکی بی‌تەماح ، فەقیریکی شوکرانەبژیوو .... خەلقینە ، مالی دنیا چلکی دەستە دیت‌و ئەروا ، پیاو هەر ئیمانی سەلامەت‌بی ، گوناحە موسلمان چاوببرریتە مالی دنیا ، رسق‌و روزی لەروژی ئەوەلا دابەش کراوەو تەقەلا کەلکی‌نیە » !!..

مەبەستم ئەوەیە کـەزررکەس بەبیستنی ووشـەی دەرەبـەگ ئەوشتانەی سەرەوەیان دیتەوەبیرو دانئەبەن بەچیرەوەو لیویان ئەکوژنو ئەیانەوی شتی بکری کەئەم جیاوازی‌یە لاسەنگە نەمینی . بەلام پیویستە لەپیشەوە ئەوەبزانین کـە ئەودەرەبەگـەی ئەمررو بەوشیوە ناقولایە دیتەبەرچاومانو تەوەندەی لەبەرچاررزین ، هەرچی‌بیت خوی پاشەبەرەی دەرەبەگایەتی‌یێکی ریشەداری پیشوە کەئیستا بەرەو دوابرران ئەچیو دواهەناسەی هەلئەکیشی . کەواتە باشتر ئەوەیە بی‌ین بەشیوەییکی زانیاری لەبنـەررەتی دەرەبەگایەتی بکولینـەوە و بزانین ئەمنەریتـە چونپەیدابو و لەچی‌یەوە داهاتو روو لەمانە ؟ چونکو زانینی راست ئەبیتەرابەری تیکوشانمان بو بەربەرەکانیو لەناوبردنی ئەم دوومەلەی سەرلووتی نەتەوەکەمان .

بوئەم ئامانجەش باشترین و زانیاری‌ترین بەلگە ، نامیلکە بچکولەکەی ( ل . سیگال )ە کە لەژیر ناوی ( چاوپیاخشاندنیکی زانیارانە بەسەر ئابوری‌ی سیاسی‌دا ) نوسیویەتیو تائیستا چەندجاریك بەزمانی عەرەبی بلاوکراوەتەوە . هـەرچەندە بەدەستمەوەیە کەسـەرجەم نامیلکەکـە وەرگیرمە سەرکوردی‌و بلاوی‌بکەمەوە ، بەلام بەپی‌ی‌پیویستی روژ ، جاری ئەمبررەیان کە لەژیرناوی « دەرەبەگی »دایە لەگوڤاری هیوادا بلاوی‌ئەکەمەوە هیوام‌وایە جی‌ی خوی‌بگری .

ل . سیگال لەمەرر دەرەبەگەوە ئەلی :

## =( دەرەبەگی )=

بەرهەمە (١) کەمەکەی جوتیارو بەرهەمە پچوکەکەی پیشەیی (٢) یە ئازادەکان بناغەی ئابوری‌بون بو نەریتی (٣) دەرەبەگی . بەرهەم لەپیش هەموشتیکا سروشتی‌بو ، واتا ئەوشتانەی بەرهەم ئەهات بوگوررینەوە دانـــەنرابو

چەوسینرانەوەی (٤) جوتیاران لەلایەن دەرەبەگەوە بەدوچەشن ئەکرا : ١ ـ جوتیار ناچارئەکرا لەهەفتەیێکا چەند روژیك لەزەوی‌یەکەی دەرەبـــەگا ئیش‌بکا ( ئەمـــەبیگارە ) . ٢ ـ ناچاریش‌بو کـــەبەشیك لەداهاتی (٥) زەوی‌یە تایبەتی‌کەی خوی‌بداتی ( ئەمەسەرانەیە ) . جوتیار ئەی‌توانی لای‌ئـــەم ئاغایە بررواو روبکاتە ئاغاییکی‌تر ، بـــەلام نەی‌ئەتوانی بەجاری لەچنگ دەرەبەگ رزگارببی .

ئەو بەرهەم‌هینەرە پیشەیی‌یە سەربەستانەی لەشارا دائەنیشتن‌و بو فروشتن بەرهەمیان پیك‌ئەهینا ، بەشیکی زور لەناتەواوی خویانیان بەئیشەکـــەیان پرر ئەکردەوە ( مـــەررو مالاتیان‌بو ، جارجار پارچـــە

---

**(١) بەرهەم = ئینتاج .**

**(٢) پیشە = میهنە ، حیرفە .**

**(٣) نەریت = نیزام .**

**(٤) چەوسینراوە = ئیستیغلال ، ئیستیثمار**

**(٥) داهات = مەحسول .**

زەوی‌یحیشیان هەبو ) . گوررینەوەشیان ناوخویی (١)بو ، تەنیا شارەکان لەگەل دیهاتەکان دراوسی‌ی خویانیان ئەکرد . لەگەل‌ئەوەشا بازرگانەتی ئەوبەرهەمانەش ئەکرا کـە لەولاتانی ترەوە ئەهات . بەتایبەتی شتی فەنتازی (٢)و داودەرمان ( بەهارات )و شتی‌تر کەچی گوررینەوە لەگەل ناوچەکانی تری ولاتیکا نەبو . ئنجا چونکو بەرهەم لەسەرشیوەییکی سروشتی ئەرویشت‌و گوررینەوە کزبو و ریگای هاتوچو خراپ بو ، هەرولاتە ببو بەچەند ناوچەییکی سەربەخو . بەتایبەتی ئەوشارانەی کەپیشەیی‌و بازرگانی تیایا دائـەنیشت ، ئەبوایـە بەناچاری بکەویتە ناوکورری تیکوشانیکی تال‌و دریژەوە بو دەسـکەوتنی سـەربەخویی خویەتی (٣) « ئوتونومی » . ئەوجورە شارە خویانیان بەشوورەو قەلا قایم‌کـردبو ، سـوپای تایبەتی‌یان هـەبو ، پیشەیی‌یـەکان لەدەوری ریکخراوە (١) پیشـەیی‌یە ( کورپوربشن )ەکان ئالابون ، کەئەم ریکخراوەی- یەش پیویستی بەعەماری هاوبەشی‌بو ، ئەبوایە چاودیری نرخ‌و جوری دروستکراوەکانیش بکری کەپالەپەستوی لی‌روونەدا .

بازرگانەکانیش ریکخراوی تایبەتی‌ی خویانیان هەبو کەبی‌یان ئەوت « گیلد » بازرگانی شارەکان ئەم‌جورە ریکخراوی‌یە یان بـەدل‌بوو

---

(١) ناوخویی = محەلی .

(٢) فەنتازی ( کەمالیات ) .

(٣) سەربەخویی‌خویەتی = ئیستیقلالی‌زاتی .

(٤) ریکخراو = مونەزەمە

بەهیزیان ئەکرد ، چونکو بەرامبەر بەئاغاو دەرەبەگـەکان پیویستی‌یان بەپاراستنی سەربەخویی‌یەکانیان هەبو . ئەم نەریتی پیشەیی‌یە لەشارەکانا بوبوە سەرباری نەریتی دەوەبەگایەتی لەکشت‌وکالا .

لەگەل زیادکردنی گوررینەوەدا ، جـەوسینرانەوەی جوتیاریش تاوی‌ئەسەند . جار لەگەل جار کەگوررینەوە پەرەی‌سەندایە و ئاغای دەرەبەگ شتی فەنتازی بوخوی‌و چەکی بوپیاوەکانی بکریایە ، زیاتر پیویستی بەچەوساندنەوەی جوتیارەکانی ئەبو کەپتر هەلیان‌چوررینی ، ئیتر هەتائەهات زەوی‌وزاری ئاغا زیادی ئەکردو هی‌جوتیاران کەم‌ئەبووە . بیگار پترئەبوو سەرانە زیاترئەسینرا .

لەدوایشا بەهوی پەیابوونی حکومەتی ناوەندی لەجی‌ی پارچە۔ پارچەی دەرەبەگەکانا ، چووسینرانەوەی جوتیار ئەوەندەی‌تر بەتین‌کرا . جاران کـەولات لەت‌لـەت‌بوو ، دەرەبەگ ریگای ئەوەی هـەبو باج لەوکەل‌وپەلانە بسینی کەبەناوچەی دەسەلاتی ئەواتی ئەپەررین، ئەشیتوانی پارەی تایبەتی بەناوی‌خویەوە دەرکاو گەلی شتی‌تریش ... لەسەریکی۔ تریشەوە بازرگانیتی پشتی‌پی‌نەئەبەسترا ، چونکو شالاوی پەیتاپەیتای سـوپای دەرەبەگـەکان بوسـەر کاروانـەکوتال‌و کـەل‌و پەلـەکانیان بررانەوەی‌نەبو . ئەمە ببو بەهوی ئەوەی بازرگانەکان ئاواتی روخانی دەرەبەگەکان بخوازن . جاناکوکی خوبەخوی دەرەبەگەکان‌یان بەهەل‌دائانا هەمویان لانی یەکیکی هیزداریان ئەگرت‌و بی‌هیزەکانیان پی‌لەناوئەبرد . بەلام کەدەسەلاتی سیاسی‌ی ناوەندی دامەزرا ، سوپای دەرەبەگەکان

« برروانە لاپەررە ٦٥ »

# بەکام شێوەی زمانەکەمان بنوسین ؟



نوسینی : محمدی مەلا کریم

ماوەیەك لەمەوپیش دەستەیەك لە نوسەرەکانمان خویان خەریك کرد بە لیکولینەوەی باسی چونیەتی نوسینی زمانە کەمانەوە . ئەم ئیشە هەر چەند لە روژیکی وادا لە توانایا نیە بمانگەیەنیتە دانانی پەیرەویکی وا کە هەمو نوسەریکی کورد ناچار بی بە پی ی ئەو بجولیتەوە لە نوسینا ؛ چونکە ئیشیکی وا گەلی مەرجی تری هەیە کە لە روژی ئەمرومانا پیك نەهاتوە ، بەلام لە هەمان کاتا شتیکی بی‌سودیش نیە ، وەتا رادەیەك بودانانی شیوەی نوسینمان لە پاشەروژا ، دەوریکی باش یاری ئەکا .

بەلی ، دەمیکە نوسەرەکانمان خویان خەریك کردوە بەمەوە ، جا با ماوەیەکیش خومان خەریك بکەین بە سەریکی تری ئەم باسەوە ، ئەویش وەرام دانەوەی ئەم پرسیارەی خوارەوەیە :

« بەهەمو شیوەیەکی زمانەکەمان بنوسین ، یان هەر بە یەکیکیان ؟ وەئەگەر بلیین هەر بە یەکیکیان ، بلیین بەکامیان ؟ » .

هیشتا شورشە پیروزەکەی عیراقی خوشەویستمان روی نەدابو ، من بەبونەی دەرچونی نامیلکەکەی کاك ( خالد دلیر )ەوە کە ناوی لی نابو ( کەوای نەکرای ؟ ) ، وەبە شیوەی کوردی ولاتی کویە دەری کردبو ، کەوتمە سەر سەودای خستنە ناوی ئەم باسە ، ئەو پلارە لاپوازیەش کە ( شەفەق ) لە دوا ژمارەی پیش شورشیا گرتبویە کاك خالد ، زیاتر هانەهانەی دام بو کردنەوەی ئەم دەرگایە . لەبەر ئەوە ئەوکاتە رونوسی ئەم وتارەم ئامادە کرد ، بەلام بەهوی شورشە پیروزەکەمانەوە کە ئەوەی نەویست لە هەمو نوسەران پینوسەکانیان بومارەیەکی تایبەتی بەتەواوی تەرخان بکەن بو خزمەتی شورش‌و ئاگادار گردنەوەی خەلك ، وتارەکەم نایە تاقەوەو لی‌ی گەرام .

بەلام ، چونکە ئەمرو ، پاش دان‌نانی دەستوری وەختی‌ی جمهوریەتی عیراق بە مافەکانی نەتەوەی کوردا ، روبەروی ئەوە ئەروین کە خویندن بو هاوولاتیە کوردەکانی عیراق بەکوردی بی ، وە ئەمەش تارادەیەکی دور وەستاوە لە سەردیاری کردنی ئەو شیوە کوردی‌یەی کە بە شیوەی رەسمی ئەناسری ، بەپیویستم زانی چاوی بەوتارەکەما بگیرمەوەو بیخەمە بەرچاوی خویندەواران .

جاری بەرلەوەی بچینە بربرەی باسەکەمانەوە ، باچەند قسەیەك لە دەوروبەریا بکەین .

دیاره هەر نەتەوەیەك بەهوی هەندی زروفی میژوییەوە چەند شیوەی خوی جوی لە زوبانەکەیا هەیە ، ئەم زروفانە وەك کەمیی هاتوچوو • بی پەیوەندی لەبەینی بەشە کانی نەتەوەکەداو ، دابەش بونی لە ناو خویا بە هوی جیاوازی ئایینەوەو ، وەك نزیکی لەنەتەوەیەکیتر ، یاخود کەوتنە ژیر دەسەلاتی نەتەوەیەکی ترەوە کە زور وشەی زوبانەکەی خوی ئەخاتە زوبانەکەی ئەمەوەو ، پەیوەندییەکی پیپەیدا ئەکا لە گەلیا . لەمیژودا زور جار روی داوە کە ئەم هویانە لەتاقە زوبانیك چەند زوبانو ، لە تاقە نەتەوەیەك چەند نەتەوە بیننە بەرهەم ، وەك زوریش روی داوە کە هەر چەند کار نەگەیەنیتە ئەم رادە ، بەلام هیشتا نەتەوەکە والی بکا خویان لە ناو خویانا لە شیوە کانی زوبانە کەیان نەگەن ، وەك بە نیسبەت نەتەوەی کوردەوە روی داوە . لە کاتیکی وادا گرنگترین ویەك بوپاراستنی یەکیتی ئەو نەتەوەیەو نەپسانی ئەو پەیوەندییەی کە بەشەکانی بەیەکەوە ئەبەستی ، ئەوەتە بەهەمو لایەکیانەوە تاقە زوبانیکی نوسینیان هەبی هەمویان بەکاری بینِنو تاقمی خویندەواران وروشن بیرانی هەمو لایەکیان لیی بگەن . بووینە : نەتەوەی عەرەب ئەگەر بەسایەی زوبانی قورئانەوە نەبوایە کە بوە بەزوبانی خویندەواری لەم سەر تا ئەو سەری ولاتەکەیا ، ئیستا وانەئەبون کە لە مەراکیشەوە تا خەلیجی بەسرە خویان بە یەك نەتەوە دابنین ویەك هەستی نەتەوایەتییان ببی ئیستا والەوی خەلکی عەمارەو موسل بەتەواوی لەقسەی یەکتر ناگەن ، چە جایە عەرەبیکی بەغدایيو یەکیکی جەزائیری . بویە ئەگەر قورئانی پیروز نەتەوایەتی

عەرەبی نەپاراستبایە ، ئیستا لە جیاتی یەك نەتەوە چـەند نەتەوەی جیاجیایان لی پەیدابوبو ، وەك چون بەر لە ئیسلام رەگەزی سامی بوبە چەند نەتەوەی جوی جوی کە یەکیکیان نەتەوەی عەرەبی ئیستانە . بویە میللەتی عەرەب هەمیشە قەرزاری قورئانو زانیاریی ئیسلامین کـە بە زوبانی عەرەبی بوە .

لام وابی دیاری بونی شیوەیەکیش لـە شیوەکانی زوبانی هـەر نەتەوەیەك بو بونی بە زوبانی خویندەواریی ئەو نەتەوەیە ، لە خویەوە نەهاتبیو هوی هەبی ، هوی تیکەل چە لە زروفی ئەو شیوەیە خویو چە لە هەندی هوی تری دەوروبەری . دیسان با زوبانی عەرەبی بکەینەوە بە میسال : ئەم زوبانە چە ئیستاو چە بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام چەند شیوەی جیاوازی هەبوەو هەیە ، بەلام بوچی لە ناو ئەم شیوانەدا شیوەی قورەیشی بو بە زوبانی زانیاریی ئیسلامیو عەرەبی ؟ دیارە لەبەر هەندی هویوا کە لەئەسلی ئەوشیوەداهەنو هەندی هوی تری دەوروبەری . جاری بە نیسبەت عەرەبە بیگەرد ( خالص )ە کانەوە ، عەرەبەکانی مکە لەوانیتری دەشـــت پیشکەوتو تربون لـــە شیوەی ژیان وپـــەیوەندی کومەلایەتیدا ، ئەوەبو لە کاتیکا کە لە دەوری مکەدا بە حەیوان لەوەراندنو شەروتالان کردنەوە خەریك بون ، ئەمانی مکە ئیشیان بازرگانیو خزمەتی پەرستگابو ، وەپلەی ژیانیان بەرزتر بو ، ئاگاداریەکی بەپیی ئەوروژە باشیشیان لەگیتی ئاوەدان هەبو ، وەعەرەبی هەمو جەزیرەی عەرەب رویان ئەکردە ئەوان وبەگەورەی خویانیان دائەنانو بە چاوی ریز لی

گرتنەوە سەیری ری‌و شوینیان ئەکردن . بی‌گومان ئەمە کاریکی وای کردبوە سەر شیوەی دوینیشیان کە لە شیوەکانی تری زوبانی عەرەبی گوراو ( متطور ) تر بی . هەر ئەمەش بو هوی ئەوە کە ئایینی ئیسلام لە مکەدا هەلقولی ، نەك لە شوینیکی تری عەرەبستانا ، کە وابو ئەمە پیشیەتی‌یەکی‌دا بە شیوەی عەرەبی‌ی مکەو خستیە ریزی پیشەوەی شیوەکانی تری زوبانی عەرەبی‌یەوە ، ئەنجا چونکە ئایینی ئیسلامیش لە مکەدا پەیدابو ، وە قورئانی پیروز بەم شیوەیەهات‌و بویش بەبنچینەی زانیاری عەرەبی‌و ئیسلامی ، بەناچاری شیوەی قورەیش بوبەو شیوەی کە بو ئامانجە زانیاری‌یەکانی موسولمانان بەکاربهینری . لەمەوە بومان دەرکەوت کە ئەتوانین بلیین دیاری بونی هەر شیوەیەك لە شیوەکانی زوبانی هەر نەتەوەیەك بوبونی بەزوبانی زانیاری‌ی سەرانسەری ئەونەتەوەیە لەبەر هەندی هویە کە چە لە شیوە کە خوی دا هاتونەتە دی‌و چە لە دەوروبەری‌دا .

بام لە سەرروناکی ئەم قسەیە سرنجیکیش لە زوبانی کوردی بدەین :

وتنەوەی ناویتەوە کە بە هاتنی ئایینی ئیسلام زوبانی عەرەبی بو بە زوبانی نوسینی کوردە کان ، وەئەگەر لەوەو پیشیش ئەبجەدیەیەکی تایبەتی بوبی کە کورد بە کاری هینابی ، نەما ، چونکە هیچ بەلگەیەکی میژویی شك نابەین لە سەر ئەوە کە پاش بلاوبونەوەی ئایینی ئیسلام بە کوردوستانا ، کورد لە ئەبجەدیەی عەرەبی بەولاوە بە ئەبجەدیەیەکی تری نوسیبی ، وەئەوزانیاریەی کە شیوەی نەتەوەیی پیوەبوبی لە کوردەواری‌دا

« برروانە لاپەررە ٧٢ »

# گورراني كومەل

# لەسەرەتای میژوودا

**بەپینوسی : ل . سیفال**

**ـەنامیلکەی (( نظرات علمیه فی الاقتصاد السیاسی ))وە**

وەرگیری : وەرزیر

**کومونیستی بەرایی ، بەندە (( الرق ))**
**دەرەبەگی ، ســـەرمایەداری ، هاوـ**
**بەشیتی (( الاشتراکیه )) .**

هیچ‌کومەلیك ناتوانی بژیو بەرەو گورران بروات ئەگەر ئەوەی پیویستی ژیانە نەیهینیتەبەرهەم ، وە ســورشت هەمو شتیکی ژیانی تیانیە بەئامادەکراوی ، بەلکو پیویستە لەسەر مروڤ خوی ئامادەی بکاو لەشیوەی ســورشتیەوە بیگوریتە ســەرشیوەی بــەکارهینان بەپیی پیویست . واتە بەرهەم ئیشی مروڤە لەسورشتدا وە مروڤ ناژیو ناهینیتەبەرهەم بەشیوەیەکی تەنیاو جیابوەوە ، بەلام بەجوریك ئیش‌ئەکا کەئەندامە لەکومەلدا ، وەهینانەبەرهەم پەیوەندی ناخاتە نیوانی ئادەمیزادو سورشتەوە بەتەنیا ، بەلکو هەروەها پەیوەندیش ئەخاتە نیوانی هەندیکیان لەگەل هەندیکی‌ترا .

وەکو لیرەدا باسی کارگەی چنین ( معمل نسیج ) ئەکەین . لوکە خوی لەشیوەیەکی سورشتیدایەو لەکارگەدا ئەگورری بەهوی ئەوهیزە سورشتیەوە کە مروڤ ئامادەیکردوەو دەستی بەسەراگرتوە ، بەلام ئەگەر وردببینەوە ئەبینین کە بیجگەلەمە پەیوەندییەکی ترهەیە لەنیوانی ئادەمیزادا : لەنیوانی ئەوکریکارانەی کە لەلایەکەوە کەرەسەی بەرهەمیان نییە ، وە لەسەریکی تریشەوە لەنیوانی ئەو سەرمایەدارەی کە ئـەو کەرەسانەی هەیەو کریکار ئەچەوسینیتەوە ، وە ئیستا با باسی کارگەی چنینی هاوبەشیتی ( اشتراکی ) بکەین . لوکە هەروەکو باسمان‌کرد بەریگای دروست‌کردنا تی‌ئەپـەرری ، ئەمـەش بەهوی ئەوکارگـەی کەجیاوازی‌نییە لەگەل کارگەی سەرمایەداریدا ، هـەروەها لەنیوانی شارەزایی کریکارەکانیدا ، بـەلام پەیوەندی کریکارەکان لەچونییـەتی هینانەبەرهەمدا جیاوازییەکی تەواوی هەیە ، وەکو لیرەدا هیچ‌کاتی کارگە هینی سەرمایەدارنیە ، بەلکو هینی چینی هەمو کریکاریکەو هـەرگیز چەوساندنەوە نییە ، ئەو سەروکە شورەوییەی کەسەرپەشتی پروژەیەکی هاوبەشیتی ئەکا هینی خوی‌نیە ، بەلکو بەریوەبەریکی ولاتی پرولیتاریایە ، دانراوە بو سـەرپەرشتی‌کردنی بەرهـەم بەپی ئەوریگایەی کـەولاتی پرولیتاریا دای‌ئەنی .

بەریوەبردنی ئیش جیاوازییەکی تەواوی هەیە لەگەل بەریوەبردنی ئیش لەکارگەیەکی سەرمایەداریدا . وەکو ئەبینین کەشیوەی کومەلایەتی بوهینانەبەرهەم وە هەوەها پەیوەندی نیوانی خەلکی لەیاسای سەرمایەـ

داریدا ، زور جیایه لەوەی کە لەیاسای هاوبەشیتیدایه . وەپەیوەندی نێوانی مروڤ لەهێنانه بەرهەمی کومەلایەتیا پیئەوتری پەیوەندی بەرهەم لەماوەی گورانی میژوی کومەلی ئادەمیزادا پەیوەندی بەرهەم گورا ، وەکو شیوەکانی کومەلایەتی بەرهەم گورا .

وەئەم شیوە کومەلایەتیانەش ئەمانەن : کومونیستی بەرایی ، یاسای بەندە ، دەرەبەگی ، سەرمایەداری . ئەمرو یەکیتی شورەوی گەیشتوتە هاوبەشیتی، دوای‌ئەوەش کومونیستە ، ئەم پیگەیشتنەش لەشورشی ئوکتوبەری ١٩١٧ دابو ، وە دوایی‌هات بەسەرکەوتنی شیوەی هاوبەشیتی بەرهـــەم .

وە لیرەدا بەتەنیا باسی ( کومونیستی بەرایی ، تیپەرربوونی کومونیستی بەرایی ، وە دابەش‌بوونی کومەل‌بەچەند چینیکەوە ) ئەکەین .

## کومونیستی بەرایی

« الشیوعیه البدائیه »

هەزارەها سال لەمەوبەر ئەم جورە کومەلایەتیتیه پەیدابو لەناوهەمو گەلانا ، وەلیرەوە گورانی کومەل دست‌پی‌ئەکا . لەم‌دەمەدا ئادەمیزاد بەشیوەی کیوی ئەژیا ، بەری هەردرەختیکیان چنگ‌بکەوتایه بەمەرجی یەکسەر بەکەلکی خواردن بهاتایه ئەیان‌خوارد ، وەك میوەهات . ئینجا ئاگریان دوزیوە ، ئەمە کاریکی گەورەی تی‌کردن ، یارمەتی‌دان سەرچاوەیەکی تازەی خواردەمەنی بدوزنەوە دەستیان‌کرد بەخواردنی ماسی‌و قرژال‌و هەندی گیان‌لەبەری ئاوی‌تر ، وەبەردی سورشتی یەکەم شتی‌بو

کەئادەمیزاد بەکاری‌هینا ، دوای‌ئەوە رمیی سەرتیژی بەرد پەیدابو ، ئینجا تیری بەرد ، ئەمە خواردەمەنییەکی نویی بوئادەمیزاد پەیداکرد کەئەویش گوشتی گیان‌لەبەران بوو ، وە راوەماسی بووبە یەکیك لەریگای ژیان ، ئینجا ئادەمیزاد هەنگاویکی گەورەی نا بوپیشەوە کاتی بەردی ریك‌کراوو قەراغ تییژی بەکارهینا،وە ئەمەیارمەتی‌دان کەبتوانن دار ببرن‌و خانوی لی‌دروستبکەن . بەلام لەگەل ئەوەشدا بەبی‌هیزی مانەوە لەتیکوشانا بەرامبەر بەهیزی سپورشت . وەبەزوری هوی ئەم بی‌هیزییەیان جی‌گیرنەبوونی سەرچاوەی خواردەمەنی‌و ماوەنەکیشانی بوو چاوەرری ریکەوت‌بوون وە برروایان بەوەنەئەکرد کەهەمیشە بەری درەخت یان لەراوا نیچیریان دەستبکەوی ، هەر هەولی ئەوەیان‌بوو کەهەمو روژی ئەوەیان چنگ‌بکەوی تیری‌پی‌بخون بی‌ئەوەی بییر لەحەسانەوەو خواردنی پاشەروژیان بکەن .

لەبەرئەوە ئادەمیزاد لەوحەلەدا پچرپچربوون لەیەیکتری ، ئەو خواردەمەنیانەی کەپاش ماندوبونیکی زور دەریان‌ئەهینا لەزەوی بەشی کومەلیکی زوری نەئەکرد .

وەژیانی‌هوزیك لەم‌دەمەدا پیك هاتبو لەچەند کومەلیك ،کەهەرکومەلە نزیکەی چەندسەد کەسیك ئەبوو ، پیك‌هاتبون لەچەند خیزانیکی گەورە کەخزمایەتی کوی‌کردبونەوە ، بەلام هیچ‌کەسیك خاوەنی تایبەتی کەرەسەی بەرهەم نەبوو ، وە ئابووری هەرکومەلە پیك‌هاتبو لەیارمەتی‌دانیکی تیکرایی لەنیوانیاندا ، واتە هەمو بەشداربوون لەراوکردن‌و ئامادەکردنی خواردەمەنی‌و خواردنا ، وەجیگای حەسانەوەشیان بەیەکەوەبوو .

انگلز لەکتیبی « نەژادی خیزانو ملیکەتی تایبەتیو ولات »دا باسی هەندی لەجەزیرەکانی دەریای هادی ئەکاو ئەلی : نزیکەی ( ٧٠٠ )کەس ، وەیا هـەندیجار تییرەیەکی تەواو لەیەك جیگا بەکومـەلی ئـەژیانو ئابوریان یەكبوو .

لەمپلەی میژوەدا یاسای کومونیستی بەرایی شتیکی پیویست بوو بوئادەمیزاد ، وەهیچدەمی مروڤ ناتوانی لەکومەل جیاببیتەوەو بەتەنیا بژی ، چەكو کەرەسە دورستبکاو بەرەوباشی بیبات ، هەروەها ناتوانی سەربکەوی لەمەیدانی تیکوشانا بەرامبەر بەسورشت ئەگەر یارمـەتی یەکتری نەدەن .

لەکومونیستی بەراییدا مروڤ مروڤی نەئەچەوساندەوە ، وەئەمە شتیکی نەگونجاوبوو ، ئیش دابەشکرابو لـەنیوانی پیاو و ژنا ، وە لەهوزیکا بەهیزو لاوازی تیا بوو بەلام یەکتریان نەئەچەوسانەوە . بەلکو چەوساندنەوە نەئەبوو ، ئەوەنەبی مروڤ بیتوانیایە ئەوەندە بهینیتەبەرهەم کەبەشی خویو ئەوانیتر بکات ، بەممەرجە یەکیك ئەیتوانی بەسـەر ئیشی ئەوانیترەوە بژی ، لیرەشدا نەئەبو لەکومەلیکی بەراییدا کەئەبوایە هەمو روژی بەشی ژیانیان پەیدابکەن ، چەوساندنەوە هەبی ، وەئەوەی کەپیویستیان نەبوایە نەیانئەهینایە بەرهەم . بەلام ئەوانەی کە لەشەررا ئەگیران ئەیانکوشتن وە هەندیجاریش ئەیانخواردن .

بەلام بەرزیو نزمی گوررانی هیزی بەرهـەمی کومـەل یاسای کومەنیستی بەرایی لەرادەیەکا دائەنی ، وەچەوتە ئەگـەر بلین ئادەمیزادە بەراییەکان ئـەم جورە یاسایەیان داناوە بەبیریخویان ، بەلـکو خوی

« برروانە لاپەررە ٧٧ »

به بونەی یادی شورشی ئوکتوبەرە وە :

# لینین ...

: ئاوینەی ئاواتی ئادەمیزاد !
: بەستەی کامەرانیی گەلی ئازاد !
: ئەی مەشخەلی دەسی تیکوشەران !
: پالفتەی تیکوشان بو رەنجبەران !
: میرات گری هەرچی روناکەو جوان ،
لە یەکەم روژ ، هەتا ئەمروی میژوی جیهان !
تو بوی ئەو ئاواتەی خەلکت هینایە دی ،
هەزار هەزار سال بو خەویان پیوە ئەدی .
لە ناو دەیان نەتەوەی جوی‌ی روسیادا ،
لە کیوی قەفقازو دەشتی سیبەریادا ،
میللەتیکت دانا ، لە دیلی رزگاربو ،
لە ناو خودابراو ، پشتی گەلان گرتو .
ولاتیکی پیشەسازت هینایە دی ،
ریگای دەیان سالی خەلکت هەروابری .
ئیستا شارو لادی‌و دەشتایی‌و دول‌و شاخ ،
هەمو کارخانەو کیلگەیەو گولزارو باخ ،

شەقامی پانەو ، پەیکەری دلسوزانە ،
بەبی وچان بو ئاسایش تیکوشانە ،
ژیانی پر کامەرانیو خەم رەوینە ،
خوشەویستی پاكو دلداریی خاوینە ؛
هەلپەرکییەو گورانیو بلویر لیدانە ،
باخچەی ساوایانەو شانو و کتیبخانە ،
خویندنگایەو چەپوکانە لە گەل سروشت ،
دەرگای فیربون بو گەل خراوەتە سەرپشت
لەش ساغییەو نەمانی مەرگی بی ئاکام ،
نەك وەك ئیمەی گوروفتاری صەد دەردو زام
قەت لاناچی لە سەر زوبانی میللەتان .
بویە وینەی هەل ئەواسن بە دیوارا ،
ناوی دینن لە شەر لە گەل ئیستیعمارا .
کیكو نوقل لە سەر وینەی دروست ئەکری ،
دەرخواردی ساوای دانەری سبەی ئەدری .
چەك هەل ئەگریو ئەچیتە کوری تیکوشین ،
تا داگیرکەر دەرگا لە خاکی پیروزمان
میللەتمان ئازاد کاو ، گەلیش کامەران !.

« ئەم پارچە هەلبەستە لە ١٩٥٨/٢/١٩ دا وتراوە »




## ئاهەنگەکەی یەکیتی قوتابیانی گشتی عیراق

## ــ لقی سلیمانی ــ

فاضـــل

---

شانو قوتابخانەی گەلە ، پەندو ئاموژگاریی لیوە وەر ئەگیریوە زور بەسەرهاتی تیا ئەگیریتەوەو جیگەیەکیشە کە ئەو دانیشتوانەی لەبەردەمیا دائەنیشن بو ماوەیەك ئەحەسینەوەو رائەبویرن .

لە ولاتی ئیمەدا جارجاریك لەسەر شانو شت پیشان دراوە . نواندن ( تمثیل ) یا سازو ئاواز . مەبەست لەنواندنەکان تا ئیستە ئەوە بوە کە لەهەمو ئەندامیکی گەل بگەیەنری چون لەژیر چەپوکەدا ئەنالینیو لەزیندانایەو خوینی ئەمژری ، پیویستیشە خوی رزگار کا . بـەلام ئەمانە هیچی بەئاشـــکرا نەوتراوەو نەبینراوە ، بەلـکو بەپیچو پەناو لەژیرەوەبوە . لەمەوداواش لەپاش داگیرسانی چرای ئازادیو سەربەستی ئەو زمانەی لال بو ئەبی بیتە قسە ، ئەو قەلەمەی لەنوسین کەوتبو ئەبی بنوسی ، ئەو شانویانەی کە نەئەویررا شتی زوربەکەلکی تیا پیشان بدری ئەبی لەمەودوا وانەمینیتەوە .

لەشانودا ئەبی هەحتو بیری کومەلو بەسەرهاتەکانیو ئـەو ریو شوینانەی کە پیویستن بو بەختیاری ، هەموی بەریکیو بیفرروفیـل



1935

دەربخری . وەکو لەئاهەنگەکەی یەکیەی قوتابیانی سلیمانیدا دیمان . ئاهەنگەکە بریتی بو لە نواندن ، سازو ، ئاواز ، وتارو هونراوە ، دەمەتەقی و لەسەرڕویشتن .


لەنواندا لەپیشا چیروکی « ژیانی قوتابی لەدەوری کونا » پیشان



درا . تیکرا چیروکەکە بەسەرهاتیکی راستی پیشان ئەدا کە قوتابیان لەدەوری کونا چون خەباتیان ئەکردو چونیان هەول ئەدا بو سەربەستی نیشتمانو بەختیاری گەل ، چونیش پیاوانی میری ( بەتایبە تیزورلە پولیس ) ئەجولانەوە لەگەلیان ، هەر ئاغاکانیان لیقایل بن ئیتر قیروسیا لەهەموان . بەراستی چیروکیکی پرماناو لەراستیەوە وەرگیراوبو ، شانازیە

که قوتابیەك ( طه خلیل ) هەستی خوی لەگەل واقعدا بخاتە کارو بتوانی چیروکیکی ئاوا راستەقینەییی بینیتە بەرهەم . تەنها ئەوە نەبی لەکاتیکدا کە کریم ئەفندی وتی بە منالەکانی ئـەو رادیویە بکەنـەوە با گویمان لەقورئان بی . رادیو یەکسەر بەسرودی ( الله اکبر ) دەستی پیکرد ، لەراستیا ئەبوایە بە ( ئیرە ئیستگەی کوماری عیراقە ) دەستی پی بکردایە ئەمە گوناهی طه خیلە ، هەروەها لەو کاتە زورەشدا « کە شەشی بەیانی بو » پیاویکی ( متقاعد ) هیچ شکی تیانیە بە بەرگی شەوەوە ئەبینری ( کراس یا بیجامەو لەگەل کلاویکدا ) نەك بە بەرکی ئەفەندیانەوە . ئەمەش قەیناکا هەر لەگەل رادیوکە دەستی کرد بە سرودی ( الله اکبر ) کریم افندیو منداڵەکانی خروشان بی ئەوەی بزانن چیەو چی نیە ، کە ئەبوایە توزی بوەستایە تا دەری ئەبری چی رویدا وە ئەوسا چیان ئەکرد بیان کردایە . ئەمانە ئەبوایە کاك رؤف یحیی لەبیری نەچوایە .


چیروکی دوەمیش ( ئەمرئەکەی بەگم ) نوسینی یوسف العانیو گورینی امینی میرزا کریم . چیروکیکی بەرزو راستە ئەشی لەهەمو جیگەو لەگەورەترین شانودا بنوینری ، یەکیکە لەو چیروکە روداوانەی کە دەری ئەبرری مروڤ چون بوە بەدو بەشـەوە بەشیکی کەمیان لەسەرشانو ئەرکی بەشەزورەکەیان ئەخواو ئەنویو ئەژی و لاقرتی دی بەژیان بەشە زورەکەش رەنج ئەداو راوەستانی نیە نانە سکیەکەو سیپالەشریکی بونامینیتەوەو هیشتا لیشی ناقایلن . بەراستی چیروکیکی پررمانا ، نواندنیکی زور جوان . بەگ کورو کچی بەگ ، خزمەتکاری



بەگ ، کاتبو سەرکاری بەگ هەمو یەکیکیان دەوری خوی زور جوان نواند .

بەراستی وەکو نوینەرەکان ( ممثلین ) زورباش بون هیوای باشتریشیان لی ئەکری کاك ( رؤف یحیی )ش زور چایوکیتی نواند لە دەرهینانی هەردو چیروکەکەداو تیایا ماندو بوبو چیگەی سوپاسو شانازیە .

ئەمە نواندن دەربارەی سازو ئاوازیش زور جیی شانازیە کە شاری سلیمانی تیپکی موسیقی ( تیپی مەولەوی ) تیا بی کە لەزور جیگەی



---

ولاتا نەبی ( ئوکوردیون ، کەمان ، کلارینت ، عود ، تەپل ، بلویرو ) زور ئالەتی تری تیابیت کە لە هیچ ئاهەنگیکدا دانەمینن هەستو بیری گوی‌گر بهیننە جوشو سازو ئاوازی راستی کوردی بهیننە بەرهەمو دەری بخەن کە کوردیش خاوەنی ئەم شتانەیەو لەدواوە نیە . ئەی سرودو گورانی . لەسەرەتای ئاهەنگەکەدا شەش کچو شەش کورر هاتنە پیشی شانوکەوە بەیارمەتی تیپی مەولەوی سرودی ( ئیمە قوتابی گەلین ) یان پیشکەش کرد ، سرودیکی جوانو پررمانا ، ئاوازیکی خوش لەقوررگی ئەو قوتابیانە ئەهاتە دەری کە هیوای دواروژی ئەم گەلەن . بەراستی زور خوشەو جیی سەربەرزبونەوەیە کە ئاوا بی‌شەرمو بی‌هیچ شپرزەیەك دەستەیەك کچی بەرامبەری دانیشتوان زور شیرانە بچریکینن و بلین .

ئیمــه قوتابی گــه‌لین　　ئیمــه چاوه‌رریی هه‌لین
بوســه‌ربه‌ستی نیشتمان　　وه‌گو ئاســوی ده‌م کــه‌لین
هه‌ر ئه‌گه‌ین به‌ئاواتمان　　به‌سه‌ربه‌ســتی ولاتمــان
بــه‌ژینیــکی به‌ختیــار　　به‌هه‌ولو به خــه‌باتمان



(( خوشکه نه‌رمین ))

ئه‌مه‌یش سازو ئاواز که جیگه نیه زیاتر لیی بدویم . ده‌رباره‌ی
وتارو هونراوه . له‌پیشا کاك حسین عارف به‌شیوه‌یه‌کی زور جوان

وتاریکی خویندەوە باسی ژیانی قوتابیو ریو شوینەکانی میریو زورشتی تری کردو سوپاسی دانیشتوانی کرد کە هاتنیان بو ئاهەنگەکەیان ئەبیتە هاندانیك بو جولانەوەکانیان .

پاش ئەمیش خوشکە نەرمین ناکام وتاریکی زور جوانی خویندەوە تیایا ئەلی :ــ « بو جاری دوەم دیمە سەرشانو ، ئەم جارەزور جیاوازی هەیە لەگەل پیشودا . ئەوسا روژیك بو کەتیئەکوشاین لەژیر بالی بەسامی زولمو ستەمی کونە پەرستیدا کویرە رییەك بدوزینەوە ، بیئەوەی سیخوررەکانی نوری سعید هەستی پیبکا کاروانی خەبات لەریگەی هونەرەوە بەرینە پیش ....... » .


لەدوای ئەمیش خوشکە روناك رؤف بەدەنگی بەرزو شیرانەوە بەدەست راوەشانو سەری بەرزەوە پارچە هونراوەیکی خویندەوە کە لە دەرونو باوەرری خویەوە هاتبوە دەرەوەو خوی ریکی خستبو . لەهونراوەکەیا ئەلی :ــ



خوشکە روناك

« جەند خوشە سینەت بەیتە بەر شەست تیر
مەچەك ئامادە بو کوتو زنجیر
بەختی کەی بو گەل ، بوشادی خاکت
بو ئارامی گشت ئاواتی پاکت
گیانت ببەخشی بی ترسو چالاك
سەریشت دائیی بو مەبەسی چاك
................. »

ئنجا بابیمە سەر دەمەتەقی ( تعلیق )ەکانی کاك حسین عارف . بەراستی قسەکانی کە لەپاش هەمو دیمەنیکی سەرشانوکە ئەیکرد



زور جوشی دابو بە ئاهەنگەکە و هەستی هەموانی ئەبزوان ، هەمو یەکیك وای ئەهات بەبیرا لەبەردەمی کونترین ( خطیب ) دایە ، کە بتوانی ماوەیەك قسە بکا لەبەر ، قسەکەش پرر بەجیی خوی بی . ئەمەش شایانی شانازیو سوپاسە . هیوادارم لەم بەهرەیەی سود وەربگیریو لەهەمو ئاهەنگیکدا بەشدار ببیت .

---




1942



# برایەتی و دوستایەتی

# نەتەوەکانی

## عیراق لەسەر روشنایی

## (( نەزەریەی زانیاری ))

بەپینوسی فاتح عبدالکریم

ولاتی ئیمە : عراق ، دو نەتەوەی گەورەی تیایە : عەربو کورد ، وە چەن نەتەوەیەکی بچوك بچوکی تریشی تیایە ، بی‌گومان ئەگەر مروڤی روشن‌بیر خوی هەلەنەکا دان بەمراستیەدا ئەنی ....

لەروژانی رابوردوا ، روژانی چەوسانەوەو ترساندن ، روژانی بەندیخانەو خنکاندن ، روژانی نان‌برینو دورخستنەوە ، ئەوروژانەی کە ولاتمان بەنارەزای میللەت کرابو بەمەلبەندی ئیمپریالزمو جیگای نانەوەی پیلانو دوشمنایەتی ، بەلی ، لەوروژانەدا پیشەنگی تیکوشانی نیشتمانی بەدەمو بەدەس هەولی‌ئەدا بویەك‌گرتنی هەمو لەبەرە یەکی نیشتمانی یەك‌گرتوا ، بەچاوپوشیەوە لەجیایی بیروباوەری سیاسیو ئایینو رەگەز ، بودەرکردنی ئیمپریالزمو هینانەدی ئامانجەکانی میللەتو رزگارکردنی ولات لەچنگی خویناوی کونەپەرستان ، وەتارادەیەك توانی ـ پاش‌ئەوەی کەتاقی‌کردنەوە دەری‌خست هیچ هیزیك بەتەنها هیچی پی‌ناکری ـ توانی

ئەم ئامانجە بهێنیتەدی ، ئەوەبو زوربەی هیزە نیشتمانیەکان وەپیاوە سەربەخوکان لەبەرەی یەکیەتی نیشتمانی ( جبهة الاتحاد الوطني ) یە یەکیانگرت وەشانبەشانی راپەرینە پیروزەکەی سوپای عراق هاوبەشی- یانکرد لەدامەزرانی جمهوریەتو پاراستنیا .

ئەمروش هــەرکەس کەخوی بەرامبــەر بەمیژو بەمسؤول بزانی هەولئەداو بانگئەکا بوبرایەتیو دوستایەتی هەمو نەتەوە کانی عراق ، بەدەرەجەی رەئیسی نەتەوەی عەرەبو کورد ، ئەنجا نەتەوە بچوکەکانی تریش ، بوبەهیزکردنی ریزەکانی بەرەی نیشتمانی یەکگرتو ئــەوەش بوپاراستنی ئەم دەسکەوتە گەورەیە کەسالەهایە ئارەقی لەگەل خوینو فرمیسکدا بوتیکەلکراوە ، واتە : جمهوریەتی نیشتمانی .

بەلام ئاخو داوای برایەتیو دوستایەتی لەکی ئەکەین ؟.. یاخو بەکی ئەوتری بیتە بەرەی نیشتمانی یەکگرتوەوە ؟...

ئەو تاقمە نوکەرە بیئابروانە ــ بیپەردە ئەیلیم ــ لەکوردو تورکو عەرەب کە لەسەر ئیسکوپروسکی میللەت چونە ســەرحوکم وەبوبون بەسنەگی پاسەوانی ئیستعمارو کەرامەتی ولاتیان خستبوە ژیر پی ؟...

نا ... بیگومان ، چونکە ئەمانە گوربەگور بونو روژیان ئاوابو و جاریکیتر ناتوانن سەر هەلبدەنەوە ...

ئەی ئەودەرەبەگە بەدپیسە خوانەناسە داوینپیسانەی هەرسیلا ، کەفەلاحی داماویان ئەچەوسانەوە ، ئەوانەی کەسال دوانزەی مانگ جوتیاری داماو ئەتەقایەوە بویان ، خویو خیزانی ، بەشی ئەمان ئارەقو

فرمیسكبو و ئەوانیش لەباشترین ژیانا رایانئەبوارد ؟.. کەهەندی لەوانە ئیستەش خەریکن خویان هەلئەواسن بەمو بەوا ، ئەیانەوی لەسەر دوپەت یاری بکەن ، لەبیریانچوەتەوە کەگـەل زورباش ئەیانناسیو ئەزانی کەچ بیچمیکن ، نەك تەنها خویان ، ئەوانەش کەلییان نزیكئەبنەوە لەبەرچاویان ئەکەونو ئەگەر بروایەکیشیان پییانبوبێ لییان وەرئەگرنەوە.

یاخو ئەوتاقمە شوڤینیانە کەئیستەش گایان بوئەنقەرە ئەقورینی وە بەهەمو هیزو تەوانایان کرنوشیان ئەبرد بوپەیمانی بەغدا ـ انقەرە ، وە بەهەمو هیزو تەوانایان کرنوشیان ئەبرد بوپەیمانی بەغدا ـ ئەنقەرە ، بەسەراهاتوە ؟ ...

بیگومان ئەمانە هیچکاتی بانگنەکراونو بانگیشناکرین ، وەماوەش نادری کەریزە پیروزەکانی تیکوشانی نیشتمانی گلاوبکەن ...

ئەمانە کەباسمانکردن بەرمەعنای نەتەوە ناکەون ، دوژمنی نەتەوەو نیشتمانن .

زوربەی نەتەوەی عەرەب ، کریکار ، فلاح ، کاسبکار ، روشنبیر ، خاوەنزەوی ئازادبیری نیشتمانپەروەر ، سەرمایەداری نیشتمانپەروەر ، زوربەی نەتەوەیکورد ، ئەوانەی کەتیکوشانی خویناویان هەیە ، ئەوانەی کەمیژوی سوریان هەیە لەهەمو راپەرینی گشتی گەلی عیراقا ، ئەمانەن داوای برایەتییان لیئەکری ، داوای بەهیزکردنی تیکوشانی نیشتمانیو پاراستنی جمهوریەتیان لیئەکری ...

بیگومان لەنەتەوە بچوکەکانی تریش وەك تورکمان ، ئەرمەن ، ئاثور ، هەرکەس دەسییارمەتی راستەقینەمان بورابکیشی ، هەرکەس

کەعراق بەنیشتمانی خوی دابنی ، هەرکەس دان‌بەوەدابنی کەعراق ئەبی بوعراقی‌بی ، ئەوەی کەچاوی هەلبی لەحەنای نەتەوەی کوردو عەرەبا ، ئەوەی کەبو سەربەخویی نیشتمان هەول‌بدا ، تەنانەت ئەو مروڤـە ساویلکەبی تەرەفانە کەپەیوەندیان بەهیچەوە نیە ، ئەمانە بەدلو گیان ئەیان قوزینەوە و برایەتیان لەگەل ئەکەین . . .

ئیمەی کورد .. کەسالەهای‌ســال چەوساوەبوین وەمافی نەتەوا بەتیمان لی‌زەوت‌کرابو ، وەلەسەر هەمو بیرو باوەریکی نەتەوایەتی پاداشمان ڤیدانو بەندو کوشتن‌بو ، بەلی ئیمەی کورد ئەبی زورباش چاوبکەینەوەو خەلکی‌تر ببنیین !.. وەحەقمانە کەریز لەنەتەوەی‌تر بگرین . . . بەکوردی ئەبی لەلووتی خومان زیاتر ببینین !... چونکە هــەر نەتــەوەیەك دان بەنەتەوەیەکی ترانەنی ئەوە بەراستی دانی بەنەتەوەی خویشیان نەناوە . . واتە : نەتەوەو نەتەوایەتی شتیکی دەستکرد نیە ، شتیکی سروشتی‌یە وئینکار ناکری . . .

پیاوی زانا دەربارەی دیاری‌کردنی دوستو دوژمن ناکەویتە دوای ( عاطفە ) ، سەنگو تژازوی ئیمە نەزەریەی زانیاریە کە بەجوانی بوی روون‌کردوینــەتەوە دوستمان کی‌یەو دوشمنمان کی‌یە ، لەسەر ئــەم روشنایی‌یە هیچ نەتەوەیەك ، خوبەخو ، دوشمنی نەتەوەیەکی ترنیە ، بەلکو خوینمژی هەرنەتەوەیەك ، ولات فروشی هەر نەتەوەیەك ، ئەوەیە بەراستی دوشمنی راستەقینەی زوربەی نەتەوەی خویو نەتەوەکانی تری جهان ، کەوابو ئەمرو ئیمەی کورد دوشمنی هیچ نەتەوەیەك نین لەعیراق‌و دەرەوەی عیراقا ، بەچاوی ریزو دوستایەتی و برایەتی تەماشای

هەمو نەتەوەیەك ئەكەین . بەلام ئەو ئالای تێ‌كوشانو ریك‌نەكەوتنــە كەهەلمان گرتبو زدی ئەوانەی كە بەچاوی دوشمنایەتی تەماشای نەتەوەی كوردو عەرەب ئەكەن‌و ئەیانەوی ببن بەداردەسی ئیمپریالست ، بەلی ئەوئالایە ئیستەش هەر هەلی‌ئەگرین وە بی‌وچان هەول‌ئەدەین بوسەرپان كردنەوەو زنجیركردنیان ، ولاتمــان هی خومانە ، نامانــەوی جاریكی‌تر داگیركەرو كلكەكانی دەس‌بكیشنەوە ناو وولاتمان . . .

ئاشكرایە كەنەتەوەی كورد یەكیكە لەدو نەتەوە رەئیسیەكانی عراق پیویستە مافی نەتەوایەتی دەس‌بكەوی بەهەمو مەعنا ، پیشەنگی تیكوشانی نیشتمانی نەتەوەی كورد ، كەسالەهایە خەبات‌ئەكا ، ئەم راستی‌یەی لەبەر چاوی خویا داناوەو هەولی‌داوە بو جی‌بەجی‌كردنی ، لەمەوپاشیش بەردەوام ئەبی لەخەباتا هەتا دوائامانجی نەتەوەی كورد ئەهینیتەدی ، چونكە مروڤی نیشتمان‌پەروەری راستەقینە لەپیش هەموشتیكا نەتەوەی خوی ئەناسی‌و هەولی بوئەدا ، بەلام نابی ئەم هەول‌دانە لەسەر حسابی دان‌نەنان بەنــەوەی‌ترا وەیاخو زیان پی‌گــەیاندنو ژیردەس كردنی‌بی ، كەئەمەش راستەوخو شوڤینیتە ، وە بیروباوەریكی زەهراوی‌و چەوت‌و دوور لەراستی‌یە . . . حكومەتی جمهوری خوشەویستیش لەدەستورە وەختی‌یەكەیا دانی بەمەداناوە وەروژ بەروژ هەنگاوئەنری بوجی‌گیركردنی بیروباوەری دیموكراسی كەریگا خوش‌ئەكا بو وەرگرتنی ئەم مافە !. . . ئیمەش ئەبی دەستی یارمەتی دریژبكەین بوحكومەت وەلەسەر ریگای خەباتیكی راستو رەوان بروین بەرەو گەیشتن بەدوا ئامانجی نەتەوەی كورد لەسایەی جمهوریەتە نەبەزەكەمانا . .

هەمو ئەقەلیاتەکانیش مافی هاونیشتمانی‌یان هەیە وە لەژیر سیبەری جمهوریەتا ئـەبی بحەسینەوە و بەچاوی یەکسانی تەماشـا بکرین‌و ریزیان لی‌بگیری ...

لەبەرئەمە پیویستە کەزورباش لەشعاری « برایەتی نەتەوەکانی عراق » بگەین ، وە بەروتوقوتی‌و بی‌لی‌کولینەوە پیا هەل‌نەشاخیین و نەچین بەگژیا ... هـەروەها ئەمرو لەهـەمو روژی زیاتر پیویستە ئەوهیزانە کەباسمان‌کرد یەك‌بگرن لـەریزی تیکوشانا ، ئەنجا بی‌گومان هەمو تیکوشانو دلسوزی‌یەك لەهەر کەسـەوەو لەهـەر نەتەوەیەکەوە بوەشیتەوە ، کەقازانجی بو جمهوریەت‌و جیگیرکردنی دیموکراسیەت‌ببی وون‌نابی‌و تەقدیر ئەکری ...

وابزانم لەم‌روژانەدا هەمو جورە تەوانا مەرجیك هەیە بویەك گرتن ، بوناکوکی نەهیشتن ، ئەگەر رەگەزی لی‌بوردنو سینگ‌فراوانی ببی وەواز لەقازانجی تایبەتی بهینری بوقازانجی گشتی ...

دەبا بەدلیکی پرلەهیوا ، پشت‌بەهیزی تیکوشان کەهەرگیز کول‌نابی روبکەینە ئەوروژەی کەخەریکە تیشکی زیرینی بلاوئەکاتەوە بەسەر هەمو شاخو دەشتو دولی کوردستانی خوشەویستا ...

**فاتح عبدالکریم**

1948

# پاراستنی جمهوریەت

# وکومەلی پاراستنی مافەکانی ئافرەتان

عالیه عبدالکریم

پاراستنی جمهوریەتو بەهیزکردنو بوپیشەوەبردنی ، گەورەترین ئامانجەکانی کومەلی پاریزگاری مافی ئافرەتانە ، لەبەرئەوە ئەمکومەلەو لقەکانی لەهەمو شارەکانی عیراقا ، بانگی کومەلانی فراوانی ئافرەتان ئەکا بووریایو یەكگرتن بوپاراستنی ئەم جمهوریەتە خوشەویستەمان کەبەری تیکوشانی سالەهای سالی هەمو چینەکانی گەلیعیراقە بەکوردو عەرەبیەوە بەپیاوو ئافرەتیەوە .

ئیمە ، گەلی عیراق ، سالەهایسالە خەباتئەکەین بوهاتنەدی ئەمروژەی کەئیستا تیائەژین ، ئەوەبو داریخەباتمان لەچواردەی گەلاویژی پیروزا بەسایەی یەکیتیو تیکوشانی گەلو سوپاوە بەسەرکردەیی رولەی دلسوزی گەل ( عبدالکریم قاسم ) پیی‌گەیشتینو ئەوئاواتەی کەهەزاران تیکوشەر بەتەمایە وە سەریاننایەوە ـ هاتەدی ، وەدامو دەسگای پاشایەتی بوگەنو ئیستیعمار تیكدراو ، بانگی ئازادی درا بەسەر هەمو عیراقا ، ئەو عیراقەی کەتاروژی پیشی چواردەی تەموز ، ئیستیعمارو نوکەرەکانی بەئارەزوی خویان تیائەهاتنو ئەچونو ، روژی روناکیان لەدانیشتوانی کردبو بەتاریکەشەو ، وەخیروبیریان بەئاشکرا چەپاوئەکرد بوخویان .



1949

ئیستاش کەئــەم ئاواتــەمان هاتوەتــەدی ، پیویستە وانــەزانین کەهەموشتی تەواو بوەو گەیشتون بەهــەمو ئەمانجەکانمانو مەترسـی هیچنەماوە . پیویستە تیـکوشانمان گەلی لــەجاران بەهیزتربکــەینو یەکیتیمان پتەوتربکەین ، چونکە ئەمە تاقەریگایەکە بوپاراستنی جمهوریەت کەگەورەترین دەسکەوتیکی میژویی گەلەکەمانە ، تیکوشانو یەکیتیمان گوللەیەکی کاریگەرە ئاراستەئەکریتە سنگی ئیستیعمارو نوکەرەکانی و قەلایەکی سەختە بودەسکەوتنو پاراستنی هەمو مافیکی نەتەوەیيو دیموکراتی .

دایکو خوشکانی بەریز :

پیویستی ئەمروی سەرشانی هەمولایەکمان بانگتانئەکا بوچونەناو جەرگەی کومەلانی فراوانی ئافرەتانەوە ووریاکردنەوەیان هاندانیان بوچونە ریزەکانی بەربەرە کانیی میللییەوە کاتیك کە لەکوردوستانی ئیمەشـا دائەنری ، تائیسپاتیبکەین بوجمهوریەتە خوشەویستەکەمانو بوهەمو جیهان کەئیمەش ئافرەتانی کورد لەعیراقا ئەتوانین شانبەشانی براکانمان چەك هەلگرینو بچینە ریزی تیکوشانی خوینینەوە بوپاراستنی جمهوریەت ئەگەر دوژمن سواری سەری خویبو و ویستی دەسدریژییەك بکاتەسەر نیشتمانەکەمان . ئەبی ئەوپەری وریایی پیشانبدەین لەپیناوی پاراستنی جمهوریەتە خوشەویستەکەمانا لەهــەمو پیلانیکی گلاوی ئیستیعمارو نوکەرەکانی ، ئەوپیلانانەی کەئەیاننینەوە بوئەوەی جاریکیتر عیراقمان بەگەلو سەروەتو سامانیەوە بخەنەوە ژیردەستیخویان .

هەروا پیویستە چاکی لیبکەین بەلادا ، بیینەکوری خەباتەوە بوبەهیزکردنی کومەلەکەمان « کومەلی پاراستنی مافی ئافرەتان » ئەو کومەلەی کە لەکونەوە خەریکی تیکوشانە شانبەشانی هەمو گەلی عیراق بوئازادیو سەربەخوییو ئاشتیو بودەسخستنی مافەکانی ئافرەتانو بوبەرزکردنەوەی پلەی ژیانو بیریان . ئەوکومەلەی لەرەشترین روژەکانی ئازاردانو چەوساندنەوەدا لەسەر خەباتی خوی بەردەوامبو ، ئەو کومەلەی کە لەروژەکانی حوکمی نوری سەعیدی خائینا دەنگی ئافرەتان عیراقی ئەگەیاندە میهرەجانەکانی گەنجانو قوتابیانو ئوینەری خویئەناردە کومەلی ئافرەتە دیموکراتیە کانی جیهانو کوبونەوەکانی ئاشتیخوازان تاروی روناکی ئافرەتانی کوردو عەرەبی عیراق دەربرنو باسی خەباتو ژیانی تالی ئافرەتانی عیراقیان بوبکەن .

کەواتە ، دایكو خوشکە خوشەویستەکانم ! یەکگرن ، خەباتبکەن بو گەیشتن بەئامانجە پیروزەکانمان ، لەسایەی جمهوریەتە خوشەویستەکەمانا ، تیبکوشن بوهاتنەدیی بریارەکانی حوکومەتە نیشتمانپەروەرەکەمان کەبریتییە لەدانی هەمو مافەکانی ئافرەتان ، مافی سیاسیو ئابوریو خویندەواریو کومەلایەتی ، تیبکوشن بوئەوەی یاسای وادابنری کە چاودیری هەمومافە کانمان بکات ، تیبکوشن بوئاسایشیگیتیو بوقەدەغە کردنی تاقیکردنەوەی چەکێ ئەتومو هیدروژین ، تیبکوشن بو پاراستنی ئەم دەسکەوتە گەورەیەی گەلەکەمان : یاسای جمهوریو حوکومەتی نیشتمانپەروەرو ئازادخوامان ، تیبکوشن بوهاتنەدی نیازەکانی جمهوریەت

کەبریتی‌یە لەنەهیشتنی دوانیشانەیەکی رابوردوی بەسەرچوی پرر لەنەنگ‌و شورەیی .

ئیتر هەبژی سەرکردەی تاقانەی گەلەکەمان ، بەزینەری ئیستیعمارو نوکەرانی ، روخینەری حوکمی بوگەنی پاشایی ، هەربژی عبدالکریم قاسم .

بژی تیکوشانی برایانەی کوردو عەرەبی عیراق شان‌بەشانی هەمو گەلان .

بژی تیکوشانی ئافرەتان شان‌بەشانی پیاوان ، وە لەریزی یەکیتی ئافرەتە دیموکراتیەکانی جیهانا .

مەرگ بوئیستیعمارو پیلانە گلاوەکانی .

**کەرکوك : عالیە مەلاکریم**

---

## کەمتەرخەمی پوستەخانە

زور نامەمان بودیت لەبارەی نەگەیشتنی هیواوە بە ئابوونەکان . زوریان گلەیی ئەکەن کە هیوایان بەریکوپیکی پی‌ناگات . ئیمە ئەمەمان زور پی‌نلخوشە ، بەلام دلنیابن کە سووچ لە ئیمەوە نیە ، چونکە هەرکەسیك لەم گوڤارەدا ئابوونەبیت هەمو مانگیك گوڤارەکەی بو ئەخریتە پوستەوە . بەلام ئەی بوچی پیی ناگات ؟! ئیمەش سەرمان لەمە سوورماوە جا دوای لی کولینەوە بومان دەرکەوت کە سووچ لەکاربەدەستانی پوستەوەیە بویە چەندجاریك ئاگادارمان کردن‌و تکامان لی‌کردن کە توزیك ئەمین‌و ریکوپیك بن لەئیشەکەیاندا . کەچی هەر سووری نەبوو ! ئیستاش ئیمە نازانین چی لەگەل ئەو مروڤەدا بلیین کە هەستی راستی‌و نیشتمان پەروەری لەگیانیا نیەو خیانەت لەچاپکراویکی کوردی ئەکات کە ناردارترین گوڤاری میللەتەکەمانە . ئەم چەند وشانە بەسە بو ئەو پوستەچی‌و کاربەدەستی پوستەخانانەی کە کەمتەرخەمی لەم گوڤارەدا ئەکەن‌و نایگەینن بەخاوەنەکانیان .

ئیستاش بوئەم تەگەرەیە باشترین چار ئەوەیە کە هەرکەسیك گوڤارەکەی بەریکوپیکی پی‌ناگات ، ئەوا بو هەمو سالیك لەگەل ئابونەکەیدا ( ٢٥٠ ) فلس بنیریت تاکو بەپوستەی « مسجل »دا بوی بنیرین . وە بوجاری دوەمیش دووبارەی ئەکەینەوە کە هوی نەگەیشتن هیچ کات لەئیمەوە نەبوە .

# قوتابیانی کورد لە ئەوروپا

**چەند نامەیەکی‌تر لەکومەلی خویندکارانی کورد لەئەوروپاوە نامەیەك بو لیژنەی مافی مروف لەکومەلی نەتەوە یەکگرتوەکاندا دووانیك لەسەر ئەو نامەیە .. بو سەروك عبدالکریم قاسم .. نامەیەك بو کاك مصطفی بەرزانی .. نەمایەك بو ماموستا گوران .**



**بو لیژنەی مافی مروف لەکومەلی نەتەوە یەکگرتوەکاندا نیویورك : ـ**

گەورە بەریزەکان : لیژنەی بەریوەبەری گشتی کومەلی خویندکارنی کورد لەئەورپادا ، لەم نامەیەدا خوی بە بەختیار ئەزانیت کە ئاگادارتان بکات لەم بروسکەیەی کە روژنامەی ( مونیر )ی فەرەنسی بلاوی‌کردبوەوە لەژمارەی روژی ۱۲ آبی ۱۹۵۸ دا لەژیر ناوی « بوردومان کردنی شاخەکانی عیراق بومبای ئەتوم ، بریاردرابو لەنەخشەی بەرگری روژئاوادا » :

قاهرە ـ ۱۱ آب ۱۹۵۸ ( آ . ف . پ ) روژنامەی ئەهرامی ئەمررو ئەلیت نەخشەی ستراتیجی دەولەتە روژئاواییەکان لەپیناوی بەرگریی روژهەلاتی دوردا لەسەر بوردومان کردنی شاخەکانی سەروی عیراق بەبومبای ئەتوم پیك هاتبوو .

وه لەژیر ناوی « نهینیەکی ترسناکدا » ئەم روژنامە بی لایـــەنە ئەلیت ئەم نەخشـەیەی کە ئەمەریکاو بریتانیا کیشابووی ، حکومەتی نوری سعیدیش بریاری لەسەر دابو لەکوبونەوەیەکی پەپمانی بەغدادا .

دیسان ئەم روژنامەیە ئەلیت ئیستا روژئاواییەکان کەوتوونەتە بەردەمی کاریکی گرانەوە ئەویش چاو پیاخشاندنەوەو گورینی نەخشـەکەیانە بو بەرگری روژهەلاتی نزیك .

ئەهرام ئەلیت مەبەست لـەم پرروژەیە داخستنی ریگە شاخا ویەکانە ، ئەو زنجیرە شاخەی کە ئەکەویتە نیوانی عیراقو ئیرانەوە ، ئەویش بە تەقاندنەوەی بومبای ئەتوم کە ئەبیتە هوی هاویشتنی تیشکی ئەتومی لەو ناوچەیەدا بو بەربەست کردنی هیزی زەویی سوڤیاتی .

هەروەها ئەم روژنامەیە ئەلیت فرروکەکانی بریتانیاو ئەمریکا کە لەبنکەی حەبانیەدا بوون ئەم فرمانەیان پیسپیررابو لەکاتی هەلگیرساندنی جەنگی گشتیدا .

وه روژنامەی « مونیر » بەزمانی ئەهرامەوە ئەلیت : ئاشکرایە کە ئەو وەسیقە نهینیانە بەردەستی کاربەدەستانی ئیستای عیراق کەوتوە ، وه لیژنەیەکی تایبەتیش بو ئەم وەسیقانە پیکهیزاوە .

جا با بوتان روشن کەینەوە کە ئەو شاخانە کەوتونەتە کوردستانەوە وه کومەلەکەمان پیکهاتوە لەو قوتابیە کوردانەی لە ئەوروپادا ئەخوینن ، وه یەکی لەفرمانی ئەم کومەلە باسکردنی باری کومەلایەتیو ئابوریو سیاسیو تیگەیشتنو میژو و مەسەلەی نیشتمانی گەلی کوردە بو جیهان ئەم هەوالەی کە هیشتا پیویستی بە زیاتر لیوردبوونەوە هەیە ،

هەوالیکی ترسناکەو زور کاری لەئیمە کردوە . جا ئیمەش لەبەر ئەوەی ئەمانەویت گەلی کوردو هەمو گەلانی تری جیهان بەئاسایش بژینو دووربن لەمەترسی جەنگی ئەتومیەوە ، لەبەرئەوەی ئیمە باوەررمان بە پەیامی نەتەوە یەکگرتوەکان هەیە بو ئاشتی بەتایبەتی بە پەیامی پیروزی « لیژنەی مافی مروڤ » . جا پیویستە لەسەرمان کە روتانتیبکەینو ئەم بانگە پشیوە خیرایەتان بکەین :

**١ ـ ئەمانەویت بەزووترین کات هەلسن بە لیوردبونەوەیەکی دەولەتی دەربارەی ئەم بروسکەیە ئەویش لەژیر چاودیری لیژنەی مافی مروڤ یان هەر لیژنەیەکی دەولەتی تردا .**

**٢ ـ ئەمانەویت ئەم نامەیەی ئیمە دەرخەن بو رای گشتی جیهانو ورياکردنـەوەیان دەربارەی مـەترسی ئەتومیو بو روخاندنی پروژەی ئەوانەی کە هەلئەکن بە کیشانی ئەم جورە نەخشانە .**

**٣ ـ رای خوتان بفەرمون بو بەرهەلستی بەرهەمی بومبای ئەتومو هیدروجینو تاقیکردنەوەیان . وە ئەم هیزە بەکار بهینریت بو مەبەستی ئاسایش .**

ئیتر پیشەکی سوپاستان ئەکەین بو هەر فرمانیك لەم بارەیەوە کە ئەتوانن پیی هەلسن . وە ئومیدەوارین کومەلی نەتەوە یەکگرتوەکان لە پاشەروژی مروڤی لەئەستودایە هەمیشە هەول بدات بو قەدەغەکردنی چەکی ئەتومیو هیدروجین بەجوریـکی قانونیو ریکەوتن لەگەل ئـەو دەولەتە گەوارەنەدا کە پەیوەندیان بەم ئیشـەوە هەیە ئیتر خوشیتان .

**ئیمزا ـ سەرەکی کومەل**

1955

## دوان لەسەر ئەم نامە نیرراوە بو لیژنەی
## مافی مروڤ ــ کە بەفەرەنسیش بلاوکرابوەوە

ئەمەبو ئەو نامەیەی کــە کومەلەکەمان ناردبووی بو لیژنەی مافی مروڤ لەبارەی ئەو پروژە جەهنیمەوە . ئەو لیژنەیەی کە مافی مروڤی بلاوکردوە لە ( ١٠ )ی کانونی یەکەمی سالی ١٩٥٤ دا ئەتوانیت ئاگاداری ئەم مافە بکات . چونکە ئەو دوا دالدەیە بو مروڤی زورلیکراو و گــەلی بی زیان . بەلام داخیگرانم ئەمررو حالی گەلی کورد ئاوایە . بــەلام ئیمە ئومیدەوارین کە لیژنەی ناوبراو بچیتە بنجو بناوانی ئەم پروژەیەو روشنی کاتەوە !

بەم بروسکەدا دەرئەکەویت کە نوری سعیدی کونە ســەرەك وەزیرانی عیراق لەکوبونەوەی پەیمانی بەغدادا بریاری لەسەر ئەوە داوە کە کوردستان بدریتە بەر بومبای ئەتومی لەکاتی جەنگدا . بەلام وا نوری سەعید گورربەگورر بوو ، مرد لەگەل پاشا هاشمیەکاندا . وە شوررشی چواردەی تەموز جمهوریەتی تازەی عیراقی دانا ، ئەو جمهوریەتەی کە دانی نا بەمافی قەومی گەلی کوردا . بیگومان ئەم دانپیانانە کوردەکانی بەختیار کردوە . وە ئیستا جمهوریەت هی کوردو عەرەبەو هەردولا ئەیپاریزن .

بەپیی ئەم بروسکەیە وا دەر ئەکەویت ئەوانەی ئەم نەخشەیەیان کیشاوە ئیستا ئەگەرریت بو گوررینی بەجوریکی تر ، بەلام گوررین مانای ئەوە نیە کە وازی لی ئەهینن ، چونکە ئەوانی کە بو سوودی چەپەلی

خویان ، لەناوبردنی گەلیكو ئاوخواردنەوەیان لا وەك یەك دابیت ، ئیستا هەروا بەئاسانی واز لەم مەبەستەی خویان ناهینن . جا ئیمە بانگ هەمو گەلانی جیهان ئەکەین پالپشتی گەلی کورد بن ، لپشتی هەمو ئەو گەلە ژیر دەستانە بن کە ئەیانەویت بژین بەئازادی بو خەباتو لەناوبردنی چەکی ئەتوم .

هیوامان وایە شوررشی چواردەی تەموزی پیروز ، تەمیی ئـەو دەولەتە ئەندامانەی تری پەیمانی بەغدای کردبیت کە ولاتەکانیان بەشیکی زوری کوردستانی بردوە . چونکە کە نوری سعید بریاری لەسەر ئـەم پروژەیە دابیت واگومانی نیە کە ئەوانیش هەرِ بریاریان لەسەر داوە .

لیرەدا ئەمانەویت ئەوەی دەرمان برری بوو لەو نامەیەدا کە پیش بەینیك بو داك همرشولدمان نارد لەبابەت ئەو دوو حکومەتەوە ، ئەویش ئەوەیە ئەم دوو حکومەتەش بەزووترین کات دان بنین بەمافی گەلی کورداو ریگەی سەربەستیان لیئەگرن وەك جمهوریەتی عیراقی تازە .

ئیتر سلاو بو عیراقی جمهوری ، بو حکومەتی لەگەل دورِوست بوو بو سەروکە خوشەویستەکەی . ژیانو بەختیاریش بو میللەتی کوردی قارەمان .

**نامەیەك بو سیادەتی بەریزی**

**سەرەك وەزیرانی جمهوریەتی عیراق ــ بغداد**

دوای * پیشـکەش کـردنی سـلاو و ریزیـکی زور لیـژنـەی

---

* **لەبەر بیجیگایی ئەم نامانەی خوارەوەمان بەکورتی بلاوکردەوە ، ببورن .** **(( هیوا ))**

هەلسووڕینەری گشتی « کومەلەی خویندکارانی کورد لەئەوروپا » خوی زور بەسەربەرز ئەزانی کە بەرزترین هەستی سوپاستان پیبگەیەنیت بەبونەی بریارەکەتان بو گەڕانەوەی قارەمانی کورد مستەفا بەرزانی‌و هاوڕیکانی بو ولاتی پیروزی خویان . هەروەها دان بەمافی میللی کوردی عیراق‌و بەندی سییەمی دەستورە موقەتەکەتان کاریکی یەجگار زوری کرد بو بەهیزکردنی یەکیتی‌و برایەتی کوردو عەرەب لەعیراقدا . هەروەها بەم سەرکەوتنانە هەمو گوشەیەکی کوردستان خوشنود بوو وە بوو بەهوی پەیوەندی میژوی یەکیتی نەتەوەی کوردو عەرەب .

بژی جمهوریەتی عیراقی خوشەویست

بژی برایەتی کوردو عەرەب

**لیژنەی بەریوەبەری گشتی**

**کومەلەی‌خویندکارانی کورد لەئەوروپا**

**ئیمزا : عصمت شریف ـ سەرەکی کومەل**

**نامەیەك بو پیشەوای نەبەز مەلا مصطفی**

بەناوی کومەلەی خویندکارانی کورد لەئەوروپا بەگەرمیەوە پیروزبایی گەڕانەوەتان ئەکەم ، هەروەها هی ئەو قارەمانانەی کە بەدواتانا چرای ئازادیان هەلگرتوە . بی‌گومان گەڕانەوەتان سەرکەوتن‌و ئازادیە بو هەمو کورد پەروەریك . لیمان روونە دوور لەنیشتمانیتان بەهەشتی رابواردن نەبوە بوتان ، بەلکو کوریکی ئاگرین بوە بوخەباتتان .

هاتنەوەتان بونیشتمان بەلگەیە بو راستیتی تیکوشانی گەلی کوردو عەرەب بو پیکهینانی شوررشەکەی عیراق .

ئومید ئەکەین ئەم سەرکەوتنە چەندەها جولانەوەی شیرانەی تری بەدوادا بیت . وە هیوای گەورەمان ئەوەیە کە بەهوی چالاکیتی ئیوەوە ناکوکی لەناو کوردا نەمینیت .

نەبەزینی ئیوەی قارەمان جیی شانازیە بو گەلی کورد وە ئیمە زور بەسەربەرزیەوە وەری ئەگرین کەوا میژو لاپەررەی خوی هەلناداتەوە بی ئەوەی ناوتان دەنگ نەداتەوە .

تکاتان لیئەکەم سلاوی هەمو خویندکارانی کورد لەئەوروپا قبول بفەرمون ، ئیتر هەمو کاتتان شاد .

**زور دلسوزتان**

**دارا توفیق**

**سکرتیری کومەلەی خویندکارانی کورد لەئەوروپا**

## نامەیەك بو هونەری مەزنی کورد ماموسا گوران

بەناوی کومەلەی خویندکارانی کورد لەئەوروپا بەگەرمی پیروزبایی هاتنە دەرەوەتان ئەکەم لەبەندیخانە .

میژوی ژیانتان زور ئاشکرایە بو هەمو کوردیك بو ئەو کارە گرنگانەی کە لەسەرشانتان بوەو هەلتان گرتوە بو ئازادی گەلە ژیردەستەکەمان . هەرچەن زیاتر شالاوتان بوهاتبیت زیاتر ئاگری ئازایەتیتان بلیسەی سەندوە .

خویندکارانی کورد لەئەوروپا ئاواتەخوازن کە هەمیشە پینوستان تیژتر بیتو بیرو باوەرتان هاندەری هەمو کوردپەرەوریك بیت ، بو ژیانیکی سەربەستو ئازادو گەلیکی خاوەن بەرزیتی .

هەمو خویندکارانی کورد لەئەوروپا هیوای باشیو تەندروستیو ژیانیکی بەختیارتان ئەکەن .

**زور دلسوزتان**
**دارا توفیق**
**سکرتیری کومەلەی خویندکارانی کورد لەئەوروپا**

---

## ئیتر بەسە !!

تا یستا چەندجاریك بلاومان کردەوە بو خوینەوارانی هیوا کە ئابوونەکانیان بنیرن . بەلام زوریان تا ئیستا هیچ وەلامیکیان نەبوە !! ئیمە بەهەمو کەسیکی رائەگەینین کە ئەم گوڤارە تەنها بە ئابوونەو فروشتنی خوی ئەژی ، واتا هیچ اعلانیکی حکومەتمان نادریتی وەکو روژنامەو گوڤارەکانی‌تر ! تاکو پیی دەولەمەن ببین !!. ئەمە لەکاتیکدا کە لەباشترین چاپخانەو بە زورترین پارە بومان چاپ ئەکەن . لەبەر ئەمە ئەو چەند دانە هیوایەی بلاو ئەکریتەوە پیویستە پارەکانیان بنیریت تاکو بەپارەی ئەم ژمارەیە ژمارەی دوای ئەمی پی چاپ کریت . ئیستاش ئەمە دوا جارە بلاوی ئەکەنەوە بو ئەوانەی هیوایان بوچوەو ئابوونەیان نەداوە . ئەگەر لەماوەی بیست روژدا روژدا ئابونەکانیان نەنیرن « یا ئەو هیوایانەی بویان نیراو نەنیرنەوە » ئەوا لەژمارەی داهاتووی هیوادا ناویان بلاو ئەکەینەوە تاکو هەمو کوردیك بیان ناسیت ، چونکە ئیتر بەسە !!.

# بو قارەمانانی بەرزانە

« کاکە شوان »

جادان کە ئەیانوت بەرزان    دلی من ئەکەوتە گریان

چونکە کوردستانم ئەدی    ئاواتی هەر نایەتە دی

خاکیك ئەهاتە بەرچاوم    ئەی‌وت لەخوینا گەوزاوم !

چ خاکیك ؟ خاکی نەبەردی    چ خویناویك ؟! خوینی مەردی

بوکی ؟ بو ئامانجی وەتەن    « هەزار وینەی لە خوبوردن »

ئاوچەی بەرزان بەرزانی من    بوو بوو بە هیلانەی دوژمن

هەر بالای نەوجوانان بوو    بەرەو نەمسان : مردن نەچوو

هەر منال بو : منالی ورد    بە گوللەی ناهەق بوو ئەمرد

هەر کیژی کوردستانی بوو    کیو و هرد گورستانی بوو !

هەر پیر بوو ! هەر جوان بوو : منال    ئاوارە بوون : ویرانە مال

بەلام لەتەك ئەمانەشا    ئەم دی خوینی دوژمن : ئەرژا

قارەمانیك بە دوایا کورد    سوجدەی بو کوردستان ئەبرد

قارەمانیك : شیر وەستابو    دەستی گەلی لە دەستابوو

ئەی‌وت : ژینی دیلیو بەندیم    ناوی ئەبی سەربەست بژیم

نیشتمانم ئەبی ئازاد    دەست هەلناگرم لەخەبات

ئەی دوژمنی نیشتمانم    من مەشخەلی ریی ژیانم

شەبەقی ئالم : رزگاری    بو ژیانی کوردەواری



1961

ئیستاش خاکی بەرزان ماوە　　خولی تیکەل بە خویناوە !
ئەو بەرزانەی هەموی هەستا　　بەرامبەر بە دوژمن وەستا !
ئیستا ئەو خاکە ئازادە　　کوردە واری تیایا شادە !
خورپەی دلی منی جاران　　کە پرر بو لەقولپەی گریان
لەگەل دەستی جەورا نەما　　قەلای سەختی دوژمن رما !
ئەی قارەمانانی بەرزان　　ئیوەن پرشنگی روی ژیان
بە هەزاران دل ئەوەتا　　کەیلە لەبزەی ئاواتا !
چ روژیکە تیایا ئەگەن !　　بە هەوارگەی پاکی وەتەن !
فرمیسك بەروی نیشتمانا　　بەروی شەنگی کوردستانا
فرمیسکی پرر شادمانی　　نیشانەی شەوق ! کامەرانی
تك تك ئەتکی : دیتە خواری　　وەك یاقوتی گەش ئەباری !!

(( کاکە شوان ))

## بروسکەو نامە

بروسکەو نامەیەکی زورمان بو هاتوە لەبارەی هەنگاوە پیروزەکانی کومارو هەندی شتی ترەوە ، بەلام داوای بەخشینیان لی ئەکەین‌و ناتوانین بلاویان بکەینەوە چونکە یەجگار زورن‌و جیگایەکی زوری ئەویت لەلاپەرەکانی هیوادا ، دوای ئەمەش ئەرکی ئەم فرمانە زیاتر ئەکەویتە سەر شانی ئیستگەو روژنامە نەك گوڤار . ئیمە وای بەباشتر ئەزانین کە ئەو دە دوانگزە لاپەرەیە بەنوسینیکی زانیاری پررکەینەوە خوینەوار سوودمەندتر ئەبیت .

# شۆرشی ئۆکتوبەرو مەسەلەی نیشتمانی کورد

احمد غفور

لەبەرەبەیانی ٧ تشرینی دوهەمی ١٩١٧ لەگەل نالەی گوللە توپەکانی « ئورورا (١) » کوشکی زستانەی قەیسری روسیا هەرەسی هینا ، کە بارەگای حکومەتە موقەتەکەی سەرمایە دارەکانو پاشماوەی قەیسەریەت بوو ، کە نو مانگ لەوەپیش ، لەشوباتی ١٩١٧ گەلی میلەت رای‌مالی شەبەقی چەرخیکی تازە هەلهات لەژیانی میلەتەکانی روسیاو هەمو جیهاندا چەرخی نەهیشتنی چەوسانەوەو ئازاردانی میللەتان ، چەرخی هەل کەندنو ریشەدەرهینانی جیهانی کون ، جیهانی پرر لەجیاوازی‌و کویللەی‌و برسیەتی‌و هەژاری‌و نەزانیو بی ئابرروییو داوین پیسی . وە کردنەوەی دەرگای چەرخی کومەلیکی مروڤی کە بەراستی لەورووژەوە میژوی مروڤایەتی لاپەرەکانی سپی‌و بی‌گەرد نوسراوە ، دورە لە چەوسانەوەی چینە هەژارەکان ، بەلکو خویان بون بەسەردار ، دورە لەشەرری تەماعی چینە خو نمژەکان لەژیر پەردەی نیشتمان پەروەریدا ، بەلکو ئەمانە نیژران لەگەل پەیرەوی کونا ، دورە لەوەی پارە یا دەسەلاتی چەند کەسیك زوربەی خەلك ، میشکی زرنگ دیلو داماو و سەرشور بکات ، بەلکو مروڤ ، میشکی رونی ، توانای ئەقلو بازوی بو بەتەنها



1963

سەنگی تەرازوی کومەلی پرر چونیەکی تازە کە نالەی توپەکانی ئوروراو گرمەی لەشکرە چەکدارە کانی کریکارانی پتروگراد بلاوی کردەوە .

پاش چەند روژیك لەشورش و دانانی جەمهوریەتی اشـتراکی سوڤیاتی ، بلاوکرایەوە کە ئەم حکومەتە یەکەم حکومەتە لەمیژوا نوینەری چینی کریکارو فەلاحەوە « مافی ژیانی سەربەخوی گەلانی روسیا »ی بلاو کردوە لەپاشا مەرسومی ئاشتی دەرکرد ، کە بەپیی ئەم مەرسومە حکومەتی تازە وازی هینا لە هەمو امتیازاتیکی قەیسەر لەتورکیاو ایران‌و هەمو دەولەتەکانی ئاسیا ، وە داوای لەمیلەتان کرد هەول بدەن بو ئاشتی‌و برایەتی چونکە شەرر بو مەسلەحەتی سـەرمایەدارە استعماریەکانی هـەردولایە .

هەروەها بانگیکی دەرکرد بو « هەمو موسلمانە زەحمەت کیشـەکانی روسیاو روژهەلات » دەری خست کە ئەوان سەربەستن لە بەریوەبردنی کاروباری دینی و هەمو کاروباریکی خویاندا چونکە جلەوی دواروژی خویان بەدەست خویانەوەیە .

ئەم کردەوە بەرزانـەی ، حکومـەتەکەی‌لەنین ، هـەمو میلەتانی روژهـەلات‌و ئاسیای وریاتر کردەوە و هـەمو بەجاری رویان کردە جمهوریەتی سوڤیاتی کە بو بە مەشخەلی ئازادی گەلان لەهەمو جیهاندا بەتایبەتی گەلە چەوساوەکانی ئاسیاو ئەفەریقا .

پاش چلو یەك سال بەسەر سەرکەوتنی شورشی ئوکتوبەری مەزندا هیزی اشتراکیـەتو ئازادی بەتەواوی سـەرکەوتوە بەسـەر هیزی ئیمپریالزمی تاریکدا لەهەمو رویەکەوە .

« بروانە لاپەرە ۸۳ »

# دەرەبەگی

« پاشماوە »

هەلوەشاو لەشکری شاهی جیگای گرتەوە ، ئەوسەرانەیەی جاران جوتیار ئەیدابەئاغا دیتریش هاتەسەر بوبەختکرانی لەلایەن حکومەتی دەرەبەگەوە جاران کەجوتیار سەرانەی داهاتی لیئەسینرا ، ئەمجار بوو بەباجیپارە بەحکومەت . ئەمەش بوبەهوی گوررانی بەرهەمی کەلوپەل ، چونکو جوتیار ناچاربو بەرهــەمەکەیخوی بەریتــە بازار بیفروشی بــەپارەو پارەکەشیدا بەباجی حکومەتا . بەم هویەوە جوتیار کەوتەژیر پیووندیکی تازەوە کەئەویش پیوەندی سووتخورومالگرەکانە .

ئەم چەوسینرانەوە بیدادەی جوتیاران ، پالیپیوەنان کەسەریخویان هەلگرنو راکەن . دەرەبەگەکانیش بوئەوەی ریگای راکردنیان لیبگرن جوتیاریان بەستەوە بەزەوییە کانیانەوە و کردیانن بەبەندە . ئیتر بەهوی بەنددیتییەوە ژیردەستی جوتیار بودەرەبەگ بنجیداکوتا ، چەوسینرانەـ وەش تاویسەند . ئەمنەریتە بوبەهوی هــەندی راپەررینی زور زلی جوتیاران کەهــەمویان بەپوچ دەرچون ( وەکو جولانەوەی جاکییەکان لەفەرەنسا ، سەدەی چواردەهەم . شەرری جوتیارانی ئەلمانیا ، سەدەی شانزەهــەم . یاخی بونەکانی رازینبوگاچیف لــەروسیادا ) . هوی سەرنەکەوتنی ئــەمراپەررینانەش ئــەوەبو کــەجوتیار لــەناوشارەکانا سویندخورینەبو ، واتا هیشتا پرولیتاریای تازە پینەگەیشتبو .

لەشارەکانیشا هەندی گوررانی گرنگ رویدا . پەیوەندی نیوانی وەستای پیشەییو شاگردەکانی تائەهات پشیوترئەبو ، هــەربەمپییە نیوانی پیشەییو بازرگانەکانیش . ئەمەش لەبەرئەوەبو کەجوتیارەکان

لەسەرەتای نەریتی دەرەبەگی‌دا پەیتاپەیتا خویان بوئەو شارانە ئەکوتا کەسەربەخویی‌یکی خویی‌یان هەبوو دانیشتوەکانی ئازادی‌ی خویی‌یان‌بو ، لەبەرئەمە ژمارەی دانیشتوانی شارەکان زیادی‌کرد . ئەم‌زیادکردنە لەپیشا باش‌بو ، چونکو هیزی پەنابەرەکان شـــاری پی‌بەهیزئەبو لەتیکوشانیا بەرامبەر دەرەبەگەکان ، بەلام لەسەریکی‌ترەوە ئەم‌زیادبونە ، مەترس‌یکی بوپیشەیی‌یـــەکان دروست‌کرد ، واتا مـــەترسی‌ی پالـەپەستو . ئنجا « ریکخراوی‌یە پیشەپی‌یەکان » کەوتنـــە کەمکردنەوەو تەســـك‌کردنی پەسندکرانی ئـــەندامی تازە ، ماوەی فیربونیان دریژترکردو بـــەربونە چەوساندنەوەی شاگردەکانیان ، هەتا وای‌لی‌هات بونیان بەوەستا بەجاریك دژواربو . جگەلەمانە « ریکخراوی‌یە پیشەیی‌یەکان » هەندی برریاری تریشیان‌دا کەنەهیلن شیوەی تازە لەبەرهەما بەکاربهینری‌و دوژمنایەتی لەگەل بازرگانەتی کەل‌وپەلی دەرەوەشا بکەن . ئەمە بوبەهوی هەلگیرسانی تیکوشان لەنیوانی ریکخراوی‌یە پیشەیی‌یەکان‌و بازرگانەکانا .

### ـــــ( نژم‌بونەوەی دەرەبەگی )ـــــ

ریکخرانی پیشەیی‌ی دەرەبەگی ، بەوچەشنەی باسمان‌کرد ، ببوە گوسپەیك لەریگای گوررانی بەرهەمی کەل‌وپەلا . دیاردی (١)یە بزلە جوغرافیایی‌یەکانیش لەسەدەی پانزەهەما ( دوزرانەوەی ریگای دەریایی بو هیندستان‌و دوزرانەوەی ئەمریکا) پالیکی بەگورری نا بەبازرگانیتی‌یەوەو بەرەوپیشی‌برد .

---

(١) دیاردی = کەشف .

« بازرگانیتی لەنیوانی ئەوروپاو جیهانی دەرەوەدا ، کەجاران تەنیا ئیتالیا هەبو لەگەڵ حکومەتەکانی روژهەلاتا بیکا ، پەرەی سەندو ئەمریکاو هیندستانی گرتەوە . ئەم بازرگانیتی‌یە لەگرنگیدا زورپیش گورینەوەکانی ناوخوی ئەوروپا کەوت ، بگرە بەگورجی ئالوگوری ناوخوی هەمو ناوچەکانی بەجی‌هیشت . ئیتر زیررو زیوی ئەمریکا هاتو ئەوروپای داپوش ، هەمو درزو کونو کەلەبەرەکانی نەریتی دەرە بەگی سواخ‌داو بووبە کەرەسەی رزین‌و رووخانی . ئەمجا چونکو بەرهەمی پیشەیی بەش داوخوازی‌یە زیادبوەکانی نەئەکرد ، لەوولاتانەدا کەلەمەیدانی پیشکەوتنا لەپیشەوەبون کرابەنەریتی مانیفاکتورە (١) » .

جابابزانین مانیفاکتورەی دەزمایەداری چون‌هاتەدی . لەبەرئەوەی کە لەشارەکانا مەکوی پچوك پاوانی (٢) ریکخراوی‌یە پیشەیی‌یەکان‌بو ، دەزمایەداری بازرگانی کەبەرژەوەندی لەگوران‌و پەرەپیدانی بەرهەمابو ، مەیدانی هەلسورانی (٣) خوی‌گەیاندە ئەودیوی شارەکان‌و گورانی بەرهەمی پیشەیی لەلادی‌دا یەهیزکرد بەتایبەتی بەرهەمی کوتال ، ئەمەش بوبەهوی ئەوەی کەپیشەیی دورەبازار بکەویتە ژیرچنگی قونتەراتچی‌ی دەزمایەدار . ئەوژیردەستی‌یەش ئاوای لی‌هات :-

---

(١) ئینگلز ، لەکتیبی : ( کاك نوچین دوهرینگ ، زانیاری هەڵ ئەگیریتەوە )دا .

(٢) پاوان = ئیحتیکار .

(٣) هەلسوران = نیشات .

پیشەیی لەپیشا بەرهەمەکەی‌خوی بەنرخیکی هەرزان ئەفروش ئنجا پارەو کەرەسە لەقونتەراتچی بەقەرز وەرئەگری‌و ئەبیتە کریکاریك بوی خەریکی ئەوئیشە ئەبی کەقونتەراتچی ئەیەوی ، خوی هەرتەنیا ئامرازی کاری‌هەیەو لەپاش ماندوبون ژیانیکی مەمرەومەژی رائەبویری .

دوای‌ئەوە قونتەراتچی پیشەیی‌یە بلاوەکان لەیەك‌شوینا کوئەکاتەوەو ئەیانکا بەکریکاریکی بەکری‌گیراوی بەشبەراو لەهەمو هویکی بەرهەم .

ئیتر دەزمایەداری بازرگانی ئەبیتە دەزمایەداری پیشەسازی (۱) ، لەتەنیشت بەرهەمە پچوکەکانەوە بەرهەمە قەبەکەی دەزمایەدار خوی‌ئەنوینی : واتا مانیفاکتورە .

مانیفاکتورە هیزیکی بەرهەمی زورتازەیە و زالە بەسەر هیزی وردە بەرهەم‌هینەرەکا (۲) ،چونکو کریکاریکی زور ئەخاتە ئیشەوە کەهەریەکەی پارچەیی لەئیشەکە تەواوئەکەن . ئاشکرایە کەبەرهەمی رەنجی ئەوهەمو کریکارانە زورلەئیشە پەرت‌وبلاوەکەی وردەبەرهەم‌هینەرەکان زیاترئەبی . لەپیش داهاتنی مانیفاکتورەدا ، دابەشکرانی ئیش لەناو ئەووردە بەرهەم‌هینەرانەدا نەبو کەتەنیا بازار پیکیەوە بەستبون . بەلام لەدوای مانیفاکتورەدا ئەم‌دابەشکرانی رەنجە لەناو مانیفاکتورە خوشیا رووی‌دا .

ئەم هیزی بەرهەمی تازەیە ، هەندی پەیوەندی‌ی تازەی هەیە کە لە قەدەرخویەتی.دەزمایەداری لەپیشا تەنیا شیوەی دەزمایەداری‌ی‌سووت‌و

---

(۱) پیشەسازی = سناعی .

(۲) بەرهەم‌هینەر = مونتیج .

بازرگانی‌بو . بازرگان‌و ســـوو‌تخوره‌کان ئه‌و ورده به‌رهه‌م‌هینه‌رانه‌یان ئه‌چه‌وسانده‌وه که‌به‌رهه‌مه‌کانیان پی‌ئه‌فروشتن ، به‌لام دوای په‌یدابوونی مانیفاکتوره ، کریکار به‌رهه‌می نه‌بو بیفروش به‌لکو هیزی ره‌نجی‌خوی ئه‌فروشت . لیره‌دا ته‌نیا ده‌زمایه‌دار هوی به‌رهه‌می‌هه‌یه‌و ئه‌و که‌ل‌و‌په‌له‌ی هه‌یه که کریکار دروستی‌ئه‌کا ، ئه‌وکریکاره‌ش ئه‌وه‌نده وه‌رناگری بگاته پایه‌ی ئه‌وره‌نجه که‌داویه‌تی ، له‌گه‌ل‌ئه‌ورشا بایی (١) زیادی‌یه‌که بوده‌زمایه‌دار ئه‌مینیته‌وه . کریکار له‌لایه‌ن ده‌زمایه‌داره‌وه ئه‌چه‌وسیزیته‌وه جابه‌رهـــه‌م هینانی بـــه‌م‌چه‌شنه ، بوو به به‌رهـــه‌می ده‌زمایه‌داری . په‌یوه‌ندی‌ی به‌رهه‌می تازه‌ش له‌گه‌لا هاته‌دی که شان به‌شانی هیزی به‌رهه‌م‌هینه‌ر له‌گوررانابو .

به‌لام نه‌ریتی ده‌ره‌به‌گی ریگای دواگوررانی ئه‌م‌هیزه به‌رهه‌م‌هینه‌ره تازه‌یه‌ی گرتبوو په‌کی په‌یوه‌ندی‌یه روبه‌روه‌کانی ئه‌خست . ئه‌وه‌ی زیاتر ریگای گوررانه‌که‌ی ئه‌گرت نه‌ریتی پیشه‌یی بوو له‌شاره‌کانا که‌سه‌رباری نه‌ریتی ده‌ره‌به‌گی‌یه ، به‌لام په‌وه‌ندی ده‌ره‌به‌گی له‌دیهاته‌کانا بوبه‌رهه‌لستی گوررانی به‌رهه‌می ده‌زمایه‌داری له‌نه‌ریتی پیشه‌یی که‌مترنه‌بو ، چونکو به‌ستر‌انه‌وه‌ی به‌نده‌کان به‌زه‌وی‌یه‌وه ، ده‌زمایه‌داری له‌ره‌نجبه‌ری هه‌رزان بی‌به‌ش‌ئه‌کرد . به‌م‌پی‌یه ئه‌بینین ئه‌وده‌ره‌به‌گی‌یه‌ی که له‌پیشا له‌گه‌ل پایه‌ی هیزی به‌رهه‌م‌هینه‌ری کومه‌لایه‌تی‌دا ریك‌ئه‌که‌وت ، وائیستا له‌گه‌ل هیزی به‌رهه‌م‌هینه‌ری په‌ره‌ســـه‌ندا ناکوکـــه ، که‌واته هـــه‌ل‌وه‌شانی ده‌ره‌به‌گی بوبه پیویستیکی میژویی .

---

(١) بایی = قیمه‌ت .


کاتی کەزولم‌و زوری حکومەتی دەرەبەگی بەسەر جوتیارو وردە بورجوازی‌و کریکارانی ناوشارا تیئی‌سەند ، ئەوشورشە بورجوازی‌یە تەقی‌یەوە کەئەیویست نەریتی دەرەبەگی بروخینی‌و ریگا بو گوررانی دەزمایەداری پاک‌کاتەوە . ئەم شورشانە سەدەی هەڤدەهەم لەبەریتانیادا‌و سەدەی هەژدەهەم لەفەرانسەدا قەومان (١) .

« ئەوهیزە بەرهەم‌هینەرە تازەیەی بورجوازیتی جولاندی ـ کە یەکەم پلەی دابەشکردنی رەنج‌و کوکردنەوەی ژمارەییکی زور کریکاری پسپوربو لە مانیفاکتورەییکا ـ ، هەروەها ئەوشەرتانە کەئەم هیزە لەمەرر گوررینەوەوە دروستی‌کرد ، ئەمانە هەموی لەگەل نەریتی ئەوبەرهەمەدا ریک‌نەئەکەوت کەمیژو گواستبویەوەو یاسا چەقاندبووی . واتا نەلەگەل نەریتی دەرەبەگی‌و دەسەلاتە پیشەیی‌یەکانیا ریک‌ئەکەوت‌و نەلەگەل ئەوهەمو دەسەلاتە خویی‌و ناوخویی‌یەدا کە لەژماردن نەئەهات ( کەئەمانەش کوسپەو بەرهەلستی ئەوکومەلانە بون کە لەهەمو دەسەلاتیک بەشبرزاو بون ) . ئەنجامەکەش ئەوەبو کەئەو هیزە بەرهەم‌هینەرەی بورجوازیتی نوینەری‌بو هەلگەررایەوە لەونەریتە کەئاغای دەرەبەگ‌و وەستای ریکخراوە پیشەیی‌یەکان نوینەی‌بون(١) » .

---

(١) هەرووەها لەو ولاتانەشا کە لەدواترا دەزمایەداری تیاگورراو شورشی بورجوازی‌یان تیاهەلگیرسا لەپاش پیکهاتنی چینی پرولیتاریای پیشەسازی . وەکو سالی ١٨٤٨ لەئەلمانیادا روی‌داو بەتایبەتی سالی ١٩٠٥ لەروسیادا کەبورجوازی لەگەل دەرەبەگا یەکیان‌گرت‌و پالیان‌دابەیەکەوە . ( دانەر )

(١) کارل‌مارکس‌و فردریک‌ئینگلز ، لەکتیبی ( لیکولینەوەی فەلسەفە )دا .



[redacted]

* کابرایەکی دز چوە ســەر مالی شاعیریك ، سەعاتیك گەررا لەقاقەزە شرر بەولاوە هیچی‌کەی نەدوزیەوە . کابرای شاعیریش خوی لی ساتدابوو هەر پیی پی‌ئەکەنی . دزەکە ناچار بەدەستی بەتال ملی ریگای گرت‌و روی . کابرای شاعیر خوی لی ئاشکرا کردو بە لاقرتیەکەوە پیی وت : ـ خوت هەلتەکینە بارت سەنگینە !!. کابرای دزەش زور لەسەرخو ئاورریکی لی‌دایەوەو وتی : ـ سا وەللا وتیان توش مالت رەنگینە !!.

*** بە خالە رەجەبیان وت مانگ گیراوە ، ئەویش وتی : ـ گیراوە نەگیراوە ملی ئەشکا ، بەخوا نابم بەکەفیلی .**

* لە پیرەژنیکیان پرسی تەمەنت چەندە ؟ وتی بیست سال . پیاویك هەلیدایەو وتی برروابکەن من پیش پەنجا سال لیم پرسی تەمەنت چەندە ؟ هەر وتی بیست سال !. پیرەژنەکەش وتی : ـ ئاخر بزانن نەنەی خوتان راستگویەو تا ماوە هەر لەسەر یەك قسەیە .

*** کابرایەکی دز دوای ئەوەی لەمەحکەمە تەبریە بوو ، چوو بو لای محامیەکەی‌و زور سوپاسی کردو پیی‌وت من زور مەمنونی توم وە لەمەودوا هەمیسە دیمە خزمەتت . محامیەکەش وتی باوکم هەر کاتیك دییت فەرموو ، بەلام دەخیلت بم لەکاتی شەودا نەیەیت !!.**



1971

# بەکام شیوەی زمانەکەمان بنوسین

« پاشماوە »

لە هەندی پارچە شیعر کە بە شیوەی هەورامی‌یان لوری یان بادینانی وترابی بەولاوە ـ هیچی ترنەبوە ، هەرچەند هەرچی کە لەپوریکی وایشمان هەیە هیچی ناگەریتەوەسەر ٥٠٠ ـ ٦٠٠ ساڵ لەمەوپیش . کەواتە لە کوردوستانا زوبانیکی یەك گرتو نەبوە کە کورد لە سەرانسەری نیشتمانەکەیا بو کاروباری زانیاری بەکاری بینی ، بەلی بو ئاهی سوین ئەوەندە بوە شیعری بە شیوەی هەورامی لەهەندی لەوبەشانەی تری کوردوستانا وتراوە کە بە شیوەی هەورامی قسە ناکەن . ئەمە هەمو زوبانیکی یەك گرتومان بوە .

ئەم وەزعەوابو تا چەرخی بابانەکان . لەسەردەمی ئەمانا بو یەکەم جار هەلبەست ئەبینین کەئیستا لەناومانا ماوەتەوەو بەشیوەی کوردی‌ی سلیمانی وتراوە ، لیرەوە ئەتوانین بلیین هاتنەروی شیوەی کوردی‌ی سلیمانی بەو سیفەتەی کە زوبانی نوسینە ، سەرەتای دەرکەوتنی بزوتنەوەی گیانی نەتەوایەتی‌یە لە کوردوستانا ، وەیەك کەوتنی هاتنەروی ئەم شیوەیە بەم سیفەتە ، لە گەل دەرکەوتنی تیشکی پەیدابونی گیانی نەتەوەیی‌ماندا ، بنچینەی ئەوەی دامەزراند کە ئەم شیوەیە خوی جی‌گیر بکا وەك زوبانی زانیاری‌ی نەتەوەی کورد ، میژویش وردە وردە ئەمەی چەسپاند . بونی ناوچەی سلیمانی‌و کویە بە مەرکەزی هەستی نەتەوایەتی‌و ، بونی شیوەی کوردی‌ی سلیمانی بە چەکی بزواندنەوەی

گیانی کوردایەتی بە دەستی نیشتمان پەروەرانی کوردەوەو ، رەوانی وراستیو خوشی ئەم شیوەیش لە سەر زوبانو ، ئامادەیی‌ی بو هینانی هەمو گورانیکی پیویست بەسەریا ، هەمو ئەمانە ، ئەوەیان جی‌گیرکرد ، کە لە پاشەروژیشا ئەم شیوەیە لەناو شیوەکانی تری زوبانی کوردی‌یا ببی بەزوبانی زانیاری بو سەرانسەری کوردوستان . بەلگەیەکی تری بەهیزی ئەم راستی‌یە ئەوەیە کەئەو نوسراوانەی چەلەنامیلکەو چە لە گوڤار و چە لە روژنامە بە شیوەیەکی تری کوردی دەرکراون ، یا خویان پی نەگیراوە یا بلاونەبونەتەوە بەهەمو کوردوستانا . لەمەوە من ئەتوانم بلیم زوبانی نوسینو زانیاری‌مان شیوەی کوردی‌ی سلیمانی‌یە ، وەئەم شیوەشە لەپاشەروژا ـ وەك چون شیوەی عەرەبی‌ی قورەیش هەمو عەربستانی گرتەوە ـ هەمو کوردوستان ئەگریتەوە .

بەلام ، ئاخو زوبان هویە یان ئامانج ؟ هویە کە بو لەیەك گەیشتنو تی‌گەیاندن وپی‌گەیاندنی گەل ، یاخود خوی ئامانجەو هەر ئەوەمان ئەوی پی‌ی بگەینو ئیتر بەس ، بەبی ئەوەی کە بزانین بوچی‌یە ؟

بی‌گومان ، هەموئادەمزادیکی تی‌گەیشتو ئەزانی زوبان هوپەو پیویستی ناوبەینی خەلك زوبانی پەیدا کردوەو ، بو جی بەجی کردنی ئیستی‌وکاری خەلی پیکهاتوە . جا کە واتە ئیمە لە کاتیکا کە ئەلیین ئەبی شیوەیەکی یەك گرتوی نوسینمان ببی لەسەرانسەری نیشتمانەکەمانا ، ئەبی ئەوەش بزانین کە پیویستە بە پی‌ی وەزعی ئەمرومان ، زوبانەکەمان لەتوانایا ببی خزمەتی نەتەوەکەمانی پی‌بکری . کەوابو ناتوانین بلیین ئەبی بە شیوەی سلیمانی بو کوردی بادینانی بنوسین ریگای بورون کەینەوە ، چونکە دورەلەتی گەیشتنیو سودیکی وای لی وەرناگری ، وە هیچ جیاوازی

یەکی وای نابی لە گەل ئەوەدا کە لەقوتابخانەکانی کوردوستانا بەعەرەبی‌و فارسی‌و تورکی دەرز ئەوتریتەوە ، واتە : تاقەریگایەکی راستە بوفیرکردن‌و وریاکردنەوەی هەر بەشە کوردیك ، بەکارهینانی ئەو شیوەی کوردی‌یەیە کە خوی پی‌ی‌ئەدوی .

جا کەواتە چی کردن ؟

من لام وایە بەپی‌ی ئەم دوراستیەی کەباسمان کردن ، ئەبی لە شەری وریاکردنەوەی کوردو بوژاندنەوەی زوبانی کوردی یا لەدوسەرەوە بجەنگیین ، یەکەم : ئەبی بە هەمو شیوە بنچینەیی‌یەکانی کوردی ( بادنیانی لوری ، سورانی ، هەورامی ) نوسین‌مان ببی لە شیعرو وتارو نامیلکەو ... تاد ، دو هەم : لەهەمان کاتا شیوەی کوردی‌ی سلیمانی بە هەمو ناوچەکانی کوردوستانا بلاوبکەینەوە ، ئەوەش بەوە کە کتیبەکانی پروگرامی قوتابخانەکان بە شیوەی کوردی‌ی سلیمانی نوسرابن ، بەلام بە شیوەی ناو خویی بووترینەوە . ئاشکرایە کە قەت لەتوانادا نیەو ری‌یشی تی ناچی بو ناوچەی کوردوستانی عیراق بەسی حوار شیوە کتیبی کوردی بو قوتابخانەکان بنوسری ، لەبەر ئەوە ناچارین شیوەیەك لەم شیوانە هەلبژیرین ، ئەو هویانەش هینامانەوە بەسن بو ئەوەی کە شیوەی سلیمانی بەسەر شیوەکانی ترا هەلاویرین . ئەبی هانە هانەی برا کوردەکانی هەمو ناوچەیەکیش بدەین بو فیربونی نوسین‌و خویندنەوە بە شیوەی سلیمانی ، وەبو ئاسان کردنی ئەم فیربولە ئەبی چەوشەیەکی بیگانە ــ واتە ناکوردی ــ یان نەزانراو ، لە شیوەی سلیمانی‌یا هەبی ، لای بەرین‌و

بەوشەی وا کەماناکەی بگەیەنی لـە شیوە کانی تری زوبانی کوردیدا جیگەی پر بکەینـــەوە . هــەروا دیاری کردنی کونجیك لــە گوڤارو روژنامـــەکانمانا بو بەرامبـــەرکی پی کردنی وشـــە زور بـــەهاتوەکانی هەموشیوەکالی کوردی‌و مەعنا لی دانەوەیان بـە خویان ، وەنوسینی فەرهەنگوکی بچکولەش لە کوردی‌یەوە بو کوردی‌و دەرکردنی بەزوری‌و تارادەیەك هەرزان‌و ، پەیدا کردنی بازار بوی بو هەمو چەشنە نوسراویکی کوردی‌ی سلیمانی لە هەمولایەکی نیشتمانا ، خزمەتیکی باشمان ئـەکا لەم روەوە .

من ئەوەندەم بە بیرا هات لەم بابەتەوە ، هیوام وایە ، ئەگەر باشیشی بو نەچوبم ، ئەوەندەم بو بمینیتەوە کە نو سەرەبەریزەکانمانم خستبیتە سەر کەلکەلەی ئەوە کە لی‌ی بنوسن وروی راستی مەسەلەکە دەربینن .

---

## کومەلی ئاوازی کوردی

« لەبەغـــدا »

ئەم کومەلە نیازی وایە کە ئاهەنگیکی گەورە پیك‌بینیت لەشاری بەغدادا بـــەم نزیکانە . ئاهەنـــگەکە پیك‌دیت لــە تەمسیل‌و گورانی‌و موسیقاو چوپی .

کومەل داوا لەهەمو گەنجە کوردە هونەرمەندەکان ئەکات کە بین ببن بە ئەندام ، تاکو کومەل بتوانیت بەفرمانەکانی هەلسیت بەریکوپیکی .

هەمو روژیکی هەینی لیژنەیەك لەیانەی سەرکەوتن کوئەبیتەوە بو وەرگرتنی ئەندام . بوزانین‌و مەرجی ئەندامیتیش لەگەل لیژنەدا قسە ئەکریت . ئەوەش بزانن کە ئەم کومەلە ئامادەی پیش‌خستن‌و بوژانەوەی هونەری کوردیە . وە ئامادەیشە بو وەرگرتنی هەمو پیشنیاریك کە سودی گشتی تیا بیت .

# ئەمانەم خوێندەوە

* زور لەپزیشکە تایبەتیەکانی نەخوشی دەمارو شیتبوون ، ئەلین : ــ موسیقا باشترین دەرمانە بو چاککردنەوەی ئەوانەی نەخوشی ئەقلیان هەیە !. وە یەکی لەزاناکانی ئەم نەخوشیە لەم دواییەدا وتی : ــ ئەگەر ئیمە لە هەر نەخوشخانەیەکدا بەشیکی تایبەتی موسیقامان کردەوە بەسەرپەرشتی ئەوانەی شارەزاییان هەیەو ئەزانن موسیقا چون کار لەگیان ئەکات . ئەوا گەلیك نەخوش بەئاسانی چاك ئەبیتەوە بەهوی موسیقاوە .

*** جگەرە کیشان ئەبیتە هوی مردنی مروڤ !. لەم بارەیەوە یەکی لەپزیشکە شارەزاکانی جیهان وتوویەتی : ــ ئەوانەی تووشی سەرەطانی سی ئەبن ، هوی ئەم تووشبوونە ئەگەرریتەوە بو جگەرەکیشان !. وە لەم دواییەدا پزیشکیکی تر وتی : ــ جگەرەکیشان رەوشتیکی کوشندەیە ، ئەوانەی کە بە هوی سەرطانی سییەوە ئەمرن ، سالی ئەگاتە پانگزە هەزا تا پانگزە هەزار کەس لەجیهاندا .**

* پیکەنین‌و رووخوشی دەروونی مروڤ پاك ئەکاتەوە ، رق‌و کینە ناهیلی ، نرخی مروڤ زیاد ئەکات ، پالی پیوە ئەنیت بو وریایی‌و تیکەیشتن بیری روشن ئەکاتەوە ، هیمن‌و لەسەرخوی ئەکات ، وای لی ئەکات کە بەچاویکی تیرو ریزەوە برروانیتە ژیان ، کەواتە پیویستە ر ووومان خوشبیو پیبکەنین ، بەلام ئەبی بزانین چون‌و لە چ شوینیکا ئەبت پی بکەنین .

# گورانی کومەل

« پاشماوە »

پیکهاتووەو بەشیوەیەکی سورشتی گورراوە ، بیئەوەی کەپەیوەندی هەبی بەهەستو بیریانەوە .

« مروڤ لەکاتی بەرهەمی کومەلایەتیا بوژیانیان ، لەنیوانی خویاندا هەل‌ئەسن بەچەند پەیوەندییەکی زانراوو پیویست وسەربەخو لەهەستیان وەپەیوەندی ئەم بەرهەمە پلەیەکی زانراو ئەگونجی لەگەل گوررانی هیزی بەرهەم‌هینی مادییا (١) » .

وەئەو گوررانەی کەدوابەدوای ئەمە هات لەهیزی کومەلی بەرایی بەرهەم‌هینا ــ وەك باش‌کردنی شتەکانیان ، داهینانی شتومەکی نوی ، بەخیوکردنی ئاژەل ، کشتوکال ، بەکارهینانی مس‌و قورقوشم ــ کاری‌کردە سەر روودانی گوررانیك لەپەیوەندی بەرهەما . بەگویرەی ئەم پیویستیانە کەسورشت هینانییە پیشەوە کومونیستی بەرایی لەناوچوو . وەچەند چینیك پەیدابوو .

**لەناوچوونی کومونیستی بەرایی :**

بەخیوکردنی مەررو مالات لەجیاتی راوکردن یەکەم هو بوو بو لەناوچوونی کومونیستی بەرایی ، وە بویەکەم جار ئەوتیرانەی کەزەوی‌و زارەکانیان دەولەمەندبوو بەجیگالەوەرر دەستیان‌دایە بەخیوکردنی ئاژەل ( ئەمەبەتایبەتی لەم بەرو ئەوبەری روبارە گەورەکان لەخواروی روژئاوای

---

**(١) کارل‌مارکس وە فردریك‌انگلز : لیکولینەوەی فەلسەفە .**



1977

ئاسیاو هیندو گومەکانی ئاموداریاو سیرداریا ـ تورکستانی روسی ـ و دجلەو فرات ) .

وەئەم تیرانە ئاژەلیان بەخیوئەکرد بەتایبەتی بوشییرو گوشتو چەرمو خوری ، بەم‌هویەوە شتی ئامادەکراویان هەبوو بوبەکارهینان ، بەلام ئەوتیرانەی ئاژەلیان بەخیونەئەکرد بی‌بەش‌بوون لیی . کەواتە بویەکەم‌جار بەخیوکردنی ئاژەل کومەلی دابەش‌کرد بەسەر ئیشا ، وەپیش ئەمە گوررینەوە ( المقایضة ) لەنیوانی تیرەکانا شتیکی ریکەوت بوو و هیچ دەوریکی نەبوو لەژیانی کومەلەکانا ، بەلام دابەش‌بوونی ئیش لەنیوانی ئەو تیرانەی کەئاژەل بەخیوئەکەن وە هەروەها تیرەکانی‌تر ، گوررینەوەی ریکخراو کەوتە ناوانەوە .

دوای‌ئەوە دوەم هەنگاو لەگوررانی هیزی بەرهەم‌هینا دەرکەوتنی کشتوکال بوو ( لەپیشا بیستان ، ئینجا دانەویلە ) ، خواردەمەنییەکی هەمیشەیی پەیداکرد .

هەروەها لەم‌دمەدا جولایی داهینرا ، خورییان بەرکائەهینا بوچنین ، لەپاشا مروڤ فیری توانەوەی مس‌و قورقوشم بوو ، بەلام ئاسن دوابەدوای ئەمەدوژرایەوە ، چەکو قاپو قاچاخیان لی‌دروست‌ئەکرد .

**یەکەم دابەش‌بوونی کومەل بەچەند چینیکەوە :**

دوای‌ئەوە بەرهەمی ئیش زوربوو و مروڤ زال‌بوو بەسەر سورشتاو هەولی حەسانەوەی پاشەروژی‌دا ، بەلام ئەم‌هیزی بەرهەمە نوی‌یە بوکومەل تی‌پەرری‌کرد لەرادەی کومونیستی بەرایی .

فرەبوونی هەمولقەکانی بەرهەم — بەخیوکردنی ئاژەل ، کشتوکال ، شتومەکی ناومال — توانایەکی وایدا بەهیزی ئیشی ئادەمیزاد بەجوریك کە کاریکردەسەر زوربوونی بەرهەم ، وەهەر لەوکاتەدا ماوەی ئیش‌کردنی هەمو کەسیکی تییرە ، یا ناومال ، وەیا خیزانیکی جیابوەوە زیادیکرد ، ئیشی‌نوی بووبە شتیکی پەسەندکراو ، ئەمەجەنگی هینایەپیشەوە ، بەمجورە ئەوانەی لەجەنگا دەس‌بەسەرئەکران ئەیان‌کردن بە ( بەندە (١) . وەدابەش‌بونیکی فراوانی کومەل بەسەر ئیشا ، بویەکەم‌جار کومەلی‌کرد بەدوو چینەوە :

ئاغاو بەندە ، چەوسینەر ، وە چەوساوە (٢) .

بەندەکان بەبیگانە دائەنران لەوکومەلەدا ، وە بەشیکی جیاوازبوون .

بەلام گوررانی هیزی بەرهەم‌هین‌و پەیدابوونی بەندە بووبەهوی نەمانی یەکسانی لەنیوانی ئەندامی کومەلەکاندا ، بەتایبەتی لـەنیوانی پیاو و ژندا .

« هەمیشە شت‌پەیاکردن پیشەی پیاو بوو ، هەرپیاوبوو ، شتی دروست‌ئەکردو کەرەسەی ئیشی هەبوو ، وە میگەلە مەررومالات ریگایەکی نوی‌بوو بو قازانج ، چ بەخیوکردن وە چ ئیشك‌گرتنی ئیشی پیاوبوو ، لەبەرئەوە هینی‌خوی‌بوو وە ئەوەیشی بەوهویەوە دەستی ئەکەوت وەك شت‌ومەك بەندە ، ئەگەررایەوە بوخوی ، وەهەمو بەرهەمیك بوپیاوبوو ، ژنیش بەشداربوو لەگەلیا بی‌ئەوەی هیچ‌بەشیکی تیاهەبی (٣) » .

---

(١) نەندە = کویلە = عەبد .
(٢) فردریك انگلز : نەژادی خیزانو ملکییەتی تایبەتی‌و ولات .
(٣) فردریك انگلز : نەژادی خیزانو ملکییەتی تایبەتی‌و ولات .

دوای‌ئەوە یەکسانی نەما لەنیوانی سەروکی خیزانەکانا ، وە ئەمە دابەش‌بوونی ئیش یارمەتی‌دا بەهوی گوررانی گوررینەوە ( المقايضة ) .

بەرکارهینانی ئاسن هاتەپیشەوەو بوونە هوی زوربوونی کەرەسەو شت‌ومەك ، دروست‌کردنی گاسن کاری‌کردە سەر زوربوونی کشتوکال .

« وەئیتر لەپاشا مروڤ نەی‌ئەتوانی بەتەنیا ئیش‌بکا لەبەر زوربوونی جوری ئیش ، لیرەدا دووبارە دابەش‌بوونیکی گەورە پەیدابوو لەئیشا : جیابونەوەی جولایی لەکشت‌وکال (١) » .

« وەبەتەنیشت جیاوازی لەنیوانی سەربەستەکان‌و ( احرار ) بەندەکانا جیاوازییەکی نوی پەیدابوو لەنیوانی دەولەمەندو هەژاردا — لەگەل ئەم‌بەشەتازەی ئیشدا دابەش‌بوونیکی‌تر پەیدابوو ، ئەویش بوونی کومەل بەچەند چینیکەوە . کەم‌و زوری مال‌و سامان لە نیوانی سەروکی خیزانە جیابوەکاندا کومونیستی بەرایی‌و ئیشی هاوبەشی لەناوبرد ، وەخیزانە تایبەتییەکان زەوی‌یان پی‌درا بوکشتوکال ، لەپیشا بوماوەیەك دوای‌ئەوە بوو بەهینی خویان بەیەکجاری (٢) » .

وەبەم‌جورە گەیشتن بەملکییەتی تایبەتی .

وەزوری ژمارەی دانیشتوان بووبەهوی زوربوونی بەرهەم و فرەبوونی پەیوەندی لەنیوانی تییرە جیاوازەکاناو یەکگرتنیان ، ئینجا

---

(١) فردريك انگلز : نەژادی خیزان‌و ملکییەتی تایبەتی‌و ولات .

(٢) فردريك انگلز : نەژادی خیزان‌و ملکییەتی تایبەتی‌و ولات .

وردەوردە گەل پەیدابوو . لەلایەکیترەوە لاوازبوونی کومونیستی بەرایی‌و بەرزی‌و نزمی لەنیوانی ئەندامەکانیا ، بەتایبەتی بەکارهینانی بەندە بەشیوەیەکی بلاو ، ئەمانە هەموی بوو بەهوی پیکهاتنی ولات بو ژیردەستکردنی چینی چەوساوە لەلایەن چینی چەوسینەرەوە .

وە لەژیر تەوژمی هیزی بەرهەمهینا ، یاسای کومونیستی بەرایی لەناوچوو ، وە جی‌ی‌چول‌کرد بوکومەلیکی نوی‌ی پیکهاتوو لەچەند چینیك .

دوژمنانی کومونست ئەلین کومەلی کومونیستی بەرایی هەرگیز نەبوە ، وەئەلین کەگوایا ملکییەتی تایبەتی‌و بەش بوونی کومەل بەچینەوە هەرهەبوە لەگەل پەیدابوونی کومەلا ، ئەمانە هەول‌ئەدەن بوئەوەی دەری‌بخەن کە ملکییەتی تایبەتی جیانابیتەوە لەسورشتی ئادەمیزادو نابی جوریکی‌تری لی‌پەیداببی ، وەکومەل هەمیشە لەمەوبەر دابەش‌بوە بەچەند چینیکەوەو بەبی‌چین شتیکە برروای پی‌ناکری . بەلام برروانەکردن بەبوونی کومونیستی بەرایی هیچ‌نیە ئەوەنەبی کە بورجوازیەکان‌و کلکەکانی یەرەنگاری کومونیستی نویی پی‌ئەکەن لەبەر سوودی‌خویان . مارکس‌و انگلز لەسالی ١٨٤٥دا لەکتیبی « الاتجاه الفکر الالمانی »دا دەربان خستوە کەوا کومونیستی بەرایی یەکەم شیوەی کومەل‌بووە . دوای‌ئەوە زانای ئەمەریکی « مورغان » پاش ( ٣٠ ) سال بەشیوەیەکی سەربەخو گەیشتە ئەنجامی لیکو لینەوەکانی مارکس‌و انگلز ، پاش لیکولینەوەیەکی دریژ دەربارەی تییرە کیویەکان‌و ( متوحش ) نیوەکیویەکان لەئەمەریکاو جزیرەکانی دەریای هادی . وەتائیستاش کومونیستی بەرایی لەناوهەندی گەلا هەبە ، کەلەشیوەی کومونیستی کشتوکالان ، ئەمانە بەهەمویانەوە بەشدارن لەوزەوی‌یەدا ، وەهەر ئەندامە بەشی‌خوی وەرئەگری بوئەوەی

بوماوەیەك بەئارەزووی‌خوی ئیشی تیابکات ، بی‌گومان لیرەدا بومان‌ـ دەرئەکەوی کەکومونیستی بەرایی یەکەم پلەی دەست‌پی‌کردنی گوررانی هەمو گەلانە .

---

## بو سیادەتی بالیوزی سوفیتی بەریز

دوای سلاو و ریزگرتن

یانەکەمان گوڤاریکی زانستی ئەدەبی بە زمانی کوردی دەرئەکات بە ناوی « هیوا » وە . هەروەها لەیەکیتی سوڤیتیش چاپکراوی کوردی هەیە وەك روژنامەی کوردستان‌و ریا تازە ... هتد .

ئیمە بە پیویستی ئەزانین کە کوردی عیراق‌و کوردی یەکیتی سوڤیتی هەمیشە پەیوەندیان هەبیت پیکەوە بو پیش‌خستن زانیاری کوردی . لەو باوەررەداین کە ئەتوانین بەئالوگورری ئەم چاپکراوانە ئەم مەبەستە بنینە دی .

سوپاستان ئەکەین ئەگەر ئاگادارمان بکەن لە ناونیشانی ئەوانەی ئەیانەویت لەم‌رووەوە هەروەوەزمان لەگەلا بکەن .

## بو بالیوزی کوماری عربی یەکگرتوو

دوای سلاو و ریزگرتن

یانەکەمان گوڤاریکی هەیە بەناوی « هیوا » وە کە گوڤاریکی ئەدەبی‌و زانستیە . جاران پیش شوررش ئەم گوڤارەمان ئەنارد بو برا کوردەکانمان لەسوریە بەلام پییان نەئەگەیشت وە ئیمەش بە هوی باری سیاسی ئەوسای عیراقەوە خومان بیدەنگ ئەکرد لیی . بەلام ئەوەی سەرسامان ئەکات ئەوەیە کە ئیستاش پییان ناگات !!.

ئەگەر توانیتان هەول بدەن بو نەهیشتنی ئەم تەگەرەیە زور سوپاستان ئەکەین بو ئەوەی برا کوردەکانی سوریەمان بی‌بەش نەبن لەخویندنەوەی چاپکراوە کوردیەکانی عیراق .

خوشیتان

**رشید عارف**

**باوەرپیکراوی یانەی سەرکەوتن**

# شورشی ئوکتوبەرو مەسەلەی کورد

« پاشماوە »

جاری ۹۰۰ ملیون دانیشتوانی لەسی‌یەکی سەرزەمینەکەماندا ئیستا لەسەر روناکی شورشی ئوکتوبەر وەك یەك پارچە پولای توکمە ئەرون بو پیشەوە بەهەنگاوی دیوانە کە بەئەقلی داناترین زانای سەرمایەدارەکاندا نەئەهات .. وە نزیکەی ملیاریکی تر لەدانیشتوانی سەرزەمینەکەمان رزگاری بوە لە کوتو زنجیری ئیمپریالزم وە کەم و زور ئەوانیش ئەرون بو پیشەوە بو لەناوبردنی ئیمپریالزمو هینانە دی اشتراکیەت ، لەسەر روشنایی شورشی ئوکتوبەر .

میلەتی کورد ، کە دراوسی نزیکی شورشی ئوکتوبەر بو ، ئەویش بەپی‌ی وەزعی ئەوسای تا رادەیەك ئەم شورشە گەورەیە جولانی ، وە خوینیکی تازەی هاویشتە گیانی جولانەوە نیشتمانیەکەی کە لەسەرەتادا بو ئەمە سەرەرای ئەوەی کوردستان ، بەهوی ئەوەی کە لەژیر تاریکی دەرەبەگیەتو زولمی عوسمانیا ئەژیا ، وە لەپاشا زوری رولەکانی بون بەچاوگەی شەرر لەجەبهەکانی قەفقاسو ئەوروپادا وە ولاتەکەی ویرانو دارزابو لەگرانیو برسیەتیدا وە میلەت چەواشە بوبو .

بەلی سەرەرای ئەمانە ، میلەتەکەمان تی کوشا بەرامبەر داگیر کەرە روژئاواییەکان کە ، دوایی مەسلەحەتی بازاری تەماعیان وای هینا کە ولاتەکەمان دابەش بکەن بەو شیوەیەی کە کردیان .

پیویستە لیرەدا هەندی شت رون بکەینەوە ، کە زور جار زورنای

استعماریەکان بلاویان کردوتەوە دەربارەی مەوقفی یەکیتی سوڤیات‌و لینین بەرامبەر بە دابەش کردنی کوردستان .

« ئەویش گوایا لنین ، تأییدی ئەمەی کردوە » بەو بەلگەیەی کە تأییدی ئەتاتورکی کردوە لەتی کوشـــانیا بەرامبـــەر بە امپریالستەکانی فەرەنسـەو انگلیز .

جاری ئەلین هەر یەکیتی سوڤیات بو کە پەیمانی سایکس بیکوی خستە رووەوەوئاشکرای کرد وە پیلانی امپریالستەکانی انگلیزو فەرەنسەو قەیسەری دەرخست بو دابەش کردنی روژهەلات‌و ولاتانی عەرەب کە بەرهیچ کلوجیك ناوی کوردی تیا نەبو ، واتە ، هـــەر بەنەبوو دابەش کراویان دانابو .

هەروەها ، بەلی ، لنین چالاکانە پشتی اتاتورکی گرت ، نەك بوچەـ وساندنەوەی میللەتی کوردو ئەرمەن‌و داگیرکردنی ئەسکەندەرونە بەلکو بو رزگارکردنی ولاتەکەی لە دەست دریژی استعماریەکان .

وە هەمو ، ئاگاداریك ، ئەزانی ، کەیەکیتی سوڤیات هـــەمیشە لایەنگیری هەمو میللەتیك بوە لەتی‌کوشانیا بەرامبەر استعمار ، هەروەها زدی هەمو چەوسانەوەو ئازرادانیکی میللەتانی تریش بوە .

هـــەر ئەو بو ، بەتەنهـــا ، لە « عصـــبة الامم » داوای هـــەقی « حەبەشە »ی ئەکرد ، هەر ئەوبو داوای رزگاربونی مستعمراتەکانی ئەکرد هەر ئەوبو داوای لەناوبردنی فاشستیەتو نازیەتی زورداری ئەکرد ، وەکو کردی .

بەلی هەر ئەوبو ، بەقەدەر توانا ، یارمـــەتی گەلی کوردی‌دا بو پیکەوەنانی یەکەم جەمهوریەتی لە مەهابادا .

کەوابو با بە پەنگ بن ، وەکو بون ، ئەوانەی ئەم درو و دەلەسانە ئەنین بەقەلای ئازادی گەلانەوە ، کە بەمە ئەیانەوی زولو زور داری داری استعماری ئاغایان بشانەرنەوە بەرامبەر میللەتی کوردو هەمو میللەتانی جیهان .

✻ ✻ ✻

وتمانو ئەولیین یەکیتی سوڤیات راستترینو بەهیزترینی پشتکیری کوردو هەمو میلەتانی جیهانە بو ژیانی ئازادیو یەکیتی خویانو ئیمەش قوتابیانی شورشی ئوکتوبەر لەعیراق ، بەمەمان وتوەو دووبارەو سی بارەو هەزاربارەی ئەکەینەوە ، چونکە ئەمە یەکیکە لەبروا بنچینەییەکانمان ، کە تی‌کوشانە لەریی یەکگرتنو ئازادی هەمو میللەتیکدا ، بەتایبەتی میللەتی خومان .

بەلام ئایا بیروباوەری شورشی ئوکتوبەر چ ریگایەکی بو داناوین تا بگەینە ئەم ئاواتەو لەم ئاواتەشمان زیاتر ؟؟.

یەکەم : بوی داناوین کە ئیمە ، ئیستا لەعیراق ئەژین ، ئەبی تی‌بکوشین لەگەل هەمو میللەتی عیراق کە ئازادی ئیمەو هەمو دانیشتوکانی عیراقی تیادایە . وە ئەبی بزانین کە یەك چینی کریکار هەیە لەعیرقدا وە ئەوەی نایەوی ئەمە بزانی ، باهیچ‌نەبی سەیری وثیقەکانی وەزارەتی کاروباری کومەلایەتی‌و ئاوەدانکردنەوە و مدیریەتی ئیشو ضمانی کومەلایەتی و مدیریەتی شارەوانیەکان .. هتد بکات .. ئەو چینە کریکارەی کە تەنها بو زیاد کردنی روژانەی دەیان قوربانی داوە .

یەك چینی کریکار هەیە لەعیراقدا بی جیاوازی نەتەوە یا زمان یا دین . هەروەها سەیری چینی کریکاران ناکری بەپی‌ی ناوچە یا نەتەوەکەی ، بەلکو سەیری ئەکری بەپی‌ی تواناو دەوری لەژیانی ئابوریو کومەلایەتیو سیاسی ولاتدا . چونکە زور کەس ئەزانی کـە شورشی ئوکتوبەر کرا لەروسیا چینی کریکار لەچەند شاریکی گەورەی روسیادا کو بوبوەوە ، ئیتر زوری ولاتەکانی لەژیانی دەرەبەگیو کوچەریدا ئەژیا ، هەروەها چینو هندستانو گەلی شوینی تر ، بەلام ، کریکارانی قالی مەیدانی خەباتو جەنگی ئازادی وەکو کریکارانی روسیانەك تەنها خویان رزگارکرد بەلکو بەو هیزە شورشگیرە بوزرگەیان میللەتانی دواکەوتوی روسیاو هەمو دنیایان لەخەو هەلسانو پەلیان گرتن بو ژیانیکی کامەرانی .

کەوابو ئەبی یەکیتی چینی کریکارانو یەکیتی پیشرەوەکەی ، وەکو بیلیلەی چاو بپاریزین لەهەمو بەیتو بالورەیەکی چەوت وە لەهەمو کاریکی ناهەمواری دوژمنە چینیەکانی ، چونکە ئەبی ئەوە بزانین ، کـە هیزو تی‌کوشانی کریکاران ، بەردی بناغەی هـەمو ئازادیەکە لـەم قوناغەی ئیمروی هەمو جیهانا .

دوهەم : ئەبی ئەوە بزانین کە مەسەلەی نیشتمانی کورد ، بەشیکە لە مەسەلەی ئازادی هەمو میللەتانی روژهلات ، بەتایبەتی میللەتانی عەرەب ، وە هەمومیللەتانی ئاسایش خوای دنیا . چونکە بهیزترین هیزی ئازادی ئیمرو لەروژهەلاتا ، بو پاکردنەوەو رامالینی استعمار ، هیزی گەلانی عەرەبە ، کە ئیمە ئەبی ئەوپەرری پشتگیری و هاوکاری

بکەین لەم جولانەوە میژوی‌و موضوعیە کە خوی سەپاندوە بەسەر میژوی ئیمروی عالەمدا و هەچ بیروبارەریکی دورەو پەریزی ، یا گومان بەرامبەر جولانەوەی گەلانی عەرەب ، زەرەریکی گەورە ئەبەخشی بەوسەلای ئازادی گشت میللەتان‌و میللەتی کوردیش ، جونکە مەسەلای ئازادی یەك بەشەو جیا ناکریتەوە .

سیهەم : ئیستا پاش سەرکەوتنی گەلی عیراق لە ١٤ تەموزی نەمرا ، وە دامەزراندنی جەمهوریەتەکەمان ، پیویستی هەرە گەورەمان پاراستن‌و پیش خستنی جەمهوریەتەکەمانە بەشیوەیەکی سەربەست‌و دیموکراتی .

ئیمە لەسەر روناکی بیروباوەری ئوکتوبەر ، دەمی سالە وتومانە کەئازادی میللەتی کورد ، یا میللەتی عەرەب لەعیراقدا ، وەستاوە لەسەر یەکیتی تی‌کوشانی هەمو گەلی عیراق ، وە میژو لەتاقی کردنەوەی ١٤ تموز ئەمەی بەئاشکرا سەلماند . ئیمیروش لەهەمو روژی زیاتر ، ئەلین کە نزیك بونەوە لەهەمو ئامانجە پیروزەکانی میللەتی کوردو عەرەب وەستاوە لەسەر یەکیتی تی‌کوشانی هەمو گەلی عیراق بی جیاوازی لەپیناوی پاراستن‌و بەهیزکردنی جەمهوریەتەکەمانا . .

ئەم یەکیتەش لەسەر یەکیتی کومەلو تاقمە نیشتمانیەکان وەستاوە لەبەرەیەکی نیشتمانی‌دا ، کە بەتەواوی نوینەری ئامانجە پیروزەکانی گەلەکەمان بی بەتەواوی ، نەك ئەو باسانە بخریتە مەیدانەوە کە هیزە نیشتمانیەکان خویان جیاوازیان لەسەر هەیە .

ئەوەش بزانن بەهێزبونی بەرەی نیشتمانی ، لەسەر خەباتو هیزی گـەلی میلەت و چینی کریکـاران وەسـتاوە لەریی سـەربەسـتیو دیموکراتیەتدا .

کەوابو بویە شعاری ئیمرومان ئەوەیە « بژی بەرەی نیشتمانی یەکگرتو بو پاراستنی جەمهوریەتەکەمان بەشیوەیەکی دیموکراتی ئازاد » .

با هەر لەشەکانەوەدابیت ، ئالای ئوکتوبەری بەرز ، ئالای گەلانی خەبات کەری هەمو جیهان .

**احمد غفور**

---

**عبدالامیر منصور**

**لە مخزنی عبدالامیر منصور هەرزانیە ، شتی زورباش بەکومەلو بەدانە چنگ ئەکەویت : قوماشی خوری چاك ، پیلاوی ئنگلیزیو ئیتالی ، هەمو جورە بوینباخیکی جوان .**

**لەبیریشت نەچیت باشترین بەرگدروە لەسەر تازەترین شیوەی نوی .**

---

**بو سەروکی دەستەی بەریوەبەری کومەلەی**
**قوتابخانە فەیلیەکان**

دوای سلاو و ریزگرتن

لەبەر ئەوەی خویندنی زمانی کوردی زور پیویستە لە قوتابخانە کانتانا . ئامادەین کە ماموستایەکتان بو بنیرین بو وتنەوەی دەرسی کوردی.

تکایە بەزووترین کات ئاگادارمان بکەن لەرای خوتان تاکو ئیمەش بەفرمانی پیویست هەلسین .

خوشیتان

**باوەرپیکراوی یانەی سەرکەوتن**

# قوتابیانی کوردستان

**ئاشتیو زانستی**
**بەختیاریو زانیاری**
**(( م . س )) ناردویتی**

پیش شوررشی چواردەی تەموز لەدەوری رژیمی پاشایەتی بوگەنی گورربەگورردا ، دەوری زورداریو چەوسانەوەو دەربەدەری . نیمەی قوتابی هەزاران جور ناخوشیو سزاو تالمان چەشت ، زور لەبرا قوتابیە تیکوشەرەکانمان خرانە ناو بەندیخانەکانی دەستەی نوکەرانی ئیمپریالیزم ، بە دەیان لەسەر جادەکان بەگوللەی زورداری نارەوایی پیکرا . بەلام خەباتو تیکوشانمان سەخستتر ، هیزی بەرگریو کولنەدان لەدلمانا جیگیرتر ئەبوو . لە پیناوی هینانەدی ئامانجە پیروزەکانمان ، بەسەرکردەی یەکیتیە پیشرەوەکەمان . بەلام دوای شوررشی پیروزی چواردەی تەموز ، شوررشی روخینەری ئیمپریالیزمو حکومەتی کونەپەرستی عیراق ، تیکدەری گەورەترین قەلای پیلانو فررو فیلی ئیمپریالیزم لەروژهەلاتی نزیکو ناوەرراستدا ، شوررشی سوپای قارەمان بە هاوبەشیو پشتگیری گەلی کوردو عەرەب . دوای ئەم شوررشە ئامانجی قوتابیانی کوردو عەرەب هاتە دی لەعیراقدا کە بریتی بوو لەدواروژیکی باشو ژیانیکی خویندەواری سەربەستو قوتابیان ئیستا لەسایەی جمهوریەتی

خوشەویستدا بەسەرکردەی پالەوانی نەبەزی رزگارکەری گەل عبدالکریم قاسم ئەتوانن داخوازیەکانی خویان داوا بکەن ، سەربەست بیرو باوەڕیان دەرخەن وە لەکارو باری قوتابیان بدوین بە ئاشکرا .

جاکەوابو جمهوریەتی خوشەویست ئـەو ئاواتە پیروزەیە کـە قوتابیانی کوردو عەرەب لەگەل گەلەکانیان لەمیژەوە تیکوشاون لەریدا . بو گەیشتن پیی هەزاران قوربانیان داوە .

بی‌گومان ئیمەی قوتابیانی کوردستان شان‌بەشانی قوتابیانی عرب هەمیشە هاوپشتی جوولانەوەی رزگـاری هینەری هـەردو نەتەوەی کوردو عەرەبمان کردوە . ئەو جولانەوەیەی کە بە هویەوە ئەم جمهوریەتە ئازادە دروست بووە ، بە شانازیەوە ئیمەی قوتابی سەربازین بوپاراستنی‌و بەهیزکردنی .

خوشکو برای قوتابی : لەم کاتەدا دەرگای قوتابخانەکان ، مەلبەندی زانیاری‌و کامەرانی ئەکریتەوە بو قوتابیانی تیکوشەر وە سالیکی خویندنی نوی دەست پی ئەکا کە زور جیاوازی لەسالانی خویندنی رابوردومان ، سالیکی نویی پرر لە ئاشتی‌و زانیاری‌و بەختیاری . ئەبی بەوردی بیر بکەینەوە لە دواروژە روناکەی کە ئیستا تیشکی دەرکەوتوە بە هوی ئەم جمهوریەتەوەو روژ بەروژ روناکتر ئەبیتەوە . پیویستە بزانین کـە خویندنی ئەمسالمان بەپیچەوانەی سالانی پیشو لەژیر سایەی ئازادی‌و سەربەستیدان و ژیانی خویندنمان ژیانیکی قوتابیانەی سەربەستە . هەر وەها جمهوریەتەکەمان داخوازیەکانمان دینیتە دی‌و چرایەکی روناکە کە روژبەروژ ژیانی خویندەواریمان روناکتر ئەکاتەوەو ئاوات‌و ئامانجمان

دەست ئەخات . ئیمەی قوتابیش پیویستە سالی تازە ، سالی سەربەستیو بەختیاری بەرویەکی خوش‌و گیانیکی خویندەواری بەرزەوە باوەرویکی بە هیزی نیشتمان پەروەرانەوە بەخیرهاتن بکەین ، بە هەمو تواناکانەوە هەول بدەین لەژیر سایەی جمهوریەتدا ، بو برایەتی‌و دوستایەتی بو بەرزکرد نەوەی پلەی زانستی‌و زانیاری لەنیو گەلی کوردو عەرەبداو بە بوونە قوتابیەك کە گیانی نیشتمانپەرەوری‌و خویندنی راست‌و رەوان بلأو بکەینەوە لەنیو قوتابیان‌و گەلدا .

قوتابیانی کوردستانی بەریز : ــ لەم کاتە پیروزەدا کە دەست ئەکەنەوە بە خویندن لەقوتابخانەکاندا لەژیر سیبەری ئەم سەربەستەدا یەکیتیەکەتان پیروزبایی گەرمی خوی پیشکەشتان ئەکات وە لەکانگای دلیەوە داواتان لی ئەکات کە ئەم پیویستیانە بەجی بهینن :

١ ــ هەول بدەن بو پاراستنی جمهوریەت‌و بەهیزکردنی بە چوونە ناو بەرگری میللیەوە و بوونە پیشمەرگەی جمهوریەت وە هەول‌بدەن دووبەرەکی‌و ناکوکی ناو قوتابیان نەمینیت .

٢ ــ بەربەرەکانی ئیمپریالیزم‌و نوکەرەکانی بکەن لەناو دەرەوەی عیراقدا بو ئەوەی بتوانن ئاشتی جیهان بپاریزن وە نەهیلن دوژمنانی گەل دەست بخەنە ناو ئیشو کاری جمهوریەتەوە ، ئەم بەربەرەکانیەش پیویستی بە بەهیز کردنی برایەتی راستە قینەی قوتابیانی کوردو عەرەب هەیەو پیویستی بە لەناوبردنی هەمو جورە پرروپاگەنتەیەك کە ئەم برایەتیە بی‌هیز بکات .

٣ ـ گوی‌دانه خویندنی راست وه‌کوشش کردن له خویندندا بو ئه‌وه‌ی بتوانین ببینه چرایه‌ك که گه‌لی کوردو عـه‌ره‌ب له شه‌وه‌زه‌نگی نه‌فامی‌و نه‌خوینده‌واری رزگار بکه‌ین وه یاریده‌یه‌کی گـه‌وره‌ی جمهوریه‌ت بده‌ین به‌ربه‌ره‌کانی نه‌خویـنـده واری ، بوئه‌مـه‌ش پیویسته گوی راگرنه فرمانی ماموستایان‌و ریزیان بگرن‌و هه‌میشه په‌یوه‌ندیتان له‌گه‌لیان به‌هیز بکه‌ن له‌سه‌ر سیوه‌یه‌کی برایه‌تی‌و ریزی یه‌کتری ، هه‌رچی ناکوکیه‌ك له‌نیوانی قوتابی‌و ماموستادا هه‌بیته به‌هوی رژیمی کونه‌وه دروست بوه لای به‌رن .

٤ ـ هه‌ول‌دان بو به‌رزکردنه‌وه‌ی گیانی وه‌زرش‌و هونه‌ر له‌نیو قوتابیاندا گوی‌دان پیان به‌شیوه‌ك که‌ببنه هوی به‌رزکرنه‌وه‌و فراوان کردنی بیری قوتا بیان‌و به هیزکردنی برایه‌تی‌و یارمه‌تی له‌ناویاندا .

٥ ـ بوونه نمونه‌یه‌کی قوتابی ره‌وشت چاك‌و راست له‌نیو قوتابیانداو هه‌ولدان بو یه‌کگرتنی قوتابیان‌و به‌هیز کردنی یارمه‌تی له‌نیوانیانداو برایه‌تی‌و دوستایه‌تی قوتابیانی عرب له‌سه‌ر شیوه‌ی راسـتـو یه‌کسـخـستنی خه‌باتمان له‌گه‌لیاندا بو به‌هیزکردنی جمهوریه‌ت .

ئه‌ی قوتابیانی کوردستان : یه‌کیته‌که‌تان داواتان لی ئه‌کات لـه به‌بی جیاوازی بیروباوه‌ررو ئاینتان کوبنه‌وه له‌ده‌وری چونکه یه‌کیتی پیویستیه‌کی میژوییه که زروفی تایبه‌تی ئیوه‌ی قوتابیانی کوردستان سه‌پاندویه‌تی ، هه‌ول بده‌ن له‌ژیر ئالایدا بو پاراستنی جمهوریه‌ت ، بو هینانه‌دی ئامانجی قوتابیانی کوردستان‌و هه‌مو قوتابیانی عیراق ، له‌ریی یاریده‌و یارمه‌تی‌ی قوتابیانی کوردستانی تیکوشه‌ری به‌ستراو به تورکیاو

ئیرانەوە کە لەهەمو جورە مافیکی مروڤایەتی‌و قوتابیانە بی‌بەشن وە بوئەوەی بتوانین لەژیر ئالای بەرزی یەکیتیدا دەنگمان بگەیەنین بە قوتابیانی جیهان وە تیکوشین شان‌بەسانی قوتابیانی عرب‌و هەمو جیهان لەریگەی یارمەتی گەلانی ژیردەست وەك جزائری تیکوشەرو اردن‌و هەمو ولاتانی ژیر دەست ئیمپریالیزم .

ئیتر بو پیشەوە بو یەکگرتن وکوبوونەوە لە دەوری یەکیتی بو رویشتن لەژیر سایەی جمهوریەتدا بەرەو ئامانجی قوتابیان‌و نەتەوایەتیمان .

بژی جمهوریەتی کوردو عەرەب - بژی ئاشتی لەجیهاندا - بژی یەکیتی قوتابیانی جیهان .

**نامەیەك بو کومەلی قوتابیانی کورد لە ئەمریکا**

ئەندامانی پیکهینەری کومەلی قوتابیانی کورد لەئەمریکا - برایانی خوشەویست سلاوی گەرمی تیکوشان .

دامەزراندنی کومەلە تیکوشەرەکەتان ، وەلامیکی راستەقینەی ئەو پیویستیە میژوینەیە کە کەوتوتە سەرشانی هەموو قوتابیەکی روشن- بیری کوردستان . لەم کاتەدا کە جولانەوەی رزگاری‌هینەری میللەتان پەرەی سەندوەو هیزی دیموکراسی پەیتا پەیتا تیری ئاراستەی جەرگی ئیمپریالزم‌و کونەپەرستی ئەکات ، وەکو هەموو گەلانی ئازادخوازی جیهان ، گەلی کوردی نەبەزیش راپەریوەو کەوتوتە خەباتیکی سەخت لەپیناوی : ئاشتیەکی بەردەوام‌و ژیانیکی باشتر لەکوردستانیکی ئازادا .

وه ئەم هەنگاوه بەجەرگەی ئیوه بو پیکهینانی کومەلیکی تیکوشەر لەپیناوی خزمەتی کوردستاندا بەلگەیەکه بو ئەو راپەرینو خەباته سەختە .

یەکیەتی قوتابیانی کوردستانی عیراق که ماوەی پینج سال زیاتره دامەزراوه ، وه لەدەوری گوربەگورری کوندا توشی سەدان ئازارو ئەشکەنجه هات ، خوی بە بەختیار ئەزانی لەدەوری دیموکراسیو سەربەستیدا به ناوی قوتابیانی کوردستانی عراقەوه پیروزبایی ئەم هەنگاوه پیروزەتان بکات وه بەلینتان بداتی کە هەمیشە ئامادەیه بو پشتگیریو یارمەتیتان وه تیکوشانی هاوبەشی لەپیناوی ناسینی گەلی کوردو گەیاندنی دەنگی بەگەلانی جیهان وه بو هینانەدی ئامانجەکانی قوتابیانی کوردستان .

برایانی بەریز

لەسەر ئەو بریارانەی کونفراسی دووەمی یەکیتیەکەمان دای بو پەیدا کردنی پەیوەندیەکی بەهیز لەنیوانی یەکیەتیکەمانو قوتابیانی کورد که لەوولاتانی بیگانه ئەخوینن . ئەنجومەنی بەریوەبەری یەکیەتی بریاریدا : داوای پەیداکردنی پەیوەندیەکی بەهیزتان لیبکات لەگەلیا بو گورینەوەی زانیاریو بیروباوەر وه یارمەتی دانی یەکتر بەنوسینو گورینەوەی گوڤارو نامیلکەو هەموو کاریکی سودبەخشی تر .

برایانی خوشەویست :

یەکیەتیمان پەیوەندی بەهیزی هەیه لەگەل کومەلی خویندکارانی کورد لەئەوروپا وه هەمیشە نامەو گورینەوەی زانیاریو بیروباوەر

**مەدالیای هیوا :**



لەژمارە دوانگزەی سالی یەکی ئەم گو ڤارەدا لەلایەررە ٧١ دا یەکەم گرەوی چیروکی سەرشانومان بلاو کردەوە ، گەلیك چیروکمان بو هات وە بریار وابوو کە لەم ژمارەیەدا ئەنجام بلاو کریتەوە ، بەلام لەبەر چەند فرمانیکی کوتوپرر لیژنە نەیتوانی لەکاتی خویدا کوبیتەوە بو ئەم مەبەستە وە ئیستا ئەو لیژنە تایبەتیەی کە دانراوە بو هەلبژاردنی ئەو چیروکانە خەریکی هەلبژاردنە . بە خوێندەوارانی خوشەویستی رائەگەینین کە لەژمارەی داهاتودا ئەنجام دەرئەخەین‌و چیروکە سەرکەوتوەکانیش بلاو ئەکەینەوە .

لەناودایە وە نامەیان بو ناردوین کە هەولمان بو ئەدەن ببینە ئەندام لە یەکیەتی قوتابیانی گشتی جیهان . بەراستی ئەم کارەیان جیی سوپاسیکی بی‌پایانە . وە هیواداریـن ئیوەش پەیوەندیان لەگەل پەیدا بکەن تاکو بەهەر سی کومەلە تیکوشەرەکەمان بتوانین ئامانجە بەرزەکانی قوتابیانی کوردستان بهینینە دی .

یتر بو پیشەوە لەپیناوی هینانەدی ئامانجی بـەرزی قوتابیانی کوردستان‌و نەتەوەی کوردی دلیردا .

**«م . س» ناردویتی**

# لەیانەی سەرکەوتنەوە

**بو سیادەتی بالیوزی سوڤیتی بەریز**

دوای سلاو و ریزگرتن

کومەلەکەمان « کومەلی ئاوازی کوردی » هەول ئەدات بو هاندانی گەنجە کوردەکان بو فیربوونی هونەری جوان ، ئەمانەویت پیتان رابگەینین کە پلەی موسیقاو هونەری کوردی تا ئیستا زور نزمە بە هوی نەبوونی پیویستییەوە بو پەرەپیدانی . جا ئەگەر ویستمان ئەم هونەرە پیش بخەین ئەوا پیویستە ری‌وشوین بو ئەو گەنجانە بدوزینەوە کە ئارەزوی فیربونی ئەم هونەرەیان هەیە .

ئەمررو ئیمە لەناو خوماندا ئەوەندە توانامان نیە کە بتوانین هوشی هونەری جوانی پی بلاوبکەینەوە . جا لەبەر ئەوەی بەشیکی زور لــە گەلی کوردو ئەرمەن لەکومارەکانی یەکیتی سوڤیتی ئەژین‌و لەویش مەجال هەیە بو ئەوان‌و هەمو نیشتمانیەکی‌تر بو بزوتنەوەی هونەری جوانیان ، زور سوپاستان ئەکەین ئەگەر هەول بدەن بو ئەوەی کومەلە کەمان توانای قوتابی ناردنی هەبیت بو یەکیتی سوڤیتی بو فیربوونی هونەری جوان .

خوشیتان

**رشید عارف**

**سەروکی کومەلی ئاوازی کوردی**

— ٩٦ —

# باوەڕپێکراوی هێوا

لە :

بەغداد : ـ ماموستا بەشیر موشیر ـ حیدرخانه .

سولەیمانی : ١ ـ رؤف معروف ـ خاوەنی کتیبخانای گەلاویژ .

٢ ـ محمد عارف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی زیوەر

٣ ـ محمد رسول ـ خاوەنی کتیبخانەی ئازادی

کەرکوك : ـ عمر بی کەس ـ شەقامی سیروان

هەولیر : ١ ـ قادر احمد خوشناو ـ خاوەنی نامەخانەی شوررش

شەقلاوە : ١ ـ مەخزەن سەفین ـ طه احمد خوشناو

٢ ـ نامەخانەی سەربەستی

کویە : ـ نامەخانەی کوردستان

رانیە : ـ عزیز صدیق ـ کوگای بیتوین

هلبجە : ـ سید حسین ئەمین

زاخو : ـ محمود حاجی احمد مکتب التحریر

قەلادزی : ـ نورالدین ملا صابر

رەواندز : ـ علی عبدالله : کتیبخانەی رەواندز

خانقین : ـ حبیب برزوو : کتیبخانەی سیروان

موصل : ـ سید علی ـ مکتة الامین ـ شارع النجفی

چەمچەمال : ـ محمد سعید عبدالرحمن ـ خاوەنی گوگای فەریاد

1997


بشرة الاطفال
شديدة الحساسية
حافظوا على اجسامهم
باستعمال
صابون
هناء
انتاج شركة استخراج الزيوت النباتية (شركة مساهمة)
« چاپخانەی نەجاح ـ بغداد »


1998

# گۆڤـاری هیوا

## ژماره(  ٦ ، ٧  ) ساڵی ٢ کانونی دووەمی ١٩٥٩

1999

2000




2001

# ناوو نیشانی هیوا

بەغداد شەقامی زەهاوی یانەی سەرکەوتن

تەلەفون ٢٨٤٠٥

خاوەنی ئیمتیاز یانەی سەرکەوتن

**مودیری مەسئوول : حافظ مصطفى قاضی**

سەرپەرشتی نوسین : هیمن

لەپوستەخانەدا تومار کراوە بەژمارەی ٤٩

**( ئابوونە )**

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونە بو دەرەوەی عراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابوونەی سالیکی لەعراقدا | ٠٠٠ | ١ |
| بو قوتابی | ٧٥٠ | ٠ |
| دانەی بە | ١٠٠ | فلسە |

پارەی ئابوونە پیشەکی ئەدریت

**وە بەم ناونیشانە ئەنیریت**

بغداد : الصالحية . ٤ب/٨٤

**( حافظ مصطفى قاضی )**

2002


# هیـــوا

گوڤاریکە بوبەختیاریو بەرزکردنەوەی پلەیزانیاریت تەرخانکراوە

ژمارە ـ ٦ ، ٧ ـ سالی ـ ٢ ـ کانونی دوەم ـ ١٩٥٩ ـ ٢٥٧٠ ك

## یەك بگرنەو هیزتان کوبکەنەوە

بو بەردەوامبونی تیکوشانو بەهیزکردنی لەپیناوی
سەربەخوییو یەکگرتنی نیشتمانی خوشەویستمان کوردستاندا




هــەمو نەتەوەیەك مافی سەربەخوییو یەکگرتنی هەیەو ئەبی قەوارەیەکی تایبەتی خوی هەبیت . هەمو گەلیك پیویستە بەرژەوەندی خوی بپاریزیتو بەتەنگ خویەوە بیت ، هەمو مروڤیك ئــەبی بو نیشتمانو نەتەوەکەی خوی تیبکوشیتو ریزی نیشتمانو نەتــەوەکانی تریش بگریت .

پیاوە گەورەکانی میژو ، ئەوانەی جیهان شانازیان پیوە ئەکاتو زوربەی زوری گــەلان ریزی بیروباوەررەکانیان ئەگرن ، لەمبارەیەوە گەلی تیبینیان هــەیەو هــەمو

یەکگرتنی نەتەوەکانو سەربەخۆییو دروستکردنی قەوارەیەکی تایبەتی بو خویان بــە قوناغیکی پیویست ئەزانن بو بەختیاریی مروڤایەتی . هەروەها زورەها لە کومەلەو کونگرە بەستراوەکانی جیهانیش ، وەك کومەلەی نەتەوە یەکگرتوەکانو گونگرەی باندونگ ، دانیان بەم مافانەدا ناوە .

ئیمەش نیشتمانیکمان هەیە پیی ئەلین کوردستان ، ئەم کوردستانە هی نەتەوەیەکە کە هەمو مەرجیکی نەتەوایەتی تیا هەیەو مافی سەربەخوییو ئازادیی هەیە ، بەلام ئیمپریالیزمی داگیرکەر بو سوودی ناشایستەی خوی چنکی تیخستنوەو کردویتی بە چەند پارچەیەکەوە . جا وەرن ئــەی رولەکانی کوردی دلیر ، وەرن خــەباتیکی سەختی بەردەوام بکەین بو یەکگرتنو یەکخستنەوەی پارچــەکانی کوردستانی خوشــەویستمان ، بەتایبەتی ئیمەی کوردی عیراق کە ئەمررو ئازادین با ببین بە مەشخەلیك بو پارچەکانی تر و بەگیانو مالەوە دەستی یارمەتییان بو دریژکەین . ئەوە حــەوت ملیون کوردە لەکوردستانی بەزور بەستراو بەتورکیــاوە ئەوپەرری سزاو ئازار ئەچیژن ، لە هەمو مافیکی نەتەوایەتی بیبەشن ، تەنانەت لەمافی مروڤایەتیش بیبەشنو ریگەیان نادەن کە بلین کوردین !!. پینج ملیونیش لەکوردستانی بــەزور بەستراو بەئیرانەوە شتیبیەکیــان لەوان گەرراوەتەوە . هەروەها نیو ملیونیش لە کوردستانی دراوەپال سوریەدا ..!!.

لەم بارەیەوە کومەلی خویندکارانی کورد لەئەوروپادا ، لەگونگرەی

سییەمیاندا کە لەمیونیخ ـ ئەلەمانیادا بەسترا بانگیکی پیشکەش بە هەمو گەلی کوردستان کرد کە ئەمە وینەکەیەتی :

(( برایانی خوشەویست ، رولەکانی کوردستان ! ئەی گەلی کوردی نەبەز !.

ئەی رولەکانی میدیاو صلاح الدینو کریم خانی زەند !.

ئەی رولەکانی بویژی نەمرمان ئەحمەدی خانی !.

ئەی رولەکانی شورشی شیخ سعیدو ئاگری داخو شیخ محمودو بەرزان !.

ئیوە کە ئالای کوردستانتان لە مەهابادو دەرسیمو سلیمانیدا بەرز کردەوە ! ئیوە کە قوربانیتاندا بەگیانی رولە نەبەزەکانتانو هەزارەها دەردو سـزاتان چیشت لەپیناوی سـەربەستیو بەختیـاریی نیشتمانەکەتاندا !. ئیوە کە میرات گری رەوشت شوررش گیری گەلەکـەمانن !. یەکبگرنو هیزتان کو بکەنەوە بو بەردەوام بونی تیکوشانو بەهیزکردنی لەپیناوی سەربەستیو یەکیتی نیشتمانی خوشەویستمان کوردستاندا )) .

بەلی ئەی رولەکانی گەلی کوردی قارەمان ، وەرن ئەمرو هەمو جیاوزیەکی بیروباوەرر کەلاخـەنو لەپیناوی یەکگرتنو سـەربەخویی نیشتمانەکەماندا یەکگرینو خەباتیکی سـەختی بەردەوام بکەینو رەگو ریشەی ئیمپریالیزم هەلکەنین . دلنیاش بن کـە هەمو گەلانی جیهانمان لەپشتەو زالیو سەرکەوتنیش هەر بو گەلانە .

# کوردی بوختان بوکراو

به پینووسی : ماموستا جـەمال نەبەز
وەرگیری لەعەرەبی‌یەوە فاتح عبدالکریم
لەروژنامەی ( الاهالی )یەوە وەرگیراوە

روژنامە کونەپەرستەکان لەم روژانەی دوایی‌دا دەستیان داوەتە هیرش‌بردن بو سەر باری ئیستای عیراق ، وە بەشیوەیەکی تایبـەتی دایان‌کوتاوەتـەوە لەسەر نەتەوەی کوردی بزوتوو . ئەمـەش شتیکی سەیرنیە ، چونکە لەو وەختەوە کە شورشە پیروزەکەی گەل بەسەرکردەیی رولەی نەبەزی گـەل عبـدالکریم قاسم سەر کـەوت ، وە داموەزگای ئیمپریالستی پاشایەتی پیچرایەوە ، ئیستعمارو نوکەرەکانی ئاگریان تی بەربووە وە بەشیوەیەکی فی‌دارانە هیرش ئەبەنە سەر کومارە تازەکەمان ، وە هەمو چەشنە بەندوباویك هەلئەبەستن لە زدی یاسای نیشتمانی عیراق ، بەشیوەیەکی گشتی ، وە لە زدی نەتەوەی کورد ، بەشیوەیەکی تایبـەتی .

ئەوی راستی‌بی ئیمە هەرگیز دل‌گران نابین لـە پروپاگـەندەی داگیرکەرو نوکەرانی ، چونکە رری‌و شوینی داگیرکەران دیاری‌یەو نیازە ناپەسەندەکانی‌یان ئاشکرایە . . بەلی ئیمە بەقەد سەرەمویەك گوی نادەینە ئەو درو و دەلەسەو بوختانە نارەوایانە کە ئیسگەی بەکری گیراوی تاران بلاوی ئەکاتەوە ، وە کردویەتی بە بەلگە بو ئەوەی ( گوایا ) ئیران داوای

ناوچەی کوردستانی عیراق بکات وەك داگیرکەرانی ئیران هیشتا تیریان نەخواردبی بەو پارچە گەورەیەی کە لەخاکی کوردستانیان دابرریوە ، یان هیشتا تینویتیان نەشکابی بەخوینی ئەو نیشتمان پەروەرانەی کە سەرو مالیان کرا بەقوربانی لەریی ئازادی پینج ملیون کوردا لەئیران .

هەروەها دلگران نابین بەو درو و دەلەسانە کە یاساولەکانی ئینگلیزو ئەمریکاو تورکیــاو ئیسگەکانی لەندەن و واشەنتەن و ئەنقەرە بلاوی ئەکەنەوە بو چاندنی تووی دوبەرەکی لەمەیانی گەلی عەرەبو کوردا ، بو چاندنی تووی جیاوازی رەگەزی لەعراقی خوشەویستا بەلی ... هەرگیز لەمانە دلگران نابین .. بەلام ئەوەمان پی ناخوشە کە هەندی لەپینوسە عەرەبییەکانیش دەستیان داوەتە ئەم درو و دەلەسەیە و بگرە ئاوازیکی تریشیان لەم نەمورەیە زیاد کردوە !... وە لەم روەوە لەگەل داگیرکەران و نوکەرانا یەك ئەگرنەوە لەبەگژاچوونی نەتەوەی کوردا ، ئەو نەتەوەیەی کە هەمیشە لەخەباتایە بو وەرگرتنی سەربەستیو ئازادی ، بو ژیانیکی پرر لەئاشتی لەگەل هەمو گەلانی جیهانا وە لەپیش هەموویانەوە لەگەل میللەتانی نەتەوەی عەرەبی برادەرا ..

لەم روژانەی دواییدا گوڤاری ( الاحــد )ی بیروتی لــەژمارەی ـ ١٩٥٨/١٢/٢٥ دا بەناونیشانی « قاسم عەرەب پچرپچر ناکا » وتاریکی بلاو کردوەتەوە بەقەلەمی خاوەن گوڤارەکە : « ماموستا ریاض طاها » وە لەو وتارەدا هیرشیکی زور ئاشکرای بردەووەتە سەر جەمهوریەت و یاسای ئیستەی عراق « بەشیوەیەکی گشتی » وە بو سەر نەتەوەی کورد « بەشیوەیەکی تایبەتی » .

جا لەبەر ئەوەی نەمتوانی لەم هیرشە بی دەنگ بم ، چونکە پیاوی بیدەنگ لەئاستی راستیا ، وەك شەیتانی لال وایە ، بەپیویستم زانی رویەك بکەمە ماموستای ناوبراو و قسەکانی بەدرو بخەمەوە ، تاکوو نیازپیسەکان دەمکوت بکەمەوە ، وەرای گشتی عەرەبیش وریا بکەمەوە چ لەناو خوی عیراق و چ لەدەرەوەدا . .

ئەمەوی لیرەدا دوو پرسیار بهینمە ناوەوە :

یەکەم : ـ ئاخو ئـەم بیروباوەرانە کە ماموستا ( ریاض ) دەری برریوە لە بارەی نەتەوەی کوردەوە شتیکی راستە یانا ؟ . .

دووەم : ـ ئاخو ماموستای ناوبراو لەمەو پیش باوەری بەم قسانەی خوی بووە ؟ . . . یاخو ئـەم بیروباوەرانەی تازە بابەتە ، وە بەهوی چ رووداویکی تازەوە هیناویەتە کایەوە وە لەبەر چەن شتیك بیروباوەرەکەی پیشوی خستوەتە ژیر پی ؟!

جاری با لەسەر پرسیاری یەکەم بروین ! . . .

ماموستا ریاض لەشیوەیەکی گالتە پیکردنو لاقرتی‌یا بەدروشمی « برایەتی کوردو عەرەب » ئەلی : « عـەرەب سەرسامبون بە وتەی : « کوردو عەرەب » ، وە ئیمـە هەمیشە وامان ئەزانی کـە کوردەکان تیرەیەکی لە تیرەکانی عەرەب وە نەتەوەیەکی تایبەتی نین ! . . . »

کاك ریاض ! ئەم قسانە کە تو ئەی‌کەی یا قسەی یەکیکە کـە بەتەوای نەزانبی ، نەك تەنها بەمیژوی میللەتانی کون ، بەلکو بەمیژوی شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامیش ، یا لەیەکیکەوە ئەوەشیتەوە کە فیل بازو خو هەلەکەر ( متجاهل ) بی بەسەرزاری ، و لەژیرەوە هاوکاری

بکا لەگەل ئەو شوڤینیە بەد نیازانەوە کە ئەیانەوی نەتەوە بی دەستەلاتەکان بتویننەوە ، وە یاری بکەن بە ئامانجو ئاواتی میللەتانی ژیر دەستە !..

جا ئەگەر جەنابت لەتاقمی پیشوی ، ئەوا ئەتوانی دوبارە سەیریکی ( مەعلوماتی ) خوتبکەیتەوە لـەبارەی میژو وەوە . هــەتا رابوردوی نەتەوەی کوردو ئیستای نەتەوەی کوردت بو دەرکەوی ..

چونکە میللەتی کورد بە یەکیك لە کونترین نەتەوەی جیهان ئەدریتە قەلەم وە میژوی پر لەقوربانی و خەباتی تالو ناهــەمواری بەلگەیەکی ئاشکرایە بو رابوردوی پرر لە شانازی و روسوری ، بی‌گومان تولەکاتی خویندنی سەرەتایی‌تا هەندی پیاوی میژوی بەناوبانگت ناسیوە ، وەك صلاح الدین أیوبی ، أبو مسلمی خراسانی و کەریم خانی زەند .. وە زانیوتە کە ئەمانە کورد بون وە دلنیایشم کە ئینکاری پیاوەتی ئــەمانە ناکەی بو پیش‌خستنی عەرەب و ئیسلامەتی !.

هەروەها دل‌نیام کە ناوی چــەن زاناو نوسەرو بویژیکی کوردت بیستووە لەوانەی کە بەزمانی عەرەبی نوسیویانەو ویژەی عەرەبی‌یان پیش خستوە وەك ( رصافی ) و ( شەوقی ) و ( زەهاوی ) و ( محمود تەیمور ) و ( محمد کورد علی ) و ... هتــد . وە ئەبی ناوی چەن پالەوانیکی کوردت بیستبی کە هاوکاری‌یان کردوە لە هەل‌گرتنی مەشخەلی ئازادی‌یا و پاریزگاری سامانی عەرەبی ئیسلامی‌یان «بەشیوەیەکی تایبەتی» و سامانی ئادەمیزادی‌یان « بەشیوەیەکی گشتی » وەك « کەمال جەنبلات » و ( بەکر سدقی ) و ( هەنانو ) و ( سیامەندوف ) هیچیان لەوانە نین جەنابتان نەیان ناسی .

بەلام ئەمــە ماناى وانيە كــە كــورد تيرەيــەكن لەعــەرەب يان لەنەتەوەيەكى تر . . .

بەلى كورد هەميشە شانازى ئەكا بە دوستايەتيەوە لەگەل نەتەوەى عەرەبى برادەرو هەمو ميللەتانى جيهانا ، بەلام ئەمە ئەوە ناگەيەنى كــە نەتەوەى كورد لەنەتەوەيەكى ترە ، كورد نەتەوايەتيەكى ( قوميە ) تايبەتى خوى هەيە كە شانازى پيوە ئەكا و هەموو بەشەرەفيكى كورد سەرومالى لەسەر دائەنى . . .

ئەگەر باوەر ناكەى فەرموو ورە خاكى كوردوستان ، وە بەچاوى خوت ميللەتى كورد ببينە ئەوسا ئەزانى كە چەند جياوازە لــە هەموو نەتەوەكانى ترى جيهان بە زمانو ويژە ، بە خو و رەوشتو ميژوو ، بە هەستى دەرونى ! بەلام ئەوەشت پى بليم هەموو ئەو هەولو تەقەلايە كە دراوە تائيستە لەلايەن ئيمپريالستو نوكەرەكانيەوە بو توانەوەى ئەم نەتەوەيە لەبوتەى توركو فارس‌دا هەمووى لەگەل بادا رويشت ، نە سياسەتى كردن بەتورك ، نە چەوسانەوەو ئازاردان ، نە دەربەدەركردنو كوشتنى بەكومەل و زينــدان . . . هيچيان بەقەد موويەك لــەريگاى داواكردنى مافى نەتەوايەتى خويا لايان نەداوە .

بەلى تورانيە خوين ريژەكان وايان ئەوت كە گوايا كورد تيرەيەكن لەتورك ، فارسە شوڤينيەكانيش لايان وايە كە كورد لەرەگەزى فارسە تويش ! « كاك رياض ! » ئەفەرموويت كە بەشيكن لە عەرەب !. . . نازانم چيت پى‌بليم پاش ئەوەى تو ، تويەك كە گەزاف لى ئەدەى بەوەى دان

ئەبیت بەمافی چارەنوسی میللەتانا ، ئا بەم شیوە سەیرە لەگەل شوڤینیە کانی تورکو فارسا یەکتان گرتوە ، وە هەموتان یەك ریگاتان گرتوە تەبەر !...

ماموستا ریاض ! پیویستە زور بەباشی لە نەتەوەی کورد حالی ببی !. ئەگەر هیچی‌لی نازانی ، خو ئەگەر توش لەو پیرە شوڤینیانەی کە خاوەنی دەرونی رەگەزی و نازیت ، ئەوا ئەت‌دەنیە دەستی روزگار ، دنیا هەر ئیمرو نیە ، روژان روژی لەدوایە ...

لەسەریکی ترەوە ماموستا ریاض کوردی بەخەیانت کار داوەتە قەلەم چونکە لەناو کوردا چەن تاوان باری هەل کەوتون ، وەك نوری سەعید و أحمد مختار بابان !...

ئافەرم بو خوت ماموستای بلیمەت !.. ئافەرم بو خوت بەداد ! توخوا شورەیی نیە گەلیك تاوان‌بار بکەی ، و هەول‌بدەی بو چەوسانەوەو ژیر دەس‌کردنی هەر لەبەر ئەوەی کە چەن دانەیەك پیاو خراپی تیا هەلکەوتوە .

ئائەمەیە فەلسەفەی نەتەوایەتیت ؟!....

ئائەمەیە بیروباوەری نیشتمانیت ؟!...

هەرگیز باوەر ناکەم کاك ریاض ! تا ئەم رادەیە نەزان بی !

هەبی‌و نەبی خوت هەلە ئەکەیت و ئەتەویت شان‌بەشانی بیاوچاکە- کانی ( پاش شورش ) خەلك گومرا بکەی ؟؟!..

ئەگەر راستت ئەوی لەسەر پانایی ئەم زەوی‌یەدا نەتەوەیەکت

دەس ناکەوی کە خەتابار ، و پیاوکوژو ولات فروشی تیا نەبی ، یا تیـا نەبوبی .. هەروەکو نەتەوەیەکیشت دەس ناکەوی کە پررنەبی لە مروڤی سادەو شەریف و پیاوچاك !.. ئەگەر چەن کەسیکی خـەتابار لەناو نەتەوەیەکا پەیدابوون مانای ئەوە نیە کە ئەو نەتەوەیە هەموی خەتابارە ، راستەکەی ئەوەیە کە لە چەرخی روخاوا پیریك لەخـەتابارانی کوردو عەرەب دەستی‌یان خسبوە ناو دەستی یەك وە نوکەری ئیستعماریان ئەکرد ، لـەم لایشەوە هـەمو میللەتی عراق بە کوردو عەرەبی‌یـەوە ئەچەوسیزایەوە ، بەبی ئەوەی کـە عەرەبی کوردیك خەتابار بکا ، یا کوردیك عەرەبیك تاوان‌بار بکات بەهوی نامەردی ئەو تاقمـە کوردو عەرەبانەوە کە بوبون بە میردەزمەی سەرشانی هەردولا بیچگە لەمەش حەز ئەکەم بزانی کە لەسەردەمی رابوردوا ئەو کوردانەی کە ئەچونە سەر کورسی حوکم زور بەبی بەزەیی‌یانە وبی‌شەرمانە ئەیان‌دا لە ئازادی‌ــ خواهانی کورد ، نەوەك لەلایەن ئاغای ئیستعماری‌یانەوە تاوان‌بار بکرانایە بەوەی کە لایەنگری نەتەوەی خویان ئەکەن ، وە لە ئەنجاما مەرکەزەکانیان لەکیس بچی !...

ئەمانە هەموو لەلایەك ، لەلایەکی‌ترەوە ئەو هەلویستە پیروزانەی کە میللەتی کورد پیشانی داوە لەهەمو مەسەلەیەکی نیشتمانی‌و مروڤایەتی‌یا چ لەعیراق ، چ لەوولاتە عەرەبی کانا ، ئەو هەلویستە پیاوانەیە کە هەمو کەسیکی مەردو بەصفەت لەبەرچاوی یەتی و دانی پیا ئەنی ... ئەوەبو نەتەوەی کورد دریخی نەکرد لە قوربانی‌دان بو مەسەلەکەی فەلەستین و

میسرو هەمو کارەساتیکی عەرەبی‌ترا ، بەلام ئەگەر تو بەهوی چەن کەسیکی خەتاباری کوردەوە ، هـەمو نەتەوەی کوردت لەبەرچاو بکەوی و بـە خەتاباری‌یان بدەتیە قەلام ، ئەوە بی‌گومان لادانە لـەریگای راسـتەو گومراهی‌یەکی تەواوە ... ئەترسم ئـەم تعصبە کویرانەیە وات لی‌بکا روژی لەروژان میللەتی لوبنانیش ( کەخوشت یەکیکیت لەو ) تاوان‌بار بکەی ، چونکە کمیل شمعون ، و سامی صلح لبنانی بوون !!!.

لەپاشـا ماموستا ریاض ئەفـەرموی !.. : ــ نەتەوەی کوردی ساختە !.. نەتەوەیەکی لاوازو بی هیزن ، لەوانەیە بو هینانەدی ئامانجی سوڤیاتی بەکار بهیزین !...

بو بەدروخستنەوەی ئەم قسەیە ئەلیم : ــ

یەکەم نەتەوەی کورد ، ساختەو هەلبەست نیە ، بەلکو شتیکی راستەقینەیە بەکویرایی چاوی دوژمن ... نەتەوەیەکە هەمو نیشانی‌کی نەتەوایەتی هەیە .. نەتەوەی کورد نەتەوەی ( ١٥ ) ملیون کوردە .. جولانەوەی نەتەوایەتی کورد جولانەوەیەکی ( تقدمی )یە هەول ئەدا بو بەختیارکردنی گەلی کوردو سەربەرزی نەتـەوەی کورد ، جولانەوەی نەتەوایەتی کوردی یانی تیکوشان زدی ئیمپریالستو کونەپەرستی ناوخو لەهەموو سووچیکی کوردستانا .. یانی برایەتی‌و هاوجوری لەمەیانی دوو نەتەوە برادەرەکەی عراقا : کوردو عەرەب ! یانی دوستایەتی لەگەل هەموو میللەتانی جیهاندا بو جی‌گیر کردنی ئازادی‌و ئاسایش لەجیهانا ...

بیینە سـەر باسی ئەوەی کـە ئەلیی لـەوانەیـە نەتەوەی کورد بەکاربهینری بو هینانەدی ئامانجی سوڤیات .. بەراستی زورسەیرە

چونکە ماموستا ریاض هەمان بوختان بەکاردینی کە لەپیش چەن مانگیکا ئیستعمار زدی ئەو و هاوچەشنەکانی ئەو بەکاری ئەهینا .. کەواتــە بوچی ئیستە ئیوەش هەر هەمان بالورە لیئەدەنەوە دەربارەی خەلکیتر .. سەرم سور ئەمینی بەخوا !.. نازانم ئاخو ئیستعمار گوراوە و بوە بە شتیکی بەکەلك ، یاخو ئەمان گوراون لەماوەی ئیوارەو بەیانییەکا !...

پاکیو بی خەوشی بو ئەوکەسەیە کە ناگورری !...

* * *

بام بیینەوە سەر پرسیاری دوهەم :

بزانین ئاخو ماموستا ریاض خوی برروای بــەم قسانەی خوی هەبووە پیش چەند روژی !..

لەروژی ١٩٥٨/١١/١٦ دا ماموستای ناوبراو لەهەمان گوڤاری ( الاحد )دا بەناونیشانی ( ترسیئەمریکا لەیەكگرتنی کوردو عەرەب ) وتاریکی نوسیوە ، لیرەدا هەندیکی ئەخەینە پیشچاو : —

« ماکلروی زیارەتیکی تورکیــاو ایرانی کرد ، لــەوی راپوریکی خویندەوە ... کە بوی دانرابو .. راپورەکە باسی دلەراوکیی ئەمریکا ئەکات لەپاشەروژ !

ئەمریکا ئەترســی جولانەوەی ئازادی خواهانەی کورد لــەئیرانو تورکیاو عیراقا یەكبگری و ئەم جولانەوەیە هاوکاری بکا لەگەل جولانەوەی نەتەوایەتی عەرەبییا بو پاككردنەوەی دەســتەلاتی ئیمپریالست لــەم ناوچەیەدا .. بەتایبەتی دەستەلاتی ئەمریکا ...

ئەمریکا یەکو دو ناکا لەدەربررینی رای خوی سەبارەت بەوەرگرتنی چەند اجرائاتیکی سوپایی لەکوردوستانا .. هەروەها هەول ئەدا بو بەر

**بروانە لاپەرە ٩٢**

# سرودي لاوان

**هونراوەی : هیمن**
**ئاوازو گورانیی : شەمال صائب**

ئیمه رولەی بیری تازەی رابەرین
ئیمه کوردی جەربەزەی تیکوشەرین
بو ولات‌و سەربەخویی‌و ژینی‌شاد
خوین ئەریژین
لەش ئــەنیژین
ئەفســــەرین

***

نیشتمان .. نیشتمان
ئیمه بو تو سوپەرین

***

تەقــەلای بی وچان
سامان‌و سەرو گیان
بو تویــەو بو ژیان
ژیانیش بە مەرجی
بەرهەمی دەسبەجی
توی پی‌بیت ئاوەدان

ئیمه رولەی بیری تازەی رابەرین
ئیمه کوردی جەربەزەی تیکوشەرین
بو ولات‌و سەربەخویی‌و ژینی‌شاد
خوین ئەریژین
لەش ئــەنیژین
ئەفســــەرین

***

ئاشتی خواز .. ئاشتی خواز
ئیمه دوژمنی شــەررین

***

ئیمەی کورد ئیمەی گورد
گــەلیــکین بی زیــان
دوستی گشت میللەتان
بو ئاشتی‌و ئاسایش
گــورانی‌و ســتایش
ئەبیژین هــەموومان



2015



ئیمه روله‌ی بیری تازه‌ی رابه‌رین
ئیمه کوردی جه‌ربه‌زه‌ی تیکوشه‌رین
بو ولات‌و سه‌ربه‌خویی‌و ژینی‌شاد
خوین ئه‌ریژین
له‌ش ئـه‌نیژین
ئه‌فســـه‌رین

* * *

بو کوشتار .. بو کوشتار
ئیمه روله‌ی پیشره‌وین

* * *

په‌یره‌وی ریگـه‌مان
خه‌باتـه‌و تیکوشـان
نه‌به‌زین ، کولنـه‌دان
نابه‌زین ، ئه‌جـه‌نگین
تاکو ماف ئـه‌سه‌نین
بو هه‌موو کوردستان

* * *

ئیمه روله‌ی بیری تازه‌ی رابه‌رین
**ئیمه کوردی جه‌ربه‌زه‌ی تیکوشه‌رین**
بو ولات‌و سه‌ربه‌خویی‌و ژینی‌شاد
خوین ئه‌ریژین
له‌ش ئـه‌نیژین
ئه‌فســـه‌رین

* * *

# ئیش کەری ڕاست

نوسینی : رشید عارف

ئەمرو هەمو کەسیك تیکوشەرە ، ئیش کەرە ، بە توانایە ، ئامادەیە !! بەلام زور لەمانە دوینی نوستبون ، بی توانابون ، مل کەچ بون !. باشە با ئەمررو هەمو کەسیك ئیش کەر بیت ، با هەمو بو سوودی گشتی بینە کوررەوە ، تەقەلا بدەن . . بەلام ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئەو کەسانەی دوینی نوستبوون یا خویان مات دابو ئەمررو جلەو بەدەست بن .

نەخیر هەرگیزاو هەرگیز ئەمە راست نیە ، راست نیە ئەوەی لەناو ئاگردا هەلئەسورراو ئەوەی لەجیگەی نەرمی بی ترسدا پرخەی ئەهات ئەمررو وەکو یەك سەیریان بکریت .

راست ئەوەیە هەمو کەسیك نرخی خوی بدریتی ، هەمو کەسیك بەپیی رابوردووی‌و کرداری باشی بو نەتەوەکەی نرخی بدریتی .

لەبیرمانە دوینی دەستەیەك بوبونە پرد بو دەستەیەکی تری نیشتمان فروش ، خویان بە دارو بەردا ئەدا بو سەندنی کورسی یا تەنها بو ئەوەی گەورەکانیان پیکەنینیکی ژەهراوی دەربررن . زیانیان لە هەزارەها ئەدا بو سوودی خویان ، بو سوودی گەورەکانیان !! بەلای ئیشوکاری میللەتدا نەئەچون ، کەچی سەیر ئەوەیە ئەمررو بوونەتە شاسواری مەیدان ، وەك نە بایان دیبی‌و نە باران ، تا تو جاریك ئەلییت فلان شت ئەوان هەزار جاری ئەلینەوە .

ئەمیش قەیناکە ، با پەردەیەك بدەین بە سەر رابوردودا ، لەم سەیرتر ئەوەیە کە ئیستا چەند دەستەیەك گوی بو ئەو کەسانە شل ئەکەن ، سەریان بو ئەلەقینن ، هەرچی ئەلین بویان ئەسەلمینن گوایە پاشگەز بونەتەوە لە هەلەکانیان !!.

ئەمررو پیویستمان بە وریاییە ، پیویستە عاتیفە کارمان تی نەکات‌و بە هەلەماندا نەبات ، رابوردی زور نزیکمان لەبیر نەچیتەوە ، ئەبیت بەچاویکی زور وردەوە برروانینە هەمو کەسیك ، برروانینە رەوشت‌و کردارەکانی پیوشویان ، هیچ پیویست نیە لەخومانەوە قاقەزی سپی بخوینیەوەو گومان لەئیش‌کەریك ، لەکەسیکی رابوردوو باش پەیدا بکەین بەهاندانی هەندیك کەس کە مەبەستیان داپوشینی عەیبی خویانە .

ئومیدم وایە کە گەنجەکانمان وردو دووربین بن ، شوین عاتیفە نەکەون ، هەمو کەسیك نرخی راستەقینەی خوی بدەنی ، ئیش‌کەربن بەکردار ، نەك هەر بەقسە ، گیانی هەرەوەزییان تیابیت نەك رق‌و تولە ساندن . چونکە نەتەوەکەمان پیوستی بەم جورە کەسانە هەیە ، کەسی دلسوز ، ئیشی کەری راست .

**عبدالامیر منصور**

**لە مخزنی عبدالامیر منصور هەرزانیە ، شتی زورباش بەکومەل‌و بەدانە چنگ ئەکەویت : قوماشی خوری چاك ، پیلاوی ئنگلیزی‌و ئیتالی ، هەمو جورە بوینباخیکی جوان .**

**لەبیریشت نەچیت باشترین بەرگدروە لەسەر تازەترین شیوەی نوی .**

# روخانی باستیلی روژهەلاتی ناوەراست

**لە گوڤاری ( روژهەلات : هەلبژاردە لە زانیاریی سوڤیەت ) ە وە وەرگیراوە**

**وەرگیر : محمدی مەلا کریم**

وا ریکەوت شورشەکەی عیراق لە چواردەی تەموزا هەلگیرسی ، لەو روژەدا کە باستیلی تیا روخاو کەوتە دەسی شورشگیرەکان ئەگەر ئاوریك لە پاشەوە بدەینەوە وبیریك لەو دەورە سامناکە بکەینەوە کە پاشایەتی بیروقراتیی عیراق گیرای لە لایەنگری کردنی ئمپریالیزم و هینانە دی سیاسەت وپروژەکانیا ، ئەتوانین بلیین روژی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ ، روخانی باستیلی روژهەلاتی ناوەراستی بە خویەوە دی ، وەئیمپریالیزم بە لە ناوچونی پاشایەتی عیراق ، سەخت ترین قەلاکانی خوی لەکیس چـو ...

بەلی ، دەنگو باسەکانی شورشی عیراق کوتوپر خوی دا بە گویی جیهانا ، بەلام شورشەکە خوی شتیکی سەرسام کەر نەبو ، زور هوی واهەبو ریی بو ئەم شورشە خوش کردو بو بە مایەی رودانی .

لە دەیان سالی رابوردوا ، خراپەی حوکمیکی کونە پەرستانەی بیروقراتی ، عیراقی گیرودە کردبو بە دەسی تاقمە چەتەیەکەوە لە یارمەتی دەرەکانی ئیمپریالیزم کە چەشنەها جەورو ستەمیان بە میللەت چیشت و چەند شیوەی ئازارو چەوساندنەوەیان دەر خواردیدا .. لـەبەر

ئەوە شورشی ١٤ ای تەموز ، لای عیراقیەکان ، وەنەبی تەنهـا گورینی یاسایەك وهینانی یاسایەکی تر لـە شوینیا ــ بگەیەنی ، بەلـکو واتە لەناوچونی چەرخیکی بوگەنی خەلك لی بیزار بوو ، دەس پی کرانی ژیانیکی نوی ی روناك .

عیراق ، خاکی دەجلەو فورات ، ولاتیکی پان وپورە ، پانایی‌یەکەی ٠٠ ٤٥٢ هەزار کیلومەترەی چوار گوشـەیە،واتە دو ئەوەندەی پانایی بەریتانیایە تورکیا هاوسنوری ناوچە کیوی‌یەکانی لای سەرویەتی ، لە روژەلاتیشـەوە هاوسنوری ئیرانە ، لەبەری روژاوایشـەوە ئیقلیمی سەروی جمهوریەتی یەك گرتوی عەرەبو ئەردەن وولاتی سعودی‌دراوسی‌یەتی ، لە خواروی روژەلاتیشـەوە ئەمارەتی کویت کەوتوەتە سەر سنوری .

زروفی تەبیعی لە ناوچەکانی عیراقا ، جیاوازی‌یەکی ئاشکرای هەیە ، کەئەوەش بوە بە هوی لە یەك نەچون وجیاوازی ــ یەکی توندی شیوەکانی ژیان لە عیراقا .. لە چیاو کیوەکانی سەروی کوردستانا دانیشتوان بەمەرو بزن لەوەراندن ئـەژین ، لە داوینی ئەم کیوانەشـەوە پارچـە زەویی بەپیتی بو گـەنم وجو چاندن شیاو هـەیە ، لە خواریشـەوە ناوچەیەکی تری بو کشت‌وکال بەکەلك هاتوی بەدوادا دی پشتی بە ئاوی زی‌کان بەستوە . هەر کە نزیکیش ببینەوە لە خەلیجی عەرەبەوە ، باخە دوایی نەهاتوەکانی خورما دین بەرومانا ( ٨٠٪ ی پیویستی جیهان لە خورما هی عیراقە ) . ناوچە دەشتەکانیش هوزە عەرەبە کوچەرەکانی تیادا ئەنیشن .

له کاتیکا که زور له ولاته عەرەبەکان نارەحەتی کەم ئاوی ئەچیژن ، دوروباره گەورەکـەی عیراق ، لەسایەی ســەری ریکخستنی پروژه گەورەکانی ئاودانەوه ، ئەوه ئەگرنه ئەستو که هەرچی زەویو زاریکی بو کشتو کال شیاوی هــەبی ئاوی بدەن ، کەبو لەمەوپاش ئەوەنده بەرهەمی ئەبی پانزه ملیون کەس بژیینی ( ئیستا ژمارەی خەلکی عیراق شەش ملیون ونیوه ) .. زاناکان عیراقیان به گەورەترین دەولەتیکی خاوەن پاشەروژی ئابوری داناوه له روژهەلاتی ناوەراستا .

## سامانی راستەقینه

بەلام ، سامانی راستەقینەی عیراق نەوته ، واته زیری رەش ، که بەرهەمی گەیوەته ٢ر٦٠٠ ملیون تون ، ئەم نەوته پیش سیانزه سال نزیکەی ٣ ملیون تونی لی هەل ئەگوزرا ، بەلام له سالی ١٩٥٥ دا گەیشته ٣٤ ملیون .

گرنگ ترین گولەکانی نەوت له کەرکوکایه له سەروی عیراق ، کــه لولەی لیوه راکیشراوه بو شـــارەکانی گویی دەلیای ناوەراست لــه سوریەو لوبنان .

ئا ئەمەته عیراق ، سروشت هەمو شتیکی پی پەخشیوەو بەدەس گوشادی خیرو بیری به سەرا رشتوه ، داستانەکانی کون بەرامبەرکییان ئەکرد لەمیانی بەهەشتو گوی ئاوه کانی دەجلەو فوراتا .. بەلام خەلکی ئەم ولاته دەولەمەنده له ژیر سایەی پاشایەتییا له حالیکی خراپا ئەژیان ، له هەژارییەکی سەختی وادا که له توپی زەوییا وینەی نەبو ، ٧٠٪ ی

دانیشتوان لە کشتو کالا ئیش ئەکەن ، بەلام ئەو زەوی‌یەی کە ئەیکیلن هی خویان نیە ، هی چینیکی دەرەبەگی خاوەن زەوی وزارە . عیراق هەمیشە پی‌ی ئەوترا « ولاتی هەزار ئاغا » هەمو هیزی ئابوری‌ی بەدەسی ئەم هەزار ئاغایەوە بو ، ئەیان بینین خویان لە شارەکانا دائەنیشن ، کەچی هەر بەینە نەبەینی بە ئوتوموبیلە ئەمەریکی‌یە جوانەکانیان ئەچن بو سەرلیدانی زەوی وزارە پانو پورە کانیان کە جوتیارە برسی وجلە کون لەبەرەکان ئیشی تیا ئەکەن .

بەم چەشنە زەوی وزاری عیراق بەشیوەیەکی دور لە دادو چون یەکی دا بەش کراوە ، ٨٨٪ ی جوتیارەکان کەمتر لە ٧٪ی زەوی وزارەکانی عیراقیان هەیە ، دەسکەوتی سالانەی جوتیاریش لە ٢٠ دینار تی ناپەری .

گوڤاری لەندەنی ئیسلامی نوسیبوی : ئەوەی کەرەنجبەرو کریکارەکان دەسگیریان ئەبی ، وەختە بەشی کرینی ئەوەندە نانو خورماو چاو برنج نەکا کە مروڤ بە ژیانیکی بژی‌و مەمر پی‌ی بژی . ئەگەر میللەتی عیراق ئەم سامانە راستەی خوی کە بریتی‌یە لە گولەکانی نەوت ، هی خوی بوایە ، چەند پارەی پیویست بوایە بو بوژاندنەوەی پەرەپی‌سەندنی ئابوری‌و ، بو خورزگار کردن لە کەلبەی برسیەتی‌و هەژاری ، پەکی لە سەر نەئەکەوت . . بەلام تەنها سی کومپانی بیگانە هەمو نەوتی عیراقیان بەدەستەوەیە ، کە کومپانی نەوتی عیراقو کومپانی نەوتی موسلو کومپانی نەوتی بەسرەن ، سەرمایەو سودەکانی بەریتانیا دەوریکی گەورە یاری ئەکەن لەم سی کومپانی‌یەدا . کومپانی ( شل )ی هولەندەیی

٢٣ر٧٥٪ ی بەشـەکانی بەدەستەوەیە ( ئـەم کومپانی‌یە کومپانی یەکی ئینگلیزی‌و هولەندەیی‌یە ) ، وەك چون کومپانی نەوتی بەریتانیاش ٢٣ر٧٥٪ تری بەشـەکان هی ئەوە . دو کومپانی ئەمەریکایی یەك گرتوو کومپانی یەکی فەرەنسـەییش چەند بەشیکیان هەیە .

سودی سالانەی ئەم کومپانی‌یانە بە دەیان ملیون دینار تەقدیر ئەکری .

هەژاری وبی‌بەشی ودواکەوتنی ئابوری‌و ستەمی ئاشکرا لە ژیر سیبەری ئیحتیکاراتی بیگانەو دەرەبەگە خاوەن زەوی‌و زارەکانا ، وینەی راستەقینەی عیراقی چەرخی پاشایەتی‌مان بو ئەکیشی . ئەبی چون بوبی وا ئەم ولاتە خاوەن میژوە کونە گەیشتە ئەم کەندەلانی چارە رەشی‌یە ، لە گەل ئەوەشا کە روژی لە روژان پایتەختی ئەمپەراتوریەتیکی گەورەی پان‌و پوری عەرەب بوە ؟

میژوی دەیان سالی رابوردو ، وەرامی ئەم پرسیارەمان ئەداتەوە :

× سالی ١٩١٨ ، پاش جەنگی دوهەمی جیهانی‌و دوای چوار چەرخ حوکمی تورك ، سوپای بەریتانیا کە پاشماوەی سوپای شکستەی تورکی راوئەنا ، عیراقی داگیر کرد . لە کاتیکا کە عیراق چاوی بریبوە ئەو سەر بەخویی‌یە کە هاوسوینەکان پەیمانیان دابو بیدەنی ، ئینگلیزو فەرەنسـەیی‌یەکان لەبەینی خویانا پەیمانیـکی نهینی‌یان بەستبو بو دابـەش کردنی جیهانی عەرەب .

× سالی ١٩٢١ کە گـەل بەم غەدرەی ئیمپریالیزمـەی زانی ، شورشیکی میللی بەتین هەلگیرسا ، بەلام کونفرانسی ( سان‌ریمو ) عیراقی

خستبوه ژێر چاودێری بەریتانیاوه . سەربازەکانی بەریتانیا شوررشەکەیان کوژاندەوەو لەناو دەلیایەکی خوینی میللەتا خنکاندیان .

× سالی ١٩٢١ لەندەن بریاری دا یەکی لە یارمەتیکەره بەگوی کەرەکانی خوی لە سەر تەختی عیراق دانی ، ئەویش ئەمیر فەیسەل بو ، ئەوەبو چەرچل ولورانس پیلانیکی عاقلانەیان ریکخست بو دامەزراندنی پاشایەتی وپرس کردن بە گەل .. ئەرکی جیبەجی کردنی ئەم ئیشەیان خستە سەر شانی ( مس‌بل ) کە یەکیك بو لە کاربەدەستەکانی ئیستیعمار ، ئەم ئافرەتە ئەوەبو کە جاریك لە نامەیەکیا نوسیبوی : « جاریکی تر ئەرکی پاشا دوروست کردن ناگرمە ئەستو .. ئەرکیکی پیاو ماندوکەره ، وزه لەبەری مروڤ ئەبری .. »

بەم چەشنە فەیسەل چوە سەر تەختی عیراق‌و خیزانی هاشمی‌ی لە عیراقا دامەزراند .

× سالی ١٩٣٠ جولانەوەی رولە زیادی ئازادی خواهی ، بەریتانیای نارەحەت کرد ، لەبەر ئەوە وازی لە چاودیری هینا ، بەلام لە هەمان کاتا پەیمانیکی بیست وپینج سالی‌ی بری بە سەر عیراقا ، بەپی‌ی ئەم پەیمانە مافی سەرپەرشتی کردنی سیاسی‌و سوپایی لە عیراقا گرتەدەس .

× سالی ١٩٣٩ مەلیك غازی جی نشینی فەیسەل لە وەزعیکی خەلك دودل کەری سەر لی دەرنەچوا کوژرا . ئەم پاشایە بەوە ناو بانگی دەرکردبو کە زور سەری شور نە ئەکرد بو فەرمانەکانی بەریتانیا ، کـە کوژرا کورەکەی لە جی دانرا ، بەلام تا ئەم گەورە ببی عبدالالاهی خالی کە نوکەریکی ئەلقە لە گوی‌ی ئینگلیز بو ، تەختی عیراقی درایە دەس .

× سالی ۹٤١ سوپای عیراق بە سەرکردەیی چەندئەفسەریکی هەلگری ئالای بەربەرەکانی کردنی دەسەلاتی بەریتانیا ، ئینقلابیکی کردو حکومەتیکی شورشگیری دامەزراند ، بەلام سەربازە ئینگلیزەکان ، پاش مانگیك خەباتی قارەمانانە ، سەری شورشەکەیان یان کردەوە .

× سالی ١٩٤٨ لـە ئەنجامی بیزاریی رولە زیادیی گەل لـە پەیمانەکەی ١٩٣٠ وسوربونی لە سار هەلوەشاندنەوەی ، سالح جەبر پەیمانیکی تازەی بەست ، کارو بارە گرنگەکانی بەدەسی ئینگلیزەکانەوە هیشتەوە ، گەلیش دیسان راپەریەریەوە وسالح جەبر لە ترسانا رای کرد بو دەرەوەو پەرلەمانیش پەیمانەکەی مور نەکرد ، ئەو سالە سەرانسەر خەباتی میللەت لە زدی پەیمانی پورت ـ سماوث هەر بەردەوام بو .

× لە سالی ١٩٥٥ دا پەیمانی ١٩٣٠ دوایی هات ، بەلام بەریتانیا عیراقی بەستەوە بە پەیمانیکی تازەوە کە کاریکی وای کرد لە عیراق تا دنیا دنیایە هـەر پشت بەو ببـەستی ، وە مافی بەکار هینانی بنـکە ئاسمانییەکانی عیراقی دا بە ئینگلیز . کەمیك پیش ئەمە عیراق وتورکیا پەیمانی دوژمنانەی بەغدایان موركردبو ، کـە پاشان پاکستان وئیران وئینگلیزیش تیابە شداربون ، وە لە بارەی عەمـەلییەوە وبەنیسبەت ئامانجەکانی پەیمانەکەوە ئەمەریکاشی تی چو بو بەربەرەکانیی دەسەلاتی ئینگلیز .

هەر کە میسرو سوریە بون بە یەك ، چینە حوکم بەدەسەکانی عیراق وئەردەن بە فیتی ئینگلیزو بە پشتیوانی ئەو ، یەکیتی هاشمییان

پێکهێنا ، تا بیکەن بە قەڵایەك بو ئیمپریالیزم لە زدی بزوتنەوە نەتەوەیی‌یە ئازادی خواهانەکانی روژهەلاتی ناوەراست .

ئەمە وینەیەکی بە پەلە پەل کیشراوی روداوەکانی چل سال حوکمی بەریتانیا بو لە عیراقا ، لە ماوەی ئەم چل سالە دا ئینگلیزەکان ، پیشان بە تەنیا خویان وپاشان لەگەل ئەمەریکایی یەکانا ، بە گەرم جیگەی ئیمپریالیزم یان لەم ولاتە دا جی گیر ئەکرد .

تا چواردەی تەموزیش ئیمپریالستەکان تەواو دل نیابون‌و باوەرپان وا بو ئەم جیگایەی هەیانە لە عیراقا کەس ناتوانی خوی هەل کوتیتە سەری چەجایە داگیری بکا ، چونکە عیراق هەمیشە بەسراو بوە بە پەیمانی بەغدا ، یان پەیمانیکی سوپایی لە گەل بەریتانیا ، یان بە یەکیتی هاشمی‌یەوە لە گەل ئەردەن ، یان بەوەوە کە دو بنکەی سوپایی لە خاکە کەیابوە .

لە وەش بەولاوە ئیمپریالیستەکان بـە هەندی شتی تر پشـت ئەستور بون : یەکەم ئەوە وا تی‌ئەگەیشتن سوپا لە ناو چنگی خویانایە ، دوهەم ئەوە کە کوشکی شاهانە تاقمە خوفروشتویەکی وەکو فەیسەل وعبدالالە ونوری سەعیدی حوکم‌رانی راستەقینەی تیابو .

ئەمانە هەمو جیگای بروای بەریتانیا بون ، لە خورایی نەبو ناو نرابون : « عەرەبەکانی خاوەن شکوشای بەریتانیا » .

نوری سەعیدیش کە تەمەنی گەیبوە حـەفتا ، بەدریژایی ژیانی دوژمنیکی کەللە رەقی گەلە کەی وهەمو میللەتە عەرەبەکان بو .. وەختی خوی لە تورکیا خویندبوی ، لە کاتی جەنگی یەکەمیشا لە سوپای تورکیادا ئیشی کرد ، پاش ئەوە بو بە نوکەری ئینگلیزەکان کە هانەهانەی عەرەبیان

ئەدا شێر لە روی تورکەکانا هەلکیشن‌و کفتیان ئەدانی هەر کە ئاگری جەنگ کوژایەوە سەر بەخویی ولاتەکەیان بدەن ، ئەو گفتەی کە هیچ نیازیکی راستیان نەبو بیکەن بەراست . نوری سەعید بەهەمو هیزیکیەوە ئیشی ئەکرد بو جی‌بەجی کردنی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا .

لە سالی ١٩٣٠ دا کە گەلی گیروگرفت هاتە روو بەریتانیا ناچار کرا واز لە چاودیری کردنی عیراق بینی ، پیویستی بە پیاویکی وا بو کە حوکم کردنی عیراق لەلایەن ئەوەوە ، باشترین مسوگەرکەریکی سیاسەتی بی . بی گومان نوری سەعید ئەو حوکم فەرما هەلبژیرراوە بو کە هەمو سیفەتیکی وای تیابو کە پیویست بو بو ئەوەی شایانی هەستان بـەم ئەرکە بی ، نوکەریکی ئەلقە لە گویی بەریتانیا بو ، زورزانیکی ریوی سورو شتی بی ئەخلاق‌و بی‌پەیرەو بو ، پری دەرونی بو لەبە سوك روانین بو گەلەکەی ..

لەسالی ١٩٢١ ەوە زیاتر لەپەنجا وەزارەتی جوی جوی لەعیراقا حوکمی گرتە دەس ، بەلام بەدریژایی ئەم ماوەیە حوکم هەر لەدەسی تاقمە چەتەکە خویانا بو ، روژنامەنوسی ئینگلیز ( جون کیمش ) لەکتیبیکیا کە ناوی ( حەوت کولەکەی رماو )ە ، ئەلی : « حوکومەت تەنها بەدەسی ٥٠ یان ٦٠ خیزانیکەوە بو ، لەبەینی ئەوان دەرنەئەچو ، حوکومـەتی ئاغاکان‌و شوین کەوتوەکانیان و دوستەکانیان بو، بوخزمەتی خویشیان بو . بەریتانیایش باوکی روحی‌ی هەمویان بو » .

نوری سەعید زیاتر لەحەوت جار حوکمی گرتە دەس ، بـەلام

لەکاتیکیشا کە لەسەر حوکم نەئەبو ، حوکمرانی راستەقینەی ولاتبو ، تەنها لە دو ماوەی گرنگا نەبی ، یەکەم کاتیك کە وەرگیرانە سوپایی‌یەکەی تەشرینی یەکەمی ١٩٣٦ روی‌دا کە دو روژ لە بالیوزخانەی بەریتانیادا خوی شاردەوە ، پاشان بە یەکی لە فروکەکانی چەکی ئاسمانی بەریتانیا دای لەشەقەی بال بو قاهیرە .. دوهەم لەکاتی شورشەکەی سوپا دا لەنیسانی ١٩٤١ ، کە نوری سەعید لەریگای بەسرەوە بە پاپوریکی ئینگلیز رای کرد ، کەچی عبد الاله بەرگی ئافرەتی لەبەرکردو بە ئوتوموبیلی دیپلوماسی‌یەکی ئەمەریکایی خوی دەرباز کرد ، خوی لەژیر دوشەکی ناو ئوتوموبیلەکەدا شاردبوەوە ..

کاتیك لەزیرەکی نوری سەعید ئاشکرابو کەوا ئەمپەراتوریەتی بەریتانیا لاواز بوەو هیزی کەوتوەتە کزی ، ئەم سیاسیە بەکری‌گیراوە دەسی کرد بە گواستنەوەی نوکەری‌ی خوی بو ئەمەریکا بی ئەوەی پەتی بەینی خوی‌و لەندەنیش بپچری . روژنامەکانی ئەمەریکاش لەقەبی « دلسوزترین دوستەکانی ئەمەریکا » یان « لەروژهەلاتی ناوەراستا » دایە ، وەك چون واشەنتون کاتی کە پەیمانی بەغدای گرتە باوەش نوری سەعیدو تاقمەکەشی خستە کوشی خوی .

ئەرزامس . هـ . کلومان لەزانستگای باسەکانی سیاسەتی دەرەوەدا لە ئەمەریکا لەکتیبیکی تازەیا بەناوەی ( بیری ئیمپریالیزم ) ەوە ئەلی : « ئەمەریکا بە شوینی ئینگلیزا رویی لەیارمەتی دانی ئەو چینە دەرەبەگەدا کە ئینگلیزەکان لەسەرەتای دەسەلات پەیدا کردنیانا دوروستیان کرد » هەروا ئەم نوسەرە دریژە بەقسەکانی ئەداو ئەلی :

« ئەم تاقمە بەهیچ رەنگی نوینەری‌ی سودەکانی گەلی عیراق ناکەن ، ئەم ماوە دریژەیش بە سایەی سەری نەهیشتنی ئازادی‌یە سیاسی‌یە کانەوە توانیویانە لەسەر کورسی‌ی حوکم دانیشن » .

ئەم نوسەرە کە وینەی عیراق ئەگری ، زور بەنەرمی قسە ئەکا ، ئەگینا راستت ئەوی ئەم چەرخە لەژیر باری چەشنەها دوروندەیی و ستەمو ترساندنی پولیسا ئەی نالاند .

پاش کوژاندنەوەی شورشەکەی ١٩٤٨ یش وەزع بەشیوەیەکی تایبەتی ناخوش تر بو .

سالەکانی پاشانیش نوکەرەکانی بەریتانیا تەواوی شولیان لی هەلکیشاو لەرادە دەرچون لە ئازاردانو چەوساندنەوەدا .. با بو نمونە هەندی وینەی ئەو تاوانانەتان بو بگیرمەوە کە لەینوەی دوهەمی سالی ١٩٥٤ دا کردیان :

١٨ ی ئاب ، پارتی سوشیالیزمی گەل‌یان داخست کە سالح جەبری مونافیسی نوری سەعید سەروکایەتی‌ی ئەکرد .

٢ ی ئەیلول ، پارتی دیموکراتی نیشتمان پەروەری پیچەوانەی حوکومەتیش داخرا .

٢٢ ی هەمان مانگ هەمو پارتە سیاسی‌یەکانی تر داخران .

١٦ ی تەشرینی دوهەم ، هەمو کومەل‌و یانەو روژنامەکان داخران هەروا حکومەتی عیراق لەسالی ١٩٥٤ دا ، پاش قوبول کردنی یارمەتی‌ی ئەمەریکا ، بالیوزخانەکەی خوی لەموسکو داخست ، کە برینی پەیوەندی دیپلوماسیشی لەگەل یەکیەتی سوڤیەتا بەدوادا هات .

پاش بەستنی پەیمانی بەغدا ، یاسای لەسەر جەورو ستەم و ڕتساندن دامەزراوی عیراق ، بە تەواوی شیت بو ، ژمارەیەکی زور لەخەلك لە بەندیخانەکان توند کران ، هەتاوەکو پیاوە گەورەکانی بەربەرەکانی کردنی حوکومەتیشی وەك چادرچیو کبەو سەروکەکانی تری پارتی دیموکراتی نیشتمان پەروەرو پارتی سەربەخوییشی گرتەوە .

پاشایەتی لەعیراقا بەم چەشنەبو ، بیگومان بی ئابرویی ییکی بی باکانە بو لە ماکمیلانی سەرەك وەزیرانی ئینگلیزەوە کە لە ١٦ ی تەموزا لە پارلەمانا سەبارەت بەم یاسا بوگەنە وتی : « لەپیشکەوتو ترین یاساکانی روژهەلاتی ناوەراست بو ! »

میللەتی عیراق زور رقی لەم یاسایە بو ، سوپایش هەروا ، ئەوەبو کومەلی ئەفسەرە ئازادەکان پیکهات بو لەناوبردنی پاشایەتی و رزگارکردنی ولات لەئیمپریالیزمو بیروقراتیەت .

هەرچەند عیراق بەتەواوی لە ولاتە عەرەبەکانیتر برابو ، بەلام هەستی نەتەوەییو نیشتمانی کە لەدلی هەمو عەرەبا بلیسەی سەندبو لەعیراقیشا لە ژیرەوە زور بەتین لیشاوی ئەکرد .

لە ١٥ ی تەموزا موریس ناو پەیام نیری نیویورك هیرالد تربیون لەبیروت سەبارەت بە هەلبژاردنەکەی پارلەمانی عیراق کە ٥ ی مایس کرا ، وتی : « بە راستی گالتەبازار بو » ٥٣ کەس لەگەورەترین سەروکە سیاسییەکان کە ژمارەیەکی زور لەوەزیرە پیشوەکانیشیان تیا بو ، داوایان لەگەل کرد کە بەشداری نەکا لەو هەلبژاردنە ساختەدا ،

شەقامەکان بە خوپیشاندانی گەل لەزدی حوکومەت پر بو ، بەیاننامە بە هەمو شوینیکا بلاو کرایەوە ، نوری سەعیدیش وا تولەی سەندەوە هات خەلکیکی زوری گرتو فریی دانە قولایی بەندی خانەکانەوە .

بەلام ئەم جارە گەل هەموی بەئاشکرا دەسیکرد بە دوژمنایەتی لەگەل نوری سەعید ، هەتاوەکو مەلاکانیش لەشاری پیروزی موسولمانانا ( نەجەف ) راپەرین بو بەرپەرچ دانەوەی .

کەمیللەتی لوبنان راپەری لەئیمپریالیستەکان ، نوری سەعید فری بو لەندەن ، لەوی لەگەل ئیمپریالیستەکان ریکەوت کە ولاتە موسولمانە کانی پەیمانی بەغدا بەسوپا دەس بکیشنە کاروباری لوبنانەوە ، تا سەری شورشەکە پان کەنەوە ، لەلەندەنیشەوە چو بو ئەستەمول تا ری خوش کا بو کوبونەوەی ئەو ولاتە موسولمانانەکە ئەم بریارە پەیوەندی بەوانەوە بو ، لەویشەوە گەرایەوە بو بەغداو فەرمانی دا بە یەکی لە تیپەکانی سوپا کە ئامادەبی بو چون بو لوبنان ، زەعیم روکن عبدالکریم قاسم فەرماندەری ئەم تیپە بو .

ئاژانسی دەنگو باسەکانی روژەلاتی ناوەراست ئەلی : عبدالکریم قاسم کە فەرمانی کەوتنەریی بو لوبنان وەرگرت داوای چەك و زەخیرەی زیاتری کرد ، کە خواستەکەیان جیبەجی کرد بەتیپەکەیەوە روی کردە بەغدا ، وە بەیارمەتی تیپەکانی تری سوپا ئیستگەکانی رادیو و تەلگرافو کوشکی شاہی داگیر کرد .

بەم چەشنە گەلو سوپا توانییان یاسای بیزراوی پاشایەتی

لەناوبەرنو جاری جمهوریەت بدەن ، پاش ئەمە گورج حوکومەتی جمهوریەت پیکهات کە شان بەشانی ئەفسەرە نیشتمان پەروەرەکانی شورش ، گەلیك لەسەرکردەکانی بەربەرەکانی یشی تیایە .

یەکەمین ئیش لەسیاسەتی دەرەوەدا ، کە حوکومەتی تازە بەسەر-کردیی عبدالکریم قاسم پێی هەلسا ، ئەوەبو جاری دا کە لایانگری پەیرەوەکانی باندونگ و پەیمانی کومەلی نەتەوە یەكگرتوەکانەو ، لەیەکیەتی بە هاشمیيەکەی عیراق و ئەردەن دەرچوو ، دانی نا بە جمهوریەتی یەك گرتوی عەرەبا .

یەکیەتی سوڤیەت لەپیشترینی ئەو دەولەتانەبو کە دانیان نا بەجمهوریەتی نوێی عیراقا کە تائیستا جمهوریەتی چینی میللیو ئەندەنوسیاو پولەنداو جمهوریەتی ئەلمانیای دیموکراتیو رومانیاو یوگوسلاویاو گەلیکی تریش دان یان پیاناوە ( ئەم وتارە پاش شورش بەچەند روژیك نوسراوە . وەرگیر ) .

لەناوبردنی پاشایەتی عیراق ، روداویکە کاریکی گەورە ئەکاتە سەر چونیەتی تیپەر بونی ئەو جەنگەسەختەی کە عەرەب تێی چوون لە زدی ئیمپریالیستەکان بو هینانەدی سەربەخویی ولاتەکانیا .. روخانی پاشایەتی عیراق ، واتە روخانی گەورەترین قەلایەکی ئیمپریالیزم لە روژهەلاتی ناوەراستا ، وە لیدانیکی پشت شکینە ئاراستەی ناو دلی ئیمپریالیزمو یاسای پەیمانە جەنگیيەکان کرا .

ئەمەریکاو ئینگلیزیش سواری سەری خویان بونو ملیان نەنا بو

ئەوە کەدان بەم روداوە گەورە میژوییەدابنین ، بریاری خو تی هەل‌قورتاندن یاندا لەلوبنانو ئەردەنا ، ئامانجی راستەقینەیشیان عیراقبو ئەم دودەولەتە بەم کەللە رەقی‌یەیانو بە سەرشورنەکردنیان بو یاساکانی گورانی کومەلایەتی ، یاری بە ئاگر ئەکەنو ئاسایشی هەمو جیهان ئەخەنە مەترسی‌یەوە .

**وەرگیری : محمدی مەلا کەریم**

---



# بو ئافرەتی کوردستان

ـ پەخشان ـ



گیژولەی کوردستان
پەپوولەی ناو گولان
گەلی جوانی
گەلی پاکی
لەناو جیهان
هەستە بنوینە
خوت مەفەوتینە
لەشووشەی ژیان پیکی بنوشە
ژیان شادیە ژیان زور خوشە

***

کیژولەی کوردستان
پەپوولەی ناو گولان
توش خەبات‌کە وەکو گەلان
تا سەربەست‌بی لەناو جیهان

توش راپەررە ، توش بجگەنگە
جەنگ بو خوت‌و بو نیشتمان
لەعەرەب هەلکەوت « جەمیلە »
ئەو کچە ژیرە نەشمیلە
توش راپەررە لە ئەو زیاتر
بگەرە « تانیا »ی خنجیلە

***

ئەمررو روژی تیکوشانە
روژی ئازادی خوازانە
هەرچی ئەبینیت بو ولات
خەریکەو تەقەلا ئەدات
توش راپەررە دلسوزانە
کوردستانت چاوەررووانە

کورتە چیروك :

# لەتی نان و شیشی کەباب

فاضـــل

زستانە لیزمەی باران بەخورر دیتە خواری ، لەبەر چورراوگەی گویسوانەو پلوسکەکان تا دەم نەنیی بەگویوە هیچ نابیسری ، سەرماش چوقە چوقی خستوتە دانەوە .

باجی پیروزیش کزولە گەلی کردبوە ئاگردانەکـەی بەردەمی کـە نەختیك خاکە خەلوزی تیـا گەش کردبوەوە ، قوریەکی فافونی رەشی لەلایەکیا دانا بو ، لەسەر پلاوپالیویك نانی تەرر کردبو سەرپوشەکەی خوی دابو بە سەریا . لای کردەوە بەلای راستیاو دەستیکی دریژکرد بو ناو جیگەی کوررەکەی وتی :

ـ کورم هەستە درەنگە کاتی قوتابخانەتە . کوررەکەشی هەلساو چاوەکانی گلوفتو بالەکانی دریژکردو نەختی خوی کیشایەوەو وتی :

ـ دایە وابزانم زووە ، هیشتا هەر تاریکە .

ـ نە کوررم ئەوە هەورە بویە تاریك دیارە ، ئەی گویت لی‌نیە باران چی ئەکا ؟

کوررەکەی هەلساو چو لەهـەیوانەکەدا دەستو دەموچاوی شتو هاتەوە گوی ئاگردانەکە وتی :

ـ دایە بەخوا زور ساردەو بارانیش زور ئەباری نازانم چون دەرچم بو مەکتەب ؟ دایکی بەسەریا هاتو هانەهانەی داو غیرەتی نایە بەر وتی :

ـ کوررم گوی مەدەری تو کورریتو ئەبی ئازابیت ، مەکتەبیش زور دور نیە ، لەم کاتەیشا چایەکی بو تیکردو کوررە خواردیەوە بە پارچەیە نانەوەو هەلسا خوی کوکردەوە . چی کوکردنەوەیەك ؟ بەسەر شەروالەکەیا قەمسەلە کونیکی فەردەو بەسەر ئەمیشا پالتو شرریکی لەبەرکرد کە هەردو ئانیشکەکەی لیوە هاتبوە دەرەوە لەبەر درراوی . سەر ئەژنوی شەروالەکەیشی تەنك بوبو . کتیبەکانی کرد بە بەر پشتوینەکەیا لەژیر پالتوکەیەوە هەلسا برروا ، خوشکەکەی پیی وت :

ـ توخوا کاکە ئەمرروش لەبیرت نەچی . ئەویش وتی باشەو چوە دەرەوە .

گەیە قوتابخانە ، هەمو گیانی لەئاوا شلپەی ئەهات ، زوری پیخوش نەبو بخوینی بەلام بلی چی ، دایکی زوری لی ئەکرد ، هەمو جار پیی ئەوت ( کورم تا من بمینم بە بیوەژن کوشی بەخیوت ئەکەم و ب.ب بخوینی تا ئەبی بەشتی ، با لەپاشە روژا وەکو ئیستە نەژینو ، تابیت بە یارمەتیەکو پەنایەکیش بو خوشکەکەت ، ئیتر ئەگەر من بمینم یا نەمینم وا قەی‌ناکا ) . ئەم قسانەی دایکی بو وای لی‌کردبو کە لەقوتابخانە نەبرری ، هەژاریو برسیەتیشی وای لی‌کردبو لەهەمو هاورریکانی باشتر بیت ، پارەی نەبو لەگیرفانا بەروژ خوی پیوە خەریك کا ، یائیواران سینەما گەررانی پیوە بکا ، لەمالیشەوە رادیو و رابواردنی نەبو تا نەپەرژیتە سەر

هیچی تر بویە بەشەو تاوەنەوز ئەی بردەوە لەگەل کتیبەکانی خەریك ئەبو ، بەروژیش پاش قوتابخانە زور لەمال دور ئەکەوتەوە .

ئەو بەیانیە بەو سەرماو توفو رەهیلەیە گەیە قوتابخانە ، دەرسی یەکەمو دوەمی خویند لەپشوی پاش دەرسەکەدا بە چەشنی هەمو روژیك بابولەی خواردن بەش کرا بەسەر هەمو قوتابیەکانا . ئەمیش بابولەکەی خوی خرایە سەر میزەکەی لەبەردەمیا کەبریتی بو لە لەتی نانو شیشیك کەباب . چاوی تی بری ، ئاو زایە دەمی ، سکی کەوتە قوررەقورر ، برسیەتی پەرەی لیسەند ، خەریك بو پەلاماری بداو بیخوا بەلام خوشکەکەی بیر کەوتەوە کە بەیانی پیی وت ( کاکە لەبیرت نەچیت ) بویە نا نەکەی بە کەبابەکەوە لول کردو ئاخنیە باخەلیەوە .

بوچی ماموستاکەی لەژور سەریەوە راوەستابو ! چاوی لەم ئیشەی بو بەلام هیچ دەنگی نەکرد تا تاویك ، قوتابیەکان دەستیان کرد بە هەلسانو چونە دەرەوە ، ئەمیش هەستاو ژورەکەی بەجی هیشت و ماموستاکەیش بەشوینیا ، بانگی کردو بە ئەسپایی لیی پرسی :ــ

ــ کورم بوچی نانەکەتت نەخوارد ، پیچاتەوەو خستتە باخەلتەوە و ئەمە چەند روژیشە هەروا ئەکەیت ؟ کورەش وەلامی دایەوە :

ــ ئەفەندی ئەیبەم لەمالەوە ئەیخوم .

ــ ئەی بو لیرە نای خویت ؟

ــ لەمالەوە لەگەل خوشکەکەما ئەیخوم چونکە خواردنی باشمان نیەو دایکم گوشتمان بو ناکرری .

ــ بوچی گوشتتان بو ناکرری ، ئەی باوکت لەکوییە ؟

پار هاوینی لەسەر ( گەلابەیەك ) گەوتە خواریو بەرتایەکەی کەوتو مرد ئیستەیش هەر دایکم بەخیومان ئەکاو هیچمان نیە .

ئەی بەچی ئەژین ؟

- بەو قیرتەبەقەی دای ناوە لەبەر دەرگای مالەوەدا ، سا چی بفروشی بەروژ بەوە ئەژین .

ماموستاکەشی چاوی پرربو لەفرمیسك ، دلی جوشی سەند ، دەستی کرد بەگیرفانیا چارەکە دیناریکی دایەو وتی : - ئەمـەش بەرەوە مالی بوخوتان خەرجی کەن .

کوررەش لەپیشا وەری نەئەگرتو وتی : -

- ئاخر ماموستا ئەمرو تو ئەمەم ئەدەیتی ئەی سبەینی ، ئەی دوسبەی ؟

## خـەبات

ماموستای محاومیو ئەدیب ابراهیم احمد ئیمتیازی روژنامەیەکی سیاسیی روژانەی کوردیو عەرەبیی وەرگرت بە ناوی خـەباتەوە . « هیوا » زور شانازو شادە بە « خەبات »ی هاورریيو ئاواتە خوازە کە ببیتە هەوینی خـەباتیکی هەمیشەیی بو بەرەو ژیانیـکی بەختیارتری نەتەوەی کورد .

# نامەیەك لەكوردستانی ئێرانەوە

تیشكی رۆژی رزگاری گـەلان وا دەمیكە رووناكترو بـەتین‌تر لەپێشو خوی دەنوێنی . بە درێژی مێژوی ژیانی ئینسان و بەپێی یاسای تەبیعەتی كومـەلایەتی چینەكان و نەتەوەكانی عالەم بەدایم هـەردەم لەخەبات‌و تیكوشاندا بوون .

بەشیك لـەو تەقەلایە بو داگیركەری‌و دەسـەلات بەسەر ولات‌و چەوسانەوەی بەرهەمی شان‌و پیلی نەتەوەكانی دیل‌و یەخسیربوە بەشی تری ئەو خەباتە كـە دایم كەوتوتە بەرامبەری تەقـەلای داگیركـەری تیكوشانی نەتەوەكانی داماوو ژیرچەپوك بو رامالینی توقی ئەسیری و بەرقەراری ئازادی‌و ژیانیكی خوش‌و بەختیار بوە .

هەژاری‌و تالی ژیان و زورو زورداری داگیركەران لەسەر نەتەوەكانی ژیر چەپوك تیكوشان‌و بزوتنەوەی ئەوانی روژ بەروژ رازاوەترو بەرین‌تر كردوە .

وا بەقەد نیو قەرن دەبی كە بەرینی ئەو تیكوشانە دەوری گوراندوە وە بە بونەی بلاوبونەوەو پەرەی بیرو باوەری ئینسان دوستانە ومەرام‌و ئامانجی ئازادیخوازانە لەعالەمدا ئەو نەتەوانەی كە رزگاربوون و یان لەسەر پلەی دوایی رزگاربوونن پاش ئەوەی كە سەربەست بوون و دەسەلاتیان بەدەستەوە گرت ئیتر بیجگە لەوەی هیزی داگیركەری لەناو ئەو نەتەوانەدا ناتوانی خوی دەرخات بەلكو بەشی زوری ئەو نەتەوە رزگار بوانە دەبنە

پشت‌و پەنای نەتەوەکانی یەخسیرو زور لی‌کراو و بەپی‌ی توانایی‌و هیزیان نەتەوەکانی دیل‌و یەخسیر یاریدەو بەوبونەوە بو پساندنی زنجیری دیلی هانیان دەدەن .

لەپاش روخانی دام‌و دەزگای ئیمپراتوریەتی روسی کون‌و هاتنــە سەرکاری هیزو توانای میللەت دیمان بە چ جوریك دەولەتی سوڤیەت ( شورەوی ) دەستی داگیر کەری ئیمپراتوری روسیای لە ئیران بریوەو چاوی لەتەواوی‌ی بنکەو خانو بەرەو شرکەت‌و ریگای ئاسن و قەرزی داگیرکەرانەی ئیمپراتوری روسی کون پوشی و بانگی دوستایەتی خوی راگەیاند کەوا ئیستاش هەر بەر دەوامە .

وا ئیستا نەتەوەکانی رزگاربوی عیراق‌و میسرو زور نەتــەوەی تریش یاریدەی گــەلی تیکوشەرو دەس بەچــەکی جزائر دەدەن کــە قارەمانانە بو رزگاری‌و سەربەخویی نیشتمانیان قولیان لەئیستعمارگەرانی فەرانسە هەل‌مالیوە وە دەخوازن بە سەربەستی بژین .

وەیان لەکاتیکدا کە داگیرکەرانی انگلیزو فەرانسە لەگەل ئیسرائیل هارکراوی روژهەلاتی ناوەراستی ئیمپریالیزم کە هروژمی داگیر کەرانەی خویان بردە سەر نەتەوەی رزگاربوو و ئازادیخوازی میسر دیمان چون نەتەوەکانی چین‌و سوڤیەت پیاوانە لەگەل نەتەوەکانی تر وەکو سوریاو هیند ، ئەندونیزیاو ...

دەنگی پیشتیوانی خویان لەبەرهەلستی نەتەوەی میسر بەئیمپریالیزم و هیرش‌بەران راگەیاند . ئەو کاتە دیمان هەر باش هەررەشەی سوڤیەت

و دانی چەند سەعات وچان دوایی پیدانی هیرش‌و کوشت‌و کوشتاری نەتەوەی نەبەزی میسر کە زورئازایانە بەرهەلستی کردن هیرش‌بەران شەرری داگیرکەرانەیان وەستاند. وە هروژم بەرەکان بەهەموو هەررەشەو گوررەشەکانیانەوە لەخویان نوسان وە بەدەستی بەتال و روورەشی‌کشانەوە ئەو دەمە نەتەوەی ئازاو نەبەزی‌میسریش لەوکارەساتەدا سەربەرزو پیروز ئالای حەقی حاکمیەتی خوی لەسەر دەراوی کانالی سویز چەقاند .

بی‌گومان پشتیوانیەکەی سوڤیەت‌و چین لەگەل نەتەوەکانی عالەم یەکیك لەهویەکانی هەرە گەورەی پیروزی میسر لەبەرهەلستەکەی دا دیتە ژمارەوە .

جا کەوابو لەئەنجامدا بەوە دەگەین کە ئیمرو لەعالەمدا بەرەیەکی بەرین‌و بەهیز لەنەتەوەکانی رزگاربوو پیك هاتوە وە لە بەرامبەر داگیر- کەرندا بو یاریدەو هاندانی نەتەوەکانی ژیر چەپوك‌ماو وەك قەلایەکی نەرووخ راوەستاون .

ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە میژووی گورران ( تحول ) لەو چەند سالەی دوایی‌دا ئەبینین لافاوی شورش‌و هروژمی رزگارکەری لەقەراخ گومەکانی ئەندونیزیاو ڤیتنام دا تاکو قەراخ گومی میدیتەرانەو لەویوە لەلبان‌و قبرس رابگرە تاکو روژئاوای مەراکش‌و نیجیریان داگرتوە وە لەویدا خوی کیشاوەتە ناو جەرگی بازاری ئیمپریالیزم یانی ئەمریکای خوارو . بەکورتی قارەکانی ئاسیاو ئەفەریقا وتیکرا راست‌بوونەوەو وا خەریکی کەلاکی پیس‌و بوگەنی ئیستعمار کە دیاری ئەوروپای شارستانی بو خەلکی قارەکانی ئاسیاو ئەفریقایە بەیەك‌جاری بینیژن .

کلپەو بلیسەی شورشی رزگارکەری ئاسیاو ئەفریقا بەتایەبەتی هی نەتەوەکانی عەرەب بەزوربەی شورشی جەرگبر و پشتشکینەری ئیستعمار لەعیراقدا لەو چەندسالەی دواییدا کەوا ئیستاش پەیتاپەتیا پییەوە دەچی تینی راستەقینەیو هەستپیکراوی خوی داوەتە خەباتی بەردەوامی نەتەوەکەمان بو رزگاریو سەربەخویی .

زور بەروناکی دەبینری کە تەواوی نیشتمانپەروەرانو تیکوشەرانی کورد هەستیان بەو تینوتایە کردوە .

شورشی پیروزو سەرکەوتوی عیراق کە لاپەرەی رەشی دەورو زەمانی فیصلو عبدالالە داداشی ئاغاکانی قەراخ چومی تایمزو لندنو نوری سعید خائنی ژمارەیەکی روژهەلاتی ناوەراستیئیستعماری دراند وە ئالای بەرزو پرشانازی جمهوری عیراقی لەسەر کوشکی شاهی کە مولگای کوبونەوەکانی پەیمانی کونی بغدا بو داکوتا . وە بەشیك لەنەتەوە پچرپچر کراوەکەمان کە کەوتوتە عیراقەوە لەژیر سیبەری ئالای جمهوری عیراقدا هیندی مافی نەتەوایەتی ستاند وە جمهوری لەقانونی اساسی نەتەوەی عەرەب لەولاتی عیراقدا بەشەریك دەزانی ئەو کردەوەو کردەوەکانی تری ناسیونالیزمی عەرەب دەریدەخا کە ناسیو نالیزمی عەرەب کەوتوتە سەر باری ناسینی مافی کورد و یاریدەی نەتەوەی کورد بو رزگاریو سەربەخویی کوردو کوردستان .

دیارە کاربەدەستانو بەریوەبەرەکانی ناسیونالیزمی عەرەب لەگرتنەبەری یاریدەی نەتەوەی کورد بورزگاریو سەربەخویی باشترینو

لەبارترین ریگای سەرپانکردنەوەی ئیستعمارو نوکەرانی ئیستعماریان هەلبژاردوە . گرتنە بەری ئەو ریگایە هەر ئەوەندە کە بەقازانجی کوردە قازانجی نەتەوەی عەرەبیشی بەبەرچاوی تیدایە . رووناکە کە نەتەوەکەمان لەهەر چوار پارچە دابچرراوەکاندا بەچاویکی زور حورمەتاویەوە دەروانیتە جوولانەوەی نەتەوایەتی عەرەب کەوا کەوتوتە سەر باو پەیتاپەیتا ولاتەکانی عەرەب رزگار دەکاتو تارمایی ئیستعمار لەروژهەلاتی ناوەراستدا دەخاتە ناو گومەوە .

حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر پاش رووخانی تاجو تەختی فاروقی خائین بەدەستی شوررشگیرانی هیزی میسر لەمەر خاوینی ئامانجی شوررشگیرانی و جوولانەوەی نەتەوەی عەرەب رووناك بوەوە کە بنکەی هیزیکی پرر تاقـەتی نەتەوایەتی ریشـەی داکوتاو بە پـەرەی خوی ئیستعماری بریندار کردو دوا برینی جـەرگ برری خوی لەناوەندی پەیمانی شەرر هەلایسینەری بەغدای کونی کرد .

دواروژی بەرینی خەباتی گەلان باشترو کاکل تر شوینو ئامانجی ناسیونالیزمی عەرەب کە تائیستا هەر بەخاوینی لەگەل ئامانجی نەتەوە- کەماندا بەریوە هاتوەو دەردەخا .

کاربەدەستانی دەزگای دەولەتەکانی تارانو ئەنقەرەو بەغدای کون بەتایبەتی هی ئەنقەرەو تاران زوریان تەقەلا دا کە کورد لەناو نەتەوەکانیاندا بتویننەوەو زمانوکارو کردەوەی تایبەتی کوردایەتیان لەناو هەلگرن . هەر بویە یشە زور بەتوندی بەرهەلستی زور داخـوازی نەتەوەکەمان

لەتورکیاو ئێراندا بو خویندن بەزمانی کوردی دەکرا کەوا ئیستاش هەر بەردەوامە لەکاتیکدا هەر لەزووەوە نەتەوەکەمان بەخەباتی خوی ئەو مافەی لەدەزگای دەولەتەکانی سەربەئیستعماری پیشووی عیراقیئەستاندوە لە ئەنجامدا کورد لەهەر چوار پارچــە داپچرراوەکاندا زمان ، کردەوە ، ئاکارو هونەری خوی پاراستوەو وەك میللەتیك ماوە . نەتەوەی عەرەب زور بەبرایەتیو دوستایەتی لەگەل نەتەوەکەماندا بەریوە دەچوو بەتایبەتی ئیستە بەبونەی بوونی حکومەتیکی میللی ئەو حورمــەتو برایەتیە زور بەهیزتر بوە . تەقەلای دەزگای دەولەتەکانی تورکیاو ئیران بو تواندنەوەو پەرشو بلاوکردنی نەتەوەکەمانو هەروەها تەقەلا بو لەبەین بردنی مافی نەتەوایەتی میللەتی کورد گــەورەترین خیــانەتە بەئامانجی دوستایەتی نەتەوەکانی فارسو تورك لەگەل نەتەوەی کوردو قەت لەلایەن نەتەوەکانی تورکو فارسەوە پشتیوانی نەکراوە بەلکو بەدایم بیری نەتەوەکانی فارسو تورك بەپیچەوانەی تەقەلای دەزگای دەولەتەکانی سەربە ئیمپریالیزمی تورکیاو ئیران بوە . کورد چ لەئیران چ لەتورکیاو عیراقو سوریادا دەستی برایەتیو خەباتی یەکگرتووی خویانبو روخاندنی دامو دەزگای دەولەتەکانی سەر بەئیمپریالیزمی ئەو ولاتانەی دابوە دەستی نەتەوەکانی ئازادی خوازی فارسو تورکو عەرەبەوە . هەر وەکو لەعیراقو سوریادا ئەو برایــەتیو خەباتەمان بو هینانە سەرکاری حکومەتیکی میللی بەرچــاو دەکەویو وا ئیستا زور بەتینتر لەپیشوو ئەو ئەرکە کەوتوتە سەر خەباتی نەتەوە کەمان لەئیرانو تورکیادا کــە دەبی دەستی یەکیتیو برایەتی بداتــە دەست نەتەوەکانی فارسو ئازربایجانو تورکو ئەقەلیاتەکانی میللی ئەو ولاتانە

بو هينانه سەرکاری حکومەتیکی نیشتمانی . برینی جوقەواری نوکەرانی ئیستعمار لەعیراق‌و ناسینی بەشیك لەنەتەوەکەمان بەشەریکی نەتەوەی عەرەب لەولاتی عیراقدا مزگینیەکی بەرچاوە بو رووناکی رزگاری نەتەوەی کورد کە یەکەم گزنگی ئومیدی رزگاری پرژاندوتە سەر کوردەوار یەوە . بەو جورە زور بەجوانی‌و رووناکی بومان دەردەکەوەی کە هەول‌و دەوریکی زور لەبارو راست بو ئازادی‌و بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی نەتەوەکەمان وا لەپیشمانەوەیە .

هاو نیشتمانی خوشەویست : حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لەتەواوی چینـەکانی میللەت لەکریکاران‌و لادی‌یەکان‌و پیشـەواران‌و رووناکبیران‌و عەشیرەتەکانی نیشتمانپەروەرەر دەگیریتەوە زور لەپیشو زیاتر کوزیلەی خویان لەدەوری ناوەندو ئالاهەلگری نەتەوەکەمان حیزبی دیموکرتی کوردستان پتەوترو نزیکتر کەنەوە .

حیزبەکەمان بەوریاییەکی بەرینەوە بەهاونیشتمانانی خوشەویست رائەگەینی کەهەر وەکو تائیستا فریوی فیل‌و درو دەلەسەکانی ئیستعمارو چلکاوخورەکـانی ئیستعمار تان نەخواردوە پیویستە زیاتر لـەپیشوو ئاگاداری جولانەوەی گیرەشیوینی نوکەرانی ئیستعمارو ئیمپریالیزم بن .

حیزبەکەمان دلینایە تا ئەو دەم خوی لەباوەشی نەتەوە کەماندابیبینی، ئیستعمارو نوکەرانی زەفەری پەرش‌و بلاوی پی نایەنن هەروەکو بەدریژی چواردەسال تەمەنی حیزبەکەمان تەقـەلای دوژمن بو جیاکردنەوەی ئەو لەمیللەت نەی توانی سەرکەوی .

حیزبه که‌مان زور به‌شانازیه‌وه هیزی به‌تین‌تر کردنی خه‌باتی رزگاری خوازانه‌ی خـوی له‌و پشتیوانیـه پرر جـه‌وهـه‌ره‌ی وه‌رده‌گری کـه نه‌تـه‌وه‌که‌مان له‌پاش کاره‌ساته‌که‌ی کودتای ۲۸ ی گه‌لاویژی ۳۲ له‌وی کردو له‌باوه‌شی خوی‌دا پاراستی .

حیزبه‌کـه‌مان هـه‌ر وه‌ك قه‌لایـه‌کی نه‌روخ بـه‌پشت‌ئه‌ستووری نه‌ته‌وه‌که‌مان به‌رامبه‌ر به دوژمن راوه‌ستاوه‌و به یاری‌کاری هاونه‌ته‌وه‌کا نمان له‌عیراق‌و تورکیاو سوریادا بو پیك‌هینانی ئاواتی پیروزی گه‌لی کوردو هه‌روه‌ها له‌ئیران به‌خه‌باتی پته‌و و یه‌کگرتووی له‌گه‌ل نه‌ته‌وه‌کانی فارس‌و ئازربایجاندا بو پیك‌هینانی ژیانیکی خوش‌و به‌ختیار به‌ره‌و پیش ده‌روات .

حیزبه‌که‌مان به‌پته‌وبوونی خـه‌باتی گه‌لمان ئاسوی ئازادی‌و رزگاری زور رووناك ده‌بینی .

به‌یه‌که‌وه له‌ریزیکی تیـك‌به‌سیو و پتـه‌ودا به‌ژیری‌و وریایی یه‌کی ئازایانه‌وه به‌ره‌و گزنگی رووناکی ئازادی‌و سه‌به‌خویی گه‌لان بو پیشه‌وه .

بژی ئاشتی به‌رده‌وام ئامانجی پیروزی گه‌لان .

سه‌رکه‌وی ئامانجی گه‌لانی یه‌خسیر بو ئازادی‌و رزگاری .

پیروزبی ئاواتی جـوانی پیـك‌هاتوی نه‌ته‌وه‌کانی کوردو عـه‌ره‌ب له‌عیراقدا .

سه‌رکه‌وی خه‌باتی گه‌لی کورد بوئازادی‌و رزگاری .

# ئەستێرەی ئازادی

**نوسینی : ج. بابان**

ئەستیرەی ئازادی گەلان لە درەوشانەوەدایە ، پ شنگ ئەدا . کاروانی گەلانی ئاشتیو سەربەستی خوازانی سەر رووی زەمین بەهوی ئـەو پرشنگە زیوینەو شەوقە رونەوە ریگای تاریکی سەختی هەزار بەهەزار دەرئەکەن بی وەستان ، ئەرون بی ووچان ، تا ئەگەنە مەبەستی خویان .

ئەستیرەی ئازادی هەر لەدرەوشانەوەدایە ، لە جریوەدایە بە ئاشکرا بانگ ئەکاتە گشت برسیەك بە ئازادیو هەمو تینویەك بو سەربەستی ، بانگ ئەگاتە هەمو نوستو و خەوالویەك و بە جریوە موزیقاییە کا ریگەرەکەی ، بە هەمو لەسەرخویی و نەرمیەکەوە ئەلی : ــ هەستن بکەونە خوتان ، وا شەوەزەنگم بو پال پیوەنان ، تاریکم بو روشن کردنەوە ، دەسا راپەررن بگەن بە کاروانا ، زوکەن بەجیمەمینن ، گورجکەن خوتان کوکەنەوە ، ئیستا ئەو کاتەیە کە چەندەها سالە گەرمتر لە ئاگر ، تیژتر لە گوللە بە پەروشتر لە روژوەوان چاوەروانی بون . برون بەرەو روناکی ، روەو بەختیاری ، گیتی رونە ، بەری ئاسمان ساماڵە . بەلی ئەو پەلە هەورە چلکنەی جاران بەری ئەستیرەی درەوشاوە و روژی روناکی گرتبو وا لەرەوانەوەدا ، ئەو تەمو مژەی رووی ئاسمانی تەنیبو ، وا بە گەرداوی توندو بە هیزی خەباتو کوششی بی وچانانەی گەلان هەموی پەرشو

بلاو بوەوەو پرشنگی ئازادی تاله زیوینەکانی به هەمو لایەکا پەخش‌بو . خوای شەرر دەهولی دررا . کونەپەپوی بەدفەسال دەنگە ناسازەکەی برراً ، بازرگانەکانی گیـانی میللەتان بازاریان بو بـە دەمی مردو ، شەپازللەی یەك لەسەریەکی میللەتان کەروکاس ، گیژو وری کردن . مەگەر هەر به یادی جارانەوە گوی‌یان بزرنگیتەوە و ئاخو هەناسەی سارد هەلگیشن بو کوشكو سامان و رابواردنەکەی پیشویان ، بو کەلەگاییەکەیان که یاری‌یان بەگشت گیتی ئەکرد به آرەزوو خواستی خویان .

هەر هیزی میللەتان و خەبات‌کەرانه کەلەگا ئەکات به مانگا بەکەل ، شیر ئەکات به ریوی و پیشیله ئەکات بەمشك . بەلی کەلەگا بەشیری چوە هەر شوینیك لەریوی کەمتر بوی دەرچو ، لافـو گەزافی فیرعەونیان لەهەر جی‌یەك لی‌دا نیشتمان پەروەرانیان لی بو به موسی ، ئەوەی بەسەر ئەوان هات ، سەرما بەهەتیو با بەدەواری شرری نەکرد لەهەر کوی‌یەك ئەیان بینی قەیسەریان لی‌بوە بەکونە مشك جی نیه خویانی لی بگرنەوە ، شوین نیه خویانی تیا بشارنەوە ، ئەوە هیند ، هیندی چینی ، ئەندەنوسیا بورما ، سەیلا ، جزائر ، مراکش ، عیراق ، سوریا ، میسر ، لوبنان . . . و بەدەیەها یاخود به سەدها شوینی تر ، هەر کەلەگایه و بوە به مانگابەکەل و سەربەرەو خوار بەدەم شەقەوە وەك توپ خل ئەبیتەوە .

بی‌گومان حسابی میللەتان قورستریکه لەگەل نوکەرانی ئیمپریالست‌و چلکاو خورو دەست‌و پیوەندەکانیان که لەکوشکی شوشەو نوین‌و بەرگی ئاوریشما ئەتلانەوە و بەسەر مالی میللەتەوە ئەزەلانەوە . هەزار داوین

پیسیو بەد خواییان ئەکردبوئاغاکانیان ، سپی بە رەش ، رەشیان بەسپی ئەکرد ، دز بـــە خاوەن مالو خاوەن مال بە دز ، حەقیان بە ناحەقو ناحەقیان بە حق ئەکرد . بی گومان حسابی میللەتان لەگەل ئەوانە زور سەختە ئەبی هەرچیەکیان کردوەو هەر خوشیەکیان چەشتوە هەموی لەکونە لوتیان بیتەوە .

ئەمەیە رەورەوەی میژو کە هەرگیزاو هەرگیز هـــەر بو پیشەوە ئەرواتو هەر یەکیك لەو بی هیزو لاوازانەی کە مافی ژیانیان نیە لەدوژـ منانی مروڤایەتی وخوین خورو پاشل پیش و بەدکاران هەمو ئەبی ببن بە ژیرەوەو ریگا بو کاروانی گەلان پاك کەنەوە کە بەبی قورتو گری کاروانی خویان تەواوکەن و ریگای ئازادی ببرن .

بەلی ئەسیرەی ئازادی میللەتان لەدرەوشانەوەدایە و پرشنگ ئەدا ، ریگا روناك ئەکاتەوە بو کاروانی گەلانی ئاشتی و ســـەربەستی خـــوازانی سەر رووی زەمین ، کە برون بی وەستان ، بکشین بی ووچان .

---

## وەسلی ئابونە

تا ئیستا گـــەلی لەبەشدارە بەریزەکانی هیوا ئابونەی سالی پارو ئەمسالیـــان بو ناردووین ، سوپاسیان ئەکـــەینو بەمنزیکانە هـــەمویان وسلەکانیان پی ئەگات .

---

## نامەخانەی کوردستان لەکرکوك

نامەخانەی کوردستان لەکرکوك هەمو جورە چاپکراویکی کوردیی لی دەست ئەکەویت ، ئەوەتا لەسەر شەقامی سیروان ، خاوەنەکـــەی عومەر بیکەسە .

# میژوی لام باش نیەی سلیمانی

## تا ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨

* کوردستانی عیراق بەزور درایە پال حکومەتی فیصل .
* تەنیا دو کەس قایل بوون بەم درانە پالە .
* کورد هەمیشە خەبات ئەکات بو مافی بریاری پاشەروژی .

**نوسینی : أحمد خواجه**

ئەم باسە میژویکی زور گرنگە لەلاپەرەی میژوی کوردا بەرامبەر بەملکیتی لەعیراقدا .

لەپیش دروست کردنی مەلیك « ملك »و رازاندنەوەی تەختەکەی ، ئەم عراقە بەناوی عربستانو کوردستانەوە ناوئەبرا .

ئیستا ، لەپیش ئەوەدا کە لەبنەچەی باسەکـە بدویین نەختیك لەکردەوە رەنگاورەنگو بەپیچو پەناکـەی ئیستعمار ئەدویین : ئینگلیز کەبەدوای لەشکرە شکستەو سپا پەراگەندەی تورکە پیاوخورەکاندا هاتە عراقەوە گەیشتە کنگربانو کە رووی‌کردە کرکوكو شاریەکان چوون‌بەپیر سپای ئینگلیزەوە و گەیشتنە کرکوك ئیتر بیجگە لەسلیمانی ولاتنەما ئینگلیز نەی‌گرتبی .

خودیاره کـەتەنیا سلیمانیش تەواناى بەربەرەکانى وە ویستانى نەئەبوو بەرامبەر بەلیشاوى لەشکرىئینگلیز وەیان بىنە کرکوك‌و کورد بەقرر بچیت . بەلام لەدواى نووسین‌و لى‌گیرانەوەیەکى زورلەسەربەلین‌و ژوانى مەردانەى ئەوسایان بو سلیمانیش ریگە دران .

بەلینەکەیان ، لەچیاى حمرینەوە دروست‌کردنى کوردستان بوو بەلام بەدروست‌کردنى عراق‌و لەهەندەرانەوە هینانى پیاویکى مووچەخورى خویان « فیصلى یەکەم » بو ملکى عراق کە ئینگلیزەکان بەمەرامى خویان فوویان‌دابوو ئینگلیزە لەگامەکانى کوردستان ئەمجارە بەنامەردانە لەکورد کەوتنە بەندوباو . ئەو وشکە کەلەکەى بەناوى سـەربەستى کوردەوە بەفروفیل‌و دەسیسە هەلیان‌چنى‌بوو و کوردیان پى‌تەفرەئەدا وردە وردە کەوتنە رووخاندنى تاهەرەسیکى وایان پى‌هینا خویانیان کردبەژیریوە .

بەلام ، ئەووەختە بوئەوەى فیلە ناپاکیەکـەیان لووتـەو بزووت یەخەگیریان نەبى ، درو و دەلەسەکەیان نەکەویتە گوررى روو زەردیانەوە هەر روژە بەهیوایەك وە هەردەمە بەدرویەك کەوتنە تەفرەدان .

لەگەل هینانى فیصلى یەکەمدا لەلایەن پیاوە دروزن‌و دەس برەکانى بەریتانیاوە لەسلیمانى کە ئەووەختە ناوچەى هـەرە بەهینرى داواى سەربەستى‌و ئازادى کوردبو لەکوردستاندا ، کەوتنە تەلەکەبازى‌و ئەم پرسیارانەیان دروست‌کرد .

١ ـ پرسیارى یەکەم : ( لام‌باش‌نیە )

أ ـ تیکەل‌بوون بەعەرەبى عیراق .

ب ــ باوەرکردن بەفیصلی یەکەم .

٢ ــ پرسیاری دووەم : ( لامباشە )

بەپیچەوانەی پرسیاری یەکەم .

لەدوای ئەم پرسیارو بەختبی‌نیە لەهەموو لیوای سلیمانیدا تەنیا دوولام باشە دەرچوو . کەچی لەجیاتی بەلینە نامەردانەکەیان ناوی کوردستانیان‌کرد بەشمال .

خوبیجگە لەم پرسیارو فروفیلەیان زور دەردی گران هەیە کەبوتری بەلام دووبارە بەرامبەر بەهەموو کردەوە پرزەبرو زەنگە کەیشیان لەروژی هاتنی ئینگلیزەوە بوسلیمانی تا سالی ١٩٣٠ ــ ١٩٣١ لەژیر دەسەلاتی سەروکی زیندو شیخ محمود دا بە چەك بەربەرەکانی ئەکراو بو داوای ئەو حقە کە استقلالی کووردو کووردستانە کوورد پاش نەکەوتوەو لوای سلیمانی هەروەها تا شەبەقی روژی ١٤ تموزی ١٩٥٨ لەسەر ئەو پەیمانی « لامباش‌نیە »بە مایەوەو هەرگیز باوری خویان نەدا بەملیکی عراق و بە ناچاری دوستانە رایان بوارد .

جا ، کە روژی عراق لەتەپو توزی کردەوەی چوغل‌و نالەبارە ناپەسندەکانی ئیستعمار رزگار بوو هەر لەو روژە پیروزەدا بانگی یەکیەتی‌و آزادی عربی عیراق‌و کوورد لە آسمانی گیتی‌دا پرشنگی دا .

هەر بەآواتی سەربەستی‌وە هەموو کووردی سەرزەوی لەگەل برایانی عربی عراقدا بە هەموو هیزو گیانیکی باش‌و خاوینەوە دەستی برایەتیان هاویشتە ملی یەکتر . هیوا دارین ئەم پشتی یەکیەتیەو پەیوەستیەمان هەرگیز نەترازی وە بو چیژتنی تامی کامی آزادیمان هاوری‌ی ژیان و مردن بین .

**احمد خواجە**

# کاری شۆڕشەکەی عیراق

# لەزۆران بازی دەوڵەتەکانا

نوسینی ماموستا اقبال فلوجی
وەرگیر لەعەرەبیەوە
(( ف . ع . ك ))

بی‌گومان شورشەکەی عراق گورانیکی زوری هینا بەسەر هەلویست ( موقف )ی دەولیدا ، وەکاریکی زوری کردوەتە کیشانەی هیز ( میزان القوی ) لە مەیانی پارچەکانو ئوردوگاکانا ، ئاشکرایشە کەئوردوگای ئاسایش بەشی شیر ( حصة الاسد )ی بەرکەوت .

لەم وتارەدا ئەمانەوی باسی ئەوکارە بکەین کەشورشەکەی عراق کردوەیەتە سەر هەرپارچەیەك لەم پارچە پارچە دەولیانە .
لەپیش هەموشتیکا ئەوپارچە دەولیانە کامانەن ؟

کەجەنگی دوهەمی جیهان کوتایی‌هات ، پاش‌ئەوەی کەجیهان ، هەموی ، دلخوش ترین سزاو ئازاری چەشت لەسایەی ئەوشەرەدا ، هەمو بەرەی ئادەمیزاد هەستیان‌کرد بەوەی کەبازرگانەکانی جەنگ بەمەوە راناوەستن ، وەچینە کاربەدەستەکانی ولاتە روژئاواییەکان

بەوبەشەی کە لەوجەنگەدا دەسیان کەوت تیریاننەخواردوەو رازی‌نەبوون بگرە وەك زەرەرمەند لەجەنگ دەرچون ، بەتایبەتی پاش‌ئەوەی کەهەستیان کرد بەوەی کەئوردوگایەکی‌تری فراوان‌و بەهیزپەیدابوە ، بەرادەیەك کەئاخیان بوروژانی (هیتلەر) هەلئەکیشا !واتە،سەبارەت بەم‌تاقمە مەسئەلە پاریزگاری سەربەسەستی دیموکراسی و زدی هیتلەر نەبو ، وەکو خویان گەزافیان‌لی‌ئەدا ، بەلکو مەسئەلەی لەناوبردنی رقەبەریکی ترسینەرە کەتەماعی لەئەندازەدانیەو هەرەشە لەتەماعی ئەمان ئەکات !.. ئەنجامی جەنگی دوهەم لەبەرچاوی ئەمانە ئیجگار ناهەمواربو ، چونکە لەسەر شانوی دولیدا ئوردوگایەکی تری بەهیز پەیدابو ، ئەویش ئوردوگای ( سوشالیزمی ) بو بەسەروکایەتی یەکیەتی شورەوی ، ئەم ئوردوگایەش توانایەکی ئیجگار سامدارو گەورەی‌بو بەرادەیەکی‌وەها دوشمنەکانی هەمو سەرسام‌کردو جیی پی‌لیژکردن ، وە لەئەنجامی هەلویستەکانی یەکیەتی شورەوی‌و ئوردوگای سوشیالزمی دەربارەی پشتگیری‌کردنی ولاتانی ژیردەستە ، ئەم‌تاقمە بویان‌دەرکەوت کەتەنها خویان‌نین لەمەیدانا ، بەلکو مەترسیەکی زورگەورە هەیە کەهەرەشە لەقازانجە ئیمپریالیستیەکانیان ئەکات ، هەروەها بویان‌دەرکەوت ئەو میللەتانەی کە لەپیناوی سەربەستی خویانا وەبەناوی ئەوسەربەستیەوە لەجەنگی دوهەما سزایان چیشت ، پاش ئەوهەموە قوربانیە ، بەئاسانی دەس‌هەلناگرن لەبیروبارەری دیموکراسی .

بەلام ولاتە روژئاواییەکان لەباتی ئەوەی ئەم‌راستیە بخەنەبەر

چاویانو حەلیوای بودابنین کە لەگەل میشکی پاشجەنگا ریکبکەوی ، هەتاکو بتوانن ئەوقازانجە گرنگانەی خویان بپاریزن کە لەگەل ئاواتی میللەتانا ریکبکەوی ، بەلی لـەباتی ئەمانە ، هەمو هیزیکی خویانیان کوکردەوە بوئەوەی میللەتانی ژیردەستە هـەر لەژیردەستەلاتی خویانا بهیلنەوە و قازانجە ئیستعماری‌یە کان بپاریزن !

لەبەرئەمەبو کەهیرشی جـەنگیکی ساردیان بردەســەر ئوردوگای روژهەلات ، گوایا ، وایان ئەدایەقـەلەم کەئەمان میللەتانی ژیردەستە هانئـەدەن بوراپەرین لـەرویانا !... ئەوەیان لـەبیرخویان بردبوەوە کەخواستی میللەت بوسەربەستیو سەربەخویی هەرگیزاو هـەرگیز ژیرناکەوی ، لەلایەکی‌تریشەوە دەستیانکرد بەهیرشی جەنگی راستەقینە لەسەرمیللەتانی بیدەسەلات ،وایانئەزانی بەم دوهویەوە : ( شەری سارد لەگـەل ئوردوگای ئیشـتراکیو ، شـەری گـەرم لەگـەل میللەتانی بیدەسەلات ) قازانجی چاوبرسیانەی خویان مسوگەر ئەکەن ... ئەوەبو شەری کوریا ... فیتنام ... اسرائیل ... دروس‌کردنی ، شەری‌رەـ گەزی لەخواروی ئەفریقا .. شەری ئیستعماریانەی تونسو مەراکشو جزائر .. هیرشی سی قولی لەسەر میسر .. هەتەد ... بەرپاکران .

بەلام ئەنجامی ئـەمسیاســەتە ، بەپیچـەوانـەی نیازی‌خویان ، سەرنەکەوتنو دورانیکی ئیجگار زلبو ، چونکە ، ئەگەر ئەوسا ئەمووڵاتە ئیستعماریانە تەنها روبەروی ئودوگای ئیشتراکیەت وەستابون ، وائیستا روبەروی هیزیکی پرسام وەستاون ، ئەوەش هیزی ئەومیللەتانەیە کـە

لەپاش چەن‌قوربانیەکی گەورەو خەباتیکی خویناوی لەچنگی ئیمپریالست رزگاربوبون ، ئـەم هیزە سامناکـە بەدەنگی بەرز نرکانی بەسـەریانا کەهـەرچی لەتوانایا هـەیە ئەیخاتەکار لەپیناوی ئاسایشی جهانا .. لەپیناوی ئازادی میللەتانا . . . بەراستی پەیدابونی پارچەی دەولەتەکانی ئاسیاو ئەفریقا لەسەر شانوی دەولیا گورانیـکی گەورەبو لـەمیژوی ئادەمیزادا ، وەبریارە کانی « باندونـگ » دەربرینیـکی زور بـەجی‌بو بوخواستی میللەتان لەپیناوی ئازادی‌و سەربەخویی‌و ئاسایشا ، میللەتانی عەرەبیش دەسیکی بالایان هەبو لەپیك‌هینانی ئەم پارچەو بەهیزکردنی بناغەکەی کەدامەزراوە لەسەر دانان بەمافی چارەنوسی ، و ژیانی بەئاشتی و لایەنگیری نەکردنی بەراستی ( الحیاد الایجابی ) .

عراقیش ، ئەگەرچی سیاسەتی حکومەتە گوربەگورەکەی هـەر یاریدانی ئیمپریالست‌بو ، بەلام میللەتەکەی هیچ کوتایی‌نەکرد لەیاریدانی ئاسایش وئازادیا ، وە هەمو هەلیکی بەکارئەهینا بودەربرینی هەستی‌خوی سەرەرای زولم‌و چەوسانەوە . . . بەسە بوشانازی گەلی عراقی نەبەز کەشورشـەکەی چواردەی تەموز کاریکی زورگـەورەی کردوەتەسـەر کیشـانەی هیزی ئەم پارچە پارچە دەولیانە .

وائیستە ئەم‌کارکردنە لیك‌ئەدەینەوە ، چ لەئوردوگای روژئاوا ، وە ئوردوگای روژهەلات ، وەئوردوگای دەولەتەکانی ئاسیاو ئەفریقا : ــ

**( ١ ) شورشەکەمان‌و ئوردوگای رروژئاوا : ــ**

هەمو ئەزانین کەحکومەتی رروخاو عراقی کردبو بەبنکەیەکی سەرەکی

( قاعدة رئيسية ) لەبنکەکانی ئیمپریالست لەجهانا وەهاو بەشی کردوە لەخذمەتکردنی ئامانجی ئیمپریالستی روژئاوا ، هاوبەشیەکی کاریگەر ، تەنانەت گەلیجار لەدەولەتە روژئاواییەکان خویان گەرم تربو ، هەروەها دەسیکی زوری هەبو لەتیژکردنی جەنگی ساردی بەینی روژهەلاتو روژئاوا ، و لەگواستنەوەی ئەم جەنگە بو روژهەلاتی ناوەراست ، وەلەم روەوە ئاسایشی جهان گەلیجار کەوتە مەترسیەکی راستەقینەوە ، ئەم هاوکاریەش چەنجوریکبو ، وائیستە هەندیکیان ئەخەینەپیشچاو : —

أ — حکومەتی روخاو ، هەتا بندەستی نقومبوبو لەسیاسەتی پەیمانەکانا ، ئەو سیاسەتەی کە نوری سعیدو پیرەکەی لەدەمیکەوە دلیان لیچوبو ، هەر لەپەیمانی ( سعدئاباد )و پروژەی سوریای گەورەو چەماوەی بەپیت ( الهلال الخصیب ) ، هەتا پەیمانەکانی پاریزگاری تیکەل ( الدفاع المشترك ) ، وە پەیمانی بەغدا کەهەولو تەقەلای کاربەدەستان گەیشتبوە ئەوپەری ، وەنیشتمانی خوشەویستیان خستبوە ناو گیژاوی سیاسەتی ئیمپریالیست و ئیمەیش کەوتینە ناوهەرای زورانبازی دەولەتەکانو جەنگی ساردەوە ، بەراستی پیاوەکانی حکومەتی رروخاو دەستیکی ئیجگار بالایان هەبو لەهینانەدی ئەمپەیمانە لاوازەدا ، بگرە ئەمانبون کەهانی دەولەتە ئیستعماریەکانیان ئەدا بوپیك هینانیو هاتنەپالی ، هەتا ولاتە روژئاواییەکان ، بەتایبەتی بەریتانیا ، ستراتیژی خویان ریکوپیككرد وەپەیمانی بەغدایان کرد بە ( محور )ی سیاسەتە ئیمپریالیستیەکانی خویان لەروژهەلاتی ناوەراستا .

( ب ) حكومەتی روخاو تەنها بەوە رانەوەستا كە هاوبەشی‌بكا لەجەنگی ساردا ، بەلكو يارمەتی ئیمپریالیستیشی‌دا تەنانەت لەجەنگی راستەقینەشدا ، لەوهیرشانا كە ولاتە ئیستعماریەكان ئەیانبردە سەر ولاتە بی‌دەسەكان ، ئیستە ئیمە نامانەوی هەموئەوانە بخەینە پیش‌چاو كە لەروژانی رەشا روی‌داوە ، تەنها هەندی نمونە ئەخەینە بەرچاوتان : ـ

هەلویستی حكومەت دەربارەی جەنگی كوریا ، پشت‌گیری ئەودەست دریژی‌یەی كەكرایەسەر میللەتی كوریا ... پشتگیری كردنی دەست دریژی ئینگلیز لەسەرمیللەتی قەبرس‌و كشانەوەی نوینەری عراق لەكومەلی نەتەوە یەك‌گرتوەكان هەر لەبەرئەوەی كەئەم نوینەرە دەنگی‌دا بو مافی میللەتی قەبرس لەچارەنوسی خویا ، چونكە مافی چارەنوسی یەك‌شتەو پچرپچر ناكری‌و مافی هەمو نەتەوەیەكە ، عەرەبیش لەهەموكەس زیاتر هەقی هەیە پشتگیری مافی چارەنوسی ولاتان بكات ، چونكە خوی سالەهای‌سالە تی‌كوشاوەو تی‌ئەكوشی لەهەمو بستی لەنیشتمانە گەورەكەیا لەپیناوی مافی چارەنوسی خویا ...

تەنانەت زدی میللەتی عەرەبیش هاوبەشی‌كرد ... زور دورنیە لەبەرچاومان كەچون كاربەدەستانی حكومەتی گوربەگور هاوبەشیان‌كرد لەهیرشە سی‌قولیەكەی سەرمیسر !... كەهەمو فروكەخانەكانی عراقو تەوانای ئەم ولاتە خرابوە ژیردەسەلاتی فروكەكانی بەریتانیا بو بومبابارانی خاكی میسر ... خو پیلان‌نانەوەیان لەزدی سوریاو لبنان شتیكی ئاشكرایەو تەواو رون‌بویەوە بەهوی مەحكەمەی میللەتەوە .

زور روداوی ترهەیە ــ ئیستە ماوەمان‌نیە باسی‌بکەین ــ بومان‌ــ دەرئەخا کەحکومەتی پیشو هاوبەشی‌کردوە لەو جەنگە خویناویانەی کە ئیستعمار کردویەتی لەگەل میللەتانی بی‌هیزا ...

بەلام ئیستە ، بەهوی شورشە پیروزەکەمانەوە ئیستعمار بوی‌ــ دەرکەوت کە کولەکەیەکی بەهیزی لەکیس‌چو ، واتە شورشەکەمان زدی هەمو دەس‌دریژی‌یەکەو پشتگیری‌یە بو هەمو بی‌هیزیك ، بی‌گومان ئەم گوررانە ناوجەرگی ستراتیژی ئیمپریالستی پیکاوە ، ئیتر لەمەوپاش **ناتوانی بمان‌کا بەکوتەکی** دەستی بوجەنگی سارد یا گەرم !...

**٢ ــ شوررشە کەمانو ئوردوگای ئیشتراکیەت : ــ**

شتیکی سەیرنیە کەشورشەکەمان تقدیری هەلویستی ئوردوگای ئیشتراکیەتی‌کرد دەربارەی مەسەلەی میللەتانی ژیردەستە ، وەسەیرنیە کەلاپــەرەیەکی تازەی کردوەوە دەربارەی پەیوەندیمان لەگــەل ئــەم ئوردوگایەدا ... هەرلەسەر ئەم‌بناغەیە نوینەریی دبلوماسی لەمیانی عراقو ولاتە سوشیالزمەکانا دامەزرا ... و حکومەتمان دانی‌نا بە جمهوریەتی چینی میللی‌و پەیوەندی دامەزران لەگەل دەولەتەکانی ئەوروپای روژهەلات حکومەتی تازەی عراق کەئەم هــەنگاوە پیروزانەی‌نا مەبەستی ئەوەیە کەسیاسەتی ( حیادی ایجابی ) بگری‌و لەسەری‌بروا .. واتە حکومەتی شورش ئەیەوی دوستایەتیەکی پاك بەکاربینی لەگەل هەمواو بەراستیش ئەیەوی ئەم دوستایەتی‌یە جی‌بەجی‌بکا ، لەسەر روشنایی ئەم سیاسەتە ئوردوگای روژهەلاتیش گورانیکی گەورەی بەسەراهات ، چونکە ئیستە

دلنیایە کەووڵاتەکەمان جاریکیتر نابی بەبنکەی دەسدریژیو هەرەشەکردن لەئەمنو ئاسایشی ئەو و ئەتوانی پەیوەندی لەگەڵ عراقاو هەمو روژهەڵاتی ناوەرستا ببەستی لەسەربناغەی وەكیەکیو قازانجی تیکەڵ .. ئەم پەیوەندیەش هەتادی بەهیزتر ئەبی مادام کەئوردوگای ئیشتراکیەت دلسوزەو نیازی پاکە دەربارەی میللەتانی ئەمناوچەیە ..

**٣ ـ شورشەکەمانو پارچەی ئاسیاو ئەفریقا : ـ**

شورشەکەمان سەرکەوتنیکی گەورەبو بونەتەوەی عەرەب بەشیوەیەکی تایبەتی ، و بوپارچەی ئاسیاو افریقا بەشیوەیەکی گشتی : ـ

أ ـ قازانجی نەتەوەی عەرەب لەمشورشە لەژمارەنایەت ...

چونکە پاشئەوەی کەکاربەدەستانی حکومەتی تەپیو بەهەموهیز هەولیان ئەدا بوچاندنی تووی دوبەرەکیو دودلی لەناو ریزەکانی عەرەبا .. وائیستە ئەبینین کەنەتەوەی عەرەب بوبە یەكپارچەی ریکوبتەو پاریزگاری لەراستیو ئاشتی ئەکات .

کاربەدەستان هەمو هەلیکیان بەکارئەهینا بوپیشیلکردنی ( جامعەی عەرەبی ) وەبەراستی جامعە لەئیشوەستابو بەهوی پیلانە کانیانەوە .. بەمەشەوە رانەوەستان بەلکو بریاریاندا ئەوبەشە پارەیە کە لەعیراقەوە تەرخانکرابو بو جامعە بیبرن ، ئەمەش سەرەتابو بوکشانەوەی ئیجگاری لەجامعە !.. هەروەها شەرمیاننەئەکرد لەجویندان بەدەولەتە عەرەبە ئازادەکان ، تەنانەت لەمەیدانە ( دولی ) یەکانا کەئەمەش بوبو بەهوی دلخوشبونی دوژمنانی عەرب وەحکومەتی جولەکەش چەپلەی بولیئەدا !.

بەلام ئەمرو .. لەژیر سیبەری شورشە پیروزەکەمانا عراق جامعە بەهیزئەکا ، بەگورجی بەشی خوی لەدەرامەدی ( جامعە )ئەدا ، ئەمرو .. عراق لەکومەلی نەتەوەیـەكگرتوەکانا ، شانبەشانی دەولەتە عـەرەبە برادەرەکان ئەوەستیو روبەروی ئەوانە ئەنرکینی کەدەس‌دریژی ئەکەنە سەر سەربەخویی لبنانو ئەردن ... کومەلی نەتەوەیەكگرتوەکان بەتیکرایی بریارەکەی عەرەب پەسەن‌ئەکەن دەربارەی دەربرینی بیزاری لەدەس‌ـ دریژی بیگانە لەکاروباری ناوخوی عەرەبا ، ئەمەش مایەی شانازی‌یە بونەتەوەی عەرەب‌و تەقدیری ئەوسەرکەوتنانەیە کە دەسیان‌کەوتوە ... وەزیری دەرەوەی عراق ئـەچیت بومـەراکش ، تونس ، ئەم‌دوانەش بریارئەدەن بینە ( جامعە )وە ، جامعە داوائەکات لەکومەلی نەتەوەیەكـ گرتوەکان کە لەکونگرەی ئاسایش ( مجلس امن ) شوینی هەمیشەیی هـەبی ...

ئەمە چەن‌قازانجیکن کەنەتەوەی عەرەب لەشورشی عراقەوە دەسی کەوتوە لەماوەی چەن‌هەفتەیەکا ، لەمەوپاشیش هـەموجهان زنجیرەی‌ـ قازانجی ئەم‌شورشە گەورەیە ئەبینی ..

ب ــ قازانجی پارچەی ئاسیاو ئەفریقاش بەشیوەیەکی گشتی شاراوە نیە : ــ هەمو ئەزانین کەخەتابارەکانی حکومـەتی تەپیو چون هەولیان‌ئەدا بو تەگەرەخستنە ناوئیشی ئەم پارچەیە .. لەبەرچاومانە کەنوینەری عراق ــ واتە : فاضل الجمالی . وەرگیر ــ لەکونگرەی باندونگا چون پاسی ئاغاکانی ئەکرد بەرادەیەك تەنانەت خویان ئەوپاسەیان نەئەکرد !.

هیچ دروناکەین ئەگـەربلیین نوینـەری عراق لەووەختەدا زمان حالی ئیمپریالستبو لەوکونگرەیەدا ، بەلام لەویدا دەنگی ئیمپریالست نەئەبیسرا بویە توشی شکانیکی خراپبو ... ئازادەکانی عراقیش ، لەگەل‌ئەوەشدا کەحکومەت بەهەمو جوریك بەرهەلستی ئەکردن ، کوتاییان نەئەکرد بەرزکردنەوەی دەنگی گەلی عراق ، وە لەکونگرەی یەك‌گرتنی ئاسیاو ئەفریقادا هاوبەشیان‌کرد ..

بەلام شورشەکەمان بەقازانجی ئەم‌پارچەیە دەرچو کـەدەسیکی زورگـەورەی هـەیە لەخزمـەتی ئاسایشـی جهـانا .. بی‌گومان بونی جمهوریەتەکەمان لەم‌پارچەیا بەهیزتری‌ئـەکاو یارمەتی‌ئەدا بودەم‌کوتی ئیستعمارو پاراستنی ئاشتی جهان .

واتە : لەدایك‌بونی جمهوریەتەکەمان کاریکی زورگەورەی کردەسەر هەلویسـتی دەولی .. سـەرکەوتن‌بو بوئاسایش‌و ( حیـادی ایجابی ) سەرکەوتن‌بو بونەتەوەی عەرەب‌و هەمو نەتەوەیەك کەئیستعمار هەرەشەی لی‌بکا ، شکانیکی گەورەبو بوپەیمانە ئیمپریالیستیەکان ، بەکورتی : قەلایەکی گەورە لـەئاواتی ئیمپریالیست بەهیزی ئەم‌شورشـە پیروزە رروخاو پیشیل‌کرا ...

بەلام واشورشە پیروزەکـەمان ، بەخویو سیاسـەتە ( حیادی ) یەکەیەوە کەبریتیە لەلانەدان بەلای پەیمانە عەسکەریەکانا ، زەربەیەکی کاری‌گەری دا لەسیاسەتی ئیمپریالستو پەیمانی بەغدای وردوخاش‌کرد هەروەها زەربەیەکی کاریگەربو لەسیاسەتی ئابلوقەدانی یەکیەتی شورەوی بەزنجیرەیەك لەپەیمانی دەولەتە روژئاواییەکان ، دیارە بەووردوخاش‌بونی

پەیمانی بەغدا پەیوەندی بەینی پەیمـانی ئەتلەسی‌و پەیمـانی خوارووی ڕوژەلاتی ئاسیاش پچرا ، واتە شورشەکەمان بەپاككردنەوەو لەناوبردنی سیاسەتی پەیمانی عەسکەری خدمەتیکی گەورەی ئاسایشی جهانی‌کرد ، ئەمەش ئەوە ناگەیینی ، وەك دەرون پیسەکان ئەیانەوی پیشانی‌بدەن ، کەئیمە چوبینە ناوئوردوگای دوژمنی روژئاواوە ، بەلی ئیمە نامانەوی ببین بەکوتەکی دەستی ئیستعمار بوجی‌بەجی‌کردنی ئامانجە گلاوەکانی !.. بویە پیویستە لەسەر دەولەتە روژئاواییەکان کەزورباش تی‌بگا کەسیاسەتە دوشمنایەتیەکەی سەرنەکەوت ، بەلام حکومەتی تازەی عراق ئامادەیە بوهاوکاری لەگەل هەموا بوجی‌بەجی‌کردنی قازانجی شەرعی‌و کردوەی‌ڕەوا لەمەوپیش جمهوریەتەکەمان بریاری‌دا کەپاریزگاری هەمو التزاماتی ئەکا کەلەگەل کەرامەتمانا بگونجی ، سیاسەتی عراقی تازە سیاسەتیکی ( سلبی )و بی‌کارەنیە ، بەلکو سیاسەتیکە دامەزراوە لەسەر بناغەی هاوکاریەکی پاك‌و خاوین ، بی‌گومان ئەم هەلویستە تازەیە کەلەشورشە پیروزە کەمانەوە پەیابوە ، ماوەیەکی بەنرخی‌داوە بەروژئاوا ، بوئەوەی لەمەوپاش سیاسەتی‌خوی ریك‌وپیك‌بکاتەوە بەجوری کە لەگەل قازانجە شەرعیەکانیا بگونجی ، چاکتر لەسیاسەتی پەیمانی عەسکەری !...

---

**محامی**

**کەمال میرزا کەریم شەریف**

لەسلیمانی‌و دەرەوەی سلیمانیدا هەموو چەشنە دەعوایەك ئەبینی .

# بویژی بەناونگی کورد

## وەفایی

سلیمانی : سکالا

وەفایی ناوی حاجی میرزا عبدالرحیم کوری مەلا غفوری کوری نصراللەی ئەورەحمانیو لەبەرەی مەلا جامی‌یە لە سالی ١٨٤٤ م لەشاری سابلاغی موکری‌دا پی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە وە هەر لەوی لەلای مەلا گەورەکانی شاری بەنایبەتی لەکن مەلا احمد صدر العلماء خویندوویە وە شارەزاییکی پوختی بەسەر زمانی کوردیو فارسیو عەرەبی‌دا پەیدا کردوە وە بەهەر سی زمانەکە هەلبەستی داناوە .

وەفایی پیاویکی زور زاناو تی‌گەیشتوومەندو قوولو گرانو ایندارو و خاوەنی ریشیکی توپی سپی بوە وە دوو جاریش دیدەنی مالی خوای کردوە لەکاتی چونی جاری سی‌یەمینی و لەتەمەنی ( ٧٠ ) سالیو لەچولی شامدا جەنگالی جانەوەرانەی مەرگ لەسالی ١٩١٤ م دا بەبونەی زەحیریەوە رەگو ریشەی گیانی دەرکیشا .

وەفایی دەستیکی بالای هەبو لە هونینەوەی هەلبەستدا هەمو نامەیەکی بو هەمو کەسیکی هەر بە هەلبەست بوە .

وەفایی لەسابلاخدا قوتابخانەی هەبو و نەك تەنها هەر منداله شارستانیەکان بەلکو گەلیك لەبەگزادەکانی دەرەوەش لەدورو نزیکەوە مندالەکانی خویان بو خویندن ئەنارد لای ئەویش ئەمەندە فیر ئەبون .

وه هەولیشی زور ئەدا دەستوری بویژی بخاتە میشکی قوتابیەکانیەوە لەسایەی خەباتیەوە چەند بویژیکی ناودارو بەرزو گرنگی پی‌گەیاند .

وەفایی بویژیکی زور دلتەرو دلدارو سەودا سەرو گراو ( عاشق ) یکی وابوە لەریك خستنی هەلبەستو داهینانی هەوایانی ( نوتە )داو لەدوزینەوەی وشەی لەبارو تامدارو لەبزاواندنی هەستی دلداریتی‌دا دەستو دوو توانایکی واقورهینەری هەبوه .

ئەگەر وەفایش وەکو روژ ئاوییەکان کەرەستەی بەزمو خاوەنی چەند ( الات )یکی موسیقی بوایە لەجیهاندا یەکەمین هەواداهینەر ( نوتیست ) دەبوو .

## یەکی لەهەلبەستەکانی وەفایی

وەفایی ئەم هەلبەستەی لەکاتی مردنی خانمی خیزانیدا هونیوەتەوە :

لەمەیخانان سەدای شین دی دەلین پیری موغان رویی
لەمەیخانان سەدای شین دی دەلین پیری موغان رویی
دەلی دەوری فەلەك صبری قمر میزانی گوراوە
کەوا گول زەردو سونبول تیکچو رەنگی ئەرخەوان رویی
لەبەرچاوی جیهان بینم جیهان تاری بو نەمزانی
نە نوری چاوەکانم چو نە خورشیدی جیهان رویی
مەلین بولبول دەنالینی کەوا گول گولشەنی چول‌کرد
دل ئارامی نەما قوربان کەئارامی دلان رویی
سحر مەستانە هات بولبول بەشادی بو طوافی گول
کە دی بی‌گولان داغ بو بە سەد نالەو فخان رویی

بەهار هات غونچە پشکوت دەنگی بولبول زووبەزو رویی
دەبی حالی چپی بولبول بەهار زور پی‌نـەچو رویی
بەنالـەی دل شفام نابی دریغ مـەرهـەمی جـەرگم
لەزەنـگی کاروان چبـکەم دلیـلی کاروان رویی
قیامـەت بو دلان هەستا کەچاوی مـەستی وەرگیرا
مەگـەر ئازدە بو ساقی لـەبەزمی مەیکەشان رویی
چ شـینو چهـاوارە لەنیوحلقـەی مریـداندا
مەگەر خواجای سمرقەندی لەنیو صاحب دلان رویی
خرابوو خانەقا بی‌شك چو شەوقی طالبان صەد حەیف
چەمەن ویران بو نەغمەی بولبولان چو باخەوان رویی
لەنالەی بولبولو قومری ( وەفایی ) بویە هەردەگری
گولیکی سـەروبالام بوو بـەتاراجی خـەزان رویی

---

## نەوروز

وەزارەتی ارشاد ریگەی‌دا بە محامی کەمال میرزا کـ
گوڤاریك بەکوردی بەناوی نەوروزەوە . بەم نزیکانە دەرئەچیتو ئەکەوینە بازاررەوە . وەکو زانیومانە ماموستایان : کامەرن ، ئەمین میرزا کەریم ، مصطفی قەرەداخی سەرپەرشتی نوسینی ئەکەن .. « هیوا » پیروزبایی لە « نەوروز »ی هاوریی ئەکاتو ئاواتە خوازی بەرزیەتی بو سوودی نەتەوەی کورد .

# ئانجامی یەکەم گرەوی هیوا




لەژمارە دوانگزەی سالی یەکی ئەم گوڤارەدا لەلاپەررە ٧١ دا یەکەم گرەوی چیروکی سەرشانومان بلاوکردەوە . گەلیك چیروکمان بو هات وەك « روخا ، پەشیمانی ، خویندەواری ، چون بووم بە هونەرمەند ، قازیی بەر سیبەر ، نوینەرە بەریزەکە ، بیری ئازادی ریگەی رزگاریە ، ئافاتی طاعون لەناو حیواناتدا ، پشنکەری گشتی ، گولی دیرەکە ، گورگە لەپیستی مەررایە ، زورداری تاوابنار » .

بو ئەم مەبەستە لیژنەیەك لە چەند قوتابیەکی دەستگای هونەرە جوانەکانی بەغدا پیك هات وە لەگەل سەرپەرشتی‌کەری ئەم گوڤارەدا دەستیان کرد بە خویندنەوەو هەلبژاردنی چیروکەکان . لە ئەنجامدا چوار چیروك سەرکەوتن لەپلەی یەکەمو دوەمدا چیروکی چون بووم بە هونەرمەند نوسینی ئەمین میرزا کەریم سەرکەوتووی یەکەم‌بوو لەبەشی چیروکی دانراودا ، وە چیروکی بیری ئازادی ریگەی رزگاریە نوسینی ا.ب.هەوری سەرکەوتوی دوەم‌بوو لەبەشی چیروکی دانراودا . هەروەها چیروکی پشنکەری گشتی ــ نوسینی گوگول ــ وەرگیری ئەمینی میرزا کەریم سەرکەوتوی یەکەم‌بوو لە بەشی چیروکی وەرگیراودا ، چیروکی گولی دیرەکە ــ نوسینی مارگریت لوس ــ وەرگیری عبد الرزاق بیمار سەرکەوتوی دوەم بوو لەبەشی چیروکی وەرگیراودا .

# چون بووم بە هونەرمەند

**نووسینی ئەمین میرزا کریم**

**ئەم چیروکە لەبەشی یەکەمی یەکەم گرەوی**

**هیوادا لەپلەی یەکەمدا سەرکەوت**

**(( پەردەی یەکەم ))**

جیگا : ــ گازینویەك ، بەهزادو شیروان پیکەوە دومینە ئەکەن

بەهزاد ــ ( پوول رائەکیشی )

هەمو چوارەکان دەرچوون ، ئەوا دووشەشیشم هانی ، دەی تو وەرە خوارەوە .

شیروان ــ ( بەزەردە خەنەیەکەوە )

ئەوا منیش بەستم ، بزانم چەند خالت پیە ؟

بەهزاد ــ ( بەتورەییەوە پوولەکان فری ئەداتە سەر میزەکە )

دەباشە ، وا بردتەوە ، بلیمچی کە دەست نەیەت ناشیەکی وەکو تو لیم ئەباتەوە .

شیروان ــ ( پال ئەداتەوەو بانگی ئاوگیرەکە ئەکا ، پەرداخی ئاو ئەخواتەوە

---

پیروزبایی لەم سەرکەوتوە بەریزانە ئەکەین‌و ئومیدەوارین هەمیشە لەسەرکەوتندا بن‌و پینوسەکانیان لەکاردابیت بو سوودی نەتەوەی کورد . وە هەروەکوو بەلینیشمان دابوو بو دوو سەرکەوتووی یەکەم (( مەدالیای هیوا )) وە بو دوو سەرکەوتووی دووەم دوو قەلەم پاندانی پارکەر ئەبەخشریت پییان .

ئاوازێکی موسیقا لەرادیوی گازینوەکەوە بەرز ئەبیتەوە ) بەهزاد ،
گوی گرە لەم ئاوازە ، ئاوازێکی زور خوشە .

( بەپەنچە لەمیزەکەی بەردەمیان ئەدا لەگەل‌ئاوازەکە لەبەر خویەوە
لەگەلی ئەلی )

بەهزاد – ( لەگەل ئەو ئاوازەدا سەر ئەلەقینی )
ئاخ ... روژیك بوایە کە من ئاوازیکم دابنایە ، کەی بیت ئەو
روژە ؟ وە چون ئەیگەمی ؟.
( کابرایەکی قەلەو بەسینیەکەوە خوی ئەکا بە گازینوەکەدا )
کابرا – شیروشەکرە محەلەبی ، تا نەی‌خوی نازانی چیە ...؟
شیروان – ( ئانیشکی لەسەر میزەکە داداوە )
بە خوا بەهزاد حەز لە تانەی خویت نازانی چیە ئەکەم ، ئەلیی
چی دەستیکی لەسەر بکەین ، بزانین تامی ...
بەهزاد – ( قسەکەی پی ئەبری )

وا دیارە دەمت شیرین بووە ئەتەویت پارەمان پی نەهیلی بەهەزار
حال پارەی دوو چاکەشم پی‌یە ، من دەمیکە خواردوومە ئەزانم چیە .
( گیرفانەکانی ئەگەری لە هەرگیرفانەی عانەیەك دەرئەهینی )
ئەها شیروان هەر ئەوەندەم پی‌یە . ئەم عانەیەشیان قەلبە ، ئەگەر
خوا بکا پارە وەرگرەکە پی نەزانی زورباشە .
شیروان – ( عانەکەی لی وەرئەگری و سەیری ئەکا )
جا ئیمەش کاتی هەل‌ئەسین کە دەوروپشتی دەغیلەکە قەلەبالغ

بیت ئیتر ناپەرژینە سەر ئەوەی کە بزانی ئەم عانەیە قەلبەیان نا ؟.

بەهزاد ــ بەخوا شیروان ، بو بەگری لەدلا .

( گوڤارو روژنامە فروشیك دیتە گازینوکەوە هاوارئەکا )

گوڤارفروش ــ ئەوە گوڤارو روژنامەی کوردی ، گوڤاری هیوا ، روژنامەی ژین گوڤاری شەفەق ، یاداشت ، دیاری کامەران ، نازەنین ، چیروکی گومی شلەقاو .

بەهزاد ــ ( ئاوور لە گوڤار فروشەکە ئەداتەوەو روو ئەکاتە وە شیران ) ئەزانی شەویك لەمالەوە زوریان لی کردم کــە دەرسی قوتابخانە بخوینمەوە ، خوت ئەزانی کە تاقەتی خویندنەوەم نیە بەتایبــەتی دەرسی قوتابخانە کە چەند ووشکە ، بەلام لەبەر ئەوەی کە بزانن ئەخوینمەوە چوم چیروکی گومی شلەقاوم لە سەرداری برام سەندو دەستم کرد بە خویندنەوەی ، بەراستی چیروکیکی جوانو ئاودار بو بەلام هەستم بەهەلەیەك کرد کە ئەویش نوسرابو کە گوایا کابرایەکی زور سەرخوش ماجومیەکەی نەخوارد چونکە پیس‌بوو هەلەکەی لیرەدا ئەوەیە کە کابرای سەرخوش بەتایبەتی زور سەرخوش بیت گوی ناداتە پاكو پیسی .

شیروان ــ کەی ئەوەندە زیرەك بویت رەخنە بگریت ، دە تو ئەو ماجوومیە بو من بینە بزانە چونت بو ئەخوم ، خو سەرخوشیش نیم .

بەهزاد ــ ( جگەرەیەك دائەگرسینی )

ئەری بەراست خو ئیمە بەلینمان دابوو بە ووریای هاوریمان کە

ئەم شەو بچین بو سینەما ، توبچو ، پی بلی کە بەهزاد ئیشی هەبو بویە نەهات ( پاش نەختی بیدەنگیو بیرکردنەوە )

بەخوا نازانم چیبکەم لەگەل ئـەم باوکە پیسکەیەما ، ورە پارەی سینەمات پی نەبی ، هەر پیم ئەلی بو ناخوینیت ؟ هەزار جارم پی ووتوە کە ناتوانم لەمە زیاتر برر بکەم ، چونکە لەخوما رائەپەرمووم وە ئارەزووی فیربونی موسیقام هەیە . نازانم ئیستە بە چ دلیکەوە برومە مالەوە . پررە لە شەرو ئاژاوەو بیانو گرتن . هەستە بابروین توبچو بو سینەمای خوت ، منیش ئەچم بو مالەوە .

شیروان ــ خیرا هەستە تا دەوری پارە وەرگرەکە قەلەبالغە .

( هەردووکیان هەل ئەستن بەهزاد پارەکە ئەداتو ئەرون )

**(( پەردەی دووهەم ))**

جیگا ، ژوریك لەمالی حاجی رەحیم : ــ رووناکی کچی حاجی رەحیم خەریکە بە چنینەوە . . .

حاجی رەحیم ــ ( بەبولە بول خوی ئەکا بەژورا )

لیرە بیست فەردە شەکر ، لەخانی خواردەوە هەشتا فەردە ، هەر فەردەی چوار دینار زەرەر ، خوایە شوکرم بەبەشت .

( روو ئەکاتە رووناك )

رووناك ،ئەوە بو کوی دایکت ملی شکاندوە .؟

رووناك ــ ( هەل ئەسیتە سەرپی )

ژنی میرزا عەلی هات بە شوینیا چون بو قبولی دایکی سروە ..

حاجی رەحیم ـ ( لەبەر خویەوە )

دایکی سروە ... دایکی تریفە ... دایکی پەری ... قبول ... قبول . بو نالین ئەچین کوری قسەی پررو پووچ ئەگرن ؟

( ئافتاوخان ژنی حاجی رەحیم دیتە ژورەوە خەریکە عەباکەی دائەگری )

ئافتاوخان ـ ئەوە پیاوکە چون وازوو هاتویتەوە !؟

حاجی رەحیم ـ چون زوو نایەمەوە ؟ قوور کراوە بەسەرما ، زەرەرم کردوە لە فەردە شەکرەکانما ، ئەلین کارگەی دروست کردنی شەکر دانراوە کەچی نرخی شەکر لای ئیمە هاتوتە خوارەوە ، نازانم چ بەلایەکە بو ئیمە هاتوتە خوارەوە ؟.

ئافتاوخان ـ زەرەروو مەرەر نازانم ، دووسبەی نورە قبوری ( قبول ) ئیمەیە ئەبیت چوار پیپنج سینی پاقراوەو ( پاقلاوە ) سی چوار دەستە موزو ، ئای بیرم کەوتەوە سی کیلو تەماتە ئەیکەم بە تەپوورە ( تەپوولە )

حاجی رەحیم ـ ( سەر ئەلەقینی )

نا ئافتاوخان قسەکانت بەجییە .

( بەهزاد بەکزیەکەوە خوی ئەکا بەژورا )

حاجی رەحیم ـ ( قوتوە جگەرە تەنەکەکەی دەرئەهینو جگەرەیە دائەگیرسینی )

ها کورم بەهزاد نمروتان ( نمره ) وورگرت ؟

بەهزاد ــ ( لەسەر خو لای خوارووی ژورەکەوە دائەنیشی تەزبیحەکەشی دەرئەهینی )

بەخوا بابە ئەم سالیشی مامەوە دەرنەچووم .

ئافتاوخان ــ ( ئە مالیتبە سنگی خویا )

ئوف رورە ( روله ) هەرچی بو بە هوی دەرنەچونت بەکوی زووخار « زوخال » بیت .

بەهزاد ــ دایە ، کەس نەبوە بەهوی دەرنەچوونم ، گوناهی ماموستا نیە ، خوم بووم ، چونکە تواناو ئارەزووی خویندنم نەبو ، زیاتر ئارەزووم بەلای ئەوەدا ئەچو کــە ببم بە هونەرمەند ، بــە موسیقار ، وە لەتواناشما هەیە ئەگەر باوکم .....

حاجی رەحیم ــ ( قسەکەی پی ئەبرری )

باوکت چی ؟ بەو کەعبدیەی دەستم پیوە گرتوە ناهیلم ببیت بەلوتی موسیقا .. موسیقای لی داناوین ، لــەم زەمانەدا ئــەبیت پارە پەیداکەیت ، ئەزانی پارە چیە ؟

( دەست ئەکا بە گیرفانیا لە کیسە پەروکەیا پارە دەرئەهینیو پیشانی ئەدا )

رووناك ــ بابەگیان ، دەبەو پارەیــە میخەك بەنگیــکم بو بکررە بو جلە کوردیەکانم .

حاجی رەحیم ــ ووس کچی بو کورەکەمانە لی هار ناکەیت ؟
( روو ئەکاتە بەهزاد )

کورم هەمو شتی لەسەر پارە بەنگە ، پارەت نەبیت لەم زەمانەدا کەس ئاوورت لی ناداتەوە ئەگەر فارمەسوش بیت ، ئای قوورت بەسەر ئەزانم دوا روژت چی ئەبی .

بەهزاد — دواروژ ئەبم بە موسیقار ، بەهونەرمەند . خزمەت ئەکەم .

حاجی رەحیم — بو نالیت ئەبم بە لوتی ؟

رووناك — بابە گیان چەند خوشە کاکم موسیقامان بو لیبداو منیش ورد ورد گورانی لەگەل بلیم ، خوزگە وا ئەبوو .

ئافتاوخان — دەلیکی‌نی ، سەرت لەقورنین ئینجا نوبەی شایەری‌یە ؟

بەهزاد — ( سەری رائەوەشینی هەناسەیەکی قوول هەل ئەکیشی )

ئای چون کەوتومەتە ناو کونەپەرستی وەکو ئیوەوە !

حاجی رەحیم — ( بە تورەییەوە )

دەمو فلقت لیك‌نی ، کونەپەرست . . . کونەپەرست چیە ؟ ئەوە جنیو بەکی ئەدەی ؟ وابزانم باوو باپیرمان هەر چالفیان لی‌داوە ؟ هەول بدە پارە کوکەرەوە . . خزمەتی کی ئەکەیت ؟ لەدواوە زمانت لی دەرئەکیشن‌و گالتەت پی ئەکەن .

بەهزاد — ( نەختی یەتە پیشەوە )

بابەگیان ، تو پارەت کو کردوتەوە و کوی کەرەوەو بژی ، ئەوانەی گالتەمان پی ئەکەن‌و زمانمان لی دەرئەکیشن بەپەنجە ئەژمیررین ، وە ئەوانەی بەلوتیمان ئەدەونە قەلەم هیشتا لەژیان نەگەیشتون چیە ؟ بەگویرەی کردەوەی خویانەوە سەیرمان ئەکەن ، بابە ، زورم پی ووتیت کە توانای خویندم نەماوە . چونکە سروشت منی

بو خویندن نەهانیوەتە ژیانەوە ، توانای داومەتی کە ببم بەهونەر مەند ، بە موسیقار . هەر یەکە لەم ژیانەدا ریگەیەك ئەگریت بو خزمەت جا لەبەر ئەوەی ئەتوانم بەم کردەوەیە هەستم ، پیویستە لەسەرم خزمەتی موسیقای کوردی پی بکەم . لەم زەمانەدا موسیقا وەك خواردن پیویستە بو ئادەمیزاد ، بەرادەیەکی لی‌هاتوە کە وەك دەرمان نەخوشی پی چاك ئەکەنەوە . ئینجا بابەگیان تکایەکم هەیە کە ئەویش ئەوەیە کەمانچەیەکم بوبکریت .

حاجی رەحیم — ( هەل ئەسیتە سەرپی‌و بەتورەییەوە )

هەی روو رەش ، چون زات ئەکەیت بەمن بلیت کەمانچەیەکم بو بکرە !؟ بو دەرەوە دەی ، ئیتر جیکای تو نیە لەم مالەدا بو دەرەوە سەر نەکەی بەمالا ، دەرەوە ، دەرەوە ، تاقەتی فیقفیقەو تیقتیقەی توم نیە ، بو دەرەوە .

( بەهزاد دەرئەکاو ئەروا )

## (( پەردەی سیهەم ))

جیگا ، ژوریك لەمالی شیروان ، شیروان خەریکە بە پروڤەی موسیقاوە .

( پاش توزی بەهزاد یەتە ژورەوە )

بەهزاد — روژباش شیروان :

شیروان — ( سەر هەئەبرری )

روژباش بەهزاد ئەوە بو وا ماتی ؟

بەهزاد ــ ( ئەچیتە لایەوە دائەنیشی )

راستیەکەی ئـەم شەو باوکمدەری کردم چونـکە داوام لی کرد کەمانچەیەکم بو بکریت ، سویندی لی خواردم کە ئیتر نەچمەوە ، شـەویش لە ئوتیل نووستم ، وا ئیستە رووم کردوتە ئیرە ، ئەوەش بزانە کە پارەی ئوتیلەکەشم نەداوە .

شیروان ــ ( دەست ئەخاتە سەر شانی بەهزاد )

هیچ زویر مەبە ، ئیرە مالی خوتە ، بەتایبەتی کـە هـەردووکمان ئەمانەویت ببین بە هونەرمەند،لیرە پیکەوە هەول ئەدەین وە بەگەرمی دەستی ئەدینی بو ئەوەی لە دواروژیکی نزیکا هەلکەوین و خزمەتی ئەم گەلەمانی پیبکەین ، ئەوەش بزانە ئازایەتی لەوەدایە کە کەوتی بتوانی هـەستیتەوە وەبیسەلینن کـە کوردیشخاوەنی موسیقاو هونەرمەندی تایبەتی خویەتی .

زور سوپاسی هەستی بەرزت ئەکەم . کەواتە با لەئیستاوە دەستی پی بکەین . هەولیش ئەدەم کە ئیشیك بدوزمەوە ، هەر ئەوەندە بو ئەم خزمەت کردنەم بژینی تا روژیك ئەبیت خەلکی بەپەروشەوە گوی لەئاوازەکانمان ئەگرن .. دەبینە بادەست بکەین بە پروڤە .

( ماوەیەك بە پروڤەوە خەریك ئەبن )

بەهزاد ــ ئیتر وا منئەروم بو دوزینەوە ئیش ، پاش چەند سەعاتیکیتر لەلاتم ، خوات لەگەل .

شیروان ــ خوات لەگەل .

بەهزاد ــ ( ئەروات )

**(( پەردەی چوارەم ))**

جیگا ، ژوریك لـەمالی شیروان ، بەهزادو شیروانو هاوریکانیـان
هەریەکە پارچەی موسیقای خوی ئامادە کردوە .

بەهزاد ـ هاوریکانم : ئەمە ماوەیەکی دریژە توانیمان هەول بدەین ، وە توانیمان کە چەند هەنگاویك بنیین لەموسیقادا ، ئیستەش ئەتوانین خومان ریكبکەینو دلسوزانە خزمەت بکەین بو گەلی کورد بەریگای موسیقا ، وە ئیستەش بابریار بدەین کـە تیپیك پیکـەوە بنیین وەناوی ( تیپی موسـیقای مەولـەوی ) بەناوی بویژی نـەمری کوردەوە ( مەولەوی )

هەمو ـ ( بەیەك دەنگ )

ئامادەینو شادمانیین لەریگای خزمەت کردنا .

بەهزاد ـ چونکە ویژەو هونەر خوراکن بو یەکتری ، وەهـەریەکەیان بەریگایەك خزمەت ئەکا . ئینجابەم بونەیەوە هەرکەسە پارچـە موسیقای خوی ئامـادە بکا و دەست بکەین بە لیـدانی ئاوازی ( مەولەوی ) .

هەمو ـ ( دەست ئەکەن بەلیدانی ئاوازی مەولەوی ، لە نیوەی ئاوازەکەدا حاجی رەحیم خوی ئەکا بە ژوراو گوی ئەگری ، فرمیسك بەچاویا دیتە خواردەوە ، کە کوتایی بە ئاوازەکە هات وردەوردە ئەچیت بولای بەهزادی کوریو دەست ئەکاتە ملی )

حاجی ڕەحیم – وەرە ڕۆڵەکەم ، هەڵەبووم ، گوناهیکی بی شوومارم لی کردیت پەشیمانم ، ئاگری دووریت بەربو لە جەرگم ، کە گویم لە ئاوازیکت ئەبوو تەزوو بە لەشما ئەهات ، نازانم چون دلم هینای دلت بشکینم !؟ وابوم دەرکەوت کە بەراستی هونەرمەندی ، بوم دەرکەوت کە نرخی موسیقاو هونەرمەند چیە ؟ وەرە کورم ، وەرە بابروین هەرچی شك ئەبەم تەرخانی ئەکەم لەریی ئەم ریگە بەنرخەدا لەریی ئەم ریگە شەریفەدا ، وەرە دەستم بەری بابروین ، بژی موسیقاو هونەرو هونەرمەند .

**( هەردووکیان ئەچنە دەرەوە )**

**(( تەواو ))**

---

## رزگاری

وەزارەتی ارشاد ریگەی بە ماموستا صالح حیدری دا بو دەرکردنی گوڤاریکی هەفتەیی سیاسی بەکوردیو عربی ، خو شنودین بەم گوڤارەو ئاواتەخوازین کە رزگاری ببیتە چرایەکی پرشنگدار بو رزگارکردنی هەمو گەلی کوردی قارەمان . وە بەم بونەیەوە « هیوا » چەپکە گولی پیروزبایی پیشکەشی « رزگاریی » خوشەویست ئەگات .

# پالەوانیتی کچیك

**چەمچەماڵ : محمد نوری توفیق**

« پیشکەشە بەوکەسەی کە لەپیویستی سەرشانیا دریغی ناکاتو هەمیشە کول‌نادات ، پیشکەشە بەوخوشکانەی کەشان‌بەشانی براکانیان هەول‌ئەدەن بوسەربەستی‌و ئازادی گەل‌و نیشتمانەکەیان ، پیشکەشە بوهەموو خوشك‌و برایەکی کوردم کەئامانجی راستیان پاراستنی کومارە خوشەویستەکەمانە کوماری کوردو عەرەب » .

« تاماراکالنینا » ئەوکچە قارەمانەبو کە لەکاتی هەلگیرسانی جەنگی گەورەی دووەمــا خوی بەخت‌کرد بوئــەوەی لەپیناوی نیشتمانەکــەیا خزمەت‌بکات بویە بووە یەکیك لەبرین‌پیچەکانی ( سوپای سوور ) هەرچەند لەوکاتەیشا تەمەنی لە ١٧ سالی تی‌پەرری نەکردبوو بەلام بەکاری واگرنگ هەل‌ئەسا کە کەم‌کەس لەدەستەخوشکەکانی ئەیان توانی پی‌ی هەلسن تاجاریکیان بوو بەرابەری ئەوگالیسکەیەی کەتاقمیك لەسەربازو ئەفسەرە بریندارەکانیان پی‌ئەگویزایەوە لەکورری جەنگەوە بونەخوشخانەی سوپا . گالیسکەکانیش هەموونیشانەی سەلیبی سووریان هەل ئەگرت بویــە هەرکە کەوتنەری فرروکەکانی دوژمن بەدییان‌کردو کەوتنەدوای تامارای پالەوانیش بەهەموجوریك بەخزمەت‌کردنی ئەو بریندارانە هــەل‌ئەسا لەدەرمان‌کردن‌و پیچانی برینەکانیان‌و ئاو بەدەمەوە کردنیان . فروکەکانی فاشیستەکانیش هەرلەدوورایی ( ١٥٠ ) پی‌یەوە دەسیان‌کرد بەبوردومان

کردنی گالیسکەکە تاوایانلی‌کرد کـەکابرای گالیسکەلیخورر بەهـەموو
توانایەکیەوە گالیسکەکـە لی‌بخورری بوئـەوەی لـەبوردومانی دوژمن
رزگاریان‌بی ئالەوکاتە تەنگانەیەدا تامارا دلی بریندارەکانی ئەدایەوەو ئاوی
ئەکرد بەدەمیانەوە وەك نەبای‌دیبی‌و نەباران بەهیچ‌جوریك خوی تیك‌
نەئەداو قسەی خوشی بوبریندارەکانی ئەکرد خو فرروکەی دوژمنیش
جارلەجار بەقین‌تر ئەبوون بودەس‌ریژ کردن هەتا ئەهاتیش نزم‌ئەبوونەوەو
لەگالیسکەکە نزیك‌ئەبوونەوە لەوکاتەیا گالیسکەکە چووەناو دارستانیکەوە
ئینجا یەکیك لەفرروکەکان لی‌ی‌نزیك‌بووەوەو ئاگری تی‌بەرداو کابرای
گالیسکەلیخورر سووتا ، ئالەم کاتەیا تامارا گورری دایە خوی بوراکردن
بەلام گورج ئەوەی هاتەوە بەرچاو کەئەمە ئەبیتەهوی ئەوەی کەدریغی
لەنیشتمانەکەی بکا بویە دەسی‌کرد بە داگرتنی بریندارەکان یەکەیەکە
تائەهات گرری ئاگرەکەیش بەرزئەبووەوە بەلام تامارا پەیمانی دا کـە
تادواکەسیان رزگار بکا لەسووتانن بویە هاتەسەرئەوەی کەپانزەهەمین
کەس کەئەفسەریکی قەلەوی چوارپەل ئەستووربوو لەوکاتەیا کەدەسی‌دایە
بن‌بالی هالاوی ئاگرەکە هیرشی‌بردە دەم‌و چاوی‌و سەرسنگی هەمووی
هەل‌پرروکان بەلام تامارا گویی‌نەدایەو کابرای دابەزانە خوارەوە ئینجا
گالیسکەکە کلووکوی دامرد ئەمیش دەس‌بەجی کەوت بەسەر لاشـەی
بریندارەکاناو بی‌هوش کەوت بوچـەن ساتیك ، پاش‌ئەوەی کەهوشی
هاتەوە بەر خوی ئینجا گورری‌دایەوە خوی هەستایە سەرپی تەماشای‌کرد
وابریندارەکان هەموو لال‌وپال لی‌ی‌کەوتوون ئینجا دەسی‌کرد بەبانگ‌کردنیان

تایەکەیەکە چاویان هەلبرری دەسیان‌کرد بەتەما شاکردنی تامارا تەماشایەك کەهەموو ریزو حورمـــەت‌بوو بوئـــەو پالەوانەی کەبەراستی خزمـــەتی سەرشانی بەجی‌هینا . پاش‌ئەوەی تامارا پشوویەکی‌دا ئینجا کـــەوتە گفت‌وگو لەگـــەل بریـنـــدارەکاناو پی‌ی‌ووتن کـــەئەچیت کاربـــەدەستان ئاگادارئەکا بەلی قـــەومانەکەیان ئینجا بەتەنهـــا کـــەوتە ری تاگەیشتە نەخوشخانەیەکی بچوكو کاربەدەســـتانی ئاگادارکرد لەبەسەرهاتنیانا ، کاربەدەستانیش دەس‌بەجی گەرروکی نەخوشخانەیان ناردو بریندارەکانیان گەیانە نەخوشخانەکـــە ، هـــەرکە بریندارەکان گەیشتنە بـــەردەرگای نەخوشخانەکە تامارا بەولەشە سووتاوەوە چوو بەپیریانەوەو بەخیرهاتنی‌ـ کردن ، ئەمانیش هەموو بەچاو سوپاسی بی‌پایانی خویان پیشکەش‌کرد ئینجا تامارا رووی تی‌کردنو وتی ناوی خوشکی خوتانتان پیشکەش ئەکەم کەتائیستا نەتان‌ئەزانی. ئەمانیش هەموو سەرسام‌بوون چونکە تائەو کاتە ناوی ئەو پالەوانەیان نەئەزانی ئینجا وتی ناوم ( تامارا کالنینا ) ئینجا پاش ئەمە کاربەدەستانی نەخوشخانەکە تامارایان بەفرروکەیەکی تایەبەتی نارد بونەخوشخانەی هیزی سوور بوئەوەی تامارا لەمردن رزگار بکری . پاش رووداني ئەم کارەساتە لەفەر ماندەری سوپای سوورەوە فەرمان‌درا بەدروست کردنی پەیکەریك بوتامارا بوئەوەی ئەویش بچیتە ریزی ئەو پالەوانانەی کەبەراستی خزمەتی گەلەکەیان ئەکەن . هەروەها مەدالیای لینینیشی پیشکەش کرا کەبەراستی شایانی ئەونیشانە گەورەیەیە ، دە ئافەرین تامارای نەبەرد ئافەرین کچە پالەوانی رووس خوشکی کچانی کوردستان . . .

**لەکتیبی ( قصص سوفیتیە )وە وەرگیراوە بەدەس‌کاریەوە .**

# بو کوردستانه

سلیمانی : جمال شاربازێری

ئەی کوردستان ، ئەی مەلبەندی ، نەتەوەی کورد
ئەی ئەو دایکەی ، بەخوین (١) منت پەروەردە کرد
ئەی ئەو خاکەی بەسەر تو دا هەنگاو ئەنیم
لەناو تودا : ئەخوم ، ئەژیم ، بەستە ئەلیم
ئەی ئەو خاکەی ، چەندە هالاو ، لەرریی تودا
خوی هەلواسی ، بیخەم دەستی لەگیان بەردا
منیش تاکو توزقالی گیان لەبەرما بی
تا ئەم مەمکە شیرە پاکەم لەدەما بی
تاکو هەستم لیی نەخشابی ، ررووی نیگارت
تا هەنا سەم بون کا شنەی سازگارت
تاکو چاوم لەبینینت بیشك ئەبی
تا پلوسکی دەماری خوین ووشك ئەبی
مەرجە بو تو سەرم دانیم ، واز نەهینم .
نەکەم بو کام زوری سەرم دانەوینم ،
مەرجە روژو شەوم خەوم حەرام بی لیم
نەمبەزینی هەزار چقل هەلچی لەپیم
تیبکوشم تا رایمالم تاریکی شەو
لەسەر کەلی ئاسوی هیوا قاسپەی بی کەو .
بینی مژدەی هەلهاتنی پرشنگی خور
روون کاتەوە ولاتی پرر خەمو ناسور
زەمین ئەوسا ئارایشتکا بەرگیگی نوی
بانگکا بلی : کی بو ئەیووت کە « کورد ئەنوی » ؟
کورد هەمیشە چاوکراوەو ئاگادارە
گیانی تیغی تیژکراوی رووی زوردارە

**(١) لیرەدا مەبەس لەوەیە کە کوردستان خوینی ررشتوه .**

# خەباتی کورد

« کورد لەتورکیادا »

**ئەم وتارە بەشیکە لە کتیبی ( كفاح الاكراد ) کە لە سالی ١٩٥٦دا ماموستا جەمال نەبەز بەناوی نهینی‌ی ( صامد الـكردستانی )یەوە بەعـەرەبی نووسیویتی‌و لەسوریە ( ١٠٠٠٠ ) دانەی لی چاپ کردوەو بە خوورایی بەسەر ولاتە عەرەبیە کان‌و گەلی شوینی جیهاندا دابەشی کردوە . بەرودوا بەشەکانی تریشی بلاو ئەکەینەوە .**

**(( هیوا ))**

لەکاتیکدا کە داگیرکەرە روژئاواییەکان سەمایان ئەکرد لەسەر جەستەی ( پیاوی نەخوش ) یونانیەکان بەجوریکی بەردەوام هیرشیان ئەبردە سەر تورکیا . هەروەها ئەرمەنەکانیش کەوتبونە جەنگیکی گەرمەوە لەگـەل ( حکومەتی مەرکەزی ) تورکیادا بەناوی داواکردنی ولایەتی ( قارس ) ( ئەردەهان )ەوە . ئەم هەموو ناهەمواریانە لـەیەك کاتدا پەیدا بوو بەجوریکی ئەوتو کە ئەوەندەی نەمابوو ببیتە هوی لەناوچوونی تورکیاو تورکەکان . ئالەم کاتە تەنگوچەلەمەیەدا ( ئەتا تورك ) پەیدا بوو ، بیری لەری‌یەکی باش کردەوە کە تورکەکان بپاریزیت لەم تەنگوچەلەمەیە . بو ئەم مەبەستە لەپیشا لە کوردەکان باشتری دەست نەکەوت ، بویە رووی کردە کوردستان‌و دەستی کرد بە خویندنەوەو نووسینی وتاری ئاگرین لەبارەی ستەمی داگیر کەرەکان‌و برایەتی کوردو تورکەوە !!. مەبەستیشی

لەمە تەنها راکیشانی هەستی دینیی کوردەکان بوو .. دەستی کرد بە درو و دەلەسە کە گوایە ئەگەر لەم روژە رەشەدا یارمەتی تورکەکان بدەن ئەوا لە پاشەروژدا ئەوانیش دان بە هەموو مافیکی کوردا ئەنین ، وەك سەبەخویی‌و جیابوونـەوەو دانانی سنووریکی فراوانتر لەوەی پەیمانی سیڤر دایناوە بو کوردستان . کوردەکانیش کە گوی‌یان لەم قسانە بوو ، هەموو لەدەوری کوبوونەوەو بەهەموو هیزیکیانەوە دایانە پالیان — چەند تیپیك پیکهات وەك ( تیپی کوردە فیداکاراکان ) کە لەگەل یونانیە کاندا کەوتنە جەنگیکی گـەورەوە بەمەرجیك گەورەترین زیانیان گەیاند بـە یونانیەکان و لەتورگیادا دەریان کردن .

ئەتاتورك لەسەرەتای بزووتنەوەکەیدا بە باشی لەگەل گوردەکاندا ئەجوولایەوەو بانگی ژیانی گەلی کوردی ئەکرد لەو کوبونەوە نهینیانەدا کە کومەلی « ئیتحادو تورەقی »ئەیکرد ، پیروزبایی بزووتنەوەی ئازادی خوازانەی کوردی ئەکرد . بەلام ئـەم خوشەویستیە تا سەر نەبوو !! دوای ئەوەی تورکیا لە ئینگلیزو یونانی‌و ئەرمـەنەکان پاك بوەوە ، بو کوردەکان شایی گەررا بە شیوەن‌و بەگوللەو شیرو رم وەلامی داخوازیەکانی کوردەکانیان ئەدایەوە . بەم جورە ئەتاتورك هەموو بەلینەکانی هەلوەـ شاندەوەو خیانەتی لەپەیمانەکانی خوی کرد هەر وەك رەوشتی هەموو داگیرکەرو قازانج پەرستیك . بەمەشـەوە نەوەستا ، چوو پەیمـانی ( سیڤر )ی هەلوەشانەوەو زوری لە دەولەتە داگیرکەرەکان کرد بیگوررن بە پەیمانی « لوزان »ی پرتان‌وان ، دیارە دەولەتە ئیمپریالیزمیەکانیش بەمە قایل بوون چونکە بەرژەوەندی خویانیان تیا بینی .

لەبەر ئەوەی پەیمانی لوزان هیچ مافیکی گەلی کوردی تیا نەبوو لەبارەی سەربەخویی‌و جیابوونەوەوە ، کوردەکان هەلسان‌و دەستیان کرد بەداواکردنی مافی خویان . بەلام کە بینیان داخوازیەکانیان ئەخریتە پشت گوی لەلایەن حوکومەتی   الیەوە ، دەستیان کرد بە ریکخستنی کومەلی بچوك بچوك بو ئازادکردنی کوردستان .

بەم‌جورە دەستیان کرد بە کوکردنەوەی میللەت‌و ری پیشاندانیان بو تیکوشان لەپیناوی ئەو مافانەیاندا کە گەلی قوربانیان بو دابوو ، تا سالی ( ١٩٢٥ ) کە شوررشیکیان بەرپا کرد لە « دیاربەکر » و « ئورنە » و « ماردیندا » بەسەروکایەتی پیشەوای مەزن « شیخ سعیدی بیران » بەلام تورکەکان زور بەتوندی بەرەنگاری ئەم بزووتنەوەیە بوون ، بەجوریك کە تەیارەو توپی تورکەکان کەوتە ویران کردنی گوندەکانی کوردستان یەك لەدوای یەك . جا لەبەر ئەوەی تورکەکان نەیانتوانی شوینە گرنگەکانی کوردەکان بگرن ، پەنایان بردە بەر ئیمپریالیزمی چەپەلی فەرەنسە ، ئەو ئیمپریالیزمەی لەو کاتەدا سوریای خوشەویستی داگیر کردبوو بو ئەوەی خەتی ئاسنینی « حلب » بکاتەوە تاکو لەدواوە لەکوردەکان بدات . فەرەنسیەکانیش بەدەم تورکەکانەوە چوون‌و دەرگایان بو خستنە سەرپشت .

تورکەکان لەشکریکی « ١٠٠،٠٠٠ » کەسیی بەهیزی پرچەك بەتەیارەو توپی گەورەیان لەویوە ناردو دەستیان‌کرد بە سوتاندنی ئەو دیهات‌و باخ‌و بیستانانەی ئەهاتە سەر ریگایان . دەستیان کرد بە سەربرینی

ژنو منالو کوشتنی پیر . بەمجورە توانیان ئەو شورڕشە بکوژیننەوەو پیشەواکانیان بگرن ، لەوانە « شیخ سعیدو دوکتور فواد »یان راپیچی دادگای عورفی کردو فەرمانی خنکاندنیان دان . ئەوەی جیی لاقرتیە لیرەدا دادگای عەسـکەری لەکاتی فەرماندان بەسەر ئـەو قارەمانە بی تاوانانەدا دادپرسی گشتی سوپا بەمجورە روی دەمی تیکردن : « لەبەر ئەوەی ئیوە کوردستانیکی سەربەخوتان ئەویست ، ئیستا ئەبی نرخی ئەو داخوازیە لەسەر سیدارە بدەن (١) » .

چەند کاریکی دررندانەیە !! ئەمەیە ئەو کارە نارەوایەی دەستەیەك پیی هەلئەسانو داوای دادو سەربەستیو یەکسانیشیان ئەکرد ، چەند کاریکی شیتانەو بیهوشانەیە بو ئەو دەستە نالەبارە بوگەنەی شانازی ئەکرد بەم سووچو تاوانانەوە . حکومەتی تورکی کتیبیکی سووری بو داکوکی (دعایە)ی بوخویو شانازی بەهیزی خویەوە دەرکرد . لەو کتیبەدا ئەلیت « بەلی کوردەکان گلور بونەوە ، دەست بەسـەرا گرتنیان زور ترسناك بو .. فروکە لەئاسمانەوە قەلاچوی ئەکردن ، توفەنگ ئاگری ئاراستە ئەکردنو توپ ئەیسوتاندن ، شیر سەری ئەپەراندن ، خەنجەر ورکی ئەدرین . ٤ هەزار سەربازی هبهم ( ئەتاتورك ) بە وتاری ئاگرینەوە هەلمەتیان ئەبردە سەر ولاتی کورد ، هیرش لەبنارەوە تا لوتکە ،لەلوتکەشەوە گلورکردنەوە بو ناو دول ، خەلکیان ئەکوشتو دیهاتیان ئەسوتاند .

لەدواییشدا لەگەل هەلهاتنی روژی ( ٢٨ )ی یونیوی ( ١٩٢٥ )دا ملی ( ٤٥ ) سەروکی کوردیان کرد بەپەتا .

---

**(١) لەنامیلکەی کوردستانو ولاتی کوردەکانی (( یوسف مالك ))ەوە .**

ئەوە پیشەوای کورد شیخ سعیدە بە زەردەخەنەوە ئەچیت بو سەر سیدارە (١)

جا ئەی خوینەدەواری خوشەویست بروانە چون ئـەو تورانیە ستەمکارا نە خویان هەلئەکیشن بەسەر برینی پیرو منالەوە ، بە هەلدرینی سکی ئافرەتی سكپرەوە ، بەسوتاندنی شارو دیهاتەوە ، بەویرانکردنی خانوو مالەوە بەبومباو روخاندنیان بەسەر دانیشتوەکانیاندا .

بروا بکەن ئەم کردارە درندە شیتانەیە نە « جەنگیزخان » نـە « هولاکو » پیی هەلنەستاون . هەروەها بشروانە قارەمانیتی رولەکانی گەلی کوردی دلیر ، بە گەردنم پالەوانیتیەکە لاپەرەکانی میژوی ئەم گەلە بەنرخە بە شانازیەوە ئەینوسیتەوە .. بەزەردەخەنەو خوشیەوە چوون بو سەر سیدارە !!!.

کورد هەروەکو پیشەی بووە، قایل نەبوو بەکەساسیو ژیردەستەییو وەررسیش نەبوو ، بەلکو خویان کوکردەوەو دەستیانکرد بە کوبوونەوەو خوریکخستن بەنهینی ، تا پارتیکی تازەیان دروستکرد بەناوی ( خویبون — الاستقلال ) هوە کە ژمارەیەکی زور لەئەفسەرو شارستانیو تیگەیشتوەـ کانی تیا بوو . وە ئـەم پارتە گەلی لکی تریشی کردەوە لە کوردستان دەرەویدا . ئەم پارتە ئامانجی رزگارکردنی کوردستان بوو لەنیروی تورکو هەرەوەزی کردن لەگەل ئەرمەنو عەرەبدا .

کاتیکی زور بەسەر تەمەنی ئەم پارتەدا تیپەری تا خوی بەباشی

---

**(١) لاپەرە ١٤٤ لەهەمان نامیلکەوە .**

کوکردەوەو لەسەرەتای سالی ( ١٩٢٧ )دا شوررشیکی ترسناکی بەرپاکرد لەناوچەی « ئاگری داخ »دا کە ئەکەویتە سەر سنووری تورکیاو ئیرانو روسیاوە بەسەروکایەتی « جەنەرال احسان نوری پاشا » . ئەم شوررشە گەلی لەشارو دیهاتەکانی گرتەوەو زوری ئەو ناوچانەی رزگار کرد .

حوکەمەتی تورکی کەبینی ناتوانیت خوی لەبەر ئـەم بزووتنەوە شوررشگیریەدا بگریت ، بەتایبەتی ریکخراو ( منظمە ) کەشیان لەژیر سەرکردەی گەلی پیشەوای عەسکەری سەربەکومـەلی « خویبون »و قالبوو لەمەشقی تازەدا ، ناچار پەنایان بردە بەر دەرەبەگو خائنەکانی کورد ، تا هەندی سەرکردەی عەشیرەتی کوردیان بەرەنگای شوررشەکە راست کردەوە . لەم لاشەوە چەند تیپیك لە سوپای ئیرانی بەچـەكو جبەخانەوە بەرەو رووبان هاتن ، تا ناوچە سەربەستەکەی کوردستان کەوتە نیوانی دوو ئاگرەوەو لەدوای ماوەیەکی دریژ بزووتنـەوەکەیان دامرکاندەوە بەجوریکی ئەوتو کە موچرکە بەلەشی مروڤدا ئەهاتو منال پیر ئەبوو . کەکوردستان دووبارە داگیرکرایەوە حوکومەتی ئیرانو تورکیا دەستیان کرد بە کوچپیکردنی هـەزاران لەو کوردانەی لەناوەراستی کوردستاندا دائەنیشتن ، بو ناوچەی خوارووی ئیرانو روژئاوای تورکیا ، بەو مەبەستەی بیانکەن بە تورکو زمانەکەی خویان لـەبیر بەرنەوە ، تائیستاش حوکومـەتی تورکی بەردەوامـە لەسـەر ئـەم سیاسـەتە هیتەلریانەیەی .

لەسالی ( ١٩٣٨ )دا حوکومەتی تورك قانونیکی گشتی دەرکرد بو کوچپیکردنو ئیسکانکردن ، بەو نیازەی بیچەسپینی بەسەر کوردەکانی

« دەرسیم »دا کە تا ئەوکاتەش لەجیی خویان مابوونەوە . بەلام کوردەکانی دەرسیم بەرهەلستی ئەم کارە ناشیرینەیان کردو یاداشتیکی تیژیان نارد بو حاکمی گشتی تورکیا . کەچی لەجیاتی وەلام هەلگری یاداشتەکەیان کوشت ، بویە دیسان هەستی شورش هاتەوە جوش‌و شورش لەو ناوچەیەدا بەرپابوەوە . بەلام حکومەتی تورك دیسان درندانەو ستەمکارانە بەتوپی گەورەی بومبا هاویژی نویوە بەرەنگاریان وەستا . هەروەها غازی زەهراویشیان بەکار ئەهینا بو کوشتنی کوردەکان ، ئەم ئاوا پیچەوانەی پچوکترین یاسای شەرەفوو داد وەستان . روژنامەی « کورانو »ی تورکی لەسالی ١٩٣٨ دا لەژمارە ( ١٠٨٣ )ی روژی ( ١٣ )ی ئەیلول‌دا وینەیەکی کاریکاتوری لەم نابەتەوە بلاو کردەوە دیمەنی خاکی بەربومبادراوی دەرسیمی دەرئەخست‌و پیشانی ئەدا کە چون لاشەی خەلکی پارچەکانی بەحەواوە بو . وە بەم جورە نوسیبوی :

**چاوت بکەرەوە**

هەروەکو سوپای پولایینی تورك چاوی هەمو دنیای کردەوەو بەوینەی بروسکە ئەدرەوشایەوە ، هەرئاواش چاوی ئەوانە ئەکاتەوە کە ( ١٥ ) سالە پرشنگی روژی حەزارەتمان ئەبینن‌و وریا نابنەوە .

**چاوت بکەرەوە ئەگینا ئیمە ئەیکەینەوە (١)**

ئەم تورانیانە چەند ئەقل سوکو بی‌حەیان ، چەند دل‌رەقن ! حکومەتی

---

**(١) لەنامیلکەی « قوبرس‌و بەربەریتی تورکەکان » ماموستا یوسف مەلەك لاپەرە ١٩٨ .**

تورك خەلاتو دیاری گرانبەهاو ئالتونی تەرخانکرد بو ئەوانەی زورترین ژمارە لەکوردەکان تەمی بکەن !! لەسەر ئەم خەلاتانە بەتورکی نوسرابو « مەدالیای جەنگی کوردستان » هەروەها یادگاریکی رەمزیشیان لەبەرد دانا لەسەر شاخی « ئاگری داخ »و بەتورکی لەسەریان نوسیوە « لاشەی کوردستانی خەیالی لیردایە » وەکو بەم کردەوەیە گەلی کوردیان گوررو تونا کردبیت (٢) .

کلول خویان ئەوسیاسیە تورکانە ... نازانن کە ژیانو مانەوە بو گەلو نەتەوەکانەو مردنیش بو ئیمپریالیزمو ستەمکارانە .

دوای ئەم کارەساتە ترسناکانە « جلال نوری » لەپەرلەمانی تورکیدا وتاریکی خویندەوە ، وتی « ئەمرو تەگەرەی کوردە وەحشیەکان تەواو بو وە بەبومبا ملیان پی کەچ کرا بو شارستانیتی (١) » .

چون دادپەرستیەکە ئەم تورکانە خویانی پیوە ئەنوینن ...؟ چون یەکسانیو برایەتیەکە حکومەتی تورکی داوای ئەکات کە بەزمانی وەزیری داد « عدل »ەوە ئەلیت :

« ولاتەکەمان لەجیهاندا زورترین ئازادیو دیموکراسیەتی تیدایە . ولاتەکەمان تەنها مولکی تورکە ، ئەوی تورك نیە پیویستە یا ببیت بە خزمەتکار یان بە کویلە » .

بەلی ... ئەمەیە ئەو یەکسانیو دادەی حکومەتی تورکی ستەمکار

---

**(٢) بروانە کتیبی مەسەلەی کوردی دکتور بله چ . شیرکو .**

**(1) Turkyede kurtlerin katiliami.**

دەری ئەبریت ، ئەوەی بەزمانی وەزیری دادەکەیەوە ئەلیت ... ئەوی تورك نیە پیویستە یا ببیت بە خزمـەتکار یان بەکویلە !! بەلی راستە حکومەتی تورك تەنها بەم چاوە پوخلەوە ئەروانیتە گەلی کورد ، دان نانیت بەهیچ مافیکیاندا ، تا ئیستاش لەسەر ئەم سیاسەتە (عنصریە)تە ئەروات. ئەو کوردانەی لەژیر بەزەیی تورکا ئەژینو شەش ملیونن ریگەیان نادری بە زمانەکەی خویان بخوینن‌و بنوسن تەنانەت گەلی جاریش قسەکردن ، ئەمە کە پچوکترین مافی مروڤایەتیە ... هەروەها ناتوانن شانازی بە میللیەتی خویانەوە بکەن چونکە حکومەتی تورك دان نانی بەوەدا کـە گەلیك هـەیە پیی ئەوتریت گـەلی کورد بەلـکو پییان ئەلین (تورکی شاخاوی) .

ئەمە بوو کورتەیەکی خەباتی گەلی کوردی نەبەرد لەکوردستانی بەزور بەستراو بەتورکیاوە ، ئەمەبو ئەو قوربانیە زورانەی پیش‌کەشی کرد لەپیناوی نرخو ناموسی‌دا . بەپیچەوانەی ئەوەوە کە کوردەکان لەژیر ئەوپەری زورو ستەم‌دان ، بەپیچەوانەی ئەو هەمو تالی‌و سویریەوە کە ئەیچیژن ، زورەها لەژیر پەردەی ئاسنینی تورکی‌یەوە بەهەمو هیواو باوەریکەوە تی‌ئەکوشن بو رزگارکردنیان لەفاشستیەت و تورانیەت . با کونەپەرست‌و زوردارەکان بزانن کە روژی ئازادی پرشنگی بلاو ئەکاتەوە بەسەر هەمو نەتەوەکانی جیهاندا ، هیچ گەلیك نیە لەجیهاندا قایل بیت بە مل‌کەچ‌کردن بو ئیمپریالیست ... لەم بابەتەوە لینکولن ئەلیت :

« ئەگەر توانیوتانە بو هەندی کات چەند گەلیك بخەلەتینن یان ئەگەر ئەتوانن هەمو گەلیك بو چەند کاتیك بخەلەتینن ، ئەوا لەتواناتان‌دا نیە کە بو هەمو کاتیك هەمو گەلیك بخەلەتینن » .

با زوردارە دل‌رەقەکان بزانن کە پەتی درو کورتەو مردن‌و لەناوچو نیش بو ئیمپریالیستەکانە .

**( لەژمارەی داهاتوودا (( کورد لەئیراندا )) بخوینەرەوە )**

# موسكوى جوان

گوران

ئەی موسکو ! ئەی ژنی جوانی سپی پوش !
ناودەمی ئال پر لەگورانیی خوش خوش !
بە ئاوازەی ئورکستراتت وا مەستم ،
هەر شەپولی شیعرەو ئەدا لەهەستم !
لەهەنگوینی ئەفسانەی دانسی ( بالی )ت ،
بەهەردو چنگ ئەخوم وینەی پرسیی شیت !
لەرەی دەنگی ئوپیراکەت کە تك‌تك ،
لەناو گوی‌وە ، نەشتەر ئەدا لەگورچك ،
خونچەی تەری چیروکی بەستەکانی
بوم ئەپشکویت ، وەك گولی بەربەیانی !
ئەی موسکوی جوان گەورە کچی ئوکتوبەر !
حەوت ئەستیرەی یاقوت کە داوتن لەسەر ،
لەناو رنوی تەما گەش ئەجریوینن ،
هەزار زوهرەی ئاسمانی شین ئەهینن !
( مەترو )ت ئەلی نوینەگای نیگارە ،
( مەیدانی سور ) جیی هەزاران هەزارە !
تاقە گولی سوری جقەی دانشگات ،
عەتری ، شەپول ئەدا ولات بە ولات !
روژ لەنینەو لەسەر سەرت وەستاوە ،

ریگات روناك وەك بەفری بەر هەتاوە !
منالەکەی رومەت ئالی تیر شیرت
گولی پارکی گورکی دینیتە بیرت ،
بویە کوتری سپی و نەرمی باوەشت
مل هەل‌ئەسوی ، بی سل ، لەگەرمی‌ی لەشت !
لەناو بەفری بەرپیتا واق‌ورماوم ،
لەکام جوانی نازانم ، بدروم چاوم ؟...

* * *

ئەی موسکو ! ئەی ژنی جوانی سپی پوش
هەروەك : مەمیك زینیك ناکا فەراموش ،
هەتا ئەمری ... منیش ، هەتا ــ هەتایە
دلگیری‌ی توم هەرگیز لەدل دەرنایە !
بەشەو چەمی گەوهەربەندی پشتینت
لیم ئەبیتە ئاوینەی بالانوینت ،
لەناو ئاوا موسکویەکی نازدارتر ،
لەنجەی دانسی ، گیان پر ئەکا لەئاگر !
جاوەی شوراو بریقەی دی وەك بلور ،
تیا ئەلەرزی ( ونیە )ی گری سەوزو سور ،
تاکسیم ئەکشی بەشەقامی بی‌گەردا ،
بەسەر عەکس وەنەوشەیی یان زەردا ،
ئەم رەنگانەو ، ئەو پرشنگەی ئاوازە
ئەیدا لەروی پەنجەرەی کوشکی تازە ،
بی‌هەست ، ئەمکەن بەزاوای بەردەمی بوك ،
دەم بو ماچت ئەبەم ، موسکوی ئیسك سوك !...

# کوردی بوختان بو کراو

**پاشماوه**

هەلستی ئەو لایەنگری‌یەی کە کورد بو جەمهوریەتی عەرەبی یەك‌گرتوو وە جەمهوریەتی عراقی ئەکا ... »

« هەروەها مالکروی داوای لەحکومەتی ایران کرد کە هەول‌بدا بو کەم کردنەوەو وەستاندنی لایەنگری کورد بو قاهرە و بەغدا ، چونکە ئەم لایەنگری‌یە راستەوخو مەترسیەکی زوری هەیە بو ئیرانو بو قازانجی روژئاوا !...

ئەوەبو ئەمریکا ( ١٥٠٠ ) سەربازی ئەمریکایی هینا بو کوردستانی ئیران .. ئەم سەربازانە لەبنکەکانی تورکیاوە هینران بو شاری ( خانە ) کە راستەوخو ئەنواری بەسەر کوردستانی ئیرانا ..

لەهەمان کاتا تیپی لەنوکەرانو بەکری‌گیراوان ریك‌خرا بو ئاژاوەنانەوە و پیلان‌گیران لە خاکی کوردوستانا ..

یەکەم ئامانجی‌یان ئەوەیە کە بچنەناو ئەرزی عیراق بو ئـەوەی هەلویستی لایەنگری کوردانی عراق بەد ناو بکەن .. ئەو کوردانەی کە بەیەك‌سانی ئەژین لەگەل عەرەبا .. »

جائیستە روئەکەمە دلو دەرونی خوت ماموستا ریاض !..

خوتو خوت ماموستا ... شت هەیە لەم نوسراوەی خوت باشتر بەدروت بخاتەوە ؟!.

ماموستا ریاض !

ئەم نوسینەت دەری ئەخا بو خەلك کە تو لەوانە نیت کە راستی ئەم میللەتە نەزانی ، چونکە بەنوسینەکەی خوت اعترافت کردوە بەوەی

که کوردەکان خەباتیکی تیکرایی ئەکەن لەگەل عەرەبی برادەریانا وە ئەم خەباتەش ئاراستەکراوە بو پاك کردنەوەی دەسەلاتی استعمار بەتایبەتی دەستەلاتی ئیستعماری ئەمریکی لەم ناوچەیەدا . .

هەروەها اعترافت کردوە بەوەی کە نەتەوەی کورد تووشی هەموو چەشنە سزاوئاراری ئەبن لەریگای یارمەتیدانی جەمهوریەتی عەرەبی یەكگرتو و جەمهوریەتی عراقدا . لەهەمان کاتا خوت ( دفاع )ئەکەی لەنەتەوەی کورد ، وە ئەوانەی کە نیراون بو ئاژاوە نانەوە ناوت ناون « عملاء » نوکەری بەکری گیراو !. . . وە ئەوانەی کە ئەیانەوی هەلویستی کوردەکانی عراق بگورن ناوت ناون « مخربین » تیك دەرو روخینەر !!. .

ئیتر نازانم چون ئــەم دو وتەیەت بخەمە یەك ! وتــەی روژی ١٦/١١/١٩٥٨ وە ووتەی ٢٥/١٢/١٩٥٨کە ئەلیی : عەرەب سەرسام بون لەووتەی : کوردو عەرەب !. .

جائیستاش ئەچیتە ئەو ئەقلەوە کە وشەی کورد ( مفاجئه ) بووبی ؟!

ئەمە نەزانینە . . یا خەلەتانن و گومراکردنە ؟!!

من ئەم وەلامە لیئەگەریم بو ویژدانی خوینەرە وە بەریزەکان !. . .

بەر لەوە کە کوتایی بەوتارەکەم بهینم ئەمەوی بەبی پیچوپەنا شتیك بەدلسوزە نەتەوە پەرستە دلسوزەکانی عــەرەب بلیم ، وە راستیەکی ئاشکرا بخەمە پیش چاوییان ئەوەش ئەمەیە :

بیروباوەریکی زور ناراست هەیە کە هەندی کەس هەلیان گرتوە . . وەك بەیەك چاو تەماشای بیروباوەری نەتەوایەتی راستەقینە و بیروباوەری رەگەزی شوڤینی ئەکەن ، ئەم جورە کەسانە پیویستە بەچاویکی راستبین

تەماشای نەتەوەی کورد بکەن ، وە وەك خویان سەیریان بکەن ، پیویستە بزانن کە هیرش بردن بو سەر نەتەوایەتی کورد و گوی نەدان بە مافیژیانو نەتەوایەتی‌یان قازانجی بو هیچ کەس نیە بیجگە دوژمنانی راستەقینەی نەتەوەی کوردو عەرەب ، هەروەها ریزگرتن لەکوردو دان‌نان بە مافیاندا بزماریکە ئەدری لەتەرمی ئیستعمار ، و ئەبی بەهوی ئەوەی کە گەلی کورد زیاتر دوستایەتی خوی بەهیزبکا لەگەل نەتەوەی عەرەب و لەپیناوی پاراستنی مافی نەتەوایەتی‌یانا قوربانی بدات ، کەئەمەش ئـەبی بەهوی قازانجیکی زور بو هەردو نەتەوەکەی کوردو عەرەب و هەموو بەرەی ئادەمیزاد . . .

ماموستا ریاض !

سەرت لەم راستی‌یانە سوورر نەمینی ، چونکە نەتەوە پەرستە راستە قینەکان رقوکینەیان نیە بو هیچ نەتەوەیەکی‌تر ، چونکە پیاو کە هەولی دا بو ســەربەستی بەختیاری نەتەوەی خوی ، ئەبی ئـەوەی لەبەرچاوبی کە لەروی ئەم زەوی‌یەدا گەلی نەتەوەی تر هەن ئەیانەوی بژین‌و بگەن بەمافی خویان ، دیارە پیاوی ئازادو دەرون پاك ئەوەی بو خوی بەچاکی بزانی لەخەلکی تری قەدەغە ناکا !. . .

با دوژمنەکانی نەتەوەی کوردو دوستەکانیشی زورباش بزانن کە نەتەوەی کوردی پچرپچرکراوی دەستی ئیستعمار بەردەوام ئەبی لەخەباتی خویناوی‌یا شان بەشانی نەتەوەی عەرەب‌و هەمو نەتەوە تیکوشەرەکانی تر ، زدی ئیستعمارو کونـەپەرستی ، وە بروایـەکی بەهیزی هـەیە بەنەتەوەی خوی‌و راستی مەسەلەکەی ، وە هەمو نەتەوە تیکوشەرە کان پشتیگری ئەکەن و دەستی یارمەتی بو دریژ ئەکەن .

ئیتر . . تاسبەی . . .  
کە دەزووی رەش‌و سپی لەیەك جیا ئەبیتەوە !. .  
کەراستی وەك روژی روناك دەر ئەکەوی  
کە ناراستان ، ئەگەن بە روژی خویان و سەرەنگری ئەبن .

# بەیان

ئەو لیژنەیەی پیکهاتوه لەقائمقامیەتی رانیەو پشدەر ، دەست ـ ئەکات بەدانی تەعویزی ئەو خانوو بیرو کیلگانەی ئەم گوندانەی خوارەوە کە تابعی قائمقامیەتی ناوبراون ، پیش چولکرد نیان ، بەبونەی نوقم بوونیانەوە لەپروژەی دوکاندا ، ئەم گوندانەش :

١ ــ بینای شیخ اسماعیل ٢ ــ بوتان ٣ ــ کلنیری ٤ ــ کیلی ئالان ٥ ــ میرزا روستەمی گــەورە ٦ ــ میرزا روستەمی بچوك ٧ ــ مەلا هومەر ٨ ــ مەلا شەل ٩ ــ کیلە سورە ١٠ ــ کامەم ١١ ــ قورە شینە ١٢ ــ کامریان ١٣ ــ بایز ئاغا ١٤ ــ دوکرتان ١٥ ــ بیموشە ١٦ ــ پالەوان ١٧ ــ ئالاو ١٨ ــ کندە ترش .

جا کی خوی بەخاوەن تەعویز ئەزانیت بەپیی تەقدیراتی لیژنەکانو زانیاریەکانی ژمارە ( ٥ )ی صادربوو بەرەقمی ١٩٩٧ لە ١٢/٢٠ /١٩٥٨ دا ، ئەوا سەر لەلیژنە ناوبراوەکان بدات بەپیی بەرکەوتن بو وەرگرتنی تەعویز لەماوەی دوومانگدا لەم تأریخەوە ، هەرچی موراجعەت بکات لەمماوەیەدا ئەوا لە پاشەروژدا ئەوەی داوای ئەکات ئەیدریتی . بەلام زەویەکان ئیستا بەپیی قانونی ئیستملاکی ئەموال خەریکی معامەلەی ئیستملاکیانن ، وە ئەم بەیانە ئەوان ناگریتەوە . وە گوندەکانیش لەگەل تەواوبونی چولکردنیاندا بەیانیکی تریان بو دەرئەچیت .

هادی رشید چاوەشلی
وەکیلی متصرفی لیوای سلیمانی
سەروکی لیژنەی ئیسکانی گوندەکانی حەوزی دوکان

# شەویکی بەهار

**فتاح كريم مكاوه**

بەهاری لادی دیمەنی جوانە
بەهەشتی دلو جیگەی سەیرانە
شەویکی بەهار مامەوە لەدی
ئەوی لەبیرمەو ئیستاکە بوم دی
تارمایی رەشی ریزە مالی دی
لەگەل تاویران لەم لاو لەولای ری
نتی ئاوایی شاخیکی سەختە
سی لاکەی تری دارو درەختە
لەخوارو دولوو یەك تاقە چەمە
دەنگو هاژەکەی هیواشو کەمە
جوگەلە ئاوی بو سەر مەرەزە
لقلق دابەشن چەن چەشنو تەرزە
کەمی پیچاوپیچ ، کەمی سەرەو خوار
کەمی لەدەشتا ، کەمی لەبن دار
ئەو دارە میوەی پەلپەل دابەشبو
یاتری سپی ، ئەو تری رەشبو
باسی شاخەکەی هەر نابی تەواو
نمونەیەکی ئەهینمە بەر چاو
کومەلە شاخی بلندو بەرزە
لوتکەی بەفرینی پرر سامو لەرزە
تیشکی مانگەشەو لەرووی بەخشانبو
پەلە هەوریکی سپی نەخشان بو

* * *

سەرنجی دابوم لەدلگیری شەو
لەلام خوشتربو لە نوستنو خەو
گەلی تروسکەی زور وردو درشت
چاوم تی بریبو لە سەر گازی پشت
هەندی گەورەتر ، سپی یا گەشتر
سەیرو تەماشای بەنەشئەو خوشتر
جریوەیان بو تیکرا لە ئاسمان
لای لایەی خەوبو ئاوازی کەمان
کەمانی تەلی لقوپوی دار بو
موسیقاژەنی سروەی بەهار بوو
جارجار چریکەی قەتارو ئایئای
ئەیهینایە گویم سوزو دەنگی نای
کاتی بوکی شەو ئاوابو لەدی
منیش بە تەنیا مامەوە لەجی
زەردەی لەدەم کەل بەری بەیانی
تیشکی زیرینی ئەیدا لەکانی
گولو ریحانەی بن دارو دەوەنگ
دەس لەناودەسا بو شاییو ئاهەنگ
ریزیان بەستبو گولە وەنەوشە
چاوبرکییان بو بەو بزە گەشە

چیروك

# دیواری ئەتلەس

چیروکیکی رووداوە لەجەنگی جیهانی
**دوەمدا سالی ١٩٣٩ ٠ م**
**ــ وەرگیراوە ــ**
**سلیمانی : صبیحە عبدالحمید**

پییر : بەهیمنی چەندجار چراکەی داگیرساندو کوژاندیەوە بەلکو ئەمە نیشانەیەك بوو کە بودەریای ئەنارد . دنیا زور سارد بوو دەریای نورماندی لەهەمو جار زیاتر بەترس‌و سام‌بوو . گەنجیکی تر لەگـەل پییر ــ دا بوو کەدەم‌و چاوی لەناو پالتوکەیا شاردبوەوە .

پییر : لەژیر لیوەوە وتی هیچ هەوال‌نیە گوایا هیشتا نەهاتوون ؟؟

پییر : بەبی‌ئەوەی ئامادەی وەرام‌بی دەستی خستە ناوگیرفانی‌و وتی ئەگەر ئەلمانیەکان بزانن ! گەنجەکەی کە لەتەنیشتیەوەبو بەدەنگیکی ناسك کەدیاربوو خاوەنی ئەم دەنگە کچە بەتوورەییەوە وتی : ــ زمانت بگرە وەهیچ قسـە مەکە ئەگینا دوژمن پی‌ئەزانی .

پییر وتی : فازی گیان بم‌بورە ناتوانم قسـەنەکەم . ئەم جارەش چراکەی داگیرساند وەنیشانەیەکی تری کرد دوایی کوژاندیەوە کاتیك هەردوکیان وەستابوون لەدوور روناکیەك کەوتە ناو دەریاکەوە .

پییر لەترسا وتی فازی ئامادەبە هاتن ... خویانن ، فازی من‌ئەم

سنوقەی پیمە لەگەل خوم ئەیبەمە ناو دەریاوە توش لەپاش نیو دەقیقە بەدواما وەرە .

پییر ئەمە وتو دوعاخوازی لـەفازی کردو خوی فریدایـە ناو دەریاکەوە .

فازی ئاورری بو دواوەی ئەدایەوە چاوەروانی دوژمنی ئەکرد لەپرر دەنگی پی هاتەبەرگوی . لەبەرخویەوە وتی ئەلمانەکانن ! چارەم نیـە دوژمنەکان بەیرەدا دینو ئەمدوزنەوە !!

سەربازە ئەلمانیەکان نزیکبوونەوە هەموو بەچەکەوەبون . فازی خیرا خەیالیکردەوە تفەنگەکەی فریدایە ناو ئاوەکەوە چەقوکەی لـەگیرفان دەرهینا دەستی چەپی خوی برینـدارکردو پەتەکەی کـە لەپشتیابوو کردیەوە وەخوی پی پیچایـەوە خوی پالخستە سـەرزەوی وەخوین ئەهاتەخوارەوە . دەنگی پی نزیکبوەوە لـەوکاتەشدا دەنگیك لـەناو ئاوەکەدا هات ئەم دەنگە هاورریکانی فازیبوون بەلام درەنگ بوبو دنیا روناك بوبووە .

یەکیك لەئەلمانیەکان نزیکبوەوەو قیژاندی یەکیك بریندارە . لەپرر چوار سەرباز رایانکرد فازییان لەسەر زەوی هەلگرت یەکیك لەسەر بازەکان پەتەکەی لە لەشی کردەوە لەشی هەمو خویناوی بوبو ، یەکیك لەزابتەکان نزیکبوەوە .

فازی هەمو خەیالی لەلای هاورریکەی بوو نەوەك دەست دوژمن بکەوی خیرا دەستیکرد بەنالەکردن ، زابتەکە خیرا سەربازیکی بانگکردو پیوت کەبیبەنە ژیر زەوی . سەربازەکە خیرا هـەلی گرت بەسـەر

دەستیەوە بەچەند قالدرمەیەك چوەخوارەوە بردییە ناو ژوریك پالیخست زابتە ئەلمانیەکە چووبولای نەخوشەکە ، لەوکاتەدا سەربازەکە خەریکی پیچاندنی برینەکەبوو ، وەستا تاوەکو تەواوبوو ، بەخویو کورسییەکەوە چوەپیشەوە ئەمجا بەزمانی فرنسی دەستیکرد بەپرسیارکردن . ناوتچیە ؟

وەرامیدایەوە ، ناوم فازییە . . .

لەمکاتی نیوەشەوەدا چیتئەکرد لەمجیگایە کەنابی هاتوچو بکری ؟

فازی چاوی بریبوە چاوی هیچ وەرامینەدایەوە .

زابتەکە بەتووڕەییەوە وتی : راستبلی هەی جاسوس ، هاوڕیکانت کوانی ؟

فازی وتی من نەجاسوسم وەنە هاوڕیم هەیە . .

زابتەکە بەتووڕەییەکەوە وتی : پیمانبلی ئیمەئەزانین کە لەژیر دەریاوە رویشتن ئەبی بلیت بوکوی رویشتوو ئیشیانچیە ؟ فازی بەسەرسورماویەکەوە وتی من لەقسەی ئیوە تیناگەم !! زابتەکە وتی : وەرامبدەرەوە هەرئەمەیە کەوتم تو ناتوانی بەمجوانیەت من هەل خەلەتینی باشتروایە پیمبلیت . . .

زابتە ئەلمانەکە خیرا چوە ژوریکیتر لەپشت رادیووە فرماندەی سوپای ئاگادارکرد کە لەژیر دەریاوە جاسوس رایکردوەو هەموشتیکی لەگەلخوی بردوە . ئینجا فروکە دەستیکرد بەسوورانەوە بەسەر دەریای نورماندییا . لەپاشا زابتەکە گەرایەوە بولای فازیو وتی : ئەگەر گیانیخوت خوشئەوی راستبلی ئەزانم ئەمبرینە خوررایینیە واتکرد

کەهاورریکانت رزگارکەیت لامۆوایە تائیستا موفەق بوویت بەلام ئیستا موفەقنابی چونکە وا دەریا ئەپشکنن بەزەییت بەخوتا بیتەوە .. فازی، لەوەرامدا وتی مننازانم چیئەلیت ؟!!

زابتەکە لەتوورەییدا چاوی پرربوبو لەخوینو لەتاوا لیوی خوی ئەکروشت و بەگیانیکی شەراویەوە شەپازلەیەکی لەکچەدا وتی ئەیشیت تو گیانی خوت خوشناوی ؟!

فازی کەهوشی لایخوی نەمابو لەکانگای دلیەوە وتی بەرامبەر فرنسا نەخیر .. زابتەکە بەتوورەیی قیژاندی برینەکەی بکەنەوە با خوینی زور لیبرروات‌و بمری . یەکیك لەسەربازەکان هاتە پیشەوە برینەکەی کەتازە بەسترابو کردیەوە لوکەکەی لەسەر هەلگرت‌و خوین بەبرینەکەیا هاتەخوارەوە .

زابتەکە هاتەپیشەوە وتی : ئیستا راستبلی ئەگینا تا ماوەی دە دەقیقە ناژیت ... فازی ...!؟

زابتەکە بەتوورەییەوە سەیریئەکرد بەلام فازی لەجیی خوی نەجوولایەوە لیوی نەجوولانەوە ئیتر زابتەکە هیچیبونەمایەوە چوەپیشەوە بەنیتوك برینەکەی لەیەكجیاکردەوە ، خوین فیچقەیکرد وەك فوارە هاتەخوارەوە . زابتەکە وتی : قسەبکە ئایا مردن باشە یان راستوتن ؟ وەرامم‌بدەرەوە بەیەك وشە خوت رزگاربکە .

فازی رەنگی پەرریبوو بەلام چاوە گەشەکانی برریە ناو چاوی زابتەکە وەهیچ وەرامینەدایەوە .

زابتەکە زور توورەبو دەمانچەکەی هەلکیشا دەمی دەمانچەکـەی خستە سەر سنگی بەلام فازی بەئارامیەوە سەیری ئەکرد زابتەکە وتی : ئەی جوان بەیەك وشە خوت رزگاربکە وە من بەلینت ئەدەمی ئەگـەر وەرامم بدەیتەوەو بلی : چیت کرد لـەوشوینە کەیەك سالەقەدەغـەیە ، چیت ئەکرد لەوکاتەدا لەوی ؟ هاورری کانت کین ؟ لەژیر دەریا کی هات وە کی رویشت ؟ لەلایەن سوپای ئەلمانیەوە خەلاتیکی بەنرخت پیش کەش ئەکەم و ئازادئەبیت .

فازی کەتائیستا بی قسەبوو بەرەنگیکی زەردەوە بەزەردە خەنەیەکەوە وتی : تکات لی ئەکەم بەخورایی مەقیژینە . . .

زابتەکە کەدی ئەمە دوا هەرەشەیە وە هیچ سوودی لی وەرناگیری خیرا قیژاندی بەهەمو هیزیوە وەراممبدەرەوە هەتا سی ( ٣ ) ئەژمیرم ئەگەر وەرامم نەدەیتەوە ئەتکوژم ، یەك . . . دوو . . . فازی هەروەها بەچاوە گەشەکانیەوە سەیری ئەکرد وە هیچ وەرامی نەدایەوە . لەم کاتەدا قیژەیەك بەرزبووەوە دەنگی دایەوە . . . سـی ( ٣ ) . . . لـەپرر دەنگی دەمانچەکە بەرزبووەوە گووللەیەك لەناوەراستی سنگی فازی وە دەرچوو . . لەپرر چاوە گەشەکانی بودواهەمین جار لیك ناوە دواهەناسەی بەچەند وشەیەك کەبەحال لەدەنگیکی ناسکەوە دەرئەچوو بریەوە کەئەیوت :

هەربژی نیشتمانەکەم . .

لەریی نیشتمانەکەما هیشتا کەمە . .

زابتە ئەلمانیەکە بەرامبەر سەربازەکان وەستابوو سەیری ئەوکچە

قارەمانەیان ئەکرد کەچەند ئازابوو وەچون خوی بەختکرد لەریی نیشتمانەکەیدا بەدلیکی پولاییەوە .

لەدوای‌ئەوەی کەفازی گیانی پاکی سپارد ئەوریگایەی کەدایان نابوو بو ساحلی نورماندی یاخوت بەقسەی ئەلمانیەکان - دیواری ئەتلەس - لەسەر میزی سەروکی سوپای سالار ئامادەبوو وە توانیان بەسەر دوژمندا سەرکەوتن‌و فرەنسا ئازادبکەن .

# هەلبژاردنی یانەی سەرکەوتن

روژی ١٩٥٩/١/١٦ دەستەی گشتی یانەی سەرکەوتنی کوردان لەبەغدا کوبونەوە بو هەلبژاردنی دەستەی بەریوەبەر . لەئەنجامی هەلبژاردنەکەدا ئەم هەشت کەسەی خوارەوە دەرچون‌و بەم‌جورەش ئیش‌و کاریان دابەش کرد :-

دوکتور هاشم دوغرەمەچی باوەرپی‌کراو .

دوکتور نوری فتوحی یاریەدەری باوەرپی‌کراو .

ماموستا کریم زانستی سکرتیر .

ماموستا حافظ مصطفی قاضی امیندار .

ماموستا ابراهیم احمد ئەندام .

ماموستا مکرم تالەبانی ئەندام .

ماموستا احسان شیرزاد ئەندام .

ماموستا مصطفی قەرەداخی ئەندام .

ماموستا زەکی اسماعیل حقی ئەندام .

# نامەیەك بو قاهیرە

## بو جەنابی ماموستا محمود تەیموری بەریز (۱)

سوپاس بو ئەو خوایەی کاریکی وای‌کرد لەسەر لاپەرەکانی گوڤاری (المصور)ی قاهیرەیی پیتان بگەین ، وەشارەزای سوچیکی شەخسیەت‌تان ببین کە لەمەوپیش شارەزای نەبوین ، بەلکو جاران شارەزایی‌مان تەنها لەسەریکی شەخسیەت‌تان هەبو کە قــەت یەك ناکەوی لەگەل ئــەم شەخسیەتە نوی‌یەدا ، کە هەلکەوت ویستی شارەزای ببین و لەسەر لاپەرەکانی المصور پی‌ی بگەین .

ئیمە لەمیژە خومان گرتوە بەوەوە کە چاوخشاندنمان بە هەندی لەگوڤارو روژنامەکانی قاهیرەو بیروتا ، هەندی روداوی وامان بو دەربخا کە بیربتون هیچی لی نەزانین ، بەلکو گیتی سەراپا هیچی لی‌نەزانی ، وەك چون ئەم گوڤارو روژنامانە وایان فیرکردوین لەهەر ژمارەیەکیانا پەردەمان بو لە رویەکی لەو بلیمەتانە هەلبرن کە باوەریان وایە ئەتوانن راستی وەرگیرنەوەو روی میژو وەرچەخینن یان میژویەکی نوی دوروست بکەن ، بەم چەشنە توانیمان شارەزای راستی‌ی ماموستای چیروك نوسی

**(۱) ئەم وتارە ماموستا عبدالقادر قەرەداخی بەعەرەبی نوسیبویتی‌و ماموستا بەشیر موشیر بوی ناردین ــ م . م وەریگررا بو کوردی .**

**ــ هیوا ــ**

هەلکەوتومان محمود تەیموری ( بنەچە کورد ... ی لەوەچەی عەرەبە پێشینەکان )و ، روژنامە چی هەلـکەوتو فکری اباظەی دوروی جوت چاویلکەو سپلەی پی لەچاکە نەنەرو قسـە وەرگیرو میژو ساختـە کەر بناسین ، هەروا مصطفی امینو علی امینی برای کە زوریان لەپاش خوانەی خەیانەتو پیاو خراپی و داوین پیسی لستوەتەوە لەچـەرخی لەناوچوی فاروقا ، وە ئیستا بـوون بەسـواوەی تـازەی دارستانو هـاتونە تە مـەیدانیکەوە کە زورجاری تریش رمبازی یان تیـا کردوە ، هـەرچەند راستیو دەرونیشی تیا بخریتە ژیر پیوە .

گەورەم ، ماموستای بەریزم ..

عیراقی‌یەکی دلسوزی عـیراقی نیشتمانی خوشـەویستی ، کورد بنەچەیەکی شانازی کەر بە بنەچەکەی خویو نەتەوە کوردەکەیەوە ، ئەم نامـەت پیشکەش ئەکا ، زور سـەربەرزیشم کە ئاگادارت بکەم ئیمە ــ لەسایەی‌خواوە لەعیراقا شان‌بەشانی براکانمان رولەکانی نەتەوەی عەرەب لەجمهوریەتی عیراقی دیموکراتی‌یا بە خوشیو کامەرانی ئەژین ، بی ئەوەی هیچ یەکنەکەو تنیك هەبی لەمیـانی ئامانجەکانی هـەردو نەتەوەی برا : عەرەبو کوردی عیراقا ، یا لەبەینی ئامانجەکانی هـەمو عەرەبو کوردا ، ئامانجی پیشکەوتنو بورانەوە .

یاسای دیموکراتی‌ی راست ئەو یاسایە کە ریز لەمافی نەتەوەکانو ئەقەلیاتی میللی بگریت . ئەمەش راستی‌یەکە ئیمەی رولەکانی جمهوریەتی دیموکراتی عیراق زورباش لی‌ی حالی ئەبین ، چونکە سەرەکی ولاتمان و

ئازادکەری ، سەرکردەی خوشەویشتمان عبدالکریم قاسم سەرکردەیەکی دیموکرتیی راستە قینەیە ، شارەزای دیموکراتیەتی راستەو تیا هەلژەـ نراوە ، لەبەر ئەوە ریزی لیئەگری بەلکو بوەبەشیك لەبون‌و قەوارەی . بویە لەجیی خویایەتی وا هەموو گەل پشتیوانیی لی ئەکا ، نەك تەنها لەعیراقا بەلکو لەهەمو ولاتانی عەرەب‌و ولاتە دیموکراتی‌و ئاشتی خوازەکانی تریشا . دەستورە وەختییەکەی جمهوریەتە کەمان دانی‌نا بە هاوبەشیی کوردو عەرەبا لەعیراقی بنشتمانا ، ئەم دان پیا نانە بەسە بو شارەزاکردنی هەردو گەلی کوردو عەرەب بو ریگای هاوکاریی بەهیز بو بوژاندنەوەی گیانی نەتەوایەتیی هەر کام لە گەلی کوردو عەرەب ، ئەمەش بەلگەیەکی راستی‌و دەربرینیکی لەجیی دیموکراتیەتی یاسای جمهوریە کە لەولاتەـ کەمانا بەرپایە .

ئاوا ماموستای خوشەویستم ، پیتان گەیشتم لەبنەچەو لەنەتەوەدا، واتە ئیمە کوردین‌و لەرولەکانی گەلی کوردو نەتەوایەتی کوردین ، حەقی خویشمانە شانازی بەوەوە بکەین‌و ئیسپاتی بکەین کە کوردیکی بەشەرەفین وەك چون براکانمان رولەکانی گەلی عەرەب حەقی خویانە شانازی بکەن بەوەو کە لەرولەکانی گەلی مەردی عەرەب‌و نەتەوەی عەرەبی خاوەن رابوردوی پر لە شانازین . بەلام ماموستا پاش ئەوەی کە ناسیتم‌و پیت گەیشتم .. خوم بەناچار ئەزانم کە بەرپەرچی ئەو قسانە بدەمەوە کە لەو وتارەدا نوسرابون کە سەبارەت بەتو بلاو کرابوەوە کەوا : عەرەبی‌و .. کوردی‌و ... عیراقیت‌و ... میسریت ، وتاری لاپەرەی ٣٨ی مصوری

ژماره ١٧٨٥ ی ٣٦ ی ١٩٥٨ کانوني یەکەم کە ڕەپوراست تیانوسرابو :
« بنەچەی خیزانی ئیمە کوردە ئەچیتەوە سەر عەرەبە کوردەکانی عیراق ، باوکی ڕەحمەتیشم زور شانازی بەم بنەچەی خویەوە ئەکرد ، لەبەر ئەوە ئیمە ئەچینەوە سەر عەرەبە کونەکان » .

ڕەنگبی خویندەواری ساویلکە کە هیچ لەراستەکانی میژو نەزانی بەم قسە سەر لی‌شیوینەرانە هەل‌خەلەتی کە لەوتارەکەی تودا نوسراوە .. بەلام میژو خوی هەل‌ناخەلەتی‌و ئەوکەسانەی کە میژویان خویندوتەوە هەل‌ناخەلەتین ، بەتایبەتی ئەوانەی کە شارەزای میژوی ولات‌و گەل‌و نەتەوەکەیانن .. نازانم تو چون ئەمەت پی کراوە ، توی بنەچە کورد ـ وەك خوت ئەلی‌ی ـ و نوسەرو پینوس تاودەر کە چەند ڕمبازیت کردوە لەمەیدانی ئەدەب‌و ژیانا .. بەلام وا دیارە لام کە قەلەمەکەت لغاوەکەی درایەوە بەدەم و قەپوزیاو هیزی لی برا ، هەر کە چوە مەیدانی ڕاستی‌و میژوەو ... کە چوە مــەیدانی باس کردنی نەتەوەی ڕاستەقینەتەوە ئەگەر ڕاستبی کوردبی و لەرولەکانی نەتەوەی کوردی قارەمان بی . کوردی ڕاستەقینە بنەچەی خوی ئینکار ناکاو نەتەوایەتی‌و میژوی خوی لەبیر ناباتەوەو ئینکاری بونیان ناکا ، پیاویکی وەك تو ئەبی بەگەرمی‌و هەمیشە بەرگری لە مافی براکانت‌و هاو خوینەکانت بکەی ، نەك چاو لەبونیان‌و نەتەوایەتی‌یان بقوچینی .

کاکە گیان ، ئیمەی رولەی نەتەوەی کورد ـ ئەگــەر نازانی ـ زانیاری‌ی نەتەوایەتی بی گەردی خومانمان هەیە ، ئەدەبی دەولەمەندو

میژوی پر لەشانازیو زمانی تایبەتیمان هەیە کە بنچینەی ریكو وردی هەیە ، کورد عەرەب نیە ، عەرەبیش کورد نیە ، بەلام هەردوکیان دو برای مەردو بەشەرەفی یەکترین ، سالەهای سال پیکەوە لەگەل ئیستیعمارا قوچانییان کردوەو ئیستاش هەر بەردەوامن ، وە بەئیزنی خوا ئاخری سەرکەوتنیان یار ئەبی ، وە بەدوستی و هاوکاریو پشتگیری یەکتری لەضدی دوژمنانو ئیمپریالیزمو نوکەرو کلکەکانی تا دنیا دنیایە پیکەوە ئەژین .

کەوابو چونت بو دروست بو میژو وەرگیریتەوە و گەلیکی تەواوی لەمیژوە تا ئیستا بوی خاوەن میژو لەناوبەری ، گەلیکی وا کە سوروشتو شیوەی بەپیی شوینی تایبەتی خوی هەیە ، کە گەلی کوردە ، چون دروست بو بلیی : « بنەچەی خیزانەکەمان کوردەو ئەگەریتەوە سەربەشی عەرەبی کوردەکانی عیراق ، وە تو ئەگەرییتەوە سەر عەرەبە کونەکان . . »

ئەگەر تو کوردی ، چون ئەگەریتەوە سەر عەرەبە کونەکان ، بوچی کوردەکان لەبنەچەدا عەرەبن ؟ نەوەللاو هەزار کەرەت نەوەللا . . ماموستاگیان . . راستەکەی زور مایەی نەنگە بو ئەدیبیکی دەس لە ئەدەبا بوی وەك تو ئیدیعای وا بکا نەبیرو نە منطق ، نەمیژو و نەراستی روداو هیچیان پەسەندی نەکەن .

راستت ئەوی ، من بەکوردیکی راستت نازانم ، بەلکو وەك تی گەیشتوم لەم قسانەتەوە ، بە زور هینراویو کراوی بە کورد ، وە ئەم وتاررەشت بەنیازیکی تایبەتی نوسراوە لەکاتیکا کە دولارو جونەی بەسەر

دەسی دوپشکەکانی کلـکی ئیمپریالیزمو لایەنگرەکانیاوە بـە شیوەیەکی نوی کە وتونەتە هەلخستنەوە !

تانەی زور لەکوردەکانو نەتەوایەتی کورد دراوە ، زەحمەتیش نیە چاو لەو تانانە بپوشین کە لەغەیرە کوردەکانەوە دی کە مەبەسیانە هەندی سودی مادیو سیاسیو شتی تر بو خویان دەس خەن ، بەلام ئەوەی زەحمەت بی چاوپوشی لیکردنی ، ئەوەتە کابرایەکی گەورە کە بەقسەی خوی خوی بەکورد بزانیو وەك ئیوە خویندەواری خوی بخاتە مەیدانی رەخنەگرتنەوە لەنەتەوەی کورد ، ئەمە ئەبی بە هوی ئەوە کە پیویستبی لەسەر کوردیکی بەشەرەف بەلکو هەر ئادەمزادیکی ئازادی ویجدان پاكو خاوینو مەرد لەخویەوە راپەری بو بەرگری لەحەقی کوردو مەسەلەی راستی نەتەوایەتییان .

کوردەکان بەر لەمیدیاییـیەکان بە هـەزاران سال لەکوردستانا دانیشتون ، کونتری ئەمان لەنەتەوەی میدیا راستیکی روداوی میژویە وەك پەراوەکانی میژو و لیکولینەوەکانی پسپورەکان حالیمان ئەکەن . ئەگەر لاپەرەی میژو وەرگیرینەوە بەئاشکرا بومان دەرئەکەوی کە گەلی کورد پارچەیەکی گەورەی لەروژهەلاتی ناوەراستا کردوە بەنیشتمانی خویو ئیسپاتی کردوە کە هەیە وەك هەمو نەتەوەیەکی تر لە هەمو چەرخیکا وە بەناوونیشانی زورو جیاجیا . بیروباوەری تایبەتیو نظریاتی سیاسـی قیمەتیکی نامینی لەپال بیروباوەری پسپورەکانی میژو و روژهەلات ناسی کە لەسەر حقایقی عیلمی دامـەزراوە ، لەبەر ئەوە کـەس ناتوانی بلی

کوردەکان لەرەگەزی ئاری بەولاوە ئەچنە سەر رەگەزیکی تر ، هەر لەبەر بیروباوەریکی سیاسی کە بو سودی تاقمیکە ، مەگەر ئەو کەسە هیچ شارەزایی لەمیژو نەبی یا هەندی ئامانجو هوی نهینی تایبەتی کاری تی کردبی . بەهیزترین بەلگەیەکم لەسەر ئەم قسە ئەوەیە کە لەراپورتی تاقمی پرس‌کردنا نوسراوە کە هات بو عیراق بەبونەی مەسەلەی موسلەوە لەژیر ناوونیشانی « ئەنجامە ئەثنو گرافی‌یەکان » ئەو راپورتە رەسمی‌یەی کە ئەو تاقمە پیشکەشی ( عصبة الامم )یان کرد لەسالی ١٩٢٥ دا . وا من وەر گیرراوی هەندی لەو راپورتە رەسمی‌یەتان بو باس ئەکەم . « کوردەکان نەعەرەبن‌و نەفارسن و نە تورکن ، بەلام لەفارسەکان نزیکترن تا لەوانی‌تر ، جیاوازن لە تورکەکان‌و بەئاسانی لی‌یان جوی ئەکرینەوە ، دوریشن لەعەرەب‌و زور لی‌یان جیاوازن » .

جا ماموستای گەورە دل‌نیابوی لەوە کە کورد عەرەب نین‌و بەم پی‌یە تو بوت نیە من ئەگەریمەوە سەر عەرەبە کونەکان ، چونکە ئەمە لەگەل ئەو قسەتا یەك ناکەوی کە بنەچەی خیزانەکەتان کوردە . من هیوام لەجەنابتان ئەوەیە گەورەیی بفەرمون چاویك بە کتیبە کوردی‌یەکانی رەحمەتی ماموستا محمد أمین زکی بەگا بگیرن کە ماموستای توانا محمد علي عونی وەری‌گیراونەتە سەر عەرەبی . بە عەرەبی و ئینگلیزی‌و فەرەنسی‌و ئەلمانی‌و روسیش زور کتیب دانراوە باسی کوردو بنچینەیان و میژو و نەتەوەیەتی‌یان‌و ... تاد ، ئەکات . تکام لەجەنابتان ئەوەتە چاویان پیابگیرن تا شارەزای میژوی گەل‌و نەتەوەکەتان ببن و لەسەر

شەرەفی هەلدەنیو بەرگری لەمافی ئازادیو سەربەخوییو ژیانی مەردانەی بکەن ، وەك چون گەلانی تری ئازادی دنیا ئەژین کە رزگار بوون لەپارچە پارچەییو دەسەلاتی بیگانەو ئیمپریالیزم ، بەم چەشنە ئیسپاتی ئەکەن بو دنیا کە کوردیکی راستو بەشەرەفو دلسوزی نەتەوەو هاو خوینەکانتی . .

من لەدوا دوایی نامەکەما داوای ئەوەت لیئەکەم کە گلەییم لینەکەی چونکە نوسینەکەم بوت کەمی رەقە . من لاموایە لیم ئەبوریو قسەکانم بەسنگیکی گوشادەوە وەرئەگری ، بەتایبەتی کە من مەبەسم لیی هیچ سودیکی شەخسی نیە بو خوم ، هەر ئەوەندەم ویست کە ئاگادارت بکەم لەراستی سەبارەت بە گەلی کوردو مافە نەتەوایەتییەکانی ، وە بو ئەوەی بەپیویستی سەرشانی خوم هەلسابم دەربارەی رولەکانی گەلو نەتەوەکەم و بەرگریم لەمافی ئازادیو ژیانو سەربەخوییان کردبی ، بەرگرییەکی مەردانەو بەشەرەف لەبەردەمی هەر ئادەمزادیکی ئازادو سەربەرزو دیموکراتییا ، بەرگرییەکی لەسەر راستیو زانستیو میژو دامەزراو و بەلیکولینەوەی میژویی بەلگە بو هینراوە کە قەت هەلنەگیریتەوەو نەشیوینری .


تکام وایە سلاوی خوم و براکانم و براکانت رولەکانی گەلی کورد لەهەمو شوینی قوبول بفەرمونو ئاگادارم بکەنەوە کە ئەم نامەتان وەرگرت و بیروباوەری خوتانم بو دەربرن .

خوایش لەوپەری ئامانجەوەیە !

**دلسوزتان**
**پاریزەر : عبدالستار قەرەداخی**
**بەغدا ـ بەتاوین**

# بیری ئازادی ریگەی
## رزگاریە

**نوسینی : هەوری**




**ئەم چیروکە لەپلەی دوەمدا سەرکەوت**
**لە بەشی یەکەمی یەکەم گرەوی هیوادا**

جیگەو دیمەن :

لەمالی شاسوار ئاغا لەژووری خیزاندا دوای چا خواردنەوەی بەیانی لەروژی ١٠/٨/١٩٥٨دا . شاسوارو دلاوەری کورری بەچاکەتو پانتولەوە ، رووناكو رووپاكو پیروزی دایکیان بەجلی کوردی کچانەوژنانەی سلیمانیەوە باوكو کورر لەسەر کورسیو دایكو کچان لەسەر دوشەك دانیشتوون .

### پەردەی یەکەم

(پاش توزیك بی دەنگی پیروز سەر هەلئەبرریو رووئەکاتە شاسوارو ئەلیت ) ئەری باوکی دلاوەر ئەوە کابرای زەررنگەر لاگیرەکەی بو تەواو نەکردم ؟ ( شاسوار بیدەنگ سەریك بائەدات ) ( پیروز لەسەرقسەکەی ئەرروات و ئەلیت ) .. ئەوە تازە سوورمەیەکیش داهاتووە گەزی بە

٣سی دیناره بەشی کەوایەکم هیناوه پارەکەیم بدەری بوی بەرمو سبەی ئیوارەش قبولمان هەیە بابی ٤ ، ٥ دینار شتو مەکمان ئەویت ئەویشم بدەری با ئەمررو هەمووی جیبەجی و ئاماده بکەم .

( شاسوار سەر هەئەبرریو روەوپیروز ئەلیت ) کچی تو بو توزیك بیر لەحالی منو دواروژی ئەم منالانه ناکەیتەوه .. هیچم بەدەستەوه نەماوه . لاگیرەی چی ؟ ، قبولی چی سوورمەسی دیناری چی لەکوی بینم من مانگانەکـەم هـەمووی ۳۰ دینارەو هـەرچیش باوکم بوی بەجی هیشتبووم هەمووم فروشتو دام بەقبولو قبول کاری تودا .

پیروز : ئەی ئەوانەی کە مانگاتەکانیان دە دوانزه دیناره لەکویی ئەهینن‌و ئەم دەبدەبەیە بەچییەوه لی ئەدەن . خوا پی‌یان رەوا بینیتو بە بەخالەت نایلیم هەندیکیان وەختە کولەکەی مالەکەیان ببیت بـە ئالتون ... ئوف لەبەرت مرم توش فەرمانبەری میریتو ئەوانیش فەرمانبەرن ، بەخوا دیاره تو بوودەلەو هیچ لەدەس نەهاتویت ئەگینا ئەوان تا ئیستا چونیان پەیدا کردووەو ئەی‌کەن توش وات پەیدا بکردایەو فیزت پیوه لی‌بدایە ..

شاسوار : ( لەم کاتەدا گرژبوەو لەسەر یەك رەنگ ئەهینی‌و ئەبات بویە لەپرر بەتوررەیی‌یەوه ئەلیت ) دەك رووت سـپی نەبیت بو ری‌و شوینیك بوم دائەنییت یانی دزیم بکردایەو مالی هەژاران داماوانم بخواردایەو گیروگرفتم بخستایەتە فرمانیانەوه بو ئەوەی بەرتیل‌یان بو بهینامایـە بو لاگیرەو قبـولی پیروزخان ... خوت زور باش

ئەزانیت کـەمن لەزەمانی فـەرمان رەوایی پادشـایی بوگـەن‌و کونەپەرسـت‌و دەرەبـەگی‌و نوکـەری‌و ئیستعماری خوین مژدا ناوبانگی خوم زور باش پاراستوەو ئیستەش کە زەمانی کورماری گەلە بەخەویش چاوت پی ناکەویت من بەقەدەر یەك موو لەراستی و نیشتمان پەروەری‌و دلسوزی بەرامبەر بەکوماری خوشەویست لابدەم چونکە برریارم وایـە ئەو ژیانم کـەماوە تەرخانی بکەم بو بەرزکردنەوەی گەل‌و جەمهوریەتی عیراق ئەو جەمهوریەتەی کە بە ئارەزوی گـەل پیك هاتوەو دامەزراوەو بو بەرزی گـەل تی ئەکوشیت‌و لایەن گیری هەژارو بەش خوراوانە خو گومانیش لەوەدا نیە بەم نزیکانە بەچاوی خوت ئەبینیت زوردارو دزو بەرتیل خور سزای سەخت ئەدرین‌و لـەم روش بەدواوە زورداری‌و دزی‌و ناپاکی لەناو گەلدا ئەبنە جورە تاوانیك لی‌بوردنیان نابیت . لەبەر ئەمانە ئەو سەرینە بخەرە ژوور سەرت کە من لەمانگانەکەم بەولاوە پارەم نابیت ، ( لەم کاتەدا دلادەرو خوشکەکانی بەچوارچاو لەباوکیان ورد ئەبوونەوە ) .

پیروز : دەك بەزیادی خیرم نەکرد هەلبەتە تا ئیستا لاگیرەکەت بو نەداوم بەکردن سا بەخوا بەخوا هەر ئیستە ئەچمە سەر کابرای زەررنگەر یاخوا تەواوی نەکردبیت ئەوساکە خوم ئەزانم چی ئەکەم .. دەك پیروزی خیرم نەکرد ئاوا هەزار جار ، هەرکەس ئەگریت بوپیشەوە ئەرروات تازە ئیمـە بگەررینـەوە بو دواوە . هـەر ئەگریچـە

رشکاوی‌یەك هەل ئەستیت ئەمررو قبولی هەیە ئیمە تازە وازی لی بینین عەیبو شوورەیی‌و ئابررو چوون .. سا بەخوا خوشت‌بی‌و ترشت بی وازی لی ناهینم ... درەنگە گچەکان یەکی ٧٥٠ فلس‌یان ئەوی بو درونی بلوزی میراتی بی‌یان‌دەری‌و بشزانە دلاوەر چی ئەویت بیدەری .. ( دلاوەر هەرچەند کوری ئەم دایکەیەو لەخویندن پاش کەوتووەو لەتەمەنی ١٨ سالی‌دایە و تازە لەقوتابخانەی ناوەند دەرچووە بەلام بەهوی خویندنەوەی زورەوە لەدەری قوتابخانە زورباش لەژیان گەیشتوەو خاوەنی بیریکی ئازادو لاویکی واقیعی‌و ئازادی خوازیکی رەوشت جوان‌و لەراستی ژیان تی گەیشتوە زور باش ئەی‌زانی دایکی هەلەو باوکی راست ئەکات لەگەل ئەوەشدا چونکە ئەی‌زانی تازە دایکی بەو چاك ناکریت ئەوەندە گویی نەئەدایە بەلام زور جار لەخوشکەکانی توورره ئەبوو کە ئەیدی لایەنگیری دایکیان ئەکەن .. بویە زور لەسەرخو رووی کردە باوکی‌و وتی ) باوەگیان من هیچم ناویت ( دایکی قسەکەی پی‌بری‌و وتی ) تو بو هیچت ناویت بەزەیت بەباوکتدا دیتەوە دەك لەبەرت مرم .. کەی ؟ ئەوەندە ریك بوون یاخوا مووروویەکی شینتان بەین کەویت ( دوای ئەوە دلاوەر دەست ئەکاتەوە بەقسەو بەباوکی ئەلیت ) من ئەزانم دەستت زور کورتەو هەرچیت هەبوو بەخورایی‌و شتی پررو پووچ لەناومان برد .

شاسوار : رولەی شیرینم هیواو ئامانجم هەموو هیوایەکم تویت لەپاش من ئەم خوشکانەت بەخیو بکـەیت .. چونکە من زورباش ئاگام

لەخومەو ئەزانم هیچم نەماوەو چەندیش قەرزارم ، باوەررت ببیت
ئەگەر بلیم موحتاجم بەزوری مەزانە لەگەل ئەمەشدا رولەی شیرینم
تو هەر خەریکی خویندنی خوت بەو رەوشتت جوانو بەرزبیت بو
ئەوەی دواروژ ببیت بەپیاویکی بەکەلك بو کەس‌و کارت و ببیت بە
ئەندامیکی سوودبەخش بو گەل‌و نیشتمان‌و جەمهوریەتە تازە
دامەزراوەکەمان پشت بەخوا هیوام وایە دواروژ ببیت بەپیاویك
لەراستی‌و داوین پاکی‌و نیشتمان پەروەریدا بە پەنجە نیشان بدریت
چونکە باشیت زور تیدا ئەبینم ئەگەر دایکت وازت لی بینیت .

پیروز : دەك خوا بەزیادی خیری نەکات باس هەر باسی منە من بەسەزمان
چیم کردووە .

شاسوار : یاخوا وەك ئیمە بەدەست تو وە داماوین هیچ هەژاریك بەدەست
هیچ زورداریکەوە وا دا نەمینیت . تو هیشتا لەو بږوایەدایت کە
گەورەیی هەر پارەداری‌یەو ئابرږو هەر قبول‌و سینەماو سەیران
چوونە . ئەمږو روژیکە لەهەموو چوار گوشەی گیتی‌دا ئافرەت
شان‌بەشانی پیاو لەکردەوەی جوان‌و نیشتمان پەروەریدا ئەږوات
کەچی ئافرەتەکانی ئیمەش زوریان کە تو یەکیکی لەو زورانە وا
ئەزانن ژیان هەر بریتی‌یە لە خەوو خواردن‌و تەتە بەخودا کردن‌و
لاقرتی بەم‌و بەو کردن .. ئەم کراسەکەی وایەو ئەو کەواکەی ...
( لیرەدا پیروز کە سەری دانەواندبوو تو وات ئەزانی قسەکانی
شاسوار کاری تی‌کردوەو بیر لەرابوردوی ئەکانەوە کەچی کتوپږ
پیچە وانە سەری هەلپږی وتی ) ئەری ئوتومبیلەکەت چاك

کردەوە ، ئیوارە ئـەچم بومالی ئەختەر خان نورە قبول‌یانە خو ئابرروی خوم نابەم بەپی بچم !!.

( شاسوار لەبەرخویەوە وتی ) بی سوودە کاسەی چەور ئاو ناگریتە خوی ... کچی ئابررو سواربوونی ئوتوموبیل نیە بە هەزاران بەدزی‌و دەس‌بررین بوون بەخاوەن ئوتوموبیل ئایا رەوایە ئەوانە بە ئابررودار دابنرین ... بەلی ئەمجارەش چاکم کردەوە کوژەرەکەی خـوم .

پیروز : کوژەر کوژەری چیتە ... نورەی ئەمەمانە پیاوەکە بەکوردی پەتی قسەئەکات ... بەلی کورد پەروەرە !!.

شاسوار : ئەی خانم‌منچیم ، بوچی ئەمەش‌مان لی ناکەیت بە نەتورە . دیارە کوردم‌و بەکوردیش گفت‌و گو ئەکەم‌و بەکوردی ئـەژیم و بەکوردش ژیاوم خو ناتەوی وەك هـەندی نیشتمان فروش واز لەزمان و گەلەکەم بینم ئەمررو لەسایەی یاسای کوماری خوشەـ ویستەوە شانازی بەکوردیەکەمەوە ئەکەم ... کچی وەرە ئافرەتی چاك‌بە واز لەم بیرە پرروپووچە کونانە بینە بوچی ئابرروت ئەچیت ئەگەر بەپی بررویت ؟ کەواتە ئەم هەموو کەسانە ئابررویان چووە چونکە ئوتوموبیل‌یان نیە ... کچی ئابررو مانای خوی جوان‌و مال داری و داوین پاکی‌و نیشتمان پەروەری‌و ئازادی خوایی‌یە نەك سواری ئوتوموبیل ... بەهەزاران بی ئابررو هەمیشە بەسواری ئوتوموبیل ئەگەررین .. وتم ئوتوموبیلەکە بەکوژەری خوم ئەزانم

چونکه هەرچەند چاوم پیی ئەکەویت لەرزم لی دیت .. خو ئیجگار ئەو لیخوررەی کە وررکت گرتووە ئەلییت.ئەبیت هەر ئەو بومان لی بخورریت هەر چەند لیی ئەخورریت وەختە زیررە بکەم ، لیم روونە روژیك یان وەری ئەگیرریت و من ئەکوژیت وەیان زەلامیك ئەکات بەژیرەوەو بەسەرو مالەوە تیدا ئەچین .. هەرچەند لیی ئەخورریت بەناو ئەم شارەدا وەك تیسکەی تفەنگ تیئەپەرریتو ئەلییت بە دەشتی کولكدا ئەرروات ، هەر روژە پارچەیەکی ئەشکینی بە دەدوانزە دینار چاکی ئەکەنەوە . ئوتوموبیل مال ویرانی کردمو خستمیە سوال ...

پیروز : ئینجا بەزم بەزمی ئوتوموبیل لیخوررە چونکە خزمی منە ؟ سا بەخوا ئەو لیی نەخورریت کەس سواری نابیت ... درەنگە پارەکە بدە بەمنالەکان بابررون .

شاسوار : ( بی ئەوەی هیچ بلیت دەست ئەکات بەگیرفانیداو کیسەکەی دەرئەهینیتو بەبی ئەوەی بیکاتەوە فرری ئەداتە بەردەمی پیروز و ئەلیت ) فەرموو هەرچی تیدایە بو توو رزگارم بکە وا من ئەرروم بو سەر فرمانەکەم . ( ئەمە ئەلیتو ئەچیتە دەرەوە . کە شاسوار ئەچیتە دەرەوە پیروز کیسەکە ئەکاتەوەو پارە ئەدات بەکچەکان و ئەلیت ) ها بگرن گوی مەدەنە قسەی باوکتان ، رەزام نیە بی دلی خوتان بکەن . باوکتان وای تەمایە بەچروکی بمان کوژیت لەبرسان دا .

دلاوەر : توش وات تەمایە بمان خەیتە سوال ، بەخوا باوکم راست ئەکات مال ویرانت کردین بە نە خویندەواریو نەزانینی خوت .

دیکی دلاوەر : بەلی تو و باوکت خویندەوارن . . . دووربن لەچاوی بەد !.

( لەم کاتەدا دەنگە دەنگو هەرا پەیدا ئەبیت رووپاك ئەلیت ئا وزبن با بزانین ئەو هەرایە چییە ، لـەم حەلەدا دەنگیکی بەرز ئەلیت ئوتوموبیلەکەی شاسوار ئاغا وەرگەرراوەو شکاوەو خوشی پەریشانە پیروز و دلاوەرو کچەکان بەرراکردن ئەچنە دەرەوەو کە ئەگەررینەوە لەگەل چەند کەسیکی تر بەگریانەوە بەچواردەس شاسوار ئەهیننە ژوورەوە هـا ئیستا مردوەو ها هەزار سـالە مردووە ، دلاوەر بەرراکردن ئەچیت دوکتور ئەهینیت . . . دوکتور قەلەبالغەکە دوور ئەخاتەوەو لەسەرخو فەحسی شاسوار ئەکات و رەنگیك ئەهینیتو ئەباتو تەماشایەکی دلاوەر ئەکاتو ئەلیت کوررم خوتخوش ئیمەش ئەمرین . . . و ئەچیتە دەرەوە ئەوسا ئەبیت بەشینو رو رو و پەردە دا ئەدریتەوە .

## پەردەی دووەم

( لەژووری خیزانی مالی شاسوار ئاغادا پەردە ئەکریتەوە دلاوەرو دایکی بەجلی رەشەوە لەگەل خوشکەکانی ماتو بیدەنگ دانیشتوون پاش تاویك دلاوەر بەدایکی ئەلیت ) چون ئیستا هیچ پارەمان نیە ؟

دایکی دلاوەر : نەبەخوا رولە . .

دلاوەر : بەخوا خراپ تووشی روژی رەشی خومان بوین باوکم راستی

ئەکرد . زوریش قەرزارە .. بەلی وەك فەرموی وا دەرچوو ، ئەویشت بەکوشت داو ئیمەشت مال ویران کرد بەنەزانینی خوت .
توخوا ئیستا دەستە خوشکەکانت لەقبولدا دینە لات ؟

دایکی دولاوەر : بەگریانەوە رولە باوکی رەحمەتیت راستی فەرمووە لەو روژەوە لیمان قەوماوە لەپرسەکە بەولاوە چاوم بەدیداری یەکیکیان نەکەوتووە ، هەر کەزانییان بی‌تفاقین ئیتر ببرای ببراری سەرم لی‌بدەنەوە ، قەیناکات با ئەو کچەتیوە تازە پیا کەوتووانە ئەمەیان کردبیت .. کە لەم‌لاو لەولاش تووشم ئەبن رووم لی وەرئەگیررن چونکە ئەزانن هەژارو کەم دەس کەوتووین .

دلاوەر : ئەی باوکم چەند جاری هاوار ئەکرد . ئیستا چی بکەین‌و من چون خویندن تەواو بکەم‌و ئەم خوشکە بەسزمانانەم کە زور خراپت فیر کردن لەمەولا چی بکەن .

رووناك : کاکە بەخوا پار هیچمان دەرنەچوینی ئەمسال کتیب‌مان بە بەلاش نادەنی لەقوتابخانە ئەی لەچیدا بخوینین .

دایکی دلاوەر : بەخوا پوولیك شك نابەم ، لەمالەوە دانیشن مەچنەوە قوتابخانە . ( کچەکان دەست ئەکەن بە گریان )

دایکی دلاوەر : مەگرین رولە کاری خوایە .

دلاوەر : کاری خو کردووە لەبیرتە کە باوکم ئاموژگاری ئەکردیت و ئەم روژە رەشەی‌ئەخستە پیش چاوت ئەچویت بەگژی‌داو پەلامارت ئەداو ئەتوت من بەپی ناچم بو مالان ئابرروی خوم نابەم هەر

ئوتوموبیلم ئەویت تا ئوتوموبیل بو بە مارەکەی شیخ هومەرو ئالایە ملمان و تا ئەوی نەکوشتو ئیمەشی مال ویران نەکرد وازت لی نەهینا ، باوکی داماو لەبەر حەیای خوی چیت ئەویست بوی ئەکردیت ، بەلی گوناهی ئەویش تیدایە ئەبوو هەموو شتیکی بەقسە نەکردیتایە ، ئەمەیە دوا روژی منالی کلولی نەگبەتی دایك نەزانو نەشارەزای ژیانی چەرخی بیستەمو باوکی دوای قسەی ژنی نەزان کەوتوو ، دە فەرموو ئیستا چی بکەم . هەرچەند ئەکەم رووم‌نایەت بچمە دەرەوە بەهەر گوزەریکدا ئەگەرریم داوای قەرزی باوکم لی ئەکەنەوە کە هەمووی بەهوی تو و نەزانینی تو و بیر لەدواروژ نە کردنەوەی تو وە قەرزار بوو ئەگینا خوی نەخواردنەوە خور ، نە یاری کەر نەداوین پیس بوو ( بەگالتەوە ) ئیوارە بەسواری قەمەرە بچن بو قبولی مالی ئەختەر خان . .

دایکی دلاوەر : ( دەست ئەکات بەگریانو ئەلیت ) برینم مەکولینەرەوە . . راست ئەکەیت رولە هەرچیم پی بلیت حەقتە بەلام دەستیك کە شکا خوار ئەگیریتەوە . بەراستی تی‌گەیشتم من هەلە بووم لەم لی‌قەومانە هەموو شت فیربووم و بوم دەرکەوت هەتا بتبیت وە یان فرمانیان پیت هەبیت هەموو کەس دوستو خزمتەو برای هاوپشتتە بەلام کەزانی نیتە وە یان فرمانی پیت نەماوە لیت دوور ئەکەویتەوە ئیتر گەزی چیو جاوی و کەی توی دیوەو کەی چاکەت بوی بووە . . . ئەگەر خوا کردیو لەم تەنگانەیە رزگارم بوو ئەوسا ئەزانم چون مال‌داری ئەکەم .

دلاوەر : لەپاش باران کەبەنك . . ( لەم کاتەدا دەنگیك لە دەرەوە دیتو ئەلیت ئەوە روژنامەی ژین ) ئا وەرە رروویاك ئەم تاقە پەنجا فلسەم پیەیە بچو روژنامەیەکی ژین بکررە . ( رروویاك ئەچیت روژنامەکە ئەکرری و ئەی هینیتەوەو ئەیداتە دەست کاکیو ئەچیتەوە لەتەنشت دایکیەوە دادەنیشیتەوە . دلاوەر پاش تـوزیك تەماشاکـردنی روژنامـەکە سـەر هەلئەبرری و ئەلیت ) کاربرایەتی سەرچنـار نووسەریکیان ئەویت لەدەرچووانی قوتابخانەی ناوەند مانگی بە ٢٠ دینار ئەمروش کاتی تاقی کردنە وەیە ئەوا ئەرروم بو سەرچنـار بەلکوو ئەمە خوایە دابمەزریم .

دایکی : دە باشە رولە بزانە یەکیك لەهاورریکانی باوکت لەگەل خوت بەرە تاوەکوو بوت جیبەجی بکات .

دلاوەر : تو وا دیارە هەر لەسەر عەقلەکەی پیشویت . وائەزانم تاویکی تر داوای قەمەرە لەمنیش ئەکەیت . هاورری باوکی چی ئیستا کە چاویان پیم ئەکەویت روو ئەکەن بەو لاوە . دوستی ئەم زەمانەیە دوستی نانی نانی‌یە ئەوان روژیك ئاوەلی باوکم‌بون دەولەمەندو خاوەن کوشكو قەمەرە بوو ئیستا باوکم نەماوەو هەتیوی قەرزاری لەپاش بەجی ماوە ، ئیتر بام واز لەم قسە کونانە بینین ، ئەگەر بەقسەم ئەکەیتو گویم لی ئەگریت ئەوا باشە ئەگینا سەری خـوم هـەل ئەگرم و بەجیتان ئەهیلم .

دایك : ( بەگریانەوە ) بەقوربانت بم هەرچی ئەلییت وا ئەکەم کەلکی هیچی ترم پیوە نەماوە ، توش ئەوکویریە بەسەر چاومدا مەهینە .

دلاوەر : دە باشە مەیەلە ئەم کچانە زور بچنە دەرەوەو بەملاو بەو لادا بررون بو ئافرەت رەوشتو خوی جوان زور پیویستو جوانە با نەلین باوکیان نەماوە کەتونەتە کولانان ، جاری جلو بەرگیان هەیە و نانو خواردەمەنیشمان ماوە . رەزام نیە کەس بە نەهینیمان بزانیت بابزانین خوا چی ئەکات . ( ئەمە ئەلیتو ئەچیتە دەرەوەو پەردە دا ئەدریتەوە ) .

**پەردەی سییەم**

لەژووری مدیری کاربرایەتی سەرچناردا . مدیر لەژووری خوی چاویلکە لەچاوداو ئەنووسیت لەم کاتەدا لەدەرگا ئەدریت )

مدیر : وەرە ژوورەوە .

دلاوەر : ( ئەچیتە ژوورەوەو ئەلیت ) روژباش .

مدیر : ها کوررم چیت ئەویت ؟

دلاوەر : ئیوە نووسیوتانە نووسەریکتان ئەویت لەدەرچووانی ناوەند مانگی بە ۲۰ دینار .

مدیر : ئەمررو ژوان نیە (۱) .

دلاوەر : فەرموو ئەمە ئیعلانەکەی خوتانە ( روژنامەکەی پیشان ئەدات . )

مدیر : ( چاویلکەکەی لەچاوی دائەکەنیو لەدلاوەر ورد ئەبیتەوە ) راست ئەکەیت . تو کە هاتیتە ژوورەوە روخسەتت خواست .

دلاوەر : نەخیر .

---

**(۱) ژوان = میعاد .**

مدير : بوچی ؟

دلاوەر : چونکه کەس لەبەردەرگا نەبوو .

مدير : تو ئارەزوی ئەم فرمانه ئەکەیت .

دلاوەر : نەبەخوا .

مدير : ئەی کەواته بوچی هاتویت ؟

دلاوەر : لیم قەوماوه من کورری پیاویـکی دەولەمـەند بووم بەهـەر سـەبارەتیك بوو دەولەتەکەی باوکم لەناوچوو خوشی مرد دو خوشك و دایکم بەسەردا کەوتووە ئەگینا خوم ئەمویست خویندەواری بەرز تەواو بکەم هەروەها خوشکەکانیشم ، بەلام وەك وتم ناچارکەـ وتووم هاتوم بو ئەم فرمانەو کردنی بەناچاری ئەزانم .

مدير : تو وادیاره ئەوکەسەی من بوی ئەگەرریم . هەر بەئارەزو لیم پرسیت روخسەتت خواست ئەگینا ئەم زانی کەس لەبەردەرگا نەبوو لەوکاتەدا که تو هاتیت ، لەپیش تودا هەرکەسیك هات که لیم ئەپرسی روخسەتت خواست ئەیوت بەلی و خوشم ئەمزانی بەردەرگا کەسی لی نەبوه بەوەدا ئەمزانی راستگو نین ، که لیم ئەپرسین ئارەزوی ئەم فرانه ئەکەن ئەیانوت بەلی ئەمەش نیشانەکی تر که راست گو نەبوون . جا لەبەر ئەوەی که تو دیاره راستگوو خویندەوارو زرنگی تو دادەنین بەمەرجیك لەتاقی کردنەوەدا دەر بچیت .

دلاوەر : لەتاقی کردنەوە ناترسم و زورباش ئەزانم دەرئەچم .

مدير : کوررم منیش وا ئەزانم که دەرئەچیت بەلام تاقی کردنەوە بەپی ی

یاسا ناچاری‌یە ( لەجەرەس ئەدات . یەکێك دیتە ژوورەوەو سلاو ئەکات ) .

مدیر : سەرنووسەر بانگ بکە .. ( کە سەر نووسەر دیت ) .

مدیر : ئەلیت بچو ئەم کورره تاقی بکەرەوە ئەگەر دەرچوو مانگی بە ٢٠ دینار دای‌بنی و بزانە ئەگەر پارەش پیویستە ١٠ دیناری بدەری پیشەکی با ناتەواوی خوی پی جی‌بەجی بکات ... وا دەرئەکەویت لاویکە لەبوتەی ژیاندا تەواو قال بووە . هیوام وایە ئیمەش سوودی لی وەربگرینی ...

دلاوەر : تکام وایە پاش تاقی‌کردنەوەم دوو روژ ماوەم بدەن تاکو کاروباری مالەوەم ریك‌بخەم و پرسە بەدایك و خوشکەکانم بشکینم‌و ری‌و شوی‌نیان بو دابنیم ..

مدیر : باشە کوررم .

( سەرنووسەرو دلاوەر ئەچنە دەرەوەو پەردە دا ئەدریتەوە ) .

## پەردەی چوارەم

( لەمالی شاسوار ئاغا لەژووری دیواخان کە ژووریکی گەورەیەو چەند کورسییەکی تیدایەو لای خواروی چولــە دلاوەرو دایکی‌و خوشکەکانی جلیان گورری‌وەو دانیشتوون ) .

دلاوەر : ( روو ئەکاتە دایکی‌و ئەلیت ) ئەوا دامەزرام ، هەرچەند مانگانەکەم کەمە بەلام ئەوەندە بەخوم دا رراتەپەرمووم بە ررەنگیکی وا جوان ئەرکی خوم جی‌بەجی بکەم زوو مانگانەکەم بو زوربکریت ئیستاش

ئەوەندە هەیە خومانی پی بەخیو بکەین‌و خوشکەکانم لەسەر
خویندنەکەی خویان بمیننەوە ، بەلای منەوە هیچ جیاوازی‌یە نیە
ئەوان پی بگەن وەك من پی‌گەیشتبم وایە .

دایکی دلاوەر : پاشە کوررم خوا نەی برریت . هەر باشە بەلام جاری
کاتی پرسەشکاندن نەپوو ، ئەترسم بومان بکەن بەقسەیەك‌و لیمان
بکەونە بەنگ‌و باو .

دلاوەر : بەنگ‌و باوی چی ، من باوکمم لەهەموو کەس زیاتر خوش
ئەویست کە من‌پرسە بشکینم یەکیکی‌تر حەقی چیە .

دایکی دلاوەر : کوررم زەمان خراپ بووە خەلق قسە لەهەموو شتیك
ئەکات .

دلاوەر : مەلی زەمان خراپ بووە بلی زەمان خراپ بوو لەکاتی پیشوودا
ئەم رەوشتە ناشیرینانە باو بوو قسە لە هەموو شتیك ئەکرا .
ئیستا کە زەمان زەمانی جەمهوریەتە زەمانی راستی‌و دروستی‌و
فرمانی جوان‌و نیشتمان‌پەروەری‌یە ، زەمانی قسە لەخەلق کردن‌و
بەد خویی‌و دودلی و نیشتمان فروشی لەگەل کونەپەرستی‌و
ئیستعمارو نوکەرەکانی بەیەکەوە نرانە چال ئەمررو روژی بیری
ئازادی‌یە کە هوی رزگاری‌یە . بیری ئازادی مانای وتن‌و کردنی
هەموو قسەو واتەو فرمانیکی باش‌و سوود بەخشە بو نیشتمان‌و
گەل بە بی گوی‌دانە واتەی کلکەکانی دەرەبەگی و نوکەرەکانی .
من نامەویت مردنی باوکم بکەم بە بیانووی تەوەزەلی و بی‌کارەیی .

ئایا ئەوەی تانەمان لی ئەدات کە زوو پرسەمان شکاندووە ئەگەر داوای یاریدەیکی لیبکەین ئەی دات . . دیارە نە ، جا لەبەر ئەوەی پرسە پەیوەندی بەمنەوەیە ئەیشکینم با لەدەس وەیمن وەیمنو نووکە نووکی پررو پیرەژن رزگارمان ببیت و ئەبیت هاورریکانی رووناكو رووپاك بانگ بکەیتو ئاهەنگیکی جوانیان بو بگیرریت بەلام نەك وەك ئاهەنگە کونەکان بەلگوو هەمووی پەندو ئاموژگاری بیت لەشیوەی ئاهەنگدا ، لە ئاهەنگەکەدا ئەم شیعرانە ، بەناوی تووە بو هەموو کچەکان بخویننەوە . ( شیعرەکان ئەداتە دەست دایکی )

ئیتر تکام لەتو و خوشکەکانم ئەوەیە واز لەرەوشتی کون بینن‌و وەك ئافرەتانی گەلی پیشکەوتوو خوتان بخەنە مەیدان‌و کورری خەباتەوە بو سەندن‌و پاراستنی مافی ئافرەتی کورد بەلام ئەبیت زورباش بزانیمافی ئافرەت قبولو سـەیران‌و سینەماو جلی زورو خـو رازاندنەوەو ئارایشکردن نیەو بەس بەلکوو تەقەلاو کوششە شان بەشانی پیاو لەمەیدانی کومەلایەتی‌و مالداری‌و نیشتمان پەروەری‌و ئابووری‌و تەندروستی‌و لەپیویستدا سەربازی بو بەرزکردنەوەی ژیانی گەل . ئەبیت زور باش بزانن ئافرەت کە نیوەی گەلە کاتیك سوود بەخش ئەبیت کە بەراستی رەوشت‌و خوی باش‌و نیشتمان پەروەری تیدا بیت‌و دلسوزی ولاتی خوی بیت‌و دەسـتگری هەژاران نەك دلداری کوشكو تەلارو ئوتوموبیل بیت بام بەدزیو دەس بررینیش پیك هاتبن . ئافرەتیك ئەگەر وابوو مردنی نیشتمان

پەروەریىیە . ئـەوا من ئـەرروم بنیرە هاورری منالەکان بین‌و ئاهەنگەکەیان بو بگیرە با دڵیان بکریتەوە ( پەردەدائەدریتەوە ) .

## پەردەی پینجەم

( رووناك‌و رووپاك ئەچن هاورریکانیان بانگ ئەکەن و پی‌یان ئەڵین کە بە بونەی دامەزراندنی کاکیان‌و پرسە شکاندنیانەوە ئاهەنگیکی تایبەتی ئەگیررن لەناو خویاندا ، کە کچەکان هەموو کوبونەوە دوای خوش هاتن‌و شیرین خواردنەوە دایکی دلاوەر هەموویان لەشیوەی دائرەیەکدا ریز ئەکات‌و پەخشان کە کچیکی پولی سییەمی قوتابخانەی ناوەندە ئەخاتە ناو دائرەکەوەو ئەڵیت تو لە جیاتی پوورت ئـەم شیعرانە بەگورانی‌یەوە بخوینەرەوەو ئەوانیش بوت بسیننەوە ) .

پەخشان کچیکی رەوشت جوان‌و بیرئازادە دوای ئەوەی کە فیریان ئەکات زور بەسوزەوە دەست پی ئەکات :

کچەکان :

کچانی جوانم پارچـەی جگـەرم ئاموژگاری من بوتان تا ئـەمرم
وا پی‌تان ئەڵیم باش گویم لی‌بگرن هوی شادی ئەبی بوتان تا ئەمرن
ئاموژگـاری تو بەدڵ‌و بـەگیان ئەگرینە دووگوی دایکی میهرەبان
چونـکە بەراستی دایك دلسوزە هوی بەرزی منـال تیرەو هوزە

پەخشان :

دوای تەنگانە بەرەو شـتی جوان ئەقرتی شـادی ئـەبی بەمیوان
لەگەڵ خویندن‌دا رەوشتی شیرین پیویستە ببی بو بەرزیـەتی ژین

( کچەکان دوەم شیعر ئەلینەوە )

پەخشان :

تاکوو منـــالی زور باش بخوینن    تووی دوودلی لەبینج دەر بینن
ئاوەلی مەکەن لەگـــەل بەد خووان    وریابن یەکیان قەت نەبی بەدووان

( کچەکان شیعری دوەم ئەلینەوە . )

پەخشان :

خویندن بیرەوشت داری بیبەرە    پارە بەبی خیر هەر دەردی سەرە
ئەوی ئەمینی هـــەر چاکەو ناوە    ئافـــرەتی بـــەدناو کاری کـــراوە

( کچەکان شیعری دوەم ئەلینەوە . )


پەخشان :

ئەگـــەر خاوەنی هـــەزار کلووربی    جیـــگە نیشتنی هـــەموو بلوربی
بی سوودە ژین بیرەوشتی جوان    درویـــە ناگـــا بەخوشـــی ژیان

( کچەکان شیعری دوەم ئەلینەوە . )

دوای ئەمە دایکی دلاوەر هەلدەستیتە سەرپیو ئەلیت کچە خوشە ویستەکانم هەموو بەدلیکی پاکەوە دەست بکەنە مل یەك لەگەل خواو خوتاندا پەیمان ببەستن کە لەئیستەودواوە وەك براو باوکە کانتان یەك دلو زمان بەرەوشتی جوان بو بەرزی نیشتمان و پەرە پیدانو چەسپاندنی جەمهوریەتی خوشەویستی عیراق جەمهوریەتی کوردو عەرەب تی بکوشن بو گەیشتن بەژیانیکی کامەرانیو ئازادی ئیتر هەربژی ئازادی خوازانی کوردو عەرەب و دامەزرینەرانی جەمهوریەتی خوشەویست . ( ئەبیت بەچەپلەریزانو پەردە دا ئەدریتەوە ) .

**(( تەواو ))**




بەوردی سەرنجی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەو وەلامیان بدەرەوە هەول بدە لە پانگزە نوختە زیاتر پرربکەیتەوە . لەگەل وەلامەکەتا پولیکی دە فلسی کارنەکراو بنیرەو لەگوشەیەکی زەرفەکەوە بنوسە « پرسیار » بو سەرکەوتووی یەکەم پاندانیك بو سەرکەوتوی دوەم ژمارەی داهاتوی هیوا پیشکەش ئەکریت .

١ ــ ئەم وشانە بکە بەکوردی :

شركة ، تذبذب ، متهم ، مجرم ، جريمه .

٢ ــ مانای ئەم وشە کوردیانە بنوسە :

دوژ ، قیرزە ، کویلە ، تاسە ، پرسە .

٣ ــ ئەم هونراوەیە هی کی‌یە :

بە کوردی دەژیم ، بە کوردی دەمرم
بە کوردی ئــەیــدەم وەلامی قــەبرم
بە کوردی دیســان زینــدو دبمــەوە
لەو دنیاش بو کورد تی هەلدەچمەوە

٤ ــ دورگە ( جزیرە ) یەك شوانیك‌و چل‌سەر مەرری تیایە ، ئەم دورگەیە هەمووی بەداری‌زل‌زل‌و پوش‌و پەلاش داپوشراوە ، لەسەرووی

دورگەکەوە بە پانایی هەموو دورکەگە ئاگریك کەوتەوە ، لەگەل ئەم ئاگرەدا رەشەبایەکی زور بەهیزیش لەسەرەوە بوخوارەوە هەلی کرد ، کابرای شوان کە ئەمەی بینی فیکری خستە کارو شتییکی کرد ، هەموو دورگەکە سووتا بیئەوەی کابراو مەررەکانی هیچیان لیبیت یان بسووتین ،وە بی ئەوەش لە دورگەکە بچنە دەری ، ئایا کابرا چیی کرد ؟؟.

ئەمەش وەلامی پرسیارەکانی پیشوومانە :

١ ــ سلطة = دەسەلات .

اقلیم = هەریم = ناوچە .

استقلال = سەربەخویی .

مزرعة = کیلگە .

طفیلی = لاپرەسەنگ .

٢ ــ جەربەزە = ئازا = جەسوور .

کروك = محتوی = جەوهەر .

پەلاس = جلەکون .

نەژاد = اصل .

ناکام = بەئاوات نەگەیشتوو .

٣ ــ نیوەی هەزار چوارسەدو بیستپینجە .. چونکە :

$$٥٠٠ = (٥ \times ٢٠) + ٤٠٠$$

٤ ــ ژنی فەرەنسیو ئەمریکی ئەپەررنەوە ، ژنی فەرەنسی بەلەمـــەکە

دینیتەوەو ژنی ئینگلیزەکەش ئەپەڕرینیتەوە . ژنی فەرەنسی دیتەوە ئەمجارە پیاوە ئەمریکیو پیاوە ئینگلیزەکە ئەپەڕرنەوە ، ئەمریکیەکە لەگەل ژنەکەیدا ئەگەڕرینەوە ئەمبەر ، پیاوە ئەمریکیەکەو پیاوە فەرەنسیەکە ئەپەڕرنەوە ، ژنی ئینگلیزەکە بەلەمــەکە دینیتەوە ئەمبەرو ژنی ئەمریکیەکە ئەپەڕرینیتەوە ، جاریکی‌کەش دیتەوە ژنی فەرەنسیەکەش ئەپەڕرینیتەوە ، بەمجورە هەمویان ئەپڕرنەوە بی ئەوەی هیچ رووبدات .

❋ ❋ ❋

ئەوانەی وەلامیان داوەتە ، لەگەل پلەی سەرکەوتنیاندا :

مصطفی مجید ١٥ نوختەی راستبوو ، بەقورعە یەکەم بوو .

عزت سلیمان ١٥ نوختەی راستبوو ، دووەم بوو .

اکرم عبدالقادر ١٤ نوختەی راستبوو .

سکالا محمود ئەولی ١٤ نوختەی راستبوو .

نەرمین ناکام ١٤ نوختەی راستبوو .

هیوا سەربەست ١٣ نوختەی راستبوو .

خانم صالح غفور ١٣ نوختەی راستبوو .

رحیم قادر زەنگنە ١٣ نوختەی راستبوو .

بەهزاد احمد امین ١٢ نوختەی راستبوو .

بشیر مەلا حسن ١٢ نوختەی راستبوو .

صلاح مەلا کریم ١٢ نوختەی راستبوو .

عبدالقادر صبری ١١ نوختەی راستبوو .

نەوشیروان مصطفی ١١ نوختەی راستبوو .

کامل نامق ١١ نوختەی راستبوو .

حەمە غریب تالەبانی ١١ نوختەی راستبوو .

داناو توانای مصطفی فقی رشید ١١ نوختەیان راستبوو .

حسن عمر حسن دەولەت ١٠ نوختەی راستبوو .

نەسرین رشید کریم ١٠ نوختەی راستبوو .

دلیر محمد سعید عمر ١٠ نوختەی راستبوو .

دلیر کاکە حەمە امین عەتار ١٠ نوختەی راستبوو .

خەسرەو عثمان عەونی ١٠ نوختەی راستبوو .

کمال محمد محمود ٩ نوختەی راستبوو .

نەعیمە غفور ٩ نوختەی راستبوو .

هوشیار عنی شالی ٩ نوختەی راستبوو .

نورالدین مەلا محمود ٩ نوختەی راستبوو .

شیرکو احمد سامی ئامیدی ٨ نوختەی راستبوو .

احمد حاجی حسن ٤ نوختەی راستبوو .

---

**بو ئاگاداری**

پە پشتیوانی خویندەوارە خوشەویستەکان کتیبخانەی ( بەهدینان ) کرایەوە . هەمو جورە گوڤارو روژنا مەیەکی کوردیو کتیبی عربی لی دەست ئەکەویت . ناونیشان : موصل ــ شارع حلب ــ مکتبة بهدینان ــ
نوری خلیل

# ناریکی لەش بە(مراسلة) چاك ئەکریت

١ ــ ئایا تو کورتە بالایت ؟

ئیمە ئەتوانین بالات لە دوو گری یەوە بو شەش گری زیاد بکەین بە ریگەیەکی تازەی خومان لە ١٠٠٪ ئەنجامدار ئەبیت •

٢ ــ ئایا تو لاوازیت ؟

ئەتەویت قورسایت دە ( رتل ) یا بیست ( رتل ) وەیا زیاتر زیاد بیت ؟ بو ئەمە ریگەیەکی تازە دوزراوەتەوە •

٣ ــ ئایا تو قەلەویت ؟

ئەتوانیت قەلەوی‌و قورساییت کەم‌کەیتەوەو رزگات ببیت لەو غەزو بەزەی نارەحەتت ئەکات بەریگەیەکی ئاسان‌و ئەنجامدار •

٤ ــ ئایا تو ترسی قژ وەرین‌و سەر روتانەوەو پیریی ناوەختت هەیە ؟

ئەم ناریکیانەی هەتە بومان بنوسەو لەناو زەرفیکی داخراودا بە پوستەی مسجلی ( جوی )دا بومان بنیرە لەگەل ( جنیە )یکی میسریدا یا بەقەدەر ( جنیە )یك پارەی تر بەم ناونیشانە ( محمود فؤاد مدیر معهد فؤاد صندوق البرید ١٥١٣ بالقاهرة ) •

سەرنج : هـەر نامەیەك پارەکـەی لەگەلدا نەبیت ئەخریتـە پشت‌گوی •

---

**سوپاس**

ماموستای نیگارکیشی هونەرمەند عبدالله نجم لەکرکوکەوە گەلی نیگارو وینەی جوان جوانی بو ناردوین ، ئەمجارە هەندیکیانمـان بلاو کردەوەو ئەوانی تریش بەرودوا بلاو ئەکەینـەوە . هەروەها موستای انور توفی لەسلیمانیەوە هەندیك وینەی کاریکاتوری بو ناردوین کـە ئەوانیش لەکاتی خویدا بلاو ئەکەینەوە . زور سوپاسی ئەم هونەرمەندانە ئەکەین‌و ئومیدەوارین هەمیشە دەستە رەنگینەکانیان لەکاردا بیت بو سودی هونەری کوردی .

**(( هیوا ))**

# هیواو خویندەوارانی

**خویندەواری خوشەویستی هیوا :**

نزیکەی دوو مانگ تیپەرری بەسەر دەرنەچوونی گوڤارەکەتدا ، لەم ماوەیەدا زور شتت بەبیردا هاتوە .. بوچی هیوا دەنەچو ؟؟ رەنگە پشیوی هەبیت لەناو دەستەی نوسەراندا !!.. یان چاپخانە کار نادات بەدەستەو یان فایلەکانی هیوا بەتالن‌و نووسینیان نەماوە !!.. یان ئیستا چاپەمەنی کوردی‌و عەرەبی زورن‌و هیوا بازارری نەماوە .. یان .. یان ..

نەخیر .. ئەمانــە هیچیان نین ، نەپشیوی هــەبوەو نەچایخانە وەررسە ،نەفایلەکان بەتالن‌و نە بی بازارریە .. بەلکو شتییکی تر بوو بووە هوی دەرنەچون‌و دواکەوتن ، دەردیکی‌تر کاری تی کردبوو لەرویشتنی خستبوو ، دەردی بی پارەیی ، بی پارەیی !!.

فلان ئابونە دوو سالی رەبەقە هەمو مانگیك هیوای بو ئەچیت‌و قاچ ئەخاتە سەر قاچ‌و دەست ئەکات بە خویندنەوەی ، کە لەخویندنە وەیشی بوەوە ئنجا دەست ئەکات بە :

— بوچی وتاری فلان‌کەسی بلاو کردوتەوە ؟! خو ئەمە لەوانە !!.. حەی ئەمە چیە هەموجاریك هەر ئەم نیگارە لەبەرگەکەیدا بلاو ئەکاتەوە !. .. تو سەیری ئەم قاقەزە بورو چلکنە کە ! جا با دوو دینار زیاتری پی بدەن‌و لەسەر قاقەزیکی سپیی جوان چاپی کەن .. بەخوا وادیارە

فیسارکەس قونتەراتی کردوه ! هەمو جاریك هەر وتاری ئەو هەر وتاری ئەو !! من ئەم مانگە هیوام دوو روژ درەنگ پی گەیشت ، بابە ئەمانە توجارەتی پیوەئەکەن ! ئەچن لەپیشدا بو نامەخانەکانی ئەنیرن چونکە ئەلین « پادار بگرە ، بی پا مالی خومانە » ئەزانن ئیمە ئابونەین و لەکیسیان ناچین . . . هتد .

بەلی لەگەل ئەم هەمو قسانەدا ، لەگەل ئەم هەمو رەخنە لاکوتیانەدا دەستنابات لەکاتی خویدا تاقە دیناریکی ئابونەکەی بنیریت ، تاقە دیناریك بو سالیك !. خو ئەگەر هاتو داتەرووبیو وتت ئەری برا بوچی ئابونەکەت نانیریت . . ئەوا کورج دیتە زمان و ئەلیت : حەی جا من چوزانم ، بو نایەیت داوام لی‌بکەیت ؟ بو جابیەك تەرخان ناکەن بو کوکردنەوەی ئابونەکان ، بو قاقەزیکمان بو نانوسن . . هتد .

ئەمە دەردی ئابونە . . وەی لە نامەخانەکانیش !! . . ببورن هەموویان نا ، برروابکەن هەندیکیان پارەی شەش مانگیان لەسەر کەلەکە ئەبیت ، شەش نامەیان بو ئەنوسین ئنجا دەست ئەبەن چەند دیناریك ئەنیرن !.

ئەری خەلکینە « هیوا » بەچی ئەژی ؟. اعلاناتی حکومەتمان نیە ، پروپاگانتەی بازرگانیمان نیە وەکو روژنامەو گوڤارەکانی تر . تەنها بەپارەی ئەو چەند دانەیەی ئەفروشریت ئەم گوڤارە ئەژی ، جا کە پارەی ئەو چەند دانەیەشمان بەم‌جورە بو بیتەوە ئیتر چون ئەتوانین فرمان بکەین ؟.

وا ئەم‌جارەش بەهەر چەرمەسەریەك بوو توانیمان هەندیك پارە کوبکەینەوە دەست کەینەوە بە ئیش ، ئومیدەوارین ئیتر لەمەودوا

کەمتەرخەمی خویندەواران دووبارە نەبیتەوە . لەکاتی خویدا ئابونەکانیان بنیرن ، هەروەها نامەخانەکانیش مانگ بەمانگ چەن ئەفروشن پارەکانیمان بو بنیرن .

* * *

لەم ماوەیەدا گەلی نامەمان بو هاتوە لەلایەن خویندەوارە کوردە دلسوزەکانەوە ، هەستی پاکی خویان دەربرریوە بو یارمەتیو بە تەنگەوەهاتن ، ئیمە زور سوپاسیان ئەکەینو ئاواتەخوازین کە لەوینەیان زوربیت بو سوودی نەتەوەکەمان . ئەمەش یەکیکە لەو نامانە :

**بو گوڤارە خوشەویستەکەی گەلی کورد (( هیوا )) :**

سلاویکی بونخوشت پیشکەش ئەکەم ، ئەگەر ماویت ، خو خوانەخواستە ئەگەر نەشمابیت ئەوا شیوەنی یەگجار بەکولە .

بەراستی چرایەکی ئەوتوی بو ئەم گەلەمان کە هاوتات کەمەو ئەتوانم بلیم نیە ، بەلام چارچیە کە هەندی کەس ئامانجیان ئەوەیە ، خوانە خواستە ، بتکوژیننەوە ، ئەو کوژاننەوەیەش تەنها پارە پیسی نەبیت هیچیتر نیە .

هیوا گیان : زور سەرم سوررمابوو کە مانگی پیشوو دەرنەچویت . هەرچەندم ئەکرد بزانم هوی دەرنەچوونت چیە بەلام نەمئەزانی هەتا لەمروژانەدا لەروژنامەی ژیندا خویندمەوە کە هوی دەرنەچونت ئەوەیە زور کەس لەبەشدارانت کەمتەرخەمی یان پیسکەیی ئەکەن کە ئابونەی سالانەت (١) دینارەو نایشی دەن . . بەلام هیوام وایە کە ئەم خوپەرستیەی ئەو چەندکەسانە نەبنە هوی ونبونی تو . . تەنها ئەو تکایەت لیئەکەم

كه پەیدەرپەی ناوی ئەو كەسانه لەسەر لاپەرەكانت بلاوبكەیتەوه ، بەلكو ئەوانه شەرم بییان گریتو دەماری پیاوەتیان بیته جوولـه .. بیربكەنەوه ، ئەگەر بیریان هەیه ، بزانین تەنها (١) دینـار نابیته هوی تەگەرەدان لەژیانیان . بەلكو به بەدەیەها دینار لەسەر میزی پوكەرو خواردنەوه دائەنین بەتەنها شەویك بیجگه لەوەی بەدەیانیتر بەملاولادا ئەدەنو هەر بەخویشیان نازانن .

جا تكات لیئەكەم داوات چیه لیمان بكه ، نازت چیه بەسەر مانا بیكه ، تەنها كولمەده لەخەباتدا ، خەبات بو گەلی كورد لـەژیر ئالای جمهوریەتی خوشەویستماندا بەسەروكایەتی سەروك عبدالكريم قاسمی پالـەوان .

ئیتر هیوام وایه كه بەزووترین كات دەستبكەیتەوه به دەرچونو تیشكهاویژتنی ریی ئازادی بو رووناك كردنەوەی خویندەواری لـه كوردستاندا .

هەمو كاتیك ئامادەم ئابونەی سالانه كه (١) دیناربوو تا ئیستا بیكەم به دوو دینار .

ئیتر هیوام وایه كه هەرگەش بیت بومان .

**محمد نوری توفیق**
**یەكیك لەبەشدارەكانت**

## وەلامی تایبەتی

* مصطفى علی ــ سلیمانی ــ سوپاسـت ئەكەینو ئومیـدەوارین

هەمیشە پیشنیاری خوتمان بو بنیریت ، ئیمەش ئەوی سودی تیابیت جیبەجیی ئەکەین .

❋ قانع – شارەزور – ماموستا قانع وا مەتەلەکەت ئەخەینە پیشچا وی خویندەواران :

**ئەگەر لەصد دوو سیصد لابەی صد ئەمینیتەوە .**
**ئەگەر دوو سیصد بخەیتە سەری ئەبی بە صـد .**
**ئایا ئەم مەتەلە چونە ..؟.**

ماموستا قانع ئەلیت هەرکەسیك ئەم مەتەلە هەلبینیت ئەوا ئەم بەهارە ریواسی کەلیخانی بو ئەنیرم . داوا لەخویندەواران ئەکەین کـە بە زووترین کات وەلامی ئەم مەتەلە بدەنەوەو وەلامەکەش بو ئیمە بنیرنەوە تاکو ئیمەش چەند چلیك لەو ریواسە بخوین .

❋ کریم مەغدور – بەردەبەل – ئابونەی هیوا بو هـەمو قوتابیەکی دینی و رەسمی ( ٧٥٠ ) فلسـە .

❋ صالح سعید – سلیمانی – ماموستا بمانبەخشە لەدواکەوتنی ئەو چەند ژمارەیە ، وە بو بلاوکردنەوەی هەوالی وەرزشو کردنەوەی بەشی وەرزش ، ئەم پیویستیە ئەکەویتە سەرشانی روژنامەو گوڤارە هەفتە ییـەکان .

❋ محمدی سان احمد – تەویلە – سالی پار دوانگزە ژمارەی هیوامان بو ناردویت ، بەلام ئەمسالی تازەیە لیمان برریت . ئەزانی بوچی ؟ چونکە ئیمە دوانگزە ژمارەمان بو ناردیت تو دیناریکت بو نەناردین .

❋ عبدالله محمد صدیق – سلیمانی – بروابکە ئیمە هیوا بو هەمو لایەك پیکەوە ئەنیرین ، بەلام جاریك بو نامەخانەکانو جاریك بو ئابونەکان زوتر ئەگات ، هوی ئەمە لەپوستەخانەو نەقلیاتەوەیە .

چیروك

# چون لەبیرم بچیتەوە ؟!

نوسینی : مصطفی صالح کریم

بو لیمزیزبوویت ؟ بو مالەکەت بەجی‌هیشتوەو روبشتویت ؟ تاوانی ئەم دوو کورپە ساوایە چیە بی‌ناز بمیننەوەو بدرین بەبەر شەپولی ناخوشی‌و لیك‌جیابونەوەی من‌و تودا ؟ هەرگیز چاوەروانم نەئەکرد کە نیوەرو بیمەوە مالەوەو تو نەبینم .... چاوەروانی ئەوپارچە کاغەزە بچکولەیەم نەئەکرد کە لەسەر وحیزەکەمی دابنییت‌و برویت ! ئەوپارچە کاغەزەی کە بەپرتاو پەلامارم دایە بزانم چیت تیدا نوسیوە ؟ کە خویندمەوە تەنیا ئەمەندە بوو « تائیستا نەم‌ئەناسیت‌باش ! بەلام دوینی کەهاوریکانم هاتن بەمیوانیم زورشت تی‌گەیشتم ، بەتایبەتی « نەسرین » تی‌ی‌گەیاندم کە چەندکچ لەژیانتا هەیە ، منیش بروام نەئەکرد لەسەرەتاوە ... بەلام لەدواییدا بودلنیابوون کتیبخانەکەت گەرام ... دەستە نامە پیچراوەکانتم دوزی‌یەوە کەبەشریتیکی ئال پیچاوتەو لەسەری نوسراوە ( نامەکانی پرشنك ) ئیتر لەوەبەولاوە چاوەروانی چی‌بکەم ؟ واماڵەکەم بو بەجی‌هیشتی ! » .

چەند دلرەقی لەحوکمەکانتا ! چیت‌لی‌ئەهات ئەگەر چاوەروانت‌بکردایە تائەهاتمەوەو هەمو شتیکم بولیك‌ئەدایتەوە بەلام پەلەت‌کردو بەهەلەش چوویت لەپەلەکردنەکەتا .

نەم‌ئەویست هەرگیز ئەم باسەت بوبگیرمەوە چونکە ئەزانم کەپی‌ی دلتەنگ ئەبی‌و دیسانەوە ئەوەندەی‌تر دلت ختورەئەکات‌و ئەتبرژینی ... بەلام چارم‌ناچارە کەئـەبی دلت بهینمەوە جی‌ی‌خوی ، ئـەویادگارەی ناشتبووم جاریکی‌تر زیندووی‌کەمەوە ، ئەوەی کەبوت‌ئەگیرمەوە ئەوەندەی فرمیسك بەچاوما ئەهینیتە خواری ئەوەندەش تو پەست‌ئەکات بەلام بەدەست‌من‌نیە ئارەزووی تو وایە ، هەمومان خاوەن رابوردووین .... دوای مارەکردنت ویستم رابوردووی خومت بو بگیرمەوەو باسی ئەم‌نامانەت بوبکەم ، بـەلام هەستم‌کرد کە تو بەختیاریت وەبەختیـاری‌یەکەشت هی‌ئەوەیە کە « میرەدەکەت رابوردوی‌نیە وەهـەرگیز دلی بو دلداری دانەخورپاوە ، لـەبەرئەوە نـەم‌ویست لەخـەیالت‌بدەم‌و بەختیـاریت لی‌بشیوینم ! گیانەکەم : ئەونامانە ئیستا تەنیا « یادگار »ن بەلام توپربەپری دلیت .؟ هەرچەندە پیویستی بەوەنەئەکرد کە ئەمەش بلیم بەلام بلیم‌چی لەگەل سروشتی پروا هیمەتا کەوام‌لی‌ئەکا دەست‌کەم بەهەلکولینی گورری یادگاری رابوردووم .

« سـەرەتای سالی ١٩٥١ بوو لەقوتابخانەیەکی بەغدا ئەم‌خوینـد روژیکیان روانیم ئاوەلەکانم هەمو گردبونەتەوە لەدەوری ( لەوحەی بو زانین‌و ئاگاداری » منیش وەك‌ئەوان خوم‌کوتایە پیشەوە بزانم چی‌نووسراوە ئەوەندی پی‌نەچوو کەهەمومان زانیمان بانگیکە بولاوان دەرچوە بزانن کی ئەیەوی خوی پیشکەش‌بکات بوئەوەی خوینی لی‌بگیری بوئەوانەی کەتووشی نەخوشی کەم‌خوینی‌و هەندی نەخوشی تری وائەبن کە پیویستیان بە خوین ئەبیت ! بوروژی دوایی کـەدەست‌کرا بەخونووسین ری بـەرری‌دار

نەئەکەوت لەبەرئەو هەمو قوتابیەگەنجەی کەخویان پیشکەش‌ئەکرد . هەرچەندە من لاوازیش‌بووم بەلام دلم بەرای‌نەهات لەهاوریکانم دواکەوم ، ناومان‌نیررا بو یەکی لەنەخوشخانەکان‌و هەرشەوەی بەتەلەفون چەند کەسیکیان لی بانگ‌ئەکردین .

شەویکیان لەژووری نوستنی قوتابخانە دانیشتبووم‌و خـەریکی پیاچوونەوەی دەرسەکانم بووم کەیەکی لەماموستا چاودیرەکان هات‌ر ووتی :

ـ خیرا بگەرە نەخوشخانەی ( . . . . . ) ئیمشەو نورەی تویە .

منیش بەپەلە خوم‌گەیاندە ئەوی‌و یەکی لەدکتورەکان رووی تی‌کردم دوای بەخیراتن وتی :

ـ کچیك نەخوشی « ئەنیمیایەتی * » هەستەلەگەلم بابروین .

منیش بەشەرمیکەوە پیم‌وت :

ـ دوکتور ، کەسی‌ترنیە ؟ راستیەکـەی من‌ئیمشەو زورسەرمامە ، خوین لە لەشما مەیوە ، ئەترسم خوم پی‌رانەگیری .

بەپیکەنینیکەوە وتی :

ـ تو بەپی‌ی ئەو بەیانانەی لەتەنیشت ناوەکەتەوە نوسراوە رولەی کوردستانی ، فیری ساردو سەرمای ، گوی‌مەدەرە ئەوانە ، خیراکە . . . هائەوەشت پی‌بلیم کچە نەخوشەکەش خەلکی سلیمانی‌یە چونکە من‌باش ئەیان‌ناسم .

---

* **ئەنیمیا ـ خوین گەرمیە .**

هەرکە ئەمەی وت ئیتر نەلاوازی خـوم‌و نەسەرماو نەهیچ‌شتیکم لەمانە بیرما ، خـیرا سواری اوتوموبیلەکەبووین کەوتینەری تالەبەردەمی خانویەکی قەشەنگا وەستاو دابەزین ... لەبەردەرگا خزمەتچیەك هات بەپیرمانەوە بردینی تاگەیانڈینیە ژووریك کەتاقە قەرەویلەیەکی تیدابوو کچیکی جوانی قەلەمریکی لەسەرراکیشرابوو ، بەلام رەنگی هـەلبزرکاوو چاوی بەقوولا چووبوو ، لیوەکانی تەررای خوینی تیابەدی نەئەکرا پیاویکی **بەسالاچـوو لەگەل ئافرەتیکی چاو پرلەفرمیسکا لەمدیوەودیوی کچەوە** دانیشتبوون دوای‌بەخیراتن‌وە پیـك‌ناسین زانیمان کەئەم کچە تاقانەی ئەم‌دایك‌و باوکەیەو هەرئەمە شك ئەبەن لەبەرئەوە زور بەپەروشن‌بوی .

زوری پی‌نەچوو کەدوکتور جانتـاکەی کردەوەو جـووتی دەرزی گەورەو بوریەکی لاستیکی دەرهینـا ، خـیرا دایکەو باوکە ژوورەکەیان بەجی‌هیشت‌و دوکتور کەوتە گواستنەوەی خوین ، سەرم کەوتە سوور- خواردن‌و دلم کەوتەلیدان هەروەکو گیانم‌دەربکیشن ، عارەقیکی سـارو بەناوچەوانما ئەهاتەخواری هەروەکو کچەش هەستی بەوەکردبی کە لە چ ئیش‌و ئازاریکام دەستی هینا بەقولماو زەردەخەنەیەك کەوتە سەرلیوە- کانی بووەبە سەبووری دلم لەوتەنگك‌و چەلەمەیەما .

خـوین گواستنەوە کەتەواوبوو بەلام من هـەستم بەماندوبوونیکی **زور کرد دلم هەر لە دلەکوتی‌ئ خوی نەکەوت کەسەرم هەلبری ببنیم** چاوەکانی تی‌برریوم‌و زور لەسەرخو ووتی :

- نازانم چون سوپاستبکەم .

پیش‌ئەوە قسەیەك ئامادەبکەم بو وەلام دایك‌و باوکی هاتنەوەژوورەوە هەر یەکەیان بەجوری سوپاسیان ئەکردم تاکاتی رویشتنمان‌هات ، پیش‌ـ ئەوەی ژوورەکە بەجی‌بهیلم باوکی کچە وتی :

ــ تکام‌وایە ءم مالە بەمالی خوتان‌بزانی‌و هیچ شەرمنەکەی ، مادام خەلکی سلیمانیت ئەبی ئیمە بەباوك‌و دایکی خوت‌بزانی .

* * *

گەرامەوە قوتابخانەو خوم‌کرد بەژیر جیگاکەوە بەلام ئەبینم خەو دوورەلیم ، وینەی کچە نەخوشەکە بەردەمی‌گرتووم و بـەهیچ‌جوری بەرەللام‌ناکات منیش جلەوم‌شل‌کرد بوخەیالی ساوام ، وام‌ئەزانی ئیستا پیکەوە کەوتوینەتە گفتوگو لەبەرخوشمەوە هەستم بەشادی‌یەك ئەکرد . روژبوەوەو دوای نان‌خواردن چوومە دەرسخانەو کەوتمە وە ناوگیژاوی ( نبات‌و سایکولوجیاو معرب‌و مبنی ) بەرادەیە هیچ پشووم نەبوو بیری تیابکەمەوە تاکاتی پاش‌نیوەرو هات هەر لەخومەوە بەخەیالما‌هات سەریکی کچە نەخوشەکەی دوینی‌شەو بدەم هـەرچەندە کـە ئەشم‌زانی هیچ پیویست بـەم چوونە ناکات بەلام کاتی بەخوم‌مزانی لەبەردەرگاکـەیان راوەستاوم لەپر موچرکەیەکم پیاهات‌و شەرم گرتمی‌و لەدلی‌خوما وتم :

ــ ئیستا چیم‌پی‌ئەلین کەوا هەلئەکوتمە سەریان ؟

بەلام پیش‌ئەوەی وەلامی خوم بدەمـەوە یەکیك بەگەرمەوە هات بەپیرمەوەو دەنگی بەخیراتنی بەرزبوەوە کە سەرم‌هەلبری روانیم باوکی کچەیە کەتوند دەستی گوشیم و پیش‌خوی‌دام بوژووری نەخوشەکەو ماویتی

# لەم دوو ژمارەیەدا

١ ــ یەكبگرنو هیزتان كوبكەنەوە ....
٤ ــ كوردی بوختان بو كراو : جەمال نەبەز
١٣ ــ سرودی لاوان ( هونراوە ) : هیمن
١٥ ــ ئیش كەری راست : رشید عارف
١٧ ــ روخانی باستیلی روژلاتی ناوەراست : محمدی مەلا كەریم
٣٢ ــ بو ئافرەتی كوردستان ( هونراوە ) : پەخشان
٣٣ ــ لەتی نانو شیشی كەباب ( كورتە چیروك ) : فاضل
٣٧ ــ نامەیەك لەكوردستانی ئیرانەوە ...
٤٥ ــ ئەستیرەی ئازادی : ج بابان
٤٨ ــ میژوی لامباشنیەی سلیمانی : احمد خواجە
٥١ ــ كاری شورشەكەی عیراق : ف . ع . ك
٦٢ ــ وەفایی بویژ : سكالا
٦٥ ــ ئەنجامی یەكەم گرەوی هیوا ...
٦٦ ــ چون بوم بەهونەرمەند ( چیروك بوشانو ) : ئەمین میرزا كریم
٧٧ ــ پالەوانیتی كچیك : محمد نوری توفیق
٨٠ ــ بوركوردستان ( هوازاوە ) : جمال شارباژیری
٨١ ــ خەباتی كورد لەكوردستانی توركیادا ...
٩٠ ــ موسكوی جوان ( هونراوە ) : گوران
٩٦ ــ شەویكی بەهار ( هونراوە ) : فتاح كریم كاوە
٩٧ ــ دیواری ئەتلەس ( چیروك ) : صبیحة عبد الكریم
١٠٣ ــ نامەیەك بو قاهیرە : عبد الستار قەرەداخی
١١١ ــ بیری ئازادی ( چیروك بوشانو ) : هەوری
١٢٩ ــ چیت نەزانی پرسیار بكە ...
١٣٤ ــ هیواو خویندەوارانی ...
١٣٩ ــ چون لەبیرم بچنەوە ( چیروكی ژمارە ) : مصطفی صالح كریم

گەلی شتی تریش ئەخوینیتەوە

ساویتی

# باوەڕ پێکراوی هیوا

## لە :

بەغـــــداد : ــ ماموستا بەشیر موشیر ــ حیدرخانه .

ســـولەیمانی : ۱ ــ رؤف معروف ــ خاوەنی کتیبخانای گەلاویژ .

۲ ــ محمد عارف معروف ــ خاوەنی کتیبخانەی زیوەر

۳ ــ محمد رسول ــ خاوەنی کتیبخانەی ئازادی

کـرکوك : ــ عمر بی کەس ــ شەقامی سیروان

هـــــەولـیر : ۱ ــ قادر احمد خوشناو ــ خاوەنی نامەخانەی شوررش

شـــەقــلاوە : ۱ ــ مەخزەن سەفین ــ طه احمد خوشناو

۲ ــ نامەخانەی سەربەستی

کـــویە : ــ نامەخانەی کوردستان

رانیـــــە : ــ عزیز صدیق ــ کوگای بیتوین

هلبجــە : ــ سید حسین ئەمین

زاخـــو : ــ محمود حاجی احمد مکتب التحریر

قەلادزی : ــ نورالدین ملا صابر

رەواندز : ــ علی عبدالله : کتیبخانەی رەواندز

خـانقین : ــ حبیب برزوو : کتیبخانەی سیروان

موصــل : ــ سید علی ــ مکتة الامین ــ شارع النجفی

چەمچەمال : ــ محمد سعید عبدالرحمن ــ خاوەنی گوگای فەریاد


بشرة الاطفال
شديدة الحسّاسيّة
حافظوا على اجسامهم
باستعمال
صابون
هناء
هناء
انتاج شركة استخراج الزيوت النباتية (شركة مساهمة)